صلاح الدين أحمد

یاسا قورئانییەکان

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

حاجی قادری کۆیی

چاپی دووەم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

یاسا قورئانییەکان

یاسا قورئانییەکان
نووسینی: صلاح الدین أحمد

کتێبخانەی،حاجی قادری کۆیی

بەڕێوەبەری گشتی: محمد خضر احمد ٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤ - ٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤
فەیسبووک: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/ m.ktebxana
ئەنیستگرام: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/ m.ktebxana
لقی یەکەم: بەرامبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری
لقی دووەم: چوارڕیانی شێخ محمود - بەرامبەر مزگەوتی محمود علاف
---
mdmaktaba@gmail.com

نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: زەردەشت کاوانی
بابەت: ئایینی
پێوانە: (١٧ x ٢٤) سم
چاپ: دووەم / ١٤٤٣ك ـ ٢٠٢١ز
تیراژ: ١٠٠٠
لاپەڕە: ٦١٣

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (١٤٤)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

یاسا
قورئانییەکان



صـلاح الـــدین أحـــمد

چاپی دووەم



ئەم پەرتووکە پێشکەش بێت بە

- هەموو شەیدایانی قورئان و حەق و حەقیقەت
- بـــــاوك و دایکم کە زۆر پێمەوە ماندووبوون
- هـاوسەری ئازیزم کە زۆر پاڵپشت و پشتیوانمە
- بـــــــرا و خـــوشکەکانم
- کوڕە شیرینەکەم نامی
- هەموو مامۆستا و قوتابیانم

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

قورئان وەك دواین پەیامی خودایی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی هاتووە بە مەبەستی ڕاستەڕێکردن و هیدایەتدان و فێرکردن و تەزکیە و پاکردنەوەی مرۆڤ، بۆ هێشتنەوەی لەسەر فیترەت و بنەچە پاکەکەی، بۆ بیرکردنەوەی دڕووست و ناخ پاکی و کردەوە جوانی و گوفتار و ڕەفتار بەرزی، بۆ هزرین و عەقڵکاری، بۆ زانست و بەدواداچوون، بۆ ئەخلاقی بوون و گەیشتن بە بەها بەرز و باڵاکان، بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و جیهانی، بۆ ئارامی دڵ و دەروون، بۆ ڕاگرتنی ستەمکار و زاڵمان، بۆ عەدل و ئیحسان، بۆ میانڕەویی و وەسەتیەت، بۆ واقیعی بوون و ئامانجداری، بۆ هیوا و ئومێد، بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندن، بۆ خودا پەرستی حەقیقی، بۆ پێکەوە ژیان و لابردنی چینایەتی، بۆ دووركەوتنەوە لە هەموو پیسی و نائەخلاقی و ناشیرینیێك، بۆ دووربوون لە هەموو زیانبەخشی و وێرانکاریێك، بۆ ..... .

کەواتە قورئان پەیامی ژیان و مردنە، پەیامی خۆشی و سەرفرازی ئێرە و ئەولایە، هەربۆیە پڕیەتی لە یاسای ناوازە و زێڕین و بەرز.

کاری ئێمە لەم پەرتوکەدا:

١. دەرهێنانی بەشێکی زۆری یاساکانی قورئانە نەوەك هەمووی.

٢. یاساکان جۆراو جۆرن، لە بوارەکانی: بیر و باوەڕ و عەقیدە و فیکر و فەلسەفە، ئەخلاق و سلوك و تەزکیە و پەروەردە، ، سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی, لەگەڵ هەندێ بابەتی زۆر کەمی فیقهی.

٣. تەفسیر و ڕاڤەکان بەسێ جۆر کراوەن، هەندێکی زۆر کورت و پوختە و بەس تەفسیرە (لەبەر درێژبوونەوە, کە ئەمەیان بەشی زۆری کتێبەکە پێك دێنێت). هەندێکیشی مام ناوەندە، هەندێکی تریشی درێژە.

٤. مەرج نییە هەموویان مەرجەکانی پێناسەی یاسا (قاعدة)یان بەسەردا بچەسپێت.

٥. زۆربەی زۆری تەفسیر و ڕاڤەکان بە شێوازێکی ئاسان و سادە نوسراون، بە شێوازێك هەموو کەسێك بتوانێت لێیان تێبگات.

مەبەست لەم پەرتووکە :

١. دەرخستنی گەورەیی قورئان و جوانیەکانی، بەشێوەیەک ئەو هەموو یاسا و بنەما و ڕێنماییە جوانانەی تێدایە کە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.

٢. ئاسانکردن و نزیککردنەوەی قورئان، چونکە قورئانمان لەخۆمان دوور خستۆتەوە بە بیانووی تێنەگەیشن و نەگەیشتن بە ناوەڕۆکەکەی.

٣. وەک مەنهەج و پڕۆگرامی خوێندن.

٤. بۆ ناونیشانی وتار و توێژینەوە و موحازەڕات.

٥. وەک دەستپێک و سەرەتایەک ئەگەر کەسێک بیەوێت کاریان لەسەر بکات، چونکە ئێمە زۆربەی زۆریانمان بەشێوازێکی کورت هێناوە بۆ ئەوەی کتێبەکە درێژتر نەبێتەوە.

٦. بۆ لەبەرکردن و کارپێکردن و بەڵگە هێنانەوە.

٧. دەرگایەک بۆ گەیشتن بە هەموو قورئان و ناوەڕۆکەکەی.

لەکۆتاییدا ئەوە کارێکی سادەیە لە بەندەیەکی سادەوە بە زانستێکی سنوردارەوە، داواکارم لە خودای گەورە سوود بەخش بێت بۆ هەموو لایەك و لە کەم و کوڕی و کەمتەرخەمی و نەپێکانی منیش خۆش ببێت.

صلاح الدين أحمد

٢٠٢١/٢/٦

کەس گوناە و تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێت

● ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴾ ● الأنعام: ١٦٤

(کەس گوناە و تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێت).

هەر کەس هەڵە و گوناهێکی کرد، ئەوا بۆخۆی خاوەنیەتی و کەس لە جێی ئەو هەڵی ناگرێت، کەواتە ناکرێت کەسێك گوناە و هەڵە بکات بەڵام باجەکەی یەکێکی تر بیدات، ناکرێت برا گوناهێك بکات خوشك باجەکەی بدات، بۆیە زۆر جار بینیومانە کوڕێك هەڵەیەکی کردووە، بەڵام دوایی خوشکەکەی یان کچێکی خزمیان باجەکەی داوە و بووە بە قوربانی، بەڕاستی ئەمە لە ئیسلامدا بە هیچ شێوەیەك جێی نابێتەوە نە بۆ دونیا، نە بۆ قیامەت، واتا: لە قیامەتیشدا کەس گوناهی کەس هەڵناگرێت. هەموو کەسێك خاوەن کار و کردەوەی خۆیەتی و خۆی لێی بەرپرسیارە نەوەك کەسێکی تر ، مەگەر ئەو کەسە بە تۆبزی بە یەکێکی تری کردبێت، کەواتە پێویستە لە دونیاشدا وا مامەڵە بکرێت کە تاوان و هەڵەی یەکێك هەڵنەدەینە سەر کەسێکی تر، یان بۆ نموونە جاری وا هەیە کەسێك کەسێك دەکوژێت دەچن برای کەسە بکوژەکە دەکوژن ، یان باوکی دەکوژن ، کە بەڕاستی ئەوانە هەمویان دژی ئەو یاسا قورئانیەن، وە زۆر جار بەهەڵە تێگەیشتن هەیە لەلای خوشکان کە گوایە ئەگەر براکەی خراپە و فاحیشە لە گەڵ کچێکدا بکات ، ئەوا دەبێت ئەویش خراپە و فاحیشەی لەگەڵدا بکرێت, چونکە براکەی وای کردووە، ئەو بۆچونە ئەسڵ و ئەساسی نییە و دوورە لە ڕاستیەوە ، مەگەر خوشکەکەی بۆخۆی خراپ و فاحیشە چی بێت، ئەگەر نا هەرگیز توشی شتی وا نابێت.

بەڕێزترین کەس کێیە؟

● ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ﴾ ● الحجرات: ١٣

(بەڕێزترینتان لە لای خودای گەورە ئەو کەسەتانە کە لە خودا ترستر و خۆ پارێزتر و فەرمانبەردارترە).

کەواتە لێرەدا خودای گەورە تەرازو و پێوانەی خۆی بۆ ڕوون کردووینەتەوە، کە باشترین و بەڕێزترین کەس لای ئەو، ئەو کەسەیە کە زیاتر لەخوداترس و خۆپارێز و فەرمانبەری خودایە، کەواتە پێوانەکە ڕەگەز و ڕەنگ و دەنگ و عەشیرەت و جوانی و زانست و دەوڵەمەندی و خانەدانی و دەسەڵاتداری و بەناوبانگی و.....، نییە، بەڵاستی ئەو یاسایە یاسایە کە ئەگەر لێی تێ بگەین بەسامانە، چونکە خودای گەورە شتێکی وای داناوە و کردوویەتیە پێوەر، کە هەموو کەسێك پێی دەکرێت، هیچ کەسێك نییە پێی نەکرێت، بۆیە شوانێك لەو شاخانە زۆر زۆر بەئاسانی دەتوانێت ئەو پلەیە بەدەست بهێنێت، وە هەروەها هەژارێك یان حەمبالێك یان نەخوێندەوارێك یان پەککەوتەیەك یان کەم ئەندامێك یان.....، هەر هەموویان زۆر بەئاسانی دەتوانن ئەو پلەیە بەدەست بهێنن، بۆیە خودای گەورە ئەگەر دەوڵەمەندی دانابایە ئەوا بەس دەوڵەمەندەکانمان ئەو پلەیەیان بەدەست دەهێنا، وە ئەگەر زانستی بە پێوەر دانابایە ئەوا بەس زاناکان ئەو پلەیان بەدەست دەهێنا، بەڵام ئێستا هەموو کەسێك دەتوانێت ئەو پلەیە بەدەست بهێنێت!

سود و کاریگەریەکانی تەقوا:

١. ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢. سەرفرازی دونیا و قیامەت.

٣. پەیدابوونی کەسایەتی.

٤. هاوسەنگ بوون.

٥. بەکەمگرتنی دونیا.

٦. هیوا و ئومێد و گەشبینی.

لەگەڵ زۆر شتی دیکە.....

زیانەکانێ بێ تەقوایی :

١. تورەبوونی خودا.

٢. شەرمەزاری قیامەت و چونە دۆزەخ.

٣. ڕۆچوون لە ژیانی دونیا و ماددی بوون.

٤. زوڵم و ستەمکردن.

٥. توشبوون بە حەڕام.

٦. توشبوون بە زۆربەی تاوان و گوناهەکان.

چاکە و فەزڵی نێوانتان لە بیر مەکەن

● ﴿ وَلَا تَنسَوُاْ ٱلۡفَضۡلَ بَيۡنَكُمۡۚ ﴾ ● البقرة: ٢٣٧

(چاکە و فەزڵی نێوانتان لە بیر مەکەن).

ئەو فەرمایشتە لە سیاقی تەڵاق و لێك جیابوونەوەی ژن و مێرددا هاتووە، فەرمانیان پێ دەکات چاکەی نێوانیان لەبیر نەکەن و مامەڵەی باش لەگەڵ یەکتریدا بکەن و ئەو چاکە و فەزڵەی لە نێوانیاندا بووە لە بیری نەکەن، واتا: دوای لێك جیابوونەوەش چاکەی پێش جیابوونەوە لە بیر مەکەن، بۆیە دەتوانین ئەو یاسایە بگشتێنین بەسەر هەموو کەس و بارودۆخەکان، بەشێوەیەك کە کەس چاکەی کەس لە بیر نەکات، چاکەی دایك و باوك و خزم و هاوەڵ و مامۆستا و دراوسێ و.....، کەواتە هەمووی دەگرێتەوە، بەڕاستی زۆر ناشیرینە چاکەی یەکترمان لەبەرچاو نەبێت، یان لەبیرمان چێتەوە، باشە توخودا چاکەی دایك و باوك یان مامۆستا هی ئەوەیە لە بیر بکرێت؟! ئەگەر چاکەی خەڵك لە بیر کەیت دڵنیابە چاکەت لەبیر دەکرێت، ئەگەر حیساب بۆ چاکەی خەڵك نەکەی حیساب بۆ چاکەکانت ناکرێت، بۆیە زۆر هەڵەیە جاری وا هەیە لەبەر هەڵەیەك هەموو چاکەکانی ڕابردووی کەسێك لە بیر دەکەی یان زەڕبی سفریان دەکەی، بەڕاستی ئەو سیفەتە ناشیرینە زۆر باوە لەناوماندا، باشە مەعقولە کەسێك چەند جار یان چەند ساڵ چاکەی لەگەڵ کردووی بەڵام لەبەر هەڵەیەك تۆ هەموو چاکەکانی زەڕبی سفر بکەی؟!

کەواتە لە بیرنەکردنی چاکە و فەزڵ گەورەترین وەفایە، لەبیر کردنی گەورەترین سپڵەییە.

ئاشتەوایی

● ﴿ وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ ﴾ ● النساء: ١٢٨

(ئاشتەوایی و ڕێککەوتن چاکتر و باشترە لە لێکترازانوو و.....).

ئەو ئایەتە وایە لە سیاقی باس و خواسی کێشەی نێوان ژن و مێرد دا هاتووە، بەڵام گشتییە و هەموو بابەتەکان دەگرێتەوە، واتا: هەموو کاتێ ئاشتەوایی و ڕێککەوتن باشترە لە دوورکەوتنەوە لەیەکتر و لێك جیابوونەوە و دوژمنایەتی یەکتر کردن و لەبەرامبەر یەکتر ڕاوەستان و لە یەك خوێندن و.....، کەواتە ئاشتەوایی و ڕێککەوتن و چاوپۆشی لەیەك کردن و لێبوردەیی ئەسڵە، نابێت لێی لادەین، بۆیە ئەو یاسایە ژن و مێرد دەگرێتەوە شەریکەکانی مامەڵە کردن دەگرێتەوە ، سیاسییەکان دەگرێتەوە، پەیوەندی نێوان وڵاتان و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەگرێتەوە، بۆیە ئەو شەڕ و نەهامەتی و مل شکاندنەی ئێستا دەیبینین لە جیهاندا هەمووی بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو یاسایەیە، چونکە ئەگەر ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت شەڕ و دوژمنایەتی و یەکتر شکاندن و یەکتر ڕووخاندن نامێنێت، یان هەر نەبێت کەم دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پەرتەوازە نەبین و خۆشەویستی لە نێوانماندا بمێنێت دەبێت ئەو یاسایە جێبەجێ بکەین و هەموو کاتێ صوڵح و ئاشتەوایی و ڕێککەوتن لە پێشەوەی هەموو بژاردەکاندا دابنێین و بیکەینە ئەسڵ. چونکە پێچەوانەی ئاشتەوایی پەرتەوازەیی و دووژمنایەتی و..... یە. کە دیارە ئەوانەش هەموویان ماڵ وێرانکەرن.

کەواتە سوڵح و ئاشتەوایی ئەسڵە.

سود و کاریگەرییەکانی سوڵح :

١. ڕەزامەندی خودای پەروەردگار. **٢.** برایەتی و تەبایی و یەکگرتوویی.

٣. خۆشەویستی. لەگەڵ زۆری تر.....

سەرخستنی خودای گەورە

● ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ﴾ ● الحج: ٤٠

(خوداي گەورە ئەو کەسە سەردەخات کە دینەکەی ئەو سەردەخات، هەروەها پشتگیری ئەو کەسە دەکات کە پشتگیری دینەکەی دەکات).

ئەو یاسایە، یاسایەکی گشتی و گشتگیرە، بۆیە دەبینین بە درێژایی مێژوو ، بە پێغەمبەران و غەیری پێغەمبەرانیشەوە خودای گەورە سەری خستوون، کەواتە کەسێك بیەوێت ، دین و بەرنامەی خودا سەربخات خوداش سەری دەخات، هەر کەسێ پشتیوانی حەق و ڕاستی بکات، خوداش پشتیوانی دەکات، مەرج نییە هەموو جارێ ئەو سەرخستن و پشتیوانییە بە شێوەیەکی بەرچاو ببینین، چونکە سەرکەوتن و پشتیوانی زۆر جار بە پلە بەندییە و ڕەنگە دوای خۆت دەرکەوێت، بەڵام سەرکەوتنی دەرون و زاڵ بوون بەسەر نەفسدا خۆی گەورەترین سەرکەوتن و پشتیوانییە، ئەگەر خودای گەورە هیدایەتت نەدات ناتوانی سەرکەوتن بەسەر نەفسدا بەدەست بهێنیت کە گەورەترین سەرکەوتنە و پاڵپشتی بۆ ئەو کارە گەورەترین پاڵپشتییە.

بەڵام بەڕاستی ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە گرتنەبەری هۆکارەکان زۆر پێویستە، چونکە ئێمە زۆر جار ڕەنگە گومانمان لەو یاسایە هەبێت، بەڵام ڕەنگە هۆکارەکانمان نەگرتبێتە بەر، یان بە هەڵە گرتبمان، یان زۆر جار ڕەنگە خودای گەورە خودی سەر نەخستنەکە بکاتە تاقیکردنەوە بۆمان، تاوەکو تەوەکول و پشت بەستنمان بە خۆی تاقی بکاتەوە.

هۆکارەکانی سەرنەکەوتن:

١. نەبوونی ئیخلاس و دڵسۆزی.

٢. نەبوونی برایەتی و تەبایی.

٣. نەگرتنەبەری هۆکارەکانی سەرکەوتن.

٤. نەبوون یان کەمی گەشبینی و وره و هیوا و ئومێد.

٥. بەهەڵە ڕۆیشتن و بەهەڵە هەوڵدان.

لەگەڵ زۆر زۆری تر... .

سەرەنجام بۆ کێیە؟

● ﴿ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴾ ● الأعراف: ١٢٨

(سەرەنجام بۆ پارێزکاران و له خودا ترسانه).

سەرەنجام بۆ له خودا ترسان و پارێزکارانه، بەڕاستی ئەو یاسایه پڕپڕه له ئەمەل و هیوا و ئومێد و هیممەت بەرزی، چونکه ڕەنگه زۆربەی جار و له زۆربەی بارودۆخ و حاڵەتەکاندا پارێزکاران و له خودا ترسان و ئیماندارانتووشی نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمه ببن، چونکه حەق و ڕاستی به زۆری وایه زاڵمان و ستەمکاران حەزیان پێی نایەت، دەیانەوێت خەڵکیش وەك ئەوان مامەڵه بکات، وه زۆر جار بەهۆی خۆ پارێزی و له خوداترسان ڕەنگه زۆر شتی خۆش و قازانجی ماددی و دونیایی لەدەست بدەی، بەڵام که ئەو یاسایەت به بیر بێت هیچ خەم ناخۆیت له لەدەستچوونی شتی دونیایی و کاتی، هەروەها چاوت له سەرەنجامەکەیه، که سوراوسور دەزانی سەرەنجامەکەت سەرفرازی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورەیه، له ڕاستیدا له بیر بوون و ڕەچاوکردنی ئەو یاسایه گەورەترین پاڵنەره بۆ مانەوه لەسەر فیترەت و چاکه و باشه و مەبدەئی خۆت، وه بۆ هیوا و بێ ئومێد نەبوون، چونکه کەسێك ئەوسەری لێ دیاربێت به ڕووبی ، حەتمەن خەم ناخوا بۆ ئەو شته دونیایی و کاتیانه.

پیس و پاک یەکسان نین

● ﴿ قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ ﴾ ● المائدة: ١٠٠

(پیس و پاك یەکسان نین).

پیس و خراپ هەرگیز یەکسان نین لەگەڵ پاك و چاك، حەڵاڵ و حەڕام یەکسان نین، ماڵی حەڵاڵ و ماڵی حەڕام وەك یەك نین.

ئەو ئایەتە پیرۆزە هەموو بەشەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، بۆ نموونە: بیروباوەڕی خاوێن یەکسان نییە لەگەڵ بیروباوەڕی پیس، ئەخلاقی خاوێن یەکسان نییە بە ئەخلاقی پیس، مامەڵەی خاوێن و باش یەکسان نییە لەگەڵ مامەڵەی پیس و خراپ، قسەی خاوێن و باش یەکسان نییە بە قسەی پیس و خراپ، نیەتی باش و خاوێن یەکسان نییە بە نیەتی خراپ و پیس، سیاسەتی پیس و خراپ یەکسان نییە بە سیاسەتی پاك و باش، بازرگانی کردن و ئابووری خاوێن و باش یەکسان نییە بە ئابووری پیس و خراپ و هەروەها.....، وە بۆ شتە مادییەکانیش هەر وایە، پیس و خاوێن یەکسان نین.....

ژیان لە تۆڵە سەندنەوەی بەحەقدایە

● ﴿ وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ ﴾ ● البقرة: ١٧٩

(ژیانتان لە تۆڵە سەندنەوە و کوشتنەوەی بە حەق دایە).

بەڕاستی یاسایەکی جوانە، پڕاوپڕە لە ژیان بەخشینەوە، چونکە ئەگەر کەسێك کەسێکی کوشت بکوژرێتەوە ئەوا هەزاران و ملیۆنانی پێدە تەمبێ دەبێت و دەبێتە ڕێگریەکی زۆر باش، یان ئەگەر بزانێت دەکوژرێتەوە سەد لە سەد زۆر دەگمەنە بتوانێت کەسێك بکوژێت، بەڵام بەڕاستی بە دەستگیرکردن و سجن کردن ئەوە نایەتە جێ، واقیعیش ئەوەی سەلماندوە، کە سجنکردن ڕێگر نەبووە لە نەهێشتن و کەمکردنەوەی تاوان و کوشتن، بۆیە ژیان لە کوشتنەوە و تۆڵە سەندنەوەدایە، ژیانی هەزاران و ملیۆنان کەسی تر ڕزگار دەبێت و کەس ناوێرێت دەستدرێژییان بکاتە سەر، بەوەش ژیان دەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا، هەروەها دادگەری و عەدالەتیش دەگەڕێتەوە، چونکە بەڕاستی هیچ دادگەرییەك لەوەدا نییە کەسێك کەسێکی کوشتووە، بەڵام تۆ بێی دەستگیری بکەی و سجنی بکەی!! چۆن ئەوە دادگەرییە؟ وەك ئەوە وایە کەسێك سەیارەکەی سوتاندوی، بەڵام بێین غەرامەیەکی پەنجا هەزاری بکەین لە کاتێکدا سەیارەکەی تۆ نرخەکەی سێ دەفتەر دۆلارە، ئەوە بۆ تێگەیشتن ئەگەرنا واش بەراورد ناکرێت.

(قصاص) تۆڵە سەندنەوە هەر کوشتنەوە ناگرێتەوە، بەڵکو کەسێك جاری وا هەیە چاوی کەسێك کوێر دەکات ، یان لە قسە کردنی دەخات ، یان کەڕی دەکات یان دەستێکی دەبڕێت، یان.....، ئەوانەش هەر هەموویان تۆڵەیان لەسەرە بەو شێوەیەی بەرانبەریان کراوە، جا زۆرجار گوێیان لێ دەبێت دەڵێن: ئەوە دژی مافی مرۆڤە! باشە بۆ دیارە کوشتنی یەکەم دژی مافی مرۆڤ نەبووە؟! باشە یەکێ بێت بەبێ هیچ هۆیەك باوکت، یان برات یان خوشکت یان منداڵەکەت بکوژێت، ئایا پێت نا مرۆڤایەتی و نا دادگەریە کە تۆڵەی لێ بسەندرێتەوە بە هەمان شێوە؟!

كەواتە بە جێبەجێكردنی (قصاص) ژیان دەپارێزین و ژیان دەگێڕینەوە و مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ڕێزیان دەپارێزین و دڵی خاوەن كوژراو و تاوان بەرانبەر كراو گوشاد دەكەین.

تێبینی: تۆڵەسەندنەوە و كوشتنەوە بۆ كەسێكە بە ئەنقەست و بە ستەم یەكێكی تر بكوژێت، یان ئەندامێكی لە كارخات، ئەگەرنا تۆڵەی لەسەر نییە ئەگەر بە هەڵە بێت.

خودای گەورە نزیكە

● ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾ ● البقرة: ١٨٦

(هەركاتێك بەندەكانم پرسیاریان لێكردی دەربارەی من بێگومان من نزیكم لێیانەوە و بەهانا و هاواری دوعاكەران دەچم هەركاتێ داوام لێبكەن).

ئەم ئایەتە قورئانیە پەیوەندی بە نزاكردن و پاڕانەوە و دوعا كردنەوە هەیە، واتە: هەر كەسێك لێم بپاڕێتەوە و دوعاو نزا بكات و داوایەكی لێم هەبێت، ئەوا من زۆر نزیكم لێیەوە و ئاگام لێیەتی.

بەڕاستی زۆر شەرمەزاریە بۆ مرۆڤ پەنا بۆ هەموو كەسێك بەرێت جگە لەخودا, ئاخر بۆ؟!!!

دیارە خودا ئەوەندە دووڕە تاكو نەتوانیت پێی بگەیت و داوای لێبكەی و لێی بپاڕێیەوە و موناجاتی لەگەڵدا بكەیت؟!!!

بۆ دیارە غەیری خودا ئاگادارترە لە خودا؟!!!

بۆ دیارە غەیری خودا بە سۆزترە لە خودا؟!!!

کەواتە مادام خودای پەروەردگار نزیکترین کەس بێت لێتەوە، تۆش بە نزیك لە خۆتی بزانە و دوور مەڕۆ و داوای لێبکە و بە دوری مەزانە لە خۆت، وامەکە لە کۆتاییدا بگەڕێیتەوە لای خودا، چونکە زۆر جار کەسەکە فاڵگرەوە و نوشتەچی و ساحیر نامێنێت نەچێتە لای، بەڵام دوایی کە بێ ئومێد بوو ئینجا دەگەڕێتەوە و دێتەوە بارەگای خودا.

سوود و کاریگەرییەکانی دوعا کردن:

١. بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا.

٢. پێشاندانی لاوازیە بەرامبەر خودا.

٣. دوعا پەنابردنە بۆلای خودا.

٤. عبادەتە دوعا، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: دوعا کردن مۆخ و ناوەڕکی عیبادەتە، چونکە عبادەت دوو شتی تێدایە کە هەردووکیان لە دوعادا هەن:

یەکەمیان: نیشاندانی ملکەچی.

دووەمیان: نیشاندانی گەورەیی خودا.

٥. نزیکبوونەوە لە خودا.

٦. دوورخستنەوە و لابردنی ناخۆشی و بەڵا و موسیبەت.

٧. بەدەستهێنانی داواکراوەکەت.

٨. قەرەبووی قیامەتی ئەگەر دوعاکەت قبوڵ نەبوو.

٩. دوورکەوتنەوە لە بێئاگایی.

١٠ پشتبەستن بە خودا.

١١. دڵخۆشی و گەشبینی.

١٢. عیزەتە.

١٣. دووربوون لە تورەیی خودا، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: هەر کەسێ دوعا نەکات خودا لێی تورە دەبێت.

بۆ هەندێ جار دوعاکانمان وەڵام نادرێنەوە؟

م. سەعید نورسی دەفەرموویت: وەڵامدانەوەی دوعا شتێکە و جێبەجێکردنی شتێکی دیکەیە، هەموو دوعایەك وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام مەرج نییە جێبەجێ بکرێت، وەك،کەسێکی نەخۆش بە دکتۆر دەڵێت: سەیرم کە توشی چی بووم، فلان دەرمانەم بدێیە، لەو کاتەدا دکتۆرەکە یان هەمان دەرمانی دەداتێ، یان لەو باشتری دەداتێ، یان هەر نایداتێ، کەواتە ئەگەر دەرمانی هەر نەدا پێی، دەتوانێت بڵێت دکتۆر وەڵامی نەداومەوە؟!!!

ئاداب و مەرجەکانی دوعا:

١. دڵسۆزی.

٢. بە سوپاس و ستایشی خودا دەستپێبکات.

٣. دڵنیابوون لە وەرگیرانی دوعاکە.

٤. ئامادەبوونی دڵ.

٥. دوعا کردن لە خۆشی و ناخۆشیدا.

٦. بەس داوا لە خودا بکات.

٧. دوعای خراپ نە کردن لەکەس مەگەر زاڵمان و...

٨. دانان بە گوناە و تاوان و زۆر تەوبە و ئیستیغفار کردن.

٩. زۆر کاری چاك کردن.

١٠. نەخودارەدنی حەڕام.

١١. گێڕانەوەی مافی خەڵکی.

١٢. دەست بەرز کردن و خۆ زەلیل کردن.

١٣. دوبارە نەکردنەوەی تاوانەکە و نەگەڕانەوە سەری.

١٤. پەشیمانی لە تاوانی ڕابردوو.

١٥. ماڵ و نانی حەڵاڵ.

١٦. خۆپارێزی لە هەمو شتێکی خراپ و ناشیرن و حەڕام.

١٧. ئەنجامدانی چاکەکاری و یارمەتیدانی خەڵکی.

وەرنەگیرانی دوعاش بۆ پێچەوانەی ئەو خاڵانە یان بۆ حیکمەتێکی خودایی دەگەڕێتەوە.

ناخ سەلامەتی

● ﴿ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ ● الحشر: ١٠

(پەروەردگارا هیچ جۆرە بوغز و کینەیەك مەخەرە دڵمانەوە، لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، بەڕاستی تۆ بەسۆز و بەخشەندە و میهرەبانی).

ئەو فەرمایشتە پیرۆزە پەیوەستە بە دڵسافی و سینگفراوانی بەرانبەر بە ئیماندارانی، کەواتە دەبێت بەردەوام دوعا بکەین کە دڵمان بەرانبەر هیچ کەسێکی باش و چاك و ئیماندار و....، گەرد نەگرێت و ڕقمان لێیان نەبێتەوە و خۆشمان بوێن، چونکە بوغز و کینە و ڕق سەرچاوەی زۆربەی کێشە و ماڵ وێرانییەکانە.

جۆرەکانی ناخ سەلامەتی:

١- ناخ سەلامەتی بەرانبەر بە هەموو خەڵکی.

٢- ناخ سەلامەتی بەرانبەر نزیکەکان.

٣- ناخ سەلامەتی نێوان چین و توێژە جیاوازەکان، لە نێوان مامۆستا و قوتابی، دەوڵەمەند و هەژار، کرێکار و خاوەنکار،.....

سوود و کاریگەرییەکانی ناخ سەلامەتی و ناخ پاکی:

١- ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢- بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی.

٣- بڵاوبوونەوەی برایەتی و یارمەتیدانی یەکدی و لە یەك نزیکبوونەوە.

٤- پاراستنی خێزان و کۆمەڵگا لە لەبەریەك هەڵوەشان.

ڕێگریه‌کانی به‌رده‌م ناخ سه‌لامه‌تی و ناخ پاکی:

١- نه‌بوونی بیر و باوه‌ڕ و ئیمانێکی سه‌لامه‌ت.

٢- حه‌ساده‌ت.

٣- هاوڕێی خراپ.

٤- ژینگه‌ی خراپ.

٥- وه‌سوه‌سه‌ی شه‌یتان.

٦- کێبڕکێ و مونافه‌سه‌ی نا شه‌ریفانه و نا شه‌رعی.

٧- حه‌زی خۆده‌رخستن و پێشڕه‌وی کردن.

٨- دڵ نه‌خۆشی و به‌دوا نه‌که‌وتنی چاره‌سه‌ره‌کانی.

ئامراز و هۆکاره‌کانی به‌ده‌ست هێنانی ناخ سه‌لامه‌تی و ناخ پاکی :

١- ئیمان و بیر و باوه‌ڕی خاوێن و به‌هێز و تۆکمه.

٢- هه‌ستکردن به چاودێری خودای گه‌وره.

٣- فێربوونی زانستی به‌سوود و قورئان و سوننه‌ت.

٤- خوێندنه‌وه و شوێنکه‌وتنی ژیاننامه‌ی پێغه‌مبه‌ران و پیاوچاکان و زانایان.

٥- دوعاکردن.

٦- دڵسۆزی و ئیخڵاس.

٧- هاوڕێی باش.

٨- قه‌ناعه‌ت.

٩- خۆ ڕازاندنه‌وه به ئه‌خلاقی جوان.

ڕق خواردنەوە

● ﴿ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ ﴾ ● آل عمران: ١٣٤

(یەکێ لە سیفەتە باشەکانی ئیماندارانی خۆپارێز بریتییە لەوەی کە ڕقی بەهێزی خۆیان دەخۆنەوە و دەری نابڕن).

ئەو ئایەتە قورئانیە پەیوەستە بە سیفەتێکی تری ئیمانداری حەقیقی و خۆپارێزی ڕاستەقینە، ئەویش ڕق خواردنەوەیە، واتە: هەرچەند توڕە دەبن، بەڵام بەسەر خۆیاندا زاڵ دەبن و ڕقەکەیان دەخۆنەوە و دەری نابڕن، چونکە ئەگەر دەری ببڕن بێگومان ڕق و کینەکە زیاتر دەبێت و بڵاو دەبێتەوە و شیرازەی تاك و خێزان و کۆمەڵگە تێك دەچێت، وە (الغيظ) واتە: توڕەییەکی توند و زۆر.

سودەکانی خواردنەوەی توڕەیی:

١- ڕەزامەندی خودا و بەدەستهێنانی بەهەشت.

٢- بڵاو بوونەوەی خۆشەویستی و برایەتی.

٣- زاڵبوون بەسەر نەفس و شەیتان.

٤- بەختەوەری خۆشبەختی و.....

زیانەکانی ڕق نەخواردنەوە:

١- تێکچونی برایەتی.

٢- تێکچونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە.

٣- بڵاوبوونەوەی ڕق و کینە.

٤- ئەزیەتدانی نەفس و دڵڕەقبوون و ناشیرین بوون لەبەرچاوی خەڵکی.

هۆکار و ئامرازەکانی ڕق خودارەنەوە

١- بیرکردنەوە لە پاداشت و سوودەکانی.

٢- بیرکردنەوە لە زەرەر و زیانەکانی ڕق نەخودارەنەوە.

٣- پەروەردەکردن لەسەر ڕق خودارەنەوە و ڕاهێنان لەسەری.

٤- خۆ پاراستن لەو هۆکارانەی سەردەکێشن بۆ پەیدابوونی ڕق و کینە.

پـــاکـــی

● ﴿ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴾ ● المدثر: ٤

(پۆشاکت و ڕووکەشت و دڵ و دەرون و ناخت خاوێن و پاك بکەرەوە).

ئەو فەرمایشتە قورئانیە لە ئەسڵدا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە، بەڵام هەر هەموو ئوممەتەکەی دەگرێتەوە، ئەوە فەرمانە بە پاك و خاوێنی ڕووکەش و ناخ، چونکە (طهارة) پاك و خاوێنی دوو جۆرە:

١- **طهارة حسية**: پاك و خاوێنی دەرەکی.

٢- **طهارة معنوية**: پاك و خاوێنی مەعنەوی ناخ و دڵ و دەرون فیکر و عەقیدە.

کەواتە (طهارة) واتە: پاك و خاوێنی جل و بەرگ و شوێن و ئەندامەکان لە پیسی دیار و زاهیری، هەروەها پاك و خاوێنی ئەندامەکان لە پیسی نادیار وەك: ڕیشوە وەرگرتن، دزی کردن، درۆکردن، نەزەر کردن،..... هەروەها پاك و خاوێنی دڵ و دەروون، بۆ نموونە پاك و خاوێنی دڵ و دەروون لە: حەسودی، ڕیا، ڕق بوونەوە، خۆبەگەرەزانین،.....

ڕێگریەکانی بەردەم پاك و خاوێنی دەرەکی و ناوەکی:

١- نەبوونی قەناعەت.

٢- تێنەگەیشتنی ڕاست و دروست لە ئیسلام.

٣- خۆشویستنی دونیا زیاد لە سنووری خۆی و ڕۆچوون تێیدا.

٤- ڕەزیلی.

٥- پشتنەبەستن بە خودا.

٦- ترسنۆکی.

ئامراز و هۆکارەکانی بەدەست هێنانی پاکی دەرەکی و ناوەکی:

١- ئیمان و بیر و باوەڕ و عەقیدەی ڕاست و دروست و پتەو.

٢- شوێنکەوتنی قورئان و سوننە و ژیانی پێغەمبەران (علیهم السلام) و پیاوچاکان و زانایان.

٣- قەناعەت.

٤- دونیا نەویستی.

٥- هاوڕێی باش.

٦- پەروەردەی جوان و باش و چاك.

دادگــەری

● ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ ﴾ ● النحل: ٩٠

(خودای گەورە فەرمان بە دادگەری دەکات).

ئەو ئایەتە پەیوەندی بە دادگەریەوە هەیە.

دادگەری واتە: بەکارهێنانی هەموو شتێك لە شوێنی خۆی و لەکاتی خۆی و لەسەر شێواز و شێوەی خۆی و بە ئەندازەی خۆی بەبێ زیادەڕەوی و کەمڕەوی هەروەها بەبێ پێشخستنی یان دواخستنی ستەمکارانە.

شێواز و جۆرەکانی دادگەری:

١- دادگەری لە قسەردندا.

٢- دادگەری لە کردەوەدا.

٣- دادگەری لە مامەڵەکردندا.

٤- دادگەری مێرد لەگەڵ ژندا، ژن لەگەڵ مێرددا.

٥- دادگەری دایك و باوك لە نێوان منداڵەکانیاندا.

٦- دادگەری سەرۆك و سەرکردە بەرامبەر گەلەکانیان.

٧- دادگەری لە هەموو کارەکانی ژیاندا و لەگەڵ هەموو کەسێك و لە هەموو بارودۆخێك دا.

سود و کاریگەریەکانی دادگەری:

١- ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢- جێبەجێکردنی فەرمانی خودای گەورە.

٣- دروستبونی خۆشەویستی لە نێوان خەڵکیدا.
٤- هۆکاری مانەوەی دەسەڵات و هێزی سەرکردەکانە.
٥- ئارامی ئاسایشی دەروونی.
٦- ئاسایشی خێزانی و نەتەوەیی و دەوڵەتی و جیهانی.
٧- هۆکارێکە بۆ هاتنە ناوەوەی غەیرە موسڵمانەکان بۆ ناو ئیسلام.
٨- بەختەوەری و خۆشبەختی و.....
٩- بەدەستهێنانی بەهەشت.

ورع

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ﴾ ● البقرة: ١٧٢

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیە چاك و باش و حەڵاڵانەی کە پێیان بەخشیوون).

ئەو یاسا قورئانییە فەرمانمان پیدەکات تەنها ڕزق و ڕۆزی باش و چاك و خاوێن و حەڵاڵ بخۆین، واتە: خۆمان بپارێزین لە خۆراکی پیس و حەرام، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئایەتەکە داوای (ورع) مان لیدەکات (ورع) واتە: دورکەوتنەوە و خۆپارێزی لە هەر شتێك کە حەرامە یان شوبهەی تێدایە کە حەرام بێت.

پلـــەکانی ورع:

١- ورع و خۆپارێزی لە هەموو شتێکی ناشیرین و حەرام.
٢- ورع و خۆپارێزی لەو شتانەی کە حەڵاڵن، بەڵام سەردەکێشن بۆ حەرام، یان ترست لێی هەیە بەهۆی ئەو هۆکار و ئامرازەوە بەرەو حەرام بڕۆیت.

٣- ورع و خۆپارێزی لەو شتانەی شوبهەیان تێدایە، واتە: ناتوانین تەواو تەواو بڵێین حەرامە یان حەڵاڵە.

٤- ورع و خۆپارێزی لەو شتانەی کە حەڵاڵن، بەڵام کاتکوژن و کات دەکوژن بەبێ سوود و قازانج.

جـــۆرەکانی ورع:

١- ورع لە بینین و چاودا.

٢- ورع لە بیستن و گوێدا.

٣- ورع لە زمان و قسەکردندا.

٤- ورع لە خوداردن و خواردنەوە و گەدەدا.

٥- ورع لە عەورەت و زینادا.

٦- ورع لە هەر شتێك کە خودای گەورە نەهی لێکردووە.

هۆکار و ئامرازەکانی بەدەست هێنانی ورع:

١- چاودێری خودای گەورە.

٢- زانست و زانیاری بەسوود.

٣- قورئان و سوننە.

٤- ژیاننامەی پێغەمبەران (علیهم سلام) و پیاوچاکان و زانایان.

٥- هاوڕێی چاك.

٦- بیروباوەڕی ڕاست و دروست و پتەو و بەهێز.

٧- دورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە حەرامە، یان شوبهەی تێدایە، یان سەردەکێشێت بۆ حەرام.

سود و کاریگەریەکانی ورع:

١- خۆشەویستی خودای گەورە.

٢- بەدەستهێنانی بەهەشت.

٣- دوورکەوتنەوە لە حەرام و مەشبووهەکان و گومان لێکراوەکان.

٤- وەرگیرانی دوعا.

٥- بەرەکەتی ژیان و تەمەن.

٦- منداڵی چاك و سالّح.

٧- پاراستنی دین و ئیمان و ڕۆح.....

٨- سەرکەوتنی لە دونیا و قیامەت.

وەفـــا

● ﴿ وَأَوۡفُواْ بِٱلۡعَهۡدِۖ إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ كَانَ مَسۡـُٔولٗا ﴾ ● الإسراء: ٣٤

(وەفا بکەن بە بەڵێن و پەیمان، چونکە بەڕاستی بەرپرسیارن بەرانبەر بەڵێن و پەیمانەوە).

ئەو یاسا قورئانییەیە پەیوەستە بەوەفابوون بە بەڵێن و پەیمان و وەعدەوە، کە بەڕاستی زۆر کەم بووە لەناو مەسڵمانانداا، لە کاتێکدا خودای گەورە فەرمانی پێکردووە و واجبی کردووە لەسەرمان، چونکە بەڕاستی زەرەر و زیانی زۆر هەیە لە بەوەفانەبوون بە پەیمان و بەڵێنەوە.

جۆرەکانی پەیمان:

١- پەیمان لەگەڵ خودای گەورە.

٢- پەیمان لەگەڵ بەندەکانی خودای گەورەدا.

شێوەکانی پەیمان

١- بەوەفابوون بە پەیمان لە نێوان خودا و بەندەدا.

٢- بەوەفابوون بە پەیمان بۆ دانەوەی قەرز.

٣- بەوەفابوون بە پەیمان بۆ کڕین و فرۆشتن و بەکرێگرتن و.....

٤- بەوەفابوون بە پەیمان بۆ گرێبەستی هاوسەرگیری.

٥- بەوەفابوون بە پەیمان لە نێوان ژن و مێردا.

٦- بەوەفابوون بە پەیمان لە نێوان خاوەنکار لەگەڵ کرێکار و وەستادا.

٧- بەوەفابوون بە پەیمان لە نەزرکردندا.

٨- بەوەفابوون بە پەیمان لە نێوان برا گەورە و سەرکردە لەگەڵ ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان.

سوود و کاریگەرییەکانی بەوەفابوون بە پەیمان:

١- ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢- نیشانەی ئیمان و تەقوایە.

٣- نیشانەی ڕاستگۆییە.

٤- خۆشەویستی خودای گەورە.

٥- بەرقەراربوونی ئاساییش.

٦- پەیدابوونی متمانە.

٧- بەختەوەری دونیا و قیامەت.

یەکگرتوویی

● ﴿ وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ ﴾ ● آل عمران: ١٠٣

(هەر هەمووتان بەتوندی دەست بگرن بە بەرنامە و ئایینی خوداوە و پەرتوبڵاو مەبن).

ئەو فەرمایشتە قورئانیانە یەکێکە لەو یاسایانەی کە موسوڵمانان بەتەواوی پشتگوێیان خستووە و تەنها وەك خوێندنەوە دەیخوێننەوە، بەڵام لە بواری کردەییدا بەتەواوی فەرامۆشیان کردووە، بۆیەش سەرەنجامەان بە ئەمڕۆ گەیشتووە، کە نزیکەی دوو ملیار مسوڵمان هەیە لەگەڵ نزیکەی (٦٠) دەوڵەتی مسوڵمان، وە (٧٠٪) بەرهەمی کانزایی و..... ، لەنێو وڵاتانی مسوڵمان دەردەهێنرێت و دەنێردرێت بۆ وڵاتانی دیکە، بەڵام ئەوەش حاڵەکەمانە، ئەویش بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو یاسا قورئانییانەیە.

سوودەکانی یەکگرتوویی:

١- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢- سەرکەوتنی دنیا و قیامەت.

٣- خۆشبەختی دنیا و قیامەت.

زیانەکانی پەرتەوازەیی:

١- توڕەبوونی خودای گەورە.

٢- دۆڕان لەدنیا و قیامەت.

٣- ڕق و دووبەرەکی.

ڕێگرییەکانی بەردەم یەکگرتوویی

١- خۆخۆیی و ئەنانییەت.

٢- دووربوون لە یەکدی و نزیکنەبوونەوە لە یەکدی.

٣- حیساب نەکردن بۆ بیروڕای یەکدی.

٤- حەزی دەرکەوتن و ڕەشکردنەوەی ئەوانی دی.

٥- حەسادەت.

٦- ڕیا.

٧- ڕق و کینە.

٨- هەستی تۆڵەکردنەوە.

٩- خیانەت.

١٠- گومانی خراپ بە یەکبردن.

١١- زمانزبری.

١٢- ڕووگرژی.

١٣- ستەمکردن.

١٤- غەیبەت و بوهتانکردن.

١٥- تەکەبوور و فیز و خۆ بە گەورەزانی.

١٦- پەیمانشکێنی.

يارمەتيدان

● ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ ﴾ ● المائدة: ٢

(يارمەتى يەكدى بدەن لەسەر چاكە و چاكەكارى و خۆپارێزى و خوداپەرستى).

ئەو فەرمايشتە قورئانييە يەكێكى دیكەيە لە ياسا گرنگەكانى قورئان كە زۆرێكمان فەرامۆشمان كردووە، چونكە زۆربەمان يارمەتى ئەو كەسە دەدەين كە لە گەڵمانە و لە حيزبى ئێمەيە و هاوبيرمانە، بەڵام لە ڕاستيدا فەرمانەكەى خودای گەورە گشتييە، كە فەرمانمان پێ دەكات كە يارمەتى يەكدى بدەين لە هەموو كارێكى باش و چاك ئەگەر ئەو كەسە لەگەڵ ئێمەش نەبێت و لە حيزبى ئێمەش نەبێت و هاوبيرمان نەبێت.

هەروەها چاكە (البر) بەگشتى هاتووە لە ئايەتەكەدا، واتە: هەموو چاكەيەك و باشيێك دەگرێتەوە.

شێوازو جۆرەكانى يارمەتيدان:

١- يارمەتيدان لەسەر خوداپەرستى و بەرەو خودا چوون.

٢- يارمەتيدان لەسەر چەسپاندنى دادگەرى.

٣- يارمەتيدان لەسەر لابردنى زوڵم و ستەم.

٤- يارمەتيدان بۆ بانگەوازيكردن بۆ لای خودا.

٥- يارمەتيدان بۆ لابردنى ناخۆشى و نەخۆشى هەژارى لەسەر خەڵك.

٦- يارمەتيدان لەسەر هاندانى خەڵك بۆ چاكەكردن.

٧- يارمەتيدان بۆ زانست و زانستخوازان.

٨- يارمەتيدان بۆ مانەوە لەسەر حەق و ڕاستى و ئيستيقامە.

سوودەکانی یارمەتیدانی یەکدی:

١- ڕەزامەندی خودای پەروەدگار.

٢- دڕووستبوونی خۆشەویستی.

٣- خۆشبەختی و سەرکەوتن و سەرفرازی دونیا و قیامەت.

٤- سود وەرگرتنی هەموو تاکێك لە کەسی بەرامبەری لە بواره جیاوازەکاندا.

٥- دڕووستبوونی برایەتی.

٦- لابردنی ستەم و زوڵم لەسەر ئەو کەسەی زوڵمی لێدەکرێت.

٧- چەسپاندنی دادگەری.

٨- ئاسانکردنی ڕووبەڕووبونەوەی هەموو ناخۆشیەکان.

٩- ئاسانکردنی ئەو کارانەی بەتەنها ناکرێن.

١٠- زیاد بوونی دڵسۆزی و ئیخلاص.

١١- ڕێکخستنی کات و هێنانەدی بەرەکەت.

١٢- دەرخستنی هێز و قووەت بەرانبەر دوژمنان.

ڕێگریەکانی بەردەم هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری:

١- خۆ خۆیی و ئەنانیەت.

٢- پێشبڕکێ و مونافەسەی ناشەریفانە و نا شەرعی.

٣- دەمارگیری و تەعەصوب و حیزبی بوونی ناشەرعی.

٤- حەسوودی.

٥- گومانی خراپ بردن بە ئەوانی تر و تەنها خۆبینین لەسەر حەق و ڕاستی.

٦- شوێنکەوتنی هەوا و نەفس و ئارەزوو، گومان بردن بەوەی ئەو یارمەتیە دەبێتە هۆی قازانج بۆ هەندێکیان و بێبەشبوونی هەندێکی تر.

٧- خۆدەرخستن و حەزهەبوون بۆ بەتەنها دەرکەوتن لە گۆڕەپانەکەدا، وە حەز بە ڕێبەرایەتی کردن و قبوڵ نەکردنی غەیری خۆی.

٨- سەرقاڵی زۆر بە کارەکانی خۆت و فەرامۆش کردن و ئاوڕدانەوە لە کاری ئەوانی تر.

یارمەتی یەکدی مەدەن لەسەر گوناھ و تاوان و دوژمنایەتی یەکترکردن

● ﴿ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ ﴾ ● المائدة: ٢

(یارمەتی یەکتری مەدەن لەسەر گوناھ و تاوان و خراپەکاری و دوژمنکاری و دوژمنایەتی یەکدیکردن).

ئەو یاسایەش یاسایەکی دیکەی قورئانییە کە ڕێگریان لێ دەکات یارمەتی یەکتری بدەین لەسەر خراپەکاری و گوناھ و تاوان و دوژمنایەتی یەکترکردن، چ جای ئەوەی بێی دەست تێکەڵ بکەی لەگەڵ دوژمنان بۆ لێدان و دژایەتی کردنی ئیسلام و موسڵمانان، چونکە ئەو نەهیە و ڕێگرییەی خودای گەورە بۆ هەموو کەس و شوێن و سەردەم و بارودۆخ و بابەتەکانە، ئەگەر هاتوو کارەکە تاوان و خراپەکاری و دوژمنایەتی بوو، بۆیەش زۆرجار دەبینین کەسێك یارمەتی کەسێکی تر دەدات بۆ دوژمنایەتی کردنی بەرامبەرەکەی، کە بەڕاستی ئەوە وەك ئەوە وایە ڕاستەوخۆ بۆ خۆی دوژمنایەتی بکات، چونکە یارمەتیدەریش وەك بکەر وایە.

زیانەکانی یارمەتیدان لەسەر گوناھ و تاوان و دوژمنایەتی یەکدیکردن:

١- تووڕەبوونی خودای پەروەردگار.

٢- نەهێشتنی خۆشەویستی و برایەتی.

٣- بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی ئاژاوە و گوناھ و تاوان و خراپەکاری.

٤- خۆناشیرین کردن و خۆ سوك کردن.

٥- ماف خوداردنی خەڵکی.

٦- یارمەتیدانی ستەم و ژێرخستنی دادگەری.

٧- تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە و سیاسەت و دەوڵەت و جیهان.

٨- دوورکەوتنەوە لە خودای پەروەردگار.

٩- سزای بەئێشی قیامەت.

١٠- دواکەوتنی موسڵمانان و ژێر دەستەبوونیان.

تـــەوازوع

● ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا ﴾ ● الفرقان: ٦٣

(بەندەکانی خودای میهرەبان ئەو کەسانەن کە بەهێمنی و زۆر بەجوانی بەسەر زەویدا دەڕۆن).

ئەو ئایەتە قورئانیە ئاماژە بە (تواضع) خۆبەکەم گری و نەبوونی فیز و تەکەبوور دەکات، چونکە هەر کەسێك بەو شێوەیە بەسەر زەویدا نەڕوات و لەکاتی ڕۆیشتدا فیز لێ بدات، دیارە کە سیفەتی تەکەبووری بەسەردا زاڵە و تێیدایەتی.

کەواتە بەپێی ئەو یاسا قورئانیە یەکێ لە سیفەتە جوان و بەرز و باشەکانی بەندەکانی خودای گەورە ئەوەیە کە (تواضع)ی هەبێت.

بەشەکانی تەوازوع:

١- **تەوازوعی باش:** بریتیە لە تەوازوع بەرانبەر فەرمان و نەهیەکانی خودای گەورە، وە وازهێنان لە خۆ هەڵکێشان بەسەر خەڵکیدا.

٢- **تەوازوعی خراپ:** بریتیە لە تەوازوع نواندن بۆ دونیا و ، خۆ سوك کردن و زەلیل کردن و خۆنزم کردنەوە، خۆ کەم کردنەوە بۆ بەدەستهێنانی شتێکی کاتی کەمی دونیایی ، وە خۆ چەماوەندنەوە بەرانبەر هەموو کەس و ستەم کارێك و چونە ژێر ڕکێفیان.

شێوە و جۆرەکانی تەوازوع:

١- تەوازوع لە خودی خۆتدا، ئەوەش بەوە دەکرێت کە خۆت بە باشتر و زاناتر و بە تەقواتر و ئیماندارتر و..... نەزانی لە بەرانبەر برا و خوشکەکانتدا.

٢- تەوازوع بەرانبەر کەسێکی خوار خۆت، لە بواره جیاوازەکاندا.

٣- تەوازوع لە فێربوون، فێربوون بە هەموو جۆرەکانییەوە، فێربوونی زانست، پیشە.....

٤- تەوازوع لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ئاستی خۆتدان، چونکە حەسودی بە زۆری لە نێوان هاوئاستەکاندا پەیدا دەبێت.

٥- تەوازوعی دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامان.

٦- تەوازوعی زاناکان.

٧- تەوازوعی سەرکردە و سەرۆك و دەمراستەکان.

٨- تەوازوعی هەموو چین و توێژەکان بەرانبەر یەکدی.

کاریگەرییەکانی تەوازوع:

١- ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢- دڕووستبوونی خۆشەویستی و برایەتی و بەهێزبوون.

٣- ملکەچی بۆ حەق و ڕاستی هەرچەند زەرەریش بێت.

٤- بەعیزەت بوون.

٥- خۆشبەختی و بەختەوەری و دڵخۆشی دونیا و قیامەت.

هۆکار و پاڵنەرەکانی تەوازوع:

١- بڕوابوونی پتەو و بەهێز بە خودا و حیساب بۆ کردنی و زانست هەبوون بەوەی کە خودا چەند ئەو سیفەتەی پێناخۆشە.

٢- گەڕانەوە بۆ خود و نەفسی خۆت، وە وردبوونەوە لەوەی کە تۆ چیت و چەندە بچووك و بێهێزو و بێتوانای بەرانبەر دەسەڵات و گەورەیی خودا.

٣- بیرکردنەوە لە نەخۆشی و ناخۆشی و ئازارو.....

٤- خۆت لە شوێنی ئەو کەسە دا بنێ کە تەکەبووری بەسەرەوە لێدەدەی، بزانە چەند ناخۆشە.

٥- بیرکردنەوە لەسەرەنجام و دەرەنجامە خراپەکان وەك تەکەبور و فیز لەدونیا و لە قیامەت، چونکە موتەکەبیرەکان هەردەم کەسی ڕق لێبووەوەن لەنێو کۆمەڵگەدا.

٦- بیرکردنەوە و خوێندنەوەی تەوازووعی پێغەمبەران (علیهم السلام) و زانایان و پیاوچاکان.

خۆشەویستی

● ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ﴾ ● مریم: ٩٦

(بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە لە ئایینەدا خودای میهرەبان سۆز و خۆشەویستی و ڕەحمەتیان بۆ ئامادە دەکات).

ئەو ئایەتە قورئانییە پەیوەستە بە خۆشەویستی و خۆشویستنەوە، وە مژدەیان دەداتێ بە خۆشەویستی کەواتە پاداشت و مژدەکە بریتییە لە خۆشەویستی و خۆشویستن.

جۆرەکانی خۆشەویستی:

١- خۆشەویستی باش: ئەوەیە کە کەسی باش و چاك و خوداناس و بەسوودت خۆش بوێت.

٢- خۆشەویستی خراپ: ئەوەیە کە کەسی خراپەکار و ستەمکار و زیانبەخشت خۆش بوێت.

سوود و کاریگەریەکانی خۆشەویستی:

١- ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢- دڕووستبونی برایەتی و یەکگرتوویی و یەکبوونی و نزیك بوون لە یەکتری.

٣- خۆشبەختی و بەختەوەری و ژیان خۆشی لە دونیا و قیامەتدا.

٤- دوورکەوتنەوە لە دوژمنایەتی یەکتر کردن.

٥- یارمەتیدانی یەکتری.

ئامراز و هۆکارەکانی پەیدابوونی خۆشەویستی:

١- چاوپۆشی کردن لە هەڵەی یەکتر و نەگەڕان بەدوای عەیب و کەم کوڕی یەکتردا.

٢- گومانی باش بردن بەیەکتری.

٣- نەرم و نیانی.

٤- یارمەتیدانی یەکتری.

٥- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا و جێبەجێکردنی سیلەی ڕەحم.

٦- دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە دڵی بەرانبەرەکەت ناخۆش بکات و ڕەچاوکردنی هەست و شعوری یەکدی.

ڕێگرییەکانی بەردەم خۆشویستنی یەکتری:

١- فیزو تەکەبوور.

٢- دووژمنایەتی یەکتر کردن.

٣- ڕووگرژی.

٤- توندی لەمامەڵە و تەبیعەت ناخۆشی.

٥- قسە ڕەقی و زمان زبری.

٦- ڕەزیلی.

٧- حەسوودی.

خۆشەویستی :

خۆشەویستی هەستێکی زۆر گەورە و بەرزە لە نێوان دایك و باوك و پۆڵەکان و لە نێوان هاوڕێیان و ژن و مێرد و و هاوسەران و مرۆڤایەتی بەگشتی بە ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خۆشەویستی دەبێت چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت تاوەکو دەبێت بە خۆشەویستییەکی تەواو تەواو ڕاستقینە و وە هیچ شتێك نەتوانێت بیڕوخێنێت و بیلەرزێنێت و بیترازێنێت.....

خۆشەویستی ڕاستەقینە بەم جۆرەیە و بەم شێوەیەش بەدەست دێت:

١. پاڵنەری حەقیقی و جەوهەری: پاڵنەری حقیقی و جەوهەری خۆشەویستی حەقیقی و جەوهەری بەرهەم دێنێت، بەڵام ئەگەر پاڵنەرەکە شتێکی تر بوو زۆرجار کە نەما یان کەم بوو ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر خۆشەویستیەکەدا و کەمی دەکات یان هەر نایهێڵێت.

٢. دڵسۆزی بۆ یەکتری.

٣. وەفا بوون بۆ یەکتری.

٤. منەت نەکردن: زۆرجار یەکێ لە خۆشەویستەکە ئەوەندە منەت دەکا بەسەر ئەوی تریاندا تا بێزاری دەکات و دەستبەرداری دەبێت.

٥. گرنگی دانی هەردوولا بە یەکتری، هەم بەقسە هەم بە کردار هەم بە هەست و نەست و شعور..... .

٦. پەیوەست بوون و هۆگربوون بەیەکترەوە.

٧. سوربوون لەسەر خۆشەویستەکە و نەگەڕان بەدوای بیانوو بۆ وازهێنان لێی.

٨ تەوازوع نواندن بەرانبەر یەکدی: بەڕاستی تەکەببور ڕوو لە هەر شوێن و پەیوەندییێك بکات وێرانی دەکات.

٩. متمانە.

١٠. ڕاستگۆیی.

١١. قوربانی دان بۆ یەکتری.

١٢. تەنازول کردن بۆ یەکتری.

١٣. پشتیوانی لەسەر کارەکانی یەکتری.

١٤. ڕێزگرتن لە یەکتری.

١٥. حیساب کردن بو هەست و شعوری یەکتری، بریندار نەکردنی هەستی یەکتری.

١٦. گومان نەبردنی خراپ بە یەکتری.

١٧. چاوپۆشی کردن لە یەکتری و نەگەڕان بەدوای عەیبی بچوکی یەکتری، چونکە کەس نییە کەم و کوڕی و عەیبی نەبێت.

١٨. دەربڕینی خۆشەویستی بۆ یەکتری و شەرم نەبوون پێی، هی وا هەیە شەرمی بە خۆشەویستی دەڕبڕین هەیە، بەرانبەر خێزانی یان هاوڕێکەی یان مامۆستاکەی یان.... .

١٩. دوورکەوتنەوە لەو هۆکارانەی سەر دەکێشن بۆ لاوازی یان تێکدانی یان نەهێشنتی خۆشەویستیەکە.

٢٠. هەر ڕەخنەیەکت هەبێت لە خۆشەویستەکەت ڕاستەوخۆ بەخۆی بڵێیت نەوەك بەکەسانی تر یان بە پاشەملە باسی کەی یان....

ژیان بەبێ خۆشەویستی یەك پارچە تارمایی و ناخۆشی و دڵ تەنگی و نەهامەتی و دووبەرەکی و دوژمنایەتیە.....

زانســـت

● ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ ● الزمر: ٩

(ئایا ئەوا کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەك ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نیە).

زانســـت :

زانست مەفهومەکەی زۆر فراوانە، بواری زۆر جیاواز دەگرێتەوە: زانستی عەقڵی و فیکری

زانستی ڕۆحی و نەفسی

زانستی ئەخلاقی

زانستی ئەزمونی تەجریبی و تەکنەلۆجی

زانستی شەرعی و ئایینی

زانست پێویستە بۆ تاك و خێزان و کۆمەڵگە و گەل و نەتەوە و سیاسەت و ئابووری و ئایین و....

هەر بۆیە یەکەم ئایەت دەفەرموێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروستکردووە.

وە دەفەرموێ: (قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ)

ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەك ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نییە؟

وە دەفەرموێ: (شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)

لەم ئایەتەدا خودائی گەورە زانایانی لەگەڵ خۆی و فریشتەکان باسکردووە.

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (وَمَن سَلَكَ طَرِيقًا يَلتَمِسُ فيهِ عِلمًا سَهَّلَ اللهُ لهُ طَرِيقاً بِهِ إلى الجَنَّةِ) رواه مسلم.

واتا: هەرکەسێ ڕێی زانست و زانیاری بگرێت خودای گەورە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

وە دەفەرموێت: (إذَا مَاتَ ابنُ آدَمَ انقَطَعَ عمَلُهُ إلاَّ من ثَلاثٍ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أو عِلمٍ يُنتَفَعُ بِهِ أو وَلَدٍ صَالِحٍ يَدعُو لَهُ) رواه مسلم.

واتا: کە مرۆڤ دەمرێت کار و کردەوەکانی دەپچڕێن تەنها سێ شت نەبێت، سەدەقەی جاریە، زانستێکی بە سود، منداڵی سالح.

وە دەفەرموێت: (مَن خَرَجَ في طَلَبِ العِلمِ فهو في سَبيلِ اللهِ حتى يَرجِعَ) رواه الترمذي.

هەرکەسێ بچێتە دەر بەدوای زانستدا بگەڕێت ئەوە هەمووی لە پێناو خودا بۆ هەژمار دەکرێت تا دەگەڕێتەوە.

بەڵام دیارە زانست لەگەڵ ئەو گەورەیەشی بەبێ کار و کردەوە و عەمەل هیچ سودێکی نییە.

ئیمامی شافعی دەفەرموێت: (لَيْسَ العِلْمُ مَا حُفِظَ، إنَّما العِلْمُ مَا نَفَعَ).

زانست ئەوە نییە کە لەبەرکراوە، بەڵکو ئەوەیە کە سودی گەیاندوە.

بەڕاستی زانابوون ئەگەر بە خەزنکردن و لەبەرکردنی زانست و زانیاری بێت، مۆبایل و میمۆری و...، کەس نایانگاتێ (چونکە دەتوانن هەزاران و میلیۆنان

کتێب و... خەزن بکەن) !!!! یان ئەگەر قورئان خوێندن بەس خوێندوە و دەنگ خۆشی بێت، قەڵەم قورئان و... کەس نایگاتێ!!!!

کەواتە ڕەنگدانەوەی ئەوانە و جێ بەجێکردن و ئەخلاق و سلوك و هەڵسوکەوت گرینگە، نەوەك خەزنکردنی زانست و زانیاری و زانینیان بە تەنها.

وە هەروەها سفیان بن عیینة دەفەرموێ: (أوّلُ العِلْمِ حُسْنُ الاسْتماعِ، ثُمَّ الفَهْمُ، ثُمَّ الحِفْظُ، ثُمّ العملُ، ثُمَّ النّشْرُ).

یەکەم شت بۆ زانست گوێگرتنێکی زۆر باشە، پاشان تێگەیشتن، پاشان لەبەرکردن، پاشان کارپێکردن، پاشان بڵاوکردنەوە.

بۆیە بەڕاستی نەزانی کارەسات دەخولقێنێت، هەرەوەك ابن الجوزي دەفەرموێت: (اعلم أنَّ البابَ الأعْظَم الذي يَدْخُلُ منه إبليسُ على النَّاسِ هو الجَهْلُ)

ئەو دەرگا گەورەیەی کە شەیتان لێیەوە دێتەوە ژووڕەوە بریتیە لە نەزانی.

وە ئەنیشتاین دەڵێت: ئایین بێ زانست کوێرە، وە زانستیش بێ ئایین شەلە.

کەواتە بەڕاستی وایە، ئایین بێ زانست کوێرە و کوێرکاریشە و کارەسات دەخولقێنێت.

سودەکانی زانست :

١. بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودا.

٢. ڕۆشن کردنەوەی دونیا و قیامەت.

٣. تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە دین.

٤. تێگەیشتنی ڕاستقینە لە دونیا.

٥. خزمەتی خاوەنەکەی و خودا و خەڵك، تاك و خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت و جیهان دەکات.

٦. پێش خستنی دین و دونیا و شارستانیەت.

٧. دوور خستنەوەی نەهامەتی و ئازار لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

٨. مانەوەی ناوی کەسی زانا بە زیندویی، چونکە ئێمە دەبێت بزانین لە کامیانین؟؟؟؟!!!!!

- مردووی مرد
- زیندووی زیندوو
- مردووی زیندوو
- زیندووی مردوو

أ. مردووی مردوو، ئەوەی خۆی مردوە و کەسایەتی و ناو و کردا ر قسە و...، ە کانیشی مردوون.

ب. زیندووی زیندوو، زیندووە هەم بە جەستە هەم بەکردەیی و ناو و کارکردن و... .

ج. مردووی زیندوو، بە جەستە مردووە و ڕۆیوە، بەڵام بەناو و فیکر و کاریگەری و....، هەر زیندوە.

د. زیندووی مردوو، بە جەستە زیندووە، بەڵام وەك کەسێکی مردوو وایە و بوون و نەبوونی یەك شتە.

٩. مانەوەی خێر و پاداشت دوای مردن و ڕۆیشتنی بۆ کەسی مردوو.

١٠. دەبێتە خێر و پاداشت بۆ باوك و دایکان.

ئەتەکیەتی بەدەست هێنانی زانست :

١. ئامانجت ڕوونبێت.

٢. ئامانجەکەت بەبەردەوامی لەبیربێت.

٣. شانازی بکە بە ئامانجەکەتەوە.

٤. وریەبەرز بە.

٥. گوێ مەدە بەقسەی خراپ و ڕوخێنەری خەڵک.

٦. موخلیس و دڵسۆزبە.

٧. پشت بەخودا و خودی خۆت ببەستە.

٨. بەردەوام تێبکۆشە.

٩. سور و جیدی و حەریس بە.

١٠. پشوو درێژبە.

١١. خۆت تەرخان بکە بۆ زانستێك کە حەزت پێیەتی.

١٢. بەردەوام بە و دا مەبڕێ.

١٣. بگەڕێ لە مامۆستا و ڕێنیشانەدەرێکی دڵسۆز و لێهاتوو، بەتایبەت لە سەرەتای دەست کردنت بە زانست.

١٤. کات بەفیڕۆ مەدە و ڕێکی خە.

١٥. مەنهەجێکی پتەو و ڕێکی درێژخایەن دابنێ.

١٦. شتە گرینگەکان تۆماربکە و لەبەربکە.

١٧. ئامادەی هەموو قوربانیدانێك بە لە پێناو ئەو زانستەی دەتەوێت، هەر کەسێك قوربانی نەدات هەرگیزا و هەرگیز ناتوانێت زانست بەدەست بێنێت.

١٨. بەپێی پێویست مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵاتیەکان و...، بەکاربێنە، بەڕاستی ئەو شتانە هەرچەند زۆر بە سودن بەڵام ماڵیان وێران کردین، عەقڵ و فیکر و ڕۆح و دڵ و دەروون و....، بردین.

سـوّز

●﴿ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ ● الفاتحة: ٣

(خودای گەورە بەخشندە و میهرەبان و بەسۆزە).

ئەوە یەکێکە لە ئایەتە قورئانییەکان کە پەیوەستە بە خودای پەروەردگارەوە. کە خودای گەورە بەخشندە و میهرەبان و بەسۆزە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین میهرەبانی خودای گەورەیە کە هەموو شتێکی گرتۆتەوە لە گەردیلەیەك تاوەکو دەگاتە کەهکەشانەکان، چونکە ئەگەر ڕەحم و سۆز و میهرەبانی خودا نەبایە پرۆتۆن و نیوترۆن و ئەلیکترۆن و گەردیلەکان و گەردەکان بەیەکەوە نەدەلکان.ئەوکات ماددە دروووست نەدەبوو دوایی گەردوون دروووست نەدەبوو، یان ئەگەر ڕوحم و میهرەبانی خودا نەبایە کە ڕژاوە بەسەر دایکەکاندا ئەوا منداڵ و بێچووەکان ڕاستەوخۆ دەمردن. بڕوانە دڕندەیەکی وەك شێر کە خودای گەورە ڕوحم و سۆزی تێدا ڕواندووە. بۆیە زۆر زۆر بەسۆز و بە ڕوحمە بەرانبەر بێچووەکانی بۆیە کە لەدایك دەبێت بێچووەکەی بۆماوەی دوو سێ ڕۆژ بەدەمیەوە هەڵیدەگرێ و ئەولا و ئەولای پێدەکات تاوەکو مێش و مەگەز و حەشەرات و کرم نەیخۆن.

یان بڕوانە هەر هەموو زیندەوەران یان بڕوانە خودی زەوی و کۆمەڵەی خۆر و هەساڕە و ئەستێرەکان ئەگەر ڕوحمی خودای گەورە نەبایە یەکجار خۆیان بەیەکدا بکێشایە یان لە ڕێڕەوی خۆیان لایاندابایە ڕاستەوخۆ گەردوون بەسەریەکدا خاپوور دەبوو.

کەواتە ڕوحم و سۆز و میهرەبانی خودای پەروەردگار هەموو گەردوونی داگرتووە بە بچووك و گەورەیە.

جۆرەکانی سۆز:

١- سۆزی باش: بریتیە لە سۆز نواندن لە هەموو کارێکی باش و چاك و شەرعی.

٢- سۆزی خراپ: بریتیە لەو سۆزەی زەرەر و زیانی بە دواوەیە. بۆ نموونە سۆز ئەوەندە بنوێنی دڵت نەیە فەرمان بە چاکە بکەی و نەهی لە خراپە بکەی بەتایبەت بەرانبەر منداڵەکانت. زۆر جار دایکان و باوکان بەناوی سۆز و میهرەبانییەوە منداڵەکانیان پشت گوێ دەخەن و دڵیان نایە پێیان بڵێن وابکەن و وا مەکەن.

سوود و کاریگەریەکانی سۆز و ڕوحم:

١- خۆشەویستی.

٢- یەکگرتوویی و تەبایی

٣- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورە و میهرەبانی ئەو.

٤- بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودا.

٥- شوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ).

٦- جوانکردنی ئیسلام.

٧- میهرەبانی و سۆز نابێت بەس بۆ مرۆڤ بێت دەبێت ژیاندارانیش بگرێتەوە هەروەها نابێت بەس بۆ موسڵمانان بێت بەڵکو دەبێ بۆ غیرە موسڵمانانیش بێت.

هۆکار و پاڵنەرەکانی سۆز و میهرەبانی:

١- خوداناسی و خودا پەرستی.

٢- زانین و زانست هەبوون بە فەزڵ و گەورەیی و کاریگەرییەکەی.

٣- شوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ).

٤- تێکەڵ بوون لەگەڵ هەژاران و لێقەوماوان و نەخۆشان.

٥- پەروەردەکردنی خەڵکی لەسەر سۆز و میهرەبانی بەتایبەت منداڵان و گەنجان.

٦- بیرکردنەوە لەسەرەنجامی بێ ڕوحمی، چونکە هەر کەس ڕوحم بە خەڵکی نەکات خوداش ڕوحمی پێناکات.

٧- دانیشتن و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی بەسۆز و بە ڕوحم وە دوورکەوتنەوە لە کەسانی بێ ڕوحم و سۆز.

نەرم و نیانی

● ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ﴾ ● آل عمران: ١٥٩

(بەهۆی ڕەحم و بەزەیی خوداوەیە تۆ نەرم و نیان و هێمن بوویت لەگەڵیاندا.)

ئەم ئایەتە قورئانیە پەیوەستە بە یەکێکی تر لە سیفەتە جوان و باشەکان، ئەویش نەرم و نیانی و هێمنی و لەسەرخۆییە.

نەرم و نیانی زۆر پێویستە بۆ تاك بۆ خێزان بۆ کۆمەڵگە بۆ سیاسەت و دەوڵەت و بۆ هەموو کایەکانی ژیان، چونکە نەرم و نیانی لەهەر شتێکدا بێت ئیللا جوانی دەکات.

بە تایبەت بۆ کاری بانگخوازی و دەعوە زۆر زۆر پێویستە و واجبە، چونکە بانگەواز بە ڕەقی و وشکی و مووگرژی ناکرێت، وە هەر کەسێك دڵڕەق و گوفتارڕەق و مامەڵە ڕەق بێت بەکەڵکی بانگخوازی نایەت و لە جیاتی ئەوەی ئیسلام جوان بکات ناشرینی دەکات، لە جیاتی خەڵك بانگ بکات، خەڵك دەتەکێنێتەوە، بۆیە واجبە بۆ بانگخوازان نەرم و نیان بن، ئەوەتا خودای گەورە لە تەواوکەری ئەو ئایەتە دەفەرموێ:(ولو کنت فظا غلیظ القلب لانفضوا من حولك) آل عمران١٥٩

واتە: ئەگەر تۆ بەدخو و قسەڕەق و دڵ ڕەق بوویتایە ئەوە هەموو خەڵکی بڵاوەیان دەکرد و دەوریان چۆڵدەکردی و بە دەنگتەوە نەدەهاتن.

جۆرەکانی نەرم و نیانی:

١- نەرم و نیانی لەگەڵ خۆتدا، بەرانبەر ئەو شتانەی لەسەرت پێویست و واجب کراون.

٢- نەرم و نیانی لەگەڵ هەموو خەڵکی، خزم و ناسیاو نەناسراو، ژن و پیاو، منداڵ و گەنج.....

٣- نەرم و نیانی سەرکردەکان بەرانبەر گەلەکەیان.

٤- نەرم و نیانی بەرانبەر خزمەتکار و کرێکارەکان.

٥- نەرم و نیانی لەگەڵ ئەو کەسانەی بانگیان دەکەی بۆ ئیسلام و خودا پەرستی و خۆپارێزی و دەتەوێت بیانهێنیە ناو بازنەی چاکسازییەوە.

٦- نەرم و نیانی لەگەڵ ئاژەڵان و بە هەموو جۆرێك، بۆ نموونە: ئەزیەتیان نەدەیت، باری قورسیان لێ بار نەکەیت...

سوودەکانی نەرم و نیانی:

١- ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢- خۆشەویستی و خۆشەویست بوون لای خەڵك.

٣- برایەتی.

٤- بەڵگەیە لەسەر ئیمان و جوانی ئیسلامی ئەو کەسە.

٥- بەڵگەیە لەسەر تێگەشتوویی و حیکمەت و دانایی ئەو کەسە.

٦- بەڵگەیە لەسەر ئەخلاق جوانیی ئەو کەسە.

٧- هەستی هاریکاری و یارمەتی زیادەکات لەناو کۆمەڵگادا.

٨- کۆمەڵگا دەپارێزێت لە توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

مالّ و سامان

● ﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ ﴾ ● القصص: ٧٧

(لەو مالّ و سامانەی خودا پێی داوی دونیای ئاخیرەت و بەهەشتی پێبەدەست بێنە).

ئەوەش یەکێکی تر لە ئایەتە قورئانییەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مالّ و سامان، بەپێی ئەو یاسا قورئانیە دەبێت مالّ و سامان بەشێوەیەك بەکاربێت سودی هەبێت بۆ قیامەت و ڕۆژی دوایی و ڕەزامەندی خودای گەورە.

ئەوەش بەوە دەبێت کە:

١- مالّ و سامان بەشێوەیەك بەکاربێت کە سودی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەبێت.

٢- زیادەڕەوی و کەمڕەوی تێدا نەکرێت، واتە نە دەست بڵاو و موسریف بێت، نەڕەزیل بێت.

٣- یارمەتی هەژاران و لێقەوماوان بدات.

٤- بەشێکی مالّەکەی بۆ کاری بانگەواز و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بێت.

٥- کارێك نەکات بە مالّ و سامانەکەی زەرەر بدات لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

٦- خۆی بە مالّ و سامانەکەی هەڵنەکێشێت و فیز و تەکەبووری پێ لێ نەدات، وە هەردەم بە بەخشش و فەزڵی خودای بزانێت.

کەواتە دەبێت لە مالّ و سامانیش ڕەچاوی ڕۆژی دوایی بکرێت و خودای لێ نەبڕێتە دەرەوە، وە هەر خزمەتێك بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەو مالّ و سامانە دەچێتە خزمەتی خودا، وە پاداشتی قیامەتی بۆ هەیە و ڕەزامەندی خودای پەروەردگاری بەدواوەیە.

بەشی خۆت بە حەڵاڵی لە دونیادا فەرامۆش مەکە

● ﴿ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ﴾ ● القصص: ٧٧

(بەشی خۆت بەحەڵاڵی لە دونیادا فەرامۆش مەکە).

ئەو یاسا قورئانیەش یەکێکی تر لە یاسا جوانەکانی قورئان کە دونیا و قیامەت پێکەوە گرێ دەدات، لە یاساکەی پێشوتردا فەرمووی حیساب بۆ قیامەت بکە لەو ماڵ و سامانەی خودا پێی داوی، لێرەش دەفەرموێت: خۆشت فەرامۆش مەکە.

ئەو ماڵ و سامان و بەخشش و نیعمەتانەی خودای گەورە پێی داوی بەشی خۆتیان تێدا لەبیرمەکە، واتە مرۆڤ دەبێت هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان دونیاو قیامەتدا، واتە نابێت مرۆڤ دونیا فەرامۆش بکات و هیچ بەهرەمەند نەبێت لەو ماڵ و سامانەی خودای گەورە پێی داوە، نەخێر مافی خۆیەتی کە سودی لێوەبگرێت و بەهرەمەند بێت لێی.

ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی زۆر خراپ و سەقەتە کە پێی وایە کەسی موسڵمان دەبێت پشت لە دونیا بکات و واز لە دونیا بهێنێت، وە خۆی بێبەش بکات لە نیعمەت و بەخششەکان خودای گەورە، لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکەیە گەورەترین زیانی دا لە موسڵمانان و شارستانیەتی ئیسلامی، چونکە کە موسڵمان بەهرەمەند نەبوو لە بەخششە خوداییەکان و دونیای وازلێهێنا ڕاستەوخۆ گۆڕەپانەکە چۆڵ دەبێت بۆ ستەمکاران و قۆرخکاران و بێباوەڕان و خراپەکاران، سەرەنجام ئەوان دەست دەگرن بەسەر دونیادا و حوکمی موسڵمانانیش دەکەن و دەیانچەوسێننەوە و فیکر و بیر و هۆش و نەفس و ماڵ و سەروەت و سامان و کۆمەڵگە و وڵات و.... تێك دەدەن وەك ئەوەی ئێستا بە چاوی خۆتان دەیبینن.

دەگونجێت شتێکتان پێناخۆشبێت بەڵام باش و چاکبێت بۆتان

● ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ ﴾ ● البقرة: ٢١٦

(دەگونجێت شتێکتان پێناخۆشبێت بەڵام باش و چاکبێت بۆتان).

واتە: سەرەتا پێتان ناخۆشە بەڵام سەرەنجامەکەی باش و چاك و خۆشە.

ئەو ئایەتە قورئانیە کەس نیە بە کردەیی بەسەریدا نەهاتبێت، زۆرجار شتێکمان زۆر پێ ناخۆش بووە و پێمان وابووە کە ئەو شتە بەدڵنیاییەوە شەڕە و خراپە و زەرەر و زیانی تێدایە، بەڵام دوایی وا دەرنەچووە و خێرێکی زۆر گەورەی تێدابووە.

بۆیە خۆ تەسلیم کردن بە خودا و خۆسپاردن بە خودای گەورە ئەو شتانە چارەسەر دەکات.

کەواتە با حوکمی پێشەکی نەدەین بەسەر شتەکاندا و ئارام بگرین و چاوەڕێی بکەین.

لێرەوە کورتبینی سنورداری عەقڵی مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەودیوی ڕووداوەکانی لێ دیار نییە.

دەگونجێت شتێکتان پێ خۆش و باش بێت بەڵام خراپ بێت بۆتان

● ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ ﴾ ● البقرة: ٢١٦

(دەگونجێ شتێکتان پێ خۆش و باش بێت، بەڵام خراپ بێت بۆتان).

ئەوەش یەکێکی تر لە ئایەتە قورئانییە کردەییەکان کە کەسمان نییە بەکردەیی بەسەری نەهاتبێت، زۆرجاری وا هەبووە شتێکت زۆر زۆر پێخۆش بووە و پێت باش و چاك بووە، بەڵام دوایی زۆر بەخراپ شکاوەتەوە و زەرەر و زیانی زۆری تێدابووە، یان زۆر جاری وا هەیە شتێکمان زۆر پێخۆش و باشە، زۆریش دوعای دەکەین کە ئەو شتە ببێت، بەڵام دوای شتەکە نابێت، وە لەدوایدا دەڵێین: سوپاس بۆ خودا کە ئەو شتە نەبوو، خۆ بوبا مااڵم وێران دەبوو، زۆرجار لەوانەیە گلەییشمان لە خودای پەروەردگار کردبێت لەسەر نەبوونی کارەکە، بەڵام دوایی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر بووبا چەند زیانبەخش دەبوو.

بۆیە با پەلە نەکەین و حوکمی پێشوەختە نەدەین، وە ئەگەر شتێکمان بەقسمەت نەبوو ڕاستەوخۆ ناشوکری نەکەین ئارام بگرین و چاوەڕێ بکەین، جا مەرج نییە هەموو جارێ لە دونیادا خێرەکە ببینین، زۆر جاری وا دەبێت قازانج و سودەکە بۆ قیامەتە و لەوێ دەردەکەوێت و لەوێ فەزڵی ئەو نەبوونەت بۆ دەردەکەوێت.

بۆیە لەو بابەتەشدا تاکە چارەسەر خۆسپاردنە بە خودای گەورە و پشت بەستنە پێی، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا پشت بەستن و خۆسپاردن دوای گرتنەبەری هۆکارەکانە.

خزمەتکردنی ئیسلام

● ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ ﴾ ● العنكبوت: ٦٩

(ئەوانەی لەپێناو ئێمەدا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە، هەوڵ و کۆششیان کردوە و خۆیان ماندووکردوە سوێند بەخودا بەڕاستی ئەوانە ڕێنموونی دەکەین بۆ هەموو ڕێگەیەکی چاك و دروستی خۆمان).

ئەم فەرمایشتە قورئانیە زۆر گرنگە بەتایبەت بۆ ئەوانەی خزمەتکاری ئیسلامن جا لە هەر ڕوێکەوە بێت، کە هەوڵ دەدەن بۆ سەرخستنی ئیسلام و بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودای گەورە، کە بەڕاستی مزگێنییەکی زۆر گەورە و جوان و خۆشی تێدایە بۆ ئەوانە، ئەویش بریتیە لە ڕێنموونی خودای گەورە بۆ ئەو کەسانە، جا دیارە کە ڕێنموونی خودایی گەورەترین دیاری و بەخششە، چونکە خۆشیەکان هیچیان ناگەن بەو خۆشی و فەزڵە، بەڵام ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە وا ئەو کەسانە مەرجی یەکەمیان تێدایە کە «المجاهدة» واتە: «تێکۆشان و هەوڵدان» بەڵام شتێکی تری گرنگتر لەوە هەیە ئەویش بریتیە لە «الإخلاص» واتە: «دڵسۆزی» بۆ ئەو کارەی کە دەیکەیت، واتە مەرجی وەرگیرانی هەر کارێك ئەوەیە کە لەپێناوی خودای گەورەدا بێت، دوایش ئەوکارە کە دەکرێت یان ئەو هەوڵەی کە دەدرێت لەپێناوی خودای گەورە دەبێت بە پێی یاسا و ڕێساکانی ئیسلام بێت، نەك هەرچی هەڵسا بە دڵ سافی و بە دڵسۆزی کارێك بکات کە سەرتاپای هەڵەیە و سەرەنجامەکەشی زەرەر و زیانە، بەڵام دوایی بڵێت: والله مەبەستمان خودای گەورە و ڕەزامەندی ئەو بووە، بۆیە هەوڵ و کۆشش لەپێناو خودای گەورە دەبێت ئەو دوو مەرجەی تێدابێت:

١- الإخلاص: دڵسۆزی

٢- الصواب: ڕاست و دروست و بەپێی شەریعەت بێت.

باوەڕ بە هەموو کەسێک مەکەن

● ﴿إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ﴾ ● الحجرات: ٦

(ئەگەر کەسێکی متمانە پێنەکراو هەواڵێکی بۆ هێنان، ڕاستەوخۆ بڕوای پێمەکەن بەڵکو، سەرنج بدەن و لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە).

ئەوەش یەکێکە لە یاسا جوانەکانی قورئان کە زۆرێك لە کێشەکان چارەسەر دەکات، ئاخر زۆر جار کە هەواڵێکیان هێناوە و ڕاستەوخۆ بڕوایان پێکردووە گەورەترین کێشەی لێکەوتۆتەوە و بەڵا و موصیبەت و نەهامەتی ڕووی داوە و چەندان کەس کوژراون چەندان بنەماڵە لێکترازاون و چەندان خێزان لێکهەڵوەشاون و چەندان هاوەڵ لێك دوورکەوتونەتەوە و بوونە بە دووژمنی یەکتری، بۆیە لە دونیای ئێستادا زیاتر پێویستمان بەو یاسا قورئانییە هەیە، چونکە ئێستا هەواڵ هێن هەر مرۆڤ نییە، جاری وا هەیە ڕاگەیاندنە بە هەموو جۆرەکانییەوە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، فەیسبووك.....

زۆرجار هەواڵێك لە تلفزیۆن پەخش دەکرێت، یان لە فیسبووك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە، ڕاستەوخۆ خەڵك بڕوای پێدەکات و حوکمی لەسەر دەدات و حوکمی پێدەدات، کەواتە بەکوردی و بەکورتی دەبێت بەتەواوی دڵنیابین لەو هەواڵانەی بۆمان دێن و پێمان دەگەن و ڕادەگەیەنرێن، چونکە توشی هەڵە و حوکمدانی خراپ دەبین و سەرەنجامەکەشی زۆر خراپ دەبێت، کە زۆر جار چاك کردنەوەی قورسە.

بەکوردی و بەکورتی نابێت خۆش باوەڕ بین بەتایبەت لەم سەردەمە کە درۆ بۆتە خو و زۆر جار جێی ڕاستیشی گرتۆتەوە و دەگرێتەوە.

شتی خەڵک سوک مەکەن

● ﴿ وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ ﴾ ● الأعراف: ٨٥

(شتی خەڵك سوك مەکەن و بەبێ نرخی تەماشای مەکەن).

ئەوەش یەکێکی تر لە یاسا قورئانییەکان کە ڕێنموونیمان دەکات بۆ ئەوەی شتی کەس بەبێ نرخ تەماشا نەکەین و لە نرخیان کەم نەکەینەوە، کەواتە یاسایەکە گشتیە بۆ هەموو شتێك، بۆ نموونە لە مامەڵەکردن دا، کە دەتەوێت شتێك بکڕی نابێت ئەو شتەی کەسی بەرانبەر بەکەم سەیر بکەی و بێ نرخی بکەی، وە هەروەها لە هەموو بوارەکانی تردا، نابێت شتەکانی کەسانی تر و کەسانی بەرانبەر بەکەم سەیربکەین، یان دەتوانین بڵێین: نابێت بەکەم سەیری خزمەتی خەڵك بکەین، چونکە زۆر جار کەسەکە لەگەڵ تۆ نییە یان هاوڕا نییە لە هەندێ پرسدا یان لە حزبەکە و جەماعەتەکەی تۆ نییە، تۆ هەموو شتەکانی ئەو بەکەم سەیر دەکەیت و سوکیان دەکەی و نرخیان بۆ دانانێیت، کە لە ڕاستیدا ئەو سیفەتە سیفەتێکی زۆر خراپە و ئینساف و دادگەری لەبەین دەبات و نایهێڵێت.

کەواتە با شتەکانی یەکتر و خزمەتەکانی یەکتر و بۆ چونەکانی یەکتر بەکەم سەیر نەکەین و بێ نرخیان نەکەین.

زۆر جار کەسێك یان بانگخوازێك یان خێرخوازێك یان کەسایەتیێك زۆر کەسێکی باش و خزمەتکارە بەڵام چونکە لە حیزب و جەماعەتەکەی ئەو نییە کارەکانی بە سوك سەیر دەکەن و هیچ ئەرزشێکی بۆ دانانێن، بەڵام ئەگەر کەسێکی تر بێت بەس چونکە لە حیزب و جەماعەتەکەی ئەوە ڕەنگە کارەکەی شتێکی واش نەبێت بەڵام زۆری گەورە دەکەن و زۆری پێدا هەڵدەڵێن، نەك هەر ئەوە جاری وا هەیە کەسەکە کەسێکی باش و گەورەش نییە، بەڵام باش و گەورەی دەکەن!

پشت بەستن بە خودای گەورە

● ﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ﴾ ● الطلاق: ٣

(ئەوەی پشت بە خودا ببەستێت، ئەوا ئەوی بەسە).

(ئوکل) پشتبەستن واتە: بەڕاستگۆیی پشت بەستن بەخودای گەورە لە هێنانی بەرژەوەندی و دوورخستنەوەی زەرەر و زیان لە دونیا و قیامەتدا، وە ئیمان و بیروباوەڕێکی تەواو کە سود و قازانج و زەرەر و زیان هەر هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی خودای گەورەدایە.

گرنگی پشتبەستن بە خودای گەورە لەوەدایە کە بەندە هەست بە هێزێکی گەورە دەکات کە پشتیوانییەتی، وە خۆی بە تەنها نابینێت.

بەڵام پێویستە لەگەڵ پشت بەستنەکە کەسەکە هەموو هۆکارەکان بگرێتە بەر، ئەگەرنا دەبێتە (تواکل) واتە: پشت لێکردنەوە و پاڵدانەوە، بۆیە کە تاقیکردنەوە دەکەیت دەبێت هەوڵی خۆت بدەی و وانەکانت بخوێنی ئینجا بڵێی: پشت بە خودا، نەوەك تۆ هیچ هەوڵ نەدەییت و بڵێی: پشت بە خودا و بە تەمای خودا ، یان دەبێت ڕێکارەکان بگریتە بەر لە ئیش و کارەکان و مامەڵەکردنتدا ئینجا بڵێی: پشت بە خودا، نەوەك تۆ هیچ هۆکارێك نەگرییە بەر و دوایی بڵێی: بەتەمای خودا ، ئەوکات بەتەمای خودا نییە، بەڵکو بەتەمای خۆت و کەمتەرخەمی خۆت و پشت گوێ خستنی خۆتە.

کەواتە بەڕاستی ئەوەی پشت ببەستێت بە خودای گەورە و هۆکارەکان بگرێتە بەر ئەوا خودای گەورەی بەسە.

بۆ نموونە زۆر زۆرن ئەوانەی پشتیان بە خودا بەستووە، خودای گەورە وا یارمەتی داون کە هەرگیز چاوەڕێی شتی وایان نەدەکرد.

سودەکانی (توکل) پشت بەستن بە خودا:

١- هەستکردن بە پاڵپشتی خودایی.

٢- بەهێز بوونی ئیمان.

٣- کارئاسانی بۆ هەموو کاروبارەکان.

٤- ڕازی بوون بەقەدەری خودا.

٥- نزیك بوونەوە لە خودا.

٦- دڵنیایی و ئارامی دەروون.

٧- ئارامگرتن.

٨- تەوازوع، چونکە وا بیردەکاتەوە ، ئەوەی بەدەستی هێناوە بەخششی خودایە.

وە زۆری تر.

ئارامگرتن

●﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱصۡبِرُواْ وَصَابِرُواْ ﴾● آل عمران: ٢٠٠

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆڕاگر و ئارام بن وە خۆڕاگری و ئارامی بەسەرخۆتاندا بهێنن و ئارامی و خۆڕاگری لەناو خۆتاندا بڵاوبکەنەوە).

ئەم یاسا قورئانییە پەیوەستە بە سیفەتێکی نووربەخش، ئەویش ئارامگرتن و سەبرگرتنە. ئارامگرتن سەرەتا و کۆتایی هەموو سەرکەوتنەکانە، بە ئارامگرتن سەرکەوتن و خۆشبەختی و بەختەوەری بەدەست دێت، بەبێ ئارامگرتن ژیان ناڕوات بەڕێوە، ئەگەر بشڕوات بەڕێوە زۆر زۆر بە سەقەتی و ناڕێکی دەڕوا بەڕێوە، ئارامگرتن سیفەتی هەموو پێغەمبەران بووە (علیهم السلام). تۆ بڕوانە حەزرەتی نوح (علیه السلام) ٩٥٠ ساڵی لە بانگەواز و ئارامگرتن لەسەر ناخۆشی و سوکایەتی و بە ددانان و ئەزیەت و ئازار بەڕێکرد، هەروەها بڕوانە پێغەمبەری خۆمان محمد (درودی خودای لێبێت) ئەو هەموو ئارامگرتنە لەسەر بوختان و درۆ و چەواشەکاری و ئەزیەت و ئازار و دەربەدەری و هەژاری و نەداری.....

بەڕاستی کە سەیری ژیانی پێغەمبەران و زانایان و پیاوچاکان دەکەیت سەرت دەسوڕمێت لەو هەموو ئارامگرتنە لەسەر ناخۆشی و نەهامەتی... .

سوودەکانی ئارامگرتن:

١- سەرکەوتن و سەرفرازی و بەختەوەری لە دونیا و قیامەتدا.

٢- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای پەروەردگار.

٣- بەڵگەیە لەسەر ئیمان و جوانی ئیسلامی ئەو کەسە.

٤- نیشانەیەکە لە نیشانەکانی کەسایەتی بەهێز و ئاخیر خێری.

ڕێگرییەکانی بەردەم ئارامگرتن:

١- ڕەشبینی.

٢- پەلەکردن.

٣- بێ ئومێدی و بێ هیوابوون.

ئامراز و هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئارامگرتن:

١- زانینی گەورەیی و فەزڵ و دەرئەنجامەکانی ئارامگرتن.

٢- پشت بەستن بە خودا و داواکردنی ئارامگرتن لێی.

٣- بیرکردنەوە لە قورئان و فەرموودە.

٤- بیرکردنەوە لە ژیانی پیغەمبەران (علیهم السلام) و پیاوچاکان و زانایان.

٥- دوورکەوتنەوە لە ڕەشبینی و بێ ئومێدی.

٦- بیرکردنەوە لە کەمی دونیا و خۆشیەکانی قیامەت.

٧- برادەری باش و ئارامگر و وردبەرز و گەشبین.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە خودای گەورە تەنها نەیفەرموو (اصبروا) بەڵکو فەرموویەتی (وصابروا) واتە: ئارامگرتن بڵاوبکەنەوە و بەسەر خۆتانیدا ببارێنن. واتە دوو ئەرکمان هەیە:

یەکەم: ئارامگرتن

دووەم: ئارامی بڵاوکردنەوە و ئارامی هێنان بەسەرخۆماندا.

بۆیە ئەوەی جێی داخە زۆرجار هەندێ لە موسوڵمانان نەوەك هەر ئارامگر نین، بەڵکو ئارامی لە خەڵکیش هەڵدەگرن و وردیان دەڕوخێنن و توشی بێ ئومێدی و پەلەپەل و هەڵات هەڵاتیان دەکەن.

بەڕاستی ئەوانە دووجار تاوانبارن:

جارێك لەبەرامبەر خۆیان، جارێك لەبەرامبەر خەڵکیدا.

راستگۆیی

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴾ ●

التوبة: ١١٩

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خودا بترسن و پارێزکار بن، هەوڵبدەن هەمیشە لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن).

ئەم یاسا قورئانیە دوو فەرمانمان پێدەکات:

١- پارێزکار و لە خودا ترس بین.

٢- لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بین.

بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕاستگۆییە، چونکە باسی (تقوی) مان کرد لە یاساکانی پێشوو.

ڕاستگۆیی یەکێکی تری لە سیفەتە جوانەکان کە خودای گەورە فەرمانمان پێدەکات، جا نەوەك هەر ڕاستگۆیی کە شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵکو فەرمانمان پێدەکات کە لەگەڵ ڕاستگۆیانیش بین، واتە بەتەنها ڕاستگۆبوون بەس نییە، بەڵکو لەگەڵ ڕاستگۆیان بین و دووربین لە کەسانی درۆزن و خیانەتکار.

سوود و کاریگەرییەکانی ڕاستگۆیی:

١- ڕەزامەندی خودای گەورە.

٢- خۆشەویستی و برایەتی.

٣- سەرکەوتن.

٤- پەیدابوونی متمانە.

٥- دامەزراوی و ئیستیقامە.

٦- وەفاکردن بە پەیمان و عەهد.

٧- پارێزراوی ئیمان و عەقیدە و خووڕەوشت.

ئامراز و هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی:

١- ئیمان و بیروباوەڕی ڕاست و دامەزراو.

٢- چاودێری خودایی.

٣- دوعا و نزاکردن.

٤- شەرمکردن.

٥- پەروەردەکردنی خەڵك لەسەر ڕاستگۆیی بەتایبەت منداڵ و گەنج.

٦- زانین و هەستکردن بە سزای قیامەت.

٧- هاوڕێی باش و ڕاستگۆ.

٨- دانانی ڕاستگۆیی وەك بنەما لە ناوەندەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان و تۆخکردنەوە و دانانی وەك پڕۆگرامی خوێندن.

جۆرەکانی ڕاستگۆیی:

١- ڕاستگۆیی لە گوفتاردا.

٢- ڕاستگۆیی لە کرداردا.

٣- ڕاستگۆیی لە نیەتدا.

٤- ڕاستگۆیی لە هەموو کایەکانی ژیاندا، بە کات و شوێن و بارودۆخی جیاوازەوە.

جاسوسی

● ﴿ وَلَا تَجَسَّسُواْ ﴾ ● الحجرات: ١٢

(جاسوسی بەسەر یەکترەوە مەکەن)

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەندی بە یەکێکی تر لە سیفەتە خراپ و پیسەکانەوە هەیە، ئەویش (جاسوسی) کردنە بەسەر یەکترەوە، کە بە ڕاستی نەخۆشییەکی کوشندەیە کە مرۆڤ و مرۆڤایەتی پێوەی دەناڵێنێت و زەرەر و زیانێکی زۆر خراپی هەیە.

جۆرەکانی جاسوسی ناشەرعی:

١- جاسوسی کردن بۆ دوژمنانی ئیسلام و موسڵمانان.

٢- جاسوسی کردن لە سەر ماڵی خەڵك و هەوڵدان بۆ زانیاری کۆکردنەوە لە سەریان بەبێ هیچ پێویستیەك.

٣- جاسوسی کردن لەسەر خەڵکی ئیماندار و چاکەکار و خێرخوداز و بانگخوازان بۆ زەرەر و زیان پێ گەیاندن.

٤- گوێ گرتن لە قسەی خەڵکی بەدزی لە کاتێکدا ئەوان پێیان ناخۆشە.

جۆرەکانی جاسوسی شەرعی:

١- جاسوسی کردن لە سەر دوژمنانی موسڵمانان و گەل و نەتەوە.

٢- جاسوسی کردن لەسەر تاوانباران و خراپەکاران.

هۆکارەکانی جاسوسی کردن:

١- نەبوونی بیروباوەڕی ڕاست و دروست و بەهێز.

٢- پەروەردەی خراپ و سەقەت.

٣- بەدەستهێنانی پارە و سەروەت و سامان.

٤- زیانگەیاندن بە بەرانبەر.

٥- گومانبردنی خراپ بە بەرانبەرەکان.

٦- تۆڵەسەندنەوە.

ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتنی جاسوسی:

١- پەروەردەی جوان و باش.

٢- هەست کردن بە چاودێری خودای گەورە.

٣- بیرکردنەوە لە سزای قیامەت.

٤- بیرکردنەوە لە دەرەنجامە خراپەکانی لە دونیادا.

٥- بیرکردنەوە لە ئاشکرابوونی و ناساندنی وەك کەسێکی جاسوس و پاشان ئابڕوو چوونی.

٦- دوورکەوتنەوە لە شتێك کە پەیوەندی بە تۆوە نی یە.

خیانەت

● ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ ﴾ ● الحج: ٣٨

(بەڕاستی خودای گەورە هیچ خیانەتکار و کافر و بێ باوەڕێکی خۆش ناوێت).

ئەم یاسا قورئانییە پەیوەستە بە یەکێکی تر لە سیفەتە خراپەکان ئەویش خیانەتکردنە، خیانەتکردن بە هەموو پێوەرەکان شتێکی خراپ و ناشیرین و زیانبەخشە، بە تایبەت بۆ کەسێك بانگەشەی موسڵمان بوون و ئیماندارى بکات شتێکی زۆر زۆر خراپ تر و ناشیرین تر و قێزەون تر، بۆیە دەبێت زۆر ئاگادار بین توشی ئەو سیفەتە خراپە نەبین.

جۆرەکانی خیانەت:

١- خیانەت لە خودی خۆت.

٢- خیانەت لە خودا ﷻ و پێغەمبەری خودا ﷺ.

٣- خیانەت لە خەڵکی.

٤- خیانەت لە هاوسەرەکەت.

زەرەر و زیانەکان و کاریگەریە خراپەکانی خیانەت کردن:

١- تووڕەکردنی خودای گەورە ﷻ.

٢- نەهێشتنی برایەتی و تەبایی.

٣- نەهێشتنی خۆشەویستی.

٤- نەهێشتنی متمانە.

٥- بڵاوبوونەوەی خراپەکاری وەك: بەرتیل و فێڵ و... هتد.

٦- نەهێشتنی کەسایەتی و زەلیل بوون.

٧- سزای قیامەتی.

٨- تێکشکان و ڕووخانی موسڵمانان.

سوکایەتی کردن

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ ﴾ ● الحجرات: ١١

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ! هیچ کەس و هیچ هۆزێك گاڵتە بەکەس و هۆزێکی تر نەکات و زەلیلی نەکات، چونکە لەوانەیە ئەوان چاکتر بن لەمان، ژنانیش با گاڵتە بەیەکدی نەکەن و یەکتر زەلیل نەکەن، چونکە لەوانەیە ئەمان لەوان چاکتر بن... سووکایەتی بەخۆتان مەکەن و یەکتری عەیبدار مەکەن (چونکە سووکایەتی بەیەکتر سووکایەتییە بە خۆتان) هەروەها ناو و ناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئای کەچەند ناشیرینە ناو و ناتۆرەی خراپ لەدوای باوەڕهێنان و موسڵمان بوون).

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەستە بە سیفەتێکی خراپ و ناشیرینی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەویش بریتییە لە سوکایەتی و بەکەم سەیرکردنی یەکتر و ناو و ناتۆرەی ناشیرین لەیەکنان، کە بەڕاستی هەموو کەسێك بیکات نابێت کەسی موسڵمان بیکات، هەروەك خودای گەورە ﷻ فەرمووی ئای چەند ناشیرینە ناو و ناتۆرە لە یەکنان و سوکایەتی کردن بە یەکتر.

جۆرەکانی سوکایەتی کردن:

١- عەیب گرتن لە خەڵك.

٢- فشەکردن و گاڵتەکردن بە خەڵك.

٣- باسکردنی عەیب و عاری خەڵك بە مەبەستی ڕەخنە لێگرتن و پێکەنین و فشە و گاڵتە کردن.

هۆکارەکانی گاڵتە کردن:

١- پەروەردەی خراپ و ناشیرین.

٢- فیز و تەکەبور.

٣- هەست شکاندنی خەڵکی.

٤- خۆ زل کردن و خۆ بردنە پێش و برا گەورەیی کردن لە سەر حیسابی ئەوانی تر.

٥- دڵخۆش کردن و کەیف خۆشی لە سەر حسابی خەڵکی.

٦- بێ ئیشی و فەراغ.

٧- بەکەم سەیرکردنی خەڵك.

کاریگەری و زیانەکانی فشە و گاڵتە کردن بە خەڵك:

١- برایەتی ناهێڵێت و دوژمنایەتی بڵاو دەبێتەوە.

٢- خۆشەویستی ناهێڵێت.

٣- تووڕە بوونی خوداﷻ

٤- کەسایەتی دەڕوشێنێت و نایهێڵێت.

٥- دوورکەوتنەوە لە خودا و ڕەوشت بەرزی.

گومانبردنی خراپ

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ﴾ ● الحجرات: ١٢

(ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لە ڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن).

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەستە بە سیفەتێکی تری ناشیرین ئەویش گومانی بردنی خراپە، کە بە ڕاستی نەخۆشیەکی کوشندەیە و هیچ متمانە و سیقەیەك ناهێلێت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا.

هۆکارەکانی گومان بردنی خراپ:

١- نەزانی و تێنەگەیشتن.

٢- زێدەڕۆیی کردن لە غیرە و گومان.

٣- حەسودی (ئیرەیی).

٤- ڕق و کینە.

٥- هاوڕێی خراپ.

٦- شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزو و گشتاندنی خراپ، واتە بە گشتی حوکم لە سەر شتەکان و کەسەکان دەدات.

٧- ئامادە بوون لە شوێنی گوماناوی.

کاریگەری و زیانەکانی گومانی خراپ بردن:

١. نەمانی متمانە.

٢. دڵەڕاوکێ.

٣. نەمانی برایەتی و تەبایی.

٤. نەمانی خۆشەویستی.

٥. گۆشەگیری، وای لێدێت متمانەی بە کەس نامێنێت، پاشان گۆشەگیر دەبێت، زۆر جار ناتوانێت هاوسەرگیری بکات، چونکە متمانەی بەکەس نەماوە.

ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتنی گومان بردنی خراپ:

١- گوێ نەدان بە وەسوەسەی شەیتان.

٢- گەشبینی.

٣- پەنا گرتن بە خودا بۆ ڕزگاربوون لێیی.

٤- خۆ موحاسەبەکردن و تەوبەکردنی بەردەوام.

٥- بیرکردنەوە لە کاریگەرییە خراپەکانی گومانبردنی خراپ.

ستەم

● ﴿ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ ﴾ ● غافر: ١٨

(لە ڕۆژی دواییدا هیچ دڵسۆز و پشتیوانێك بۆ ستەمکاران نییە، کەس تکاکار و خەمخۆریان نییە، تاوەکو قسەیەکی ڕەواجی هەبێت و تکای لێ وەربگیرێت).

ئەم یاسا قورئانییە پەیوەستە بە پیسترین و خراپترین سیفەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کە ستەم کردن و زوڵم کردنە، ستەم کردن بە درێژایی مێژوو هەبووە ، هەر کە (قابیل) (هابیل)ی کوشت ستەم دەستی پێکرد، کەواتە لەگەڵ هەبوونی مرۆڤ ستەم کردن هەبووە.

جۆرەکانی ستەم:

١- ستەم کردن لە خودا ﷻ، بۆ نمونە شیرك و هاوەڵی بۆ بڕیار بدەت.

٢- دەستدرێژی بۆ سەر خەڵك و مافەکانیان.

٣- درۆ کردن بە دەم خودا ﷻ ، هەروەها پێغەمبەر ﷺ.

٤- شاردنەوەی زانست و زانیاری.

٥- شاردنەوەی شایەتی حەق.

٦- ڕێگری کردن لە بڵاوبونەوەی ئیسلام و حەق.

٧- پشتگیری کردنی زاڵم و زوڵم.

٨- کارنەکردن بە قورئان و سوننەت و شەریعەت.

٩- ئەنجامدانی هەر کارێکی نا ئەخلاقی و خراپ و زیانبەخش بەرامبەر بە خودا و خەڵك و خۆت.

ستەم بە چەند شێوەیەك دەكرێت:

١- ستەم كردن بە زمان ، وەك (درۆ و بوهتان ، گاڵتەكردن بە خەڵك.. هتد).

٢- ستەم كردن بە كار و كردەوە وەك (كوشتن ، زینا ، دزی.....هتد).

٣- ستەم كردن بە دڵ وەك (حەسودی ، ڕق و كینە..... هتد).

٤- ستەم كردن بە فیكر وەك (گومان بردنی خراپ بە خودا ، یان بڕوا نەبوون پێی یان هاوبەشی دانان بۆی).

زیان و كاریگەرییە خراپەكانی ستەم كردن:

١- تووڕەبوونی خودا.

٢- سزای قیامەت.

٣- سزای دونیا.

٤- ئاخیر شەڕی، ستەمكاران ئاخیر شەڕن.

٥- نەهێشتنی برایەتی و تەبایی.

٦- نەهێشتنی خۆشەویستی.

٧- دروستبوونی شەڕ و خراپەكاری و ماڵوێرانی.

٨- دوورگەوتنەوە لە ڕاستی و حەق و دینی حەق و هیدایەت.

٩- تووشی لەعنەتی خودا دەبێت.

١٠- ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەت نامێنێت.

١١- هۆكارە بۆ زۆربەی سیفەت و ئەخلاقە ناشیرین و خراپەكان

١٢- نەمانی متمانە.

ئەوەی لە كۆتاییدا پێویستە بیڵێین ئەوەیە كە: زوڵم خودا لەسەر خۆی حەرام كردوە، كەواتە پێویستە ئێمەش لەسەر خۆمانی حەرام بكەین و نەیكەین،

ئەوەندەی پێیان دەکرێت نەهێڵین کەس زوڵم بکات، یان ئەگەر پێشیان نەکرا پشتگیری نەکەین، یان هەر نەبێت بە دڵ پێیان ناخۆش بێت، دواتر ئەگەر دەسەڵاتمان هەبوو توانیمان لە سەر خەڵکی لایبەرین، یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی زوڵمیان لێ نەکرێت، هەر یەکەمان بە پێی توانای خۆی.

قسەی ناشیرین و جنێودان و زمان پیسی

● ﴿ لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلْجَهْرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلْقَوْلِ ﴾ ● النساء: ١٤٨

(خودا حەز ناکات لە قسەی ناشیرین و نابەجێ و ناو و ناتۆرە وتن و جنێودان و سوکایەتی کردن).

ئەم یاسا قورئانییە پەیوەستە بە قسەی ناشیرین و نابەجێ و جنێودان، کە خودای گەورە بە هیچ جۆرێك پێی ڕازی نییە و پێی ناخۆشە، وە شتێکیش خودای گەورە پێی ناخۆش بێت و حەزی پێی نەیەت پێویستە لە سەر هەموومان وازی لێبهێنین.

هۆکارەکانی قسەی ناشیرین و جنێودان و زمان پیسی:

١- پەروەردەی خراپ یان پەروەردەنەکردنی خەڵك لە سەر وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەو شتانە.

٢- ژینگەی خراپ.

٣- هاوڕێی خراپ.

٤- شکاندنی کەسی بەرانبەر و لێدان لە کەسایەتی.

٥- مەبەست بوونی ئازاردانی بەرانبەر.

٦- بیرنەکردنەوە لە سەرەنجامە خراپەکانی ، بۆ نمونە تۆڕەبوونی خودا ، نەمانی ڕێز، نەمانی برایەتی...

زەرەرو زیانەکان و کاریگەرییە خراپەکانی زمان پیسی:

١- تۆڕە بوونی خودای گەورە.

٢- سزای قیامەتی و دونیایی.

٣- سووك بوونی ئەو کەسە لەبەر چاوی خەڵك.

٤- نەمانی خۆشەویستی و برایەتی.

٥- دوور کەوتنەوە لە خودا و خەڵك.

٦- زمان پیسی لە سیفەتی ئیماندارانی نییە، بەڵکو سیفەتی دووڕوو و خراپەکار و بێ باوەڕەکانە.

ئامراز و هۆکارەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە زمان پیسی:

١- هەست کردن بە چاودێری خودای گەورە.

٢- هاوڕێی باش.

٣- پەروەردەی جوان و باش، لەماڵەوە لە ناوەندەکانی خوێندن.

٤- خۆڕاهێنان لەسەر بێ دەنگی.

٥- زۆر زیکر و یادی خودا کردن.

٦- بیرکردنەوە لە قسە پێش ووتنی.

٧- بیرکردنەوە لە دەرەنجامە خراپەکانی زمان پیسی و لە دونیا و قیامەتدا.

٨- قسەنەکردن لە بابەتێك کە پەیوەندی بە تۆوە وە نییە.

٩- خۆ ڕاهێنان لەسەر شەرمکردن لە خودا و پاشان لە خەڵك.

١٠- خۆدانان لە جێی ئەو کەسەی ئەو قسە ناشیرینەی پێ دەوترێت.

فیز و خۆ بەگەورە زانی (تکبر)

● ﴿ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴾ ● لقمان: ١٨

(ڕووت وەرمەگێڕە لە خەڵکی و (لووت بەرز مەبە و بەچاوی سووك سەیریان مەکە)، بەسەر زەویدا بەناز و فیزەوە مەڕۆ، بەڕاستی خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە خۆهەڵکێش و فەخر فرۆش و فیزاوین).

المُخْتَالٍ: ئەو کەسەیە کە بە چاوی شانازی و گەورەیی و خۆبەزلزانی لە خۆی دەڕوانێت.

الفَخُورٍ: ئەو کەسەیە بە چاوی سووك و هیچەوە لە خەڵکی دەڕوانێت.

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەستە بە سیفەتێك کە دایکی هەموو تاوانەکانە ئەویش (تکبر) فیز و تەکەبورە هەر ئەو سیفەتە بوو شەیتانی تووشی ئەو کارەساتە کردووە، تووشی دورخستنەوە بوو لە ڕەحمەتی خودا ، بە ڕاستی فیز و خۆ بەگەورە زانین سیفەتێکی زۆر خراپ و ترسناکە بۆ دونیا و قیامەت.

جۆرەکانی فیز و خۆ بەگەورە زانی (تکبر):

١- خۆ بەگەورە زانین بەسەر (قورئان)دا، بۆ نمونە: قورئان شتێکی فەرمووە بەڵام ئەو خۆی پێ لە قسەی خودا گەورەترە و ئامادە نییە ملی بۆ بدات و ملکەچی ببێت.

٢- خۆ بەگەورە زانین بەسەر (سوننەت)دا بۆ نمونە: پێغەمبەر ﷺ شتێکی فەرمووە بەڵام ئەو خۆی پێ لە قسەی پێغەمبەری خودا گەورەترە و ئامادە نییە ملکەچ بێت بۆی.

٣- خۆ بەگەورە زانین بەسەر (حەق و ڕاستی)دا بۆ نمونە: شتێکمان هەیە حەق و ڕاستە و بەجێ یە بەڵام ئەو ئامادە نییە ملی بۆ بدات.

٤- خۆ بەگەورە زانین بەسەر بەندەکانی خودادا، بۆ نمونە: خۆیان بەسەردا هەڵبکێشێت و فیزیان بەسەردا لێ بدات و پێی وا بێت ئەو گەورە ترە لە ئەوان، یان بە چاوی سووك سەیری ئەوان بکات.

هۆکارەکانی فیز و خۆ بەگەورە زانین:

١- زانست.

٢- جوانی.

٣- ئازایەتی.

٤- ماڵ و سەروەت و سامان.

٥- عەشیرەت و نەسەب.

٦- پلە و پۆست.

٧- زۆری منداڵ.

٨- زیرەکی.

٩- بەهێزی جەستەیی.

١٠- هەندێ جاریش هەندێ کەس هەن فیز بە عیبادەتەوە لێ دەدەن، وە پێیان وایە بەس ئەوان خوداپەرستن، بۆیە بەچاوی سووك سەیری خەڵکی دەکەن.

١١- هەست نەکردن بە چاودێری خودایی.

١٢- ستایشکردنی بەرەو ڕوو.

١٣- بیرنەکردنەوە لە بچوکی و بێ دەسەڵاتی خۆی.

زیان و کاریگەرییە خراپەکانی خۆ بە گەورە زانین:

١- تۆپە بوونی خودای گەورە.

٢- تێك چوونی برایەتی و تەبایی.

٣- نەمانی خۆشەویستی.

٤- تێك چوونی دەروونی و نەخۆش بوونی دڵ و دەروون.

٥- سزای دونیا و قیامەتی.

٦- وەرنەگرتنی ڕاستی و حەق.

٧- فێرنەبوونی زانست و زانیاری ، چونکە زۆر کەس ئەوەندە خۆی بەگەورە دەزانێت ئامادە نییە بچێت لای کەسێك زانست وەربگرێت.

درۆکـــردن

● ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴾ ● الجاثية: ٧

(هاوار و قوربەسەری و پەنجەڕۆیی تەنها بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە زۆر درۆزن و بوختانچی و تاوانبارن).

ئەوم یاسا قورئانیە پەیوەندی هەیە بە یەکێکی تر لە سیفەت و ئەخلاقە ناشیرینەکان ئەویش بریتیە لە (درۆکردن) کە خودای گەورە هەڕەشەی زۆر لێ کردون، لای خودا کەسانی نەشیا و و خراپن و شایستەی دۆزەخن.

جۆرەکانی درۆکردن:

درۆکردن لە ئەسڵدا حەڕامە و شتێکی خراپ و ناشیرینە، بەڵام هەندێ جار حوکمەکەی دەگۆڕێت و حەڵاڵ دەبێت لەو حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١- لە کاتی صولْح کردن لە نێوان دوو کەسدا یان دوو عەشیرەت و بنەماڵەدا، یان لە نێوان دوو دەوڵەتدا، یان لە نێوان چەند لایەنێکدا ئەوەش بە مەبەستی لێك نزیك بونەوە و ئاشتەوایی، بۆ نمونە ئەو کەسە دەڵێت: فلان کەس یان فلان بنەماڵە ڕقیان لە تۆ نییە و تۆیان خۆش دەوێت، یان هەر قسەیەکی تر دەکات کە بەرانبەرەکەی نەیکردووە، ئەو بەدەمی ئەوانەوە ئەو قسەیە دەکات، بەس بۆ تەبایی و ئاشتەوایی.

٢- درۆکردن لە نێوان ژن و مێرد دا، بۆ نموونە یەکێك لەوانە شتێك دەڵێت کە وا نییە، یان وەسفێکی ئەوی تر دەکات کە وا نییە، بەڵام مەبەست چاکە و خۆشەویستییە.

٣- درۆکردن بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێك یان چەند کەسێك لە کوشتن و لەناوبردن.

٤- درۆکردن بۆ دورخستنەوەی نەهامەتی و ناخۆشی زەرەو و زیان و زوڵم و ستەم کردن زۆر جار بە هۆی قسەیەکەی ناڕاستەوە دەتوانی ستەم لە سەر کەسێك لا بەری کەواتە دروستە.

شـــێوازەکانی درۆ:

١- درۆ بەدەمی خودا و پێغەمبەر ، کە دیارە ئەوەیان لە هەموویان خراپتر و مەترسی دارترە.

٢- درۆکردن بۆ ڕەواج پێدانی کەل و پەل و کڕین و فرۆشتن.

٣- درۆکردن بە دەمی خەڵکەوە.

٤- درۆکردن لە نێوان خەڵکیدا.

٥- درۆکردن بۆ پێکەنین.

٦- درۆکردن لە شایەتی داندا.

هۆکارەکانی توش بوون بە درۆکردن:

١- بەدەستهێنانی سود و قازانجی ماددی.

٢- بەدەستهێنانی قازانجی مەعنەوی.

٣- ئاژاوە نانەوە و دووبەرەکی لە نێوان خەڵکیدا.

٤- خۆ خۆشەویست کردن و خەڵك ناشیرین کردن.

زیان و کاریگەرییە خراپەکانی درۆ:

١- تۆڕە بوونی خودا.

٢- سزای دونیا و قیامەت.

٣- سووك بوونی درۆزن لە بەرچاوی خەڵك.

٤- نەمانی متمانە.

٥- نیشانەی دوو ڕوویە.

٦- نەمانی خۆشەویستی.

٧- نەمانی برایەتی و تەبایی.

٨- کەوتنە حەرامەوە لە هەموو ڕووەکانەوە.

٩- زۆر سوێند خواردن.

١٠- سووك و ڕیسوایی و بێ کەسایەتی.

١١- عەیب و عار لە خەڵك گرتن.

١٢- نەمیمی و قسەهێنان و بردن لەنێو خەڵکیدا.

بەقسەی ئەمانە مەکەن

● ﴿ وَلَا تُطِعۡ كُلَّ حَلَّافٖ مَّهِينٍ ۝١٠ هَمَّازٖ مَّشَّآءِۭ بِنَمِيمٖ ﴾ ●
القلم: ١٠ - ١١

(بەقسەی هەموو ئەوانە مەکە کە زۆر سوێند دەخۆن و زۆر سووك و ڕیسوان ، ئەوانەی کە بەشوێن عەیب و عاردا دەگەڕێن و دووزمانی دەکەن و فیتنە دەگێڕن و حەزیان لە ئاشووبە).

ئەم یاسایە قورئانیە باسی چەند سیفاتێکی خراپ و ناشیرین دەکات.

١- زۆر سوێند خواردن.

٢- سووك و ڕیسوایی و بێ کەسایەتی.

٣- عەیب و عار لە خەڵك گرتن.

٤- نەمیمی و قسە هێنان و بردن لە نێوان خەڵکیدا بە مەبەستی ئاشووبوو و فیتنە نانەوە و ئاژاوە نانەوە.

هەر یەکێك لەوانە سیفەتی زۆر خراپ و ناشیرینن:

یەکەمیان: زۆر سوێند خواردن سیفاتێکی خراپە و مرۆڤ زۆر جار تووشی سوێند خواردن بە درۆ دەبێت، وە تووشی متمانە لە دەست دان دەبێت چونکە ئەوەندە سوێند دەخودات تاوەکو متمانەی نامێنێت لە ناو خەڵکیدا.

دووەمیان: سووك و ڕیسوایی گەورەترین کارەساتە کە مرۆڤ بە دەستی خۆی خۆی سووك دەکات لە بەرچاوی خەڵك لە کاتێکدا خودای گەورە ڕێزی لێ گرتووە، ئەوەتا خودای گەورە دەفەرموێت: ((وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ)) (الإسراء:٧٠) واتە (سوێند بەخودا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە) ، بۆیە حەیفە مرۆڤ کە

خودای گەورە بە گەورەیی خۆی ڕێزی لێ گرتووە ، ئەو بێت بەدەستی خۆی خۆی سووك بكات. سێیەمیان: عەیب و عار گرتن لە خەڵكی ئەوە یەكێكی تر لە نەخۆشیە كوشندەكان كە ئێمە پێوەی دەنالێنین ، كە هەندێ كەس كاریان بۆتە ئەوەی عەیبە و عار لە خەڵكی بگرن، یان بە دواییدا بگەڕێن و لە ناو خەڵكیدا بڵاوی بكەنەوە، بە ڕاستی كارەساتە یان عەیب گرتن لە دروستكراوی خودا، بۆ نموونە دەڵێن فلان كەس لووتی یان زاری یان لێوی یان باڵای یان چاوی یان برۆی ناشیرینە، ئاخر توخودا مەعقولە ڕەخنە لە دروستكراوی خودای گەورە بگری؟!!! ، ڕەخنە گرتن لە دروستكراوی خودای گەورە واتە ڕەخنە گرتن لە خودی خودای گەورە، نەخێر وا نیە كەس ناشیرین نییە هەمومان جوانین، ئەوەی ناشیرینمان دەكات تەنها و تەنها خوڕەوشت و ئەخلاقی ناشیرینە، نەوەك شكڵ و شێوە و دەم و چاو.

چوارەمیان: نەمیمی كردن و قسە هێنان و بردن لە نێوان خەڵكیدا بە مەبەستی ئازاوە و ئاشوب نانەوە لە نێوانیاندا.

هۆكارەكانی تووش بوون بە نەمیمی كردن:

١- نەترسان لە خودای گەورە و هەست نەكردن بە چاودێری خودایی.

٢- پەروەردەی خراپ یان پەروەردە نەكردن لەسەر دوورکەوتنەوە لە سیفاتی خراپ.

٣- ژینگەی خراپ.

٤- ئازاردانی خەڵك.

٥- ئازاوە نانەوە لە نێوان خەڵكیدا.

٦- خۆ خۆشەویست كردن لەلای خەڵك.

٧- هەستی تۆڵە سەندنەوە.

٨- دەرخستنی عەیب و عاری خەڵك.

٩- سوود گەیاندن بەلایەك لە لایەنەكان ، وە زیان گەیاندن بە لایەنەكەی تریان.

١٠- بیرنەکردنەوە لە دەرەنجامە خراپەکانی لە دونیا و قیامەتدا.

١١- حەسوودی.

زیان و کاریگەرییە خراپەکانی نەمیمی:

١- تووڕە بوونی خودایْ گەورە.

٢- سزای دونیا و قیامەتی.

٣- تێکدانی برایەتی و خۆشەویستی و تەبایی و یەکگرتوویی.

٤- ئازاوە نانەوە و دروست کردنی دوژمنایەتی.

٥- نیشانەی کەمی ئیمان و کەسایەتی چاکەکارییە، وە بەڵگەیە لەسەر ماستاوچییەتی و هیچ و پووچی و فێڵ و فرت و خراپەکاری و دووڕوویی.

٦- جۆرێکە لە جاسوسی کردن.

٧- تێکچوونی دڵ و دەروونی کەسی نەمیمیکەر.

چارەسەری نەمیمی کردن:

١- هەست کردن بە چاودێری خودای گەورە.

٢- بیرکردنەوە لە دەرەنجامە خراپەکانی نەمیمی کردن لە دونیا و قیامەتدا.

٣- پەروەردەی باش و جوان و چاك لە ناو خێزان و ناوەندەکانی خوێندن دا.

٤- خۆڕاهێنان لە سەر ئەوەی واز لە شتێك بهێنێت کە پەیوەندی بەوەوە نییە.

٥- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ خودای گەورەدا.

٦- گوێ نەگرتن لە قسەی خەڵك.

٧- گرنگی دان بە تەزکیەی (نەفس)، پاکردنەوەی دڵ و دەروون و زانستی ئەخلاق (علم الأخلاق).

٨- خۆی لە جێی ئەو کەسە دانێت کە ئەو کارەی بەرانبەر دەکات.

ساردبوونەوە و لاوازبوون و سستبوون

● ﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ ●

آل عمران: ١٣٩

((ئەی ئیماندارانِ) کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرز و سەرفراز و سەرکەوتووترن ئەگەر ئیمانداری چاك و ڕاست و دروست بن).

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەستە بەسارد بوونەوە و خاوبوونەوە و سست بونەوە و ڕادەربڕین کە ئێستا زۆربەی ئوممەتی ئیسلامی پێوەی دەنالێنێت، کە لە ئەسڵدا نابێت وا بێت خودای گەورە فەرمانمان پێ دەکات بە وەرە بەرزی و سارد نەبونەوە و سست نەبوون و کۆڵ نەدان، بۆیە هەر کاتێك وازمان لەو سیفاتە خراپە هێنا ئەوا بە دڵنیاییەوە سەرکەوتووی دونیا و قیامەت دەبیت. هەر بۆیەش ئەگەر بڕوانینە ژیانی پێغەمبەران (علیهم السلام) دەبینین ئەوان ساردنەبوونەوە و سست و تەمبەڵ نەبوون و هەردەم وەرە بەرز و هیممەت بەرز بوون، هەروەها زانایانمان نەیانزانیوە ساردبونەوە و سستبوون چییە، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەییەی تووشی هاتوون بۆیە دەبینین سەرکەوتوو بون و بە عیززەت و سەربەرزی ژیان.

هۆکارەکانی لاواز بوون و سست بوون:

١- لاوازی ئیمان و بیروباوەڕ و عەقیدە.

٢- ڕەشبینی.

٣- پەروەردەی خراپ، یان پەروەردە نەکردنی ڕۆڵەکان لەسەر ساردنەبونەوە و کۆڵ نەدان.

٤- دونیا ویستی و ڕۆچوون له ژیانی دونیادا و ماددی بوون.

٥- ترسان له مردن.

٦- هاوڕێی خراپ.

٧- تەفرەقە و ناتەبایی و لێك دووری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.

زەرەر و زیانەکانی لاوازی و سارد بوونەوە و سست بوون:

١- ڕەشبینی و بێ ئومێدی.

٢- دۆڕان له هەموو کایەکانی ژیاندا.

٣- تووڕە بوونی خودای گەورە.

٤- سەرکەوتنی دوژمن به سەرماندا.

٥- بێ غیرەتی.

٦- لەبەریەك هەڵوەشان و تێکشکانی ئوممەت.

٧- کۆتایی هاتن به پێشکەتن و ئاوەدان کردنەوەی زەوی.

چارەسەرکان پێچەوانەی هۆکارەکانن به پێچەوانەوە بوونی هۆکارەکان چارەسەر دەبێت.

ئومێد بەخوا

● ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ ● الزمر: ٥٣

((ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: خودا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم.. ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خودا، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن، خودا لە هەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو خودایە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیە و زۆر بە سۆز و میهرەبانیشە).

ئەم یاسا قورئانیەش پەیوەستە بە (بێ ئومێدی)یەوە کە خودای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە بە هیچ شێوەیەك بێ ئومێد نەبین هەرچەندە گوناهـ و تاوانمان زۆر بێت، چونکە لێ خۆش بوون و سۆز و ڕەحمی خودا هێندە زۆرە هەموو تاوانبارێك دەگرێتەوە ، جا بێ ئومێدی هەر یەك جۆر نییە بەڵکو جۆری زۆرە لەوانە:

١- بێ ئومێدی لە لێخۆش بوونی خودای گەورە.

٢- بێ ئومێدی لە ژیان.

٣- بێ ئومێدی لە گۆڕانکاری.

٤- بێ ئومێدی لە سەرکەوتنی ئیسلام.

٥- بێ ئومێدی لە سەرکەوتن بەسەر ناخۆشیەکان و تێپەڕاندنیان.

٦- بێ ئومێدی لە فێربوونی زانست.

هۆکارەکانی بێ ئومێدی:

١- لاوازی ئیمان و بیروباوەڕ و عەقیدە.

٢- ڕەشبینی.

٣- دونیا ویستی و ڕۆچوون لە ژیانی دونیادا و ماددی بوون.

٤- ژینگەی خراپ.

٥- پەروەردەی خراپ، یان پەروەردە نەکردنی ڕۆڵەکان لەسەر ئومێد و هیوا.

٦- ترسانی لە ڕادەبەدەر لە دونیا.

٧- تەڵقین نەدانی خود لە سەر ئومێد و هیوا.

٨- بە هەڵە تێگەیشتن لە خودا، بە شیوەیەك وا تێدەگات کە بێ ڕوحم و بێ سۆزە و لە گوناهبار خۆش نابێت.

٩- ئارام نەگرتن

١٠- هاوڕێی خراپ.

ئامراز و هۆکارەکانی لابردنی بێ ئومێدی پێچەوانەی هۆکارەکانن.

شایەتیدانی مرۆڤ لەسەر خۆی

● ﴿ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ ﴿١٥﴾ ﴾ ●

القيامة: ١٤ - ١٥

(بەڵکو ئینسان خۆی شایەتە بەسەر خۆیەوە (ئەندامەکان شایەتن بەسەریەوە، هەرچەندە چەندەها پاکانە بکات و بیانوو بهێنێتەوە (بێ سوود و بێ کەڵکە).

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەستە بە ڕۆژی دواییەوە کە لەوێ مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بیانوو و عوزر بهێنێتەوە ئەوا بە هیچ جۆرێك لێ وەرناگیرێت چونکە ئەندامەکانی خۆی شایەتن بەسەریەوە، شایەتی لە سەر دەدەن کە ئەو کەسە فلان تاوان و گوناهەی بە ئێمە کردووە ، کەواتە دەبێت خۆی شایەتی لەسەر خۆی بدات، چونکە بۆ خۆی زانایە بە خۆی و دەزانێت چی کردووە و چی نەکردووە.

غـــەیبـەت

● ﴿ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ ۚ ﴾ ● الحجرات: ١٢

(لە پاشەملە باسی یەکتری بەخراپە مەکەن، ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی پەمردوویی بخودات ؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە).

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەستە بە سیفەتێکی زۆر ناشیرین و خراپ، کە زەرەر و زیانی زۆری هەیە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

جۆرەکانی غەیبەت:

١- غەیبەتی حەرام: بریتیە لە باسکردنی برایەکەت یان خوشکەکەت بە شێوەیەك کە پێی ناخۆشە، بۆ نموونە باسی عەیبێك لە عەیبەکانی دەکەی، یان وەسفی لاشە و لاری دەکەیت و پەخنەی لێ دەگریت.

٢- غەیبەتی واجب: بریتیە لە غەیبەتێك کە دەبێتە هۆی ڕزگار بوونی کەسێك لە ناخۆشی و زەرەر و زیان، بۆ نموونە کەسێك ئاگادار دەکەیەوە لە کەسێکی تر، بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە خراپەکانی، بۆ نموونە دەڵێیت: لەگەڵ فڵان کەس مەگەڕێ چونکە کەسێکی خراپە، دەشزانی کە ئەو کەسە دەکەوێتە ژێر کاریگەری و خراپەکانی ناتوانێت ئەو کەسە چاك بکات، یان کەسێك بە تەمایە کچەکەی یان خوشکەکەی بە شوو بدات پرسیاریان لێ دەکات دەربارەی کەسێك تۆش سوراو سور دەزانیت کە ئەو کەسە کەسێکی خراپە، وە دوایی هاوسەرگیریەکە هاوسەرگیرییکی خراپ و شێواو دەردەچێت، لێرەدا واجبە لەسەرت کە بۆی ڕوون بکەیتەوە و ئەوەندەی پێویست دەکات باسی ئەو کەسە خراپە بکەیت یان پێی

بڵێیت: فلان سیفەتەی هەیە، بۆ نموونە: زۆر ڕەزیلە، یان.... کەواتە لەو حاڵەتانەدا لە سەرت واجبە باسی ئەو کەسە بکەیت و بەپێی پێویست بۆی ڕوونبکەیتەوە.

٣- غەیبەتی حەڵاڵ و جائیز: بۆ نمونە کەسێك بە کۆڵ ناسراوە یان بە کوێر یان بە کەڕ هەتا وا نەڵێی خەڵك ناناسێت، تۆش مەبەستت لەکەدارکردن و سوکایەتی کردن نییە.

زەرەر و زیانەکان و کاریگەرییە خراپەکانی غەیبەت کردن:

١- بێ فەرمانی خودا.

٢- تووڕە بوونی خودا.

٣- سزای دونیا و قیامەت.

٤- تێکدانی برایەتی و تەبایی و خۆشەویستی.

٥- دەرخستنی عەیب و عاری خەڵك.

٦- ئەزیەتدانی خەڵك.

٧- دەبێتە هۆی ڕاهاتن لەسەر ئەو سیفەتە خراپانە.

٨- بڵاو بونەوەی ڕق و کینە.

سودەکانی وازهێنان لە غەیبەت کردن بریتی لە پێچەوانەی زیانەکان.

هۆکارەکانی تووشبوون بە غەیبەتکردن:

١- لاوازی ئیمان.

٢- بیرنەکردنەوە لە دەرەنجامە خراپەکانی غەیبەت کردن لە دونیا و قیامەتدا.

٣- پەروەردەی خراپ، یان پەروەردە نەکردنی خەڵك لە سەر وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە غەیبەت کردن.

٤- ژینگەی خراپ.

٥- مجادەلە و مناقەشەکردن زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی هەردوو لا توشی غەیبەت کردن ببن.

٦- بێ ئیش و کاری.

٧- گاڵتە کردن بە خەڵك و پێکەنین پێیانەوە.

٨- دوور خستنەوەی چاوی خەڵك لە سەر خۆی کە باسی خەڵك دەکات، دەیەوێت چاوی خەڵك لە سەر خۆی لا ببات.

٩- کەمکردنەوەی خەڵك و حەیابردن و سووککردنیان لە بەر چاوی خەڵك.

١٠- مونافەسەکردنی ناشەرعی.

١١- خۆ دانان لە جێی ئەو کەسەی کە غەیبەتی دەکات، با خۆی لە جێی ئەو دابنێت ئینجا دەزانێت چەند ناخۆشە.

١٢- حەسودی و چاوچنۆکی.

هۆکار و ئامرازەکانی خۆ پاراستن لە غەیبەت:

١- ئیمان و بیروباوەڕی بەهێز.

٢- ترسان لە خودا.

٣- پەروەردەی جوان و باش.

٤- خۆ سەرقاڵ کردن بە کاری چاك.

٥- قەناعەت.

٦- خوداردنەوەی ڕق و قین.

٧- خۆدانان لە جێی ئەو کەسەی کە غەیبەتی دەکات.

٨- هاوڕێی باش.

٩- وازهێنان له حەسودی.

١٠- وازهێنان له مناقەشەکردن.

١١- عەیب له خەڵك نەگرتن.

قسەی جوان

● ﴿ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْنًا ﴾ ● البقرة: ٨٣

(قسەی جوان بکەن بەرانبەر خەڵکی و لەگەڵ خەڵکیدا).

ئەم یاسایە یەکێکە لە یاسا جوانەکانی ئیسلام، کە ئەگەر بێتو جێبەجێ بکرێت زۆرێك لە کێشەکان چارەسەر دەبن.

قسەی جوان دوو لایەن دەگرێتەوە:-

١- شێوازی دەربڕین و قسە کردنەکە جوان بێت و نەرم و نیان و لەسەر خۆ بێت، تووڕەیی و خۆزاڵ کردن و تەکەبور و هەڵەشەیی تێدا نەبێت.

٢- ماناو واتا و ناوەڕۆکی قسەکە باش و جوان و خێر و حەق و ڕاست بێت.

کەواتە کە دەفەرموێت: قسەی جوان بکەن لەگەڵ خەڵکدا ، واتا: دەربڕینەکە جوان بێت ، وە ناوەڕۆکەکەش جوان و باش بێت.

چونکە زۆر جار قسەکە حەقە بەڵام چونکە شێوازەکەی جوان و نەرم و نیان و ڕێکوپێك نییە ، ئەوا کەسی بەرانبەر لێت وەر ناگرێت.

زۆر جاریش شێوازەکەی جوان و ڕێك و پێکە بەڵام ناوەڕۆکەکەی جوان نییە و حەق و خێر نییە ، واتا دەچێتە ناو بازنەیەکی جوانی ناوبۆش و پوچ و خراپ.

قسەی جوان لەگەڵ هەموو خەڵکدا:

خوای گەورە لە ئایەتەکەدا دەفەرموێت: (لِلنَّاسِ) واتا: خەڵك ، کەواتە هەموو خەڵك دەگرێتەوە ، دایك و باوك و خوشك و براو خزم و هاوەڵ و دراوسێ و موسوڵمان و نا موسوڵمان و منداڵ و گەنج و پیر و ژن و پیاو و هەژار و دەوڵەمەند و زانا و نەزان و..... ، کەواتە نابێت ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو چینانەدا ، نابێت لەگەڵ دەوڵەمەندان گفتولفت خۆش بین، بەڵام لەگەڵ هەژاراندا تورەو تووند و گرژو مۆن بین، یان لەگەڵ.....

بۆیە بەڕاستی لە جیهانی ئەورۆدا و لەو بارودۆخەدا زۆر زۆر پێویستمان بە جێ کردنی ئەو یاسایە هەیە، چونکە زۆربەی زۆری کێشەکان چارەسەر دەکات، خوای گەورە کە دەفەرموێت: قسەی جوان بکەن بۆ ئەوەی خۆشمان جوان بین، چونکە بەڕاستی ئەگەر قسەت جوان بوو خۆت جوان دەبی، ئەگەر قسەت ناشیرین بوو خۆت ناشیرین دەبیت و بۆخۆت دەبیە هۆی ئەوەی کە خەڵك ڕقیان لێت بێتەوە، گلەیی لە کەس مەکە خۆت خۆتت ناشیرین کردووە بە قسە ناشیرینەکانت، - سبحان الله - دیقەتم داوە ئەوەی قسە ڕەقە لەگەڵ خەڵکی، هەرچەندە قسەکانیشی زۆر جار حەق بن، ئەوە خەڵکی زۆریان ڕق لێیەتی، بۆیە ئەگەر ویستت حەقیش بدەی بەگوێی خەڵکدا بە قسە و گفتوولفتی جوان بیدە، کوردەواری جوانیان گوتووە: مار بەقسەی خۆش لە کولانە دێتە دەرێ!

سوود و کاریگەریەکانی قسەی جوان و باش

١. ڕەزامەندی خوای گەورە.

٢. خۆشەویست بوون لە لای خەڵك.

٣. برایەتی و تەبایی زیاد دەکات.

٤. لێبوردەیی زیاد دەکات.

٥. نیشانەی زیرەکی و تێگەیشتوویی کەسەکەیە.

زیانەکانی قسەی ناشیرینیش پێچەوانەی ئەو خاڵانانەن.

ئەتەکیەتی قسەکردن و گفتوگۆ :

ئەتەکیەتی قسەکردن و گفتوگۆ دەبێت بەم شێوەیە بێت:

١. جوانی واتا.

٢. جوان دەربڕین.

٣. بریندار نەکردنی هەستی بەرامبەر.

٤. خۆ زاڵ نەکردن.

٥. دەنگ بەرز نەکردنەوە.

٦. خوێندەوەی باردۆخ و کات و شوێنی قسەکرنەکە.

٧. خوێندنەوەی ئاست و موستەوای کەسەکە.

٨. تۆبزی لەخۆ نەکردن لە وشە و ڕستە و دەربڕین.

٩. ڕاستگۆیی.

١٠. زیادەڕەوی نەکردن.

١١. بیرکردنەوە لەقسەکە پێش وتن.

١٢. دەرنەچون لەبابەتی قسەکردن.

١٣. هەڵبژاردنی وشە و ڕستەی جوان و نەرم و دڵخۆش کەر.

١٤. دوورکەوتنەوە لەهەر وشە و دستەواژەیەك کە سوکایەتی و بێ ڕێزی و....، تێدابێت.

١٥. بەکارنەهێنانی وشەی غەریب و نەزانراو.

١٦. سروشتی بوون و خۆنەگۆڕین.

١٧. گرینگی دان به کەسی بەرانبەر و خۆ مەشغوڵ نەکردن لەکاتی قسە لەگەڵ کردنیدا.

١٨. پیشندانی ڕێز و خۆشەویستی بۆ کەسی قسە لەگەڵ کراودا.

١٩. چاوپۆشی لە هەڵەی قسە لەگەڵ کراودا و نەقۆستنەوەی هەڵەکانی لە قسەکردندا بۆ پێڕابواردن و سوکایەتی پێ کردنی.

٢٠. وەڵامدانەوەی قسە لەگەڵ کراو لەکاتی خۆی و پشت گوێ نەخستنی و....

٢١. دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەکاتی گفتوگۆدا.

٢٢. لە بەهانە نەبوون.

٢٣. دڵساف کردن بەرانبەر کەسی بەرانبەر و فێرێدانی هەموو بڕیارێکی پێش وەختە و ڕق و کینە.

٢٤. دورکەوتنەوە لە گفتوگۆی ناو خەڵك و لەبەر چاوی خەڵك.

٢٥. دورکەوتنەوە لە شکاندنەوەی بەرانبەر بە هەموو جۆر و شێوازەکانی.

خراپە بە جوانی لابەرە

● ﴿ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ٱلسَّيِّئَةَۚ ﴾ ● المؤمنون: ٩٦

(هەوڵبدە بەچاکترین و جوانترین شێوە پاڵ بەهەڵە و ناڕێکی و خراپەکاری بنێیت و لای بەری).

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەندی هەیە بە لابردنی خراپەکاری و نەهێشتنی (السیئة) شەڕ و خراپە و هەڵە و ناڕێکی، بەڕاستی ئەگەر هەر یەکەمان لەلایەن خۆیەوە دەست پێ بکات و خراپە و هەڵە و ناڕێکی خۆی لابات، دوایی بڕوانێتە دەوروبەر و خێزان و دراوسێ و هاوڕێ و کۆمەڵگەکەی و بەجوانترین شێوە لایبات و نەیهێڵێت ئەوا خراپەکاری و ناڕێکی لە کۆمەڵگەدا بنبڕدەکرێت، لابردنی (السیئة) خراپە و ناڕێکی لەسەر هەموومان واجبە، بەتایبەت ئەگەر لە خۆماندابێت، بەڵام دەبێت بەجوانترین شێواز هەوڵی لابردن و نەهێشتنی بدرێت.

جۆرەکانی خراپەکاری:

١- خراپەکاری بە زمان

وەك: درۆ، جنێو، غەیبەت،.....

٢- خراپەکاری بەکردەوە

وەك: دزی، قۆرخکاری، زینا،....

٣- خراپەکاری دەروون

وەك: حەسوودی، ڕەزیلی، ڕق وکینە،....

٤- خراپەکاری فیکر

وەك: بیر و باوەڕی دژ بە ئیسلام

هۆکارەکانی خراپەکاری:

١- دانەمەزرانی ئیمان و بیروباوەڕێکی ڕاست.

٢- هاوڕێی خراپ.

٣- وەڵامدانەوەی خراپە بەخراپە

٤- دڵڕەقی.

٥- حەسوودی.

٦- پەروەردەنەکردنی ڕاست و دروست و جوان.

٧- بێ ئومێدی و بێ هیوابوون و ڕەشبینی.

٨- گومانبردنی خراپ.

٩- خۆشەویستی لەڕادەبەدەری دونیا و کورتکردنەوەی هەموو شتەکان لە ژیانی کاتی دونیا.

١٠- ئیلحاد و بێباوەڕی

١١- ڕاگەیاندن بە بێنراو و بیستراو و خوێنراوەوە.

کاریگەریی و زەرەر و زیانەکانی خراپەکاری:

١- نەمانی برایەتی و خۆشەویستی و سەرهەڵدانی دوژمنایەتی و دووبەرەکی و تەفرەقە.

٢- توڕەبوونی خوای گەورە.

٣- سزای دونیا و قیامەت.

٤- دڵڕەقبوون.

٥- خراپەکاری یەکێکە لە سیفەتی دووڕووەکان.

ئامڕاز و هۆکارەکانی نەهێشتن و کەمکردنەوەی خراپەکاری:

١- ئیمان و بیروباوەڕی ڕاست و دروست و بەهێز.

٢- پەروەردەی باش و جوان.

٣- بانگەوازی تاکە کەسی.

٤- هاوڕێیەتی کەسی باش و چاك.

٥- تەوبەکردن.

٦- گومانبردنی باش بە خەڵکی.

٧- گەشبینی.

٨- بیرکردنەوە لە سەرەنجام و دەرەنجامە خراپەکانی خراپەکاری.

٩- کورت هەڵنەهێنانی ژیان لە ژیانی دونیادا.

١٠- گرنگیپێدان و خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانستی (تزکیة النفس) واتە: زانستی پاککردنەوەی دڵ و دەروون، یان زانستی ئەخلاقیشی پێ دەوترێت.

١١- باشکردن و ڕێکخستنی ڕاگەیاندنەکان بە بیستراو و بینراو و خوێنراوەوە.

زێدەڕۆیی مەکەن

● ﴿ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾ ● الأنعام: ١٤١

(زێدەڕۆیی مەکەن، چونکە خودای گەورە زێدەڕۆکەرانی خۆشناوێت).

ئەم یاسایە پەیوەندی بە نەخۆشیەکانی ئوممەتەوە هەیە کە زۆرێك لە موسوڵمانان توشی بوون، زێدەڕۆیی کردن یەکێکە لە سیفەتە خراپ و ناشرینەکان، کە پێویستە لەسەر هەموومان خۆمانی لێ بەدوور بگرین و خۆمانی لێ دا بماڵین... .

زێدەڕۆیی کردن شێوە و جۆری زۆرە بۆ نموونە:

١- زێدەڕۆیی کردن لەخواردندا.

٢- زێدەڕۆیی کردن لە سەفرە و سیاحە و گەڕاندا.

٣- زێدەڕۆیی کردن لە ئاوی دەست نوێژ و خۆشۆردندا.

٤- زێدەڕۆیی کردن لە گوناە و تاواندا.

٥- زێدەڕۆیی کردن لە قسەکردندا.

٦- زێدەڕۆیی کردن لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی کردار و گوفتاری برا و خوشکەکانماندا.

٧- زێدەڕۆیی کردن لە خەوتندا.

زیان و کاریگەریە خراپەکانی زێدەڕۆیی:

١- تورەبوونی خودای گەورە.

٢- بەهەدەردانی ماڵ و سامان.

٣- ناچاربوون بۆ داواکردنی ماڵ و سامانی حەرام.

٤- زیان گەیاندن بە جەستە و تەندروستیان.

٥- زیان گەیاندن بە خۆمان و دەوروبەرمان.

٦- پرسیاری قیامەت کە لێیان دەکرێت: ماڵەکەت لە چی سەرف کرد؟!

هۆکارەکانی زێدەڕۆیی :

١- پەروەردەی ناتەندروست و خراپ.

٢- زانست نەبوون بە ئیسلام یان خۆنەزان کردن.

٣- ژینگەی خراپ.

٤- بێ ئاگایی و ڕۆچوون لە ژیانی مامدیدا.

٥- هاوڕێی زێدەڕۆکار.

٦- دەوڵەمەندی دوای هەژاری.

ئامراز و هۆکارەکانی دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی:

١- هاوڕێی باش.

٢- ژن و مێردی باش.

٣- پەروەردەی باش و چاك و کردەیی.

٤- خوێندنەوە و ئاگادار بوون لە ژیانی پێغەمبەران (علیهم السلام) و پیاوچاکان و زانایان.

٥- بیرکردنەوە لە سەرەنجام و دەرەنجامە خراپەکانی زێدەڕۆیی لە دونیا و قیامەتدا.

٦- بەکەم گرتنی دونیا.

٧- بیرکردنەوە لە مردن.

بە ئەندازەی خۆت تۆڵە بکەوە

● ﴿ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ ﴾ ● البقرة: ١٩٤

(ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەرتان، ئێوەش مافتان هەیە بە ئەندازەی دەستدرێژییەکەی ئەو تۆڵەی خۆتان بکەنەوە).

ئەوەش یەکێکی تر لە یاسا قورئانییەکان کە پڕاوپڕە لە دادگەری, لێرەدا خودای گەورە مافی تۆڵەسەندنەوەی داوە بە هەموومان بەڵام بەمەرجێك تۆڵە سەندنەوەکە بەئەندازەی خۆی بێت و لە سنور دەرنەچێت، هەر بۆیە خوای گەورە، ئەو مەرجەی داناوە، چونکە زۆرێك لە مرۆڤەکان کە تۆڵە دەسێننەوە لە سنورێکی دیاریکراودا ناوەستن و سنوور دەبەزێنن بەتایبەتی لە کاتی توڕەییدا تۆڵەسەندنەوە بەشێوەیەکی گشتی باش نیە، ئەسڵ وایە مرۆڤ لێبوردە بێت، بەتایبەت بەرانبەر براکانی، بۆیە تۆڵەسەندنەوە چەند کاریگەرییەکی خراپی هەن لەوانە:

١- بڵاوبونەوەی دژایەتی و ڕق و کینە.

٢- نەمانی برایەتی و لێبووردەیی و چاکەکاری.

٣- هەستی تۆڵەسەندنەوە پەرە دەستێنێت لە ناو دڵ و دەروون و کۆمەڵگادا.

٤- مرۆڤ کەسایەتی پێی دادەبەزێت لەجیاتی ئەوەی پێی بەرز بێت.

هۆکارەکانی دروست بوونی هەستی تۆڵە سەندنەوە:

١- زاڵنەبوون بەسەر نەفس و خوددا.

٢- پەروەردەی خراپ.

٣- ڕانەهاتن لەسەر لێبووردەیی.

٤- ژینگەی خراپ.

٥- دانانی تۆڵە سەندنەوە بەئازایەتی.

٦- کورتبینی و کورت هەڵێنانی ژیان لە ژیانی دونیا.

ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتنی گیانی تۆڵەسەندنەوە:

١- لێبوردەیی.

٢- پەروەردەی جوان و باش.

٣- دانانی لێبووردەیی بە ئازایەتی نەك پێچەوانە.

٤- ڕق خواردنەوە.

٥- گوێ نەدان بە قسەی خەڵکی.

٦- بیرنەکردنەوە لەو هەڵەیەی بەرانبەری کراوە.

٧- پەیوەندی بەهێز لەگەڵ خوای پەروەردگاردا.

٨- هاوڕێی باش.

ڕەزیلی

● ﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ هُوَ خَيْرًا لَّهُم ۖ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ ﴾ ● آل عمران: ١٨٠

(واگومان نەبەن ئەوانەی کە بەخیلی و ڕەزیلی دەکەن لەو ناز و نیعمەتانەی خوا پێی بەخشیون، نابەخشن کارێکی چاکە بۆیان، نەخێر کارێکی خراپ و ناتەندروستە بۆیان).

ئەم یاسا قورئانیەش پەیوەندی بە ڕەزیلی و بەخیلییەوە هەیە، کە خوای گەورە بە سیفەتێکی خراپی لەقەڵەم داوە و دەفەرموێت: بەخیلی شتێکی باش نییە و سەرەنجامەکەشی خراپە، بۆیە ئەگەر کەسێك ڕەزیلی و بەخیلی نەکات سەرفرازی دونیا و قیامەت بەدەست دەهێنێت، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت:

ئەوەی خۆی بپارێزێت لە ڕەزیلی و بەخیلی ئەوا سەرەنجام سەرکەوتوو سەرفراز دەبێت. الحشر(٩)

جـــــــۆرەکانی ڕەزیلی:

١- ڕەزیلی لە ماڵ و ساماندا.

٢- ڕەزیلی لە زانست و زانیاریدا.

٣- ڕەزیلی لە بەختکردنی نەفسی خۆت و قوربانیدان بە نەفسی خۆت کاتێك پێوویستی کرد.

٤- ڕەزیلی لە دەسەڵاتتدا کاتێك دەسەڵاتت هەیە و کارێکی باش و چاکت پێدەکرێت، بەڵام ڕەزیلی دەکەیت و نایکەی، یان دەسەڵاتی ئەوەت هەیە داوابکەی و بەگوێت بکرێت، بەڵام نایکەی.

هـــــۆکارەکانی پەزیلی:

١- ئیمان و بیر و باوەڕی لاواز و لەرزۆك.

٢- پەروەردەی خراپ و پەزیلانە.

٣- ستەم و زوڵم.

٤- ترس لە داهاتوو.

٥- دونیا ویستی.

٦- نەبوونی قەناعەت.

٧- نەبوونی هیمەت بەرزی.

٨- خۆشەویستی لەڕادە بەدەری ماڵ و سامان.

٩- دانانی پەزیلی بە لێزانی و زیرەکی.

١٠- گوێنەدان بەو پاداشتە زۆرەی کە لەسەخاوەت و بەخشیندا هەیە.

١١- بیرکردنەوە لە پاداشتی زۆری سەخاوەت.

ئامراز و هۆکارەکانی چارەسەرکردنی پەزیلی پێچەوانەی هۆکارەکانی پەزیلییە.

ڕق و کینە و دوژمنایەتی

●﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ﴾●

المائدة: ٩١

(بەڕاستی شەیتان دەیەوێت دوژمنایەتی و ڕق و کینە و بوغز بخاتە نێوانتانەوە).

ئەم یاسا قورئانیەش ئاگادارکردنەوەیەکی خواییە بۆ هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی، کە شەیطان بەردەوام دەیەوێت بوغز و ڕق و کینە و دوژمنایەتی بخاتە نێوان مرۆڤەکان، بەتایبەت ئیمانداران، چونکە بەڕاستی دوژمنایەتی یەکترکردن گەورەترین نەخۆشیە کە تووشی مرۆڤایەتی بووە، کە هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لەسەر خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت و ئاسایشی جیهانی، بڕوانە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی کە (٧٠) ملیۆن کەس تیایدا کوژراون و بە ملیۆنانی تر بریندار بوون، ئەوە هەموو هۆکارەکەی دوژمنایەتی یەکتر کردن و هەبوونی هەستی دوژمنکاری و ڕق و کینەیە لە دڵی مرۆڤەکان بەتایبەت سەرکردەکان، بۆیە سەرچاوەی هەموو شەڕ و وێرانکاری و ماڵوێرانییەك ڕق و کینە و بوغز و دوژمنایەتییە.

هـــــــۆکارەکانی ڕق و کینە:

١- نەبوونی ئیمان و بیروباوەڕی ڕاست و بەهێز.

٢- ژینگەی ناتەندروست و خراپ.

٣- هاوڕێی خراپ.

٤- پەروەردەی خراپ و سەقەت.

٥- درۆ و غەش و فێڵ.

٦- غەیبەت و نەمیمە کردن و قسە هێنان و بردن.

٧- دڵڕەقی.

٨- نەبوونی لێبووردەیی.

٩- حەسوودی.

١٠- خیانەت.

١١- نەبوونی دادگەری.

١٢- فیز و خۆبەگەورەزانی.

١٣- خۆخۆیی و ئەنانیەت.

ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتنی ڕق و کینە و دوژمنایەتی:

١- ئیمان و بیروباوەڕی ڕاست و دروست.

٢- پەروەردەی جوان و باش.

٣- لێبووردەیی.

٤- چاکە کردن.

٥- ئینساف.

٦- دوورکەوتنەوە لە کێبڕکێ و مونافەسەی ناشەرعی.

٧- قسەی جوان و خۆش و گفتولفتی نەرم.

٨- ڕووی خۆش.

٩- ئارامگرتن.

١٠- گرتنەبەری هەموو ئەو هۆکارانەی خۆشەویستی زیاد دەکەن.

١١- بەکەمگرتنی دونیا.

١٢- سەرزەنشتکردنی خۆت لەسەر ڕق و کینە.

١٣- گومانی باش بردن به به‌رانبه‌ر.

١٤- لێك نزیك بوونه‌وه.

عـیززەت

● ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ ●

المنافقون: ٨

(ڕێز و گه‌وره‌یی و عیززەت ته‌نها بۆ خودا و پێغه‌مبه‌ر و ئیماندارانه).

ئه‌م یاسا قورئانییه پەیوەسته به (عزة) ەوه به‌ڕاستی (عزة) زۆر پێویسته بۆ ژیانی مرۆڤ، به‌ڵام به‌داخه‌وه له‌وڕۆدا به‌هۆی دووركه‌وتنه‌وه‌ی موسوڵمانان له قورئان و سوننه‌و حه‌قیقه‌تی ئیسلام (عزة) یان له‌ده‌ست داوه و توشی زه‌لیله‌کی زۆر هاتوون، فه‌رموو ئێستا جوله‌که ژماره‌ی زۆر زۆر که‌مه به‌ڵام چۆن ده‌ستیان گرتووه به‌سه‌ر جیهاندا و موسوڵمانان ده‌چه‌وسێننه‌وه؟!، نزیك به دوو ملیار موسوڵمان هه‌یه، نزیك به شه‌ست ده‌وڵه‌تی موسوڵمان هه‌یه، به‌ڵام به‌داخه‌وه ئه‌وه حاڵه‌که‌یه که ده‌بینین..

جۆره‌کانی عیززەت:-

١- عیززەتی باش و شه‌رعی: بۆ نمونه: به عیززەت بوون به‌هۆی خودا و پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) و ئیسلام و موسوڵمانانه‌وه.

٢- عیززەتی خراپ و ناشه‌رعی: بۆ نمونه: خۆ به‌عیززەت کردن به‌هۆی بێ باوەڕان و دووڕووه‌کان و شتی ناشه‌رعی و خراپ.

هۆکارەکانی پەیدابوونی عیززەت:

١- بیرو باوەڕ و عەقیدەی ڕاست و قوڵ و دامەزراو.

٢- متمانەی پتەو بەخوای گەورە.

٣- بەکەم تەماشاکردنی دونیا، وات لێنەیە هەموو شتێك لە ژیانی دونیادا کورت (هەڵبێنێی). کە دەڵێن بەکەم تەماشاکردنی دونیا واتا: لەچاو خودا و دواڕۆژ نەوەك گوێ پێنەدانی.

٤- زانین و هەبوونی زانست بە گەورەیی و فەزڵی عیززەت لە دونیا و قیامەتدا.

ئیمامی شافعی دەفەرموێ:

لذل الســـؤال و هول الممـات

کلاهما وجـــدناه طعمـا وبیـلا

وإن کان لابـــد إحـــداهمـا

فمشیا إلی الموت مشیا جمیلا.

واتە: سوالکردن بەزەلیلی و ترسی مردن هەردووکیان زۆر ناخۆشن، بەڵام ئەگەر ناچاربووی یەکێکیان هەڵبژێری ئەوا ڕۆیشتن بەرەو مردن ڕۆیشتنێکی زۆر جوانە و گەورەترین فەزڵە.

منیش دەڵێم: (عیززەت) خۆشترینی خۆشییەکانە، بۆیە زۆر ئاساییە خۆشییەکانی دونیای بۆ بکەینە قوربانی.

وە دەڵێم: مردنی بەعیززەت زۆر باشترە لە ژیانی بێ عیززەتی.

خوای گەورە بە عیززەتمان کات.

کـات

●﴿ وَٱلۡعَصۡرِ ۝١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾ ● العصر: ١ - ٣

(سوێند بە زەمانەا، سوێند بەکاتی عەسر، هەموو مرۆڤێك لە زەرەر و خەسارەتمەندی دایە، جگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە و ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە هەمیشە پابەندی حەق بن (پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری هەیە)، لەبەر ئەوە بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریان کردووە تا هەمیشە و بەردەوام، خۆگر و ئارامگر بن).

هەموو مرۆڤێك لە زەرەر و خەسارەتمەندی دایە، جگە:

١. لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە.

٢. کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە.

٣. ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە هەمیشە پابەندی حەق بن.

٤. پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری هەیە، لەبەر ئەوە بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریان کردووە تا هەمیشە و بەردەوام، خۆگر و ئارامگر بن.

تایبەتمەندییەکانی کات:

١. نەبڕی دەتبڕێت.

٢. بەهادارترین شتی مرۆڤە.

٣. ئەگەر ڕۆیشت گەڕانەوەی نییە.

٤. هیچ شتێك بەبێ کات ناکرێت.

٥. خەزن ناکرێت.

٦. ناکرێت تەحویلی کەیت یان بیگۆڕیت.

٧. بەخێرایی دەڕوات.

هۆکارەکانی سوودبینین لە کات:

١. لێپرسینەوە و موحاسەبەکردنی نەفس.

٢. هاوڕێی باش.

٣. نەهێشتنەوە فەراغ.

٤. بەرنامە دانان بۆ کاتەکان.

٥. ڕێکخستنی کاتەکان.

٦. کەم بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و....

٧. خوێندنەوەی ژیانی زانایان و بیرکردنەوە لێیان.

٨. بیرکردنەوە لە مردن.

٩. بیرکردنەوە لەوەی کە کات ڕۆیشت ناگەڕێتەوە.

١٠. دوورکەوتنەوە لە کات کوشتن و کات بەفیڕۆدەران.

١١. بیرکردنەوە لەوەی کە کات لەڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەی لەسەرە.

١٢. خوگرتن بە خوێندنەوە و هەموو شتە باشەکان و دانانیان وەك بەرنامەی ڕۆژانە.

١٣. چاودێری کردنی خود دەربارەی کاتەکانی.

١٤. کاری ئەمڕۆ مەخەرە سیبەینێ.

١٥. خۆ بەراوردکردن بە چاکەکار و کات ویستان و زانایان و... .

١٦. وا بیر بکەرەوە ئەگەر ئێستا ئەو کارەت لەدەست بچێت هەرگیز بۆت قەرەبوو ناکرێتەوە.

١٧. لەنێوان کارەکان و لە پشوەکاندا، وە قۆزتنەوەی هەموو دەرفەتەکان.

شتێکی تریش گرینگە ئاماژەی پێ بکەین ئەویش ئەوەیە کە گرینگی هەر بە کاتەکانی خۆمان نەدەین، بەڵکو کاتەکانی خەڵکیش لەبەرچاو بگرین بەتایبەت خاوەن پەیام و... .

تەزکیە

● ﴿ وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِۦ ﴾ ● فاطر: ١٨

(هەرکەسێك دڵ و دەروون و کردار و گوفتار و کردەوەی خۆی پاك بکاتەوە، ئەوە بەڕاستی سوودی ئەو خۆبەپاك ڕاگرتنەی هەر بۆخۆیەتی).

ئەم یاسا قورئانیە تایبەتە بە (التزکیة) ەوە، واتە (پاککردنەوە)، پاککردنەوەی:

١- فیکر و بیروباوەڕ و عەقیدە.

٢- دڵ و دەرون و نەفس و ڕۆح..

٣- کار و کردەوە..

٤- گوفتار.

تەزکیەی نەفس :

تەزکیە دوو واتای هەیە:

١. پاککردنەوە و پاکبوونەوە.

٢. گەشەپێدان و گەشەسەندن.

بەم پێیە تەزکیە واتە پاککردنەوە و گەشەپێدانی نەفس.

تەزکیەی نەفسیش واتە:

(ڕزگارکردن و پاککردنەوە)ی هەر نۆ ئەندامە سەرەکیەکەی مرۆڤ (مێشك) و (دەم) و (چاو) و (گوێ) و (دڵ)و (دەست) و (گەدە) و (دامێن) و (قاچ) لە خراپە و شتە پیس و زیانبەخشەکان.

(گەشەپێدانیان) بە ڕاهێنانی (مێشك) و (دەم) و (چاو) و (گوێ) و (دڵ)و (دەست) و (گەدە) و (دامێن) و (قاچ) لەسەر چاکە و شتە پاك و بەسوودەکان.

بە پرۆسەی تەزکیە هەم مرۆڤ پاکدەبێتەوە و هەم بەرەکەتیش دەکەوێتە ژیانی و گەشەدەسێنێت.

کەواتە دەتوانیٰن بڵێین تەزکیە دووشتە:

١. خۆدارنین و خۆخاڵی کردن (التخلية)، واتە خۆدارنین لە هەموو سیفەتە ناشیرن و خرپەکان لە ناوە و لە دەرەوە، هەم دڵ و دەرون و مێشك هەم ئەندامە دیارەکانی تر.

٢. خۆڕازاندنەوە (التحلية) واتە خۆڕازاندوە بە هەموو سیفەتە جوان و باشەکان لە ناوە و لە دەرەوە، هەم دڵ و دەرون و بیر و عەقڵ، هەم ئەندامە دیارەکانی تر.

میکانیزم و ڕێگاکانی تەزکیەی نەفس :

١. لێپێچینەوە و لێپرسینەوە (المحاسبة)، واتە بەردەوام موحاسەبەی نەفسی خۆت بکەی هەم لەسەر گوناهو تاوان هەم لەسەر کەمتەرخەمی لە عیبادەت و پەرستشدا.

٢. گوێ پێنەنەدان و نەچونە ژێربار (المخالفة)، واتە هەرکاتێ نەفس فەرمانی پێکردی بەشتێکی خراپ، بە گوێی نەکەییت و نەچیتە ژێرباری.

٣. مەرج دانان (المشارطة)، واتە مەرج لەسەر خۆت دابنێی شتە باشەکان بکەی و خۆت دووربگری لە شتە خراپ و حەڕامکراوەکان.

٤. چاودێری کردن (المراقبة)، واتە چاودێری خۆت بکەی و بزانی تاچەند ئەو شتانە جێبەجێ دەکەی وە تا چەند فەرمانەکانی خودا جێبەجێ دەکەی و خۆت بەدوور دەگری لە شتە حەڕامەکان.

ڕێگری و لەمپەرەکانی بەردەم تەزکیە :

١. نەناسینی خودا بە باشی و جوانی.

٢. زۆر سەرقاڵ بوون بە دونیا.

٣. دوورکەوتنەوە لە ژینگەی ئیمانی.

٤. هاوڕێی خراپ.

٥. نەبوونی پێشەنگی جوان و باش.

٦. سەرقاڵی لە ڕادەبەدەر بە ماڵ و سامان و خێزان.

٧. نەزەرکردن.

٨. بیرنەکردنەوە لە مردن.

٩. دووری لە زانستی بە سوود.

١٠. کەمی پەرستش و عیبادەت.

هۆکار و پاڵنەرەکانی تەزکیە :

١. ناسینی خودا وەك خۆی.

٢. بیرو باوەڕ و عەقیدەیەکی ڕاست و دروست.

٣. دەست گرتن بە قورئان و تێگەیشتن لێی.

٤. زیکر.

٥. موناجات.

٦. خەڵوەت.

٧. دوعا.

٨. موحاسەبەکردنی نەفس.

٩. چاودرێریکردنی نەفس.

١٠. مل نەدان بۆ نەفس.

١١. هاوڕێی باش.

١٢. پەرەوەردەی باش و جوان.

١٣. مەرج دانان،لەسەر خۆت بەوەی کە ئەم چاکەیە بکەم و ئەو خراپەیە نەکەم.

١٤. بەگەورە دانانی سنورەکانی خودا.

١٥. بیرکردنەوە لە مردن.

١٦. بیرکردنەوە لە کەمی دونیا.

١٧. بیرکردنەوە لە دروستکراو و گەورەیی خودا.

١٨. جۆراو جۆری لە عیبادەت و پەرستشدا.

١٩. مەجلیسی زیکر و فیکر.

قورئان و ڕێنمونی

● ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ ﴾ ● الإسراء: ٩

(ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگە و ڕێباز و بەرنامە).

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەستە بە خودی قورئان خۆی.

قورئان هیدایەت بەخشە بۆ عەقڵ و فیکر و بیر و هۆش و دڵ و دەروون و نەفس و ڕۆح و جەستە و گوفتار و کردار و تاك و خێزان و کۆمەڵگە و گەل و نەتەوە و دەوڵەت و جیهان و سیاسەت و ئابوری....

قورئان ڕێنوێنی عەقڵ دەکات بۆ:

١- بیرکردنەوە و تێفکرین.

٢- بیروباوەڕی ڕاست و دروست و دوور لە خورافیات.

٣- بیرکردنەوەی ئەرێنی و ئیجابی.

٤- بیرکردنەوە بۆ سوودگەیاندن بە خود و مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

قورئان ڕێنوێنی دڵ و دەرون و ڕۆح دەکات بۆ:

١- خۆدامالێن لە هەموو سیفەتێکی ناشرین و خراپ وەك حەسودی، ڕقلێبوونەوە....

٢- خۆڕازاندنەوە بە هەموو سیفەتێکی جوان و باش وەك: خۆشەویستی، دڵسۆزی..

قورئان ڕێنوێنی جەستە دەکات بۆ:

١- خۆدامالێن لە هەموو سیفەتێکی ناشرین و خراپ وەك: درۆ ، دزی، خیانەت.....

٢- خۆ ڕازاندنەوە بە هەموو سیفەتێکی جوان و باش وەك: ڕاستگۆیی، دادگەری، دەستپاکی، ئەمانەت پارێزی.... .

قورئان ڕێنوێنی خێزان دەکات بۆ هەموو کارێکی جوان و باش، وە نەهی لێ دەکات لە هەموو کارێکی خراپ و ناشرین.... .

قورئان ڕێنوێنی دەوڵەت و سیاسەتمەدارەکان دەکات بۆ هەموو کارێکی چاك وەك: دادگەری و... .

قورئان ڕێنوێنی بازرگان و کاسپکاران دەکات بۆ ڕاستگۆیی و... .

کەواتە قورئان هیدایەتدەر و ڕێنوێنیکارە بۆ هەموو شتێکی باش و جوان و سوودبەخش بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی وە بۆ ڕاست و ڕێك ڕاوەستان و دوورکەوتنەوە لە هەموو لاری و خواری ناشیرنی و خراپێك.

قورئان هیدایەتدەری عەقڵەکان و دڵەکان و جەستەکان و کردار و گوفتارەکانە بە تاك و خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت و جیهانەوە... .

ئەندازەی گەردیلەیەک ون نابێت

● ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ﴾ ● الزلزلة: ٧

(ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێر و چاکەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە).

● ﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ﴾ ● الزلزلة: ٨

(ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەڕ و خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە).

ئەوەش، یەکێکی تر لە یاسا قورئانییەکان کە پڕاوپڕە لە دادگەری ، دادگەرییەك کە نموونەی نییە، بۆیە هەر چاکەیەك بکەیت دەیبینیەوە، هەرچەند کەمیش بێت، بۆیە هیچ چاکەیەك بەکەم مەزانە، چونکە هەرچەندە کەم بێت سەرەنجامەکەی و دەرەنجامەکەی هەر دەیبینیەوە، بۆیە زۆر جار بەسوك سەیری خێرێك دەکەین و هیچ حیسابی بۆناکەین یان بە بیرمان دا نەهاتووە کەئەوە پاداشتی لەسەر بێت، بەڵام وا نییە، بۆیە لێرە دادگەری خودا و وردەکاری خودا و چاودێری خودا و ستەم نەکردنی خودامان بۆ دەر دەکەوێت کە دادگەرییەکەی بەشێوەیەکە حیساب بۆ گەردیلە خێرێکیش دەکات، واتە خێری زۆر زۆر بچووك و کەم.

وە خراپەکاریش بە هەمان شێوە.

هاوژینی باش بن

● ﴿..وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ..﴾ ● النساء: ١٩

(هاوژینییان بەجوانی لەگەڵدا بەرنەسەر).

یەکێکی تر لە یاسا قورئانییەکان چۆنیەتی مامەڵەکردنی ژن و مێردە لەگەڵ یەکتریدا بریتیە لەم فەرمایشتە جوانە کە فەرمان بە پیاوان دەکات کە هاوژینی و هاوسەرێتی و مامەڵەی جوان بکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، وە هیچ شتێك نەکەن کە لە (المعروف) باشی و چاکی و جوانی دەرچێت، بۆیە بەپێی یاساکانی ئیسلام هیچ پیاوێك بۆی نییە بەخراپی مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بکات، یان کارێك بکات زیانی پێ بگەیەنێت، یان لەڕێز و حورمەتی کەم بکاتەوە، یان سوکایەتی پێ بکات، نەك هەر ئەوە، بەڵکو دەبێت هەتا ماوە لەو ڕۆژەی مارەی دەکات تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت خزمەتی بکات و هەرچی نەفەقە و مەسروفات و پێداویستی هەیە بۆی دابین بکات و نەهێڵێت هیچ کەموکوڕیەکی هەبێت، وە پارێزگاری لەڕێز و حورمەتی هاوژینەکەی بکات، کەواتە لە ئیسلامدا مامەڵەی جوان و هاوسەرداری باش و ڕێز و حورمەت و خزمەتکردن و مەسرەف و نەفەقە کێشانی ژنان واجبە و پێویستە لەسەر پیاوان، وە هەر کەسێك مامەڵەی باش نەکات و ڕێز و حورمەتی هاوژینەکەی نەگرێت و نەفەقەی نەکێشێت بۆی هەیە داوا لەدادوەر بکات و لێی جیابێتەوە.

خواپەرستی بە پێی توانایە

● ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾ ● التغابن: ١٦

(خۆپارێزی و خواپەرستی بکەن بەپێی توانا).

ئەوەش یەکێکی تر لە یاسا قورئانیەکان کە بەتەواوی ڕەچاوی مرۆڤ و بارودۆخ و پێگەکانی کردووە، بەشێوەیەك کە خوای گەورە داوای شتێکمان لێناکات کە پێمان نەکرێت هەربۆیە هەموو شەریعەت بگەڕێی شتێك نادۆزیتەوە کە لە توانای مرۆڤ دا نەبێت، چونکە مەرجی ئەساسی لە تەکلیفەکانی خوای گەورەدا بریتییە لە توانا هەبوون، بۆیە هەر کاتێك لە توانای مرۆڤدا نەما و لە دەسەڵاتی ئەو دەرچوو ئەوا هیچ تاوانێکی لەسەر نامێنێت بەرانبەر بە خودای گەورە، بۆیە ئەگەر بڕوانین لە ئیسلامدا بەتەواوی ڕەچاوی بارودۆخ و ژینگەی مرۆڤ کراوە ، بۆنمونە کەسێك نەیتوانی بە پێوە نوێژ بکات بە دانیشتنەوە دەیکات ، وە ئەگەر بە دایشتنەوەش نەیتوانی با لەسەر پشت بیکات، ئەگەر هەر نەیتوانی لەسەر کەلەکە ئەگەر هەر نەیتوانی چۆن بۆی دەگونجێت و دەتوانێت با وابیکات وە ئەگەر هەر نەیتوانی با بەدڵ بیکات.

یان کەسی وامان هەیە ناتوانێت ڕۆژوو بگرێت لەبەر پیری یان نەخۆشی یان... دەتوانێت نەیگرێت.

یان کەسی وا هەیە پارەی نییە بڕوات بۆ حەج ئەوا لەو کاتەدا لەسەری واجب نابێت بچێت.

یان کەسێك تەنیا گۆشتی مردارەوەبووی لایە دەتوانێت بیخوات هەرچەندە حەرامیش بێت.

یان بۆ نموونە کەسێك تۆبزی لێ دەکرێت کوفر بکات بۆی هەیە بیکات ، یان کەسێك خەریکە بکوژرێت بەناحەق تۆ درۆیەکی بۆ دەکەیت یان سوێندێکی بە درۆی بۆ دەخۆیت ، دووبارە دروستە.

جا کەوایە بۆمان دەرکەوت کە قورئان و سوننەت تەواوتەواو ڕەچاوی مرۆڤ و بارودۆخەکانی کردووە و شتێکی لەسەر واجب نەکردووە کە پێی نەکرێت، هەرکاتێکیش بارگرانی لەسەر دروست بوو نەیتوانی خۆپارێزی و خواپەرسی بکات ئەوا لەوکەمەکەی دەگۆڕێت و بۆی ئاسان دەکرێت بە شێوەیەك لەگەڵ بارودۆخەکەی ئەو بگونجێ.

چاکەکان خراپەکان دەسڕنەوە

● ﴿ إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾ ● هود: ١١٤

(چاکەکان خراپەکان دەسڕنەوە و لایان دەبەن).

ئەوەش یەکێکی تر لە یاسا قورئانیەکان کە کەسمان نییە پێویستی پێی نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێت زیاتر لە خودا نزیك ببنەوە و تەوبە بکەن، لێرەدا مەبەست لە (حسنات) کە کۆی (حسنة)ە، هەموو کارێکی چاك و باشە، هەر کارێك باش بێت سوودبەخش بێت یان هەر جۆرە عیبادەتێك بێت، واجب بێت یان سوننەت، کەم بێت یان زۆر، هەر هەموویان دەگرێتەوە جا لابردن و سڕینەوە و نەمانی خراپەکان دوو شت دەگرێتەوە:

یەکەمیان: لابردن و نەمان لە دڵی ئەو کەسەدا، واتە خراپەکە دەسڕێتەوە لە دڵ دا و خۆشەویستی بۆ ئەو تاوانە نامێنێت یان کەم دەبێتەوە.

دووەمیان: لابردن و سڕینەوەی ئەو گوناهانەی کە کردوویەتی، واتە:خودای گەورە بەهۆی ئەو چاکانەی کە دەیانکات خراپەکانی لێ دەسڕێتەوە، ئەو خراپانەی بەرانبەر خودای گەورە کردوونی، بەڵام ئەو خراپانەی بەرامبەر خەڵك کردوونی و حەقی خەڵکی خواردبێت ئەوا دەبێت حەقەکەیان بۆ بگەڕێنێتەوە، بۆ نموونە: مااڵی کەسێکی خواردبێت دەبێت بۆی بگەڕێنێتەوە نەك بڵێت چاکەیەکم کردووە و تەواو!

لە شارەزايان و زانايان بپرسن

● ﴿ فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ ● النحل: ٤٣

(كە شتێكتان نەزانى لە شارەزايان و زانايان بپرسن).

ئەم ياسا قورئانيە ياسايێكى گشتييە بۆ هەموو كەسێك و بۆ هەموو بابەتێك و بارودۆخێك ، واتە هەركەسێك شتێكى نەزانى با پرسيار لە كەسێكى شارەزا و زانا بكات لەو بوارەدا، با بۆ خۆشى زۆر شارەزا بێت لە بوارێك لە بوارەكاندا ، بۆ نموونە پرۆفيسۆرێكى پزيشكى با پرسيار لە كەسێكى شارەزا و زانا بكات لە بوارى ئايينى يان كۆمەڵايەتى يان فيزيايى يان.....

يان زانايەكى ئاينى با پرسيار لە كەسێكى شارەزا و زانا بكات لە بوارى پزيشكى يان فيزيايى يان مێژوويى يان.....

كەواتە كەس نييە لە هەموو شتێك شارەزا و موختەس بێت.

بۆيە پێويستە لەسەرى پرسيار لە كەسێكى زانا و شارەزا بكات لە بوارە جياوازەكاندا، هەروەها پێويستيشە پرسيار و ڕاوێژكردنەكە لە كەسێكى متمانە پێكراو بێت، نەوەك هەر كەسێك پێى وترا زانا يان شارەزا يان بۆ خۆى بانگەشەى ئەوە بكات.

وە دەبێت ئەوەش باش بزانين كە پرسياركردن عەيب نييە و لە ئاست و شكۆى كەسەكە ناهێنێتە خوارەوە ، بەڵكو نەزانين عەيبە كە هەر لەسەر نەزانيەكەى بەردەوام دەبێت و لەسەر هەڵەكەى بەردەوام دەبێت و ناچێت پرسيار بكات و خۆى ڕزگار بكات لە نەزانى و هەڵە كردن و بەهەڵە بردن.

داوێنپاکی

● ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ﴾ ●

النور: ٣٣

(دەبا ئەوانەی هاوسەریان دەستناکەوێت هەوڵ بدەن داوێنی خۆیان پاك ڕابگرن، هەتا خوا لە فەزڵی خۆی دەوڵەمەند و بێ نیازیان دەکات).

ئەو یاسا قورئانییە پەیوەستە بە داوێن پاکییەوە، داوێن پاکی یەکێکە لە گرنگترین سیفەت و ئەخلاقەکان، کە ئەگەر نەما ژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە و جیهان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی زۆر زۆر کوشندە - خوا پەنامان دات - داوێن پاکی سیفەتی پێغەمبەرانە (علیهم السلام) و پیاوچاکان و زانایان بووە، بۆیە خۆڕازاندنەوە بەو سیفەتە گەورەترین فەزڵە لە دونیا و قیامەتدا.

سود و کاریگەرییەکانی (عفة) داوێن پاکی:

١- ڕەزامەندی خوای گەورە.

٢- پاراستنی تاك و خێزان و کۆمەڵگە و جیهان.

٣- یەکێکە لەو هۆکارانەی کە خوای گەورە بەهۆیەوە کەسەکە لەژێر سێبەری عەرشی خۆی جێدەکاتەوە و تووشی گەرما و نەهامەتی قیامەت نابێت.

٤- پەیدابوونی متمانە لەناو کۆمەڵگەدا.

هۆکار و ئامرازەکانی پەیدابوونی داوێنپاکی:

١- هەستکردن بە چاودێری خوای گەورە.

٢- بیرکردنەوە لەسەر ئەنجامە خراپەکەی داوێنپیسی لە دونیا و قیامەتدا.

٣- دوورکەوتنەوە لەو شوێن و هۆکارانەی سەردەکێشن بۆ داوێن پیسی.

٤- هاوڕێی باش.

٥- هاوسەرگیری.

٦- پشت بەستن بە خودا و دوعاکردنی زۆر.

٧- پەروەردەکردن.

قەناعەت

● ﴿ إِن يَكُونُواْ فُقَرَآءَ يُغۡنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ ﴾ ● النور: ٣٢

(ئەگەر هەژاریش بن ئەوا خوا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەهرەوەریان دەکات، واتە: قەناعەتیان پێ دەبەخشێت).

ئەو یاسایە پەیوەندی بە قەناعەتەوە هەیە لەسەر هەندێ لە تەفسیرەکان ، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ئەگەر هەژاریش بن ئەوا خوای گەورە دڵیان دەوڵەمەند دەکات ، کە بەڕاستی دەوڵەمەندترین کەس ئەو کەسەیە کە بە قەناعەتترە، بۆیە زۆربەی جار هەژاران سەخیترن لە دەوڵەمەندان، ئەوە ئەوەیە کە خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند کردوون.

سوود و کاریگەرییەکانی قەناعەت:

١- عیززەت و سەربەرزی.

٢- بەرەکەت.

٣- نیشانەی ئیمان و تێگەشتنە لە ئیسلام.

٤- مرۆڤ دوورەخاتەوە لە گوناهـ و تاوان.

٥- دڵخۆشی و موڕتاحی و بەختەوەری.

٦-نەبوونی حەسادەت و ڕق.

٧-سوپاسگوزاری خوای گەورە.

٨-خوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەران (علیهم السلام) و پیاوچاکان و زانایان.

ڕێگرییەکانی بەردەم قەناعەت:

١-چاوچنۆکی و حەسادەت.

٢-چاو لە سەروو خۆکردن، واتە: ئەو کەسە چاو لەسەرووی خۆی بکات لەجیاتی ئەوەی چاو لە خواروی خۆی بکات.

٣-هاوڕێی خراپ و بێ قەناعەت.

٤-دونیایی بوون، ڕوانین بەس بۆ دونیا و خۆشییەکانی.

٥-نەخوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەران (علیهم السلام) و پیاوچاکان و زانایان.

٦-لەبیرنەبوونی مردن و بیرلێ نەکردنەوەی.

٧-ئارام نەگرتن.

ئامراز و هۆکارەکانی پەیدابوونی قەناعەت:

١-ئیمان و بیروباوەڕ و عەقیدەی ڕاست و دروست و پتەو و بەهێز.

٢-هاوڕێی باش و بە قەناعەت.

٣-پەروەردەکردنی خەڵك لەسەر قەناعەت.

٤-چاو لەخوار خۆکردن، هەر کاتێ چاوت لە خوار خۆت کرد قەناعەتی تەواوت بۆ پەیدادەبێ.

٥-خوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەران (علیهم السلام) و پیاوچاکان و زانایان.

٦-بیرکردنەوە لە مردن.

٧- بەکەمگرتنی دونیا.

٨- پاڕانەوە لە خودای گەورە، بۆ بەخشینی قەناعەت.

سەخاوەتی

●﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾●

البقرة: ٢٧٤

(ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن، بە شەو و بەڕۆژ، بە نهێنی و بە ئاشکرا، ئا ئەوانە هەر پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، ترس و بیمیان لەسەر نییە و ئەوان خەفەتبار نابن).

ئەم یاسا قورئانییە پەیوەستە بە سیفەتێکی زۆر بەرز و جوان، ئەویش سەخاوەتە، سەخاوەت ئەگەر هەبوو ڕاستەوخۆ بەخشینی لەدوا دێت، خۆ ئەگەر سەخاوەت نەبوو چەندی دەوڵەمەندیش بی ناتوانی هیچ ببەخشی، کەواتە خوای گەورە مژدەیان پێدەدات کە ئەوانە پاداشتیان لای خوای گەورەیە، هەروەها دوو وەعدی زۆر گەورەشی پێداون، کە بریتین لە:

١- ترسیان نابێت لە داهاتوو.

٢- خەم و خەفەتیش ناخۆن لە ڕابردوو و ئەو شتانەی لە دەستیان چووە.

کەواتە هەر کەسێك بەخشی بزانە سەخییە، هەر کەسێك نەیبەخشی بزانە ڕەزیلە.

سوود و کاریگەرییەکانی سەخاوەت:

١- ڕەزامەندی خوای گەورە.

٢- بەختەوەری و دڵخۆشی و مورتاحی.

٣- دڵ و دەروون پاك دەکاتەوە لە ڕەزیلی.

٤- بەرەکەت زیاددەکات.

٥- خۆشەویستی و برایەتی زیاد دەکات.

٦- سود دەگەیەنێت بە تاك و خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت.

٧- دڵی هەژاران خۆش دەکات.

٨- بەڵگەی ئیمان و قەناعەتە.

٩- دەبێتە سەدەقەی جاریە.

جۆرەکانی سەخاوەت:

١- سەخاوەت لە ماڵ و ساماندا.

٢- سەخاوەت لە زانست و زانیاریدا.

٣- سەخاوەت لە جەستە و یارمەتی جەستەیی بۆ کەسانی بەرانبەر.

٤- سەخاوەتی ئامۆژگاری و ڕێنمونی خەڵك بۆ کاری باش و چاك و سوودبەخش.

٥- سەخاوەت بە قوربانیدان بە نەفسی خۆت، لەپێناو قیامەتی خۆت و موسوڵمانان و سوودگەیاندن و.....

هۆکار و ئامرازەکانی پەیدابوونی سەخاوەت:

١- ئیمان و بیروباوەڕ و عەقیدەی ڕاست و دروست و پتەو.

٢- چاوەڕێی پاداشتی قیامەت.

٣- یارمەتی خوایی و داواکردن لێی.

٤- پەروەردەکردنی خەڵك لەسەر سەخاوەت، بەتایبەت بە عەمەلی و کردەیی.

٥- نەهێشتنی هەستی خۆخۆیی و ئەنانیەت.

٦- لەبیربوونی کەسانی خاوەن پێداویستی لە بواره جیاوازەکان.

حیکمەت (دانایی)

● ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ ﴾ ●
النحل: ١٢٥

(بانگەواز بکە بۆ لای پەروەردگارت بە حیکمەت (داناییەوە)).

ئەو یاسا قورئانییە پەیوەستە بە یەکێك لەسیفەتە باش و جوانەکان کە زۆرێك لە موسوڵمانان فەرامۆشیان کردووە، ئەویش (حکمة)ە (دانایی)، بەڕاستی دانایی زۆر زۆر گرنگە بەتایبەت بۆ بانگخوازان، دانایی واتە: دانانی هەر شتێك لە شوێنی خۆی، وە کردنی کارێك کە پێویستە، وە کردنی لەسەر شێوە و شێوازی ڕاست و دروستی خۆی کە پێویستە بەو شێوەیە بێت، وە لەکاتی گونجاویشدا بکرێت.

کەواتە: کە یەکێك لەو مەرجانە نەهاتنەجێ ئەوا حیکمەتیش نایەتەجێ یان بەتەواوی نایەتەجێ.

حیکمەت بۆ هەموو شوێن و کات و بارودۆخێك پێویستە بەتایبەت بۆ ئەوڕۆ و بۆ ئەو سەردەمە، کە ئیسلام و موسوڵمان هەڕەشەیەکی زۆریان لەسەرە، وە لە هەموو لایەکەوە ئیسلام ناشیرین دەکرێت، حیکمەت گشتییە بۆ هەموو کارێك بەکاردێت، بەڵام بەتایبەت تر بۆ بانگەواز بەکار دێت، هەروەك خودای گەورە لەو ئایەتەدا بۆ بانگەواز بەکاریهێناوە.

جۆرەکانی حیکمەت و دانایی:

١- حیکمەتی نەزەری: ئەوەیان بریتیە لە حیکمەتێك کە کەسەکە هەیەتی و ئاگای لێیەتی وەك شتێکی نەزەری و فیکری و بەبێ بەرجەستەکردنی لەئەرزی واقیعدا و بەبێ پەنگدانەوەی لەرژیان و کار و گوفتاریدا.

٢- حیکمەتی عەمەلی و کردەیی: ئەوەیان بریتیە لە بەرجەستەکردنی حیکمەت بە کردەیی و عەمەلی، واتە: دانانی هەر شتێك لە شوێنی خۆیدا.

سود و کاریگەرییەکانی حیکمەت و دانایی:

١- پەزامەندی خوای گەورە.

٢- سەرکەوتن.

٣- خۆشەویستی و برایەتی و دڵی یەکتر پاگرتن.

٤- مرۆڤ دەپارێزێت لە پاپایی و خەت خەتێن و ئەم لاو ئەولا کردن.

٥- حیکمەت و دانایی سیفەتی پێغەمبەران (علیهم السلام) بووە و نیشانەی زانایی و تێگەشتوویی.

٦- کەسایەتی بەهێز و پتەو بۆ مرۆڤ دروست دەکات.

٧- بەڵگەیە لەسەر ئیمان و عاقڵی ئەو کەسە.

ئامراز و هۆکارەکانی بەدەستهێنانی حیکمەت:

١- زنست و زانیاری بەسود.

٢- زانست هەبوون بە قورئان و سوننە.

٣- خوێندنەوە و ئاگادار بوون لە ژیانی پێغەمبەران (علیهم السلام) و زانایان.

٤- هاوڕێی باش.

٥- مامۆستا و پەروەردەکاری باش.

٦- وەرگرتنی ئەزموون و تەجروبەی خەڵکی شارەزاو بەحیکمەت.

٧- پەروەردەکردنی خەڵك لەسەری، بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن و ماڵەکاندا.

٨- دوعاکردن و داواکردن لە خوای گەورە.

٩- گەڕان و بەدواداچوون.

ڕێگرییەکانی بەردەم حیکمەت و دانایی:

١- نەزانی و نەبوونی زانست بە قورئان و....

٢- گوێ نەرگرتن لە کەس و خۆلێگۆڕان و پێی وابێ بۆخۆی هەموو شتێکە و پێویستی بەکەس نییە.

٣- پەلەکردن.

٤- پەندوەرنەگرتن لە کەسانی تر، کە پێشتر تووشی ئەو هەڵەیە بوون.

٥- کورت بینی.

٦- تەماح و چاوچنۆکی.

٧- نەبوونی بەرچاوڕوونی.

هەژاری مرۆڤ و دەوڵەمەندی خودای گەورە

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ﴾ ●
فاطر: ١٥

(ئەی خەڵکینە ئێوە هەژار و نەدارن و هەمیشە ئاتاجی خودان، (لە هەموو کات و شوێنێکدا و بۆ هەموو شتێك) هەر تەنها خودایە کە بێ نیازە و شایانی سوپاسە).

ئەم یاسا قورئانیە ئاماژە بە هەژاری و نەداری و ئاتاجی مرۆڤ دەکات بۆ خودا، کە لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو شوێنێکدا مرۆڤ پێویستی پێیەتی و ناتوانێت بۆ چرکەیەکیش بەبێ خودا بژی، کەواتە مرۆڤ هەر چەند دەوڵەمەند بێت هەر هەژارە بەرانبەر بە خودا و بە دەوڵەمەندی خودا، فەرموو بڕوانن:

مرۆڤ ئەگەر هەوا نەبێت چۆن دەتوانێت بژیت؟!

ئەگەر ئاو نەبێت چۆن دەتوانێت بژیت؟!

ئەگەر خۆڵ نەبێت چۆن دەتوانێت بژیت؟!

ئەگەر تیشکی خۆر و ڕووەك و باران و خۆراك... ، نەبن چۆن دەتوانێت بژیت؟!

ئەگەر زەوی و خۆر مانگ و هەسارەکان بەو شێوەیە نەسوڕێنەوە یان خۆیان بکێشن بەیەکدا چۆن دەتوانێت بژیت؟!

ئەگەر مرۆڤ بۆڕی هەناسەی یان دڵی نەبێت یان گورچیلەی نەبێت یان گەدەی نەبێت یان دەماری نەبێت یان... نەبێت چۆن دەتوانێت بژیت؟! کەواتە دەرکەوت مرۆڤ هەرچەندە دەوڵەمەند بێت بەڵام بەرانبەر بە خودا و نیعمەتەکانی هەژارە و ناتوانێت بۆ ساتێکیش بە بێ خودا بژیت.

دەستگرتن بە وەحی

● ﴿ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ إِلَيْكَ ۖ ﴾ ● الزخرف: ٤٣

(پابەندبە و دەستبگرە بەو وەحی و نیگایەی بۆت نێردراوە).

ئەم یاسا قورئانیە ئاڕاستەی پێغەمبەر محمد ﷺ کراوە، بەڵام ئێمەش دەگرێتەوە، چونکە چۆن لە سەر پێغەمبەر محمد ﷺ پێویست بووە کە دەست بگرێت، ئاواش لەسەر ئێمە پێویستە و واجبە دەستی پێوە بگرین و جێبەجێیبکەین لە هەموو کایەکانی ژیاندا، ژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگا و سیاسەت و ئابووری و... هتد. چونکە قورئان ئەوەی مرۆڤ پێویستی پێی هەیە تێیدایەتی، چونکە مرۆڤ لە سێ بەشی سەرەکی پێك دێت: عەقڵ و ڕۆح و جەستە، قورئانیش وەڵامی پرسیارە عەقڵی و فیکری و فەلسەفیەکان دەداتەوە، هەروەها هێڵە گشتیەکانی ئەخلاقیش دیاری دەکات، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە ئەندامەکانەوە هەیە واتە جەستە ئەویش قسە و گوفتار دەگرێتەوە ، ئەو دوانەش دوو بەشی تر دەگرێتەوە (العبادات) (المعاملات) واتە: پەرستشەکان و مامەڵەکان، پەرستشەکان واتە: پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا، مامەڵەکان واتە: پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ. کەواتە قورئان فەرمایشتەکانی ئاڕاستەی هەر سێ بەشە سەرەکیەکەی مرۆڤ دەکات، بە عەقڵ و ڕۆح و جەستەوە، لە پاشاندا کە تاکێکی عەقڵ و ڕۆح و جەستە سەلامەت و باشی پەروەردە کرد، ئینجا خێزانێکی عەقڵ و ڕۆح و جەستە سەلامەت پەروەردە دەکات، ئینجا کۆمەڵگا و پاشان نەتەوە و ئینجا دەوڵەت و دواجار هەموو جیهان.

کەواتە بۆمان دەرکەوت ئەگەر دەستبگرین بە وەحی و قورئانەوە ئەوا بە تاك و خێزان و نەتەوە و دەوڵەت و جیهانەوە سەلامەت و خۆش بەخت و بەختەوەر دەبین.

دۆستانی خودا

● ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾ ●

یونس: ٦٢

(ئاگادار بن کە بەڕاستی چاکان و خۆ شەویستانی خودای میهرەبان نەترس و بیم ڕوویان تێدەکات (لە سەرە مەرگ و لە ڕۆژی لێ پرسینەوەدا)، نە غەم و پەژارە و دڵتەنگی دایان دەگرێت (بەڵکو فریشتەکان بەڕوو خۆشیەوە مژدەی سەرفرازی و خۆشبەختیان دەدەنێ)).

ئەم یاسا قورئانیە بۆ (أولیاء) (دۆستان)ی خودایە، دۆستانی خوداش هەموو کەسێك دەگرێتەوە بە جیاوازی ڕەنگ و دەنگ و ڕەچەڵەك و فەقیر و دەوڵەمەند و زانا و نەزان.. هتد ، بە مەرجێ لە خودا ترس بێت، فەرمانەکانی خودا جێبەجێبکات و خۆی بپارێزێت لە نەهیەکانی، کەواتە خودای گەورە پێوەری بۆ مرۆڤ داناوە کە چۆن ببێت بە دۆستی، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ﴾ (الحجرات:١٣) واتە (بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسانەتانن کە زۆرتر لە خوداترسە و فەرمانبەرداری خودایە)، کەواتە ئەو جۆرە کەسانە لە قیامەت دەترسن نە خەفەت لە دونیا دەخۆن و چاویان لە دونیاوە نییە بە هیچ جۆرێك، چونکە ئەوەندەیان پێ دەدرێت کە هەرگیز بیریان بۆ دونیا نەچیت، بەڵام ئەگەر (ولی) دۆستی خودا نەبێت ئەوا هەم لە قیامەت و هەم لە سەرەمەرگ و مردن دەترسێت، وە خەم بۆ دونیا دەخودات چونکە بە نسبەت ئەوەوە دونیا خۆشترە!

بڕوابوون بە بەشێکی ئایین

● ﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ﴾ ● البقرة: ٨٥

(چۆن دەبێت باوەڕتان بە بەشێکی پەیام و وەحی هەبێت و بەشێکی تری باوەڕتان نەبێت؟!).

ئەم یاسایە نکۆڵی لەوە دەکات مرۆڤ باوەڕی بە بەشێکی وەحی هەبێت و باوەڕی بە بەشێکی تری نەبێت، پرسیارەکە پرسیاری ئینکارییە (الاستفهام الإنکاری)، ئەو خیتابە لە ئەسڵدا بۆ جولەکەکان بوون، کە بەڕاستی زۆر سەیرە کە ئێوە باوەڕ بە هەندێکی دەکەن کە سوود و قازانجی ئێوەی تێدایە، بەڵام ئەوەی کە پێتان وایە زەرەرە و وە بە دوای نەفس و هەواو ئارەزوو کەوتون و ناتوانن باوەڕی پێبکەن و باوەڕی پێ ناهێنن و جێبەجێی ناکەن، کەواتە ئەو قسەیە هەر بۆ جولەکە نییە بۆ موسڵمانانیش ڕاستە، کە زۆر جار بڕوا بە هەندێکی دێنێت و بڕوا بە هەندێکی تر ناهێنێت، یان لە ڕووی کردەییەوە هەندێکی جێ بەجێدەکات کە لە بەرژەوەندی خۆی دایە، بەڵام ئەوەی تری واز لێ دێنێت کە لە بەرژەوەندی بەرانبەرکەیەتی و زەرەری ئەوە، کە بەڕاستی ئەو سیفەتە سیفەتی جولەکەکانە نەوەك هی موسڵمانان، کەواتە قورئان بۆ هەر سێ بەشەکەی مرۆڤ هاتووە (عەقڵ، ڕۆح ، جەستە) یان بڵێین (فیکر و عەقیدە و ئەخلاق و ڕەوشت و کار و کردەوە و گوفتار)، نابێت مرۆڤی موسڵمان بەش بەشی بکات و بە کەیفی خۆی و بە هەواو نەفس و ئارەزووی خۆی لێیان هەڵبژێرێت.

ترسان لە ڕۆژی دوایی

● ﴿ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴾ ● البقرة: ٢٨١

((خەڵکینە) لە سزا و تۆڵەی ڕۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە، لەوەودوا هەموو کەس پاداشتی کار و کردەوەی خۆی وەردەگرێت و ستەمیان لێ ناکرێتْ).

خودای گەورە لێرەدا فەرمانمان پێ دەکات کە بترسین لە ڕۆژێك کە هەموو کەسێك پاداشتی کردەوەکانی خۆی وەردەگرێتەوە، جا ئەگەر کاری باشی کردبوو ئەوا بە باشە و خێر و خۆشی و ناز و نیعمەت پاداشتی دەدرێتەوە، ئەگەر کاری خراپی کردبوو ئەوا بە ئەندازەی خراپەکەی سزا وەردەگرێت، کەواتە خودای گەورە دەفەرموێت مادام ڕۆژێکی واتان لە پێشە کە هەموو شتێك حیسابی لەسەر بێت و کەس زوڵمی لێ نەکرێت و هیچ شتێك بە چاك و خراپەوە بزر نەبێت، کەواتە دەبێت لێی بترسین و شتێك نەکەین کە لەسەرمان بکەوێت، چونکە هەمووی تۆمار دەکرێت، هەروەك خودای گەورە لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: ((فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ، وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) (الزلزلة:٧-٨) واتە (ئەوە کە بەئەندازەی سەنگی گەردیلەیەك شەڕ و خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە، هەروەها ئەوەش کە بەئەندازەی سەنگی گەردیلەیەك خێر و چاکەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە). وە لەو ڕۆژەدا هیچ کەسێك ستەمی لێ ناکرێت و هەموو کەسێك خاوەنی نیەت و کردار و گوفتاری خۆیەتی بە بێ لێ زیادکردن و لێ کەم کردن، کەواتە ڕۆژێك بەو شێوەیە بێت شایستەی ئەوەیە لێی بترسین بۆ ئەوەی لە دونیادا خراپە و شەڕ ئەنجام نەدەین.

گۆڕانکاری لەدەست مرۆڤەکاندایە

●﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَابِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَابِأَنفُسِهِمْ﴾● الرعد: ١١

(بێگومان خودا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت (لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی) هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن).

ئەو یاسا قورئانیە ئامرازی گۆڕانکاری دیاریکردوە، گۆڕانکاری دەبێت مرۆڤ بۆ خۆی و لە خۆیەوە دەست پێ بکات، واتە: دەبێت ئەوەی پێت دەکرێت و لە تواناتدا هەیە بیکەی بۆ خۆت و دەوروبەرت، نەوەك چاوەڕێی کەسێکی تر بیت، کەواتە دەبێت هەر کەس لە ئاست خۆیەوە دەست پێ بکات تا دەگاتە سەری سەرەوە، کەواتە زۆر هەڵەیە کە مرۆڤ هەر بڵێت: بە تەمای خودا، بەڵام هیچ هەوڵێکیش نەدات! کە لە کاتێکدا زۆر بە چاکیش پێی دەکرێت و خودای گەورە توانای پێ بەخشیوە و عەقڵی داوەتێ و وەحی و پێغەمبەری بۆ ناردووە و خێر و شەڕی بۆ دیاریکردوە، کەواتە هیچ عوزر و بەهانەیەکی نەماوە، کەواتە ئەگەر هەر کەسێك لە خۆی و خێزانی و دەوروبەری و کار و پیشەکەی و پێگە و پلە و پۆستەکەی و تواناکەیەوە دەست پێ بکات حەتمەن گۆڕانکاری تەواو ڕوو دەدات، بەڵام ئەگەر لە هیچ لەمانەوە دەستی پێ نەکرد حەتمەن گۆڕانکاری ڕوو نادات، چونکە دواتر کۆمەڵگەش لە تاك و خێزان پێك دێت، کەواتە زۆر جار گەل گلەیی لە سەرکردە و بارودۆخی ووڵات دەکات و گلەیی لە ستەمکاری و زوڵم دەکات، بەڵام بۆ خۆی بەشێکە لەو ستەم و زوڵمە، بە پشتیوانی لی کردنی و هەوڵ نەدان بۆ لابردنی یان بێ دەنگی لێی!.

کاری پێغەمبەران

● ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ﴾ ● النساء: ١٦٥

(پێغەمبەرانمان (ڕەوانە کردووە) کە مژدەدەرن (بە ئیماندارانن) و ترسێنەرن بۆ (یاخیەکان)، تا خەڵکی هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەمێنێت (لەسەر بێ دینی و یاخی بوونیان) دوای ئەوەی خودا پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردوون).

ئەو یاسایە پەیوەستە بە پێغەمبەران(ﷺ) پێغەمبەران ئەو کەسانە بوون کە خودای گەورە هەڵیبژاردون و ناردوونی بۆ گەلەکان و قەومەکان، وە پەیام بەرنامەشی بۆ ناردوون بۆ ئەوەی خەڵکی ڕێنمونی بکەن.

پێغەمبەران هەموویان مرۆڤ بوونە و سیفەتی مرۆڤیان تێدا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ سیفەتیان هەبووە:

١-پارێزراو بوونە لە گوناە و تاوان.

٢-هەر چی خودای گەورە پێی ووتون گەیاندویانە.

٣-ڕاستگۆ بوون.

٤-زیرەک و لێهاتوو و بیرتیژ بوون.

٥-بێ عەیب بوون.

هۆکاری ناردنی پێغەمبەران (ﷺ):

١-بانگکردنی خەڵکی بۆ خودا ناسی و خوداپەرستی ڕاستەقینە و دوورکەوتنەوە لە غەیری خوداپەرستن، وەک خودای گەورە دەفەرموێت ((وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ

الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ)) (النحل:٣٦) واتە: (سوێند بە خودا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خودا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە (کە بیر و هۆش و ژیری خۆی خستەکار و بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕا) خودایش هیدایەتیدا، هەشیان بوو خۆئی شایستەی گومڕایی دەکرد و بەسەریدا دەچەسپا، کەوابوو بگەڕێن بەسەر زەویدا و سەرنج بدەن، بزانن چۆن بوو سەرەنجامی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەرنامەی ئێمە نەبوو).

زۆر شت هەیە مرۆڤ عەقڵی دەرکی ناکات بۆ نمونە: هۆی بوونی مرۆڤ و ئامانجەکانی لە ژیاندان زانینی ڕاستێتی ڕۆح و لاشە و پێویستیەکانیان، زانینی جیهانی شاراوە (عالم الغیب) و ڕووداوەکانی.

٢- ئەگەر خەڵکی پشت گوێ بخرایە ئەوا دەبوونە بەندەی هەواو ئارەزوو وە هەرچی خراپە هەیە دەیان کرد و یەکتریان دەچەوساندەوە و کەس حیسابی بۆ کەس نەدەکرد، چونکە پێی وابوو ئەویش حەیوانە و مانەوە بۆ بەهێزەکانە و یاساکانی دارستانیان جێبەجێ دەکرد.

گەیاندنی پەیامی خودا بە خەڵکی، وەك دەفەرموێت: ((الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ حَسِيبًا))(الأحزاب:٣٩) واتە: (ئەوانەی کە پەیامەکانی خودا دەگەیەنن، وە لەو دەترسن و جگە لەو لە هیچ کەسی تر ناترسن، خودا خۆی بەسە کە پاداشتی (چاکەکاران بداتەوە و لە بێ باوەڕانیش بپرسێتەوە).

٣-فێرکردن و پاك کردنەوەی دڵ و دەروونی شوێنکەوتووەکانیان وەك دەفەرموێت: ((هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ))(الجمعة:٢) واتە: (هەر ئەو زاتەیە لەناو خەڵکێکی نەخوێندەواردا پێغەمبەرێکی لە خۆیان ڕەوانە کرد،

ئایەتەکانی قورئانەکەی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە و دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ئاشکرا و نادیاریان پوختە دەکات، فێری قورئان و دانایی و شەریعەتیان دەکات، بەڕاستی ئەوانە پێشتر لە گومڕایی و سەرلێشێواوییەکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو).

٤- ڕوونکردنەوەی دەقی ئەو فەرموودانەی خودای گەورە ناردوونی، وەك دەفەرموێت: ((بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) (النحل:٤٤) واتە: (ئێمە ئەوانمان ڕەوانە کردووە هاوڕێ لەگەڵ بەڵگەو نیشانەو (موعجیزە) ی زۆر و کتێبی ئاسمانیدا و ئێمە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاند، تا بۆ خەڵکی ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە بۆیان هێنراوەتە خوارەوە، بۆ ئەوەی بیرێك بکەنەوە و تێفکرن).

٥- پێشەوایەتی کردن و پێشەنگ بوون بۆ خەڵك.

ئەرکی ئێمە بەرانبەر پێغەمبەر ﷺ:

١- گوێ ڕایەڵی.

٢- خۆشەویستی.

٣- ئەزیەت نەدانی.

٤- ڕێزگرتنی.

٥- سڵاوات دان لەسەری.

٦- بیکەینە پێشەنگ و چاوی لێ بکەین.

گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەر

● ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ ●

النساء : ١٣

(جا ئەو کەسەی فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە خودا دەیخاتە ناو باخەکانی بەهەشتەوە: کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوە تیایدا، بێگومان هەر ئەوەشە سەرفرازیی گەورە و دەستکەوتی بێ سنوور).

ئەم یاسا قورئانیە پەیوەستە بە (إطاعة) گوێ ڕایەڵی خودای گەورە و پاداشت و سەرەنجامەکەی، کە هەر کەسێك گوێ ڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات. ئەوا سەرەنجامەکەی بەهەشتی نەبڕاوەیە، دیارە گوێ ڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕووناکیە بۆ دونیا و دواڕۆژ، بڕوانن هەرچی خودا و پێغەمبەر ﷺ فەرموویانە لە ڕووی فیکری و عەقیدەیی و ڕۆحی و دڵ و دەروون و ئەخلاق و کردار و گوفتار و عیبادەت و موعامەلات و سیاسەت و ئابووری و خێزان و کۆمەڵگە.... ، هەر هەمووی پڕیەتی لە خۆشبەختی و هیچ شتێکی تێدا نییە کە زەرەر و زیانی تێدا بێت، یان لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤایەتی نەیەتەوە، یان تێکبگیرێت یان زەحمەتی دروست بکات، یان لە توانای مرۆڤدا نەبێت، یان لەگەڵ سەردەمدا تێك بگیرێت، یان مرۆڤ بەرەو دواوە بگەڕێنێتەوە، بە پێچەوانەوە هەر هەمووی جوانی و باشی و خۆشی و بەختەوەری و سوود و قازانجە بۆ دونیا و دواڕۆژ، کەواتە واجبە گوێڕایەڵییان بکەین.

ئیسلام بەسە

● ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ ● آل عمران: ٨٥

(ئەوەی بێجگە لە ئیسلام هەر ئاینێکی تر هەڵبژێت لێی وەرناگیرێت، لە قیامەتیشدا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانە).

ڕەنگە بوترێت بۆ ئیسلام بەسە؟!

ئایا ئیسلام لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگونجێت؟

ئیسلام چیە؟

ئیســـلام: بریتیە لە پەیامێکی خودایی و سیستمێکی گشتی و یاسایێکی گشتگیر بۆ مرۆڤ و خێزان و کۆمەڵگە و گەل و نەتەوە و دەوڵەت و مرۆڤایەتی و جیهان، کار دەکات لەسەر هەر سێ بەشەکەی مرۆڤ (عەقڵ و ڕۆح و جەستە)، یان بڵێین (عەقڵ و بیرو فکر و ناخ و ڕۆح و خوڕەوشت و کردار و گوفتار و مامەڵە)، بەشێوەیەك هەوڵ دەدات ڕێنماییەکی تەواو و ڕێك و پێك و جوانی هەموو ئەم بەشانە بکات و کەموکوڕی و ناتەواوی و ناشیرینی ئەو بەشانە نەهێڵێت و لەسەر فیترەت بیانهێڵێتەوە و پەروەردەیان بکات، بەشێوەیەك کە لە خزمەت مرۆڤ و مرۆڤایەتی و خودای گەورەدا بەکاریان بێنێت و دنیا و دواڕۆژیان پێ ڕووناك بکاتەوە. ئینجا کە مرۆڤێکی بەم شێوە جوانە پەروەردەکرد ڕاستەوخۆ خێزان و کۆمەڵگە و گەل و نەتەوە و دەوڵەت و جیهان پەروەردە دەبێت و دەکەونە سەر ڕێڕەوێکی دڕووست و هاوسەنگ.

بواره‌کانی ئیشکردنی ئیسلام :

له‌پێشه‌وه وتمان ئیسلام کار له‌سه‌ر تاك و خێزان و کۆمه‌ڵگه و نه‌ته‌وه و گه‌ل و ده‌وڵه‌ت ده‌کات به‌شێوه‌یه‌ك که سیسته‌م و به‌رنامه بۆ هه‌موویان داده‌نێت به‌بێ ئه‌وه‌ی تێکگیران رووبدات له‌گه‌ڵ عه‌قڵ و فیکر و سروشت و ڕۆح و ناخ و لاشه و مامه‌ڵه‌یان، به‌ڵام له‌کۆتاییدا هه‌موویان ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ مرۆڤ خۆی وه‌ك تاك، بۆیه لێره‌دا باسی مرۆڤ ده‌که‌ین.

به‌شه سه‌ره‌کیه‌کانی مرۆڤ و ڕینمایی ئیسلام بۆیان :

١.عه‌قـــڵ: ئیسلام به‌رنامه‌یه‌کی تێرو ته‌سه‌ل و جوانی هه‌یه بۆ ڕێنمونی عه‌قڵ و فیکر و هزر و، وه‌ڵامی ته‌واوی پێیه بۆ پرسیاره عه‌قڵی و فکری و فه‌لسه‌فیه‌کان به‌شێوه‌یه‌ك هیچ شتێك نابینی له بنه‌ما نه‌گۆڕه‌کانی ئیسلام که له‌گه‌ڵ عه‌قڵ تێك بگیرێن، به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که ئیسلام به‌رنامه و وه‌ڵامی ته‌واوی پێیه قورئان و سوننه‌ته، هه‌روه‌ها هه‌بوونی زانستێکی گرینگ و فراوان به‌ناوی زانستی بیرو باوەڕ (علم العقيدة الإسلامية) هه‌روه‌ها هه‌بوونی هزر و فیکر و فه‌لسه‌فه‌ی ئیسلامی، که هه‌ر یه‌کێکیان به سه‌دان و هه‌زاران پەرتوکی له باره‌وه نووسراوه، بۆیه هیچ بابه‌تێکی عه‌قیده‌یی و فیکری و فه‌لسه‌فی و زانستی نابینی که زانایان و بیرمه‌ندان و فه‌یلوسوفان لێی نه‌دوابن و کتێب و توێژینه‌وه‌یان له باره‌وه نه‌نووسیبێت، هه‌روه‌ك له ئیسلامدا ڕێگری له بیر کردنه‌وه و عه‌قڵ به‌کار هینان نه‌کراوه به‌ڵکو فه‌رمانی پێکراوه، هه‌روه‌ها هه‌موو شتێك که زه‌ره‌ر بگه‌یه‌نێت به عه‌قڵ و بیر و هۆش یاساغ و حه‌ڕام کراوه بۆ نموونه ماددە هۆش به‌ره‌کان، که‌واته ئیسلام به‌شه سه‌رەکیه‌که‌ی مرۆڤی پشتگوێ نه‌خست که بریتیه له عه‌قڵ.

٢. ڕۆح و نـــاخ: ئیسلام به‌رنامه‌یه‌کی تێر و ته‌سه‌ل و جوانی هه‌یه بۆ ڕێنمونی کردن و ئاراسته‌کردنی ڕۆح و دڵ و ده‌روون، وه ناته‌واوی و ناڕێکی و که‌م و کوڕی و بۆشاییه‌کانی بۆ پرده‌کاته‌وه، بۆیه هیچ شتێك نابینی له ئیسلامدا که له‌گه‌ڵ ڕۆح و ناخ و دڵ و ده‌روون و فیتره‌ت و خوڕه‌وشت و ئاکاری مرۆڤدا نه‌گونجێ و تێك

بگیرێت، بەڵگەش لەسەر ئەمە قورئان و سوننەتە، هەروەها هەبوونی زانستێك بەناوی زاستی پاککردنەوەی ڕۆح و دڵ و دەرون (علم تزكية النفس) یان زانستی ئەخلاق (علم الاخلاق)، کە کار دەکات لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ خۆی بڕازێنێتەوە بە هەموو خوڕەوشت و ئەخلاق و سیفەتێکی جوان و باش لە ناوەوەو لە دەرەوەی خۆیدا وە خۆی دارێنێت و دوورکەوێتەوە لە هەموو خوڕەوشت و ئەخلاق و سیفەتێکی ناشیرن و خراپ لە ناوەوە و لە دەرەوەی، کەواتە ئیسلام ئەو بەشە سەرەکییەی تری مرۆڤی پشتگوێ نەخست و گرینگیەکی تەواوی پێداوە و ڕێنمایی تەواوی کردووە و بۆشاییەکانی پڕ کردوەتەوە و هیچ شتێکی تێدا نییە کە تێك بگیرێ لەگەڵیدا، بۆیە ئەو بەشەش کە جوان و ڕێك و پێك بوو ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و جوان و باشی دەبێت لەسەر گوفتار و ڕەفتار.

٣. لاشە و جەستە و ئەندامە دیارەکان: ئەم لایەنەش دەبێت بەدوو بەشەوە:

یەکەم: پەیوەندی مرۆڤ بەخوداوە.

دووەم: پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە.

یەکەمیان: کە پەیوەندی مرۆڤە بەخوداوە خۆی لە پەرستشەکان (العبادات) دا دەبینێتە وەك نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و... ، ئیسلام گرینگیەکی زۆری پێداوە و بەرنامە و سیستمێکی تایبەتی بۆ داناوە هەم لەڕێی قورئان و هەم لەڕێی سوننەت و پاشان هەم لە ڕێی زانایان و دانانی زانستێك بەناوی (فیقه) (علم الفقه الإسلامي) کە بە سەدان و هەزاران پەرتوکی لەبارەوە نووسراوە و هیچ شتێکی شاراوە نەماوە قسەی تێدا نەکردبێت، کەواتە ئیسلام ئەو بەشەی مرۆڤیشی پشتگوێ نەخستوە بەڵکو زۆر بە جوانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودای گەورەی ڕێك خستووە.

دووەمیان: کە بریتیە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان خۆیان (المعاملات)، ئیسلام زۆر بەجوانی و ڕێك و پێکی بەرنامەی بۆ داناوە بەشێوەیەك کە هیچ شتێکی تێدا نییە کە لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤایەتی و عەقڵ و سروشت و فیترەت و ڕۆح و ناخی

مرۆڤدا نەگونجێت، ئەم بەرنامە و گرینگی پێدانە هەم لە قورئان هەم لە سوننەت و هەم لە زانستی (فقە) بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەو یاسانەی ئەوڕۆ باون و کاریان پێ دەکرێت لە جیهاندا هەموویان زۆر جوانتر و باشتر و ڕێك و پێکترو تێر و تەسەلتر بوونیان هەیە لە ئیسلامدا، بۆنموونە:

١. یاسای باری کەسێتی (قانون الاحوال الشخصیه).
٢. یاسای شارستانی (القانون المدني).
٣. یاسای دادبینی (قانون المرافعات).
٤. یاسای تایبەتی نێودەوڵەتی(القانون الدولي الخاص).
٥. یاسای گشتی نێودەوڵەتی (القانون الدولي العام).
٦. یاسای دەستوری (القانون الدستوري).
٧. یاسای دارایی (القانون المالي).
٨. یاسای تاوانکاری (القانون الجنائي).

بۆیە بینیمان کە ئیسلام بەرنامەی تەواو و جوان و تێر و تەسەلی پێیە بۆ هەموو ئەو بوارانە، وە هەر شتێك زەرەری هەبێت بۆ هەر یەکێك لەم بوارانە ئەوە یاساغ و حەرامی کردووە، وە بەتەواوەتی سود و قازانج و بەرژەوەندی تاك و خێزان و کۆمەڵگە و گەل و نەتەوەو دەوڵەتی ڕەچاو کردووە و هیچ شتێکی دانەناوە کە زەرەری بۆ ئەوانە هەبێت و تێك بگیرێ لەگەڵیاندا، بەڵکو هەرچی سودی هەیە بۆی داناون و ڕێگری لێنەکردوون.

تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئیسلام :

١. سەرچاوەکەی خودایە.
٢. پەیامەکەی گشتی و جیهانیە بۆ هەموو مرۆڤ و کات و شوێن و سیستمەکان.....
٣. بەرنامەکەی گشتگیرە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان.

٤. واقیعییە و ڕەچاوی واقیع و بارودۆخ و کات و شوێنەکان دەکات.

٥. میانڕەوە و دوورە لە زیادەڕەوی و کورت ڕەوی.

٦. ڕوون و ئاشکرا و ڕاشکاوە.

٧. کۆکەرەوی نەگۆڕەکانی خۆی و گۆڕاو و گۆڕانکاری سەردەمەکانە.

٨. مرۆڤ دۆستە و لەگەڵ هەموو بەشەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگونجێت.

ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام:

١. پەروەردەکردن و دروستکردنی مرۆڤێکی باش و بەڕەوشت و چاکەخواز و تۆکمە، بە هەر سێ بەشەکەیەوە (عەقڵ و ڕۆح و جەستە).

٢. پەروەردەکردن و دروستکردنی خیزانێکی باش و بەڕەوشت و چاکەخواز و تۆکمە، بە هەر سێ بەشەکەیەوە (عەقڵ و ڕۆح و جەستە).

٣. پەروەردەکردن و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی باش و بەڕەوشت و چاکەخوداز و شارستانی و تۆکمە، بە هەر سێ بەشەکەیەوە (عەقڵ و ڕۆح وجەستە).

٤. دروستکردنی دەوڵەتێکی باش و بەڕەوشت و چاکەخواز و دادپەروەر و مەدەنی.

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئیسلام تاکە بەرنامەیە کە هەموو بوارەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی تێدایە بەبێ ئەوەی لەگەڵ (عەقڵ و بیرو فیکرو ناخ و ڕۆح و خورەوشت و کردار و گوفتار و مامەڵە و دونیا و دواڕۆژ)دا هیچ تێکگیرانێکی هەبێت، نەك هەر تێکگیرانی نیە بەڵکو ڕێنمایی تەواو و ڕێك و پێك و جوان و تێر و تەسەلی تیدایە بۆیان.

ئیسلام چی پێشکەشی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کردووە؟

ئەو بابەتە بابەتێکی زۆر گرنگ و قوڵ و فراوانە بەچەند پەڕە و کتێب بەڵکو بەدەیان کتێبیش حەقی پێنادرێت بەڵام لێرەدا زۆر بەکورتی چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو وەك مەتن و سەرە قەڵەمێك وەك ناونیشان کە هەر یەکەیان کتێبێك یان چەند کتێبێکی پێویستە....

١- عەقیدەیەکی ڕەببانی خودایی ڕوون و بەڵگەدار و وەسەطی ومیانڕە و کردەیی و گشتگیر.

واتە: خودایی و مرۆیی نییە.

ڕوونە و بێگرێ و گۆڵە و ناڕوونی تێدا نییە وەك ئایین و ڕێبازە فکری و فەلسەفییەکان.

بەڵگەدارە و بەبێ بەڵگە قسە ناکات.

وەسەطی و میانڕەوە و دوورە لە تەڕەفگیری، نە مادییە نە میثالی، نە.....

عەمەلی و کردەییە و بەتەنها وەك بیر و باوەڕ نامێنێتەوە و بەردەوام پاڵنەرە بۆ کردەوە و مرۆڤێکی کردەیی دروستە دەکات.

گشتگیرە و بەتەنها لایەنێکی فیکر باس ناکات، بەڵکو هەموو پرس و پرسیارە گەورەکانی مرۆڤ وەڵام دەداتەوە.

هەریەکێك لەوانەی کە باسمان کردن پێویستیان بەڕاقەکردنی زۆرە بەڵام ئێمە لەبەر درێژبوونەوە ناتوانین.

٢- ڕێزگرتنی مرۆڤ و پێناساندنی ماف و ئەرکەکانی.

واتە:هەم ڕێزی بۆ گێڕایەوە، هەمیش پێی گوت ماف و ئەرکەکانت چین.

٣- دواندنی عەقڵ و گرنگپێدانی و گێڕانەوەی ڕۆڵ بۆی.

٤- کۆکردنەوەی دین و دونیا بەیەکەوە.

واتە: دەکرێت و دەتوانرێت لەیەك کاتتدا مرۆڤێکی دیندار و قیامەت ویست بی و لە هەمان کاتتدا پشتت لە دونیا نەبێت و دونیا ویستیش بیت.

٥- دژایەتی کردنی نائومێدی و ڕەشبینی و بنیاتنانی تاك و کۆمەڵگەیەکی گەشبین و ورەبەرز.

٦- بنیاتنانی تاك و کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و ڕەوشتبەرز.

٧- بنیاتنانی پەیوەندییکی بەهێز لە نێوان ئایین و زانستدا، یان ئاشتکردنەوەی ئایین و زانست.

٨- بەگەڕ خستن و بەکار هێنانی عەقڵ هەتا لە بابەتە ئایینیەکانیشدا.

٩- بنیاتنانی تاك و گۆمەڵگەیەکی گرینگیدەر بەکار و باری مرۆڤ و مرۆڤایەتی و جیهان.

١٠- هاوسەنگی لە نێوان ماددیەت و ڕۆحانیەتدا.

١١- فراوانکردنی بازنەی عیبادەت، هەتا وای لێکردووە هەرشتێك ئەگەر عادەتیش بێت بە نیەتێکی باشەوە ئەوا بەعیبادەت بۆی حسابە، یان دەتوانین بڵێین هەر شتێك سوودی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەبێت وەك: زانست و،..... ئەوا بەعیبادەت بۆی حسابە.

١٢- بانگەوازی بۆلای (اجتهاد) و تێکۆشان و بیرکردنەوە و نوێگەری.

١٣- بانگەوازی بۆ لای میانڕەوی و هاوسەنگی لە هەموبوارەکانی ژیاندا.

١٤- واقیعی بوونێکی هاوسەنگانە کە گرنگی بدات بە هەموو بەشەکانی مرۆڤ بە (عقڵ، ڕوح، جەستە) یەوە.

١٥- ئازادکردن و ئازاکردنی ئافرەت و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی.

١٦- ئازادکردنی مرۆڤ لە کۆیلایەتی و وشك کردنی هەموو ڕێگاکانی کۆیلایەتی.

١٧- گرنگیدانێکی زۆر بەخێزان و ناساندنی وەك بناغەی کۆمەڵگە.

١٨- گرنگیدان بە پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن.

١٩- بەهێزکردنی پەیوەندی برایانە لە نێوان خەڵك و گەلان و ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان.

٢٠- دادگەری لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و.....

٢١- واجبکردنی شورا و ڕاوێژ کردن.

٢٢- حەرامکردنی کەهانەت و ڕەهبانیەت و دونیا تەرك کردن.

٢٣- حەرامکردنی هەموو شتێکی زیانبەخش و خراپ و ناشرین و پیس.

٢٤- حەرامکردنی هەموو جۆرەکانی زوڵم و ستەمێك.

٢٥- گرنگیدان بە سەروەت و سامان و گەشەپێدانی.

٢٦- گرنگیدان بە چین و توێژە لاواز و پەککەوتەکانی کۆمەڵگە.

٢٧- دروستکردن و ڕاستکردنەوەی هەستی نیشتیمانپەروەری.

٢٨- بانگەوازیکردن بە حیکمەت و دانایی و گفتوگۆی جوان.

٢٩- ڕێزگرتن لە ئایین و بیر و باوەڕەکانی تر و گفتوگۆ و مامەڵەی جوان لەگەڵیاندا.

٣٠- بنیاتنانی شارستانیەتێکی جیاواز و ناوازە.

٣١- یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکان و نەهێشتنی چینایەتی.

بوونی خودا (بەڵگەی زگماک، فیترەت، سروشت)

● ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ﴾ ●

الروم: ٣٠

((ئەی ئینسان بە دڵێکی پاك و بێگەردەوە) ڕوو بکەرە بەرنامە و ئایینی خودا و ئەملاولا مەکە، خەڵکینە ئێوەش پابەندی ئەو نەخشە و فیترەت و سروشتە بن کە خودای گەورە ئێوەی لەسەری دروستکردووە).

ئەم فەرمایشتە بەرزە ئاماژەیە بە یەکێك لە بەهێزترین بەڵگەکانی بوونی خودای گەورە، ئەویش بەڵگەی فیترەتە، پوختەی ئەم بەڵگەیەش بەم شێوەوەیە:

مرۆڤ ئەگەر وازی لێبهێنرێ بەبێ مامۆستا و فێرکار و پەروەردەکار هەست بەبوون و هێزێکی دەرەکی دەکات کە ئەو گەردوون و بوونەوەری دروستکردووە, ڕێکیخستووە, ئەندازەی گرتووە, ڕێنموونی کردووە, وەڵامی هەموو داواکارییەکانی دەداتەوە و چاودێری دەکات و ئاگای لێدەبێت و.....

کەواتە فیترەت و زگماك بریتییە لەو هەستەی کە مرۆڤ هەستی پێدەکات بەبێ فێرکردن و ئاڕاستە کردن، لێی جیا نابێتەوە، ئەگەر چی لاوازیش ببێ، وەك زانستخوازی و چاکەخوازی و جوانیخوازی و غەریزەکان، بۆیە ئەگەر وا دابنێی مرۆڤێك لە دەشتاییەك لە دایکبووە و دووربووە لە فێرکردن و پەروەردەکردنی دەوروبەر و کۆمەڵگا، وە لەپاشاندا گەورەبوو و باڵغ بوو، ئەوا چۆن هەست بە شتی جوان دەکات و هەست بە چاکەکاری دەکات و هەست بە خراپی ستەم و خیانەت و.....، دەکات، وە چۆن هەست بە غەریزەکان دەکات، ئاواش هەست بە هێزێکی دەرەکی دەکات کە خودای گەورەیە، کە ئەو گەردوونەی دروستکردووە و ڕێکیخستووە و.....

کەواتە هەروەك چۆن دەزانێ پێویستی بە خودادنە بۆ تێربوونی، وە پێویستی بە ئاوە بۆ تینوێتی شکانی، وە پێویستی بە سێکسە بۆ تێرکردنی شەهوەت و ئارەزووی و، غەیری ئەوانەش لە هەموو جۆرەکانی غەریزە، ئاواش هەست بە دروستکەرێك دەکات کە دروستیبکات، وە پرسیار دەکات لە کوێوە هاتووم؟ بۆچی هاتووم؟ بۆ کوێ دەچم؟ من کێم؟ کێ منی دروستکردووە؟ دەبێ چی بکەم؟ سەرەنجامی ئەو گەردوونە چۆن دەبێ؟... ؟

بۆیە وەك زانایانی دەروونناس دەڵێن: چوار شتی فیتری و خودارسکیان هەن، کە لەگەڵ سروشی مرۆڤدا تێکەڵ بوون و لێی جیانابنەوە، ئەو چوار شتە فیترێی و زگماکە بریتین لە:

١- زانستخوازی.

٢- چاکەخوازی.

٣- جوانیخوازی.

٤- خوداناسی.

کەواتە ئەوانە سیفەت گەلێکن کە هەموو مرۆڤایەتی تێیدای بەشدارن، بۆ نموونە: هەموو کەسێك کە تۆزێك فامی کرد پرسیار دەکات و بەدوای شتدا دەگەڕێ و، هەموو مرۆڤێك چاکەخوازە، بۆ نموونە دایك سۆزی هەیە بۆ ڕۆڵەکەی و، هەموو مرۆڤێکیش حەزی بە جوانییە و ڕقی لە ناڕێکییە، بە هەمان شێوە هەموو مرۆڤێك هەست بە هێزێکی دەرەکی دەکات و حەزی لە ملکەچیە بۆ ئەوە، هەست دەکات پێویستی پێیەتی، ئەگەر هەلومەرجی بۆ بڕەخسێ و ژینگەی دەوروبەری تێکی نەدەن، ئەگەر هەر نەبێ لەکاتی ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەدا هەست بەو هێزە دەکات و پەنای بۆ دەبات.

کەواتە بۆمان دەرکەوت خوداناسی شتێکی زگماکی و فیترێی و ڕوحیە کە خودای گەورە چاندوویەتی و ڕواندوویەتی و چەقاندوویەتی لەناو دڵ و دەروون و ڕوح و بیر و هۆشی مرۆڤدا، هەروەك چۆن غەریزەکان و زانستخوازی و چاکەخوازی

و جوانیخوازی چاندووە، بە هەمان شێوە خوداناسیشی چاندووە، هەروەك چۆن مرۆڤ خودا وای دروستکردووە کە گەدەی بەتاڵ بوو هەست بە برسێتی بکات ئەگەرنا لە برسان دەمرد هەستی نەدەکرد، ئاواش وای دروستکردووە کە ڕوحی برسی ببێ بۆ بەرەو خوداچوون و خوداپەرستی و عەودالبوون و موشتاق بوون و خۆشەویستی و ڕێز و سام و سەرسام بوون بەرانبەر بە خودای پەروەردگار.

هەر بۆیە ئەگەر دیقەت بدەینە نیشانە و تایەتمەندییەکانی هەستە ڕوحی و خوداڕسکێ و زگماکیەکان، دەبینین هەموویان بەسەر خوداناسیدا جێبەجێ دەبن، بۆیە ئەگەر بڕوانینە ئەو هەستانە دەبینین چوار تایبەتمەندییان هەیە:

١- گشتی بوون.

٢- پێویستیان بە فێرکردن نیە.

٣- دەگونجێت کپ بکرێن.

٤- ئەگەر هەلومەرجی گونجاوییان بۆ نەڕەخسێ مەرج نیە گەشە بکەن.

دەبینین هەر چواریان جێبەجێ دەبن بەسەر خوداناسیدا، چونکە خوداناسی: گشتیە و هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی تێدا هاوبەشن بە جیاوازی ڕەنگ و دەنگ و ڕەگەز و شوێن و کات و ژن و پیاو و خوێندەوار و نەخوێندەوار و زانا و نەزان و هەژار و دەوڵەمەند و.... هەرەها پێویستیشی بە فێرکردن نییە، ئەگەر کەسێك لە شوێنێك بێت کە هیچ کەسی لێنەبێ و هیچ مامۆستا و پەروەدەکار و فێرکاریشی نەبێت، دەبینین هەست بەو هەستە دەکات، هەروەها دەکرێ کپیش بکرێت، وەك مولحیدەکان کە کپیان کردووە، بەڵام ناتوانن ڕیشەکێشی بکەن، چونکە لەکاتی ناخۆشیدا پەنادەبەنە بەر خودا، بۆیە پەندێکی غەربی هەیە دەڵێ: (هیچ مولحیدێکت دەستناکەوێ لە خەندەقەکاندا)، هەروەها ئەو هەستە خوداناسیە ئەگەر هەلومەرجی بۆ نەڕەخسێ گەشە ناکات و پێش ناکەوێت، بەڵام دووبارە هەر ڕیشەکێش ناکرێت.

بۆیە ئەو قسەیەی فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسی (ڕینێ دیکارت) کە زانای فیزیا و بیرکاریشە، وە بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرنە ناسراوە (أبو الفلسفة الحديثة) دەڵێ: (من لەگەڵ ئەوەی هەست بە کەم و کوڕییەکی زۆر دەکەم لە ناخمدا بەڵام لە هەمان کاتدا هەست بە زاتێکی زۆر گەورە و تەواو و کامڵ دەکەم، کە هەست دەکەم ناچارم دەکات بۆ ئەوەی باوەڕی پێبهێنم، وە دڵنیام ئەو هەستەی کە لام دروستبووە و ڕۆچووە لە ناخمدا ئەو زاتە کاملە لە ناخمدا چاندوویەتی، کە ئەو زاتە لوتکەی کاملی و تەواوییە و ڕازاوەیە بە هەموو سیفەتە جوانەکان)، کەواتە (دیکارت) خودی خۆی ناخی خۆی نەفسی خۆی دەکاتە بەڵگە لەسەر بوونی خودای گەورە، وە دەڵێ: هەر ئەو زاتە گەروەیە کە ئەو هەستەی لە ناخمدا چاندووە، ئەگەرنا لە خۆوە ئەو هەستە چۆن دروستدەبێ؟، وە دەڵێت: نەفسم بە دوای کاملییەوەیە، چونکە ناقس و ناتەواوە، وە دەڕوانمە دەوروبەرم هەر هەمووی جۆرێك لە کەموکوڕی تێدایە و کاملی موطلەق و ڕەها نین، کەواتە ئەو زاتە کاملە کە کاملێکی تر لە سەرووی ئەوەوە نیە و بریتییە لە (خودا).. [١]

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ خوداڕسك بوون و زگماك بوونی خودا لای فەیلەسوفە گەورەکان و زانا گەورە و ناوداڕەکانیش بوونی هەیە و ڕەگی داکوتاوە گەیشتووە بەوەی تەنها و تەنها ئەو هەستە قوڵە فیترەییە بکرێتە بەڵگە لەسەر بوونی خودا، هەر وەکو بینیمان لای (ڕینێ دیکارت).

وە ئەگەر بڕوانینە مێژووش دووبارە مێژووش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر زگماك (فیترەت)ی بوونی خودای گەورە، چونکە وەك گوتمان تایبەتمەندی شتە فیترییەکان بریتییە لە گشتی بوون، بۆیە وەك باسمان کرد مێژوونووسی گەورەی یۆنانی (پلۆتارك) دەڵێ: (لە مێژوودا گەڵێك شارمان بینیوە بەبێ قەڵاو قوللە، شاریشمان بینیوە بەبێ کۆشك و تەلار، زۆر شاریشمان دیوە بە بێ قوتابخانە، بەڵام هەرگیز شارێکمان نەبینیوە بەبێ پەرستگا).[٢]

---

(١) وجود الله، الدكتور يوسف القرضاوي، (١٩).

(٢) الدين، بحوث ممهد لدراسة تاريخ الأديان، عبد الله دراز، (٨٣).

هەروەها فەیلەسوفی فەڕەنسی (هینری بێرگسۆن) دەڵێ: (کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبووە دوور لە زانست و هونەر و فەلسەفە ژیانیان بەسەر بردووە، بەڵام هەرگیز هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی نەبووە دوور لە ئایین ژیانیان بەسەر بردبێت).[١]

هەروەها مێژوونووسی گەورە (ویل دیورانت) لە کتێبی (قصة الحضارة)دا دەڵێت: هەتا ئێستاش ئەو بیروباوەڕە کۆنە ڕاست و دروستە کە پێی وایە ئایین دیاردەیەکە هەموو مرۆڤایەتی گرتۆتەوە).

کەواتە شتێك کە فیترێی و زگماکی و خوداڕسکی نەبێ چۆن وا دەڕوێت لە ناخی هەموو تاکێکدا بە درێژایی مێژوو، بە جیاوازی ڕەگەز و کات و شوێن و کۆمەڵگاو زانا و نەزان و.....؟!

وە ئێمە لێرەدا باسی پێنج شت دەکەین کە دووبارە فیترین و لە سەرووی مرۆڤەوە سەپێنراون بەسەر مرۆڤدا کە ناتوانین بەهیچ جۆرێك تەفسیری ماددیانەی بۆ بکەین.

یەکەم: شتە زەروورییە عەقڵییەکان، سەرەتا عەقڵییە یەکەمەکان (المبادئ العقلية الاولية):

مەبەست لەو جۆرە ئەو شتانەن کە عەقڵ ڕاستەوخۆ و یەکسەر قبوڵیان دەکات بەبێ چەند و چوون، بۆ نموونە:

١- دوو شتی دژبەیەك، لە یەك کات و شوێندا بەیەکەوە کۆنابنەوە (اجتماع النقيضين مستحيل). بۆ نموونە: بوون و نەبوون (الوجود والعدم)، واتا: ناگونجێ بڵێیت: ئەو شتە هەیە لە هەمان کاتیشدا نیە!

٢- دوو کۆ دوو دەکاتە چوار: (٢+٢=٤) یان چوار کۆ چوار دەکاتە هەشت (٤+٤=٨).

---

(١) الدين، بحوث ممهد لدراسة تاريخ الأديان، عبد الله دراز، (٨٣).

٣- بەش لە هەموو کەمترە (الجزء أقل من الكل):

بۆ نموونە بەشێکی سەیارەیەك بچووکترە لە هەموو سەیارەکە، منداڵێکی بچووکیش ئەمە دەزانێ.

٤- هەموو پەیدابوویەك پەیداکەرێکی هەیە (لكل حادث محدث).

دووەم: ڕەوشت و ئەخلاق:

ئەخلاق یەکێکی تر لە شتە فیترییەکان کە هەرگیز ناتوانرێ تەفسیری ماددی بۆ بکرێت. هەر بۆیە هەرچی مولحیدە لە بەرانبەر ئەوەدا دەستەوەستانە و نازانێ چۆن وەڵامبداتەوە، هەر ئەوەیە کە (کانت) فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی کردوویەتی بە بەڵگە لەسەر بوونی خودا، بۆ نمونە کێ لە ناخی مرۆڤدا ڕواندی و جێگیری کرد، کە (دادگەری، ڕاستگۆیی، ئەمانەت پارێزی...) باشن، وە (ستەم، درۆ، خیانەت...) خراپن؟!

ئایا ماددە دەتوانێ ئەوانە لە مرۆڤدا بچێنێ و بچەسپێنێت؟! بۆ دیارە ماددە بۆ خۆی ئەوانەی هەن؟! کەواتە ئەوانە شتانێکی تەواو تەواو خوداڕسك و زگماك و فیترین.

سێیەم: غەریزەکان:

غەریزەکان یەکێکی ترن لە شتە فیترییەکان، بۆ نموونە سۆزی دایك، باشە کێ وای لە دایك کرد سۆزی هەبێ؟ کێ وای لە درندەکان کرد سۆزیان هەبێ هەر هەموویان؟ کێ وای لە شێر و پڵینگ کرد ئەوەندە سۆزیان هەبێت کە بێچووەکە بوو تا چەند ڕۆژێك هەڵی بگرن بە دەمیانەوە بێت و ئەولاو ئەملای پێ بکەن؟ لە ترسی ئەوەی مێش و مەگەزو... بیخۆن؟ یان کێ ئەو سۆزەی پێ بەخشین کە خۆیان برسی بکەن بۆ تێرکردنی بێچووەکانی؟ ئایا ماددە سۆزی هەیە تاوەکو بیبەخشێ؟!

چوارەم: هەست کردن بە ئازادی و سەربەستی:

یەکێکی تر لە شتە زگماك (فیترییە) کان بریتییە لە ویست و ئازادی و سەربەستی و ئیرادە، کە خودای گەورە داویەتی بە مرۆڤ، وە پێویستی بە فێکردن نیە و گشتییە و هەموو مرۆڤەکان تێیدا بەشدارن، باشە ئەگەر مرۆڤ دەستکردی ماددە و سروشت بێت، ئەی ئەو ئیرادە و ئازادییەی لە کوێوە هێنا؟ ئەگەر مرۆڤ زادەی ماددە و سروشت با نەدەبوو ئیرادە و ویست و ئازادی هەبێ، ئەی کە هەیەتی لە کوێوەی هێنا؟ کەواتە ئیرادە و ئازادیش فیترین خودا چاندوونی لەناو مرۆڤدا.

پێنجەم: هەستکردن بە ئامانجداری:

یەکێکی تر لە شتە فیترییەکان بریتییە لە هەستکردن بە ئامانجداری، بۆ نموونە هەر کە فامی کردەوە دەپرسێت: (لە کوێوە هاتووم؟ بۆچی هاتووم؟ بۆ کوێ دەچم؟ من کێم؟ دەبێ چی بکەم؟ کێ ئەو گەردوونەی دورستکردووە؟ سەرەنجامی گەردوون چۆن دەبێ؟

کەواتە کێ ئەو ئامانجداریە و ئەو پرسیارانەی لەناو ناخی مرۆڤدا چاند؟ ئایا ماددە دەتوانێ ئەو پرسیارانە لەناو ناخی هەموو مرۆڤێکدا بچێنێ و بیگشتێنێ بەسەر هەموویاندا؟

بۆ دیارە ماددە بۆ خۆی ئامانجدار و پرسیارکەرە؟ سروشت ئامانجی هەیە؟ تاوەکو ئامانج ببەخشێ بە مرۆڤ؟!.

کەواتە هەر هەستی خوداناسی نیە کە فیترێ و زگماکی و خوداپرسکییە بەڵکو ئەوانە کە باسمانکردن فیترین و سەرچاوەکەیان خودای پەروەردگارە، هەر بۆیەش ئەوانە هەموویان گشتین و پێویستیان بە فێرکردنیش نیە، کەواتە لێرەوە بۆمان دەرکەوت ئیمان شتێکی فیترێ و زگماکییە و خودای گەورە لە ناوخۆی مرۆڤدا چاندوویتی وەك هەموو شتە فیترییەکانی تر.[١]

---

(١) بۆ نوسینی ئەم بابەتە زۆر سوودم لە کتێبی (شموع النهار، إطلال على الجدل الديني

بۆیە ئێستا ئێمە لێرەدا چەند شتێك باس دەکەین کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندییان بە ماددەوە نییە و لە دەرەوەی ماددەن:

١- ژیان

٢- ویست

٣- غەریزەکان

٤- ئامانج و مەبەست

٥- جوانیخوازی

٦- چاکەخوازی

٧- زانستخوازی

٨- خوداناسی

٩- ڕێکسازی

١٠- ڕێنموونی کردن

١١- ئەندازەگیری

١٢- وەڵامدانەوەی داواکاری

١٣- عەقڵ و هۆش

١٤- ڕق لێبوونەوە

١٥- ڕەوشت

١٦- شەرمکردن

١٧- فیداکاری

١٨- ئارامگرتن

الإلحادي المعاصر في مسألة الوجود الإلهي) الدكتور عبد الله بن صالح العجيري، بينيوه، لاپەڕە (٣٩-٨٥).

١٩- تێگەیشتن

٢٠- دڵسۆزی

٢١- بڕیاردان

٢٢- هیوا

٢٣- پشت بەستن

٢٤- خۆنەویستی

٢٥- ئازار

٢٦- لێبوردەیی

٢٧- بەزەیی

٢٨- قەناعەت

٢٩- بیرکردنەوە

٣٠- خەمخۆری

٣١- جددیەت

٣٢- حیکمەت و دانایی

٣٣- ئینتیما

٣٤- ڕێز

٣٥- کێبڕکێ

٣٦- زانست

٣٧- حەسوودی

٣٨- عوجب

٣٩- خۆ بە گەورەزانی

٤٠- خراپەکاری

٤١- ترسنۆکی

٤٢- ئازایەتی.

زۆر شتی تریش.....

ئایا ماددە ئەوانەی هەن؟! ئەگەر نینی – کە نینی – چۆن دەتوانێ بیانبەخشێ؟!، کەواتە ئەوانەی نین و ناتوانێ بیانبەخشێ و نەشیتوانیوە، ئەی لە کوێوە هاتوون؟![1]

---

(١) بڕوانە: ئیلحاد وەك خۆی، صلاح الدین أحمد، ١٨٢ _ ١٩٢.

بوونی خودا (بەڵگەی بەدیهێنان)

● ﴿ أَمْ خُلِقُواْ مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴾ ● الطور: ٣٥

(ئایا ئەوانە لە هیچەوە دروستبوون یان خۆیان دروستکارن؟!)

ئەم فەرمایشتە پیرۆزە عەقڵ دەدوێنێت بۆ بابەتیکی لۆژیکی و فەلسەفی زۆر گرینگ ئەویش بریتیە لە: (ئایا هیچ شتێك لە نەبوونێکی ڕەهاوە (العدم المطلق) بەبێ هیچ هێزێکی دەرەکی دێتە بوون)؟! بێگومان نەخێر، هەر بۆیە ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی کۆببنەوە ناتوانن گرامێك مادده لە نەبووەوە بهێننە بوون.

ئەم فەرمایشتە بەرزە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر بوونی خوای گەورە، چونکە ئاماژەیە بۆ: ((بەڵگەی دروستکردن)، بەڵگەی دروستکردن دەڵێت:

(هەموو دروستکراوێك دروستکەرێکی هەیە).

پوختەی بەڵگەی دروستکردن و بەدیهێنان (دلیل الخلق):

هەموو دروستکراوێك دروستکەرێکی هەیە (لکل مخلوق خالق).

هەموو پەیدابووێك پەیداکەرێکی هەیە (لکل حادث محدث).

یان: گەردوون سەرەتایەکی هەیە.

هەر شتێك سەرەتای هەبێ دروستکراوە و دروستکەری هەیە.

کەواتە: گەردوون دروستکراوە و دروستکەری هەیە.

ئەو یاسایە یاسایەکی عەقڵییە و هیچ مرۆڤێکی خاوەن عەقڵ ناتوانێت نکوولی لێ بکات، چونکە ناکرێ شتێك دروستکرابێ و پەیدابووبێ بەڵام دروستکەر و پەیداکەری نەبێ!

بۆ نموونە، بیربکەوە و تێڕابمێنە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرتن، لە خانوو، باڵەخانە، ئۆتۆمبێل و مۆبایل و.... هتد، هیچیان بەبێ دروستکەر و پەیداکەر دروست نەبوون و پەیدانەبوون، کەواتە ئەگەر باڵەخانەیەك یان خانوویەك یان پەرتووکێك یان پێنووسێك یان دەرزیەك یان.....، لە خۆوە و بە بێ دروستکەر دروست نەبن، ئەی باشە ئەو هەموو گەردوونە بەو هەموو گەورەییەوە چۆن دروست دەبێ بەبێ دروستکەر؟!

باشە تۆ هەر شتێك پێت بڵێم کێ دروستی کردووە لەو شتانەی لە دەوروبەرتن و لەبەر دەستن، ڕاستەوخۆ دەڵێی فلان کەس یان فلان کۆمپیانیا، ئەی باشە ئەو زەویە، ئەو خۆرە، ئەو مانگە، ئەو کۆمەڵەی خۆرە، ئەو کەهکەشانانە، ئەو گەردوونە.. کێ دروستی کردووە؟!

باشە مەعقولە و لۆژیکییە نوکە دەرزیەك پەیدا نەبێ تاوەکو کەسێك نەیهێنێتە بوون، بەڵام ئەم زەوی و خۆر و گەردوونە بە بێ دروستکەر و بە بێ پەیداکەر بێنە بوون و پەیدا ببن!

بۆ زانیاریتان هیچ کەسێك ناتوانێت یەك کەوچك یان یەك گرام لە ماددەیەك بەرهەم بهێنێت!

دەبینین ئیلحاد چەند بیرۆکەیەکی هەیە دژی ئەم یاسایە کە هەموویان گریمانەی نا لۆژیکی و نازانستی و نا عەقڵانین ئەم گریمانانە بریتین لە:

١- گەردوون بە ڕێکەوت (سوودفە) دروستبووە.

٢- گەردوون سروشت دروستیکردووە.

٣- گەردوون هەر هەبووە و ئەزەلییە.

٤- گەردوون خۆی خۆی دروستکردووە.

٥- گەردوون خەون و خەیاڵە و حەقیقەتی نییە.

خوێنەری بەڕێز بۆ خۆت وەك کەسێکی بێ لایەن لەم گریمانانە بڕوانە و حوکمبدە ئایا کامەیان ڕاست و زانستی و لۆژیکی و واقیعییە زۆر زۆر بەکورتی باسێکی ئەم گریمانانە دەکەین.

١- گەردوون بەڕێکەوت (سوودفە) دروستبووە:

پێش هەموو شتێك با بزانین (صدفة) چییە؟

(صدفة) واتە: لەپڕ، لە ناکاو، بۆ نموونە تۆ دەڵێی: من لە ماڵەوە چوومە دەرەوە لەپێش ماڵەکەم تەصادوفی کاك موحەممەدم کرد، یان دەڵێی: لەناکاو بە کاك موحەممەد گەیشتم، یان دەڵێی: سەیارەیەك لەولاوە هات سەیارەیەکیش لەملاوە هات و تەصادوفی یەکتریان کرد، کەواتە لەو حاڵەتانەدا هیچ شتێکی تازە پەیدانەبووە، کاتێك (صدفة) ڕووەدات کە(ماددە، کات، شوێن) هەبن، بۆ نموونە کە من تەصادوفی کاك محمدم کرد من هەبووم، کاك محمدیش هەبوو، کاتێکیش هەبوو کە تەصادوفی یەکترمان کرد تێیدا، هەروەها شوێنێکیش هەبوو کە تێیدا تەصادوفی یەکترمان کرد، کەواتە ئەگەر بپرسم کوانێ (صدفة)ەکە، دەتوانی پێم بڵێی؟! نەخێر ناتوانیت، چونکە(صدفة) شتێکی زیهنیە و هیچ بوونێکی سەربەخۆی نیە لە جیهانی دەرەوەدا.

باشە کەواتە مادام (صدفة) بوونێکی زیهنی بێت و لە دەرەوەی (ماددە، کات، شوێن) بوونی نەبێ، چۆن دەتوانین بڵێین گەردوون بە(صدفة) هاتۆتە بوون، چونکە بەقسەی زانا مولحیدەکانیش بێ (وەك سیڤن هۆوکینگ) گەردوون پێش سێزدە ملیار و حەوت سەد ملیۆن ساڵ(١٣٧٠٠٠٠٠٠٠٠) بوونی نەبووە، پاشان هاتۆتە بوون، کەواتە پێش ئەو کاتە (ماددە، کات، شوێن) بوونیان نەبووە، کەواتە مەجاڵێك بۆ (صدفة) نەمایەوە، چونکە(صدفة) بەبێ (ماددە، کات، شوێن) وێنا (تصور) ناکرێ، وەك باسمانکرد.

کەواتە لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئەگەرە ئەسڵ و ئەساسی نیەو تەنیا فێڵێکە و قسەیەکی بێ بنەمایە.

ئەگەر هەر بەردەوام بوو لەو نا مەعقولیە و هەر بڕوای بە(صدفة) هەبوو لە دەرەوەی (ماددە، کات، شوێن) و، گوتی گەردوون بە(صدفة) و ڕێکەوت و لەناکاو دروستبووە و هاتۆتە بوون، دەڵێین باشە، ئەی کێ دروستیکرد و هێنایە بوون؟ چونکە بەو قسەیەی کە دەیکات ڕزگاری نابێت لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە، چونکە هەموو ژیرێك و عاقڵێك، دەزانێ نەبوو(عدم) بەبێ کاریگەری دەرەکی (المؤثر الخارجي) نایەتە بوون و دروست نابێت.

باشە ئەگەر یەکێك ئەو نا مەعقولیە بکات و بڵێ: ئەو مۆبایلەی دەستت پێش (٢) ساڵ لەمەوبەر بە(صدفة) بەڕێکەوت لەناکاو دروستبوو، بەبێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی، ئایا بەشێتی نازانیت؟!

تۆ دەپرسی: باشە چۆن دەکرێ لەخۆوە و لەناکاو شتێك بێتە بوون؟!

ئێمە داوا دەکەین یەك نموونەمان بۆ بێنن کە شتێك لەناکاو و لەپڕ بەبێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی بێتە بوون، دەفەرموون نموونەیەکمان بۆ بێنن، دەفەرموون گرامێك لە ماددەمان بۆ بێنن کە لەخۆوە و لەناکاو بە (صدفة) بێتە بوون..

باشە ئێوە دەڵێن سێزدە ملیار و حەو سەد ملیۆن ساڵ لەمەوبەر بچووکترین بەشی ماددە هاتە بوون بەبێ هیچ هێزێکی دەرەکی، کە خودایە، باشە ئێمەش دەڵێین فەرموون ئێستا بە هەموو مرۆڤایەتی و بەو هەموو پێشکەوتنە زانستیەی کە زۆر شانازی پێوەدەکەن و پێتانوایە هەموو شتێکە، فەرموون شتێکمان بۆ دروستبکەن بەبێ هیچ هێزێکی دەرەکی یان گرامێك ماددەمان بۆ دروستبکەن، یان دەرزیەکمان بۆ دروستبکەن، بەبێ هیچ هێزێکی دەرەکی.

٢- گەردوون سروشت دروستیکردووە:

سەرەتا با بزانین سروشت چییە؟ سروشت وەك فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی کردووە بریتیە لە:- پێکهاتەکانی وەك زیندەوەران و نا زیندووەکان و ڕووەك و ئاژەڵەکان.....هتد.

کەواتە سروشت بۆ خۆی بریتییە لە دروستکراوەکان، کەواتە ناکرێ هەر ئەو دروستکراوانە بۆ خۆیان ببنە دروستکەری خۆیان یان غەیری خۆیان.

٣- گەردوون هەر هەبووە:

ئەم گریمانەیە بەهێزترین گریمانەی مولحیدەکان بوو، بەڵام کە بیردۆزی تەقینەوە گەورەکە (Big Bang) (الانفجار العظیم) دۆزرایەوە، ئەم گریمانەیە بە تەواوی هەرەسیهێنا, چونکە بەپێی بیردۆزی تەقینەوە گەورەکە گەردوون لە خاڵێکی زۆر زۆر بچووکەوە پەیدابووە، کە پێشتر بوونی نەبووە پێش سێزدە ملیار و حەو سەد ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، کە(ستیڤن هۆوکینگ) کە گەورەترین زانای فیزیایی ئەم سەردەمە بوو و مولحیدیش بوو دەڵێ: پێش ئەم تەقینەوەیە (مادده، کات، شوێن) بوونیان نەبووە کەواتە دەرکەوت کە گەردوون سەرەتای هەیە، هەر شتێکیش سەرەتای هەبێ، دروستکەری هەیە.

بیردۆزی تەقینەوە گەورەکە:- پێش ١٣،٨ملیار ساڵ لەمەوبەر ماددەی گەردوون لە خاڵێکدا کۆبووەوە کە چڕی و پلەی گەرمیەکی لە ڕاددەبەدەر بەرزی هەبوو، پاشان وردە وردە چڕی کەم دەکات و کشان ڕووودەدات وە پلەی گەرمیەکەشی کەم دەکات. [١]

ئەم بیردۆزە دەیسەلمێنێت کە گەرمی سەرەتای هەیە و تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە کە ناتوانرێت بگوترێت بێ سەرەتایە. [٢]

پوختەی بیردۆزەی (تەقینەوە گەورەکە) (Big bang) (الانفجار العظیم) :

ئەم گەردوونە پێش (١٣٧٠٠٠٠٠٠٠٠)[٣] سێزدە ملیار و حەو سەد ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، تاکێکی زۆر زۆر بچووك بووە، کە هیچ ئەندازەیەکی فیزیایی

---

(١) تاریخ أكثر موجز للزمن، ستیفن هوكینج، (٧٧ - ٨٣).

(٢) بڕوانە: ئیلحاد وەك خۆی، صلاح الدین أحمد، ١٠٢ _ ١١٠.

(٣) تاریخ أكثر موجز للزمن، ستیفن هوكینج، ولیونرد ملونیدوف (١٧٧).

ناتوانێت بیپێوێت، پێی دەڵێن: ئەتۆمی سەرەتایی، یان تاکی گەردوونی، یان هێلکەی گەردوونی، یان تۆوی گەردوونی (مفردة الكون) (بيضة الكون) (بذرة الكون)، بە ئینگلیزی پێیدەڵێن: (singularity) (سینگلارتی)، ئەم (singularity) یە چڕی و گەرمیەکەی زۆر زۆر بووە، دوایی لەو (singularity) گەردوون هاتۆتە بوون، کە پێش ئەو (singularity) شتێك نەبووە بەناوی (ماددە) (کات) (شوێن).

کەواتە ئەم (singularity) هەم ماددە بووە هەم وزەی لەخۆ گرتووە پاش تەقینەوەکە بەشەکانی ئەتۆم پەیدابوون، پاشان لەو پارچانە ئەتۆمەکانی هایدرۆجین و هیلیۆم پەیدابوون، پاشان لەو ئەتۆمانەش (تۆزی گەردوونی) پەیدابوو، پاشان لەو تۆزەش گەلە ئەستێرەکان پەیدابوون، پاشان دانە دانەی ئەستێرەکان دروستبوون، بۆیە لەو کاتەوە گەردوون بەردەوام لە فراوانبوون و گەشەدایە، پاش ئەو تەقینەوەیە کات و شوێن پەیدابوون، چونکە بەبێ ماددە کات و شوێن بوونیان نیە.

وەك زانایان باسی دەکەن ئەو (singularity)، بەم شێوەیە بووە:

١- لە ڕووی گەرمیەوە (١٠) توان (٣٢) پلەی (کالڤن) گەرم بووە.

٢- لە ڕووی کاتەوە (١٠) توان (- ٤٣) چرکە، کاتی پێچووە کە تەقیوەتەوە.

٣- لە ڕووی قەبارەوە (١٠) توان (- ٣٥) ی مەترێك بووە.

دوایی ئەو (singularity) تەقیوەتەوە و لێککشاوە و سەرەنجام ئەو گەردوونەی لێ دروستبووە.

کەواتە ئەم (singularity) هەم ماددە بووە هەم وزەی لەخۆ گرتووە پاش تەقینەوەکە بەشەکانی ئەتۆم پەیدابوون، پاشان لەو پارچانە ئەتۆمەکانی هایرۆجین و هیلیۆم پەیدابوون، پاشان لەو ئەتۆمانەش (تۆزی گەردوونی) پەیدابوو، پاشان لەو تۆزەش گەلە ئەستێرەکان پەیدابوون، پاشان دانە دانەی ئەستێرەکان دروستبوون، بۆیە لەو کاتەوە گەردوون بەردەوام لە فراوانبوون و گەشەدایە،

پاش ئەو تەقینەوەیە کات و شوێن پەیدابوون، چونکە بەبێ مادده کات و شوێن بوونیان نیە.[١]

خاوەنی بیردۆزی (تەقینەوە گەورەکە) (big bang) (الانفجار العظيم) بریتییە لە زانای بەلجیکی (جورج لو میتەر) کە لە ساڵی (١٩٢٧) ئەو گریمانەیەی دانا بۆ دروستبوونی گەردوون، پاشان زانایان و ناوەندە زانستیەکان گرینگی زۆریان پێدا تا گەیشتە ئەوەی ئەمڕۆ.[٢]

٤- گەردوون بۆ خۆی خۆی دروستکردووە.

ئەوە وەك ئەوە وایە بڵێی: ئەم کتێبە خۆی خۆی نووسیوە! یان ئەو مۆبایلە خۆی خۆی دروستکردووە! ئەمەش ئەستەمە، چونکە کە دروستکراو بێت واتە نەبووە و دواتر هاتۆتە بوون، کە دروستکەریش بێت واتە بوونی هەبووە، وە دیارە بوون و نەبوون لە یەك ساتدا کۆ نابنەوە.

٥- گەردوون خەون و خەیاڵە و حەقیقی پاستەقینە نیە.

ئەو گریمانەیە شایەنی وەڵامدانەوە نیە، چونکە پێچەوانەی خوداپسك و ژیری و مامەڵەی مرۆڤە، چونکە کاتێك منداڵ بۆ شیر دەگری، داوای شتێك دەکات کە لەڕاستیدا بوونی هەیە، هەر بۆیە خەون و خەیاڵ تێری ناکات.

---

(١) تاريخ موجز للزمان، ستيف هوكنج (٥٢ - ٥٦)، والقضية الخالق، لي ستروبل (١٤٧ - ١٥٢)، العلم ووجود الله، جون لينكس (١١٨ - ١٢٠)، براهين وجود الله، سامي عامري (٣٩٧ - ٣٩٨).

(٢) هەروەها بۆ پوختەی ئەم بابەتە بگەڕێوە بۆ کتێبی (شموع النهار، إطلال على الجدل الديني الإلحادي المعاصر في مسألة الوجود الإلهي) الدكتور عبدالله بن صالح العجيري، لاپەڕە (١١٦ - ١١٧).

هەروەها بگەڕێنەوە سەر ئەو سەرچاوە ئینگلیزیانە:

https://web.archive.org/web/20190418123026/http://www.astro.ucla.edu/~wright/cosmology_faq.html

https://www.jpl.nasa.gov/news/news.php?release=2014-082

https://www.pbs.org/wgbh/aso/databank/entries/dp27bi.html

کەواتە یەك ڕاستی ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە: ئەو گەردوونە دروستکراوە، هەموو دروستکراوێکیش دروستکەری هەیە، کە خودای گەورەیە و هەموو سیفەتی (جلال وکمال وجمال) ی هەیە واتە: هەرچی سیفەتی گەورەیی و تەواوی و جوانی هەیەتی.[١]

بوونی خودا (بەڵگەی ئەندازەگیری)

●﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴾● القمر: ٤٩

(بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازە و نەخشەی دیاریکراو دروست کردووە).

ئەم یاسایە یاسایێکی زۆر گرینگە لە زۆر ڕووەوە بەڵام ئێمە لە یەك ڕووەوە دەیخەینە ڕوو ئەویش سەلماندنی بوونی خودای گەورەیە بەم یاسایە.

یاسای ئەندازەگیری دەڵێت: (هەموو ئەندازەگیراوێك، ئەندازەگیرێکی هەیە).

پوختەی بەڵگەی ئەندازەگیری:

• ئەندازەگیراو ئەندازەگیری هەیە.

• گەردوون لە بچووکترین بەشیەوە تاوەکو گەورەترین بەشی، هەر هەموو ئەندازەی گیراوە.

• هیچ ئەندازەگیراوێکیش بەبێ ئەندازەگیر ناکرێ و نابێت.

• کەواتە: گەردوونیش ئەندازەگیری هەیە کە خوای گەورەیە.

---

(١) بڕوانە: ئیلحاد وەك خۆی، صلاح الدین أحمد، ١٠٧.

ئەندازەگیری (تقدیر) ئەوەیە هەر شتێك بە ئەندازە و رێك و پێکی و حیسابکاری دروست بکرێت، بە جۆرێك لەگەڵ کات و شوێن و بارودۆخ و دروستکراوەکانی دەوروبەری بگونجێت و، لەگەڵ خۆی و دەوروبەری تێك نەگیرێ، هاوسەنگی تەواوی هەبێت لەگەڵ هەموو شتەکان.

بۆیە ئەگەر بڕوانیە بچووکترین بەشی مادده تاوەکو دەگاتە گەورەترین بەشی گەردوونْ بە هەموو یەکە و پێکهاتەکانیەوە، هەر هەمووی ئەندازەی تایبەت بە خۆی بۆ دانراوە، بە شێوەیەك کە ئەگەر ئەندازەکان تۆزقاڵێك تێك بچن ئەوا گەردوون بەخۆی و پێکهاتەکانی و ئەوەی تێیدایە، هەر هەمووی تێك دەچوو، ژیان کۆتایی پێدەهات.

کەواتە حەقی خۆیەتی بپرسین ئەو ئەندازانە کێ دایناون و کێ ئەندازەی گرتوون؟!

ئایا هیچ ئەندازەگیراوێك هەیە ئەندازەگیری نەبێ؟!

تۆ ئەگەر خواردنێك یان شەربەتێك یان ماستاوێك یان.....، ئامادە بکەیت بێگومان دەبێ بە ئەندازە شتەکانی تێبکەیت ئەگەرنا تێکدەچێت، باشە ئەگەر خواردنێك کەسێك ئەندازەی پێکهاتەکانی نەگرێت، دروست نابێ و ئەگەر دروستیش ببێ بە کەڵك نایەت، ئەی باشە کێ ئەندازەی گەردوون و پێکاهتەکانی گرت؟!

ئایا مادده عەقڵی هەیە تا بتوانێ خۆی ئەندازەی خۆی بگرێ؟

ئەگەر بڵێ: بەڵێ، ئەوکات منیش دەڵێم ئەو خواردنە بۆخۆی دروست بووە و ئەندازەی پێکهاتەکانیشی بە بێ هیچ هێزێکی دەرەکی ئەندازەی گیرا و هاتەبوون.

چەند نموونەیەکی کەم لەسەر ئەندازەگیری:

١- خانەکانی مرۆڤ، مرۆڤ لە سەد ترلیۆن خانە پێکهاتووە، هەر خانەیەکیش لە سەد ترلیۆن گەردیلە پێکهاتووە، خانە چەندان پێکهاتەی تێدایە، وەك (ناوك، کرۆمۆسۆم، بۆهێل، تفتی فۆسفاتی، ئەدینین، سایتۆسیم، گرانین، نیوکلۆتاید....).

خانە بەو بچووکیەوە ئەندازە گیرییەکی زۆر زۆری تێدایە، بە شێوەیەك ئەگەر بێت و تۆزقاڵێك لەو ئەندازەگیرییەی تێك بچێ، ئەوا خانە دروست نابێت و تێك دەچیت، ئەگەر خانە دروست نەبوو و تێکچوو، ئەوا شانە دروست نابێ و تێك دەچێ، ئەگەر شانە دروست نەبوو و تێکچوو، ئەوا ئەندام دروست نابێ و تێك دەچێ، ئەگەڕ ئەندام دروست نەبوو و تێکچوو، ئەوا کۆئەندام دروست نابێ و تێك دەچێت، ئەگەر کۆئەندام دروست نەبێ و تێك بچێت، ئەوا لاشە و جەستە دروست نابن و تێك دەچن، کەواتە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دروست نابن یان بە سەقەتی و تێك چوویی دروووست دەبن!

کێ ئەو ئەندازەیەی گرت؟!

٢- (ستیڤن هۆوکینگ) کە بەناوبانگترین زانای سەردەمە، چەند ساڵێکە مردووە، لە کتێبی (مێژوویەکی کورتی کات) لاپەڕە (١٢١) دا دەڵێت: فراوانبوونی گەردوون، خێراییەکی زۆر وردە، بە ئەندازەیەك کە ئەگەر لە چرکەی یەکەمی دەرکەوتنی گەردووندا، ئەو فراوانبوونەی گەردوون، کەمتر بووایە لە بەشێك لە سەر ملیۆن ملیار بەش (١/ ١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یان دەتوانین بڵێین: بەشێك لەو هەزار ترلیۆنەش، ئەوا گەردوون بە سەر خۆیدا دەڕووخا، بەر لەوەی بگاتە ئەو حاڵەتەی ئێستای.

یانی: فراوانبوونی گەردوون دەبوو هەر بەو شێوەیە بێت، بە هیچ شێوەیەك نەدەبوو نە سستر و خاوتر و نەخێراتریش بێ، باشە ئێمە دەپرسین کێ ئەو ئەندازە وردەی دانا؟!

کێ ئەندازەی ئەو خێراییەی بەو شێوەیە گرت؟!

کێ وتی و ماددەی فێرکرد، کە ئەگەر خێراتر بێت، گەردوون دروووست نابێ، ئەگەر هێواشتریش بێ، هەر گەردوون دروووست نابێ؟!

٣- ئەندازەگیری لە تێوان بارستایی (کتلة)ی نیوترۆن و ئەلیکترۆن، بارستایی ئەلیکرتون بە ئەندازەی (٢، ٪) ، ١٠٠٠/٢) ی بارستایی نیوترۆنە، ئەو بارستاییە،

دەبوو تۆزقاڵێك لەوە زیاتر و کەمتر نەبێ، بۆ ئەوەی گەردیلە دروست ببێ، ئەگەر بارستایی ئەلیکترۆن تۆزقاڵێك لەوە کەمتر بووایە یان زیاتر بووایە، نە دەگونجا گەردیلە دروست ببێ، کە گەردیلە دروست نەبووایە، گەردیش دروست نەدەبوو، کە گەردیش دروست نەبوایە، ماددە دروست نەدەبوو، کە ماددەش دروست نەبووایە گەردوون بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دروست نەدەبوو، بە مرۆڤیشەوە.

دەپرسین کێ ئەو ئەندازەگیرییەی کرد؟!

ماددە خۆی ئەو عەقڵ و هۆشەی هەبووە کە بزانێ ئەگەر ئەندازەی نیوترۆن و ئەلیکترۆن وا نەبێ گەردیلە و گەرد و ماددە و گەردوون دروست نابن؟!

باشترە بڵێین: ماددە ئەندازەگیرە کە هیچ سیفەتێکی عەقڵ و...، نییە، یان بڵێین خوای گەورە کە هەموو سیفەتە گەورە و تەواوەکانی هەن؟!

٤- ئەندازەگیری نێوان ڕێژەی هێزی کەهرۆموگناتیسی و هێزی کێشکردن:

ڕێژە و ئەندازەی نێوانیان بریتییە لە یەك لەسەر دە توان چل (٤^١٠/١) واتە ژمارەی دە (١٠) چل سفری بۆ دابنێ، یەك لەسەر ئەو ژمارەیە، بریتییە لە هێزی کێشکردن، یانی هێزی کاهرۆمۆگناتیسی زۆر زۆر زۆر بەهێزترە لە هێزی کێشکردن، چونکە ئەو هێزی کاهرۆموگناتیسییە ئەو هەموو ماددە و ئەستێرە و هەسارە و کەهکەشانانەی بەیەکەوە بەستوون، ئەگەر هێزی کاهرۆموگناتیسی بەو بەهێزیەوە و بەو ڕێژەیە و بەو ئەندازەیە نەبێ، ئەوا تەنۆلکە و گەرد و گەردیلەکان بەیەکەوە نالکێن.

بۆیە (ماکس تیگمارك) زانای گەردوونناسی ئەمریك دەڵێ: ئەگەر هێزی کەهرۆمگناتیسی (٤٪) بێهێزتر بووایە لەو ڕێژە و ئەندازەیەی ئێستای، ئەوا خۆر لە کاتی دروست بوون دەتەقیەوە و، هەروەها ئەگەر ڕێژەکەی زیاتریش بووایە، بەهەمان شێوە، ئەستێرە و کەهکەشانەکان، یان هەر دروست نەدەبوون و یەکسەر دەتەقینەوە، یان بەو شێوەیەی ئێستایان نەدەبوون.

هەروەها ئەو زانا گەردوونناسە ئەمریکیە دەڵێت: نەگۆڕەکانی سروشت وەك دێتە بەرچاو، زۆر بە گرنگی و بایەخ پێدان و وردەکارییەوە، لە ئاستێکی دیاریکراودا دانراون، بۆ نموونە: ئەگەر هێزی ناوەکی بێهێز لەوەی کە ئێستا لەسەریەتی کەمتر بووایە، ئەوا گازی هایدرۆجین درووست نەدەبوو و ئەم گەردوونەی ئێمە تەنیا بە شێوەی تۆز و خۆڵێکی گەردوون دەمایەوە و ئەگەر تۆزێك بەهێزتریش بووایە لەوەی کە ئێستا هەیە، ئەوا تەنۆلکەکانی (نیوترۆن -Neutrinos) نەیاندەتوانی لە ئەستێرە مەزنەکان (سوپەرنۆڤا -Supernova) دەربازیان بێ و بە گەردووندا بڵاوببنەوە و ئەو کاتەش ئەو توخمانەی کە پێویستن بۆ درووستبوونی ژیان لەسەر زەوی، درووست نەدەبوو.. سەرەنجام:

ئەو توخمانەی کە ژیان پەکی لە سەریان کەوتووە، بە تایبەتی کاربۆن، درووست نەدەبوو.

٥- ئەندازەگیری نێوان هێزەکانی گەردوون:

گەردوونناس و فیزیازانەکان دەڵێن: چوارجۆر هێزی سەرەکی هەیە لە گەردووندا:

١- هێزی کێشکردن (القوة الجاذبية).

٢- هێزی کەهرۆموگناتیسی (القوة الكهرومغناطيسية).

٣- هێزی ناوەکی بێ هێز (القوة النووية الضعيفة).

٤- هێزی ناوەکی بەهێز (القوة النووية القوية).

ئێمە لێرەدا لەبەر دڕێژبوونەوە ناتوانین باسی ئەو هێزانە بکەین، ئەگەر نا ئەو هێزانە ئەوەندە ئەندازەگیرییان تێدا کراوە و ئەوەندە بەوردی و هاوسەنگی ڕێکخراون، ئەگەر هاتبا تۆزقاڵێك لەو هێزانە لە ئەندازەی خۆیان زیاد یان کەمیان کردبا، ئەوا گەردوون هەر هەمووی بەسەر یەکدا دەڕوخا و ژیان کۆتایی پێ دەهات.

دەپرسین: کێ ئەندازەی ئەو هێزانەی بەو ووردییەوە ئەندازە گرت؟!

٦- ئەندازەگیری لەنێو خۆردا

خۆر بە شێوەیەکی زۆر زۆر ورد ئەندازەی گیراوە، بە شێوەیەك ئەگەر ئەندازەی ئەو پێکهاتە و ماددە و ووزە و چڕی و.....، تێك بچێت، خۆر ناتوانێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، ئەگەر نەشتوانێ ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، ڕاستەوخۆ ژیان لەسەر زەوی بە مرۆڤ و ژیاندار و ڕووەکەوە کۆتایی دێت.

بۆ نموونە ئەندازەی دووری خۆر لە زەوییەوە سەد و پەنجا ملیۆن (١٥٠،٠٠٠،٠٠٠) کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە، ئینجا ئەگەر دووتر بووایە، ئەو کاتە تیشك و ووزە و گەرمی پێویست و نەدەگەیشت بە زەوی و، هەروەها زەوی زۆر زۆر سارد دەبوو، دەبوو بە بەستەڵەك، دوایی ژیان لەسەر زەوی نەدەما، ئەگەر نزیکتریش بووایە، ئەوا گەرمی و ووزە و تیشکی زیاد لە پێویست بەر زەوی دەکەوت و سەرەنجام زۆربەی پێکهاتەکانی زەوی و دەسوتان و دەبوون بە خۆڵە مێش و ژیان لەسەر زەوی کۆتایی پێ دەهات!

باشە دەپرسین، کێ ئەندازەی پێکهاتەکانی ناوەوەی خۆری دانا بەو ئەندازەیەی کە ئێستا هەیە؟! کێ ئەندازەی دووری و نزیکی خۆری دانا لە زەوییەوە؟!

ئایا ماددە و گەردوون و خۆر خۆیان دەیانزانی کە زەوی پێویستی بەو شێوە لە ئەندازەگیرییە هەیە؟!

٧- زەوی پێنج جۆر خولانەوەی هەیە، هەر یەکەیان بە ئەندازەیەك:

١- خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا، بۆ دروستبوونی شەو و ڕۆژ (٢٨) کم، لە خولەکێکدا.

٢- خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا، بۆ دروستبوونی وەرزەکان، (٣٠) کم لە چرکەیەکدا.

٣- خولانەوەی زەوی لەگەڵ کۆمەڵەی خۆردا بە دەوری خڕۆکەی دانیشتودا، بەخێرایی (٢٠) کم لە چرکەیەکدا.

٤- خولانەوەی زەوی لەگەڵ کۆمەڵەی خۆر و خڕۆکەی دانیشتو بە دەوروی چەقی کاکێشاندا، بە خێرایی (٢٦) کم لە چرکەیەکدا.

٥- خولانەوەی زەوی لەگەڵ کاکێشاندا، بە خێرایی (٩٨٠) کم لە چرکەیەکدا.

باشە ئەندازەی ئەو سوڕانەوانە کە بە ئەندازەیەکە، نابێ نە کەمتر بن نە زیاتر، کێ داینان و ئەندازەی گرتن؟!

٨- دووری نێوان زەوی و مانگ سێ سەد و هەشتا هەزار (٣٨٠،٠٠٠) کم، ئەگەر نزیکتر بووایە ئەوا پەستانی زەریا و دەریاکان ئەوەندە بەرزدەبوویەوە کە هەموو زەوی دەکەوتە ژێر ئاوەوە، ئەگەر دوورتریش بووایە پەستان کەم دەبوویەوەو ئەو کات هەڵکشان و داکشانی زەریا و دەریاکان نەدەما و لە ئەنجامدا باران بارین نەدەما!

٩- ئەندازەی پێکاهاتەکانی بەرگە هەوای زەوی، (٧٨٪) نایترۆجین، (٢١٪) ئۆکسجن، (١٪) ئۆرگۆن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاوە.

ئەگەر بەرگە هەوا ئەندازەی پێکهاتەکانی بەو شێوەیە نەبووایە بە هیچ شێوەیەك ژیان لەسەر زەوی نەدەبوو و نەدەگونجا.

باشە کێ ئەو ئەندازە وردەی دانا و ئەندازەی گرت؟!

١٠- لاشەی مرۆڤ، ئەگەر باسی ئەندازەگیری لاشەی مرۆڤ بکەین دەبێ سەدان و هەزاران کتێبی لە بارەوە بنووسین، چونکە لاشەی مرۆڤ هەر هەمووی بە ئەندازەگیرییەکی زۆر زۆر زۆر ورد ئەندازەی گیراوە، بە شێوەیەك ئەگەر تۆزقاڵێك لەو ئەندازەیە تێك بچێت، مرۆڤ ژیانی لە دەست دەدات یان دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەندازەی خوێ، شەکر، پڕۆتین، چەوری، خوێن، پلازما... هەر هەمووی بە ئەندازەیەکە کە مرۆڤ پێویستییەتی.

بۆ نموونە خوێن (٥٥٪) پلازمایە، (٤٥٪) خڕۆکەی سوور و خڕۆکەی سپی و خەپلەکانە.

باشە کێ ئەو ئەندازەیەی پێ دان؟ خۆ ئەگەر تۆزقاڵێك ئەو ئەندازەیە تێك بچێت ژیانی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسییەوە، یان بە تەواوی کۆتایی پێدێت.

یان بۆ نموونە پلەی گەرمی لاشەی مرۆڤ (٣٥،٥)ـە کە ئەندازەیەکە، نابێ کەمتر و زیاتر بێت.

یان بۆ نموونە ئەندازەی ڕۆیشتنی خوێن بۆ بەشەکانی لاشە:

- (٢٥٪) بۆ ڕیخۆلەکان دەڕوات.
- (٢٠٪) بۆ گورچیلەکان دەڕوات.
- (١٨٪) بۆ ماسولکەکان دەڕوات.
- (١٣٪) بۆ مێشك دەڕوات.
- (٧٪) بۆ پێست دەڕوات.
- (٥٪) بۆ دڵ دەڕوات.
- (١٢٪) بۆ بەشەکانی تری لاشە دەڕوات.

باشە کێ ئەو ئەندازەیەی دیاریکرد و ئەندازەی گرت؟

١١- ئەندازەی لاشەی ژیانداران کە ملیاران جۆری جیاوازیان هەیە، هەر هەموشیان ئەندازەی پێکهاتەی لاشەیان بە شێوەیەکە کە، ناکرێ نە زیاتر بێ نە کەمتر.

باشە کێ ئەندازەی پێکاهاتەی ملیاران ژیانداری گرت؟!

١٢- ئەندازەی پێکهاتەی ملیاران جۆری ڕووەکی جیاواز جیاواز، کە هەر یەکەیان بە ئەندازەی پێویستی خۆی ئەندازەی پێکهاتەکانی گیراوە؟

باشە کێ ئەندازەی پێکهاتەی ملیاران جۆر ڕووەکی جیاواز جیاوازی گرت؟!

١٣- ئەندازەی پێکهاتەی بەشە جیاوازەکانی خودی زەوی لە ئاو و خۆڵ و ئاسن و..... کە ناکرێ نە زیاتر بن نە کەمتر بن!

١٤- ئەندازەی قەبارەی زیندەوەران، یان ئەندازەی قەبارە و ڕەنگ و تام و بۆن و....ی ڕووەکەکان، کە هەر هەموویان بە قەبارە و ڕەنگ و بە تام و بۆنی خۆیان دەردەکەوێ، بەبێ لادان لەو ئەندازەیەی بۆیان دیاریکراوە، یان قەبارەی لاشەی زیندەوەران.

١٥- ئەگەر ئەندازەی خۆڵ بەو شێوەیە نەبووایە، ڕووەك نەدەبوو، بۆ نموونە ڕەقتر یان نەرمتر بووایە.

١٦- ئەندازەی هەوا، کە نە زۆر خەستە نە زۆر سوکە.

١٧- ئەندازەی باران بارین، کە ئەگەر کەمتر بووایە یان زیاتر ئەوان ژیان نەدەما لەسەر زەوی.

ئەمانەش بەشێکن لە نەگۆڕە فیزیاییەکانی گەردوون کە بەبێ ئەندزەگیر هەرگیز پەیدانابن"[١].

:Universal physic - constants -

١- نەگۆڕی کیش G: ٦,٦٧٣٨٤ ×١٠^-١١ m^٣·kg^-١·s^-٢

٢- نەگۆڕی پلانك h: ٦,٦٢٦ ٠٦٩ ٥٧ × ١٠^-٣٤ J·s

٣- نەگۆڕی گازی R: ٨,٣١٤ ٤٦٢١ J·K^-١·mol^-١

٤- نەگۆڕی فاڕادای F: ٩٦ ٤٨٥,٣٣٦٥ C·mol^-١

٥- بارستایی ئەلەکترۆن me: ٩,١٠٩٦ x ١٠^-٣١ kg

٦- بارستایی پرۆتۆن mp: ١,٦٧٢ ٦٢١ ٧٧٧ × ١٠^-٢٧ kg

---

(١) سەرچاوە: https://physics.info/constants/

٧- بارستایی نیوترۆن mn: ١,٦٧٢٦ x ١٠^-٢٧ kg

٨- خێرایی ڕووناکی: ٢٩٩٧٩٢,٤٥٨ m/s

٩- نەگۆڕی لۆسکمیدت: ٢,٦٨٦ ٧٨٠٥ x ١٠^٢٥ m^-٣

١٠- بارگەی ئەلەکترۆن e: ١,٦٠٢١٧٦٤٦ X ١٠^-١٩ C

١١- نەگۆڕی ئاڤۆگاردۆ N: ٦,٠٢٢١٤١٧٩ X ٢٣٨١٠ Mol^-١

١٢- نەگۆڕی بۆلتزمان K: ١,٣٨٠ ٦٤٨٨ x ١٠^-٢٣ J.K^-١

١٣- نەگۆڕی پای π: ٣,١٤١٥٩٢٦٥٣٥٨٩٧٩٣٢٨٣٤٦٢

١٤- بارگەی پرۆتۆن P: ١,٦٠٢٢ X C

١٥- نەگۆڕی کۆلۆم kc: ٨,٩٩٠,٠٠٠,٠٠٠ C^٢ / N.m^٢

١٦- نەگۆڕی لۆگاریتم: ٢,٧١٨٢٨١٨٢٨ e^-١

١٧- نەگۆڕی نەگەیاندن: ٨,٨٥٤ ١٨٧ ٨١٧ x ١٠^-١٢ F.m^-١

١٨- نەگۆڕی موگناتیسی:٤π×١٠^-٧ N.A^-٢ =١,٢٥٦٦٣٧٠٦١×١٠^-٦ N.A^-٢

١٩- نەگۆڕی ڕێژەی زێـــڕین phi: ١,٦١٨٠٣٣٩٨٨٧٥

ئەندازەگیری ئەوەندە زۆرە کەس ناتوانێ هەمووی باس کات، ئێمەش هەر وەك باسکردنێکی خێرا هەندێ شتمان باسکرد، وەك نمونە هێنانەوە، ئەگەرنا ئەو بابەتانە ئەگەر سەدان و هەزاران کتێبی لەسەر بنوسرێ هێشتا تەواو نابێ.[١]

ئەوە دڵۆپێك بوو لە دەریای ئەندازەگیری.

---

(١) بڕوانە: ئیلحاد وەك خۆی، صلاح الدین أحمد، ١١٢.

بوونی خودا (بەڵگەی ڕێکسازی)

●﴿ مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍ ۖ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴾ ● الملك: ٣

(هیچ ناڕێکی و ناتەواوێك نابینیت لە درووستکراوەکانی خودای گەورەدا).

ئەم فەرمایشتە بەرزە بەڵگەیەکی تری لە بەڵگەکانی بوونی خودای گەورە، چونکە ئەگەر ناڕێکی بوونی نەبێت دیارە هەمووی ڕێکخراوە، ڕێکخروایش بەبێ ڕێکخەر نابێت کە خودای گەورەیە، یاسای ڕێکخستن دەڵێت:

(هەموو ڕێکخراوێك ڕێکخەرێکی هەیە).

- گەردوون لە بچووکترین بەشییەوە تاوەکو دەگاتە گەورەترین بەشی هەمووی ڕێکخراوە.
- هیچ ڕێکخراوێك بە بێ ڕێکخەر نابێت.
- یان هەموو ڕێکخراوێك ڕێکخەرێکی هەیە.
- گەردوون ڕێکخراوە.
- کەواتە: گەردوون ڕێکخەری هەیە کە خوای گەورەیە.

کەواتە ئەگەر درووستکراوەکان بەڵگەبن لەسەر بوونی خودا، ئەوە ڕێکسازی و ڕێکخراوی زیاتر بەڵگەیە، چونکە هەر شتێك ڕێکخراو بێت و ڕێکسازی تێدا کرابێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە پێویستی بە هێزێکی دەرەکی هەیە تاوەکو ڕێکی بخات.

بۆیە بڕوانە:

ماددە، مرۆڤ، ژیانداران، ڕووەك، زەوی، گەردوون، هەر هەموویان بە جوانترین و ڕێك و پێکترین شێوە درووست کراون و هیچ ناڕێکی و کەم و کوڕی و ناشیرینیەکیان تێدا بەدی ناکەیت، بە جۆرێك ئەگەر هەر کامێك لەوانە تۆزێك

لەو ڕێکسازییە لە دەست بدەن و نەمێنێ دەبینین بە تەواوی سیستمی ژیان تێك دەچێت و هەر کامێك لەوانە قبوڵی ناڕێکی ناکەن.

کەواتە دەپرسین کێ ئەوانەی لە بچووکترین شتەوە تاوەکو گەورەترین شت ڕێکخستن؟ ئایا دەکرێت ماددە خۆی خۆی ڕێك بخات؟!

ئایا ماددە عەقڵی هەیە تاوەکو خۆی ڕێك بخات و گەردوون و ژیاندار و ڕووەك و زەوی و ئاسمانەکان گەردوون ڕێکبخات؟!

ئایا مۆبایلێك بە بێ هێزێکی دەرەکی ڕێك دەخرێ؟ تاوەکو بڵێین ماددە و گەردوون خۆیان خۆیانیان ڕێکخستووە؟!

باشە ئەگەر باڵەخانەیەك یان کۆشکێك یان خانوویەکی جوان و قەشەنگ و ڕێکخراو ببینی و پرسیار بکەیت و بڵێیت: کێ ئەمەی دروستکردووە و جوان و ڕێکی خستووە؟ ئەویش بڵێ: خۆی خۆی دروستکرد و جوان کرد و ڕێکخست، یان لەخۆوە و لە ناکاو و کتوپڕ و بە ڕێککەوت بە (صدفة) وای لێهات و جوان و قەشەنگ و ڕێکخراو ڕێکساز بوو! ئایا بە شێتی نازانی؟!

هەر بۆیە ئەگەر کەمترین تێکچوون لەو ڕێکسازییە ڕووبدات لە ماددە یان مرۆڤ یان ژیانداران یان ڕووەك یان خۆر و گەردوون ، ئەوا ژیان دەکەوێتە مەترسییەوە و نامێنێت و تێك دەچێت، کەواتە کێ زانی ماددە و مرۆڤ و ژیاندار و ڕووەك و گەردوون پێویستیان بەو ڕێکسازی و بەو ڕێکخراوەییە هەیە؟! کێ پێی وت ئەگەر وانەبێت و بەو شێوەیە نەبێ و ئەو ڕێکسازییەی تێدا نەبێ، ئەوا نابێ و گەردوون و ژیان تێك دەچن؟

تۆ ئەگەر تەنها یەك خانەی مرۆڤ وەربگریت، کە بارستەکەی یەك لەسەر ملیاری گرامێکە (یەك نانۆ) واتە گرامێك بکەیە ملیارێك بەش ئەو جار یەك بەش لەو ملیارە بریتییە لە بارستەی خانە، ئەو خانەیە ئەوەندە بەڕێکی خودای گەورە دروستیکردووە، کە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵ بێ کە زانست چەندە پێشکەوتووە نەیانتوانیوە یەك خانە دروستبکەن و ناشتوانن، باشە دەپرسین کێ ئەو خانەیەی

به‌و شێوه‌یه ڕێکخستووه که هه‌موو مرۆڤایه‌تی کۆببێته‌وه نه‌توانن یه‌ك خانه دروستبکه‌ن؟!

بۆیه (مایکڵ دانتۆن Michael Denton) زانای بایه‌لۆژی هاوچه‌رخ، ده‌رباره‌ی خانه ده‌ڵێ: (بۆ ئه‌وه‌ی له ڕاستی ژیان تێبگه‌ین به‌و شێوه‌یه‌ی که زانستی بایه‌لۆژی ده‌ریخستووه، پێویسته بڕێین خانه‌یه‌کی زیندوو هه‌زار ملیۆن جار گه‌وره بکه‌ین، به ڕاددەیه‌ك وه‌ك باڵۆنێکی گه‌وره و زه‌به‌لاح ده‌ربکه‌وێت که بتوانێت شارێکی گه‌وره‌ی وه‌ك نیۆرك یان له‌ندەن دابپۆشێت، جا که له‌و خانه‌یه نزیك ده‌بینه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی بزانین چییه و چی تێدایه، ده‌بینین ملیۆنه‌ها ده‌رگای تێدایه که لێوه‌ی بچینه ژووره‌وه، جا ئه‌گه‌ر بۆمان ڕێککه‌وت له یه‌کێك له‌و ده‌رگایانه‌وه بچینه ژووره‌وه ئه‌وا جیهانێکی گه‌وره‌ی ته‌کنه‌لۆژیا ده‌بینین که له وردی و ئاڵۆزیدا سه‌رسامان ده‌کات).

باشه ده‌پرسین ئه‌وه یه‌ك خانه وه‌هایه، له کاتێکدا هه‌ر مرۆڤێك له سه‌د ترلیۆن خانه پێکدێت، باشه کێ ئه‌و خانه و خانانه‌ی به‌و شێوه‌یه ڕێکخستن؟ که هه‌موو مرۆڤایه‌تی به‌و هه‌موو پێشکه‌وتنه زانستییه‌وه نه‌توانن یه‌ك خانه دروستبکه‌ن و ڕێکیبخه‌ن، ده فه‌رموون، خانه‌یه‌کمان بۆ دروستبکه‌ن و ڕێکی بخه‌ن، باشه ئێوه ناتوانن به باڵه‌خانه‌یه‌ك یان ژوورێکی ڕێکخراو بڵێن ڕێکخه‌ری نییه، ئه‌ی چۆن ده‌توانن بڵێن ئه‌و هه‌موو گه‌ردوونه به‌وه‌شه‌وه که له‌نێویدا ڕێکخراوه، ڕێکخه‌ری نییه؟![1]

بوونی خودا (بەڵگەی ڕێنمونی، هیدایەت)

● ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴾ ● طه: ٥٠

(پەروەردگارمان ئەو زاتەیە کە هەموو شتێکی بەتایبەت و ڕێکوپێکی دروستکردووە، پاشان ڕێنموونی کردووە).

ئەم فەرمایشتە بەرزە دووبارە ئاماژەیە بە بوونی خودای گەورە، چونکە دەفەرموێت: دروستکراوەکان ڕێنمونی کراون، ڕێنموونی کراویش بەبێ ڕێنموونی کار نابێت، کەواتە ڕێنموونی کارێکیان هەیە کە خودای گەورەیە.

یاسایەکە بەم شێوەیەیە:

(هەموو ڕێنموونی کراوێك ڕێنموونی کارێکی هەیە).

بڕوانە ئەم گەردوونە لە گەردیلەیەکەوە تا دەگاتە کەهکەشانەکان هەموویان ڕێنموونی کراون بەو شێوەی کە دەگونجێ لەگەڵیان بۆ نموونە دار سێوێك ڕێنموونی کراوە کە تام و بۆن و ڕەنگی سێو هەڵمژێ لەناو گڵدا جا چەندان جۆری سێومان هەیە بچووك، گەورە، ترش، شیرین، زەرد، سوور، سەوز، دەبینین هەر یەکەیان بەو شێوەیە سێوەکە دەدات کە هەیە، باشە کێ ڕێنموونی کرد؟!

یان بڕوانە زەوی و خۆر، کێ ڕێنموونی کردوون بەم شێوەیە و بەم ئەندازەیە بخولێنەوە؟!

کێ ڕێمونی ئەو هەموو ژیاندارانەی کرد، لە باڵندە و خشۆك و درندە و گۆشتخۆر و ڕووەك خۆر.... ؟! کەواتە ناکرێ ئەوانە ڕێنموونی کاریان نەبێ وەك ئیلحاد دەڵێ!

بۆ نموونە: کێ ڕێنموونی (مار ماسی) دەکات، ئەو جۆرە مارانە کاتێ لەناو گۆم و ڕووبارە جۆراوجۆرەکاندا پێدەگەن و دەست بە کۆچکردن دەکەن، لەو کۆچەیاندا هەزارەها میل ڕێگا دەبڕن تا دەگەنە ئۆقیانووس و قوڵایی زۆر قوڵی

باشووری (بەرمۆدا) لەوێ گەرا دادەنێن و دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان..

بەڵام بێچووەکانیان کە هیچ کەرەسەیەکیان نییە ڕێی پێ دەربکەن، هیچ نەخشەیەکیان پێ نییە، هیچ ئامێرێکی شوێن دۆزینەوەیان پێ نییە، دایکیشان لە لایان نەماوە تا لەگەڵ خۆیان بیانباتەوە و چاو ساغییان بکات، چاویان کردۆتەوە و خۆیان لەناو دەریایەکی بێ بنی بێ پایاندا دیوەتەوە، کەچی ئەو تووڵە مارانە ڕێگای کەناری دەریا دەگرنەبەر و دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، بۆ ئەو شوێنەی دایکیانی لێوەهاتووە، بۆ گۆم و ڕووبارەکان.... ئەو مار ماسیانە بەرەنگاریی تەوژمە بەهێزەکان دەکەن، وە لەبەرانبەر باران و بای بەهێزدا خۆڕاگیر دەکەن، وە بەسەر شەپۆلی گەورەی دەریاکاندا زاڵ دەبن، بەڕێگایەکدا دەڕۆن کە لەوەوپێش نەیان دیوە و شارەزای نین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەگەنە شوێنی خۆیان، ئەو ئاوەی دایکیانی لێوە هاتووە، بێ ئەوەی جارێك ڕووبدات ماسییەکی ئەفریقایی لە ئاوێکی ئاسیاییدا، یان مار ماسییەکی ئەوروپایی لە ئاوێکی ئەمریکاییدا، یان بەپێچەوانەوە ڕاو بکرێ.... دەپرسین کێ ئەو مار ماسی و ماسیانەی ڕێنموونی کردن و فێری کردن؟ لە کاتێکدا دایکەکانیشیان لەگەڵ نەماوە و هیچ ئامرازێکی تریش نیە کە ڕێنموونیان بکات..

کێ مێینەی دڕندەی ڕێنموونی کرد و فێریکرد کاتێ بەچکەکەی بوو بەرزی بکاتەوە و چەند ڕۆژێك بیدات بە هەوادا و بەو لاو لادا بیفڕێنێ تاوەکو مێرووڵە و مێش و مەگەز تێی نەئاڵێن و لێی کۆنەبنەوە، چونکە لەو کاتەدا بێچووەکە وەك پارچە گۆشتێك وایە، دەترسێت مێرووڵە و مێش و مەگەز تێی بئاڵێن و لێی کۆببنەوە، بەردەوام هەڵی دەگرێت و دایدەنێت، لەملاوە دەیبات بۆ ئەولا، تا خۆی دەگرێ و هێز پەیدا دەکات.. کێ ئەو دڕندەیەی فێرکرد؟ لە کاتێکدا ئەو دڕندەیە بێچووی هەموو ژیانداران دەخودات، بەڵام ئەوەندە بەخەمە بۆ بێچووەکەی خۆی، کێ ئەو ڕێنموویەی کرد و فێری کرد؟

قـــرژاڵەکانی دەریـــا :

قرژاڵەکانی دەریا - کە بێگومان قرژاڵیش جۆری زۆرن و ئەمانە جۆرێکیانن - ئینجا ئەم جۆرەیان پارچە ڕووەکەکان دەبڕێ، یاخود ماددەیەکی شلی چەسپ دەردەدا، تاکو لق و پۆپی گیا و گۆڵ بەخۆیەوە بلکێنێ، یان پارچە ئیسفەنج، کە لەنێو دەریادا هەیە، دەیبڕێ و دەیکاتە پۆشەر، بۆ ئەوەی خۆی پەنها بکات لە دوژمنەکانی، ئەمەش وەك تاکتیکی سەربازیی کە سەربازەکان جاری وایە بە درەخت خۆیان دادەپۆشن، بۆ ئەوەی دووژمن لە دوورەوە کە تەماشا دەکات، نەیانبینێ و، بچنە نزیکی دووژمن و زەفەری پێ بەرن، خودای پەروەردگار ئەوەشی فێری قرژاڵی دەریا کردووە.

خۆشاردنەوەی گەرای نێو قۆزاخە:

هەندێك گەرا، یەکسەر کە لە قۆزاخەکان (شرانق) دێنەدەرێ، بە وردە بەردی زۆر بچووك، خۆیان دادەپۆشن، چونکە زیندەوەری بچووك، بە ئاسانیی دەخورێن و زەفەریان پێ دەبردرێ، بۆیە بەوردە بەردی بچووك، خۆیان دادەپۆشن، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو لە سەرەتای تەمەنیانەوە، چونکە جارێ تەمەنیان بچووکە و ئەزموونی ژیانیان نیە، تاکو بگوترێ: فێری بوون! بەڵکو خودای پەروەردگار، فێری کردوون، چونکە: ناتوانن ڕابکەن و بەرگری لە خۆیان بکەن! بۆیە خودا فێری کردوون، بەو وردە بەردە گچکانە خۆیان دابپۆشن و، خۆیان بشارنەوە، تاکو پارێزراو بن.

خانووی هەنگ:

هەنگ: لە شێوەی شەش پاڵوو (مسدس)دا، خانەکانی شانەکەی خۆی دروستدەکات، چونکە گونجاوترین شێوەی ئەندازەییە و، کەمترین شوێن خەسار نابێ، بەڵام ئەگەر چوار گۆشەیی، یان لا کێشەیی، یان بازنەیی، یان سێگۆشەیی

بووایە، لێی زایە دەبوو، بەڵام شێوەی شەش پاڵوو، هەموویان دەچنە نێو یەك و، بۆشایی نابێ لە نێوان گۆشەکاندا.

هەڵبەتە ژیانی هەنگ ئەگەر لێی بکۆڵینەوە، هەر تەواو نابێ! کە چۆن هەنگوین دروستدەکات؟ چۆن شیلەی گوڵان دەمژێ؟ لەناو خۆیاندا چۆن کاروبارەکانیان دابەش کردوون و، چۆن مامەڵە دەکەن؟ ئەگەر زیندەوەرێکی زیانبەخش پرووبان تێ بکات، چی لێ دەکەن؟! ئینجا ئەوانەیان کە نەخۆش دەبن، یان ئەوانەیان کە پیس دەبن، دەچن بە شوێنێکی پیسەوە دەنیشن، دوایی چۆن سزایان دەدەن و، دەریان دەکەن لە خانەکەیان؟ لە ژیانی هەنگ دا وردەکاریی زۆر زۆر هەیە.

مـێرووڵەی سپی:

ملیۆن و نیوێك (١،٥٠٠،٠٠٠) مێرووڵەی سپی کۆدەبنەوە، هەر چەندە نابیناو کوێرێشن، پێکەوە هاوکاری دەکەن و خانووێکی چوار مەتر بەرز، درووستدەکەن، ئەو جۆرە مێرووڵە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەیە، ئینجا ئەو خانووە چوار مەتر (٤م) بەرزە، وە هەروەها:

١- شوێنی تایبەتی شاژنی تێدایە.

٢- شوێنی کشتوکاڵی تێدایە.

٣- شوێنی عەمبارکردن و زەخیرەکردنی تێدایە.

٤- ڕاڕەوی هەوا گۆڕکێی تێدایە.. هتد.[١]

---

(١) بڕوانە: ئیلحاد وەك خۆی، صلاح الدین أحمد، ١١٤ _ ١١٨.

بوونی خودا (بەڵگەی دەستەمۆکردن)

●﴿ أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ●

لقمان: ٢٠

(ئەوە ناڕوانن و سەرنجتان نەداوە خودای گەورە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ڕامکردوون).

ئەم فەرمایشتە بەرزەش بەڵگەیەکی تری لەسەر بوونی خودای گەورە، چونکە ئەگەر بڕوانی گەردوون هەمووی ڕامکراوە، ڕامکراویش بەبێ ڕامکەر نابێت کە خودای گەورەیە.

پوختەی ئەم یاسایە:

- ڕامکراو و دەستمۆکراو، ڕامکەر و دەستەمۆکەری هەیە.
- ئەو گەردوونەی دەیبینی لە بچووکترین بەشیەوە تاوەکو دەگاتە گەورەترین بەشی هەر هەمووی ڕام کراوە و دەستەمۆ و موسەخەر کراوە.
- کەواتە گەردوون ڕام کرا و موسەخەرە.
- ڕام کراویش ڕامکاری هەیە.
- کەواتە ڕامکاری گەردوون خوای گەورەیە.

بۆیە ئەگەر بڕوانی هەموو بەشەکانی گەردوون ماددە ڕام کراون و خراونە سەر سیستەم و بەرنامەیەك کە بە هیچ جۆرێك ناتوانن لێی لا بدەن، بۆیە ئەگەر بڕوانی:

١- ماددە، بەشەکانی ماددە، بۆ نموونە ئەلیکترۆن ڕام کراوە، کە بە دەوری ناوکدا بخولێتەوە.

٢- خانەکانی مرۆڤ هەر هەموویان کە سەد ترلیۆن خانەیە لە جەستەی هەر مرۆڤێکدا ڕام کراون کە خۆیان خۆیان دروست بکەن و دابەش ببن و هەر خۆیان خۆیان بکوژن، هەر خۆیان پەیوەندی ببەستن بە خانە و شانە و ئەندام و کۆئەندامەکانی تری جەستەوە، وەك لە پێشەوە بە وردی باسمان کرد.

٣- بڕوانە هەموو بەش و ئەندام و کۆئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ هەر هەموویان ڕام کراون، بۆ ئەو کارەی کە پێیان سپێردراوە، هیچیان لە کاری خۆیان لانادەن و ناتوانن کارەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن یان دەست لە کار بکێشنەوە، تا ئەو کاتەی بۆیان دیاریکراوە، بۆ نموونە گەدە، ڕام کراوە بۆ هەرسکردنی خۆراك، خوێن ڕام کراوە بۆ گواستنەوەی خۆراك و ئۆکسجین و بۆ هەموو بەشەکانی و خانەکانی جەستە، هەروەها خڕۆکە سپیەکان ڕام کراون بۆ بەرگری کردن جەستە و، لولە ئارەق ڕژنەکان ڕام کراون بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی گەرمی جەستە لە پلەی (٣٧،٥) شتێك کەمتر، شتێك زیاتر و، کۆئەندامی هەناسە ڕام کراوە بۆ بردنی ئۆکسجین و هێنانە دەرەوەی دوانە ئۆسیدی کاربۆن و، مۆخ ڕام کراوە بۆ دروست کردنی خڕۆکەی سوور و سپی، کە خڕۆکەی سوو خواردن بۆ خانەکانی جەستە دەبات و، خڕۆکەی سپیش بەرگری لە جەستە دەکات دژی میکڕۆب و ڤایرۆسەکان و، کۆئەندامی هەستی ڕام کردووە بۆ بیستن و بینین و بۆن کردن و تام کردن و دەست لێدان، هەروەها هەموو بەش و خانە و شانە و ئەندام و کۆئەندامەکانی تری ڕام کردووە.

باشە کێ ئەو هەموو خانە و شانە و ئەندام و کۆئەندامانەی ڕام کردوون، بە شێوەیەك هەموویان کاری تایبەت بە خۆیان بکەن و لێی لانەدەن بە تۆزقاڵێك؟

ئایا نابێ هێزێکی دەرەکی هەبێ بۆ ڕام کردنی ئەو هەموو بەشانە؟

٣- بڕوانە جیهانی ژیانداران، دووبارە دەبینین هەر هەموویان لە ناوەوەی جەستەیاندا و لە دەرەوەشدا ڕام کراون بۆ ئەو کارەی پێیان سپێردراوە؟

٤- بڕوانە جیهانی ڕووەك و دار و درەخت و گژ و گیا، هەر هەمووی ڕام کردون لە ناوە و لە دەرەوەیاندا ڕام کراون بە قەبارە و ڕەنگ و تام و بۆن و شێواز و شکڵی

جیاوازەوە، بە شێوەیەك ڕام کراون دار مۆز بۆی نییە و ناتوانێ پرتەقاڵ بەرهەم بهێنێت! دار سێو ناتوانێ خۆخ بدات، دار هەنجیر بۆی نییە سڵق بدات، شوتی بۆی نییە کاڵەك بدات، ئەی کێ ئەوانەی ڕام کردوون؟ بۆ ئەوەی لەو جۆر و قەبارە و ڕەنگ و تام و بۆنە جیاوازانەدا لانەدەن؟!

ئایا هیچ عاقڵێك دەتوانێ بڵێت ڕامکراو ڕامکەری نییە؟ سەیارەیەك ڕام نەکەی ڕام ناکرێ

، مۆبایلێك یان.....، باشە ئەی کێ ئەو هەموو جۆرە ژیاندار و ڕووەك و دار و درەخت و گژوگیایەی ڕام کرد؟

٥- بڕوانە زەوی چۆن ڕام کراوە، بۆ سووڕانەوە بە دەوری خۆی و بە دەوری خۆر و بە دەوری.....، کێ ڕامی کردوون؟

٦- بڕوانە خۆر و مانگ و ئەستێرە و هەسارەکان و گەردوون بە تێکڕایی، هەر هەموَوی ڕامکراون بە شێوەیەك هیچیان بۆیان نییە لە خولگەی خۆیان بە تۆزقاڵێك لابدەن، خۆ ئەگەر ئەو خۆر و مانگ و زەوی و ئەستێرە و هەسارانە بە تۆزقاڵێك لابدەن لە خولگەی خۆیان، ئەوا گەردوون هەمووی بەسەر یەکدا دەڕووخێت! باشە کێ ئەو هەموو گەردوونەی بە بچووکترین بەشییەوە تاوەکو گەورەترین بەش ڕام کرد؟ ئایا ڕامکراو بەبێ ڕامکەر دەبێت؟

بوونی خودا (بەڵگەی چاودێری)

●﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ﴾● فاطر: ٤١

(بەڕاستی هەر خودایە کە ئاسمانەکان و زەوی ڕادەگرێت و نایەڵێت لەناو بچێت و لەیەك بترازێت، سوێندبێت بە خودا ئەگەر تێك بچن و لەیەك بترازێن، ئەوە هیچ کەسێك نییە بتوانێت دوای ئەو زاتە فریایان بکەوێت، بەڕاستی هەر ئەو هەمیشە و بەردەوام خۆگر و ئارامگر و لێخۆشبووە).

ئەم فەرمایشتەش یەکێکی تر لە بەڵگەکانی بوونی خودای گەورە، چونکە دەفەرموێت: ئەم گەردوونە لەژێر چاودێری دایە و بەردوام چاودێری دەکرێت، دیارە کە چاودێریکراویش بەبێ چاودێریکار نابێت کە خودای گەورەیە.

یاساکە بەم شێوەیەیە:

• هەموو چاودێری کراوێك چاودێری کارێکی هەیە.

• گەردوون لە بچووکترین بەشیەوە تاوەکو دەگاتە گەورەترین بەشی هەر هەمووی چاودێری کراوە و بەردەوام لە ژێر چاودێری وردایە!

• کەواتە گەردوون چاودێری کراوە.

• هەروەها چاودێریکراویش چاودێریکەری هەیە، کەواتە گەردوون چاودێری کارێکی هەیە کە خوای گەورەیە.

بڕوانە هەر شتێك، چەندی بچووکیش بێ، پێویستی بە چاودێری ورد هەیە بۆ دروست کردنی، چونکە بە بێ چاودێری ورد هیچ شتێك دروست ناکرێ، لە پاشان بۆ ڕێکخستنی دواتر بۆ ئەندازەگیری تیایدا، لە هەموو حاڵەتەکاندا بە بێ چاودیری ورد شتەکە نایەتە بوون!

کەواتە ئەگەر دروستکردنی مۆبایلێك یان سەیارەیەك یان کورسیەك یان پێنووسێك یان.... بەبێ چاودێری دروست نەکرێ و نەیەتە بوون و ڕێك و پێك و جوان نەبێ، ئەی باشە ئەو هەموو گەردوون لە بچووکترین بەشیەوە تاوەکو دەگاتە گەورەترین بەشی چۆن دروست دەکرێ و دەڕوا بەڕێوە؟

خودی دروستکردنی گەردوون و ڕێکسازیەکەی و ئەندازەگیرییەکەی و ڕێنموونی کردنەکەی و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی و پێویستییەکانی و جوڵە و سوڕانەوەکانی و مشورلێخواردنی و ڕام کردنی هەر هەموویان، بەبێ چاودێری وردی خوایی ناکرێ بێنە بوون!

کەواتە سەلما کە گەردوون ناڕوا بەڕێوە بە بێ چاودێری، باشترین و تەواوترین و جوانترین و گەورەترین چاودێریش بریتییە لە خوای گەورە.

چەند نموونەیەکی زۆر کەم لەسەر بەڵگەی چاودێری:

١- کێ چاودێری سەرەتای دروست بوونی گەردوونی کرد (تەقینەوە گەورەکە) (Bing Bang)؟ کە بەو شێوە ورد هاتەبوون و دروست بوو، وەك پێشتر باسمان کرد.

٢- کێ چاودێری دروستبوونی پێکهاتەکانی گەردوونی کرد؟ هەر لە گەردیلەیەکەوە تاوەکو مرۆڤ و ژیاندار و ڕووەك و دار و درەخت و زەوی و مانگ و خۆر و کۆمەڵەی خۆر و کەهکەشانەکان و تەواوی گەردوون، کێ چاودێری ئەوەی کرد؟ ئایا دەکرێ ئەوانە هەر هەموویان بەبێ چاودێری هاتبنە بوون؟ چونکە وتمان چاودێریکردن بەبێ چاودێریکەر نابێت و وتمان هەموو چاودێریکراوێك چاودێریکەرێکی هەیە.

٣- کێ چاودێری و ئەندازەگیری و ڕێکسازی گەردوونی کرد؟!

کێ چاودێری ئەندازەی پرۆتۆن و نیترۆن و ئەلیکترۆن و کوارگەکان و گەردیلە و گەرد و خانەکان و شانەکان و ئەندامەکان و کۆئەندامەکانی مرۆڤ و ژیاندارانی کرد؟!

کێ چاودێری ئەندازەی پێکهاتەکانی رووەك و دار و درەختی کرد، کە ڕەنگ و تام و بۆن و قەبارەی بەشێوەیەکی پێویست و دیاریکرا و ڕێك و پێك ئەندازەگیر کرد؟!

باشە ئەگەر بتەوێت شەربەتێك دروست بکەی، دەبێ چاودێری بکەیت بۆ ئەوەی ئاو و پێکهاتەکانی تری بە ئەندازە بن، خۆ ئەگەر تۆزقاڵێك لێی بێ ئاگابیی ئەو ئەندازانە تێك دەچن! ئەی باشە کێ چاودێری ئەندازەی پێکهاتەکانی ڕووەك و دار و درەخت و ماددە و مرۆڤی کرد؟ ئایا بە بێ چاودێری ئەو ئەندازەگیرییە وورده دێتە دی؟!

٤- کێ چاودێری سوڕانەوەی زەوی دەکات بە دەوری خۆیدا بۆ دروستبوونی شەو و ڕۆژ، وە بە دەوری خۆردا بۆ دروست بوونی چوار وەرزەکان بەبێ ئەوەی ڕۆژێك یان ساتێك لە کاتی خۆیدا دواکەوێت؟! ڕۆژێك بینویتانە زەوی نەسوڕیتەوە یان دوابکەوێت لە کاتی دیارکراوی خۆیدا؟ ئایا ئەوە بەبێ چاودێری دەبێت؟!

٥- کێ چاودێری جوولّەی ئەو هەمووە ئەستێرە و مانگ و خۆر و هەسارە و کەهکەشانەکان و گەردوون بە تێکڕایی دەکات؟!

بە شێوەیەك هەر هەموویان لەسەر ڕێڕەوێکی دیاریکراو دەخولێنەوە و دەجولێن، بە بێ ئەوەی تۆزقاڵێك لە ڕێڕەو و شوێن و کاتی دیاریکراویاندا لابدەن؟

خۆ ئەگەر یەکێکیان لە ڕێڕەوی خۆی لابدات و بەر یەکێ لە ئەستێرە و هەسارەکان بکەوێت، ئەوا گەردوون بەسەریەکدا دەڕووخێت و کۆتایی بە هەموو شتێك دێت بە زەوی و مرۆڤیشەوە!

ئایا ئەو هەموو شتانە بە بێ چاودێریرێکی زۆر گەورە و تەواوەوە دەبێ و دەگونجێ؟!

٦- کێ چاودێری دروست بوون و پێگەیشتنی منداڵ دەکات لە ناو ڕەحمی دایکیدا؟ ئایا دروست بوونی دروستکراوێکی زۆر زۆر سەرسوڕهێنەری وەك مرۆڤ بەبێ

چاودێری دەبێ؟! ئێمە وتمان ناتوانی پێنووسێك، دەرزیەك دروست بکەیت بەبێ چاودێری، ئەی باشە دروست بوونی مرۆڤێك بەو هەموو ووردەکارییەوە لە سپێرمێکی زۆر زۆر بچووك پاشان پارچە خوتنێك پاشان پارچە گۆشتێك چۆن بەبێ چاودێری دێتە بوون؟!

کەواتە بۆمان دەرکەوت هیچ شتێك بە بێ چاودێری نایەتە بوون، بۆیە هاتنە بوونی گەردوون و پێکهات ەکانی بە چاودێری خوای گەورە هاتوونەبوون و بەردەوامن.

بوونی خودا (بەڵگەی ڕۆزی)

●﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا وَيَعۡلَمُ مُسۡتَقَرَّهَا وَمُسۡتَوۡدَعَهَاۚ﴾●هود: ٦

(هیچ زیندەوەرێك نیە لەم زەویەدا ڕزق و ڕۆزیەکەی لەسەر خودا نەبێت و ئاگاداڕە بە شوێنی حەوانەوە و شوێنی دەرچوونیان).

ئەگەر بڕوانینە زیندەوەران و ژیانداران زۆر بە جوانی ئەو دیاردەی ڕۆزیدانەت بۆ دەردەکەوێت و بە چاوی خۆت دەیبینیت، بە جۆرێك زیندەوەران هەر هەموویان ڕۆزی خۆیان وەردەگرن بەپێی پیویست، بڕوانە:

١- ژیانداران، هەر هەموویان ڕۆزیان بۆ دابین کراوە، هەریەکەیان بە شێوە و شێوازی تایبەتی خۆی، هەریەکەیان بەپێی بونیادی جەستەی خۆیان، بۆ نموونە: گۆشت خۆرەکان گۆشتیان بۆ دابین کراوە، ڕووەك خۆرەکان ڕووەکیان بۆ دابین کراوە، ووشکانیەکان لە ووشکانی دا ڕۆزییان بۆ دابین کراوە، ئاوییەکان لە ئاودا ڕۆزیان بۆ دابین کراوە، ئاوی و وشکانییەکان لە ئاو و لە وشکانیدا ڕۆزییان بۆ دابین کراوە، ئینجا هەر هەموویان لاشەیان پێویستی بەچی هەیە ئەو جۆرە ڕۆزییەیان بۆ دابین کراوە.

بە شێوەیەك بە تەواوی لەگەڵ بوونیادی جەستەیان بگونجێت و بێتەوە، ئەوەی زۆر سەیرە هەندێ زیندەوەریان دۆزییەوەتەوە لە ناو بەرددا، بەڵام دوایی کە بەردەکەیان دوولەت کردووە بینیویانە زیندەوەر یان کرمی تێدایە،_ سبحان الله _، لە ناو ئەو بەردە ڕەق و تەقەدا خوای گەورە ڕۆزی ئەو کرمەی داوە! یان ڤایرۆس و بەکتریاکان کە بە چاو نابینرێن، خوای گەورە لەسەر لاشەی مرۆڤ ڕۆزییان دەدات! کەواتە هیچ زیندەورێك نییە ڕۆزی نەدرابێت و ڕۆزی نەدرێت، وە هەر هەموویان ڕۆزی دانەکەیان گونجاوە لەگەڵ بونیاد و جەستە و لەگەڵ ویست

و ئارەزووی خۆیان، بۆیە ڕووەك خۆرەکان گۆشت ناخۆن، بە پێچەوانەشەوە، کەواتە دەپرسین کێ ڕۆزی ئەو ملیاران جۆر زیندەوەر و ژیاندارانە دەدات بە پێی پێویست و بە پێی گونجانیان لەگەڵ ویست و ئارەزوو و بونیادی جەستەیان؟

٢- کێ ڕۆزی بە ڕووەك و دار و درەخت دەدات؟

هەر جۆرە ڕووەك و دار و درەخت و گژوگیایەك ڕۆزی خۆی هەیە، بە تام ڕەنگ و بۆنی جیاوازەوە، بۆ نموونە ڕۆزی دار مۆز ماددەی مۆزە بە ڕەنگ و تام و بۆنی مۆزەوە، وە ڕۆزی هەرمێ و شووتی و سێو و پرتەقاڵ و سڵق و کەرەوز و گەنم و جۆ و نیسك نۆك و..... .

کەواتە دەپرسین کێ ڕۆزی ئەو هەموو جۆرە ڕووەك و دار و درەخت گژوگیایە دەدات بە پێی پێویست و بە پێی جۆری خۆیان؟ بۆ نموونە ئەگەر ڕۆزی سێو زیاد لە سنووری خۆی بدرێت ئەوکاتە ڕەنگ و تام و بۆن و قەبارەی سێوێك تێکدەچێت، یان ئەگەر ڕۆزی هەنار بدرێت بە سێو یان بە پێچەوانەوە ئەوا دەبینین هەردوکیان تێك دەچن! کەواتە ڕۆزیدراو ڕۆزیدەری هەیە و، زیندەورانیش بە بەردەوامی ڕۆزی دەدرێن و ڕۆزی وەردەگرن، کەواتە ئەوانیش ڕۆزی دەریان هەیە کە خوای پەروەردگارە.

هەربۆیە یەکێك لەناوە جوان و بەرز و پیرۆزەکانی خوای گەورە بریتییە لە (الرزَّاق)، واتا: زۆر زۆر ڕۆزی دەر.

پێکەوە ژیان
کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبێت چۆن بێت؟

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ﴾ ●

الحجرات: ١٣

(ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەموتانمان لە نێر و مێیەك دروستکردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردووماننە بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسانەتان کە زۆرتر لە خوداترسە و فەرمانبەرداری خودایە، بێگومان خودا زانا و ئاگایە بەهەمووان).

ئەم فەرمایشتە لوتکەی بەیەکەوە ژیانە.

پێکەوە ژیانی کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبێت چۆن بێت؟

با دیندار و بێ دین و باوەڕدار و بێ باوەڕ و ڕەش و سپی و..... بەیەکەوە بژیێن و ڕێز لەیەکتری بگرین و دوژمنایەتی یەکتر نەکەین، وە زۆریش ئاساییە هەر یەکەمان چەسپاو و دامەزراو بین لەسەر مەبادیئەکانی خۆمان و هەر یەکەمان باوەڕی بە بیر و ڕاکانی خۆی هەبێت و دەرگای گفتوگۆ و وتو وێژ بکەینەوە بەسەر یەکتردا... .

کەواتە با لە جیاتی دژایەتی یەکتر کردن یەکتر بناسین.

لەجیاتی ڕەگەزپەرستی یەکسانی بەرپا بکەین.

لەجیاتی چینایەتی دادگەری بڵاو کەینەوە.

لە جیاتی ڕق خۆشەویستی.
لەجیاتی درۆ ڕاستگۆیی.
لەجیاتی ستەم دادگەری.
لەجیاتی دژایەتی دۆستایەتی.
لەجیاتی..... .

کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبێت چۆن بێت؟

١. هەموو کەس ئازادی ئایینی هەبێت، هەرکەس ئازادە چ ئایینێکی هەبێت و کەس بۆی نیە زۆر لە کەس بکات بۆ ئایین گۆڕین و هەریەکێك لەوانە دەتوانن پەیڕوی ئایینی خۆیان بکەن، بۆ نموونە کەنیسە و....، خۆیان هەبێت و بەئازادی مومارەسەی ئایینداری خۆیان بکەن.

٢. ئازادی بیڕوڕا، هەموو کەس ئازادە چۆن بیردەکاتەوە...، هەتا کەسی مولحیدیش ئازادە...، وەك خودای گەورە دەفەرموێ: (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر) واتە: کێ باوەڕ دێنێت با باوەڕ بێنێ و کێش باوەڕ ناهێنێت و با باوەڕ نەهێنێت و ئازادە، هەرچەند مولحید بڕوای بە خودا و قورئان و پێغەمبەر و ئایین و دواڕۆژ و....، نیە بەڵام ئازدە و کەس ناتوانێت ڕێی لێبگرێت و ئازادی لێ زەوت کات، بەو مەرجەی سنوری خۆی تێنەپەڕێنێت و سوکایەتی و...، نەکات بە بەرانبەرەکانی.... .

٣. مافی ئابووری، هەموو کەسێك دەبێت مافی ئابووری و کار کردن و ئیشکردنی هەبێت و نابێت ڕێگری لە هیچ کەسێك بکرێت لەبەر ئایین و بیروڕای جیاواز.

٤. مافی سیاسی, مافی سیاسی کراوەیە و نابێت بەهیچ جۆرێك قۆخکاری سیاسی هەبێت.

٥. مافی خاوەنداری ماڵ و مووڵك.

٦. مافی خوێندن و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری.

٧. مافی کۆمەڵایەتی.

٨. ڕێز، هەموو کەسێك دەبێت ڕێزی تەواوی لێ بگیردرێت و کەس نابێت بێ ڕێزی پب یکرێت لەبەر جیاوازی ئایین و بیروڕا و دەنگ و ڕەنگی جیاواز.

٩. مافی ژیان، هەموو کەسێك مافی ژیانی هەیە.

١٠. یەکسانی بەرانبەر یاسا، هەموو کەس وەك یەکە بەرانبەر یاسا، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (وَايْمُ اللَّهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا) رواه البخاري (٣٤٧٥) ، ومسلم (١٦٨٨). ئەگەر فاطمەی کچم دزی کردبا دەستم دەبڕی.

١١. یەکسانی بەرانبەر قەزا.

١٢. یەکسانی بەرانبەر وەزیفە و تەعیین بوون.

١٣. یەکسانی نێوان ژن و پیاو، پیاو ژن یەکسانن....، یەکسانن بەرانبەر خودا و خەڵك و ئایین و حکومەت و دەستەڵات و سیاسەت و ئابووری و...، ژن و پیاو لە تێڕوانینی ئیسلامدا هیچ جیاوزییکیان نیە و کەسیان لە کەسیان بەڕێزتر و گەورەتر نیە، بەڵکو گەورەیی بە خوداناسی و تەقوا و خۆپارێزی و ئەخلاقە وەك خودای گەورە دەفەرموویت: (إن أكرمكم عند الله أتقاكم).

١٤. ڕەچاو کردنی لێهاتوویی و کارامەیی لە پلە و پۆست.

١٥. دژایەتی کردنی گەندەڵی و خراپەکاری ، واجبە لەسەر هەموو کەسێك لە ئاست خۆی و بە پێی توانای خۆی دژایەتی گەندەڵی بکات، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان)).

١٦. دژایەتی کردنی زوڵم ستەم، واجبە هەرکەسە و لەئاست خۆی و بەپێی توانای خۆی دژایەتی زوڵم ستەم بکات، بەڵام بە حیکمەت و لێزانی نەك بە کوێرانە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((أفضل الجهاد: كلمة حق عند سلطان جائر))، باشترین جیهاد کەلیمەی حەقە لەلای دەسەڵاتدارێکی زاڵم.

١٧. ژنان بۆیان هەیە بەژداری تەواو و کارایان هەبێت لە کایە جیاوەزەکانی پەروەردە و فێرکردن و فێربوون و ئابووری و حکومەت و دەسەڵات و... .

١٨. هیچ کەس مافی دەستدرێژی بۆ سەر کەسی بەرانبەر نییە...، هەر کەسێك دەستدرێژی بکات دەبێت بە ئەندازە و ڕێکاری تایبەتی خۆی سزا بدرێت.

١٩. پێکەوەژیان، نابێت ئایین و بیروڕا و بۆچوون و ڕەنگ و دەنگی جیاواز پێکەوەژیان و بەیەکەوە ژیان تێك بدات و دوژمنایەتی دروست بکات، بەڵکو پێویستە هەموویان بەیەکەوە بژیێن....، ژیانی پێغەمبەریش (ﷺ) مەزنترین نموونەی ئەو پێکەوە ژیانەیە..... .

٢٠. پەیوەندی هەبوونی وڵات و کۆمەڵگەی موسڵمان بە وڵات و کۆمەڵگە جیاوازەکانی جیهان.

٢١. دەرگا کردنەوە و واڵاکردنی وڵات و کۆمەڵگە بەسەر جیهان و سود بینین لە شارستانیە جیاوازەکان و سود بینین لە زانست و...، یان.

٢٢. یارمەتیدانی موسڵمانان لە نێوان خۆیان و غەیری خۆیان، هەتا ئەگەر بیر و ڕاشیان جیاواز بێت، یان کەسێکی دووڕەدەست لەو سەری دونیا پێویستی بە یارمەتی هەبێت و کارەکەی مەشروع بێت پێویستە یارمەتی بدرێت.

٢٣. کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ بە ڕووی ئایین و بیروڕا جیاوازەکان بە ئازادانە، ئیسلام هەرگیز نەترساوە و ناش ترسێت لە گفتوگۆ و گەنگەنگەشە کردنی پرس و بابەتە جیاوازەکاندا، بۆیە پێویستە دەرگا واڵا بکرێت بۆ هەموو بیروڕا جیاوازەکان، خودای گەورە ڕێی بە شەیتان دا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات و هەموشی تۆمار

کردووە لە قورئاندا و ئەو گفتوگۆیە هەتایە دەمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر بڕوانیە قورئان پڕیەتی لە گفتوگۆی نەیاران و دوژمانان، کەواتە ئەگەر دوژمنیشت بێت حەقی گفتوگۆی هەیە و دەبێت بواری تەواوی پێبدرێت کە بیروڕای خۆی دەربڕێت بەبێ هیچ فشار و... .

٢٤. ئازادی دان بە ڕێبازە جیاوازەکانی نێو ئیسلام، بۆ نموونە هەرکەس ئازادە لە ڕووی فقهیەوە پەیڕەوی چ مەزهەبێك دەکات، (حنفی، مالکی، شافعی، حنبلی،...) وە لە عەقیدەدا (ئەشعەری، ماتریدی، سلفی،..) هەروەها مەزهەبەکانی تریش، واتە کەس بۆی نیە مەزهەبێکی فیکری و عەقیدەیی یان فقهی و تەزکیەیی و تەسەوفی زاڵ بکات....، هەروەها بۆ ئایینەکانی تریش ئازادن پەیڕەوی لە چ مەزهەبێکی خۆیان دەکەن، بۆ نموونە نەسڕانیەکان ئازادن لە (کاثولیکي، أرثذکسي، بروتستانت).....

کەواتە بەکوردی و بەکورتی دەبێت: (ئازادی) و (دادگەری) و (ڕێز) و (یەکسانی) و (برایەتی و تەبایی) و... ، پارێزراوبن و هەر شتێك دژی ئەوانە بن دەبێت بە پێی ڕێکار و ڕێوشوێنی خۆی دژایەتی بکرێن و ڕێی لێ بگیردرێت.....

تێبینی:

بەڵگەی واقعیش بۆ ئەوەی کە ئیسلام باوەڕی بە پێکەوە ژیان هەیە ئەوەیە کە بڕوانە هەموو وڵاتانی ئیسلامی هەموو ڕەنگ و ئایینە جیاوەزەکانی تێدابوون، بڕوانە کوردستانی خۆمان (مەسیحی و جولەکە و یەزیدی و.....) هەبوون و هەشن و بە هاوڵاتی پلە یەکیش چاویان لێکراوە و پەرستگا و شوێنە ئایینیەکانیشیان ماوە و پارێزگاریان لێکراوە.

بەڵام دەبێت ئەوەش بوترێت: ئازادی سنورداراە و نابێت سنوورەکان ببەزرێن و بەناوی ئازادییەوە مرۆڤایەتی تووشی ناهەمەتی و... بکرێت.

قورئان

●﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ﴾ ●محمد: ٢٤ - ٣٤

(ئایا ئەوە بۆچی ئەوانە وردبینی لە قورئاندا ناکەن و گوێی بۆ ناگرن؟! یان ئەوەیە،دڵەکان لە ئاستی ڕاستیدا قفڵ دراون؟!)

قورئان لێرەدا پێیان دەفەرموێت: ئەگەر دڵ و فیکرتان قفڵ نەداوە ئەی بۆ تێ نافکرن و ورد نابنەوە لە قورئان، چونکە ئێمە سێ کتێبمان هەیە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان و تێفکرین:

١. الكتاب المقروء (کتێبی خوێندراوە) کە قورئانە.

٢. الكتاب المنظور (کتێبی ڕامان تێداکراو) کە گەردوونە.

٣. الكتاب الناطق (کتێبی قسەکەر) کە پێغەمبەرە (ﷺ).

ڕامان لە قورئان بۆیە گرینگە چونکە کتێبی تەعلیم و تەزکییەیە و....

قـــورئـــان :

قورئان: سەرگوزەشتەی ئەزەلیی کتێبی مەزنی گەردوون و.. تەرجومانی ئەبەدیی ئەو زمانە جۆراوجۆرانەی بوونەوەرانە کە ئایەتە تەکوینیەکان دەخوێنێنەوە و.. موفەسسیری کتێبی هەردوو جیهانی پەنهان و ئاشکرایە و... دەرخەر و پیشاندەری گەنجینە مەعنەوی و پەنهانەکانی ئەو ناوانەی خوداوەندە کە لە توێی لاپەڕەکانی ئاسمانەکان و زەویدا شاردراونەتەوە و.. کلیلێکە بۆ کردنەوەی ڕاستییەکانی ئەو کاروبارانەی کە لەنێو دێرەکانی ڕووداوەکاندا حەشاردراون و... زمانی جیهانی پەنهان (غیب)ە لە جیهانی بینراو (شهادة) داو.. گەنجینەی گفتوگۆی ئەزەلییە پاك و بێگەرد و ئاوڕدانەوە ئەبەدییەکانی خودای میهرەبانە کە لە جیهانی پەنهانی

پشت پەردەی ئەم جیهانە بینراوەوە هاتووە و.. خۆر و بناغە و نەخشە و ئەندازەی جیهانی مەعنەویی ئیسلامە و.. نەخشەیەکی خاوێن و موقەدەسی جیهانەکانی ئەو دنیایە و.. تەفسیری ئاشکرا و بەڵگەی مەحکەم و تەرجومانی ڕووناکی زات و سیفات و کاروبار و ناوەکانی خوداوەندە و.. پەروەردەکار (مُربیّ)ی ئەم جیهانی مرۆڤایەتی یەیە و.. بە وێنەی «ئاو» «ڕووناکی»ش وایە بۆ مرۆڤایەتیی مەزن کە ئیسلامەتییە و.. دانایی ڕاستەقینەیە بۆ ڕەگەزی مرۆڤ و.. ڕێ پیشاندەری گرۆی ئادەمیزادیشە بۆ لای ئەو شتانەی کە بەختەوەرییان تێدایە و.. هەروەك بۆ مرۆڤ کتێبی شەریعەتە، کتێبی زانستیشە..هەروەك کتێبی دوعا و بەندایەتییە، کتێبی فەرمان و بانگەوازیشە.. هەروەك کتێبی زیکرە، کتێبی فیکریشە و.. تاقانە کتێبی موقەدەسی پیرۆزە کە هەموو ئەو کتێبانەی تێدا جەم بووبێت کە پێداویستی یە مەعنەوییەکانی مرۆڤ دەهێننەدی. تەنانەت ئەم قورئانە بۆ مەشرەبی هەریەکە لە ئەهلی مەشرەبە جۆراو جۆرەکان و ڕێبازی هەموو یەکێ لە خاوەن ڕێبازە جیا جیاکانی: ئەولیا و صیددیقان و خوداناسان و زانا لێکۆڵەرەکانە، بۆ هەریەك لەمانە، نامەیەکی پیشان داوە کە شیاوی چێژ و ڕووناك کردنەوەی مەشرەبەکەی ئەو بێت و لەگەڵ ڕوونکردنەوە و ڕێڕەوی ئەو ڕێبازەدا بگونجێت. کەواتە ئەم کتێبە ئاسمانی یە دەڵێی کتێبخانەیەکی موقەددەسی پڕ لە کتێبە! (م. سیعد نورسی، کلیات و مثنوي).

تایبەتمەندییەکانی قورئان :

١. کتێبێکی خودایی و ئیلاهییە و لە لایەن ئەوەوە نێردراوە.

٢. موعجیزە و دەسەوەسانکەرە لە هەموو ڕووەکانەوە.

٣. کتێبێکی ئاسانە و تێگەیشتن لێی شتێکی مومکینە.

٤. کتێبێکە هەموو پایەکانی ئایینی تێدایە، کە بریتین لە (عەقیدە و شەریعە و تەزکیە و ئەخلاق).

٥. کتێبێکە پارێزراوە و هیچ پیت و وشەیەکی دەستکاری نەکرداوە.

٦. کتێبێکە بۆ هەموو کاتەکان و بارودۆخەکان دەگونجێت.

٧. کتێبێکە بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێت.

٨. کتێبێکە بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی بە ڕەنگ و دەنگی جیاوازەوە.

٩. کتێبێکە بۆ تێرکردنی هەر سێ بەشەکەی مرۆڤ (عەقڵ و ڕۆح و جەستە).

١٠. کتێبی هاوسەنگیە لە نێوان تاك و کۆمەڵ و هەست و شعور و واقیع و عەقڵ و دڵ و دونیا و دواڕۆژ.

١١. کتێبێکە تەفسیر و ڕاڤەی جیاجیا هەڵدەگرێت و دەکرێت بە چەندان شێوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، هەربۆیە هەرگیز کۆن نابێت.

١٢. کتێبێکە لە هەر زانستێ لێی بگەڕێی شتێکت لێی دەست دەکەوێت و ئیشارە و ئاماژەی گەورە و وردی تێدایە لە هەموو بوارەکاندا.

١٣. هەرچەندە دەیخوێنی و گوێی بۆ دەگری لێی بێزار نابی، تاکە کتێبێکە ئەوەندە بخوێنرێتەوە.

١٤. گوێگرتن و خوێندوەکەی بەرەکەتدارە و شیفاهێنە هەم بۆ دڵ و ڕۆح و نەفسەکان هەم بۆ جەستە و لاشەکان.

١٥. تاکە کتێبە ئەوەندە زۆر لەبەرکراوە و لەبەردەکرێت.

١٦. کتێبێکە هەتاوەکو لەگەڵیدا نەژێی ناتوانی بە چاکی و بەپێی پێویست لێی بەهرەمەن ببی، وە هەر لێی دابڕێی لێت دادەبڕێت، وە زۆر زوو لەبەر دەکرێت، بەڵام زۆر زووش دەڕوات و لەبیرت نامێت و ئەگەر زۆر و زوو لە خزمەتیدا نەبی.

مەبەستەکانی قورئان :

١. دامەزراندن و ڕاستکردنەوەی عەقیدە و بیروباوەڕ و فیکر و هزر.

٢. دامەزراندن و پاستکردنەوەی ئەخلاق و پەوشت و ئاڕاستەکردنی مرۆڤ بەرەو لوتکەی ئەخلاقی بوون.

٣. پێزگرتنی مرۆڤ و گێڕانەوەی پێز بۆی.

٤. چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ.

٥. هاندان لەسەڕ گرێدانی دونیا و قیامەت بەیەکەوە.

٦. هاندان بەرەو عەقڵ و زانست و بیر و فیکر و هزر.

٧. دروستکردنی هاوسەنگی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

٨. عیبادەت و پەرستش.

٩. تەزکیەی نەفس و پاك کردنەوەی دڵ و دەروون.

١٠. دروستکردنی تاك و خێزان و کۆمەڵگە و سیاسەت و ئابوری و.....، یێکی جوان و باش و پاك و.... .

١١. پێزگرتن لە ئافرەت و گێڕانەوەی ماف بۆی.

١٢. هاندان بۆ جێهانێکی مرۆیی هاوکار و یەکگر بە هەموو پەنگ و دەنگە جیاوازەکانەوە.

١٣. دروست کردنی بیری مرۆڤ سەنتەر بوون.

بابەتــەکانی قورئـــــان :

بەشێوەیەکی گشتی قورئان باسی حەوت شت دەکات:

١. عەقیدە و بیروباوەڕ و فیکر و فەلسەفە.

٢. تەزکیە.

٣. ئەخلاق و سلوك.

٤. بەسەرهاتی پێشینان.

٥. باسی گەردوون و مانگ و خۆر و... .

٦. فیقهو ئەحکام بە عیبادات و موعامەلاتەوە.

٧. هەواڵدان لە هەندێ شتی داهاتوو.

ئەرکمـــان بەرانـــبەر بە قورئـــــان

١. ئیمان پێ هێنانی.

٢. ڕێزگرتن و بە گەورە دانانی.

٣. تێگەیشتنی ڕاست و دروست و واقیعییانە لێی.

٤. بیرکردنەوە و تێڕامان لێی.

٥. گوێڕایەڵیکردن لە ئەمر و نەهیەکانی.

٦. عیبرەت وەرگرتن لە چیرۆك و بەسەرهاتەکانی.

٧. گەیاندنی بە خەڵکی.

٨. فێرکرنی خەڵکی بە خوێندنەوە و تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەی قوڵ لێی.

٩. خوێندنەوەی.

١٠. گوێگرتن لێی.

١١. لەبەرکردنی.

چۆن سوود لە قورئـــان وەرگرین و لێی بەهرەمەند بین؟

١. فێربوونی زمانی عەرەبی، بە زانستەکانی (نحو، صرف، بلاغة) ەوە.

٢. خوێندنەوەی زۆربەی تەفسیرەکان بە قوتابخانە و ئاڕاستە جیاوازەکانەوە.

٣. نەبوونی تەعەسُوب و دەمارگیری بۆ قوتابخانە یان ئاڕاستەیەکی دیاریکراو.

٤. دوورکەوتنەوە لە چەقبەستوویی و داخراویی و دەرگا داخستن بەسەر خوێندنەوەی نوێ و بەجێ.

چـەندژنـی

●﴿ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُواْ فَوَٰحِدَةً ﴾● النساء: ٣

(له ئافره‌تان حه‌ڵاڵن بۆتان ژن ماره بکه‌ن دوو دوو، یان سیان سیان، یان چوار چوار، (ئه‌ڵبه‌ته له یه‌ك هاوسه‌ر زیاتر مه‌رج و بارودۆخی تایبه‌تی خۆی هه‌یه) خۆ ئه‌گه‌ر ترسان له‌وه‌ی که نه‌توانن دادپه‌روه‌ر بن (له نێوان هاوسه‌ره‌کانتاندا) ئه‌وه با یه‌ك ژن ماره بکه‌ن).

فه‌لسـەفه‌ی چـەندژنـی:

چه‌ندژنی نه‌وه‌ك فره‌ژنی، ئه‌وه‌ی گرنگه ئه‌وه‌یه که ئێمه ئه‌و ده‌سته‌واژه‌ی فره‌ژنییه ڕاست بکه‌ینه‌وه و بیکه‌ین به چه‌ندژنی، چونکه له ئیسلامدا فره‌ژنی نییه به‌ڵکوو چه‌ندژنی هه‌یه، ئه‌ویش به مه‌رج، چونکه فره واته زۆر، فره‌ژنی کاتی خۆی هه‌بووه.

بۆیه ره‌خنه ده‌گرن و ده‌ڵێن: ئیسلام فره‌ژنی هیناوه، له‌کاتێکدا به دریژایی میژوو له‌ناو هه‌موو گه‌لاندا فره‌ژنی هه‌بووه، هه‌تا له چین یاسایه‌ك هه‌بووه که پیاو ده‌یتوانی (١٣٠) ژن بهێنێت !

یان له‌ناو گه‌لان و ئیمپراتۆره جیاوازه‌کاندا سنور بۆ فره‌ژنی دانه‌نرابوو!!!

که‌وایـــــه:

١: ئیسلام فره‌ژنی نه‌هیناوه، به‌ڵکو لایبردووه و دژی وه‌ستاوه‌ته‌وه.

٢: ئیسلام هاتووه فره‌ژنی سنوردار کردووه.

له‌و بێسنورییه کردوویه‌تی به (٤)، له‌و چواره‌ش کۆمه‌ڵێك مه‌رجی هه‌یه.

تەنانەت یەك ژنەکەش مەرجی هەیە و بۆ هەموو کەس سوننەت نیە، بەڵکو حوکمەکەی دەگۆڕێت بۆ: (الوجب، السنة، الحرام، المکروه، المباح)، ئەگەر پیاوەکە زوڵم لە ژنەکە بکات، یاخود بکەوێتە زوڵمەوە یاخود زەرەر و زیانی پێبگەیەنێت، لەو کاتەدا ژنهێنانی ئەو پیاوە حەرام دەبێت، کەواتە ژنی دووەمیش حوکمەکەی دەگۆڕێت بۆ هەر پێنج حوکمەکە (الواجب، السنة، الحرام، المکروه، المباح).

کەواتە پێویستە ئەوە بزانین کە چەندژنی لەلایەن خوداوە رێگەی پێدراوە بە کۆمەڵێك مەرج و شەرتەوە، کە نەواجبە و نەسوننەت بە ڕەهایی.

بەشێوەیەکی گشتی چەند مەرجێکی هەن لەوانە:

أ. نابێت لە چوار تێپەڕێت.

ب. نابێت مافی هیچ کامیان بخوات، ئەگەر ترسا مافیان دەخودات نابێت.

ج. دەبێت ئەو پیاوە وەك خەڵکانی هاوشانی خۆیان بتوانێت بیانژینێت و مافی تەواویان بداتێ، لە هەموو ڕوویێکەوە و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات.

٣: سنوردارکردن و مەرجدارکردنی چەندژنی.

لە وڵاتانی ئەوروپی و غەیرە ئەوروپی، فرەهاوڕێی هەیە کەسێك دەتوانێت هەر ڕۆژە و لەگەڵ ئافرەتێك ڕابوێرێت، بەبێ سنوور، وە هەموو شتێ لە نیوانیاندا دەکرێت و موشکیلەی نییە، وە هیچ جۆرە مافێکیشی بەسەر پیاوەکەوە نیە.

بەڵام کاتێك کەسێك چەند ئافرەتیك دەکات بە هاوسەری، ئەوا دەڵێن: زوڵمە لە ئافرەت ! لە کاتێکدا ئەگەر چەندژنی بکات ئەوا دەبێت مافی هەموویان بدات بە یەکسانی، نەفەقە و مەسروف و جل و بەرگ و ماڵ و خانوو..... هەر هەموویان بۆ دابین بکات، وە هەتا لە سەفەرکردندا دەبێت دادگەری بکات، بەڵام ئایا لەو هاوڕێیەتییە بێڕەوشتە بەڕەڵاییە بێسنورەدا ئەو هەموو مافان هەن؟!!! بێگومان نەخێر، بەڵکو کەی لێك وەڕەز بوون و پیاوەکە حەز و ئارەزوو شەهوەتی خۆی

جێبەجێ کرد، پاڵێك بە ژنەکەوە دەنێت و سۆز و عەتف و خۆشەویستی و..... هەمووی زەڕبی سفر دەبێت.

بۆیە لە عەلمانیەت و لە ئیلحاددا سنور دیاری نەکراوە و پیاو بۆی هەیە لەگەڵ هەزار ژندا ڕابوێرێت و بەبێ ئەوەی هیچ ئەرك و مافێك لە نێوانیاندا هەبێت، چونکە لای ئەوان ئەخلاق و خێر و شەڕ و چاکە و خراپە نیسبیە، ئەگەر لای تۆ ڕابواردن لەگەڵ سەد ژندا حەڕام و خراپ بێت، لای ئەو وا نییە و ئیشکالی تێدا نیە، چونکە مرۆڤ ئازادی ڕەهای هەیە و کەس بۆی نییە سنووری بۆ دابنێت، بۆیە مولحیدەکان دەڵێن: نە جەستەی پیاو تاپۆیە لەسەر ژن، نە هی ژن تاپۆیە لە سەر هی پیاو، بۆیە ئازادی ڕەهایان هەیە... .

بۆخۆتان بڕیار بدەن کامەیان مافی ئافرەتی داوە؟؟!!

٤: دەسەڵاتی شەرعی دەتوانێت جەندژنی ڕابگرێت، یان مەرجداری بکات بەپێی شوێن و کات و بارودۆخ و کەسەکان.

بۆ نموونە کاتی خۆی ئیمامی عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی ئەهلی کیتاب ڕاگرت، لەگەڵ ئەوەی لە ئەسڵدا دروستە.

کەوایە کاتێ حاکم دەزانێت هەندێ کەس چەندژنی دەکەن بەبێ ڕەچاوکردنی شەرت و مەرجەکان وە بەناوی دینەوە وە دین ناشیرین دەکەن، وە زەرەرەکانی زۆر زیاتر دەبن لە سوودەکانی، دەتوانێت ڕایبگرێت بۆ ماوەیەك، یان مەرج داری کات، بەپێی باردۆخ و کەسەکان، نەك بەگشتی. کەواتە دەبێت چاو لەحاڵی ئەو کەسە بکرێت.

هەربۆیە موحەممەد عەبدە و سەید قوتب و ئەحمەد کاکە مەحمود و.....، هەمان ڕایان هەیە کە نابێت هەرکەسێ ڕاست بۆوە بەبێ ڕەچاوکردنی هەل و مەرج و بارودۆخ بچێ ژنێکی تر بهێنێت، جارێ ماڵێکی ئاوەدان نەکردۆتەوە بچێت یەکێکی تریش وێران بکات، بۆیە دەفەرموون: قازی و حاکم بۆیان هەیە ڕێگرییان لێ بکەن.

چونکە بەپێی یاسا شەرعیەکەش بێت (درء المفاسد أولى من جلب المصالح)، واتە: دورخستنەوە و وەلانانی زەرەر و زیان لە پێشترە لە بەدەستهێنانی سود و قازانج. دەبێت ڕێگری لەو جۆرە کەسانە بکرێت بۆئەوەی بەناوی سوننەت و بەناوی دینەوە شتی وانەکەن و ئیسلامیش ناشیرین نەکەن، وە بۆ ئەوەی ستەم لە خێزانەکان و دەورو بەریشیان نەکەن و داهاتوو و پەروەردەی منداڵەکانیشیان نەفەوتێنێن.

جا ئەوەی کە جێی سەرسوڕمانە هەیە نوێژ و.... ناکات، بەڵام دەڵێت: واللە سوننەت جێبەجێ دەکەم!!! حاشا جارێ تۆ بڕۆ واجبەکان جێبەجێ بکە لەو سوننەتە بگەڕێ، کە سوننەتیش نییە لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا.

٥: ئافرەت دەتوانێت لە عەقدی زەواجدا مەرج لەسەر پیاوەکەی دابنێت کە هیچ ژنێکی تر نەهێنێت.

٦: عورفی کوردی چەندژنەی زۆر ناشیرین کردوە و ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە و خەتاکە زیاتر لە پیاوانە کە نموونەی زۆر ناشرینیان نیشانداوە.

٧: ئەو ئافرەتەی دەبێت بە ژنی دووەمی پیاوێك بە زۆر نابێت بە هاوسەری بەڵکو بە ئارەزو و بە ئازادی خۆیەتی، کەوایە زوڵم ناکرێت و ئافرەتەکە ئازادە دەتوانێت قبوڵی نەکات، مێردی پێ نەکات، کەوایە ئەگەر وا بێت دەبێ ڕەخنە لە ژنەکە بگرین، چونکە خۆ ئەگەر ئەو ڕازی نەبێت پیاویش ناتوانێت چەندژنی بکات.

باشە با شتێکی تر بڵین: ئەوان زۆر باسی ئازادی دەکەن ئەی باشە بۆ ئازادی نادەن بە ژنی دووەم؟!!! با ئەویش ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی سەر بەهەوێیی، باشە شتێکی تر: زۆرێك لەوانەی دژی چەندژنین یان پیاوە و چەند ژنێك دێنێت، یان ژنە و مێرد بە سەربەهەوێ دەکات، باشە ئەوە چەندی بەچەندی؟!!!

٨: لە باسی عەدالەتدا:

دادپەروەری لە خۆشەویستیدا نییە، بەڵکوو لە کاروباری تری ژیاندایە نەك لە خۆشەویستی دڵدا، بەڵام کە پیاوێك دوو ژنی هێنا ئەوا نابێت ئەو خۆشەویستییە

جیا بکاتەوە و ژنێك فەرامۆش بکات و خۆشەویستیەکە تەنها بە یەکێکیان بدات، واتە ئەگەر هەبێت دەبێت لە دڵدا بێت و نابێت دەری بخات و کاریگەری بەسەر ژیاندا هەبێت، ژنەکەی تری هەست بکات ئەوی تری خۆشتر دەوێت.

٩: ئەسڵ لە هاوسەرگیری دووەم ناچاریە بۆ نموونە کاتێك ژنەکە توشی نەخۆشی درێژ خایەن دەبێت و توانای ماف دان و ماڵداری نامێنێت، یان.....

لەو حاڵەتەدا و لە حاڵەتی تریشدا دەتوانێت پەنا بۆ ژنێکی تر بەرێت، بە لێك تێگەیشتنی هەردوولا.

١٠: ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی چەندژنییان پێ ناخۆشە، بەڵام ئەم پێ ناخۆشبوونەش بەپێی کەس و خێزان و ژینگە و کۆمەڵگە دەگۆڕێت، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەمە بکرێت.

کەواتە دەرکەوت ئیسلام فرەژنی کردە چەندژنی، چەندژنیشی مەرجدار کرد و ڕێکی خست.

فەلسەفە و حیکمەتەکانی ڕێگەدان بە چەندژنی:

ئەسڵ یەك ژنە بەڵام ئایا بۆچی خودای گەورە ڕێگای داوە بە چەند ژنی ؟

وەك ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی بۆ چەندژنی، کاتێك پیاوێك باسی ژنی دووەم دەکات، دەبێت ئەو مەرجانەی تیدابێت کە مافی ژنی دووەمی پێدەدات، واتا ناکرێت هەر بە هەوەس و ئارەزوو بیهێنێت و دڵی ژنەکەی لەبەرچاو نەگرێت، وە نابێت ماڵی یەکەمی وێران بکات، چونکە ئەو کات دەبێتە هۆی وێرانبوونی ژیانێك لە پیناوی ژیانێکی تر، ئەگەر بەپێی قاعدەکەش بێت نابێت (درء المفاسد أولى من جلب المصالح)، واتە: لابردن و دوورخستنەوەی زەرەر و زیان و خراپە لە پێشترە لە وەرگرتنی سوود و قازانج.

بۆیە پێویستە لێك تێگەیشتنی تەواو هەبێت و ماڵ وێرانی بە دواوە نەبێت.

١: نـەزۆکـــی:

کاتێ ژنەکە نەزۆکە و منداڵی نابێت

لەوکاتەدا پیاوەکە حەقی خۆیەتی ژنیکی تر بهێنێت، بەڵام گەر خەتاکە لە پیاوەکە بوو ئەوا لەو کاتەدا ئاساییە ئافرەتەکەش داوای جیابوونەوە بکات، چونکە چۆن مافی باوکایەتی و هەستی باوکایەتی بۆ پیاو هەیە ئاواش مافی دایکایەتی و هەستی دایکایەتی بۆ ژنەکە هەیە، ئەگەر سەبڕیش بگرن ئەوە باشتر.

٢: نەخۆشـــی ئـــافرەت:

ئەو ئافرەتەی توشی نەخۆشی درێژخایەن دەبێت، یان نەخۆشیەك کە نەتوانێت مافی مێرد و ماڵداری بدات، خۆ ئەگەر پیاوەکە بەدیاریەوە دابنیشێت و یارمەتی بدات ئەوا کارێکی زۆر جوانە، بۆ نموونە مامۆستا ئیحسان قاسم سالحی کە وەرگێڕی پەیامەکانی نوورە بۆ عەرەبی، جارێك لە ئیستەنبوڵ بینیم کە خۆی خەڵکی کەرکوکە لێم پرسی بۆ نایەیتەوە بۆ عێراق ؟ ئەویش فەرمووی: ژنەکەم زیاتر لە٣٠ ساڵە قاچەکانی لەدەستداوە و منیش لەبەر ئەو ناتوانم بەهیچ شێوەیەك بیهێنمەوە بۆ عێراق و تەنانەت سەفەری زۆریش ناکەم، بۆیە بە تەنها نایەمەوە، بۆیە ئەمە نموونەیەکی زۆر جوانە، بەڵام هەموو پیاوێك وا نییە و وای پێ ناکرێت.

٣: تەمەنی بێئومێدی و پیربوون:

ئافرەتان زووتر توشی تەمەنی بێئومیدی دەبن و زوتر پیر دەبن، بۆیە هەندێ جار ئەو زوو پیربوونە وا دەکات کە پێویست بێت پیاوەکە هاوسەرێکی تر بهێنێت بەڵام بە مەرجێ کێشە و گرفت بۆ ژنی یەکەم دروست نەبێت، نەچێت ئەویان پشتگوێ بخات، وەك زۆرێك لە خەڵکی کە وا دەکەن.

٤: منداڵی بێ باوك:

ئەو ئافرەتەی منداڵی هەتیوی هەیە و ناتوانێت بەباشی سەرپەرشتیاریان بکا لەو کاتەدا کەسێك دەچێت ئەم ئافرەتە دەخودازێت و باوکایەتی بۆ منداڵەکانی

دەکات و نەفەقەی ژنەکەش دەکێشێت، دەبێتە هاوسەرێکی باش بۆ ئەویش.

(نموونە هەبوە پیاوێك ئافرەتێکی ماڕە کردووەتەوە کە ٦ منداڵی هەتیوی هەبووە، هەر هەموشی بەخێوکردون و ژنی بۆ کوڕەکان هێناوە و کچەکانیشی بە جوانترین شێوە بە شوداوە).

٥: داوێن پـــاکی:

چونکە کاتێ ئەو دەرگەیە دادەخەی چەندین دەرگای تری بەڕوودا دەکرێتەوە و توشی فاحیشە دەبێت، بە تایبەت لەو سەردەمەدا، کە ژن زۆر زۆرە و خراپەکاری و فاحیشەش زۆرە، بۆیە ئەگەر ڕێگری ژنێکی تری بە حەڵاڵی لێ بکەی ئەوا بەدەیان ژنی تری بە حەڕامی بۆ هەیە، ئایا کامە باشترە؟!!! لەگەڵ ئەوەی کە بەڕێگە حەڕامەکە بە دەیان مااڵوێرانی بەدواوەیە!!!

٦: نەهاتنەدی سوکنایی:

گەورەترین سوکنایی نێوان هاوسەران سوکنایی نەفسە، بۆیە جاری وا هەیە ژنی یەکەم نازانێت مامەڵە بکات لەگەڵ هاوسەرەکەی و نەفسیەتی پیاوەکەی کوشتووە،

بەمەش ژنی دووەم لەو کاتانەدا دەبێتە چارەسەری ئەو حاڵەتە، نموونەی زۆرمان هەیە ژنەکە نایەوێت ببێتە سوکنایی تەواو بۆ پیاوەکەی، نەك هەر ئەوە بەڵکو سوکنایشی لێ هەڵگرتووە و هیچ مورتاحی و خۆشبەختی بۆ نەهێشتۆتەوە! کەواتە لەو حاڵەتەدا ئەو پیاوە چی بکات؟!!!

با حەقیقەتێکی تاڵ بڵێین: بەڕاستی زۆربەی ژنی کورد مافی دەروونی و جینسی و... پیاو نادەن، بۆیە هەر پیاوێك دەبینی دڵی پڕە لە شەکوا و نازانێت چی بکات، لەگەڵ ئەوەی پیاوانیش زۆر کەمتەرخەمن لە ڕوی هەست و نەست و دڵ ڕاگرتنی ژنان، کەواتە پێویستە هەردووکیان تەواوکەری یەکتر بن.

بە تەجرەبە سەلماوە هەر ژنێك دڵ و هەست و سۆز و عەتف و لایەنی جنسی

پیاوەکەی ڕابگرێت هەرگیز ژنی بەسەر نایەت، ئەوەی ژنی بەسەردێت یەکێ لەو کەمتەرخەمیانەی هەیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی.

٧: گەنجی پیـــاو:

حاڵەتی وەها هەیە پیاوەکە زۆر گەنجە و ژنەکە پیر بووە, لەو حاڵەتەدا بێوەفاییە گەرپیاوەکە ژنەکە تەڵاق بدات و ڕێگە چارەش ئەوەیە ژنەکە ڕازی بێت هاوسەرەکەی ژنیکی تر بهێنێت.

ئاخر پیاوی وەها هەیە دوای ئەو هەموو ژیانە ئامادەیە لە ژنەکەی جیابێتەوە، بەو هەموو منداڵەوە، کەواتە وێڵکردنی ژنەکە و منداڵەکانی، دوای ئەو هەموو تەمەنە بەیەکەوە بوونە باشترە یان ژنێکی تری بەسەر بێت؟!!!

٨: زۆرجار دەڵێین:

هەوێ موشکیلەی زۆرە, بەڵام حاڵەتی بەرانبەر دەتوانین بڵێین گرفتی زۆرترە و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە گەر سەیر بکەین ئافرەتێك چەندین ساڵە ماوەتەوە و هاوسەرگیری نەکردووە و دایك و باوکیشی نەماون، لەوحالەتەدا چۆن چارەسەر بۆ ئەو ئافرەتە دەدۆزیەوە؟!

یا ئەوەتا لەگەڵ مااڵی براکەی بژیێت کە ئەمەش لەوانەیە براژنەکەی ڕازی نەبێت و خراپ بێت لەگەڵیدا، بەمەش لایەنی نەفسی کچەکە تێك دەچێت، یا ئەوەیە توشی فاحیشە ببێت.

ئایا لەو حاڵەتەدا کامیان باشترە؟

مانەوەی ئەم کچە بەم شیوەیە یاخود هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی ژندارا گەر پیاوێکی بێ ژن نەبوو لەوکاتەدا ؟

بۆیە ئەمە چارەسەری قەیرەییە، کەواتە ئەگەر وا دانێین چەندژنی خراپ بێت، بژاردەکانی بەرانبەری زۆر زۆر خراپترن و گەورەترین کارەسات بەدوای خویدا دەهێنێت.

چـــەندمـــێردی!!!

یەکێ لە ئافرەتە مولحیدەکان پرسیارێکی لێکردم، بۆچی پیاو بۆی هەیە زیاتر لە ژنێکی هەبێت بەڵام ئافرەت بۆی نییە زیاتر لە مێردێکی هەبێت؟

وەڵام: سەرەتا ئەوەی کە دەڵێیت: بۆچی پیاو بۆی هەیە زیاتر لە ژنێکی هەبێت، ئەوە هەروەك لەباسی چەندژنی و فەلسەفەکانی باسمان کرد بە درێژی، وتمان: چەندژنی شەرت و مەرجی خۆی هەیە و هەر ئاوا ئاسان نییە، هەر کەسێك بیەوێت و بتوانێت ئەنجامی بدات، نەوەك هەر ئەوە، بەڵکوو ژنی یەکەمیش شەرت و مەرجی خۆی هەیە.

بەڵام بۆچی چەندمێردی یان فرەمێردی بۆ ژن ڕێنەدراوە؟

١. لە ڕووی فیترەت و سروشتی ژن:

دیارە کە ژن بە فیترەت و ئەسڵی خۆی دژی چەندمێردییە و حەزی پێی نایەت، بەشێوەیەکی گشتی وایە، بەڵام ئەگەر ژنێك فیترەت و سروشتی تێك چووبێت ئەوە قیاسی لەسەر ناکرێت.

٢. لەڕووی نەسەبەوە:

نەسەب تێك دەچێت و تێکەڵ دەبێت، ئەگەر ژنێك زیاتر لە مێردێکی هەبێت نەسەب نامێنێت و کەس نازانێت ئەم منداڵە هی کێیە، تەنها دایکی دیارە، بەڵام ئەگەر پیاو چەند ژنێکی هەبێت ئەوە نەسەبی منداڵەکە دیارە بە دایك و باوکەوە، هەم دەزانرێت باوکی کێیە هەم دایکیشی دەزانرێت.

ئەگەر بشوترێت ئێستا زانست دەری دەخات بەهۆی DNA و...، و تێکەڵ نابێت، ئێمەش دەڵێین:

یەکەمیان: قەدەغەبوونی چەندژنی تەنها لەبەر ئەم هۆکارە نییە تاوەکو ئەگەر لابرا حوکمەکە و حیکمەتەکانی نەمێنن.

دووەمیان: زۆر لەمێژ نییە ئەوە دۆزراوەتەوە لە ڕووی زانستییەوە، ئێ باشە ئەو هەزاران ساڵەی پێشوو خەڵك چی بکردایە.

سێیەمیان: لە هەموو شوێنێك ئەوە دەست ناکەوێت و قورسە، بەسەدان هەزاران و ملیۆنان شوێنمان هەیە لەسەر زەویدا ناتوانن ئەوە بکەن و پێی ناگات.

چوارەمیان: باشە دەکرێت هەر ژنێك حەملی پەیدابوو بڕوات ئەم فەحسە بکات و دەیان سەدان پیاو ببات و هەموویان چاوەڕێ بن داخوا هی کێیە ئەم منداڵە؟

٣. لە ڕووی دەرونی منداڵەوە:

دەروونی منداڵ بە تەواوی تێك دەچێ کاتێ نازانێ باوکی کێیە، یان چەند باوکێکی هەیە.

٤. هیچ کام لە پیاوەکان خۆیان بە باوك و خاوەنی منداڵەکە نازانن، چونکە دیار نییە هی کێیە.

٥. لە ڕووی جەســـتەییە:

وە لە ڕووی جەستەییەوە پیاو بەهێزترە.

٦. لە ڕووی جنســـەوە:

لە ڕووی جینسیشەوە پیاو بەهێزترە، ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە بەشێوەیەکی گشتی، کە پیاو توانای جنسی زۆر زیاترە لە ئافرەت، لە یەك کاتدا دەتوانێت مافی هەموویان بدات، هەروەها لە ڕووی نوێبوونەوەی توانای جنسییەوە پیاو زۆر زوو جنس و شەهوەتی نوێ دەبێتەوە و ئامادەباشی زۆر زیاتری هەیە.

لەوانەیە بڵێن: ئەی ئەگەر ئافرەتەکە بەهێزتر بوو لەو ڕووەوە یان پیاوەکەی لاوازی جنسی هەبوو؟ ئەوا لەو کاتەدا زۆر ئاساییە ژنەکە داوای جیابوونەوە بکات و لەم پیاوە جیا ببێتەوە.

٧. لە ڕووی مافدانی ژنەوە :

ژن هەرگیز ئەو توانایەی نیە کە بتوانێت مافی چەند پیاوێك بدات، لە ڕووی:

ا. جەستەییەوە لاوازترە.

ب. لەڕووی جینسەوە لاوازترە.

ج. زۆر حاڵەتی بەسەر دێت کە بەسەر پیاودا نایەت ، حەیز ، نیفاس ، منداڵ بوون، کە هەڵ یەکێك لەوانە کاتێکی پێ دەچێت، ئاخر ئافرەتی وا هەیە (١٠) یان (١٥) ڕۆژ توشی حەیز دەبێت، کوا ئەوە دەتوانێت مافی چەند پیاوێك بدات، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ناتوانێت مافی پیاوێك بدات، بۆیە زۆر جار پیاوەکە پەنا دەباتە بەر چەندژنی لەبەر نەتوانینی ئافرەت و ماف نەدانی تەواوی بە پیاوەکەی. وە هەموو ژنێکیش دان بەوەدا دەنێت کە هەرگیز تواناکەی وەك پیاو نیە و ناتوانێت مافی زیاتر لە مێردێك بدات، بەڵام پیاو ئەو حاڵەتانەی بەسەردا نایەن.

٨. لە ڕووی تەندروستیەوە:

زۆر ترسناکە ڕاستیە پزیشکیەکان سەلماندوویانە کە ژن لە یەك کاتدا ئەگەر جووت بێت لەگەڵ چەند پیاوێك ئەوا توشی چەندان کارەسات دەبێت و نەخۆشی دەگوازرێتەوە زۆر بەئاسانی، بۆیە کە ئافرەت تەڵاق دەدەرێت یان دەمرێت دەبێت سێ مانگ یان چوار مانگ و دە ڕۆژ ڕاوەستێت یەکێ لە حیکمەتەکان ئەوەیە کە ڕەحمی ئافرەت دەبێت خاڵی بێت لە ئەسەری پیاوەکەی پێشووتر ئینجا کۆدی پیاوێکی تر بێتە ناو جەستەی ئافرەتەکە، ئەگەرنا زەرەر و زیانی زۆرە.

٩. لە ڕووی کۆمەڵاتیەوە:

پیاو ئاساییە لە یەك کاتتدا مێردی چەند ژنێك بێت، بەڵام ژن ناتوانێت و بۆی

گونجا و نیە ژنی چەند پیاوێك بێت، شیرازەی کۆمەڵایەتی بەتەواوی تێك دەچێت.

١٠. هیچ کام لە پیاوەکان خۆیان بە مێردی حەقیقی نازانن، چونکە ئەو دەڵێت: خۆ ژنی فلانیشە, ئەو دەڵێت: خۆ ژنی فلانە.....، بەڵام ئەگەر پیاوەکە چەند ژنێکی هەبن، ئەوا هەموویان بەبێ جیاوازی ژنی ئەون.

١١. لەڕووی مافی ژنەوە:

ئەگەر فرەمێردی بێت، ئەوا مافی ژنەکە لەو نێوانەدا دەفەوتێت و هەریەکەیان بە ژنی ئەویتریانی دەزانێت و ئامادە نیە ئەوەی بۆ ژنێکی خۆی دەیکات بۆ ئەو بیکات، بەڵکو هەر هەموویان بە چاوی شەهوەت بەتاڵ کردنەوە چاو لە ژنەکە دەکەن و هەر کە ئیشیان پێی نەما پشتگوێی دەخەن، بەڵام ئەگەر کەسێك چوار ژنیشی هەبن، دەبێت بەبێ جیاوازی مافی هەر هەموویان بدات.

١٢. ئینجا ئەگەر ژن چوار مێردی هەبێت دەبێت ئەم منداڵانەی کە لە پیاوەکانی تر لەسەرەی ئەوانی تر بەجێیان بهێڵێت ئەگەر شیرەخۆریش بن! یان لەگەڵ خۆی ئەو منداڵانە بگێڕێت.

١٣. ئەگەر ئەو پیاوانە حەزیان لە منداڵ و باوکایەتی بێت دەبێت شەش حەوت...، ساڵ چاوەڕێ بکەن تاوەکو سەرەی بە باوك بوون بەدەست دێنن!

لادان و بێباوەڕبوون و هۆکارەکانی

● ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَـٰرِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ٱلشَّيْطَـٰنُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ ﴾● محمد: ٢٥

(بەڕاستی ئەوانەی پاشگەز بوونەوە و بەرەو دوا گەڕانەوە، دوای ئەوەی ڕێگەی هیدایەت و ئیمانیان بۆ دەرکەوتبوو، ئەوانە شەیتان بەفێڵ و تەڵەکە تەماداری کرد بوون، بەهیوای تەمەن درێژی و خۆشگوزەرانیش فریوی دابوون).

هەڵگەرانەوە و بێ باوەڕبوون و بەرەو ئیلحاد چوون هۆکاری زۆری هەیە لەوانە:

١- تێنەگەیشتن لە ئیسلام و نەبوونی شارەزایی دەربارەی ئیسلام و قورئان و پێغەمبەر(ﷺ)و جوانییەکانیان.

٢- فیز و تەکەبور و دان نەنان بە ڕاستیە عەقڵی و لۆژیکی و زانستیەکاندا.

٣- تەقلید و چاولێکەری و شوێنکەوتنی کوێرانە.

٤- دوورەپەرێزی و گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە خەڵك و بە تەنها ژیان.

٥- بە هەڵە تێگەیشتن دەربارەی زۆرێك لە ئەحکامەکان وەك کۆیلایەتی و کەنیزەك و دەست بڕین و.. هتد.

٦- تێنەگەیشتن لە بابەتی ئازادی لە ئیسلامدا و بڕوابوون بەوەی کە لە ئیسلامدا ئازادی نییە و دژی ئازادییە.

٧- داخستنی عەقڵ و بوار نەهێشتنەوە بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەت، زۆرێك لەوانەی کە تووشی نەخۆشی ئیلحاد بوون بەدوای چارەسەردا

ناگەڕێن و عەقڵیان دادەخەن و ناگەڕێن بە دوای ڕاستیدا ئیشیان تەنها نکۆڵیکردن و ئینکاری کردنە، لە هەمان کاتدا دەرگای عەقڵیان کردۆتەوە و خستویانەتە سەر پشت بۆ هەموو گومان و شوبهەیەك، وە ئامادەن هەمووی وەر بگرن و بڕوای پێ بکەن و بڵاوی بکەنەوە ئەگەرچی ناڕاست و درۆشبن و پڕبن لە چەواشەکاری، بەڵام ئامادەنین گوێ بۆ حەق و ڕاستی بگرن و وەری بگرن.

٨- بوونی بۆشایی و خەڵەلی نەفسی و کێشە و فەراغی دەروونی و دەستەوەستانی بەرانبەر مومارەسەکردنی دینداری لە پلەیەکی بەرزدا لەگەڵ داواکاری سەردەم و شارستانیەتی ماددی و وروژێنەرە شەهوەتیەکانی سەردەم.

٩- چونە گۆڕەپانی گفتوگۆ و وەڵامدانەوەی گومان و شوبهە بەبێ مەناعە و بەرگری و پێشینەیەکی زانستی و فیکری و ئیمانی باش و قووڵ، زۆر جار کەسێك بۆ خۆی شارەزاییەکی وای نیە، بەڵام دەچێتە ئەم گۆڕەپانە فیکری و فەلسەفی و زانستیانە، بۆیە لە کۆتاییدا بۆ خۆشی سەری لێ دەشێوێ و توانای وەڵامدانەوە و بەدواداگەڕان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی نییە، سەرەنجام بەرەو ئیلحاد دەڕوات.

١٠- کەمتەرخەمی لە کاری بانگەوازدا، بەتایبەت بانگەوازێکی فیکری و قەناعەت پێکەر، کە لەسەر بنەمای عەقڵ و نەقڵ و زانست دامەزرابێ.

١١- بێ توانایی و کەمتەرخەمیی موسوڵمانان لە لەباوەش گرتنی ڕوحی و زانستی و ڕۆشنبیری و فیکری و فەلسەفی خەڵك بەتایبەت جیلی گەنج.

١٢- پشت بەستن بەدەرس و وانەی زانستی وشك وە زێدەڕۆیی کردن لە گرینگی پێدانیان، وە نەبوون یان کەمی نوێکاری و داهێنان تێیاندا، وە تێکەڵنەکردنی ئەم بابەتە زانستیانە وەك (نەحو و صەرف و أصولی فیقەو.....) بە بابەتی فیکری و ئیمانی بە تەنها خوێندنی ئەم بابەتانە دوور لە فیکر و لایەنی ئیمانی و ڕوحی، بۆیە هەندێ جار کەسێك دەبینین زانستە شەرعیەکانی خوێندووە، یان لە حوجرە خوێندویەتی یان دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە بەڵام دەبینین بە تەواوی لایداوە و بڕوای بە هیچ شتێك نەماوە، ئەمە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارە.

١٣- پەیدابوون و هەبوونی کۆمەڵە و جەماعەتە توندڕەوەکانی وەك داعش، کە زۆر جار دەبنە هۆی لادان و ئیلحادی هەندێ خەڵکی نە شارەزا لە ئیسلام.

١٤- نەبوونی گوتار و (خیطابێکی) یەکگرتوو، وە پەرتەوازەیی و دووبەرەکی و دژایەتی کردنی یەکتری لە ناو موسوڵمانانداا.

١٥- پشت گوێ خستنی منداڵ و گەنجەکان لەلایەن دایك و باوکانەوە، وە فێر نەکردن و تێنەگەیاندنیان دەربارەی ئیسلام بە تێگەیاندن و فێرکردنێکی ڕاست و دروست و تەندروست.

١٦- پشتگوێخستنی قوتابیان لەلایەن مامۆستاکان و فێر نەکردن و تێ نەگەیاندنیان دەربارەی ئیسلام.

١٧- خوێندنەوەی پەرتووك و بڵاوکراوەی ئیلحادی بەبێ پێشینەیەکی زانستی و فیکری باش، کە دیارە خەڵکێکی زۆر لەم ڕێیەوە بووە بە مولحید، چونکە زانیاریەك و بنچینەیەکی زانستی و فیکری باش و عەقڵیی نەبووە، ڕاستەوخۆ چووە پەرتووکی ئیلحادی و وروژاندنی گومان و شوبهەی خوێندوەتەوە، لە دواییدا پێی کاریگەر بووە، نەیتوانیوە بەرگری بکات یان بە دوای وەڵامی ڕاستدا بگەڕێت و بووە بەمولحید.

١٨- نەمان و نەبوون و کەم بوونەوەی پێشڕەو و نموونە و نموزەجی باڵا و کەمبوونەوەی قودوە و سیمبولی جوان.

١٩- کەنیسە: کەنیسە لەبەرئەوەی سەرسەختانە دژایەتی زانستی دەکرد بەناوی خودا و بە ناوی دینەوە، وە هەڵسوکەوتە خراپەکانی دەسەڵاتی دەشەرعاند و لە دژی چینی ڕەش و ڕووت کەوتبووە بەرەی دەسەڵات و سەروەت و سامانی لەگەڵ دابەش دەکرد.

بەڵام لە هەمووی قێزەونتر دژایەتی سەرسەختانەی زانست و پێشکەوتنی زانستی بوو، بە ئەندازەیەك هەزاران زانای وەك کۆپەرنیکۆسیان دەکوشت یان

ناچار بە تۆبەکردنیان دەکردن، بەڕاستی ئەوان سەردەمێکی تاریکیان بەدیهێنابوو بە مانای وشە، بۆیە لە کاتێکی وادا خەڵك ناحەقی نیە دژایەتی دین بکات و بگاتە ڕادەی ئیلحاد.

٢٠- سیستەمی سەرمایەداریی: سیستەمی سەرمایەداری ئازادانەی ڕەهای ئەمڕۆ کارەساتی گەورەی مرۆڤایەتی ناوەتەوە لەڕووی دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ کەمینەیەکی پڕ و زۆرینەیەکی قڕ.

لە هەر وڵاتێکیشدا هەژاری بڵاوبوویەوە کڕینی بیروباوەڕی خەڵکی تێیدا هەرزان و ئاسان دەبێ.

بۆ نموونە لە کوردستان ئەگەر هاوکاری ماددی نەبێ بۆ مولحیدەکان هیچ دەووریان نابێ, چونکە هیچ شتێکی باشیان پێشکەشی کۆمەڵگە نەکردووە نە لەڕابردوو نە لە ئێستاشدا، خەڵکانێکی زۆر هاوکاری ماددی باش دەکرێن و بەبێ تێگەیشتن لە مەترسیەکانی ئیلحاد و لێکەوتە خراپەکانی وەدووی هەڵای ئیلحاد کەوتوون، بەشێکی زۆر لەوانە دەردیان تەنیا هەژاریی و هیچی تر، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرومویەتی: (اللهم إني أعوذ بك من الفقر والكفر)[1] واتا: خودایە پەنات پێدەگرم لە هەژاری و کوفر و بێباوەڕی.

ئیمامی عەلی خودای لێ ڕازی بێ وتویەتی «إذا دخل الفقر بلدا يقول له الكفر خذني معك» واتا: ئەگەر هەژاری بچێتە شار و وڵاتێکەوە کوفر و بێ باوەڕی پێی دەڵێت: لەگەڵ خۆت بمبە.

ئەم بابەتی سەرمایەداری و پەرەسەندنی ئیلحادە هێندە ڕوونە بەڵگەی ناوێ، عەرەب دەڵێ: (وليس يصح في الأذهان شيء إذا احتاج النهار إلى دليل)، واتا: هیچ شتێکی ڕاست نامێنێت ئەگەر ڕۆژ بەڵگەی بوێت بۆ سەلماندنی.

٢١- سۆسیالیزم (اشتراکی): لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی بەلشەفی لە ١٩١٧ بەڵێنی بەهەشتی دونیایان بە خەڵك دا و وتیان خەڵك هەموو یەکسان دەبن

(١) ئیمامی نەسائی گێڕاویەتەوە بە ژمارە, ٥٤٦٥ وە ئیمام ئەحمەد بە ژمارە, ٢٠٣٨١.

و خەڵك وەکو یەك لە داهاتی وڵات بەشداردەبن، زۆریشیان شۆڕش کرد و بە ملیۆنان کەسیان ئیبادە کرد, لەبەرئەوەی ئەو خەڵکانە بەم بیروباوەڕە ڕازی نەبوون لە بواری کۆمەڵایەتیدا ڕەسمیاتێکیان بۆ مارەبڕین و تەڵاقدان نەهێشتەوە، بەڵام دوایی دەرکەوت تووشی چ کارەساتێك بوون لە هەڵتەکانی خێزان و بەزایە بوونی منداڵ و بڵاوبوونەوەی هەژاری لەناو خەڵکدا, چونکە حەزی مۆڵکداری لە دەرۆونی منداڵێکیشدا شتێکی خوداڕسکە بەڵکو لەناخی زیندەوەرانیشدا ئەمە چێندراوە، بۆیە مارکسیەت نەهامەتیەکەی لەسەرمایەداری گەورەتربوو، لە هەمووش خراپتر ئەم شۆڕشە هاوکات کرا لەگەڵ ئیلحاد و ماددی بوون، لای مارکس تەفسیری مێژوو بە ئابووری دەکرێت، وە هۆکاری ڕووداوەکان و پاڵنەر بۆ هەر شتێك تەنیا ئابووریە کە بێگومان ئابووری گرنگی خۆی هەیە بەڵام پاڵنەر بۆ هەموو شتێك تەنیا ئابووری نیە.

لە کۆتاییدا ئەم شۆڕشە پڕ شەوە ڕەشە دونیای لە خەڵك تاریك کرد و دین و دونیای لێستاندن، دواتر ناچار هەرەسی ئەم شۆڕشە لەلایەن سەرانیانەوە ڕاگەیەنرا و بەهەشتە بەڵێندراوەکە بەدینەهات بەڵکو تەنیا لە ئەندێشەدا بوونی هەبوو.

٢٢- تێکشکانی سەربازیی جیهانی ئیسلامی بەرانبەر نەیارەکانی: ئەمە زۆر ڕوونە زۆر لەسەر وەستانی ناوێ، چونکە ئەم تێکشکانە ئەو قەناعەتەی لای تاکی مسوڵمان دروستکرد سەرکەوتنی دووژمنەکانی لەبەر ماددی بوون و بێ دینیانە، وە شکستی مسوڵمانان لەبەر دینەکەیانە، لەوانەیە بۆ ئەوان ڕاست بێ کە بەناو دینەکەیان ڕێگربووە لە زانست و پێشکەوتن و ئازادی و دادوەری و داخران بە ڕووی هەموو شتێکی نویدا، وە لەگەڵدا بوونی ستەمکار و دژبوون بە بەرەی زۆرینەی خەڵك و هەژاران، بەڵام خۆ ئیسلام بە پێچەوانەوە دژی شوێنکەوتووی کوێرانە و نەزانین و سەرمایەداری بەناحەقە وە بەردەوام لەبەرەی هەژار و چەوساوەدا بووە دژی بەرژەوەندیخواز و خۆپەسند و خۆسەپێنەکان بووە، وێستویەتی ئاشتەوایی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا دروستبکا، هەوڵیداوە چینایەتی بەناحەق نەهێڵێ.

هاوکات لەگەڵ شکستە سەربازی و دەروونیەکەدا دەیان حیزب و رێکخراو سەرکردەی گوێ لەمست بۆ ئەوان لە جیهانی ئیسلامیدا درووستکراو پشتیوانییان لێکرا زۆربەشیان بە ناوی چەپگەرایی و قەومی و نیشتمانی و فێمینیزمی و.... هتد.

٢٣- شکست خواردنی زۆرێك لە شۆڕشە ئیسلامیەکان: دوور نییە ئەمەش هۆکارێك بێ بۆ بەزین و بێ هیوا بوون و وە هەندێك کەس وا لێ بکات گومان لە ڕاستی دینی ئیسلام بکات.

٢٤- پەیوەندی کردنی کەسێکی بێ هێز و بوونە هاوڕێ یان هاوپیشەبوون لەگەڵ کەسێکی مولحید کە لە خۆی بەهێزتر بێ.

٢٥- سەیرکردن و بەدواداچونی کەناڵ و پەیج و کتێب و هەموو ئەو شتانەی کە ئیلحادین بەبێ ئەوەی خۆی هیچ زانیارییەکی پێویستی هەبێ.

٢٦- میدیا بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری زۆرە بۆ بڵاوکردنەوەی گومان و دوودڵی دەربارەی ڕاستیەکانی ئیسلام و ناساندنی کەسانی مولحید و بیروباوەڕەکەیان، بێگومان بەرنامەی لەم جۆرە کەم نین.

٢٧- زۆر لە گازینۆ و قاوەخانەکان بۆ ئەو ئامانجانە بەکاردەهێنرێن وە کاریگەری زۆر بووە لەسەر ئەم گەنجە بێکارانەی کە پەنا بۆ ئەم شوێنانە دەبەن.

٢٨- ڕۆچوون لە ناو ئارەزووبازیدا وا لە مرۆڤ دەکا کە پاساو بدۆزێتەوە بۆ خراپەکانی.

٢٩- زۆر کەسیش بە ئامانجی گەیشتن بە پارە ئەمە دەکەن.

٣٠- لەوانەیە کەسانێك بە ئامانجی ناسران و ناوبانگ ئەمە بکەن.

٣١- لەوانەیە هەندێك کەس ببنە مولحید بە ئامانجی بەدەست خستنی ئیقامە و ڕەگەزنامەی وڵاتە ئەوروپیەکان.

٣٢- یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئیلحاد سیستەمی پەروەردە و فێرکردنە کە لەڕێی:

- پەراوێزخستنی ماددە دینییەکان.

- دانانی مەنهەجی خراپ.

- دانانی مامۆستای نەشارەزا یان بێ دین بۆ ماددە دینییەکان.

- داخستنی دەرگای زانکۆ و مەدرەسە و پەیمانگا دینییەکان.

- دانەمەزراندنی کەسانی دەرچوو لەم شوینە ئایینیانە.

- یان ڕێکخستنی چالاکییەکان بەشێوەیەك کە لە خزمەت بزربوونی گەنج دابێ، تاوای لێدێ پەیوەندی بەدینەوە لاواز دەبێت و بە کەمترین گومان توشی ئیلحاد دەبێت.

- لە هەمووشی گرنگتر و کاریگەرتر ئەوەیە کە فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن بەرەو ئیلحاد و خۆ بزرکردن بێ، چونکە زۆر لە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئێمە حەز بە ڕۆشنبیر بوونی خەڵك ناکەن، هەموو ئامانجیان ئەوەیە دوژمن لەخۆ ڕازی بکەن لەپێناو مانەوەیان لە دەسەڵاتدا.

٣٣- پەروەردەبوون لە ناوەند و ژینگەیەکدا کە ئیلحادی تێدابێ، یان لە بنەماڵەکەدا کەسی مولحیدی کاریگەری تێدابێ.

٣٤- بیستنی ئیسلام بە شێوەیەکی شێوێندراو ئەمە لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا زۆر دەبینرێ، ئەوانەی موسوڵمان دەبن زۆر باس لەم خاڵە دەکەن.

٣٥- مەسیحیەت و جولەکە زۆر بە چڕی لەپشت بێ باوەڕ کردنی خەڵکەوەن وە پارەی زۆری تێدا سەرف دەکەن لە جیهانی ئیسلامیدا، هەر ئەوان کە وڵاتانی خۆیان پارەیەکی زۆر سەرف دەکەن لەپێناوی بەهێزکردنی دینەکەی خۆیان.

٣٦- دەسەڵاتداره عەلمانیەکان: ڕژێمە عەلمانیەکان زۆربەیان ئاسانکاری دەکەن بۆ کەس و ناوەندە ئیلحادیەکان، بە پێچەوانەوە ڕێگری دەکەن لە کەسایەتیەکان و ناوەندە ئیسلامیەکان.

٣٧- بیانوگرتن بە قەزا و قەدەر.

- بە درێژایی ڕۆژگار مرۆڤە مولحید و دۆڕاو و تاوانبارەکان بیانویان گرتووە بە قەزاو قەدەر، ئەم ڕێچکەیە لە شەیتانەوە ماوەتە کە قورئانی پیرۆز باسی دەکات:

﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ الأعراف: ١٦

(وتی ئەی پەروەردگار بەهۆی ئەوەوە کە گومڕات کردم بێگومان بۆیان (ئادەم و نەوەکانی) دادەنیشم لە ڕێگە ڕاستەکەی تۆدا).

دەبینین شەیتان چۆن گومڕابوونەکەی دەخاتە پاڵ پەروەردگار.

٣٨- قۆستنەوەی هەندێك دەقی لاواز یان هەڵبەستراو لە فەرمودەی سەروەرمان و قسەی زانایان، یان تێنەگەیشتن و هەڵە تەفسیر کردنیان.

٣٩- ئەو هەڵانەی کە لە مێژووی ئیسلامیدا ڕوویانداوە، کە بەرانبەرەکان دەیان ئەوەندە هەڵەیان کردووە چونکە مێژووی ئیسلام بێ کەم و کوڕی نییە، بەڵام بە بەراورد بە دوژمنەکانی زۆر زۆر چاکتر و پاکترە.

ئەگەر نموونە بە:

- شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بێنینەوە کێ تاوانە گەورەکە بە ئەستۆوە دەگرێ.

- شۆڕشی بەلشەفی ڕووسی ئیلحادی چ کارەساتێکی نایەوە لە ئەفغانستان و داغستان و شیشان.... هتد.

- ئەوەی سڕبیا کردی بەرانبەر بۆسنە و هەرسك.

- ئەوەی فەڕەنسا کردی بەرانبەر لوبنان و مەغریب و جەزائیر، کە بەس لە جەزائیر زیاتر لە ملیۆنێك کەسیان شەهید کرد، ئەمە شۆڕشی پیشەسازی و زەمانی عەلمانیەت بووە نەوەك زەمانی شەڕی خاچپەرستان.

- ئەوەی ئەمریکا کردی لە ڤیێتنام و کوبا و سۆماڵ و عێراق و یەمەن بە یارمەتی هاوکارەکانی.

- ئەوەی سیستەمی ئیلحادی بۆڕما دەیکا لە پاکتاوکردنی ڕەگەزیی بەرانبەر موسوڵمانانی ڕۆهینیا.

- ئەوەی چین و کۆمۆنیستی ئیلحادی دەیکات بەرانبەر موسوڵمانانی ئیگۆر.

- ئەوەی سیستەمە عەلمانییەکان دەیکەن بەرانبەر گەلە موسوڵمانەکەیان لە لەسێدارەدان و بزرکردن و زیندانیکردن و بێبەشکردن لە مافە ئاساییەکانی خۆیان. گەورەترین شەڕ و کوشتارگەکانی مێژوو موسوڵمانان نەبوون.

- دەرکردن و بەکارهێنانی یاسای ئیرهاب دژی نەیارەکانیان لە هێزە ئیسلامیەکان و کەسایەتیەکان.

- هەموو ئەوانە مشتێکن لە خەروارێك لە دەسەڵاتی بێ دینی لە مێژووی کۆن و تازەدا ئایا ئەمانە هەڵە نین؟!.

٤٠- بیانووگرتن بە موسوڵمانانی تێنەگەیشتوو کە ناتوانن نوێنەرایەتی ئیسلام بکەن یان بەشێك لەوانە دەکرێ دروستکراو و پەروەردەکراوی خۆیان بن زەقیان دەکەنەوە و دەڵێن ئەمانە نوێنەری ئیسلامن.

٤١- شێواوی لە فەتوا و گوتاری دینیدا: ئەمەش هۆکارێکە بۆ ڕێگا بزرکردن و بە هەڵەتێگەیشتن لە ئیسلام، بێگومان ئەمە بیانوو و گوتاری مولحیدەکان بەهێز دەکات.

٤٢- دروستکردنی کۆمەڵێك بە ناو زانا و ناوەند کە بە حەزی دوژمنانی دین کاردەکەن، کە گومان لەوەدا نیە زانای خراپ و لادەر خراپترین دەوری هەیە بۆ شێواندنی جوانی دین و بەهێزکردنی ئیلحاد.

٤٣- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئیلحاد نەبوونی دەوڵەتێکی ڕێك و پێك کە تێیدا یاساکانی ئیسلامی تێدا بەرجەستە بکرێت.

ئیمـــان

● ﴿ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَاۚ ﴾ ● التغابن: ٨

(باوەڕ و ئیمان بە خودا و پێغەمبەرەکەی و پەیامەکەی بهێنن).

ئیمـــان:

ئیمان بریتیە لەو نور و ڕۆشنیاییەی کە لە عەقڵدا جێگیر دەبێت پاشان شۆڕ دەبێتەوە بۆ دڵ و پاشان دێتە سەر زمان و پاشان لە کار و کردەوە و ڕەفتار و گوفتاردا ڕەنگ دەداتەوە.

کەواتە: عەقڵ+ دڵ+ زمان+ جەستە = ئیمان

ئیمانی تەواو و کامڵ دەبێت لە هەر چوار بەشەکە جێگیر ببێت، چونکە:

١. عەقڵ، شوێنی زانین و بیرکردنەوەیە.

٢. دڵ، شوێنی ویستن و بڕیارداڕانە.

٣. زمان، شوێنی دان پێداهێنانە.

٤. جەستە، شوێنی جێبەجێ کردن و پراکتیزەکردنە.

کەواتە ئیمانی ڕاستەقینە و تەواو و کامڵ چوارشتە (زانین، ویستن، دانپێداهێنان، جێبەجێکردن).

وە هەر یەکێکیان شێواز و میکامزمی خۆی هەیە.

کاریگەرییەکانی ئیمان لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی و تاك و خێزان و کۆمەڵگە و سیاسیەت و ئابووری و.....

١- دۆزینەوەی خود و وننەبوونی.

٢- ئارامی و چەسپاوی فیکری.

٣- ئارامی و چەسپاوی دەروونی و ڕۆحی.

٤- ئارامی و چەسپاوی جەستەیی.

٥- ئارامی و چەسپاوی خێزانی.

٦- ئارامی و چەسپاوی کۆمەڵایەتی.

٧- ئارامی و چەسپاوی ئابووری.

٨- ئارامی و چەسپاوی سیاسی.

٩- ئارامی و چەسپاوی نەتەوەیی.

١٠- ئارامی و چەسپاوی جیهانی.

١١- گەشبینی.

١٢- هەبوون و پەیداکردن و پاراستنی ئەخلاق.

١٣- وەڵامدانەوەی فیترەت و سروشتی مرۆڤ.

١٤- وەڵامدانەوە و ڕێزگرتن لە عەقڵ.

١٥- چاکەکاری.

١٦- زیندوویەتی دڵ و دەروون و پاراستنی لە مردنی و لاوازبوونی.

١٧- هەستی بە ڕپرسیارێتی.

١٨- نەرم و نیانی و بێ فیزی.

١٩- سەربەرزی وعیززەت.

٢٠- غیرەت و چاونەترسی و ئازایەتی.

٢١- بەخشین و قوربانیدان.

٢٢- دوورکەوتنەوە لە خۆپەرستی و ئەنانیەت.

٢٣- دڵسۆزی (الإخلاص).

٢٤- ئازادی، دورکەوتنەوە لە خۆپەرستی وخەڵك پەرستی و شت پەرستی.

٢٥- زامن بوونی ژیانێکی زۆر خۆش لە دونیا و دواڕۆژدا.

٢٦- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورە.

نیشانەکانی لاوازی ئیمـــان :

چۆن بزانم ئیمانم لاوازە؟

١. گوناە و تاوان.

٢. هەست کردن بە دڵڕەقی.

٣. نەبوونی وردەکاری لە عیبادەت و پەرستشدا.

٤. گرنگیدانی لە ڕادەبەدەر بە مادەیات.

٥. زۆر دڵ پەیوەست بوون بە دونیا.

٦. نەبوون و تێکدان و لاوزکردنی برایەتی.

٧. گرینگی نەدان بە کاروباری موسوڵمانان.

٨. بەسوك سەیرکردنی چاکە.

٩. قسەی بێ کردار.

١٠. ڕژدی و ڕەزیلی.

١١. حەزی خۆدەرخستی ڕیابازانە.

١٢. تۆڕە نەبوون لە کاتی شکاندنی سنورەکانی خودا.

١٣. دوور نەکەوتنەوە لە حەڕامکراوەکان.
١٤. غافڵ بوون و بێ ئاگایی لە خودا و زیکر و ویرد و مناجات و خەڵوەت.
١٥. کاریگەر نەبوون بە قورئان.
١٦. بیرنەکردوە لە مردن.
١٧. تەمبەڵی لە عبادەت و پەرستشدا.
١٨. دڵ تەنگی و غەمباری بێ هۆکار.
١٩. زاڵ نەبوون بەسەر نەفسدا.
٢٠. ترسان لە مردن.

هـــۆکارەکانی لاوازی ئیمـــان :

١. نەناسینی خودا بە باشی و جوانی.
٢. زۆر سەرقاڵ بوون بە دونیا.
٣. دوورکەوتنەوە لە ژینگەی ئیمانی.
٤. هاوڕێی خراپ.
٥. نەبوونی پێشەنگی جوان و باش.
٦. سەرقاڵی لە ڕادەبەدەر بە ماڵ و سامان و خێزان.
٧. نەزەرکردن.
٨. بیرنەکردنەوە لە مردن.
٩. دووری لە زانستی بەسوود.
١٠. کەمی پەرستش و عیبادەت.

هۆکار و پاڵنەرەکانی بەهێزکردنی ئیمان :

١. ناسینی خودا وەك خۆی.

٢. بیرو باوەڕ و عەقیدەیەکی ڕاست و دروست.

٣. دەست گرتن بە قورئان و تێگەیشتن لێی.

٤. زیکر.

٥. موناجات.

٦. خەڵوەت.

٧. دوعا.

٨. موحاسەبەکردنی نەفس.

٩. چاودێری کردنی نەفس.

١٠. مل نەدان بۆ نەفس.

١١. هاوڕێی باش.

١٢. پەرەوەردەی باش و جوان.

١٣. مەرج دانان لەسەر خۆت بەوەی کە ئەم چاکەیە بکەم و ئەو خراپەیە نەکەم.

١٤. بەگەورە دانانی سنورەکانی خودا.

١٥. بیرکردنەوە لە مردن.

١٦. بیرکردنەوە لە کەمی دونیا.

١٧. بیرکردنەوە لە دروستکراو و گەورەیی خودا.

١٨. جۆراو جۆری لە عیبادەت و پەرستشدا.

١٩. مەجلیسی زیکر و فیکر.

بۆیە بەڕاستی ئیمان نەك لای موسڵمان لای غەیری ئەوانیش جێی بایەخ بووە:

ئەنیشتاین دەڵێت: زانست بەبێ ئیمان شەلە، ئیمان بەبێ زانست کوێرە.

شیشرۆن (نووسەر و وتاربێژی گەورەی ڕۆما) دەڵێت:

هیچ ئومەتێك نییە لە دونیادا چەند دڕندەش بوو بێت، خودایەکی نەبووبێت و خەریکی پەرستنی نەبووبێت، با نە شیزانیبێت ئەو خودایە چییە و چۆنە.

ئەنیشتایندەڵێت: (زۆبەی زۆری زانا ناسراو و بەناوبانگەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا پێش سەدەی هەژدە خاوەن ئیمانێکی زۆر بەهێز و دامەزراو بوون بەرانبەر خودا، بۆ نمونە لەوانە (کۆپەرنیکۆس) (گالیلۆ) (کیپلەر) (نیوتن) (پاکۆن) (دیکارت).

پاسکال دەڵێت: (هیچ شتێك لە ژیانمدا نەبووە کە تامەزرۆ بم بۆ ناسینی بە ئەندازەی خودا، ئەو خودایەی کە هەستی پێدەکەم لە ناخمدا یان لە کاتی تێڕامان لە گەردوون).

پلۆتارك (مێژوونووسی گەورەی یونان) دەڵێت: خەریکە بڵێم ئەوە ئاسانە خەڵکی بتوانن لە وردە زیخ شارێك بنێن بە یەکەوە، بەڵام ئەوە ئاسان نیە کە کۆمەڵێك مرۆڤ گرێ بدەی بەیەکەوە کە بڕوایان بەخوداوەند نەبێت.

کۆپەرنیکۆس دەڵێت: (سوپاسی پەروردگار و دڕووستکارمان دەکەم کە ڕێی دام جوانی درستکراوەکانی ببینم).

فیرنرهایزنبێرگ دەڵێت: (زانست مرۆڤ نزیك دەکاتەوە لە خودا).

کەواتە ئیمان بریتیە لەو نور و ڕۆشنیاییەی کە لە عەقڵدا جێگیر دەبێت پاشان شۆڕ دەبێتەوە بۆ دڵ و پاشان دێتە سەر زمان و پاشان لە کار و کردەوە و ڕەفتار و گوفتاردا ڕەنگ دەداتەوە.

کەواتە لە کۆتاییدا ئیمانی ڕاستەقینە و تەواو و کامڵ چوارشتە (زانین، ویستن، دانپێداهێنان، جێبەجێکردن).

وە لە هەمووی گرینگتر ڕزگارکردنی ئیمانمانە لە دەست تەقلید و چاولێکەری و بردنیەتی بەرەو کەناری ئارامی و دەریای یەقین.

نوێژ و فەلسەفەکانی

● ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾ ● البقرة: ٤٣

(نوێژ بەڕپا بکەن).

نوێژ گرینگترینی عیبادەتەکانە بەڵام خودای گەورە کە واجبی کردووە چەندان فەلسەفەی لەپشتەوەیە.

فەلسەفەی نوێژ:

(٤٤) فەلسەفە لە فەلسەفەکانی

نوێژ وەک کۆڵەکەی دین فەلسەفەی زۆر زۆر هەیە:

١. پاك و خاوێنی، مەعلومە نوێژ بەبێ پاکژی دروستە نیە، بۆیە دەبێت جەستە و جلوبەرگ و شوێن و ئاوەکەشی پاك و خاوێن بێت، کەواتە نوێژ بەهێزترین پاڵنەرە بۆ خۆ بە پاك ڕاگرتن و پاکژی و دووربوون لە پیسی و پۆخڵی، وە لە ڕێی خۆشۆردن و دەستنوێژەوە وا لە مرۆڤ دەکات هەمیشە و بەردەوام پاك و خاوێن بێت.

٢. بەرگری و مەناعەیەکی زۆر بەهێزە دژی تاوان و گوناهو خراپەکاری, چونکە خودای گەورە دەفەرمووێت: (وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ) (العنكبوت) (٤٥)، واتا نوێژ نەهێت لێ دەکات و دوورت دەخاتەوە لە گوناە و تاوان و خراپەکاری، کەواتە گەورەترین فەلسەفەی نوێژ دوورخستنەوەی مرۆڤە لە گوناە و تاوان.

٣. پەیوەندیکردنە بە پەردگار و خالیق، پەیوەندی نەبڕانە پێیەوە، چونکە صەلات ئەو صەلاتەیە لە نێوان نوێژەکانیشدا صیلەت لەگەڵ خودای گەورەدا نەپچڕێت.

٤. تەعەلوق بوونی هەموو کیانی مرۆڤ بە خوداوە، لە نوێژدا فیکر و عەقڵ و دڵ و دەروون و زمان و لاشە و هەست و نەست هەمووی تەعەلوق دەبەستێت بە خوداوە، بۆیە نوێژ بەشی هەموویانی تێدایە ئەگەر مرۆڤ بە دوایاندا بگەڕێت.

٥. بەردەوامی و ئیستیقامەیە، چونکە لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ) الفاتحة (٦)

خودایە بەردەوام ڕێنموویيمان بفەرموو بۆ ئەم ڕێبازی ڕاست و دروستی ئیسلامە.

٦. بە بیربوونی پێشەنگەکان و لە بیرنەکردنیان، چونکە لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ).

٧. ئیقتیدا و شوێنکەوتنی سیمبول و پێشەوایان و پێغەمبەران و.....، چونکە لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ).

٨. خۆپەنادان لە هەموو خەراپەکاران و بەدکاران و بێ باوەڕان، چونکە لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ).

٩. پشت بەستنی تەواو بە خودای گەورە، چونکە لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ).

خودایە، تەنها هەر تۆ دەپەرستین و هەر لە تۆش داوای یارمەتی و پشتیوانی دەکەین (لە کاروباری دین و دونیاماندا، بە کەسی تر لە بەندەکانت ناکرێت). دیارە ئەوە بۆ حەسرە واتا بەس داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین.

١٠. تەوحید و یەکتاپەرستی تەواو، چونکە لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ) خودایە، تەنها و تەنها هەر تۆ دەپەرستین. دیارە ئەوە بۆ حەسرە واتا بەس تۆ دەپەرستین و هاوەڵ و شیرکت بۆ بڕیارنادەین.

١١. سوپاس گوزاری بەردەوام، چونکە لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) (٢)

سوپاس و ستایش هەر شایستەی خودایە و بۆ خودایە، کە خاوەن و پەروەردگاری هەموو جیهانیان و هەموو بوونەوەرە.

١٢. جێگیرکردن و ئیسبات کردنی بنەمای کردەوەکانی دڵ، چونکە بنەماکانی کردەوەی دڵ سێن: (حب، رجاء، خوف)، (خۆشەویستی خودای گەورە، ڕەجا و تەمابوون بە خودای گەورە، ترسان لە خودا)، کە دیارە بەردەوام لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) ئەوە بۆ خۆشەویستی، (الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) ئەوەشیان بۆ ڕەجا و ئومێد، (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) ئەوەشیان بۆ ترس.

١٣. جێگیرکردن و ئیسپات کردنی ناو و سیفەتەکانی خودای گەورە، چونکە لە هەموو نوێژێکدا سیفەتەکانی خودای گەورە دەڵێیەوە، (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)، (الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ)، (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ).

١٤. ئەدەب و ئەخلاق، چونکە لە هەموو نوێژێکدا سەرەتا وەسفی خودای گەورە دەکەی و پەیانی تەوحید و تەوەکول دەدەی ئینجا دێیە سەر داواکارییەکان، سەرەتا دەڵێیت: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)، (الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ)، (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)، (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ).

ئینجا دێی داواکارییەکان دەکەی و دەڵێیت: (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ)

خودایە بەردەوام ڕێنموویی‌مان بفەرموو بۆ ئەم ڕێبازی ڕاست و دروستی ئیسلامە.

(صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ)

کە بەرنامە و ڕێبازی ئەوانەیە لە ناز و نیعمەتی خۆت بەهرەوەرت کردوون، نەمانخەیتە سەر ڕێبازی ئەوانەی خەشم و قینیان لێگیراوە (بەهۆی ئەوەوە دەیزانن و لایانداوە)، هەروەها نەمانخاتە سەر ڕێبازی ئەوانەش، کە سەرگەردان و گومڕان (بەهۆی لاساری و یاخی بوون و نەزانینیانەوە).

١٥. کوشتنی ئەنانیەت و خۆخۆیی، چونکە لە دوعاکاندا بۆت نیە بە تەنها بیانڵێیت و تەنها خۆت لە بیربێت، بۆیە لە هەموویاندا دەڵێیت: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ).

خودایە، تەنها هەر تۆ دەپەرستین و هەر لە تۆش داوای یارمەتی و پشتیوانی دەکەین (لە کاروباری دین و دنیاماندا، بە کەسی تر لە بەندەکانت ناکرێت).

(اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ) خودایە بەردەوام رێنموویی‌مان بفەرموو بۆ ئەم رێبازی ڕاست و دروستی ئیسلامە. لە هەموویاندا بە سیغەی جەمع (کۆ) هاتووە.

١٦. لەبیرنەکردنی برا و خوشکەکانمان و باسکردنیان بە بەردەوامی، بۆیە لە هەموایاندا داوا بۆ ئەوانیش دەکەیت، ئەگەر تەنها داوا بۆ خۆت بکەی نوێژەکەت بەتاڵە، وەك دەڵێیت:

(إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)

خودایە، تەنها هەر تۆ دەپەرستین و هەر لە تۆش داوای یارمەتی و پشتیوانی دەکەین (لە کاروباری دین و دنیاماندا، بەکەسی تر لە بەندەکانت ناکرێت).

(اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ)

خودایە بەردەوام رێنموویی‌مان بفەرموو بۆ ئەم رێبازی ڕاست و دروستی ئیسلامە، هەمووی بە سیغەی جەمعە.

١٧. لە بیرنەکردنی قورئان و لەبیربوونی قورئان و ژیان لەگەڵ قورئان بە بەردەوامی، چونکە لە هەموو نوێژێکدا دەیخوێنیت.

١٨. گوێگرتنی بەردەوام بۆ قورئان.

١٩. لەبەرکردنی قورئان، بەهێزترین هۆکار بۆ لەبەرکردنی قورئان نوێژە، ئەگەر نوێژ نەبایە (حافظ القران) ەکان قورئانەکەیان بیردەچۆوە.

٢٠. تێگەیشتن و وردبوونەوە لە قورئان، چونکە بەردەوام لە نوێژدا قورئان دەخوێنیت و گوێی بۆ دەگرێت.

٢١. ڕاهاتن له‌سه‌ر بيركردنه‌وه له گه‌ردون، وه‌ك هه‌موو جارێ ده‌يخوێنيت: (رَبِّ الْعَالَمِينَ)، په‌ردگاری جيهانيان و هه‌موو بوون و مه‌خلوقات.

٢٢. ته‌وازوع و ملكه‌چی، چونكه هه‌موو حه‌ره‌كات و سه‌كانه‌تی نوێژ به ڕاوه‌ستان و ده‌ست گرتن و ڕوكوع و سوجود و....، هه‌مووی پرێه‌تی له ته‌وازوع و نه‌هێشتنی ' ته‌كه‌ببور.

٢٣. به گه‌وره‌دانانی خودای گه‌وره‌يه، چونكه كه ئيماندار نوێژ ده‌كات و سوجده ده‌بات ئه‌وه بۆ خۆی به‌هێزترين به گه‌وره‌دانانی خودای گه‌وره‌يه، چونكه ئيمانداری حه‌قيقی هه‌موو دونيای بده‌رێ ئه‌ماده نييه سوجده بۆ غه‌يری خودای گه‌وره به‌رێت.

٢٤. وه‌ڵامدانه‌وه‌ی بانگهێشتكردنی خودای گه‌وره‌يه، كه بانگده‌درێت هۆ خه‌ڵكينه وه‌رن بۆ نوێژ وه‌رن بۆ سه‌رفرازی واتا وه‌رن بۆ موناجاتكردن له‌گه‌ڵ خودای گه‌وره، كه‌واته كه نوێژت ئه‌نجامدا واتا وه‌ڵامی بانگهێشتی خودای گه‌وره‌ت دايه‌وه.

٢٥. گوێڕايه‌ڵی خودای گه‌وره‌يه، بنه‌مای هه‌موو عيباده‌ته‌كان بريتيه له گوێڕايه‌ڵی، هه‌ر خودی عيباده‌ت واتا گوێڕايه‌ڵی بۆ خودای گه‌وره.

٢٦. وه‌رزش و ڕيازه‌يه‌كی جه‌سته‌ييه، نوێژ به ناچاری وه‌رزش و ڕيازه‌ت پێده‌كات و حه‌قی جه‌سته‌ت پێ جێبه‌جێ ده‌كات.

٢٧. وه‌فايه بۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)، به گه‌وره دانانيه‌تی، خۆشه‌ويستی بۆ ده‌ڕبڕينه بۆی، وه...، ئه‌وه له هه‌موو نوێژێكدا ده‌ڵێيت: اللهم صل على محمد وعلى آل محمد.

٢٨. به پاك دانانی خودای گه‌وره‌يه، ئه‌وه‌تا له هه‌موو نوێژێكدا ده‌ڵێيت: سبحان ربي الله العظيم، سبحان ربي الأعلى.

٢٩. وەفایە بۆ باوکی پێغەمبەران ابراهیم (علیه السلام)، مانەوەی ناوبەتی و باسکردنیەتی بە بەردەوامی، ئەوەتا لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (کما صلیت علی إبراهیم وعلی آل إرباهیم).

٣٠. باسکردن و لە بیرنەکردنی ڕۆژی دوایی، ئەوەتا لە هەموو نوێژێکدا دەڵێیت: (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)

خاوەن و سەرداری ڕۆژی پاداشت و سزایە.

٣١. دانەبڕانە لە گەردوون و مەخلوقات، چونکە هەمووی ملکەچی خودای گەورەریە و تەسبیحاتی خودای گەورە دەکات.

٣٢. گەورەترین ڕێگەی ئازادییە، چونکە کە سوجدەت برد و ملکەچی خودای گەورە بووی واتا عیبادەت و ملکەچی غەیری خودای گەورەت ڕەتکردۆتەوە و خۆ پەرستی و مرۆڤ پەرستی و ماددەپەرستیت وەلاوەناوە.

٣٣. داواکردنی پاداشت و ڕەحمەتە و خۆپاراستنە لە سزای خودای گەورە.

٣٤. بەردەوامی دوعا و ڕاهاتن لەسەری، چونکە وەك نموونەمان هێنایەوە نوێژ ڕێبەتی لە دوعا و پاڕانەوەو لاڵانەوە.

٣٥. چوستی و چالاکی و قەلب سوکی، چونکە لە کاتە جیاوازەکاندا هەڵتەدەستێنێت و ڕاتدەپەڕێنێت.

٣٦. ڕێکخستنی کاتەکان، فێرت دەکات کاتەکانت ڕێککخەی چونکە بۆخۆی کاتەکانی ڕێکخراون، بۆیە دەوترێت دوای نوێژی بەیانی، یان پێش نوێژی نیوەڕۆ، یان.....

٣٧. تەندروستی و سەلامەتی، نوێژ هەم بە پاڵنەرەکانی بۆ پاکوخاوێنی هەم بە هەڵستاندت لەخەو هەم بە حەرەکات و سەکەناتەکانی تەندرستت دەکات، بۆ نموونە وەك پزیشکەکان دەڵێن: زۆرێك لە جەڵدەکان لە پێش نوێژی بەیانیەوەن،

بۆیە کە تۆ هەستای لە خەو ئەگەری توش بوونت بە جەڵدە کەم دەبێتەوە، یان کە خۆت پاککردەوە دوور دەبی لە زۆرێك لە نەخۆشیەکان.

٣٨. ڕێکخستنی خەو، بۆیە زۆر جار ناچاری شەو زوو بخەوی بۆ ئەوەی خەبەرت بێتەوە بۆ نوێژی بەیانی.

٣٩. ناردنی سەلام و ئاشتیە بۆ هەموو مرۆڤەکان، بۆیە دەڵێیت: السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته.

٤٠. تاقی کردنەوەی خودای گەورەیە، بۆ ئەوەی بزانرێت کێ وەڵامی خودای خۆی دەداتەوە.

٤١. یەکسانیە، ئەوەتا دەوڵەمەند و هەژار، دەستەڵاتدار و بێ دەستەڵات، بە بێ جیاوازی و بە یەك شکڵ و شێوە نوێژ ئەنجام دەدەن و ڕادەوستن و..... .

٤٢. برایەتیە، ئەوەتا لە تەنیشت یەك ڕادەوستن و دڵ و قاچ و شانیان ناوە بەیەکەوە و بێ جیاوازی وەستاون.

٤٣. ئاگالێك بوون و دانەبڕانە لە یەکتری، ئەوەتا یەك نوێژ نوێژخوێنێك دیارنەبێت لە مزگەوت خەڵکی دەڵێن: ئەوە فلانە کەس بۆ دیارنیە؟ لەکوێیە؟

٤٤. زانکۆیێکی کۆمەڵاتییە، ئەوەتا بەهۆی نوێژەوە مزگەوت دەبێت بە شوێنێکی کۆمەڵایەتی.

تێبینی: ئەو نووسینە وەك سەرەقەڵەم و مەتنێك بوو، ئەگەرنا ئەم بابەتە زۆر زۆری دەوێت.

زەکات و فەلسەفەکانی

●﴿ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾ ● البقرة: ٤٣

(زەکاتی مالّەکانتان بدەن).

زەکـــــات :

زەکات وشەیەکی عەرەبیە واتا: گەشەکردن و زیادبوون و بەرەکەت و پاکبوونەوە، کەواتە بەم پێیە هەم مالّەکە زیاددەبێت و بەرەکەتی دەکەوێتێ هەمیش پاك دەبێتەوە.

فەلســـەفەی زەکـــــات:

١. یارمەتی دانی هەژاران و ڕێبواران و قەرزداران و...، وە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان.

٢. پاککردنەوەی دڵی دەوڵەمەندان لە ڕەزیلی و زوڵم و ستەم، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێ: (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا) التوبه (١٠٣)

واتا: لە هەندێ مالّ و سامانی ئەو (ئیماندارانە) زەکات و خێر وەربگرە، چونکە دەبێتە هۆی خاوێن کردنەوەی مالّەکانیان و پاککردنەوەی دڵ و دەروونیان.

٣. نەهێشتنی تاوان، کە زەکات درا بە تەواوی و بەڕێوشوێنی خۆی ڕاستەوخۆ هەژاری نامێنێت، کە هەژاریش نەما تاوان بەرەو نەمان دەچێت و هەرکەسە و ئەندازەی ژیانی خۆی هەیە و پێویست بە دەست بردن بۆ مالّ و سامانی کەسانی تر ناکات.

٣. پاککردنەوەی مالّ و سامانە لەو خرش و خالّە و ناڕەواییەی تێدا کراوە.

٤. جێبەجێ کردنی فەرمانی خودای گەورە و پێغەمبەرە (ﷺ)، پەرستش و عیبادەکان هەموویان وەڵامدانەوەی فەرمانی خودان، کەواتە خودی جێبەجێ کردن و بەدەمەچوونی فەرمانی خودا گەورەترین گەورەیی و ملکەچیە.

٥. درووستکردنی گیانی تەبایی و خۆشەویستی لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان، بەشێوەیەکی گشتی کە هەژارێك دەوڵەمەندێك دەبینێت لەو ئاستە وە خۆشی دەبینێت لەو ئاستە شتێك لە دڵیدا درووست دەبێت، بەڵام کە دەوڵەمەندەکە زەکاتەکەی دا بە هەژارەکە ڕاستەوخۆ خۆشەویستی درووست دەبێت و ئەو ڕق و کینە نامێنێت و گیانی خۆشەویستی و تەبایی بڵاو دەبێتەوە لە نێوانیاندا.

٦. ڕاهاتنە لەسە بەخشین.

٧. نەهێشتن و کوشتنی ڕەزیلییە.

٨. فێرکرنی بەرانبەر و خەڵکە بە بەخشین.

٩. نەهێشتنی حەسودی، کە دەوڵەمەند زەکاتی دا دڵی هەژارەکان لە حەسودی بردن پاك دەکاتەوە.

١٠. پاراستنی ماڵ و سامانە لە دەست دزێڕی، کە دەوڵەمەند زەکاتی نەدا حەتمەن چاودەبڕدرێت بۆ ماڵ و سامانەکەی، بەڵام کە زەکاتەکەی دا ئەو چاوتێبڕینە ناهێڵێت و ماڵەکەی خۆی دەپارێزێت، هەژارانیش ئەگەر وەك وەفایێکیش بێت ناتوانن چاو لە ماڵ و سامانەکەی ببڕن.

١١. دڵدانەوەی هەژاران و ئاسودەکردنیانە، هەروەها دڵ خۆشکردنی منداڵەکان و خێزانەکانیانە.

١٢. نەهێشتنی چییانەیەتی، زەکات دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو چینایەتیەی سیستەمە ستەمکارەکان بەرهەمی دێنن، بۆ نموونە ئەو چینایەتیەی سیستەمی سەرمایەداری بەرهەمی دێنێت، بەڵام کە زەکات درا ئەو جیاوازی و چینایەتیە ورد ورده کەم دەبێتەوە و نامێنێت.

١٣. زیادبوونی ماڵ و سامان، وەك وتمان یەکێ لە ماناکانی زەکات زیادبوون و بەرەکەتە، ئەوە وەعدی خودای گەورەیە هەرکەسێ سوپاس گوزاربێت خودای گەورە بۆی زیاد دەکات و بەرەکەت دەخاتە ماڵەکەی.

١٤. پاراستی کەسایەتی هەژاران و نەدارانە لە لەدەستدانی مرۆڤ بوونیان، چونکە کە مرۆڤ ئەوەندە نەدار و هەژار بوو یان خۆی دەفرۆشێت یان منداڵەکانی.

١٥. نەهێشتی لادانی ئەخلاقی و زینا و فاحیشە، زۆر جار کەسەکە بەهۆی هەژاریەوە پەنادەباتە بەر لەشفرۆشی بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی، بەڵام لەڕێی زەکاتەوە کە پێداویستیەکانی بۆ جێبەجێ کرا دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ڕزگارکردنی.

١٦. سنوردارکردنی دەستەمۆکردنی هەژار و نەدارانە لەلایەن ستەمکارانەوە، زۆر جار بەهۆی هەژاریەوە ستەمکاران خەڵکە ڕەش و ڕوت و هەژارەکان دەکڕن و هەرچی بیانەوێت پێیان دەکەن، بەڵام کە زەکاتدار ئەوە کەم دەبێتەوە بەرەو نەمان دەچێت.

١٧. پاراستن و هاندان و پاڵنەری کاری بانگخوازیە، یەکێ لەوشتانەی کە زەکاتی پێدەشێت (فی سبیل الله)ە، کە دیارە زۆر جار کاری بانگخوازیش زۆر بێ ناز دەکەوێت ئەگەر زەکات نەبێت ڕەنگە زۆرێك لە بەشەکانی هەر نەمێنن.

ڕۆژوو و فەلسەفەکانی

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ﴾ ● البقرة: ١٨٣

(ڕۆژی مانگی ڕەمەزانتان لەسەر واجب کراوە).

ڕۆژوو:

ڕۆژوو عیبادەتێکی کۆنە و لە پێش ئیسلامیداش هەبووە، هەر وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقرە (١٨٣)

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خوداناسی و پارێزکاری بکەن.

ڕۆژوو بە پێی کەسەکان دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر ڕۆژوو هەیە و بەدی دەکرێت:

١. ڕۆژووی عەوامان: ئەوانەی کە بەس خۆیان دەگرنەوە لە خواردن و خواردنەوە و جینس.

٢. ڕۆژووی کەسە تایبەتەکان: ئەوانەی لەگەڵ خواردن و خواردنەوە و جینس ئەندامە دیارەکانیشیان بەدوور دەگرن لە هەموو خراپە و حەڕامکراوێك، بۆ نموونە دەست و قاچ و گوێ و چاو و زمانیشیان دەپارێزن لە هەموو حەڕامەکانی وەك ئازاردانی خەڵك و غەیبەت و جنێو و.....

٣. ڕۆژووی کەسە تایبەتەکان: ئەوانە لەگەڵ ئەوانەی باسمان کردن دڵ و ناخ و فیکر و عەقڵ و بیر و هۆشیشیان دەگرنەوە لە هەموو شتێکی خراپ،

بۆ نموونە خۆیان بە دوور دەگرن لە دڵ پیسی و گومان بردنی خراپ و ڕیاو حەسودی و خۆبەگەورەزانی و ڕق و کینە و.....

کەواتە ڕۆژووی تەواو ئەوەیە ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ بەڕۆوو بێت، وە بەتەواوی هەموو ئەندامەکانی دوور بگرێت لە خراپە و حەڕامەکان، بەمەش ڕاستەوخۆ ئەو مرۆڤە هەموو واتاکانی مرۆڤ بوون و لەگەڵ خودا بوون دێنێتە جێ، کەواتە خودی ڕەمەزانیش خولێکی یەك مانگەیە بۆ خۆ ڕاهێنان لەسەر دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان نەك بەس لە خوداردن و خواردنەوە، وە خولێکی یەك مانگەیە بۆ خۆ ڕاهێنان لەسەر هەموو ماناکانی مرۆڤ بوون و لەگەڵ خودا بوون.

فەلسەفەی ڕۆژوو:

١. تەقوا، ڕۆژوو گەورەترین هۆکاری تەقواو و خۆپارێزییە و مرۆڤەکان وا لێدەکات تەقوایان هەبێ و خۆیان بپارێزن لە هەموو شتێکی خراپ و ناشیرن، وەك خودای گەورە دەفەرموێ: (لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقرە (١٨٣)، واتە: بۆ ئەوەی خوداناسی و پارێزکاری بکەن.

٢. ڕاهێنان لەسەر ئارامگری و سەبر، ڕۆژوو گەورەترین پاڵنەر و ڕاهێنەری ئارامگرییە، ئەوەتا وا لە مرۆڤ دەکات ٢٢ سەعات خۆی دوور بگرێت لە هەموو خوداردن و خواردنەوە و خۆشیەکان، وە خۆی دوور بگرێت لە مومارەسەی جینسی، وە لە هەموو حەڕامکراوەکانی وەك جگەرە و.....

٣. داوێن پاکی.

٤. نەرم و نیانی و لەسەر خۆیی و میهرەبانی.

٥. بەبیرهاتنەوەی هەژارن و حیساب بۆ کردنیان و یارمەتی دانیان و خۆ لەجێدانیان.

٦. یەکسانی، هەموو مرۆڤایەتی لە ڕەمەزاندا بە هەژار و دەوڵەمەندا و دەستەڵاتدار و بێ دەستەڵات دەبێ هەر هەمووی بە ڕۆژووبێت بەبێ جیاوازی، کەواتە هەموویان

لە بەرامبەردایدا یەکسانن و کەس بەبێ عوزر ناتوانێت خۆی لێ ببوێرێت، ئەگەر هەموو دونیاش هی ئەو بێت.

٧. ئیخلاس و دڵسۆزی، ڕۆژوو شتێکە کەسەکان دەتوانن بە نهێنی خۆی لێ بدزنەوە و بە کەیفی خۆیان هەموو شتێ بکەن.

٨. خۆڕاهێنان لەسەر دووورکەوتنەوە لە چاوچنۆکی و زۆرخۆری و هەڵپەکردن بۆ خواردن و جینس.

٩. جێبەجێ کردنی فەرمانی خودا و وەڵامدانەوەی فەرمانەکەی.

١٠. تەندروستی و سەلامەتی، ڕۆژوو گەورەترین هۆکارە بۆ تەندروستی و سەلامەتی.

١١. گەورەترین وزە و هێزی ڕۆحیە.

١٢. بەهێزکردنی ئیرادە.

١٣. ڕێکخستنی خوڕەوشت و ئەخلاق.

١٤. پاککردنەوەی دڵ و دەروون و ناخ لە هەموو خراپەکان، وەك دڵڕەقی و حەسودی و تەکەبور.

١٥. ئەمن و ئاسایش، بڕۆ بپرسە لە هەموو بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش بزانە چ مانگێك لە هەموو مانگەکان تاوان کەمترە، حەتمەن دەڵێن ڕەمەزان، بۆیە لە ڕەمەزاندا کەمترین تاوان و خراپەکاری ئەنجام دەدرێت.

١٦. یارمەتی دانی هەژاران، ئەوەتا لە ڕێی سەرفترە و زەکات و سەدەقەوە زۆرترین هەژار سوودمەند دەبێت، کە دیارە لە ڕەمەزاندا دەوڵەمەندەکانیش دڵیان نەرم دەبێت، بۆیە ئەو خێر و سەدەقەیەی لە ڕەمەزاندا دەکرێت لە هیچ مانگێکی تردا ناکرێت، کەواتە سودی ئابوریشی هەیە.

١٧. هەستکردن بە نیعمەتەکانی خودای گەورە، مرۆڤ کە برسی و تینوی دەبێت ئینجا هەست دەکات خوداردن خواردنەوە چ نیعمەتێکە.

حەج و فەلسەفەکانی

● ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ ● آل عمران: ٩٧

(خودای گەورە حەجکردنی لەسەر خەڵك واجب کردووە، بەڵام بەمەرجێك توانای داراییان هەبێت و تەندروستیشیان ڕێیان بدات).

حەج پەرستشێکی مالی و ڕۆحییە، بۆیە جیاوازە لە نوێژ و ڕۆژوو، چونکە پارە سەرف کردن و ماندووبوونی تێدایە، وە چەند مەرجێکی هەیە بۆ ئەوەی واجب ببێت: دەبێت عاقڵ و بالغ بێت وە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت توانای دارایی و جەستەیی هەبێت، واتا دەبێت هەم پارەی چون و هاتنەوە و تێچووی هەبێت، وە هەم لەڕووی جەستەییەوە بتوانێت بچێت و بێتەوە و فەریزەکان ئەنجام بدات...

فەلسەفەی حەج:

١. جێبەجێ کردنی فەرمانی خوادایە.

٢. پاککردنەوەی دڵ و دەروونە لە ڕەزیلی، ئەوەش بەوەی کە پارەیەکی باش سەرف دەکات و دەبێتە هۆی دەستبردن بۆ گیرفانی لەکاتی پێویستدا.

٣. بەهێزبوونی لایەنی ڕۆحی، ئەوەش بەهۆی ئەوەی دەچێت بۆ شوێنێکی زۆر پیرۆز و دوورەدەکەوێتەوە لە زۆر شتی بێ هودە و.... .

٤. کۆبوونەوەی موسڵمانان و چونە پاڵ یەك، چونکە موسڵمان سێ کۆبوونەوەی سەرەکیان هەیە:

کۆبونەوەی ڕۆژانە کە بریتیە لە نوێژە بەکۆمەڵەکان کە پێنج فەرزن.

کۆبوونەوەی هەفتانە کە ڕۆژی هەینیە.

کۆبوونەوەی ساڵانە کە حەجکردنە.

٥. یەکێتیناسین و تەعاروفی نێوان گەلانە، حەج هەموو نەتەوە و ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە و بەیەکتریان دەناسێنێت.

٦. پاڵپشتیکردنی یەکتر و لەگەڵ یەك بوون و یارمەتیدانی یەکتری و یەکگرتوویی، چونکە لەوێدا هەموویان لەگەڵ یەکن و یەکتر قبوڵ دەکەن و هەمووشیان ڕوو لە شوێنێك دەکەن کە کەعبەیە، ئەمە وا دەکات هەموویان دڵیان یەکبخەن.

٧. یەکسانی، چونکە لەوێدا هەمووی یەك جۆر جل و بەرگی لەبەرە و هیچ کەس ناتوانێت خۆی جیاکاتەوە.

٨. دوور کەوتنەوە لە دوونیای ماددی گەرایی، چونکە لەم کاتەدا هەموو خەڵك ئاڕاستەیان بەرەو شوێنێك دەبردێت کە بێنە کەشێکی ڕۆحی و دووربکەونەوە لەو هەموو ماددی گەراییە، ئەمەش هەم بەجل و بەرگ هەم بە مامەڵە و هەم بە سنووردارکردنی ئارەزوەکان.

٩. ڕەجمکردنی شەیتانی خودی خۆت، هەموو کەسێك پەیمان نوێ دەکاتەوە و پەیمان دەدات کە دوور بکەوێتە لە هێزی شەڕ (شەیتان) وە نزیك بکەوێتەوە لە خودای گەورە.

١٠. بینینی ئاسەواری پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی و بیرکردنەوە لەم دیمەنە.

١١. بوژاندنەوەی هەژاران، چونکە حەج دەبێتە هۆی سەربڕینی هەزاران و ملیۆنان ئاژەڵ.

١٢. ڕاهێنانی حەجکەر و کەسوکارەکەیەتی لەسەر هیجرەت و جێهێشتنی ماڵ و منداڵ و.... لە پێناو خودادا.

عیبادەت و فەلسەفەکانی

●﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ ﴾ ● البقرة: ٢١

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەو پەروەردگارە ببپەرستن کە دروستی کردوون).

فەلسەفەی عیبادەت:

پرسیار دەکرێت بۆ خودای گەورە داوای عیبادەتمان لێ دەکات لە کاتێدا پێویستیشی پێی نیە؟!!!

خودای گەورە هیچ پێویستیەکی بە عیبادەت نیە، بەڵکو ئەوە مرۆڤە کە پێویستی پێیەتی.

بۆ مرۆڤ پێویستی بە عبادەتە؟؟؟

١- بەستنی پەیوەندی لەگەڵ خودای گەورە.

٢- پاککردنەوەی دڵ و دەروونی.

٣- نەپچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ خودای گەورە.

٤- ئارامی دەرونی.

٥- پارێزرانی لەخراپە وتاوان.

٦- ئیمان دانەبەزینی.

٧- ئیمان دانەڕزینی.

٨- شکاندنی تینویەتی.

٩- زیاتر بەڕێزبوون و ڕێزلێنانی لەلایەن خودای گەورە.

١٠- پەیداکردنی هێزی ڕوحی.

١١- ڕێکخستنی ئەخلاق.

١٢- پەزامەندی خودای گەورە.

١٣- دوورکەوتنەوە لە خۆپەرستی.

١٤- دوورکەوتنەوە لە فیز و تەکەبوور.

١٥. وەفایە بەرانبەر بە خودای گەورە.

١٦. عیبادەت هۆکارێکی زۆر بەهێزە بۆ پاراستن ومانەوەی ئیمان.

١٧. ماددەی تاقیکردنەوەیە.

١٨. حەز و ویستی خودای گەورەیە.

١٩. وەڵامدانەوەی داواکاری خودای گەورەیە.

٢٠. بەهێزکردنی عەقیدە و بیروباوەڕە.

٢١. بەهێزکردنی مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشیەکان و ئارامگرتن لەسەر ناخۆشیەکان.

٢١. بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ خودای گەورە.

٢٢. دروستکردن و پاراستن و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

٢٣: بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان عەقڵ و دڵ.

٢٤: بەهێزکردنی کەسایەتی.

٢٦: بەستنەوەی نێوەوە و دەرەوەی مرۆڤ بەیەکەوە و دوورکەوتنەوە لە دووڕوویی.

٢٧: دروستکردنی برایەتی.

٢٨: هەستکردن بە یەکسانی بەرانبەر بە خودای گەورە.

٢٩: بۆئەوەی مرۆڤ قەدر و ئەندازەی خۆی بزانێت و خۆی لێ وون نەبێت و غەفڵەت داینەگرێت و بەردەوام ئەوەی لەبیربێت کە بەندەی خودای گەورەیە.

٣٠: نوێکردنەوەی ئیمان.

زۆری تریش...

کەواتە دەبێت پرسیارەکە بەم شێوەیە بکەین: مرۆڤ بۆ پێویستی بە عیبادەتە؟؟؟

تێبینی: ئەو بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بە دەیان و سەدان کتێب و نووسین و توێژینەوەی قوڵ هەیە، بەڵام ئەوانەی کە باسمان کردن خاڵە سەرەکیەکانن و وەک مەتنێک وایە بۆ کەسێک بیەوێت بەدواداچوون بکات و تێڕامێنێت.

بۆیە بەڕاستی بەدواداچوون بۆ فەلسەفەی شتەکان دەمان گەیەنێت بە تام و چێژ و بەردەوامی و.....، بەڵام ئەگەر لە فەلسەفەکانی تێنەگەیشتین ئەوا حاڵمان لە ئێستا باشتر نابێت، کە مزگەوتەکان پڕن بەڵام دڵ و کردار و گوفتارەکان قڕن، یان زمان پڕە و کردار قڕە.

قوربانی و فەلسەفەکانی

● ﴿ وَٱنْحَرْ ﴾ ● الكوثر: ٢

(قوربانی بکە).

فەلسەفەی قوربانی کردن :

قوربانی کردن کە دانراوە فەلسەفە و حیکمەتی خۆی هەیە:

١. زیندووکردنەوەی سوننەتی حەزرەتی ئیبڕاهیم (علیه السلام).

٢. سەبر و ئارامی، چونکە لەو کاتەدا سەبر و ئارامی حەزرەتی ئیبڕاهیم (علیه السلام) ی بیر دەکەوێتەوە و ئەویش حەتمەن ڕادێت لەسەر ئارامگری و سەبر.

٣. قوربانی دان، حەتمەن لە حەزرەتی ئیبڕاهیم ەوە (علیه السلام)، فێری قوربانیدان دەبێت بە نەفس و منداڵ و....

٤. یارمەتی دانی هەژاران.

٥. پاککردنەوەی دڵ و دەروون لە ڕەزیلی.

٦. پاککردنەوەی ماڵ و سامانە لەو خرش و خاڵە و ناڕەواییەی تێدا کراوە، چونکە سەدەقە دەبێتە هۆی پاککردنەوەی ماڵ.

٧. جێبەجێکردنی فەرمانی خودای گەورە و پێغەمبەرە (ﷺ)، پەرستش و عیبادەکان هەموویان وەڵامدانەوەی فەرمانی خودان، کەواتە خودی جێبەجێکردن و بەدەمەچوونی فەرمانی خودا گەورەترین گەورەیی و ملکەچیە.

٨. دڕووستکردنی گیانی تەبایی و خۆشەویستی لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان، بەشێوەیەکی گشتی کە هەژارێك دەوڵەمەندێك دەبینێت لەو ئاستەوە خۆشی

دەبینێت لەو ئاستە شتێك لە دڵیدا دروستە دەبێت، بەڵام کە دەوڵەمەندەکە قوربانی و خێری کرد بە هەژارەکە ڕاستەوخۆ خۆشەویستی دروستە دەبێت و ئەو ڕق و کینە نامێنێت و گیانی خۆشەویستی و تەبایی بڵاو دەبێتەوە لە نێوانیاندا.

٩. ڕاهاتنە لەسە بەخشین.

١٠. فێرکردنی بەرانبەر و خەڵکە بە بەخشین.

١١. نەهێشتنی حەسودی، کە قوربانی کرا دڵی بەرانبەرەکان لە حەسودی بردن بەو سامانەی خودا پێی داوی پاك دەکاتەوە.

١٢. پاراستنی ماڵ و سامانە لە دەست درێژی، دەوڵەمەند حەتمەن چاودەبردرێت بۆ ماڵ و سامانەکەی، بەڵام بە قوربانی کردن چاوتێبڕینەکە کەم دەبێتە، هەژارانیش ئەگەر وەك وەفایێکیش بێت ناتوانن چاو لە ماڵ و سامانەکەی ببڕن.

١٣. دڵدانەوەی هەژاران و ئاسوودەکردنیانە، هەروەها دڵ خۆشکردنی منداڵەکان و خێزانەکانیانە.

١٤. زیادبوونی ماڵ و سامان، ئەوە وەعدی خودای گەورەیە هەرکەسێ سوپاس گوزاربێت خودای گەورە بۆی زیاد دەکات و بەرەکەت دەخاتە ماڵەکەی.

١٥. سوپاسی خودای گەورەیە لەسەر نیعمەتەکانی.

١٦. بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکان، چونکە قوربانی هەر بۆ فەقیر نیە، دروستە بدرێت بە هاوڕێ و دراوسێ و خزم وکەس و کار با دەوڵەمەندیش بن.

١٧. دروستکردنی جموجۆڵی بازرگانی، بەهۆی قوربانیەوە سەڵانە ملیۆنان ملیۆن حەیوان دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت، کە دیارە ئەمە جموجۆڵێکی گەورە و بەهێزی ئابوری دروستە دەکات و خاوەن حەیوانەکانیش دەبوژێنەوە.

سەرمەشقی و پێشەوایەتی محمد (ﷺ)

● ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْآخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴾ ● الأحزاب: ٢١

(بەڕاستی لە پێغەمبەری خودادا (ﷺ) بۆ ئێوە هەیە باشترین و چاکترین سەرمەشقی پێشەوایەتی و نموونەی تەواو و جوان بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خودایان لا مەبەستە، سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە، وە زۆر یادی خودادەکەن، زمانیان پاراوە بەناوی ئەو).

ئەم فەرمایشتە قورئانییە پەیوەستە بە گەورەترین و بەرزترین مرۆڤ، کە پێغەمبەرە (ﷺ) ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە لە هەر بوارێکدا بمانەوێت سەرمەشق و پێشەوا و نموونەی تەواو و جوانمان هەیە، کە پێغەمبەرە (ﷺ)، بەتایبەتتر ئەوانەی ڕەزامەندی خودایان لا مەبەستە و وە دەیانەوێت خودا لە خۆیان ڕازی بکەن، وە دەیانەوێت لە قیامەتدا سەرفراز بن، کەواتە هەر کەسێك دەیەوێت خودا لە خۆی ڕازی بکات، وە سەرفرازی دونیا و قیامەت بێت، با پێغەمبەر (ﷺ) بکاتە سەرمەشق و پێشەوای خۆی، چونکە ئێمە لە هەر بوارێکدا بڕوانینە پێغەمبەر (ﷺ) پەکمان ناکەوێت چونکە پێغەمبەر (ﷺ):

١- بێباوك بووە و سۆزی باوکی نەبینیوە کەواتە بۆ بێباوکان سەرمەشقە.

٢- زۆر زوو هەر بە منداڵی دایکیشی مردووە و بێبەش بووە لە سۆزی دایکیشی، کەواتە بۆ بێدایکانیش سەرمەشقە.

٣- شوان بووە، کەواتە بۆ شوانانیش سەر مەشقە.

٤- کاری بازرگانیشی کردووە کەواتە بۆ بازرگانان و کاسبکارانیش سەر مەشقە.

٥- خێزاندار و هاوسەر بووە، کەواتە بۆ خێزان داران و هاوسەرانیش سەرمەشقە.

٦- باوك بووە، کەواتە بۆ باوکانیش سەرمەشقە.

٧- باپیر بووە، کەواتە بۆ باپیرانیش سەرمەشقە.

٨- هەژاریشی بینیوە، کەواتە بۆ هەژارانیش سەر مەشقە.

٩- دەوڵەمەندیشی بینیوە کەواتە بۆ دەوڵەمەندانیش سەرمەشقە.

١٠- مەزڵوم و ستەم لێکراوبووە ، کەواتە بۆ مەزڵوم و ستەم لێکراوانیش سەر مەشقە.

١١- ئازاردراو و ئەشکەنجەدراو بووە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

١٢- سوکایەتی پێکراو و گاڵتەپێکراو بووە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

١٣- بوختانبۆکراو بووە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

١٤- دەرکراو و دەربەدەر کراو بووە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

١٥- هیجرەت کار و هجرەتی کردووە لەزێدی خۆی، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

١٦- پێشەوا و قائیدی سوپابووە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

١٧- سیاسی و بەڕێوەبەر و دەوڵەت دار بووە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

١٨- خوداناس و زاهید و عابید بووە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

١٩- بێفیز و تەکەبوور بوە سەرەڕای ئەوهەموو دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵات و گەورەییە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

٢٠- ڕاستگۆ بووە، کەواتە بۆ ڕاستگۆیانیش سەرمەشقە.

٢١- منداڵ لەدەست دراو بووە، کەواتە بۆ ئەوانیش سەرمەشقە.

وە هەروەها دڵسۆز و ئارامگر و تەوبەکار و متمانەبەخۆبوو و بە هیواو ئومێد و گەشبین بووە، هەروەها پشت بەستو بە خوداو خەڵوەتکار و ملکەچ بوو بۆ حەق و ڕاستی بووە، هەروەها ئەمانەتپارێز و قوربانیدەر و پاك و خاوێن و جوان و ڕێك و پێك و سەخی و بەڕەحم و سۆز بووە، هەروەها لێبوورده و دادگەر و حیکمەتدار و داوێنپاك و دەمپاك و دەستپاك بووە، هەروەها نەرم و نیان و ئازا و چاونەترس

و بەقەناعەت و گورج و گۆڵ و هیممەت بەرز بووە، هەروەها ڕووخۆش و دەم بەخەندە و ڕق و کینە خۆرەوە بووە، هەروەها بیرکەرەوە و موتەفەکیر و بیرتیژ بووە، هەروەها دەم بە زیکر و بە ئینساف و جددی و بەڕێز بووە، هەروەها ڕقلەدڵ و سنووربەزێن و بەکەم سەیرکەر و فەخر و شانازیکار و حەسود و فێڵباز نەبووە، هەروەها ... هتد.

ئەوانە بە شاهێدی دوژمنەکانیشی بوونیان هەبووە لەو پێغەمبەرە مەزنەدا.

کەواتە هەر خۆی شایەنی سمبول بوون و پێشەوایەتی و پێشەنگ بوون و ئیمامەت و ... هتد.

ئایا ئافرەتان پاداشتیان هەیە لە قیامەتدا؟!!!

● ﴿ مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ ● غافر: ٤٠

(ئەوەی گوناە و هەڵەیەکی کردبێت، تەنها بەقەدەر هەڵە و گوناهەکەی خۆی تۆڵەی لێدەسێنرێت، ئەوەش کە چاکەی کردووە لە پیاوان و ئافرەتان، لە کوڕان و لە کچان لەکاتێکتدا کە خاوەنی باوەڕی دامەزراون، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە و بێ سنوور و بێ حساب ڕزق و ڕۆزی هەمەجۆر و هەمە چەشنیان پێدەبەخشرێت).

کەواتە جیاوازی نەکراوە لە نێوان نێر و مێ و پیاو و ژندا لە پاداشتدا.

ئایا ئافرەتان پاداشتیان هەیە لە قیامەتدا؟!!!

پرسیار دەکرێت ئەگەر پیاوێك کارێکی چاکە بکات ئەوا یەکێ لە پاداشتەکانی حۆریە لە بەهەشتدا، بەڵام ئایا بۆچی باسی ئافرەت ناکرێت کە کارێکی چاکە دەکات چ پاداشتێکی هەیە ؟

ئەوە وا نییە بە هیچ جۆرێك...

خوای گەورە کە لە قورئاندا هەندێ ئایەتی ناردووە کە هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە ، وە هەندێکیان تایبەتن بە ئافرەتان، هەندێکیان تایبەتن بە پیاوان.

وە نموونەی زۆر هەیە لە قورئان کە دەیسەلمێنێت جیاوازی نییە لە نێوان ئافرەت و پیاوان لە پاداشتوەرگرتندا وەکو خوادی گەورە دەفەرموێت:

١- (إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ

وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا) سورة الأحزاب، واتا:

(إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ) (ئوم عوماڕەی ئەنصاری) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: هەموو شتێك تەنها باسی پیاوانە و نابینم باسی ئافرەتان بکرێت، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، وە (ئوم سەلەمەی) خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئێمەی ئافرەتان لە قورئاندا باس ناکرێین وەکو پیاوان کە باس دەکرێن؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: بەڕاستی پیاوانی موسڵمان و ئافرەتانی موسڵمان، (هەر چەندە کە خوای گەورە بفەرمێت (الْمُسْلِمِينَ) ژن و پیاو دەگرێتەوە).

(وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ) وە پیاوانی باوەڕدار و ئافرەتانی باوەڕدار.

(وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ) وە پیاوانی خواپەرست و گوێڕایەڵ وە ئافرەتانی خواپەرست و گوێڕایەڵ.

(وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ) وە پیاوانی ڕاستگۆ و ئافرەتانی ڕاستگۆ.

(وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ) وە پیاوانی ئارامگر و ئافرەتانی ئارامگر.

(وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ) وە پیاوانی ملکەچ و ئافرەتانی ملکەچ.

(وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ) وە پیاوانی خێرخواز و ئافرەتانی خێرخواز.

(وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ) وە پیاوانی ڕۆژووەوان و ئافرەتانی ڕۆژووەوان.

(وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ) وە ئەو پیاوانەی کە داوێنی خۆیان لە حەرام دەپارێزن، وە ئەو ئافرەتانەیشی کە داوێنی خۆیان لە حەرام دەپارێزن.

(وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ) وە ئەو پیاوانەی کە زۆر زیکر و یادی خوای گەورە دەکەن، وە ئەو ئافرەتانەی کە زۆر زیکر و یادی خوای گەورە دەکەن لە هەموو حاڵەتێکیاندا.

(أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا), ئا ئەمانە بە ژن و پیاوەوە خوای گەورە لێخۆشبوون و ئەجر و پاداشتێکی زۆر گەورەی بۆ ئامادەکردوون.

نەیفەرموو (لهن) چونکە (هم) لە زمانی عەرەبیدا نێر و مێ دەگرێتەوە، بەڵام (هن) تەنها مێ دەگرێتەوە، وە بۆ کۆی نێرینە (جەمعی مذکر)یش وایە، بۆ نمونە (المسلمین) نێر و مێ دەگرێتەوە، بەڵام (المسلمات) نێر ناگرێتەوە.

٢- (وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا).

(وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ) واتە: هەر کەسێك کردەوەی چاك بکات ئەگەر پیاو بێ یان ئافرەت بەو مەرجەی کە باوەڕدار بێ ئەمانە ئەچنە بەهەشتەوە [وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا (١٢٤)] وە هیچ زوڵم و ستەمێکیان لێ ناکرێت بەئەندازەی (نەقیرێك)، (نەقیر) ناوکی خورما کونێکی تیایە بەئەندازەی ئەو کونە بچووکە.

٣- (فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِن.

واتا: (فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ) پەروەردگاریش وەڵامی دوعاکەی دانەوە (أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ) واتە: من کردەوەی هیچ کەسێك لە ئێوە نافەوتێنم ئەوەی کردەوەی چاکی کردبێت پاداشتی ئەدەمەوە ئیتر ئەگەر نێر بێ یان مێ جیاوازی نییە، ئافرەتیش وەکو پیاو وایە لە گوێڕایەڵی و کردەوەی چاك و پاداشتدا.

٤. (فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ) ئەو کەسانەی کە کۆچیان کردبێ چ پیاو بن یان ئافرەت وە لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکرابن. لە ڕوانگەی ئەم ئایەتانەوە لەوە گەیشتین کە خودای گەورە هیچ جیاوازیەکی لە نێوان ئافرەت و پیاوان نەکردووە لە پاداشتوەرگرتن و سزادانداً لە ڕۆژی دواییدا.

٥. هەروەها دەفەرموێت: (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ).

لێرەدا (من) بەکار هاتووە ، کە دیارە لە زمانی عەرەبیدا پۆ نێر و مێ دەبێ بەبێ جیاوازی.

،کەواتە خوای گەورە باسی پاداشتی هەردوکیان دەکات، وە لە هەندێ شوێن کە خیتابەکە بە شێوازی مذکر باسکراوە، ئەوا مێ (مؤنث)یش دەگرێتەوە، بەپێی قورئان و زمانی عەرەبیش.

بۆچی حۆری بۆ پیاوان دانراوە بەڵام بۆ ئافرەتان دانەنراوە؟

ئافرەتیش پیاوی تایبەت بەخۆی دەبێ، هیچ ئافرەتێك نیە ئەگەر بیەوێ خوای گەورە هاوسەری بۆ دانەنێ، جا یان مێردی دونیای یان ئەگەر مێردی دونیای دۆزەخی بێت، پیاوێ کە ژنی نەهێناوە لە دونیادا، یان خوای گەورە بەشێوەیەکی تر هاوسەری بۆ دێنێتە بوون.

وە خوای گەورە لە بەهەشتدا ئەوەی ئینسان پێی خۆشە و دڵی بۆی بچێت بۆی دابین دەکات، وەك دەفەرموێ: (وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ نُزُلًا مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ).

واتە: هەرچی نەفسی ئێوە داوای دەکات بۆتان هەیە، کەواتە نەفسی ئافرەتیش داوای هەرچیە خوای گەورە بۆی دابین دەکات.

ئەی بۆ هانی ئافرەتانیش نادرێ بڵێ: هۆ ئافرەتینە حۆریتان بۆ هەیە؟!

وەڵام: پیاو بە سروشتی خۆی داواکەرە بۆ ژن و بۆ جینس، وە ئافرەتیش هەمیشە داواکراوە نەك داواکەر، لەزۆربەی کۆمەڵگا و دابونەریتەکانیش وایە، کەوایە لێرەدا خوای گەورە ڕەچاوی ئەو شتەی کردووە، نەوەك پاداشتی بۆ ئافرەت دانەنابێ، ژن پیاوی خۆی ئەبێ وەك پیاو ژنی خۆی هەیە.

کەوایە ئەگەر ئافرەتێکی موسوڵمان بمرێت و شوی نەکردبێت خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە بە کورێکی موسوڵمان کە ژنی نەهێنابێت یان...، یان چۆن حۆری بۆ پیاوان دروست کردوە بۆ ئافرەتانیش پیاو دروست دەکات.

بەڵگەکانی زیندووبوونەوە و قیامەت

●﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَآتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ● غافر: ٥٩

(بەڕاستی ڕۆژی قیامەت بەڕێوەیە و هەر دێت، هیچ گومانیشی تێدانیە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئیمان و باوەڕناهێنن و باوەڕیان پێی نیە).

قورئان چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە لە بارەی زیندووکرنەوە و وەرگرتنی جەزای دادپەروەرانە بەپێی کردەوەکان، لەوانە:

١- دروستکردنی بوونەوەر لەنەبوونەوە: خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾ الروم: ٢٧. واتا: خودای گەورە ئەو زاتەیە کە بوونەوەر لە نەبوونەوە دروستدەکات، پاشان دووبارە دوای مردنیان زیندوویان دەکاتەوە کە دیارە ئەوە بەلایەوە ئاسان تریشە.

کە ئەوە پێوانەیەکی سەرەتایی عەقڵیە کە قورئان دەیهێنێتەوە بۆ دروستی زیندووبوونەوەی جەستەکان و وەڵامدانەوەی ئەوانەی ئینکاری لەو بابەتە دەکەن و دەڵێن: شتێکی مەحاڵ.

کەواتە دروستکردن لە نەبوونەوە زۆر قورسترە لە دروستکردنەوەی دوای لەناوچوون و مردن، بۆیە هەموو مرۆڤایەتی کۆببێتەوە ناتوانێت گرامێك ماددە دروستبکات، کەواتە خوایێك بتوانێت لە نەبوونەوە بوونەوەر بهێنێتە بوون چۆن ناتوانێت جارێکی تر لەدوای تێکچوونەوە بیهێنێتەوە بوون.

٢- درووستکردنی ئاسمانەکان و زەوی: پاشان سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ بەڵگەیەکی تر، کە ئەویش درووستکردنی ئەو گەردوونە مەزن و فراوانەیە: ﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ غافر: ٥٧.

واتا درووستکرنی ئاسمان و زەوی گەورەتر و مەزنترە لە درووستکردنی مرۆڤەکان، بەڵام زۆربەی مرۆڤەکان ئەوە نازانن.

٣- زیندووکردنەوە و سەوز کردنەوەی زەوی (لەدوای وشك بوون و زەردبوونی): یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە قورئان ئاماژەی پێدەدات لەبارەی زیندووبوونەوە، بریتییە لە زیندووکردنەوەی ئەو زەویە کە وشك و زەرد دەبێت، کاتێك باران بەسەریدا دەبارێت دوبارە زیندوو دەبێتەوە و سەوزایی و گژ و گیا دووبارە زەوی دادەپۆشێتەوە، جا مرۆڤیش زۆر بەو زەوییە دەچێت کە لێی درووستکراوە و تێیدا دەژێت.﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ فصلت: ٣٩.

٤- یەکسان نەبوونی چاکەکاران و خراپەکاران: یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە قورئان دەیهێنێتە بەردەمان لەسەر زیندوبوونەوە و وەرگرتنەوەی جەزای کردەوەکان بریتییە لەوەی کە نابێت چاکەکاران و خراپەکاران یەکسان ببن و وەکویەك بن، کە ئەوەش هەم عەقڵ و هەم فیطرەت ڕەتی دەکەنەوە و بەمەحاڵی دادەنێن کە کەسی باش و لاڕێ وەکو یەکبن و یەك ئەنجامیان هەبێت: ﴿ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴾ ص: ٢٨.

فەلسەفەی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی :

باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی و ڕۆژی زیندبوونەوە فەلسەفە و حیکەتی خۆی هەیە و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەی ژیانی تاکەکان، لەوانە:

١. هەستکردن بە موراقەبە و لێپرسینەوە و لێپیچینەوە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ((فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ))

جا ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێر و چاکەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە: ((وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ))

ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەڕو خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە.

٢. دامەزرانی بیروباوەڕ بە دادگەری خودای گەورە.

٣. هاوسەنگی پاراستن لە نێوان دونیا و قیامەتتدا.

٤. ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنی ئەخلاق و سلوك.

٥. بڵاوکردنەوەی ڕۆحی هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری.

٦. ژیان بە هیوا و ئومێدەوە، کە مرۆڤ زانی ژیانی حەقیقی لێرە نییە و ئێرە کاتییە، حەتمەن بە ئومێد و هیوایێکەوە دەژیێت.

٧. ئارامگرتن لەسەر ناخۆشیەکان.

٨. هەستکردن بە تەعویز و پاداشت لە بەرانبەر چاکەکان.

٩. کوشتنی ئەنانیەت و خۆخۆیی.

١٠. بڵاوکردنەوەی هەستی بەرپرسیاری.

گوێگرتن بۆ حەق و شوێن کەوتنی

● ﴿ ٱلَّذِينَ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقَوۡلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ ● الزمر: ١٨

(ئەوانەی گوێ بۆ قسە و گوفتار دەگرن و پەیڕەوی چاکترینی دەکەن، ئا ئەوانە کەسانێکن کە خودا هیدایەت و ڕێنموویی کردوون، ئەوانە خاوەنی عەقڵ و ژیری و بیروهۆشن).

ئیمانداری ڕاستەقینە ئاوایە:

١. گوێ دەگرێت بۆ حەق.

٢. بەدوای ڕاستی دەکەوێت.

دوو لە گەورەترین نەخۆشیەکانی ئەم ئوممەتە:

١. گوێ ناگرن بۆ حەق (زۆربەیان).

٢. بەدوای ڕاستی ناکەون (زۆربەیان).

نەخۆشیەکانی ئوممەت :

١. الإيمان التقليدي بدل اليقيني.

ئیمان و بیروباوەڕی تەقلیدی لە بری ئیمان و بیروباوەڕی یەقینی.

٢. التركيز على المختلف فيه بدل المتفق عليه.

تیشک خستنە سەر ئەو بابەتانەی مشتومڕ و ڕاجیاییان لەسەرە لەبری تیشک خستنە سەر ئەو بابەتەنەی کۆدەنگییان لەسەرە.

٣. التركيز على الظواهر بدل الجواهر.

تیشک خستنە سەر ڕووکەش و ڕواڵەتی شتەکان لەبری تیشک خستنە سەر ناوەڕۆك و جەوهەری شتەکان.

٤. الجدل بدل العمل.

دەمەتەقێ و مناقشەکردن لەبری کارکردن.

٥. انتظار الجزاء والمدح فی الدنیا بدل الآخیرة.

چاوەڕوانی کردنی پاداشت و ستایش کردن لە دونیادا لەبری قیامەت و ڕۆژی دوایی.

٦. الإفراط فی التكفير بدل التفكير.

زێدەڕۆیی لە تەکفیر و بەکافر زانینی خەڵکی لەبری زێدەڕۆیی لە تێڕامان و فکرکردنەوە.

٧. احتقار العلماء بدل احترامهم و توقيرهم.

بەکەم دانان و سەیرکردنی زانایان لەبری ڕێز لێنانیان.

٨. العداوة والخصام والانتقام بدل الصداقة والوئام والاعتذار.

دوژمنایەتی و ناکۆکی و تۆڵەسەندنەوە لەبری هاوڕێیەتی و یەکبوون و یەکگرتن و عوزرهێنانەوە بۆ یەکتری.

٩. التعصب بدل الإنصاف و التسامح.

دەمارگیری لەبری دادپەروەری و لێبوردەیی.

١٠. التعامل مع القائل بدل القول.

مامەڵەکردن لەگەڵ قسەکەر لەبری خودی قسەکە.

١١. السطحية والظاهرية فى فهم الإسلام بدل العمق والتعمق.

ڕوکەشبوون و زاهیری بوون لە تێگەیشتنی ئیسلام لەبری تێگەیشتنی قوڵ و ورد.

١٢. الانتماء للأشخاص بدل المناهج.

لایەنگیری و بەدواکەوتنی کەسەکان لەبری لایەنگیری بۆ بەرنامە و مەنهەجەکان.

١٣. التعسير فى الفتوى بدل التيسير.

قورسکردن لە فەتوادان لەبری ئاسانکردن.

١٤. تقديم التعليم على التربية.

پێشخستنی فێرکردن بەسەر پەروەردەدا کە ئەسڵ وایە هەردوکیان بەیەکەوە بن.

١٥. صدور الفتوى من غير أهله.

دەرچوونی فەتوا لەلایەن کەسانی ناشایستەوە.

١٦. الاعتماد على العلم المجرد (العلم بلا عمل وروح ودعوة)

بەتەنها پشت بەستن بە زانست (زانستێکی بێ کردار و ڕۆح وبانگەواز).

١٧. تقديس العلماء وأقوالهم وأفعالهم.

بە پیرۆزدانانی زانایان و وتەکانیان و کردەوەکانیان (کە ئەسڵ وایە نە بە پیرۆز سەیریان بکەین نە بەکەم بەڵکو بەچاوی ڕێزەوە لێیان بڕوانین و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین).

١٨. التنفير فى الدعوة بدل التبشير.

دوور خستنەوەی خەڵک و بەکار نەهێنانی حیکمەت لەکاری بانگەوازیدا لەبری مژدەدان و بەکار هێنانی حیکمت.

١٩. تقديم تغيير الآخرين والجماعات والأنظمة على النفس.

پێشخستنی گۆڕینی کەسی بەرانبەر و گروپ و دەستە وسیستەمەکان بەسەر خوددا لە کاتێکدا ئەسڵ وایە مرۆڤ لە خۆیەوە دەست پێ بکات.

٢٠. الحكم على المقابل والمخالف قبل الاسقراء والتيقن.

حوکمدان بەسەر کەسی بەرانبەردا بەر لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون.

٢١. انتهاک حرمات المسلمين.

شکاندنی شکۆی موسڵمانان و پێشێلکردن و بەزاندنی سنووری پیرۆزیەکانیان.

٢٢. إلزام الناس بشخص أو مذهب أو رأي أو فكر أو حزب أو جماعة (على الإطلاق).

پەیوەستکردنی خەڵکی بە کەسێک یان ڕێڕەو و مەزهەبێک یاخود بۆچوون و بیرو ئەندێشەیەک یان دەستە و پێڕ و تاقم و حیزبێک یان کۆمەڵێک (بەشێوەیەکی ڕەهایی بەجۆرێک ئەگەر وانەبێت ئەوە تۆمەتی بخرێتەپاڵ).

٢٣. محاولة رفع الخلاف فى الفروع.

هەوڵی لابردن و نەهێشتنی خیلاف و جیاوازی لەو شتانەی کە ئەسڵ و بنەمای ئایین نین چونکە ئەم جۆرە خیلافە لە سەرەتاوە هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت هەرگیز لا ناچێت و لاشنابرێت.

٢٤. الإنكار على المخالف فى المسائل الخلافية.

ئینکاری و نکۆڵی و دژایەتیکردنی ئەوانەی هاوڕانین لەگەڵتدا لەو بابەتانەی جیاوازی و ڕاجیایی هەڵدەگرن چونکە یاسایێکی گشتی هەیە دەڵێت: نکۆڵی کردن نابێت بکرێت لەو بابەتانەی جیاوازی و ڕاجیایی هەڵدەگرن.

٢٥. اتخاذ الإسلام وسيلة للمصلحة الدنيوية والشخصية والمادية والحزبية.

بەکارهێنانی ئیسلام بۆ بەرژەوەندی دونیایی یان کەسێتی یاخود حیزبی یان کردنی بەهۆکاری ماڵ پەیداکردن.

٢٦. إثارة المسائل العقدية والفكرية المختلف فيها بين عوام الناس.

وروژاندنی بابەتگەلێکی عەقیدەیی و بیروباوەڕ و فیکری لەنێو خەڵکی سادە و ڕەشۆکی -عەوام- کە زانایان تێیاندا کۆڕا نین و جیاوازن.

٢٧. الاهتمام بالجزئيات على حساب الكليات.

گرنگی دان بە بابەتە – شتە - لاوەکییەکان لەسەر حیسابی بابەتە گشتی و سەرەکییەکان.

٢٨. تنزيل فهم الإنسان منزلة الشرع وإلزام الناس به.

کردن و دانانی بۆچوون و تێگەیشتنی مرۆڤ بەشەرع و پەیوەستکردن و پابەندکردن و بەستنەوەی خەڵکی پێیانەوە.

٢٩. المجادلة والبحث فى مفاضلة العلماء بعضهم على بعض.

دمبەدمە و شەڕە قسە لەسەر ئەو زانا و ئەم زانا و باودان بە بەرزتر دانانی هەندێکیان بە سەر هەندێکی تردا.

٣٠. صبغ المسائل الدينية بطبيعة بشرية والطبيعة البشرية بصبغة دينية.

ڕەنگ و بەرگی ئایینی کردنە بەری خوو و سروشتە ئادەمییەکان و بە پێچەوانەشەوە کردنی مۆرک و سروشتە ئادەمیەکان بەدین و ڕەنگ وبەرگی ئایینی کردنە بەریان.

٣١. الاشتغال والخوض فى المسائل التى لا يبنى عليها عمل.

سەرقاڵبوون و ڕۆچوون و چونە ناو کۆمەڵە بابەتێک کە کردەیی نین و کاریان

لەسەر بنیات نانرێت وهیچ سودێکیان نییە نە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی نە بۆ ژیان ونە بۆ ئیسلام.

٣٢. البحث فيما لا يدرک بالوحي و العقل والعلم و الحواس.

لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانەی کە نە لەڕێی وەحی نە عەقڵ و نە زانست وُنە هەستەکان پەیان پێ نابڕێت.

٣٣. عدم مراعاة البيئات والأحوال فی بناء الأحكام والمواقف.

ڕەچاونەکردنی ژینگە و حاڵ و بارودۆخەکان لەکاتی بڕیاردان و حوکمدان و مامەڵە کردن و هەڵوێست وەرگرتندا.

٣٤. عدم الاعتدال فی التقليد و المتذهب بين الإفراط و التفريط.

نەبوونی تێروانین و مامەڵەیەکی درووست و هاوسەنگ لەگەڵ (تەقلید) و (مەزهەبی) بوون لە نێوان زیادەڕەوی و کەمڕەویدا، چونکە دوو تێڕوانینی هەڵە هەیە لەو بارەوە: هەندێ کەس مەزهەب بەڕەهایی وەردەگرن و بە پیرۆز سەیری دەکەن و دەیکەن بە دین, هەندێکی تر بە ڕەهایی ڕەتی دەکەنەوە و دژایەتی دەکەن کە لە ڕاستیدا هەردووکیان هەڵەن.

٣٥. عدم التعاون فی المتفق عيله والتسامح والحترام فی المختلف فيه.

نەبوونی گیانی هاوکاری و دەستبار بۆ یەکگرتن لەسەر ئەو کارانەی کە کۆک و هاوڕاین تێیاندا, هاوکات لەگەڵ ئەوەدا چاوپۆشی نەکردن و نەبوونی ڕێز بەرانبەر بەیەکتری لەو شتانەی کە تێیاندا جیاوازین و بۆچونی جیاواز هەڵدەگرن.

٣٦. عدم الجمع بين القديم والجديد والإفراط والتفريط فی تمسكها واهتمامها.

کۆنەکردنەوەی کۆن و تازە بەیەکەوە و زیادەڕەوی و کەم ڕەوی کردن لە دەست پێوە گرتن و گرنگی پێدانیان، کە ئەسڵ وایە ئێمە سود لە پێش خۆمان و ئێستاش وەرگرین و هەردووکیان کۆبکەینەوە و دانەبڕێین لە ئیستا و داهاتوو وشتە

نوێیەکان (واتە لە ئێستادا بژین بە سوود وەرگرتن لەوەی پێش خۆمان و ڕابردوو).

٣٧. عدم الاعتقاد بأن المخطئ فی الاجتهاد - مادام من أهله - معذور ومأجور.

باوەڕ نەبوون بەوەی کە ئەگەر موجتەهید (زانا) یێك هەڵەی کرد لە ئیجتیهاد و ڕەئیەکەی - بەو مەرجەی شیاو و شایستە و پیاوی ئەو مەیدانەبێ - پاداشت وەرگرێت و دەبێت عوزری بۆ بهێنرێتەوە.

٣٨. تأدية الخلاف الفقهی والفروع العقدية إلى التفرقة والبغض والعداوة.

سەرکێشانی جیاوازی - خیلافی فقهی - هەروەها بابەتگەلێکی ناسەرەکی عەقیدەیی بۆ پارچە پارچە بوون و پەرتەوازەیی و ڕق و قینە و دابڕان و دوژمنایەتی و لێکخوێندن.

٣٩. عدم تجريد الدعوة من التعصب الحزبي والشخصي والطائفي و...

بە دوور نەگرتن و دانەماڵین - خاڵی نەکردنی - بانگەواز و کاری ئیسلامی لە دیاردەی دەمارگیری و سەرکێشی مەزهەبی و پێڕگەرایی تەیافەیی و کەسبازی و بەکەسێتی کردنی کارەکان.

٤٠. تصحيح الآخرين ونصحهم فی العلن.

ئامۆگاری و ڕاستکردنەوەی کەسی بەهەڵەداچوو و تاوانبار بە بەرچاوی خەڵکەوە و بە ئاشکرا و ڕەچاونەکردنی مەرجە شەرعیەکان تێیدا.

٤١. المناقشات والحوارات فی العلن.

گفتوگۆکردن لەبەر چاوی خەڵك و بەئاشکرا، چونکە هەموومان دەزانین گفتوگۆکردن لەبەر چاوی خەڵک و بەئاشکرا و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکان وا لە کەسی بەرانبەر ناکات مل بدات بۆ ڕاستی و حەق وە دەبێتە هۆی ڕق و قینە و... .

٤٢. عدم اتخاذ الحوار وسيلة للوصول الى الحق والحقيقه.

بەکارنەهێنانی گفتوگۆ وەک هۆکار و ڕێگایێک بۆ گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەت، چونکە گفتوگۆکردن بە مەرج و ڕێوشوێنی خۆی هۆکارێکی زۆر باشە بۆ ئەم مەبەستە نەک لەیەک خوێندن و دوژمنایەتی و تۆمەتبارکردنی یەکتری لە دووڕەوە وبە پاشە ملە.

٤٣. رفض إمكان تعدد الصواب.

باوەڕنەبوون بە چەندایەتی دەرئەنجامی جۆراوجۆر و دروست و ڕێکانی چەند لایەنە و زیاد لە ڕوویێک و ڕەتکرنەوە و وەلانانی، چونکە زۆر ئاسایی و واقیعییە لەیەک کاتدا چەند شتێکی ڕاست هەبێت, ئەو تێگەیشتنە زۆر هەڵەیە کە پێی وایە لە هەموو شتێکدا دەبێت یەک ڕاستی و حەقیقەت هەبێت ئەویش ئەوەیە کەلای ئەوە.

٤٤. الادعاء بأن المخالف مخطئ دوما (صراحة أو دلالة).

بانگەشە و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ئەوەی کە کەسی بەرانبەر-ئەوانەی کە خاوەنی ڕای جیاوازن - هەمیشە لە هەڵەدان و بەهەڵەدا چوون و لایانداوە (ئەم جۆرە بانگەشەیە جاری وا هەیە بەڕاشکاوی دەکرێت و جاری واش هەیە بە ناڕاشکاوی).

٤٥. عدم التمييز بين الخطأ والخطيئة وبين القصور والتقصير.

جیاوازینەکردن و لێکنەکردنەوەی نێوان هەڵەیەک کە بە نەزانی دەکرێت لەگەڵ هەڵەیەک کە بە زانین و ئاگاییەوە دەکرێت، یان لە نێوان نەبونی توانا و دەستەوەستانی لەگەڵ کەمتەرخەمی گوێ پێنەدانی.

٤٦. عدم الابتعاد عن التعميم الفاسد.

دوورنەکەوتنەوە و خۆبەدوورنەگرتن لە گشتاندن و

ڕەهایی حوکمدان، واتە بەگشتی حوکمدان و قسەکردن و جیانەکردنەوەی

کەس و بابەتەکان لە یەکتری بۆ نموونە بڵیی هەرچی ئەوەیە (.....) خراپە و...

٤٧. عدم التثبت فی النقل والروایة.

لێ نەکۆڵینەوە و پشتڕاست نەکردنەوەی ئەو شتانەی دەگوازرێنەوە و دەگەیێنرێن و بڵاودەکرێنەوە، زوو باوەڕکردن و خۆشباوەڕی، وە بڵاوکردنەوەیان پێش لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون.

٤٨. عدم تبسیط مجملات العقائد والثوابت الدینیة والفکریة والخلقیة والسلوکیة، وعدم تجریدها من التعقیدات وعدم تعمیمها لکل طبقات المجتمع.

پوختەکردن و ئاسانەکردنی بنەما عەقیدەیی و بیر و باوەڕی و بنەما نەگۆرەکانی ئیسلام و بنەما فیکری و خوڕەوشتییەکان و خاڵینەکردن و بە دوورنەگرتنیان لە قورسکردن و بە زەحمەتکردن هەروەها نەگشتاندن و بڵاو نەکردنەوەیان بۆ هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا.

٤٩. عدم إرجاع الأقول والأفعال والمواقف (الفتاوی، الاجتهادات، الآراء) إلی زمانها ومکانها ووقعها، وفهمها فیها.

ڕەچاونەکردن و نەگێڕانەوەی قسە و کار و هەڵوێست (فەتوا، ئیجتیهاد، ڕا و بۆچوون) بۆ ئەو سەردەم و شوێن و بارو دۆخەی کە تێیدا گوتراوە و کراوە، هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا تێنەگەیشتنیان لەژێر ڕۆشنایی ڕەچاوکردنی ئەمانەدا.

٥٠. حمل کلام المخالف علی أسوئه وأقبحه.

لێکدانەوە و شڕۆڤەکردنی قسەی ئەوانەی هاوڕانین لەگەڵت بە ناشیرینترین و بێزراوترین شێواز.

٥١. تفضیل الکم علی الکیف.

بەباش دانان و بڕەودان بە چەندێتی و زۆر و بۆری ژمارە بەسەر چۆنییەتی و

جۆری و باشییێتیدا.

٥٢. عدم التجاهل والتغافل فی بعض الأمور.

بەهەندوەرنەگرتن و گوێدانە هەندێک کار و گوفتار، کە دەشێت چاوپۆشیان لێ بکرێت و، گوێیان پێ نەدرێت، وە خۆکەپرکردن لە پێناو مانەوەی خۆشەویستی و داپۆشینی هەڵە و کەم و کوڕی.

٥٣. عدم التوسط بين الإفراط والتفريط فی فهم البدعة.

نەبوونی هەڵوێستێکی ناوەندگیر و ئەمپەڕ و ئەو پەڕگیری دەربارەی بیدعە.

٥٤. القسوه فی الدعوة بدل الرفق.

توندگیری و توندڕەوی لە کاری بانگەوازیدا لە بری نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی.

٥٥. البقاء على الخطأ بدل الرجوع إلى الحق (بعد ضهوره).

بەردەوامبوون لەسەر هەڵە و پاشگەزنەبوونەوە لێی دوای ڕونبوونەوە و دەرکەوتنی لە بری گەڕانەوە بۆ حەق و ڕاستی با بە زیانی خوشی بشکێتەوە.

٥٦. تجاهل إحسان الآخرين وعدم ذكره.

خۆنەزانکردن لە ئاست چاکەی کەسانی بەرانبەر و باسنەکردنیان تەنها لەبەر ئەوەی جیاوازن لەگەڵیدا.

٥٧. تقديم المصالح الخاصة على العامة.

پێشخستن و باودانی بەرژەوەندی تایبەت و کەسی بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا.

٥٨. تقديم أعمال الجارحة على أعمال القلب.

پێشخستن و باودان بە کاری دەرەکی و ئەندامەکان- ڕوکار-بەسەر کاری دەرون و دڵدا، کە ئەسڵ وایە بەیەکەوە بن.

٥٩. تأثر الدعوة بتغير الظروف تأثرا سلبيا (الظروف السياسية والاقتصادية والاجتماعية).

کاریگەربوونی کاری بانگەوازی و کەوتنە ژیر گۆڕانکاری بارودۆخە نەخودازراوەکان بە چەشنێکی بەزیوانە و ملکەچبوون بۆی و بەدواکەوتنی بارودۆخی (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری).

٦٠. التنافس غير المشروع.

کێبڕکێی ناشەرعیانە و کارکردن لەسەر حیسابی ئەوانی تر.

٦١. إضهار النفس من قبل (العلماء والدعاه والطلاب) على حساب الدعوة.

خۆدەرخستن و خۆسەرخستن لەسەر حیسابی بانگەواز وکار بۆ خودا کردن لە لایەن هەندێ لە (زانایان و بانگخوازان و فێرخوازان و خوێندکارانی زانستی شەرعی).

٦٢. الإعجاب بالنفس من قبل (العلماء والدعاة والطلاب).

سەرسامبوون بە خودەوە و خۆلێ گۆڕان لە لایەن هەندێ لە (مامۆستایان و زانایان و بانگخوازان و قوتابیان).

٦٣. الجمود الفقهى والفكرى.

ڕاوەستاوی و سستی لە بەرەوپێشچوونی فیقهی وفیکریدا.

٦٤. الخرافة فى العقيدة.

ئەفسانەیی و خوڕافیبوون لە بواری عەقیدەدا و پشت بەستن بە شتی بێ بنەما و نازانستی و نامەنطیقی و ناواقعی.

٦٥. المسايرة والمداهنة فى السياسة.

بێ مەبدەئی و خۆ گونجاندنی لادەرانە و دووڕوویی لە بواری سیاسیدا.

٦٦. ترك الساحة السياسية للظالمين والفاجرين والفاسيدن والمفسدين.

چۆڵکردنی گۆڕەپان و بواری سیاسی بۆ ستەمکاران و لاڕێیان و بەدکاران و خراپەکاران.

٦٧. ترك الدعوة مع كل الناس بحسب اختلاف مستوياتهم ومراتبهم وأحوالهم.

وازهێنان لە بانگەواز و گوێنەدان پێی لەگەڵ تەواوی خەڵکیدا بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئاست و پێگە وحاڵیان، کە ئەسڵ وایە بانگەواز لەگەڵ هەموو چین وتوێژەکاندا بکرێت بەڕەچاوکردنی ئاست و پێگە و حاڵیان.

٦٨. عدم الاعتقاد بأن الأحكام و الفتوى تتغير بتغير الزمان والمكان.

بڕوانەبوون بەگۆڕانی فەتوا و حوکمی شەرعی - لە شتە گۆڕاوەکاندا - بە گوێرەی شوێن و کات وسەردەم، چونکە یاسایێکی شەرعی هەیە دەڵێت: نابێ نکۆڵی بکرێت لە گۆڕانی فەتوا و حوکمی شەرعی بە گوێرەی کات و شوێن و بارودۆخەکان.

٦٩. عدم الاعتقاد بأن الاختلاف فى فروع العقيدة طبيعى وواقع.

بڕوانەبوون بە تێڕوانینی جیاواز لە بواڕە لاوەکی و ناسەرەکیەکانی عەقیدە، چونکە هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت و کەسیش پێی لە ئیسلام دەرناچێت.

٧٠. عدم الاعتقاد بأن الإسلام دين شمولي وعمومي (شامل الجميع شؤون الحياة وسلوك الإنسان، وعام للبشرية كلها).

بڕوانەبوون بە هەمەلایەنی و گشتگیری و گشتی بوونی ئیسلام (هەمەلایەنی و گشتگیری بۆ هەموو بواڕەکارنی ژیان و مرۆڤ و مرۆڤایەتی وە گشتی بوونی بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی).

٧١. عدم الاطلاع على المذاهب الفقهية والعقدية والفكرية والسلوكية والسياسية اطلاعا منصفا بدون التعصب (هذا ليس لكل الناس).

نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر مەزهەبە فقهی و عەقیدەیی و فیکریی و سیاسیی و ئەخلاقییەکان وە مامەڵە و تێڕوانینێکی تەندروست و دوور لە دەمارگیری لە گەڵیاندا (هەڵبەتە ئەوە بۆ هەموو کەس نا).

٧٢. عدم الرجوع الى القرآن بفهم صحيح، وعقل سليم، وجسم نشيط وجاد وقائم، وقلب وروح مستقيم ومستقل ومستقر ومطمئن وحاضر ويقظ وقابل للحق.

نەگەڕانەوە بۆ قورئان بە تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست وە بەعەقڵێکی تەواو و تۆکمە و دامەزراو و جەستەیەکی چالاک و لەسەرپێ وەستاو و دڵ و ڕۆحێکی جێگیر و سەربەخۆ و دامەزراو و تێگەیشتوو و ئاگادار و حەق و ڕاستی قەبوڵکەر.

٧٣. الاعتقاد بأن الخطأ فى التأويل والاجتهاد يخرج صاحبه من الدين، ويقطع الموالاة أو ينقصها.

بڕوابوون بە دەرچوون لە دین بەهۆی تەئویل و ئیجتیهادی هەڵەوە، وە پچڕاندن یان کەم کردنەوەی پەیوەندی و دۆستایەتی و لەگەڵ یەکبوون بەم هۆیەوە.

٧٤. عدم توجيه النفس والوجدان والروح والعقل والفكر والغرائز الجسدية توجيها موافقا مع القرآن والسنة والنفس والعقل والجسد.

ئاڕاستەنەکردنی نەفس و ناخ و ڕۆح و عەقڵ و فیکر وغەریزە جستەییەکان بەشێواز و ئاڕاستەکردنێک کە لەگەڵ قورئان و سوننە و نەفس وناخ و ڕۆح و عەقڵ و جستە بێتەوە.

٧٥. عدم فهم الجهاد فهما صحيحا على حقيقته بدون إفراط وتفريط، وحصره فى القتال.

تێنەگەیشتنێکی ڕاست و دروست و هاوسەنگ و دوور لەزیادە ڕەوی وکەم ڕەوی لە تێکۆشان (جیهاد) هەروەها کورت هەڵێنانی لە شەڕ و جەنگ، چونکە جیهاد زۆر جۆری هەیە یەکێکیان جەنگ و شەڕکردنە نەوەک هەمووی.

٧٦. التواني فى العمل على إنقاذ البشرية من الأمراض النفسية والعقدية والفكرية والحركية والسياسية والاقتصادية.

کەمتەرخەمی و خاوەخاوکردن لە هەوڵدانی جیددی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤەیەتی لە نەخۆشییە دەرونی و عەقیدەیی و فیکریی و جوڵانەوەیی و سیاسی و ئابووریەکانی.

٧٧. الاعتقاد بأنْ الدعوة واجبة على الدعاة والعلماء فقط.

بڕوابوون بەوەی کە بانگەوازیکردن و ئامۆژگاریکردن تەنها لەسەر بانگخوازان و مامۆستایانی ئایینی واجب و پێویستە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لەسەر هەموو کەسێک پێویستە بە ئەندازەی توانا و زانیاری خۆی.

٧٨. التقصير فى تقديم الإسلام كمنهج ومشروع متكامل للتطبيق فى السياسة والقانون والحكم والقضاء والاقتصاد والحياة الاجتماعية والفردية (وهذا يحتاج الى صياغة المناهج والمشاريع بحيث تناسب مع الحياة المعاصرة).

کەمتەرخەمیکردن لە پێشکەشکردنی ئیسلام وەکو بەرنامە و پڕۆژە و یاسا و ڕێسا بۆ جێبەجێکردنی لە بواری سیاسی و یاسایی و قەزاوەت و ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، بەڵام ئەمە پێوستی بە داڕشتنەوەی بەرنامە و پڕۆژە هەیە بەشێوەیەک کە لەگەڵ ژیانی سەردەمیدا بگونجێت بەبێ تەنازولکردن لە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام.

٧٩. ادعاء بعض العلماء بأن الصواب معهم فى جميع اجتهاداتهم (صراحة أو دلالة).

بانگەشەکردنی هەندێ لە زانایان و کەسانی شارەزا بەوەی کە ڕاستی تەنها و تەنها لەلای ئەوانە و بەس, ئەوان ڕاست و حەقن، جا ئەم بانگەشەیە یان بەڕاشکاوی دەکرێت یان بەناڕاشکاوی.

٨٠. عدم تقييم و تقويم التراث بميزان مقاصد الشريعة.

هەڵنەسەنگاندن و بەهێزنەکردنی توراس و کەلەپور و میراتی زانایان بە مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة) واتە زۆر کەم ڕەچاوی مەبەستەکانی شەریعەت دەکرێت.

٨١. عدم الاعتدال فی تقييم العلماء والمذاهب والتراث والأفكار والآراء.

کەمی دادپەروەری و ئینساف لە هەڵسەنگاندنی زانایان و ڕێڕەو و مەزهەبەکان و توراس و ئەفکارەکان و بیروڕاکان.

٨٢. الاعتقاد بأن نقد الآراء يعنى الطعن فی أصحابها.

باوەڕبوون بەوەی کە ڕەخنەگرتن لە بیروڕای کەسانێک یەکسانە بە تانە و تەشەردان لە خاوەنەکانیان کە دیارە ئەم دوو شتە زۆر جیاوازن.

٨٣. التعامل المصلحي والانتقائي مع النصوص بدل الالتقائي.

مامەڵەکردنی بەرژەوەندی خوازانە لەگەڵ دەقەکان لە بری ئاوڕدانەوە بۆلای هەموان، زۆرجار ئەو دەقەی کە لە بەرژەوەندییەتی هەڵی دەبژێرێت، ئەوەی کە لە بەرژەوەندی نیە یان پێچەوانەی بیروڕاوی ئەوە وەلای دەنێت.

٨٤. عدم تجنب الصياغة الاعتقادية للخلافات الفرعية.

دورنەکەوتنەوە لە بەعەقیدەیی کردنی جیاوازییە لاوەکییەکان، زۆر جار جیاوازییە لاوەکییەکان بەعەقیدەیی دەکرێن، بۆیە سەرنجامەکەشی تەکفیرە.

٨٥. عدم السعي الكافي لإيقاف الغزو الفكري والنفسي والخلقي والسلوكي و...

هەوڵنەدانی پێویست بۆ وەستاندن و دەرخستنی فێڵ و چەواشەکاری دوژمنان لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و فیکری و فەلسەفەی و ئابووری و دەرونی و...

٨٦. الإفراط والتفريط فی التأويل. وعدم التفريق بينه وبين التحريف.

زیادڕەوەی و کەمڕەوی لە تەئویل کردندا، وە جیاوازی نەکردن لە نێوان تەئویل

و تەحریف و شێواندنا.

٨٧. عدم تصحيح تأريخنا المفترى عليه، والدفاع والحرص على الأخطاء الواقعة فيه.

ڕاستنەکردنەوەی مێژووی بوختان بۆکراو و شێوێندراومان وە بەرگریکردن و سوربوون لەسەر ئەو هەڵانەی کە کراوە تێیدا، چونکە ئەوەی لەسەر ئێمەیە بەرگریکردنە لەڕاستییەکان نەوەک لە هەڵەکان.

٨٨. الاعتقاد بأن الدعوه للاتفاق إلغاء للاختلاف.

باوەڕبوون بەوەی کە بانگەوازی کردن بۆیەک دەنگی و تەبایی و لەگەڵ یەکبوون واتە نەهێشتنی جیاوازی، بەڵام وا نییە، چونکە زۆر ئاساییە لەگەڵ یەکبین و جیاوازیشمان هەبێت، وەک زانایانی پێشینمان.

٨٩. عدم السعي الكافي لإبطال كيد تفريغ الإسلام من مضامينه.

هەوڵنەدانی پێویست بۆ بەتاڵ کردنەوە و ڕەدکردنەوەی فێڵی خاڵی کردنەوەی ئیسلام لە ناوەڕۆک و کڕۆکەکەی، چونکە ئەوان هەوڵ دەدەن ئیسلام ناوەڕۆکی نەبێت و بەس ڕوکەشەکەی بمێنێت، بۆیە زۆر جار دەڵێن: ئیسلام پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤە و بەس.

٩٠. حمل كلام المخالف على أسوئه وأقبحه.

لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی وتەی کەسانی جیاواز و موخالیف بە ناشیرینترین و خراپترین شێوە، کە ئەسڵ وایە هەتا مەجال هەبێت لێکدانەوەی جوان بکەین و حوسنی زەنمان هەبێت.

٩١. ذكر الخلاف الموجود بين العلماء والدعاة والجماعات عند عوام الناس.

باسکردنی جیاوازی نێوان زانایان و بانگخوازان و گروپ و کۆمەڵەکان لە لای خەڵکی عەوام، چونکە ئەوان ناتوانن بەباشی لەو شتانە تێبگەن.

٩٢. التقصير فى الاهتمام بتزكية النفس.

کەمتەرخەمیکردن لە گرینگی دان بە پاکردنەوەی دڵ و دەروون.

٩٣. اللااكتراثية.

گرنگی نەدان و موهتەم نەبوون و بێ موبالاتی بەرانبەر شتە گرنگ و ئەساسی و مەصیرییەکان.

٩٤. قلة التضحية.

کەمی قوربانیدان بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرز و بڵندەکان.

٩٥. اللامقاصدية.

مەبەستداری و ئامانجداری و مەقاسیدی نەبوون.

٩٦. الكبر.

خۆبەگەورەزانی.

٩٧. الخيانة.

ناپاکی و خیانەتکردن.

٩٨. التغافل.

خۆ بێ ئاگا کردن.

٩٩. التكاسل.

خۆ تەمبەڵ کردن.

١٠٠. اليأس.

بێ هیوابوون و بێ ئومێدی.

١٠١. التشاؤم.

ڕەشبینی.

١٠٢. اللاواقعية.

واقیعی نەبوون.

١٠٣. قلة علو الهمة.

نەبوون یان کەمی هیممەت بەرزی.

١٠٤. محاربة العقل والفكر والفلسفة.

دژایەتی کردنی عەقڵ و فیکر و فەلسەفە، لە کاتێکدا ئەوانە باشترین و جوانترین بەخششن ئەگەر لە شوێنی خۆیان بەکار بهێنرێن.

١٠٥. الجهل بالإسلام ومحاسنه.

نە ناسینی ئیسلام و جوانیەکانی وەك خۆی.

١٠٦. عدم التوحيد في الخطاب الديني.

نەبوونی گوتارێکی یەکگرتوو لە گەیاندن و ناساندنی ئایینداا.

١٠٧. إهمال الآباء والأمهات تربيةَ أولادهم وتعليمهم أمور دينهم.

پشتگوێخستنی منداڵ و گەنجەکان لەلایەن دایك و باوکانەوە، وە فێرنەکردن و تێنەگەیاندنیان دەربارەی ئیسلام بە تێگەیاندن و فێرکردنێکی ڕاست و دروست و تەندروست.

١٠٨. فقدان النموذج المثالي العالي و غياب الأسوة الرسالية الرشيدة.

نەمان و نەبوون و کەمبوونەوەی پێشڕەو و نموونە و نموزەجی میسالی و جوان و کەمبوونەوەی قودوە و سیمبولی جوان و بەرز.

١٠٩. السياسة التابعة والذليلة وما ينشأ منها من سياسات تعليمية فاشلةٌ ومادية.

سیاسەتی دۆڕاو و زەلیل و ژێردەستە و شوێن کەوتە و ئەو پەروەردە فاشیل و سەقەت و مادیەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

١١٠. العجز عن الاحتضان الروحي والعلمي والثقافي والفكري والفلسفى للشباب.

بێ توانایی و کەمتەرخەمی موسڵمانان لە لەباوەش گرتنی ڕۆحی و زانستی و ڕۆشنبیری و فیکری و فەلسەفی خەڵك بەتایبەت گەنجەکان.

١١١. عدم البحث عن فلسفة الشريعة ومراعاتها.

نەگەڕان بەدوای فەلسەفەی شەریعە و حیکمەتەکانی و ڕەچانەکردنیان و نادیدەگرتنیان.

هاوسەرگیری

● ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ ● الروم: ٢١

(یەکێك لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایدا و لە نێواندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەوە و تێدەفکرن).

هـاوسـەرگیری :

هاوسەرگیری یەکێکە لە گرینگترین پڕۆسەکانی ژیانی مرۆڤ، وە سوود و فەلسەفەی زۆر زۆری هەیە، لە چەندان ڕووی جیاوازاوە:

١. لە ڕووی بیر و فیکرەوە بەهێزتر و فراوانتر دەبیت.

٢. لە ڕووڕی ڕۆحی و نەفسی و دەرونیەوە ئارامتر و دامەزراوتر دەبیت.

٣. لە ڕووی ئیمانی و تەقواوە قوڵتر و پێ چەقیوتر دەبیت.

٤. لە ڕووی جەستەییەوە سەلامەتتر و ساغتر دەبیت.

٥. لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە تۆکمەتر دەبیت.

٦. لە ڕووی کەسایەتییەوە بەرزتر و شایەنتر دەبیت.

٧. لە ڕووی ئابووری و داراییەوە ڕێکتر و هاوسەنگتر دەبیت.

٨. لە ڕووی خزمایەتی و تێکەڵاوییەوە فراوانتر دەبیت.

کەواتە بەڕاستی هاوسەرگیری هەم بۆ کچ و هەم بۆ کوڕ زەرورەتێکی فیکری و نەفسی جەستەیی و کۆمەڵایەتیە، وە ناکرێت پشتگوێ بخرێت، بە چەندان ئایەت و فەرموودەی لەسەرە.....

پێنج بنەما بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر هەم بۆ کوڕان هەم بۆ کچان :

١. عاقڵ و هۆشیاربێت.

٢. تەبیعەت خۆش بێت.

٣. تەعامول و مامەڵە جوان بێت.

٤. بەڕێز بێت و ڕێز بووبێتە بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو لە ناخ و کەسایەتیدا.

٥. بەتەواوی کەسێکی ئەخلاقی بێت و مانای ئەخلاق بزانێت و سنورکانی ئاگاداربێت و بە هیچ جۆرێك نەیان بەزێنێت.

هەر کەسێك لەسەر ئەم پێنج بنەمایە هاوسەری ژیانی هەڵبژارد هەتا ماوە بەختەوەر دەبێت و دەبێتە عاشقێکی حەقیقی، هەروەك عەلی شەریعەتی دەفەرموێت: بەعاقڵانە هاوسەرگیری بکە تاوەکو بەعاشانە بژیێیت، بەڵام هەر کەسێك لەسەر بنەمای جوانی و دەوڵەمەندی و بڕوانامە و...، هەڵیبژێرێت ئەوا سەرەنجامەکەی ماڵوێرانییە.

لەڕاستیدا ئەوەی جێی داخە جوانی ڕۆخسار و ڕوکەش بووە بە بەربەست و بەتایبەت لای کوڕان زیاترە و زۆرێك لە کوڕان عەقڵیان لە چاویاندایە و بە تەواوی تەسلیمی دڵ و چاویان بوون، بەڵام لەڕاستیدا وا نییە و جەمالی زاهیری شتێکی ئەوتۆ نییە بەڵکو جەمالی باتینی گرینگە.

جوانی (جمال) یان دەرەکی و ڕوکەشە (ظاهري) یان ناوەکی ناخیە (باطني)، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە جوانی مرۆڤە، دیارە ئێمە بە تایبەت وەك بڕوادار بڕوامان وایە کە مرۆڤ مەخلوقی خودای گەورەیە بۆیە هیچ مرۆڤێك ناشیرین نیە، بەڵکو ئەوەی کە مرۆڤ ناشیرینی دەکات بیروباوەڕ و خوڕەوشت و ئەخلاق

و ناخیەتی، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت: (لقد خلقنا الإنسان في أحسن تقويم) واتە بەڕاستی مرۆڤمان لەسەر جوانترین شێوە دروستکردووە، کەواتە ڕەخنەگرتن لە ناشیرینی مرۆڤ ڕەخنە گرتنە لە دروستکارەکەی کە خودای پەروەردگارە، بۆیە ئیمە لێرەدا زۆزۆزۆر بە کورتی بەراوردێك دەکەین لە نێوان ئەو دوو جوانیەدا:

١. جەمالی ظاهری کاتیە، بەڵام جەمالی باطنی هەمیشەییە.

٢. جەمالی ظاهری کاریگەرییکی وای نیە لە واقیعد، بەڵام جەمالی باطنی گەورەترین کاریگەری هەیە.

٣. جەمالی ظاهری زۆر جار توشی سیفەتی زۆر خراپت دەکات، بۆ نموونە تەکەبوور و عوجب، بەڵام جەمالی باطنی غەیری خێر و خۆشی و سیفەتی جوان هیچی تری لێ چاوەڕێ ناکرێت.

٤. جەمالی ظاهری بەختەوەری بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو زۆرجار ناهەمەتیە، بەڵام جەمالی باطنی گەورەترین بەختەوەری لە دوایە، بۆیە بە هەزران کەس لە ژیانی هاوسەریاندا جیادەبنەوە کە ناشیرنیش نین، من هیچ کەسێکم نەبینیوە جیا بووبێتەوەو بڵێت: لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم ناشیرینە بۆیە جیابوومەوە، ئەسڵەن جوانی ڕوخسار دوای چونە ناو پرۆسەی زەواجەوە دەبێتە شتێکی زۆر زۆر لاوەکی و بچوك و ئیعتبارێکی وای نامێنێت ، بەڵکو ئەوەی ئیعتباری دەمێنێت جەمالی باطنیە، بەڵام زۆربەی زۆری کەسەکان بە تایبەت پیاوان لە سەرەتای هەڵبژاردنی هاوسەریان چاو لە جەمالی ڕوخسار دەکەن و کەمترین گرینگیان بە جەمالی باطنیە، ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە من وەك پیاوێك دانی پێدا دەنێم، بۆیەش سەرەنجامی زەواجەکان یەك لەسەر سێیان تەڵاقە، بۆیە زۆر بەداخەوە کە کوڕ و کچێك هاوسەرگیری دەکەن یەکەم شت خەڵك دەڵێت: ئەرێ زاوا جوانترە یان بوك؟؟؟!!!! یان کە ڕسمەکانیان بڵاو دەبنەوە خەڵك هەمووی چاو لە ڕوکار و ڕوخسار و ڕوکەشیان دەکات و دەڵێن: لوتی ئاواو باڵای ئاواو.....، بۆیە سەرەنجامەکەی وا بەکارەسات کۆتایی دێت، کە جەمالی باطني لەبەرچاو ناگیرێت

و جێی سەرنج نیە، دەڵێت: بەس جوان بێت کێشە نیە چۆنە و چۆن نیە، نازانێت دوای هاوسەگیری ئەو جمالە ظاهریە کاریگەری و ئیعتباری نامێنێت، ئەگەر ئیعتباری مابا چۆن دەیان توانی لە پیریدا و لەکاتی چرچ و بوون و تێك چوونی لاشەیان و لە کاتی سوتانی جەستەی یەکێیان لەگەڵ یەکتریدا بژین.

٥. جمالی ظاهری زۆر جار فێڵاوی و فێڵکەرە، بەڵام جمالی باطنی نازانێت فێڵ چیە، بەڵکو لەناوبەری فێڵە و دژیەتی.

٦. جمالی ظاهری دەکرێت بەیەك لەحزە کۆتایی بێت، بۆ نموونە دەم و چاوی بسوتێت، یان....، بەڵام جمالی باطنی بە ئاسانی ناڕوات، مەگەر کەسەکە خۆی دەستبەرداری ببێت.

٧. جمالی ظاهری تا تەمەن بڕوات ئەویش بەرەو پوکانەوە دەڕوات، بەڵام جمالی باطنی تا تەمەن دەڕوات قوڵتر و ناسکتر دەبێت، بە مەرجێ دەستبەرداری نەبێت.

٨. جمالی ظاهری هیچ پەیوەندی بە ئەخلاقەوە نیە، بەڵام جمالی باطنی گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەری و بەردەوام بەهێزی دەکات.

٩. جمالی ظاهری ناتوانێت ژیان بنیات نێت، بەڵکو زۆر جار وێرانی دەکات، بەڵام جمالی باطنی ژیان درووست دەکات و گەشە و بەرەوی پێدەدات.

١٠. جمالی ظاهری ڕێژەیی و نیسبیە، بەدەردی مەحوی دەفەرموێت: جوانی لە چاوی منداید، ڕەنگە لای تۆ زۆر جوان بێت بەڵام لای من نا، بەڵام جمالی باطنی ڕێژەیی نیە و لای هەموان مەقبول و ستایش کراوە.

١١. جمالی ظاهری زۆرجار لێی وەڕەز دەبیت و وازی لێدێنیت، بەڵام جمالی باطنی وەڕەزبوون لێی نیە، بەڵکو ساتێ لێی دورکەوێەوە هەست بە کەمتەرخەمێکی زۆزۆر و خەمێکی قوڵ دەکەی.

١٢. جمالی ظاهری زۆر جار ناخۆشی لە دوایە، بەڵام جمالی باطنی یەك پارچە تام و خۆشیە، ناخۆشیەکانیشی چێژن.

١٣. جەمالی ظاهری کاریگەری نیە بە نسبەت خودای پەروەدگار و خودای گەورە بە هیچ جۆرێك لێی ناڕوانێت، بەڵام جەمالی باطنی جێی تێڕوانینی پەروەردگارە.

١٤. جەمالی ظاهری لە ڕۆژی دواپیدا دادی کەس نادات، بەڵام جەمالی باطنی گەورەترین فریادڕەس و ڕزگارکەری خاوەنەکەیەتی.

١٥. جەمالی ظاهری هێز بەخش نیە، بەڵام جەمالی باطنی هێزبەخش و یەك پارەچە گوڕوتین و هێزە.

١٦. جەمالی ظاهری سەرسام کەری کاتیە، بەڵام جەمالی باطنی سەرسامکەری هەمشەییە، هەیە پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر مردووە، بەڵام هەر جێی سەرنجە و سەردەسوڕێنێت و دڵ دەهەژێنێت.

١٧. جەمالی ظاهری بە ماددە بەدەست دێت، بۆ نموونە: جوانکاری، بەڵام جەمالی باطنی بە ماددە بەدەست نایەت.

١٨. جەمالی ظاهری لازمە، واتە شەخسیە و زاتیە و تایبەتیە و ناگوازرێتەوە بۆ بەرانبەر و ئەوانی تر، بەڵام جەمالی باطنی متعدیە، واتە دەگوازرێتەوە و دەپەڕێتەوە و پڕیشك دەدات بۆ بەرانبەر و دەوروبەر.

١٩. جەمالی ظاهری زۆر جار لەجیاتی نیعمەت دەبێتە نیقمەت، وە دەبێتە بەڵا بۆ خاوەنەکەی، خاوەنەکەی تووشی بەڵایەکی زۆزۆر گەورە دەکات، بە تایبەت ئەوانەی نازانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام جەمالی باطنی یەك پارچە نیعمەتە.

٢٠. بەبێ جەمالی ظاهری ژیان هەر هەیە و بەهادارە و کێشەی نیە، بەڵام بەبێ جەمالی باطنی ژیان هیچ بەهایەکی نامێنێت، بۆیە چەندان ژن و مێرد بەیەکەوە دەژین کە جەمالی ظاهریان پوکاوەتەوە بەهۆی پیری یان نەخۆشی یان کارەسات و ڕوداوێك، بەڵام عیشقەکەیان گڕ دەسێنێت و دەوروبەریش دەسوتێنێت، بەڵام زۆر جار کوڕ و کچێکی گەنج کە جەمالی ظاهریان لە لوتکەدایە بەڵام چونکە جەمالی باطنیان نیە لەیەك جیا دەبنەوە هەرگیز حەز بە دیدەنی یەکتر ناکەن، لەکاتێکدا

ئەوەی کە باسمان کرد کە جمالي ظاهری نەماوە بەڵام عیشقەکەی بۆ مەعشوقەی بڵێسەدەسێنێت و لەگەڵ خۆیدا دەوروبەریش ڕوناك و گەرم دەکاتەوە!!!!!

کەواتە ئەوەی خۆی پێ جوان و قۆزە با سوپاسی پەروەدگار بکات چونکە ئەوە بەخششی ئەوە، دەکرێت لە یەك لەحزە لێی بسەنێتەوە، وە ئەوەشی کە خۆی پێ جوان نیە (کە هەڵەیە چونکە مرۆڤ هەموویان جوانن، ئەوەی ناشیرینیان دەکات بیر و فیکر و ئەخلاق و مامەڵە و کرددار و گوفتار و ناخیانە نەك ڕوکەش و دەرەوەیان) با دڵ لە دڵ نەدات چونکە لەو بیست خاڵەی باسمان کرد جوانی دەرەوە و ڕووکەش شتێك نیە شایەنی باس بێت، بەس حەیف ئەوە ئێمەی مرۆڤی سەتحی و ڕووکەشین وا بیر دەکەینەوە!!!!

بەربەستەکانی بەردەم هاوسەرگیری :

١. نەبوونی بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروست بۆ هاوسەرگیری.

٢. گوێ نەدان و بێ موبالاتی.

٣. داواکاری زۆری کچان.

٤. نەبوونی پیشەیەکی جێگیر.

٥. ترسان لە ڕزق.

٦. نەبوونی تەوەکول و پشت بەستن بە خودا.

٧. نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێز.

٨. بیرکردنەوە لە ژیانێکی خەیاڵی.

٩. گەڕان بە دوای جوانی و دەوڵەمەندی.

١٠. سەرقاڵ بوون بە بەدەستهێنانی بڕوانامە.

١١. لەخۆبایی بوون بەهۆی جوانی و سەروەت و سامان و ناوبانگ و کەسایەتی و بنەماڵە و.... .

١٢. دەست نەکەوتنی ئەو هاوسەرەی کە خۆی دەیەوێ.

١٤. ڕاڕایی و دووڵی.

بنەماکانی ژیانی هاوسەری سەرکەوتوو و بەختەوەر:

١. ڕێزگرتن لە یەکتری.

٢. خۆشەویستی و دەڕبڕینی بۆ یەکتری.

٣. گوێگرتن بۆ یەکتری و تێکگەیشتن لە یەکتری و گفتوگۆکردن.

٤. لێك لە بەهانە نەبوون.

٥. تەنازول و چاوپۆشی.

٦. گرینگی دان بەیەکتری و پڕکردنەوەی پێداویستیە ڕۆحی و دەرونی و جەستەییەکانی یەکتری.

٧. قوربانی دان بۆ یەکتری.

٨. پەیوەست بوون و هۆگر بوون بە یەکتری و دوورنەکەوتنەوە لە یەکتری.

٩. مامەڵە و تەعاملی جوان و نەرم.

١٠. پاراستنی متمانە و ڕاستگۆیی.

١١. هەر ڕەخنەیەك هەبوو ڕاستەوخۆ بە یەکتری بڵێن و بە پاشەملە باسی نەکەن و بە شێوازێکی جوان بە یەکتری بڵێن و بە سنگێکی فراوان لە یەکتری وەر بگرن.

١٢. نەهێشتنەوەی گرێی دەروونی بەرانبەر بە یەکتری، زۆر جار هاوسەران گرێیکی بچوك لە دڵیاندا دروست دەبێت بەرانبەر بە یەکتری، لە کاتێکدا شتەکە زۆر بچووکە، زۆر جار شایەنی باسکردنیش نیە، زۆر جار هەربوونی نیە، هەروەك وەسوەسەیەکی شەیتانی وەهایە دەیەوێت لە یەکیان بترازێنێت، دەبێت زۆر ئاگاداربن و نەکەونە ژێر ئەو کاریگەرییە خراپە و بە زووترین کات دروونیان ساف بکەن.

۱۳. نەبوونی هەستی زاڵبون بەسەر یەکتریدا، زۆرێك لە هاوسەران ژیانی هاوسەری بە صیراع و مللملانێ تێگەیشتوون بەردەوام خەریکی ئەوەن کێ بەسەر کێدا زاڵ ببێت.

١٤. ناسینی جۆری کەسایەتی یەکتر و مامەڵەکردن بە پێی جۆری کەساتیەکەی، هەرکەسێ جۆری کەسایەتی هاوسەرەکەی نەزانێت و لەناخ و فیکری تێنەگات سەرُکەوتوو نابێت.

پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەنێوان عەقڵ و قورئاندا

●﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾ ● الأنبياء: ١٠٧

((ئەی موحەممەد (ﷺ)) ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەك و پەری و... هتد).

پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە نێوان عەقڵ و قورئاندا :

هەم عەقڵ و هەم قورئان پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەسەلمێنن، ئێمە لێرەدا زۆر بەکورتی چەند بەڵگەیەکی عەقڵی و قورئانی دەخەینەڕوو:

١- مژدەدانی کتێبە ئاسمانییەکانی پێش پێغەمبەر (ﷺ) بەهاتنی کەسێك بەو ناوەوە و بەو شێوەیە.....

٢- موعجزاتی پێغەمبەر (ﷺ)، بۆ نموونە: لەت بوونی مانگ، ئیسرا و میعراج، هەڵقوڵانی ئاو لە نێوان پەنجەکانی، زۆر کردنی خواردنێکی زۆر کەم، گریانی دار خورما لەبەر خاتری ئەو.....

٣- ڕاستگۆییەکەی، ڕاستگۆیی پێغەمبەر (ﷺ) کەس نییە نکۆڵی لێ بکات، هەتا دووژمنەکانیشی دان بەوەدا دەنێن کە بە مانای وشە ڕاستگۆ بووە و هەرگیزا و هەرگیز درۆیەکی لێ نەبیستراوە.

٤- ڕەوشتبەرزی، ڕەوشت بەرزی پێغەمبەر (ﷺ)شتێکە دوژمنەکانیشی نکۆڵی لێناکەن، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت: (وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ) القلم (٤)، واتا: بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشتێکی زۆر زۆر بەرزیت.

٥- وەڵامی حازر و ئامادە بۆ هەموو پرسیارەکان، سەرەڕای نەخوێندەواریەکەی،

باشە دەکرێت کەسێك نەخوێندەوار و شوان ڕۆژێ لە ئیش و کار بێت و شەو ماندووبێت، بەڵام وەڵامی حازر و ئامادەی پێ بێت بۆ هەموو پرسیارەکان؟!

٦- نەقۆزتنەوەی خۆزاڵکردن و خۆ بەرزکردنەوە و خۆ بە خودا کردن لە ناو خەڵکدا، خۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەیتوانی ئەو هەل و مەرجە بقۆزێتەوە و خۆی بسەپێنێت لە جیاتی ئایینەکەی، بەڵام ئایا وای کرد؟! هەر کەسێ غەیری پێغەمبەر (ﷺ) ئەو هەل و مەرجەی بۆ ڕەخسا بایە وای دەرکرد، بەڵام چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نێردراوی خودایە ناکرێت وا بکات.

٧- تەحەداکردنی هەموو خەڵك، باشە کەسێکی نەخوێندەواری شوان ئەگەر لەلایەن خوداوە نەنێردرابێت چۆن دەتوانێت تەحەددای هەموو جیهان بە تایبەت عەرەب بکات؟ تەحەداکردن لە شتێکدا کە ئیختصاصی خۆیان بوو کە ڕەوانبێژی (بلاغة) بووە، بەڵام هەرگیزا و هەرگیز نەیانتوانی یەك ئایەتیش وەکو قورئان بێنن.

٨- پارێزرانی پێغەمبەر (ﷺ) لەو هەموو دژایەتی کردن و پیلان ڕێژییەی بۆی کرا، وە دەربازبوونی لە هەموو هەوڵەکانی تیرۆکردن و لەناوبردنی، کە دیارە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی خودای گەورە، ئەگەر نا پێغەمبەر (ﷺ) بەرگرییەکی وای نەبووە.

٩- نەبوونی بەرژەوەندی کەسێتی و شەخسی و بنەماڵەیی، کە هەموو ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بگەڕێی بەرژەوەندییەکی کەسی نابینیتەوە لە ژیانی خۆی و دوای مردنیشی.

١٠- بە بنەماڵەیی نەکردن و بە میرات نەکردنی پێغەمبەرایەتی، باشە خۆ ئەگەر پێغەمبەرایەتی شتێکی کەسی و خودی بووایە واتا خودایی نەبووایە، ئەوا پێغەمبەر (ﷺ) دەیتوانی بە میرات بیگوازێتەوە و بۆ دوای خۆی، بەڵام ئایا وای کرد؟!

١١- هەواڵدانی بە شتی غەیب و پەنهان، بۆ نموونە هەواڵی داوە بەوەی کە دوای چەند ساڵێك شەڕێك لە نێوان ڕۆم و فارسدا ڕووەدات و ڕۆمەکان سەردەکەون

بەسەر فارسەکاندا، کە دیارە دەقا و دەق قسەکەی هاتە جێ.

یان بۆ نموونە هەواڵی داوە کە کەس ناتوانێت بیکوژێت. (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ ﴿٦٧﴾)المائدە (٦٧).

یان هەواڵی ئەوەی داوە کە قورئان دەپارێزرێت بۆ هەتاهەتایی (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾)(الحجر (٩).

یان هەواڵی ئەوەی داوە کە کەس ناتوانێت ئەو ئایینە تێك بشکێنێت و هەر دەمێنێت (أُولَٰئِكَ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ فَإِنْ يَكْفُرْ بِهَا هَٰؤُلَاءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَيْسُوا بِهَا بِكَافِرِينَ ﴿٨٩﴾) الانعام (٨٩).

کەواتە کێ ئەو هەواڵانەی بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دا؟

١٢- پتەوی تەشریعی ئیسلام، کە بەڕاستی سەیرە تەشریعێك (١٤٤٠) ساڵە هاتووە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ نوێتر و زیندووترە، ئایا کەسێکی نەخوێندەواری شوان دەتوانێت تەشریعێکی وا دابنێت کە بۆ هەموو سەردەم و کەس وکات و شوێن کۆمەڵگا و زانا و نەزان وهەژار و دەوڵەمەند و.... بێت؟!

کەواتە ئەگەر خودایەك پێی نەوتبێت چۆن دەیزانی؟

١٣- یەکخستنی ناو ماڵ و دڵی عەرەب، ئایا کەسێك بەو نەخوێندەواری بێ دەستەڵاتییەوە دەتوانێت ئەو کارە بکات ئەگەر پشتیوانی خودایی نەبێت؟

١٤- وەرگیرانی هەموو دوعا و نزاکانی، ئەگەر خودایەك نەبێت وەڵامی نزاکانی دابێتەوە ڕاستەوخۆ، ئەی کێ وەڵامی داوەتەوە؟!

١٥- نەخوێندەوارێك جیهان فێر دەکات، ئایا دەچێتە عەقڵەوە کەسێکی نەخوێندەواری شوان، کە غەیری عەرەبیش هیچ زمانێکی تری نەزانیوە، هەروەها ڕۆژێك لە قوتابخانە و زانکۆدا نەیخوێندووە، بەڵام بێتە مامۆستا و فێرکار و پەروەردەکاری

هەموو جیهان و ماموّستاکان و زاناکان که جیهان و زانایان و فەیلەسوفان خوّیان به قەرزداری ئەو بزانن؟! کەواته دەبێت خودایەك هەبووبێت که ئەویشی فێرکردبێت.

١٦- پەرستش و عیبادەتکردن له نهێنی و دوور له خەڵك، ئایا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) درۆی کردبا لەلایەن خودای گەورە نەیدرایە، چۆن به نهێنی و به نیوەی شەو هەڵدەستایەوە بۆ عیبادەتکردن؟ خۆ ئەوکات دەیتوانی وانەکات، چونکه خەڵکی ئاگایان لێ نەبووە، دەکرێت به بێ بوونی خودایەك هەمو شەوێك هەڵسابێتەوە بۆ موناجات کردن لەگەڵیدا؟!

١٧- چۆن دەکرێت کەسێکی نەخوێندەوار و شوان ئایینێك بهێنێت که:

گشتی بۆ هەموو کەس و کات و شوێن و جیهان.

گشتگیر بۆ هەموو بوارەکانی ژیان.

واقیعی و گونجا و بۆ هەموو باردۆخ و ژینگه و شوێن و کاتەکان.

میانڕهو و دوور له زیادەڕەوی و کەمڕەوی.

ڕوون و ئاشکرا و بێ گرێ و گۆڵ.

کۆکەرەوەی نەگۆڕەکان و گۆڕاوەکانی سەردەمەکان.

مرۆڤدۆست و گونجاوی تەواوی لەگەڵ مرۆڤدا.

کەواته ئەگەر خودایەك نەبێت ئەو پەیامەی ناردبێت، چۆن کەسێکی نەخوێندەواری وا دەتوانێت کاری وا بکات؟

١٨- داواکردنی شتی قورس له خەڵکی، وەك: جیهاد، نوێژ، ڕۆژوو، حەج، زەکات..... ئایا کەسێك لەلایەن خوداوە نە نێردرابێت ئەو داوایە قورسانە دەکات که له بەرژەوەندی خۆی نیە؟! چونکه هەتا داوای شتی ئاسان بکات باشترە بۆ وەڵامدانەوە و بەدواکەوتنی، عادەتی خەڵك وایە به دوای شتی سوك و ئاسان دەکەون تاوەکو شتی قورس.

١٠- بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خۆی پەیوەست کرد بە شتانێك کە بێ پێویستە لەو شتانە، وەك شەو نوێژی بەردەوام، ئایا دەکرێت کەسێك لە خۆوە خۆی تووشی ئەو هەموو قورسیە بکات، بە بێ ئەوەی پێویستی پێی هەبێت؟!

٢٠- یەکبوونی لەگەڵ پەیامی هەموو پێغەمبەران و تێك نەگیرانی لەگەڵیاندا، کە دەبینین ئەو پەیامەی کە پێغەمبەر هێناویەتی تەواو تەواو یەکا و یەکە و هەماهەنگە لەگەڵ پەیامی هەموو پێغەمبەران (علیهم السلام)، کەواتە دیارە سەرچاوەکەیان یەك کەسە کە خودای گەورەیە.

٢١- پاڵپشتی کردن و ستایشکردن و مەدح کردنی هەموو پێغەمبەران (علیهم السلام) لەلایەن پێغەمبەرەوە, ئایا ئەگەر سەرچاوەکەیان یەکێك نەبێت چۆن شتی وا دەبێت؟!

٢٢- زانیاری هەبوونی تەواو دەربارەی پێغەمبەرانی پێش خۆی، ئایا ئەگەرهەمان ئەو کەسەی کە ئەو پێغەمبەرانەی ناردووە (علیهم السلام) ئەو پێغەمبەرەشی نەناردبێت، چۆن ئەو زانیاریە تەواو و دەقیقەی دەبێت لەسەر ئەو پێغەمبەرانە؟!

٢٣- پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر و نەخوێندەوارییەکەیی و موعجیزەکانی شتێکی موتەواتیرن، کە کەس نکۆڵیان لێناکات، هەتا دوژمنەکانیش، ئەگەر خۆیان لە گێلی نەدەن نەچنە سەر مەزهەبی نکۆڵی کردن بەبێ بەڵگە.

کەواتە لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی خودی و ناوخۆیی نەبووە، بەڵکو شتێکی دەرەکی خودایی بووە، کە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) سەلما، ئەوە بەدڵنیاییەوە خودایەتی خودا و بوونی خوداش دەسەلمێنێت.....

٢٤. دواکەوتنی وەڵام، زۆر جار وەڵامەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دواکەوتووە، کەواتە ئەگەر پێغەمبەرایەتی شتێکی خودی با نەدەبوایە ڕاوەستابا، بۆ نموونە:

١. دواکەوتنی وەحی لە ڕوداوی (ئیفك) (بوختتان کردن بە عائیشە) مانگێك چاوەڕوانی کرد و هیچ وەڵامیکی لانەبوو، دوای مانگێك ئایەتی بەری بوون و

پاکی عائیشە دابەزی.

٢. دواکەوتنی وەحی لە گۆڕانی قیبلە.

٣. دواکەوتنی وەحی لە وەڵامی بێ باوەڕەکانی قوڕەیش دەربارەی (ڕۆح).

٤. دواکەوتنی وەحی لە ڕونکردنەوەی ئایەتی موجمەل، بۆ نموونە: (وإن تبدوا مافي أنفسكم أوتخفوه يحاسبكم الله).

٥. دواکەوتنی وەحی لە بەسەرهاتی (المجادلة).

٢٥. لێخۆشبوون، لە چەندان ئایەت باسی لێخشبوون لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکات:

(لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا) الفتح (٢).

(عَفَا اللَّهُ عَنْكَ لِمَ أَذِنْتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ) التوبة (٤٣).

هەندێ ئایەتی تر کە ڕەخنە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەگرێ:

(مَاكَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَىٰ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾)(التوبة ١١٣) واتا: نەدەبوو پێغەمبەر و باوەڕداران داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ موشریکەکان، ئەگەرچی ئەو موشریکانە خزمیشیان بن.

وە دەفەرموێت: (مَاكَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾) (الأنفال ٦٧). واتا: هیچ پێغەمبەرێك بۆی نییە دیل ڕابگرێ تا ئەوکاتەی بە تەواوی بە جەنگ زاڵ دەبێت بەسەر موشریکەکانی سەر زەویدا.

(وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ) التوبة (٨٤).

(يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) (١).

٢٦. قورئان خۆی گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ).....

بە هیچ جۆرێك ناکرێت و نابێت و ناگونجێ، قورئان قسەی مرۆڤ بێت هەرچەند ئاستی زانستی و فیکری بەرز بێت، هەرچەندە خوێندەوار و بیرمەندبێت, هەرچەند لە ژینگەیەکی فوول فوول زانستی و فیکری پەروەردە بووبێت، چ جای قسەی کەسێکی نەخوێندەواری وەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) بێت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیخوێندووە و مامۆستا و پەروەردەکارێکی نەبووە و لە ژینگەیەکی دەشتەکی و نەخوێندەوار پەروەردە بووە، وە خەریکی کەسابەت و شوانیەتی بووە، ئێمە لێرەدا خودانە خوداستە مەبەستمان ئەوە نییە کە بڵێین پێغەمبەر (ﷺ) نەزان و نەفام بووە - نستغفرالله – بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە کەسێکی نەخوێندەوار بووە و هیچ مامۆستا و پەروەردەکارێکی نەبووە غەیری خودای گەورە، کەواتە تاکە مامۆستای پێغەمبەر (ﷺ) خودای گەورەیە - سبحانه وتعالی -. کەواتە زانایی و گەورەیی و فەزڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕێتەوە بۆ قورئان و هەڵبژێردرانی لەلایەن خودای گەورەوە، ئەگەرنا ئەگەر ئەو دوو شتەی لێدا بماڵرێ – قورئان (وەحی)، پێغەمبەرایەتی _ ئەوا ئەویش وەك هەر کەسێکی تر دەبێتە کەسێکی ئاسایی و مرۆڤێکی سروشتی وەك مرۆڤەکانی تر.

چۆن بزانین قورئان قسەی خودایە؟!

وەڵام:

١- پێغەمبەر (ﷺ) خۆی دان بەوەدا دەنێت کە قورئان پەیام و قسەی خودای گەورەیە و خۆی دان بەوەدا دەنێت کە ئەو تەنها گەیەنەری پەیامی خودایە و بەس، ئیتر نە وەکیلی خودایە و نە خودایە و نە سێبەری خوداشە، بەڵکو مرۆڤێکە وەك هەموو مرۆڤەکانی تر، ئەوەتا خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ ﴿١٩٥﴾ وَإِنَّهُ لَفِي زُبُرِ الْأَوَّلِينَ ﴿١٩٦﴾﴾ (١٩٢ - ١٩٦)، واتا: بەڕاستی ئەو قورئانە لەلایەن خودای پەروەردگاری جیهانەکانەوە پەوانەکراوە، جبرەئیلیش دایبەزاندووە.

وە دەفەرمەوێت: ﴿قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعًا مِنَ الرُّسُلِ وَمَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِي وَلَا بِكُمْ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ وَمَا أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ ﴿٩﴾﴾ (الأحقاف (٩)) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ: کە من یەکەم پێغەمبەر و تازە پەیدابوو نیم، ناشزانم چیم بەسەر دێت، چیش بەسەر ئێوە دێ، من تەنها شوێنی ئەو وەحیە دەکەوم کە بۆم دێت.

هەروەها دەفەرمەوێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا ﴿١١٠﴾﴾ (الكهلف (١١٠) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ: بە ڕاستی من تەنها مرۆڤێکم وەك ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحیم بۆ دێت...

هەروەها دەفەرمەوێت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾﴾ (البقرە (٢٨٥)) واتا: پێغەمبەر (ﷺ)

ئیمانی هێنا بەوەی بۆی دابەزێنراوە لەلایەن پەروەردگارییەوە.....،کەواتە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نالێ هی خۆمە و دەڵێ هی خودایە.

هەروەها دەفەرمەوێت: (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ ﴿٦٧﴾) (المائدة (٦٧)) واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بگەیەنە کە بۆت دابەزیوە لەلایەن پەروەردگارەوە....

هەروەها دەفەرمەوێت: (مَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴿٩٩﴾) (المائدة (٩٩)) واتا: ئەوەی لەسەر پێغەمبەرە (ﷺ) تەنها گەیاندنی قورئانە..

٢- عەرەب بەو هەموو رەوانبێژی و بەلاغەتەوە نەیانتوانی هاوشێوەی قورئان بهێنن، ئەگەر قورئان قسەی مرۆڤە بۆ نەیان دەتوانی؟!

ئەوەتا خودای گەورە تەحەددایان دەکات:

(وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾) البرقه (٢٣)

(أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿٣٨﴾)یونس (٣٨)

(أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿١٣﴾)هود (١٣)

(أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُ بَلْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾) (الطور ٣٣)

کەواتە قورئان داوایان لێ دەکات:

یەکەم: وێنەی قورئان بهێنن.

دووەم: دە سورەت بهێنن.

سێیەم: سورەتێك بهێنن.

کە نەیانتوانی و ناشتوانن، کەواتە ناکرێت قسەی مرۆڤێکی ئاسایی بێت.

٣- هیچ عەقڵێك ئەوە قبوڵ ناکات کەسێك جوانترین و باشترین و ناوازەترین بەرهەمی (فیکری) خۆی بداتە پاڵ کەسێکی تر، لە کاتێکدا هیچ ڕیگرییەکیش نەبێت، ئایا شتی وا دەبێت؟!

بە پێچەوانەوە زۆرێك لە خەڵکی شتی ئەوڵا دەدزن و دەیکەن بە قسەی خۆیان و خۆیانی پێ بەناوبانگ و دەوڵەمەند دەکەن و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاری دەهێنن.

بەڵام لێرەدا هەندێك دەڵێن: بۆ پێغەمبەر (ﷺ) پاڵی داوە بۆ لای خودا، بۆ ئەوەی وەرگیراو بێت و بەزوویی پێی سەرسام و ملکەچ بین و بە پیرۆز سەیری بکەن، ئێمە بەو شێوەیە وەڵامی دەدەینەوە:

أ- پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز درۆی لێنەبیستراوە، بە شاهێدی دوژمنانیش.

ب- پێغەمبەر (ﷺ) هەموو قسەکانی پاڵ نەداوە بۆ لای خودا، بەڵکو سێ جۆر قسەی هەبووە:

(قورئان) کە کەلامی خودایە.

(فەرموودە) کە قسەی خۆیەتی, بەڵام زۆربەیان لەلایەن خوداوە پێی وتراوە.

(فەرموودەی قودسی) کە واتاکەی هی خودایە و وتەکە هی پێغەمبەرە (ﷺ).

باشە کەوایە بۆ هەموویانی پاڵنەدایە لای خودای گەورە؟!

ت- ئەو قورئانە لە هەموو ڕووەکانەوە (عەقیدەیی و فیکری و تەشریعی و...هتد) لە ئاستێکی زۆر بەرز دایە، کە ناکرێ قسەی کەسێکی نەخوێندەوار بێت کە لە شوێنێکی دوور لە زانست و خوێندەواری شارستانی و.....ژیاوە.

ج- ئەو قورئانە هەواڵی زۆر زۆر تێدایە، بە نیسبەت ڕابردووی پێغەمبەر و داهاتووی ئەو، کە هەموویان بەڕاست گەڕاون.

ح- ئەو قورئانە سەرزەنشتی پێغەمبەری کردووە ئەوەتا دەفەرموێت: (عَبَسَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١﴾ أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّىٰ ﴿٣﴾)(عبس ١،٢،٣)، واتا: ڕووی گرژ و مۆن کرد.....

خ- ئەو قورئانە هەڕەشەی تێدایە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەتا دەفەرموزێت: (وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ ﴿٤٦﴾)(الحاقه ٤٦،٤٥،٤٤).

واتا: ئەگەر محمد (ﷺ) هەندێ قسەی بەدەم ئێمەوە هەڵبەستایە، ئەوا بەهێز و دەستەڵاتی خۆمان دەمانگرت و زەلیل و سەر شورمان دەکرد و لە پاشاندا ڕەگی دڵی دەپچڕێنین و دەیمرێنین.

د- ئەوەتا قورئانە ڕەخنەی لە پێغەمبەر (ﷺ) گرتووە، ئەوەتا دەفەرموێت: (مَا كَانَ لِ لنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَىٰ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَ هُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ (التوبة ١١٣) واتا: نەدەبوو پێغەمبەر (ﷺ) و باوەڕداران داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ موشریکەکان، ئەگەرچی ئەو موشریکانە خزمیشیان بن.

وە دەفەرموێت: (مَاكَانَ لنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُو نَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾) (الأنفال ٦٧). واتا: هیچ پێغەمبەرێك (ﷺ) بۆی نییە دیل ڕابگرێ تا ئەو کاتەی بە تەواوی بە جەنگ زاڵ دەبێت بەسەر موشریکەکانی سەر زەویدا.

٤- بابەتەکانی ئەو قورئانە بەو ڕێکی و جوانی و گونجاوییە ناکرێت کەلامی مرۆڤ بێت، چونکە بە شێوەیەکی گشتی قورئان چوار جۆر بابەت باس دەکات:

أ- بنەما زانستە دینی و مرۆییەکان، وەك: (عەقیدە، بیروباوەڕ و فیکر، زانستە یاساییەکان، زانستەکانی وەك: فیزیا و فەلەك و پزیشك و جیۆلۆجی و....) و زانستە کۆمەڵایەتیەکان و فەلسەفە و.....).

ب- ئیعجازی زانستی (فیزیا، فەلەك، پزیشکی.....) و (بەلاغی) و (زمانەوانی) و (تەشریعی) و (ژمارەیی) و.....

ت- بابەتە مێژوویییەکان (هەواڵی پێغەمبەران و گەلا و شارستانیەتەکانی پێشوو).

ج- هەواڵدان بە ئایندە (هەواڵی ڕووداوەکانی داهاتوو).

کە بە ڕاستی هەر یەکیك لەوانە لە کەسێکی نەخوێندەوار کە لە ژینگەیەکی نەخوێندەوار و دوا کەوتوودا ژیاوە ناوەشێتەوە هەرگیزا و هەرگیز.

٥- پێغەمبەر وەك ڕاڤەکارێك و موفەسیرێك مامەڵەی کردووە هەموو کاتێك نەك وەك دانەری قورئان، هەروەك خودای گەورەش دەفەرمەوێت: (بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾) (النحل(٤٤)، واتا: قورئانمان دابەزاندووە بۆ تۆ تاوەکو بۆ خەڵکی ڕوون بکەیەوە کەواتە لێرەوە پێغەمبەر ئەرکەکەی دیاریکراوە و پێی وتراوە کە تۆ گەیەنەر و ڕاڤەکاری قورئانی نەك دانەری قورئان.

٦- هەندێ جار پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕاوەستاوە لە ڕاڤەکردنی ناوەڕۆکی ئایەتەکە و مەبەستەکەی، هەتاوەکو ئایەتی تر دابەزیوە.

ئەگەر هی خۆی بووایە بۆچی دەوەستا؟

٧- دابەزینی قورئان لە کاتی جیاوازدا، کە پێغەمبەر (ﷺ) هیچ ویست و ئیختیارێکی نەبووە، بۆ نموونە جاری وا هەبووە لە خەودا هاتووە، یان لەسەر وشتر، یان کاتێ کە لەگەڵ هاوەڵانی دانیشتووە، هەتا زۆر جار توشی بارقورسیەکی زۆر دەبوو، وە ئارەقەیەکی زۆری دەکرد و نارەحەت دەبوو، باشە ئەگەر قسەکە هی خۆی بێت بۆ دەبێ بەو شێوەیە بێت؟!

٨- مرۆڤ عادەتەن کوڕی ژینگەکەی خۆیەتی لەو ڕۆشنبیریەی کە دەیبینێت و لەو واقیعەی بەرچاوی دەکەوێت، بۆیە پێویستە پێغەمبەر (ﷺ) قسە بکات بەو

شێوەی کە بینیویەتی و بیستوویەتی لەو میراتە جاهیلەی کە لەو کاتەدا هەبووە لە هۆنراوە و چیرۆك و شەڕ و جەنگ....

بەڵام ئایا پەیامی پێغەمبەری خودا (ﷺ) وا بووە؟!

ئایا کە هات دریژەپێدەری ئەوە بوو کە لە سەردەمی خۆیدا هەبوو، یان ئەوەی کە هەبوو و چاکسازی تێداکرد و گۆڕی؟

هەموو کەسێك شێوازێك نووسین و قسەکردنی هەیە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) سێ جۆر قسە و نووسینی هەبووە، (قورئان، فەرمودەی خۆی، فەرمودەی قودسی).

٩- قورئان ئەگەر قسەی مرۆڤ بووایە دەبوو دەستکاری کرابایە و تێکدرابایە، بەڵام ئایا قورئان دەستکاری کراوە، ئەوەتا قورئان دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾﴾(الحجر (٩) کەواتە خودی ئەو وەعدە بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە قورئان کەلامی خودایە - سبحانە وتعالی -.

کەواتە هەم عەقڵ و هەم وەحی (قورئان) پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری (ﷺ) سەلماند.

مافی ژن و پیاو

●﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴾ ● البقرة: ٢٢٨

(ژنان مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بە وێنەی ئەو مافانەی کە بۆ پیاوانە لەسەر ژنان بە گوێرەی باو و نەریتێك کە پەسەندە لە ئیسلامدا).

پوختەی ماف و ڕێز و پێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا :

١. پێش ئەوەی لەدایك بێت نابێت باوکی پێی ناخۆش بێت کە کچی ببێت.

٢. کە لەدایك بوو دەبێت باوك و دایك و خزمەکان پێیان خۆش بێت، نابێت بە هیچ جۆرێك ناڕەزایی دەربڕن و پێیان ناخۆش بێت.

٣. دەبێت شانازی پێوە بکرێت وەك کوڕ، وە باوك و...، شەرمیان پێی نەبێت، هەروەك چۆن شەرمیان بە کوڕ نیە.

٤. دوایی دەبێ ناوێکی جوان و خۆشی لێ بنرێت، کە لە داهاتوودا شەرمی بەناوەکەی خۆیەوە نەبێت.

٥. وا سوننەتە هۆزەبانە، عەقیقەی بۆ بکرێت، واتە حەیوانێکی بۆ بکوژرێتەوە ، جا یان گۆشتەکەی دابەش بکرێت، یان دەعوەتێك ساز بکرێت و خەڵکی بۆ بانگ بکرێت، کە دیارە ئەوە گەورەترین شانازی و خۆش حاڵی و ڕاگەیاندنی کچ لە دایك بوونە.

بەڵام وەختی خۆی کچ زیندە بەچاڵ دەکرا و باوکی نەیدەزانی لە شەرمان چی بکات.

وەك خودای گەورە دەفەرموێ: (وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ). النحل: (٥٨).

واتە: خۆ ئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە یەکێك لەو نەفامانە، ڕووی گرژ و تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە..

٦. پەروەدەیەکی جوان و باش و ڕێك پێك بکرێت، کە لە داهاتوو کەسێکی باش و چاك و ئەخلاق جوان دەربچێت، چونکە ئەگەر پەروەردەیەکی جوان نەکرێت ئەوا لە جیاتی ئەوەی ببێتە نیعمەت دەبێتە نیقمەت بۆ خۆی و دەوروبەری.

٧. باوکی و خزمانی دەبێت هەموو مەسروفات و خەرجیەکانی بکێشن و نەهێڵن ئاتاجی هیچ شتێك ببێت، هەتا ئەوکاتەی شو دەکات ، ئەوکات ئەوشتانە هەموو واجب دەبن لەسەر مێردەکەی.

تخودا هیچ بەرنامە و یاسایێك ئەو مافە دەدات؟!!!

٨. مافی کچ کە بە تەواوی و بە دادگەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەوەی بۆ کۆڕ دەکرێت، ئەگەر پێوستی بوو بۆ کچەکەش بیکەن و ڕۆژێك لە ڕۆژان شتێك نەکەن ئەو دادگەرییە لە کەدار بکەن، یان ئەو کچە هەست بە نا دادگەری بکات.

٩. مافی خوێندن و وەرگرتنی زانست و زانیاری و چون بۆ قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگا، بەڵام بەڕاستی دەبێت بە پەروردە و فیکر و ئەخلاخی جوانەوە بنێردرێت، نەوەك دوایی لەولایرا بێتەوە هەمووی لەدەستدابن.

١٠. ئافرەت مافی تەواوی هەیە لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی، بە مەرجێ کوڕەکەش باش و چاك و بە خلاق بێت.

١١. ئافرەت مافی خۆیەتی ئەگەر کەسێکی هاوشان و بەدین هات بۆ داوای ، بەڵام باوکی و خزمەکانی بەبێ هیچ بەڵگە و بیانوێك ڕەتیان کردەوە، مافی خۆیەتی داوایەك ئاڕاستەی مەحکەمە بکات و قازی لەو کوڕەی مارە بکات، هەرچەند ئەوانیش ڕازی نەبن، بەڵام دەبێت ڕەچاوی بارودۆخ و ژینگە و عورف و عادەت بکرێت، چونکە زۆربەی کۆمەڵگەکان ڕێگە بەمە نادەن، بۆیە دەبێت کچەکەش ڕەچاوی بارودۆخ بکات، چونکە وایە ئەوە مافێکە شەرع داویەتێ، بەڵام ئەگەر

کۆمەڵگە ڕێی نەدا دەبێت ئەویش ڕەچاوی ئەوە بکات و شتەکان بە لێك تێگەیشتن چارەسەر بکات، چونکە دوایی ڕەنگە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

١٢. ئافرەت مافی خۆیەتی خۆی عەرزبکات بۆ پیاوێکی باش و چاك، کە دەزانێت بەتەمای هاوسەرگیرییە، بەو مەرجەی پیاوەکە ئیستغلالی نەکات، کچکەش دەبێت عاقڵ بێت، خۆی سوك نەکات و خۆی بۆ هەموو کەسێك عەرز نەکات.

١٣. ئافرەت مافی خۆیەتی داخودازی پیاوێك بکات و داوای هاوسەر گیری لێبکات، بەو مەرجەی ئیستغلال نەکرێ و بە خراپ و زەرەر و زیان بەسەریدا نەشکێتەوە، هەروەها پیاوەکەش پیاوی چاك بێت و متمانە پێکراو بێت، دوایش سەر نەکێشێت بۆ پەیوەندی ناشەرعی.

١٤. ئافرەت مافی خۆیەتی ئەو پیاوە ڕەت کاتەوە کە باوکی یان خزمەکانی بۆیان دیاری کردووە و دەتوانێت ڕازی نەبێت بەو هاوسەرگیرییە.

١٥. ئافرەت مافی خۆیەتی هەر مەرجێك لەسەر پیاوەکە دابنێت، مەگەر مەرجەکە ناشەرعی بێت، بۆ نموونە بڵێ ئەو ئیشە حەرامە بیکە یان ئەو واجبە مەکە، لەو حاڵەتەدا ئەو مەرجە مەرجێکی باتیلە و هیچ ئیعتیبارێکی بۆ نیە.

١٦. ئافرەت مافی خۆیەتی داواکار و خودازبێنی کارەکەی ببینێت زۆر بە جوانی، دەتوانێت چەند جارێکیش دووبارەی بکاتەوە، وە دەتوانێت لە چەند دانیشتنی جیاوازدا ببینێت و چەند جار لەگەڵی دابنیشێت بەڵام بەبێ خەڵوە.

١٧. ژن مافی مارەیی هەیە.

١٨. زۆری مارەیی بۆ؟! هەرچەندی حەز دەکات داوای مارەیی بکات سنووری بۆ دانەنراوە، لەگەڵ ئەوەی وا باشە داوای زۆری نەکات، بەتایبەت مادام پیاوەکە جێی متمانەیە، چونکە بەرەکەت لە هاوسەرگیری ئاسان و سادەدایە.

١٩. مافی خۆیەتی ئەو مەرجانەی دایناون هەمووی بۆ جێبەجێ بکرێت.

٢٠. مافی خۆیەتی وەلیمەی بۆ بکرێت، واتە دەعوەتێکی شایستە.

٢١. مافی خۆیەتی چۆن ئەو مارەییەی خۆی سەرف دەکات، مالّی خۆیەتی و کەس بۆی نیە لێی بسەنێت و لێی زەوت کات بە هەر ناوێکەوە بێت، مادام لە شتی مەشروعدا بێت.

٢٢. مافی خاوەندارى و مولّکدارى تەواوى هەیە وەك پیاو بەبێ جیاوازى، دەتوانێت ببێتە ملیاردێر، کەسیش بۆی نیە لێی بسەنێت، هەتا مێردەکەشی ناتوانێت یەك دیناری لێ بسەنێت.

٢٣. مافی خۆیەتی شوکردنەکەی ئیعلان بکرێت و خۆشی و شادی دەربېردرێت، لە چوار چێوەی شەرعدا.

٢٤. مافی ژنە کە برا و باوکی و خزمەکانی پێیان خۆش بێت و شەرمیان پێی نەبێت وەك هەندێك جار لە کوردەواری خۆماندا برا یان باوك شەرمی بە شوکردنی کچەکە بووە، وە لەو رۆژەدا مالّەوەیان بەجێ دەهێشت.

٢٥. مافی ئافرەتە خزمەکانی شانازی بە زاواوە بکەن و رێزی بگرن و بە بەشێك لە خێزانەکەیانی بزانن، نەوەك بەچاوێکی دوژمن کارانە چاوی لێبکەن، کە دیارە ئەمە لەگەڵ ئەوەی پیاوەکە زۆر ئازار دەدات لە هەمان کاتیشدا ژنەکەش زۆر ئازار دەدات.

٢٦. مافی ئافرەتە کە ئەگەر لەگەڵ مالّی خەزوریدا ژیا، رێزی تەواوی لێ بگیرێت و رەچاوی دەرون و...، بکرێت، بە بەشێك لەو خێزانە حیسابی بۆ بکرێت و خەزووری و خەسوی و خوشکی مێردەکەی ئازاری نەدەن.

٢٧. مافی ئافرەتە پیاوەکەی هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان ژنەکەی و مالّی باوکی و مالّی خەزوری.

٢٨. مافی ئافرەتە کە پیاوەکە چووە لای بۆ سەرجێیی بە باشترین شێوە بچێت و بە ناوی خوداوە بچێت بۆ ئەوەی ئەگەر خودای گەورە منداڵی پێ بەخشین

منداڵێکی باش و سود بەخش دەربچێت.

٢٩. مافی ئافرەتە کە پیاوەکەی چووە لای بۆ سەرجێیی جوان و پاك و خاوێن و بۆن خۆش و ڕوخۆش و قسەخۆش و تەعامول خۆش بێت.

٣٠. مافی ئافرەتە کە پیاوەکەی یاری لەگەڵدا بکات پێش جووت بوون، ڕاستەخۆ نەچێت، بەبێ پێشەکی و قسەی خۆش.

٣١. مافی ئافرەتە پیاوەکەی جێی نەهێڵێ تاوەکو ئەویش دەگاتە چێژ و ئارەزوو.

٣٢. مافی ژنە کە ڕێگە نەدات پیاوەکەی شتێکی لەگەڵ بکات کە ناشەرعیە، یان زەرەر و زیانی هەیە.

٣٣. مافی ژنە کە منداڵ بخاتەوە بە لێك تێگەیشتن لەگەڵ مێردەکەیدا.

٣٤. مافی ژن کە سەردانی کەس و کاری و خزمانی بکات.

٣٥. مافی ژنە کە چارەسەری پزیشکی بۆ بکرێت.

٣٦. مافی ژنە کە جلوبەرگی بۆ دابین بکرێت.

٣٧. مافی ژنە کە خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونی شایستەی بۆ دابین بکرێت.

٣٨. مافی ژنە کە خودارنەوەی شایستەی بۆ دابین بکرێت.

٣٩. مافی ژنە کە مێردەکەی لە لای بمێنێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر جێی نەهێڵێت و سەفەری دوور و درێژ نەکات، بەشێوەیەك ژنەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر بەجێی بهێڵێت.

٤٠. مافی ژنە کە پیاوەکە بەپێی پێویست سەر جێیی لەگەڵدا بکات، بە شێوەیەك کە داخوازی ژنەکە پڕ بکاتەوە.

٤١. مافی ژنە کە پیاوەکەی ڕێزی زۆری بگرێت و سوکایەتی پێنەکات.

٤٢. مافی ژنە کە پیاوەکەی ڕێز لە خزمی ژنەکە بگرێت و سوکایەتیان پێنەکات، بە هیچ جۆرێك.

٤٣. مافی ئافرەتە کە پیاوەکەی ڕێز لە دینەکەی بگرێت، جوێنی پێنەدات، بۆ نموونە ئەگەر ژنەکە مەسیحی یان جولەکە بوو.

٤٤. مافی ئافرەتە پابەند بێت بەدینەکەی خۆی، با مەسیحی و جولەکەش بێت، وە بۆی هەیە پەرستشەکان بکات و بشچێتە کەنیسە و....

٤٥. مافی ئافرەتە خاوەن ڕاو بیر و بۆچونی تایبەتی خۆی بێت، لە ڕووی سیاسی و مەزهەبی و حیزبی و عەقیدەیی، بۆ نموونە لە ڕوی فقهیەوە شافعیە، یان حەنەفیە، لەڕوی عەقیدەیی ئەشعەرییە، یان سەلەفیە، یان لە ڕووی حیزبیەوە... .

٤٦. مافی ئافرەتە کار بکات، بازرگانی بکات، بەشێوە و شێوازی شەرعی.

٤٧. مافی ئافرەتە لە هەر کایەیێك لە کایەکانی وڵات کار بکات.

٤٨. مافی ئافرەتە کە ببێتە قازی و حاکم و سەرۆك وڵات.

٤٩. مافی ئافرەتە ببێتە زانا و موجتەهید و فەقیە و موحەدیس و موفتی و.....

٥٠. مافی ئافرەتە کە موناقشە و مونازەرە و گفتوگۆ بکات لەگەڵ مێردەکەیدا.

٥١. مافی ئافرەتە ئەو شتانە فێر ببێت و فێر بکرێت کە پێویستن دەربارەی ئیسلام و ئیمان.

٥٢. مافی ژنە کە ڕاوێژی پێ بکرێت دەربارەی ژیانی هاوسەرێتی، گوێی لێ بگیردرێت و حیساب بۆ ڕاو بۆچوونەکانی بکرێت.

٥٣. مافی ژنە کە بەرگری لە خۆی بکات کاتێ ستەمی لێدەکرێت لە لایەن مێردەکەی یان غەیری مێردەکەی.

٥٤. مافی ژنە کە ڕاوێژی پێبکرێت لە بە شودانی کچەکەی.

٥٥. مافی ژنە پەرستشەکانی بکات، بۆ نموونە نوێژ، حەج،.... .

٥٦. مافی ژنە ئەگەر ویستی بچێت بۆ مزگەوت ڕێگری لێ نەکرێت.

٥٧. مافی ژنە کە خزمەتکار و کارەکەری هەبێت ئەگەر لە ماڵی باوکی هەیان بووبێت، یان پێویست بکات.

٥٨. مافی ژنە کە نهێنییەکانی پارێزراو بن و نهێنییەکانی نەدرکێندرێن.

٥٩. مافی ژنە کە هەندێك نەهێنی خۆی و کەسوکاری هەبێت و نەیدرکێنێت و پیاوەکەی لێ ئاگادار نەکاتەوە، مادام پێویست نەکات.

٦٠. مافی خۆیەتی کە ئەزیەت و ئازار نەدرێت، دیارە ئازاردانیش جۆری هەیە.

٦١. مافی ئافرەتە ببێتە وەکیل و بریکاری پیاوێك یان ژنێك ، بۆ ئەوەی کارەکانی ڕاپەڕێنێت.

٦٢. مافی ژنە کە ئەگەر نوشوزیشی کرد و سەرەڕۆ بوو، پیاوەکەی وردە وردە و بە پلە بەندی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و ڕەچاوی قوناغەکان بکات وەك لە قورئاندا باسکراوە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: سەرەتا ئامۆژگارییان بکەن ئینجا جێیان لێ جیابکەنەوە ئینجا....

٦٣. ژن مافی موتعەی تەڵاقی هەیە، کاتێك پیاوەکە ژنەکە تەڵاق دەدات دەبێت شتێك بدات بە ژنەکە، وەك دڵ ڕاگرتن و دڵدانەوە و نەهێشتنی بوغز و کین، ئەو موتعە دانە یان واجبە یان سوننەتە، بەپێی حاڵەت دەگۆڕێت.

٦٤. مافی خۆیەتی لە کاتی جیابوونەوە، پیاوەکە زەرەری پێ نەگەیەنێت.

٦٥. مافی ژنە کە پیاوەکەی تەڵاقی دا بە تەڵاقی ڕیجعی، شوێنی مانەوە و نەفەقەی بۆ دابین بکات، تا عیددەی تەواو دەبێت، تەڵاقی ڕیجعی ئەوەیە پیاوەکە بەتەواو هەرسێ تەڵاقەکەی نەداوە، بەڵکو یەك یان دوو تەڵاقی داوە، وە دەتوانێت لەماوەی عیددەکەیدا بیگێڕێتەوە لای خۆی، بەبێ عەقدی نوێ، بەڵام دوای تەواو بوونی

عیددەکەی پێویستی بە عەقدی نوێ هەیە.

٦٦. مافی ژنە کە بگەڕێتەوە لای مێردەکەی ئەگەر تەڵاقەکەی تەڵاقی ڕیجعی بوو، بەبێ عەقد پێش تەواو بوونی عیددە، بە عەقدی نوێ دوای عیددە.

٦٧. مافی ژنە کە نەگەڕێتەوە لای مێردە کۆنەکەی دوای تەواو بوونی عیددەکەی هەرچەند تەڵاقەکەش تەڵاقی ڕیجعی بێت.

٦٨. ژن مافی مارەیی تەواوی هەیە لە دوای گواستنەوەی.

٦٩. ژن مافی نیوەی مارەیی هەیە ئەگەر پێش گواستنەوە تەڵاق دراو داواکەری تەڵاقەکە پیاوەکە بوو.

٧٠. ژن مافی مارەیی تەواوی هەیە ئەگەر مێردەکەی مرد پێش گواستنەوە یان دوای گواستنەوە.

٧١. مافی ژنە کە مێردەکەی وەفادار بێت بۆی لە کاتی ژیان و لەکاتی دیارنەمانی بە مردن یان بە هەر شتێکی تر، کەواتە نابێت هەرگیز بێ وەفابێت لەگەڵیدا و دەبێت کە مردیش چاکە و خێر و دوعا و.... ، بۆ بکات.

٧٢. ژنیش دەتوانێت پیاو تەڵاق بدات!!! بەڵێ ژنیش دەتوانێت لەلایەن خۆیەوە لە پیاوەکەی جیا ببێتەوە، کە پێی دەوترێت (خولع) واتە خۆ داڕنین لە پیاوکە و لەو گرێبەستەی کردبووی، بەڵام لە بەر ئەوەی مێردەکەی مەسروفی لێکردووە و مارەیی داوەتێ، کەواتە دەبێت ژنەکەش لە بەرانبەر ئەوەدا شتێك بدات بە پیاوەکە، بەپێی ڕێك کەوتنی خۆیان، واتە خولعەکە لە بەرانبەر مەبلەغێك پارە یان.... بێت.

٧٣. مافی ژنە کە میرات لە مێردەکەی ببات.

٧٤. مافی ژنە کە میرات لە باوکی و دایکی و براکانی و منداڵەکانی ببات.

٧٥. مافی ژنە کە منداڵەکان بۆخۆی پەروەردەبکات و پێیان بگەیەنێت.

٧٦. مافی ژنە کە کرێی شیردان وەربگرێت.

٧٧. مافی ژنە کرێی دایەنی و حەزانە وەربگرێت.

٧٨. مافی ژنە کە بەناڕاستەوخۆ داخودازی بکرێت لە کاتی عیددەی غەیری عیددەی ڕیجعیدا.

٧٩. مافی ژنە کە بانگەوازی بکات و دەعوە بکات، وە نابێت مێردەکەی ڕێگری لێبکات و بەربەستی بۆ دروست کات، بەڵکو دەبێت هاریکاربێت.

٨٠. مافی خۆیەتی شایەتی بدات، وە لە زۆر شوێن شایەتیەکەی وەک پیاوە یان بەهێز تر، یان بەس هی ئەو وەردەگیرێت.

٨١. مافی خۆیەتی دەنگ بدات لە هەڵبژاردنەکانی وواڵاتدا، بۆ پەرلەمان و بۆ سەرۆکایەتی و....

٨٢. مافی ئافرەتە سیاسەت بکات و پۆست وەربگرێت، تا دەگاتە سەرۆکی وواڵات، بەمەرجێک ڕەچاوی خۆپارێزی و ئەدەب و ئەخلاق بکات.

٨٣. مافی ئافرەتە کە بەرگری لە خۆی و و ماڵ و موڵک و ناموسی بکات، هەتا ئەگەر ناچار بوو دەتوانێت هەموو ئامڕازەکان بگرێتەبەر بەرانبەر دەستدرێژیکارەکە.

٨٤. مافی ئافرەتە منداڵەکانی بەڕێز بن و ئەزیەتی نەدەن، ئەگەر بە کەمترین کردەوە و قسەش بێت نابێت ئەزیەتی بدەن، هەروەک خودای گەورە دەفەرموێت: ((وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا)) (٢٣)

پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاریداوە چاکەکاریش بن لەگەڵ دایک و باوکتاندا، هەر کاتێک یەکێکیان یان هەردووکیان بە پیری کەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لە دەست مەکە و (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەکە، بەردەوامیش قسە و گفتوگۆت

لەگەڵیاندا با چاك و جوان و بەجێ بێت.

کەواتە نابێت بڵێی ئۆف، نەکا بەو ئۆفەت ئەزیەتیان بدەی، چ جای ئازاریان بدەی!!

٨٥.مافی ئافرەتە کە مێردەکەی مرد، کوڕەکانی بەخێوی بکەن و ئەو پەڕی ڕێزی بگرن، نەهێڵن بەهیچ جۆرێك بۆشاییکی لە هیچ بوارێك بۆ دروست ببێت.

٨٦.مافی ئافرەتە کە تەڵاق درا مێردێکی تر بکاتەوە بە ئارەزووی خۆی.

٨٧.مافی ئافرەتە کە هاوسەری مرد شوێکی تر بکاتەوە، کە بەداخەوە ئەوە لەناو کوردەواریدا زۆر جار کراوە بە عەیبە، یان ڕێگری لێکراوە، کە لە ئەسڵدا دەبێت ئاسانکاری بۆ بکرێت و هان بدرێن، هەتا ئەگەر کوڕی هەبوون، دەبێت ئەوانیش یارمەتی دەربن، نەوەك ڕێگری لێ بکەن.

٨٨. مافی ئافرەتە دوای تەڵاقیش کە منداڵەکانی گەورەش بوون، چونەوە لای باوکیان بیان بینێت، ڕێگری لێ نەکرێت کە بیان بینێت و بێبەش بێت لە سۆزی دایکایەتی.

٨٩.مافی ئافرەتە کە مێردەکەی بە درۆ بخاتەوە کاتێ مێردەکەی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ژنەکەی زینای کردووە، ئافرەتەکە لەو کاتەدا مافی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات و بەرپەرچی بداتەوە، وە لێرەدا شایەتی ئافرەت وەك هی پیاوە و هیچ فەرقیان نیە و لەو کاتەدا لێك جیادەکرێنەوە و ژنەکەش هیچ سزایەك نادرێت.

٩٠. مافی ئافرەتە کە ئەگەر کەمتر لە چوار کەس و بەبێ بەڵگەی بەهێزی سەردەمی بوختانیان بۆ کرد، یەکی ٨٠ داریان لێبدرێت و هەرگیزیش شایەتیان لێ وەرنەگیرێت، کە دیارە بینینی چوار شایەت زۆر زۆر قورسە، بۆیە (ابن تیمیة) کە لە شەشسەد و حەودسەدی هیجری ژیاوە دەفەرموێت: هەتا سەردەمی من هیچ کەسێك بە شایەتیدان حەددی زینای لێدەرنەکراوە، واتا هیچ پیاو و ئافرەتێك بە شایەتی چوار کەس حەددی زینایان لێدەرنەکراوە، واتا خودای گەورە ئەوەندەی

قورس کردووە، کە بەئاسانی سابت نەبێت.

وە (ابن عثیمین) یش کە ساڵی ٢٠٠١ وەفاتی کرد، دەفەرموێت: ئەوەندەی من ئاگام لێبێت لەو ماوەیەدا کەس نەبووە حەددی زینای لێدەرکرابێت بە شایەتیدانی چوار کەس.

٩١. مافی ئافرەتە کە ژنی بەسەر هات، مافەکانی هەمووی پارێزراوبن و پیاوەکە پشت گوێی نەخات.

٩٢. مافی ئافرەتە کە ژنی بەسەرهات پیاوەکەی بۆ مانەوەی شەو عەدالەت بکات و مافی هیچ کامیان نەخوات.

٩٣. مافی ژنەکانە کە مێردەکەیان چوو بۆ سەفەر یان هەموویان ببات لەگەڵ خۆی یان تیر و پشکیان لە نێواند بکات، نەوەك پاستەوخۆ یەکێکیان بەرێت و ئەوانی تر واز لێ بێنێت.

٩٤. مافی ژنەکانە کە نابێت پیاو لە یەك کات و شوێندا لەگەڵ زیاتر لە ژنێکی سەرجێیی بکات.

٩٥. مافی خۆیانە ژنەکان ماڵی سەربەخۆیان هەبێت.

٩٦. مافی ژنەکانە کە پیاوەکەیان بە ئاشکرا خۆشەویستی زیاتر بۆ یەکێکیان دەرنەبڕێت.

٩٧. ئیمانی ژن وەك ئیمانی پیاوە، هیچ جیاوازی نیە، وەك خودای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ الْحَرِيقِ) البروج، (١٠). واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە بەڵا و ناخۆشی و تەنگانە و پیلان دژی پیاوانی ئیماندار و ئافرەتانی ئیماندار خستەکار و پاشان هەر بەردەوام دەبن و کۆڵ نادەن و پەشیمان نابنەوە سزای دۆزەخ و سزای سووتێنەر بۆ ئەوانەیە.

٩٨. ژن وەك پیاوە، هاوتای ئەوە، وەك پێغەمبە (ﷺ) دەفەرموێت: (إنما النساء

شقائق الرجال)، واتە: ئافرەتان وەك پیاوانن و هاوشێوەی ئەوانن، نەك وەك ئەوەی لە ئەوروپا هەتا سەدەی بیستیش لێکۆڵینەوەیان دەکرد، داخۆ ئافرەت مرۆڤە یان نا!!!!

مەبەستمان لە هاوتابوون لە هەموو ڕوێکەوە نیە، چونکە حەتمەن هەریەکەیان تایبەتمەندی و باردۆخ...، تایبەت بەخۆی هەیە.

٩٩. ئافرەت دەتوانێت بەژداری جەنگ بکات.

١٠٠. ئافرەت مافی خۆیەتی هەجر نەکرێت لەلایەن مێردەکەیەوە بەبێ هیچ بەڵگە و مەبەستێکی شەرعی.

١٠١. ئافرەت مافی خۆیەتی پیاوەکەی یارمەتی بدات لە کاروباری ماڵەوە و ماڵ داریدا، بەتایبەت ئەگەر پێویست بکات، چونکە هەندێك پیاو یارمەتی دانی ژنانیان پێ عەیبەیە و پێیان وایە لەکەدار دەبن، لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) زۆر هاریکاری خێزانەکانی بووە.

١٠٢. مافی ئافرەتە کە پیاوەکەی هاتەوە لە دەرەوە سەلام بکات و بە ئیزن و بە جوانی و ڕوو خۆشیەوە بێتەوە.

١٠٣. مافی ئافرەتە پیاوەکەی قسەخۆش و ڕووخۆش و قسەڕێك و جوان بێت لەگەڵیدا، نەك ڕوو گرژ و قسە ڕەق و...، بێت.

بەڵام لە بیرمان نەچێت، پیاویش مافی زۆری هەیە بەسەر ژنەوە هەیە، کە دەبێت ژنیش ئەو ئەرکانەی خۆی جێبەجێ بکات، چونکە ئەگەر ژنیش ئەرکی خۆی بەجوانی بەجێ نەهێنا، ئەوا مافیشی بەتەواوی نادرێتێ. وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف).

یاساکانی هاوسەرێتی بۆ ژنـــان :

لێرەدا بەشێوازێکی زۆر زۆر کورت و پوخت باسی هەندێك یاسای هاوسەرێتی دەکەین بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی ژنان لەگەڵ هاوسەران و ماڵ و منداڵەکانیاندا:

١. ئەولەویات بۆ هاوسەر بێت.
٢. گومانی نەبردنی خراپ.
٣. ڕێزگرتن لە خزم و ناسیاو برادەرەکانی.
٤. میوان دۆستی و نەترسان لە میوان.
٥. ڕێزگرتنی زۆر لە هاوسەر.
٦. بریندار نەکردنی هەست و شعوری.
٧. بەژداربوون و تێکەڵ بوون لەگەڵ هەست و نەست و خولیا و شعورەکانی.
٨. بەژداربوون لە خۆشیەکانی.
٩. بەژداربوون لە ناخۆشیەکانی و دڵدانەوەی و پشتیوانیکردنی.
١٠. کابانی.
١١. دەست ڕەنگینی لە شیرنەمەنی و....
١٢. نەڕوانین لە پیاوانی تر و چاوخستنە سەر هاوسەر بەتەنها.
١٣. گۆڕینی خواردن زوو زوو و هەمەجۆری لە خواردنسازیدا.
١٤. خۆبۆنخۆشکردن.
١٥. خۆڕازاندنەوە.
١٦. ڕوخۆشی و ڕۆح سوکی.
١٧. خۆزاڵ نەکردن.
١٨. سەلام و کەلامێکی گەرم و خۆش لەگەڵ هاوسەر کاتی هاتنەوە ماڵەوە.

١٩. زوو زوو ماچ کردنی، بەتایبەت کاتێك لە دەرەوە دێتەوە.

٢٠. گرینگیدان بە جلوبەرگ.

٢١. خوداحافیزی گەرم و نەرم و میهرەبانی.

٢٢. بێ دەنگی لەکاتی توڕەبوونی ئەودا.

٢٣. زوو زوو جل گۆڕین و هەمەجۆری لە جل و بەرگدا.

٢٤. زۆر مناقەشە نەکردن و زۆر پێدانەچوون لە شتەکاندا.

٢٥. بیرنەکردنەوە لە کۆنترۆڵ کردن و دەستەمۆکردنی و بزرکرنی کەسایەتی ئەو لەکەسایەتی خۆتدا.

٢٦. پاك و خاوێنی جەستە.

٢٧. پاك ڕاگرتنی ماڵ و کەلوپەلەکانی.

٢٨. پاراستنی نهێنییەکان.

٢٩. مامەڵەکردنی هاوڕێیانە.

٣٠. هەڵبژادنی کاتی گونجاو بۆ داواکردنی داواکارییەکان.

٣١. زۆر تەداخول نەکردن لە کاروباری پیاوان کە پەیوەندی بەس بەوەوە هەیە.

٣٢. بیرت بێت کە ژنی و خۆت دوور بگرە لە هەموو ئەو شتانەی لە ژن بوون دوورت دەخەنەوە.

٣٣. نازکردن لە شوێن و کاتی گونجاودا.

٣٤. زیادەڕەوی نەکرن لە نازدا.

٣٥. قبوڵ کردنی و نازی پیاو و ناز هەڵگرتنی.

٣٦. هەڵنەشاخان بەسەریدا.

٣٧. ڕەچاوکردنی ئەولەویات لە داواکارییەکاندا.

٣٨. ڕەچاوکردنی ئەولەویات لە ژیانی خۆت و هاسەرەکەت و منداڵەکانتدا.

٣٩. وەرگرتنی داواکاری هاوسەر بە سنگێکی فراوان.

٤٠. دەرنەچوونی زۆر و بێ سوود و زیادە و بێ پێویست بەتایبەت بەتەنها.

٤١. مام ناوەندی لە سەردان کردندا.

٤٢. زیادەڕۆیی نەکردن لە بازاڕکردن و چوون بۆ بازاڕ.

٤٣. پرس کردن پێش دەرچوون.

٤٤. زۆر نەمانەوە لە ماڵی باوك بەبێ پێویستی.

٤٥. سەفەرنەکردنی درێژ مەگەر پێویست بکات یان لەگەڵ هاوسەر بێت.

٤٦. نە ڕەزیلی نە دەست بڵاوی.

٤٧. گرینداڵ بەوشتانەی هاوسەرەکەت حەزی پێیەتی.

٤٨. زۆر باس نەکردنی پیاوانی تر لەلای هاوسەر.

٤٩. نەکردن و نەوتنی شتێك کە هاوسەر وا هەست بکات تۆ سەرسام و موعجەبی بە پیاوێکی تر و ئەوت لا زۆر گرینگ نیە.

٥٠. غەمبار نەبوون لە کاتی چوون بۆ ژووری نوستن.

٥١. زۆر باس نەکردنی خۆشەویستی خۆت و هاوسەرەکەت لەلای ژنانی تر مەگەر پێویست بکات یان بە نموونە بیهێنیەوە یان... .

٥٢. نەبوونی غیرە.

٥٣. بەرگری کردنێکی باش لە هاوسەر لەسەر شتی حەق و ڕاست.

٥٤. نیشان نەدانی غەمباری ئەوەندەی دەکرێت.

٥٥. مرچ و مۆن نەبوون.

٥٦. ستایش کردنی هاوسەر بەتایبەت ڕوو بەڕوو.

٥٧. ڕاستگۆیی.

٥٨. گلەیی نەکردن لێی لەلای خەڵك.

٥٩. داوانەکردن لێی لەلای خەڵك.

٦٠. زاڵ نەکردنی خۆشەویستی منداڵ بەسەر هاوسەر.

٦١. لەبیرنەکردنی هاوسەر لەبەر منداڵەکان.

٦٢. پشتیوانی نەکردنی منداڵەکان لە دژی باوکیان.

٦٣. لەباوەش نەگرتنی منداڵ و پشتیوانی نەکردنی لەکاتی توڕەبوونی باوك لێی.

٦٤. گرینگی نەدانی لەڕادەبەدەر بە ماڵ و خانوو و کەلوپەل و ماڵ شوشتن و... .

٦٥. گەرد نەگرتنی دڵ بەرانبەری.

٦٦. گلەیی ڕوو بەڕوو و نەهێشتنەوەی شتەکان لە دڵدا بەڵام پێوتنەکە لەکات و ساتی گونجاودا بێت.

٦٧. عیناد نەبوون.

٦٨. ساردی نەنواندن لە جینسدا.

٦٩. هەندێ جار دەستپێشخەری لە جینس و سەرجێیدا.

٧٠. یاری کردن لەگەڵ هاوسەر و شەرم نەبوون پێی.

٧١. خۆ لالوت نەکردن لە جینس و سەرجێیدا.

٧٢. ڕوو خۆشی لەکاتی سەرجێیدا.

٧٣. دەرنەبڕینی بێزاری لەکاتی سەرجێیدا.

٧٤. *تێگەیاندنی هاوسەر بەشێوازێکی جوان و ڕێك لەکاتی نەتوانینی سەرجێیدا.*

٧٥. مەغرور نەبوون بەجوانی و و بڕوانامە و.... .

٧٦. دوورکه‌وتنه‌وه له هاوڕێی خراپ.

٧٧. وه‌ڵامدانه‌وه‌یه‌کی جوان و ناسك و ڕێك له‌کاتی بانگ کردنیدا.

٧٦. بانگ کردنی به‌ناوێك که حه‌زی پێیه‌تی.

٧٧. واقیع بینی.

٧٨. گاڵته‌نه‌کردن پێی.

٧٩. سوعبه‌تی خۆش و سنووردار.

٨٠. گوێگرتن بۆی له کاتی قسه‌کردنیدا.

٨١. هه‌ڵبژاردنی وشه و ده‌سته‌واژه‌ی جوان بۆ قسه‌کردن له‌گه‌ڵیدا.

٨٢. ده‌نگ به‌رزنه‌کردنه‌وه به‌سه‌ریدا.

٨٣. بیرکردنه‌وه له قسه پێش وتنی.

٨٤. سروشتی بوون و تێك نه‌دانی سروشتی که‌سی و ته‌بیعی بوون و دوور که‌وتنه‌وه له ته‌که‌لوف و ته‌سه‌نوع.

٨٥. گه‌ڕان به‌دوای خاڵه هاوبه‌شه‌کاندا.

٨٦. دوورکه‌وتنه‌وه له قسه پێوتن و دمبه‌دمه و له‌گه‌ڵ پێداچوون له‌به‌رچاوی خه‌ڵك و میواندا.

٨٧. نه‌ترسان له‌شه‌وی بوکێنیدا.

٨٨. بێزاری و غه‌مباری ده‌نه‌ربڕین له‌شه‌وی بوکێنیدا و نه‌گریانی زۆر بۆ ماڵی باوك.

٨٩. شه‌رم نه‌کردن له‌شه‌وی بوکێنیدا.

٩٠. شه‌رم و حه‌یا.

٩١. چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کان به گفتوگۆ و لێك تێگه‌یشتن و نه‌رم و نیانی.

٩٢. لەبەهانە نەبوون و بیانوو نەگرتن.

٩٣. پاك ڕاگرتنی منداڵ.

٩٤. بێموبالات نەبوون و بێخەم نەبوون.

٩٥. دایکایەتی دڵسۆز بۆ منداڵەکان و زاوا.

٩٦. پشتگیریٰ نەکردنی کچ دژی زاوا.

٩٧. خۆشەویستی و دڵسۆزی و خەمخۆری دەڕبڕین بۆ زاوا.

٩٨. ئامۆژگاری کردنی کچ و ڕێنیشاندانی لە هەموو بار و دۆخ و کات و ساتەکان.

٩٩. ماڵداری فێرکردنی بۆ کچ.

١٠٠. زیادەڕەوی نەکردن لە نازدان بە منداڵ.

١٠١. پەروەردەکرنی باش و چاك و واقیعیانەی منداڵ.

١٠٢. بارسوکی لە زێڕ و ماڵ و....

١٠٣. ڕوانین لەکەسانی خوار خۆت نەوەك سەروی خۆت.

١٠٤. با شەرِع حەکەم بێت.

١٠٥. دمبەدمە و مناقەشەنەکردن لەبەرچاوی منداڵەکاندا.

١٠٦. هەتا پێویست نەکات سەردانی دکتۆر و عیادە مەکە، هەم بۆ خۆت هەم با نەبێتە بار قورسی بۆ هاوسەرەکەت.

١٠٧. نەهێنانە بەرباس و باسنەکردن و بیرنەکردنەوە لە دیمەنە ناخۆشەکانی ڕابردوو.

١٠٨. دیاری بەخشین پێی.

١٠٩. خەیاڵی نەبوون.

١١٠. پاڵپشتی کردن و لەپشت بوونی لە کارەنی و ساردنەکردنەوەی.

١١١. بەوەفابوون بەرانبەر هاوسەر.

١١٢. منەت نەکردن.

١١٣. ڕوحی تەنازول کردن لەهەندێ شت بۆ مانەوەی ژیان و خۆشەویستی.

١١٤. کاریگەرنەبوون بە هاوڕێیان و بۆچونەکانیان مەگەر زۆر جوان و گونجاو بێت و بێتەوە لەگەڵ ژیان و بارۆخەکەتدا.

١١٥. خوێندنەوە و شارەزابوون لە ڕۆشنبیری جینسی و فیقهی ئافرەتان.

١١٦. لە هەمووی گرنگتر خوێندنەوەی جۆری کەسایەتی هاوسەر و مامەڵەکردن بەگوێرەی کەساتییەکەی.

خوشکی بەڕێزم ئەگەر خوش ەختی هاوسەرەکەت دەوێت، دایمە ئاگات لە دوو لایەن بێت:

١. لایەنی ڕۆحی و دڵی و هەست و نەست و شعور، هەرگیز ئەو لایەنەی هاوسەرەکەت لەبیرنەکەی هەمیشە هەوڵبدە ئەولایەنەی پڕکەیەوە بەشێوەیەك جێی کەسێکی تر نەمێنێتەوە و هاوسەرەکەت بۆشایی بۆ دروست نەبێت و پەنا بەرێتە بەرکەسێکی تر چ بەحەڕام چ بەحەڵاڵ.

٢. لایەنی جینسی، ئەوەی پێت دەکرێت بیکە بەشێوەیەك هاوسەرەکەت بۆشاییکی بۆ نەمێنێتەوە و پەنا بۆ کەسێکی تر بەرێت چ بە حەڕام چ بە حەڵاڵ.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو پیاوانەی پەنا دەبەنە بەر ژنێکی تر چ بەحەڕام چ بەحەڕام هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەراغی ڕۆحی و هەست و نەست یان جینسی یان هەردووکیان.

تێبینی:

١. زۆربەی خاڵەکان بۆ پیاوانیش ڕاستن.

٢. مافەکانی ئافرەتیش زۆر بەدرێژی باس دەکەین، بۆ ئەوەی نەوترێت ئەی کوا مافی ژنان؟!

٣. جاری وا هەیە بەهۆکارێکی بەجێ و بەعوزرێکی مەقبول ژنەکە ناتوانێت یەکێ لە مافەکان یان هەندێکیان یان بەشێوەیەکی باش و پێویست جێبەجێیان بکات، لەوکاتەدا دەبێت پیاوەکەش ڕەچاوی ئەوە بکات و دەستباری بگرێت و ئاگای لێی بێت و وەك ڕوحی خۆی یارمەتی بدات و بیپارێزێت و چاوپۆشی لێبکات.

٤. ڕەنگە بوترێت جا کوا ئەوانە جێبەجێ دەکرێن؟!! نەخێر مرۆڤ ئەگەر خۆی لانەدات لە شتەکان توانای زۆر لەوە زیاتری هەیە، بۆیە نە پیاو و نەژن نابێت خۆیان لابدەن لە مافەکانی یەکتری و عوزر و بەهانە بهێننەوە، مەگەر توانایان نەبێت، لە کۆتاییدا هەر ژن و مێردێك ئەرك و مافی یەکتریان زانی سەرکەوتو و خوش بەخت و ئاسودە دەبن ئەگەرنا بەپێچەوانەوە دەبێت.

٥. ئەم بابەتە وەك مەتنێك نووسیومانە، ئەگەرنا هەر یەکێکیان ڕاڤەی خۆی دەوێت، بەڵام لەبەر درێژبوونەوە نەمانتوانی.

بـانگـەواز

●﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ ● آل عمران: ١٠٤

(پێویستە لە ئێوە ئوممەتێك پێك بێت، یاخود با هەمووتان ئوممەتێك بن كە بانگەوازی بكەن بۆ خێر و چاكە، فەرمان بكەن بە هەموو كارێكی چاك و باش، وە نەهی بكەن لە هەموو شتێكی نادروست و خراپ، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن).

بـانگـــەواز:

بانگەواز (دەعوە) چوار بنەای سەرەكی هەیە:

١. بابەتی بانگەواز، كە ئیسلامە.

٢. بانگخواز.

٣. بانگكراو و بانگەواز لەگەڵكراو.

٤. ئامڕاز و هۆكارەكانی بانگەوازیكردن.

كەواتە بانگخواز هەم دەبێت شارەزای ئیسلام بێت، وە هەم شارەزای خەڵكەكە و ئاست و تەبیعەت و عورف و..... بێت، هەم دەبێت زۆر ئاگاداری ئامڕەزەكان بێت كە چۆن و بە چ ئامڕاز و میكانیزمێك بانگەوازی دەكات، وە هەم دەبێت ئاگاداری خودی بانگخواز و پێداویستی و مەرجەكانی بێت.

بنەماكانی حیكمەت لە كاری بانگەوازیدا:

١. قسەی نەرم و جوان.

٢. ڕەچاوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکان.

٣. ڕەچاوکردنی پێگەی زانستی کەسەکان.

٤. ڕەچاوکردنی پێگەی فیکری کەسەکان.

٥. ڕەچاوکرنی باردۆخ و واقیع.

٦. ڕەچاوکردنی عەتف و سۆز و هەست و نەست و نەفس.

٧. پەلەنەکردن و لەسەرخۆبوون و وردە وردە چوون بەرەو بابەتە سەرەکی و ئەساسیەکان.

مەرجەکانی بانگخواز:

مەرجەکانی بانگخواز زۆرن، بەڵام گرینگترینیان ئەمانەن

١. ئیخلاس و دڵسۆزی.

٢. ئەخلاق و خوڕەوشتی بەرز.

٣. ئارامگرتن.

٤. نەرم نیانی لە کردار و گوفتار و هەڵسوکەوتدا.

٥. هەمم و غەمم و خەم خۆری.

٦. قوربانیدان.

٧. تەوازوع.

٨. نەبوونی بەرژەوەندی شەخسی و.....

٩. چالاکی و گرجوگۆڵی.

١٠. واقیع بینی.

١١. زانست، بەشێوەیەکی گشتی واباشە بانگخواز ئاگای لە سێ زانست بێت:

١. عەقیدە و فیکر.
٢. تەزکیە و ئیمانیات و ئەخلاقیات و سلوك.
٣. فیقە و ئەحکام. مەرج نیە وردەکاریەکانی بزانێت.

هەڵەی گۆڕەپانی بانگەواز و بانگخوازان :

١. زەق کردنەوەی جیاوازی و ئیختلاف.
٢. زاهیری بوون.
٣. دووبەرەکی و دوژمنایەتی.
٤. چاوەڕوانی پاداشت و ئەجر لە دونیا.
٥. دونیایی بوون و هەستی بەرژەوەندی خوازانە.
٦. ئینتیما بۆ شەخس.
٧. کەمی زانست و زانیاری.
٨. واقیعی نەبوون.
٩. گوێنەدان بە کێشەکانی سەردەم و سەردەمی نەبوون.
١٠. گرینگی نەدان بە دەعوە و بانگەوازی فەردی.
١١. گرینگی دان بە چەندیەتی لەبری چۆنیەتی.
١٢. گرینگی دانی کەم بە تەزکیە و سلوك و ئەخلاق.
١٣. شارەزا نەبوون لە دەرونزانی و دەورننناسی.
١٤. ڕەچاو نەکردنی ئاست و پێگە.
١٥. کەمتەرخەمی لە کۆمەڵایەتی بوون.
١٦. پەیوەست کردنی خەڵك بە شەخس لەبری مەنهەج.
١٧. گرینگی دانی زۆر بە جزئیات.

١٨. تێکەڵ کردنی سروشت و تەبیعەتی شەخسی بەکاری بانگەواز.

١٩. خۆ سەرقاڵ کردن بە شتی ناعەمەلی.

٢٠. ڕەچاونەکردنی بارودۆخ.

٢١. نەزانی لە چۆنیەتی ماماڵەکردن لەگەڵ ئیختیلاف و جیاوازیەکاندا.

٢٢. زۆرێکی پێی وایە بەس خۆی لەسەر حەقە.

٢٣. چاوپۆشی نەکردن لە هەڵە و کەمو کوڕی یەکتری.

٢٤. زمان زبری.

٢٥. نەبینینی چاکەی بەرانبەر.

٢٦. پێش خستنی بەرژەوەندی تاکە کەسی بەسەر بانگەوازدا.

٢٧. مونافەسەی ناشەریفانە.

٢٨. خۆدەرخستن و خۆپڕکردن لەسەر حیسابی بانگەواز.

٢٩. لەخۆباییبوون و خۆ لێ گۆڕان.

٣٠. تەسلیم بوون بە زاڵمان و ستەمکاران.

٣١. قوربانی نەدان..

نـــەزەر

●﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُواْ فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ ● النور: ٣٠

((ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بە پیاوانی ئیماندار بڵێ: چاویان بپارێزن (لەسەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم)).

﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ ﴾ النور: ٣١

بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ: چاویان بپارێزن (لە تەماشای نامەحرەم).

نـــــەزەر:

((وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا)) (الإسراء: ٣٢).

(هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە بەڕاستی گوناه و تاوان و هەڵە و ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە).

خودای گەورە نەیفەرموو زینا مەکەن، دەفەرموێت: نزیك مەکەونەوە، کەواتە دەبێت نزیك نەکەویەوە لە هۆکارەنی، دیارە کاریگەرترین هۆکاریش بریتیە لە نەزەرکردن.

هۆکارەکانی نەزەر:

١. نەبوونی پەروەردەیەکی جوان و باش.

٢. خۆ ڕانەهێنان.

٣. بیرنەکردنەوە لە دەرەنجامە خراپەکانی.

٤. هەست نەکردن بە تووڕەبوونی خودا.

٥. تێکەڵی زۆر و ناپێویست.

٦. پەیوەندی ناشەرعی.

٧. سۆشیال میدیا.

٨. بازاڕ و زانکۆ و قوتابخانەکان.

زیانەکانی نەزەرکردن :

١. بێ فەرمانی خودا.

٢. تێکچونی دڵ و دەرون و فیکر.

٣. سەرکێشان بۆ زینا.

٤. دڵ ڕەش بوون لەسەر هاوسەری خۆت.

٥. دوور کەوتنەوە لە زانست و بیرچونەوە و لاوازبوونی لەبەرکردن.

٦. بێ ئاگایی و دوور کەوتنەوە لە خودا.

٧. تام نەکردن لە عیبادەت.

چـــارەســـەر:

١. پەروەردە و ڕاهێنان.

٢. بیرکردنەوە لەسەرەنجامە خراپەکانی.

٣. هاوسەرگیری.

٤. هاوڕێی باش.

٥. دووركەوتنەوە لەو شوێنانەی کە دەزانی توش دەبی و خۆشت پێ ناپارێزرێت.

٦. بەڕۆژوبوون.

٧. بڕیاردان لەسەر نەکردنی نەزەر.

٨. موحاسەبەکردنی نەفس.

٩. چاودێری کردنی خود.

١٠. دوعا.

١١. بیرکردنەوە لە ڕۆژی دوایی و حیساب و کتاب.

سودەکانی نەزەر نەکردن :

١. جێبەجێکردن و وەڵامدانەوەی فەرمانی خودا.

٢. ئارامی دڵ و دەروون و فیکر.

٣. زیرەکی و بەهێزی لەبەرکردن.

٤. بەهێزی کەسایەتی و ئیرادە.

٥. تامکردن لە عیبادەت.

٦. بەهێزبوونی ئیمان.

٧. دڵ پەیوەست بوون لەسەر هاوسەر و بیرنەکردنەوە لە کەسێکی تر.

وە هەروەها: عن أَبي هُرَيْرَةَ ، عَن النَّبيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ قال: (إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ عَلَى ابْنِ آدَمَ حَظَّهُ مِنَ الزِّنَا، أَدْرَكَ ذَلِكَ لاَ مَحَالَةَ ، فَزِنَا العَيْنِ النَّظَرُ), روى البخاري (٦٢٤٣) ، ومسلم (٢٦٥٧)

(كُتِبَ علَى ابْنِ آدَمَ نَصِيبُهُ مِنَ الزِّنَا، مُدْرِكٌ ذلكَ لا مَحَالَةَ، فَالْعَيْنَانِ زِنَاهُما النَّظَرُ)

واتە: نووسراوە لەسەر نەوەی ئادەم بەشێك لە زینا، هەرتوشی دەبێت، زینای چاوەکان نەزەرکردنە.

وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بە ئیمامی علی فەرموو:

يَا عَلِيُّ لا تُتْبِعْ النَّظْرَةَ النَّظْرَةَ فَإِنَّ لَكَ الأُولَى وَلَيْسَتْ لَكَ الآخِرَةُ رواه الترمذي ٢٧٠١ وهو في «صحيح الجامع» (٧٩٥٣)

ئەی علی تەماشاکردنی ئافرەتان دووبارە مەکەوە، جاری یەکەم بۆت هەیە، بەڵام جاری دووەم بۆت نیە.

مەبەستی لەوەیە کە چاوت دەکەوێتە سەر ئافرەتێك، یەکەم جار گوناهبار نیت، چونکە بەُ ئەنقەست وات نەکردووە، بەڵام نابێت بەردەوام بیت و دەبێت چاوت لەسەر لابەریت.

تێبینی:

١. نەزەر هەر نەزەرە چ پیاو بیکات چ ژن.

٢. نەزەر ئەوەندەی نەزەری دڵ و فیکرە ئەوەندە هی چاو نییە، بۆیە بەس چاوکەوتنەسەر بەبێ دڵ و فیکر بە نەزەر دا نانرێت.

ئیلحـــاد

●﴿ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾ ●

الأعراف: ١٨٠

(واز لەو کەسانە بێنن کە لادەدەن لەو ڕێگەیەی کە پێویستە لە سەری بن و لێی لانەدەن).

پێناسەی ئیلحاد (Atheism) :

ئیلحاد وشەیەکی عەرەبییە، لە زمانی عەرەبیدا بە دوو واتا دێت:-

١ - لادان لە شتێك.

٢ - مەیلدان بە شتێك.

کەواتە ئیلحاد لە ڕووی زمانەوانییەوە واتا: لادانی هەر شتێك لە ڕێگای ڕاستی خۆی. [١]

بۆیە قورئانیش ئیلحادی بە هەمان واتا بەکارهێناوە کە دەفەرموێت: ﴿وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾ الأعراف: ١٨٠

واتە: (واز لەو کەسانە بێنن کە لادەدەن لەو ڕێگەیەی کە پێویستە لە سەری بن و لێی لانەدەن).

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت:﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ ٱلَّذِي جَعَلۡنَٰهُ لِلنَّاسِ سَوَآءً ٱلۡعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِۚ وَمَن يُرِدۡ فِيهِ بِإِلۡحَادِۭ بِظُلۡمٖ نُّذِقۡهُ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴾ الحج: ٢٥

---

(١) تهذيب اللغة، الأزهري (٢٤٤/٤)، ومعجم مقايس اللغة (٢٣٦/٥).

ڕاڤەکارانی قورئان کەوتونەتە جیاوازیەوە لە ڕاڤەکردنی واتای ئەم ئایەتەدا، هەندێك فەرمویانە: هەرشتێك دەگرێتەوە کە نەهی لێکرابێت، هەندێکی تر دەفەرمون: هاوبەش دانانە بۆ خودای گەورە، هەندێکی تر دەفەرمون: کوشتن و ستەم و زوڵم و زۆرداریيە، هەندێکی تر دەفەرمون: قۆڕخکردنی خواردنە، بەڵام خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی هەموویان بریتییە لە لادان لە ڕێی ڕاست و دروست، بەو شێوەیەی کە خودای گەورە داینناوە بۆ (البیت الحرام).

بەڵام واتا و مەفهومی ئیلحاد لە زمانە ئەوروپییەکاندا لە وشەیەکی یۆنانی وەرگیراوە کە لە دوو بەش پێکدێت (atheos)، یەکەمیان واتە: (نەفی کردن) دووەمیان واتە: (خودا) کەواتە ماناکەی دەبێتە: (نەفیکردنی خودا) بەڵام لە ڕووی زاراوەوە قسەی زۆر و پێناسەی زۆر کراوە بۆ ئیلحاد، ئەفلاتون یەکەم کەس بووە کە هەوڵیداوە ئەو ماناو واتایانەی بۆ وشەی ئیلحاد بەکاردێت کۆبکاتەوە، بۆیە دەڵێت: ئیلحاد لە ژینگەی یۆنانیدا بە سێ مانا دێت:

١- نکۆڵی کردن (ئینکاری) کردن و نکۆڵی کردن لە خودایەتی خودا، یان خوداکان.

٢- نکۆڵی کردن لە گرنگیدانی خودایی یان خوداکان، بە گەردوون، واتە: خودای گەورە گەردوونی دروستکردووە و لێی گەڕاوە.

٣- بڕوا بوون بەوەی کە دەتوانرێت خودایەکان ڕازیبکرێن بە قوربانیکردن و بانگکردن و داواکردن لێیان.[١]

بەڵام ئیلحاد لە فیکر و ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بە فراوانتر بەکارهێنراوە، بە ڕەچاوکردنی مانا زمانەوانییەکەی کە بە واتای (لادان) دەهات، بۆیە لە فیکری ئیسلامی دا بەواتای لادانی گەورە و زەق بەکارهاتووە، جا ئەو لادانە بڕوا نەبوون بێ بەخودا یان بە پێغەمبەرایەتی یان نەفی کردنی سیفەتەکانی خودای گەورە. لە بەناوباگترین ئەو کەسایەتیانەی کە وەسف کراون بە ئیلحاد (ئەحمەد کوڕی

---

(١) الفكر الديني عند اليونان، عصمت نصار (١٤٠)، وموسوعة الفلسفة، عبدالرحمن بدوي (٢١٩/١).

یەحیا کوڕی ڕاوەندی) یە، لەگەڵ ئەوەی ئەو نکۆڵی لە بوونی خودا نەکردووە، بەڵکو نکۆڵی لە پێغەمبەرایەتی کردووە و ڕەخنەی لێگرتووە، وە گاڵتەی بە دینەکان کردووە و باوەڕی پێیان نەبووە، هەروەها (محمد کوڕی زەکەریای ڕازی) دیارە ئەویش وەسفکراوە بە ئیلحاد، بەڵام نکۆڵی لەبوونی خودا نەکردووە، بۆیە کتێبێکی هەیە بەناوی (بەندە خودایەکی حەکیمی هەیە)، بەڵکو ئەویش تەنها نکۆڵی لە پێغەمبەرایەتی کردووە.[1]

ئەگەر بڕوانینە فەرهەنگ و پەڕتووکە فەلسەفیەکان دەبینین هەموویان پێناسەی ئیلحاد دەکەن بە: (ئینکاری کردن و نکۆڵی کردن لە بوونی خودا).

کەواتە دەتوانین بڵێین ئیلحاد لە ڕووی زمانەوانیەوە واتە: (لادان لە شتێکدا، یاخود مەیلکردن بەلای شتێکدا).

لە بەکارهێنانی قورئانیدا بە واتای: (نکۆڵی کردن (ئینکاریکردن) لە ڕاستیەك لە ڕاستیەکانی شەرع وەکو بوونی خودای گەورە یان سیفەتەکانی یان موحکەمێك لە موحکەمەکانی شەرع).

وە ئیلحاد لە زاراوەی گشتی ئەمڕۆدا ماناکەی بریتییە لە: (نکۆڵی کردن (ئینکاریکردن) لە بوونی خودا و دروستکەر و پەروەردگار).[2]

بەڵام هەر ئەو واتایەی نیە، بەڵکو کۆمەڵێك میتۆد و مانای جیاواز لەخۆدەگرێ، کە لەمەودوا باسی دەکەین بەڕوونی.

---

(١) سير أعلام النبلاء، الذهبي (١٤/ ٥٩-٦٥)، وإخبار العلماء بأخبار الحكماء، القفطي (٢٠٧)، وسير أعلام النبلاء، الذهبي (١٤/ ٣٥٤).

(٢) معجم لالاند للفلسفه (١٠٧/١)، ومعجم أكسفور للفلسفه (٩٠/١)، والمعجم الفلسفي، مجمع اللغة العربية بالقاهرة (٢٠)، والمعجم الفلسفي، جميل صلبيا (١١٩/١).

بنەما فیکریەکانی ئیلحاد

١- نکۆڵی کردن لە خودا، واتە ئەوانە بڕوایان بە دروستکەر و بەڕێوەبەری گەردوون نیە، دەڵێن: بە هیچ شێوەیەك خودا گەردوونی دروست نەکردووە بەڵکو گەردوون:

أ- هەر هەبووە.

ب- بۆ خۆی خۆی هێناوەتەبوون.

ج- بەڕێکەوت دروستبووە.

د- طەبیعەت و سرووشت ئەم گەردوونەی هێناوەتە بوون.

هـ- ئەم گەردوونە خەون و خەیاڵە و لە واقیعدا بوونی نیە.

مولحیدەکان بە شێوەیەکی گشتی بڕوایان بە یەکێك لە مانە هەیە، کە دیارە هەر پێنجیان زۆر زۆر نا زانستی و نا عەقڵانین، هەر کەسێ عەقڵی خۆی بخاتە کار دەزانی کە هیچیان وا نین، کە دیارە ئێرە شوێنی وەڵامدانەوەیان نیە.

٢- نکۆڵی لە وەحی و کتێبە ئاسمانییەکان دەکەن، چونکە وەك باسمان کرد ئەوان بڕوایان بە خودا نیە، کەواتە مادام بڕوایان بە خودا نەبێ ئەوە بە دڵنیاییەوە باوەڕیان بە وەحی و کتێبێکیش نیە کە لەلایەن خوداوە نێردرابێت.

٣- نکۆڵی کردن لە پێغەمبەرایەتی، واتە ئەوان بە هیچ جۆرێك بڕوایان بەوە نیە کەخودا پێغەمبەری ناردبێ بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی، چونکە ئەوان بڕوایان بە خودا نەبوو جا چ جای ئەوە، وە بە هیچ جۆرێك بڕوایان بە موعجیزەی پێغەمبەران نیە.

٤- نکۆڵی کردن و دژایەتی ئایین، مولحیدەکان بە هیچ جۆرێك بڕوایان بە ئایین نیە، جا هەر ئایینێك بێت، بەڵکو پێیانوایە ئایین شتێکی خورافی و ناڕاستە و بۆ خەڵکی ساویلکە و نەزان و نەفامە و تەنها بۆ خەڵەتاندنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی

هاتووە. هەر وەك ماركس دەڵێ: (الدين أفيون الشعوب) واتە: ئایین تلیاکی گەلانە و بۆ سەرخۆشکردن و مەستکردنی نەتەوەکان و مرۆڤ و مرۆڤایەتی درووستکراوە، کە دیارە ئەوان لە تێڕوانینیان بۆ دینی مەسیحیەت و ئینجیل و قەشەو کڵێسا، هەستاون ئەو بڕیارەیان گشتاندووە بەسەر ئیسلامدا، کە دیارە ئەمە قیاسی کەشکە لەسەر مەشك (القياس مع الفارق) واتە یەکسانکردنی دوو شت کە جیاوازیەکی زۆر زۆر لە نێوانیادا هەیە.

٥- نکۆڵی کردن لە زیندووبوونەوە و ڕۆژی دوایی، مولحیدەکان بە هیچ جۆرێك بڕوایان بە ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوە نیە، وە پێیانوایە مرۆڤ کە مرد کۆتایی بە هەموو شتێك دێت.

٦- نکۆڵی کردن لە ڕوح.

٧- ئەخلاق نیسبی و ڕێژەییە، مولحیدەکان پێیانوایە ئەخلاق ڕێژەییە و هەر کەس لە ئاست خۆی و کۆمەڵگەکەی بۆ ئەخلاق دەڕوانێ، کەواتە نەگۆڕیی ئەخلاقی و بنەمای ئەخلاقی لای ئەوان نیە.[١]

---

(١) الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب المعاصرة، (٨٠٥)، صراع مع الملاحدة، عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني (١٥٠)، كواشف زيوف في المذاهب الفكرية المعاصرة (٥١١)، ئیلحاد وەك خۆی، صلاح الدين احمد، ٣١ _ ٣٣.

جۆرەکانی ئیلحاد (أنواع لإلحاد)

١- ئیلحادی گشتی و سەرتاسەری و هەمەکی (الإلحاد الكلي): ئەم جۆرە ئیلحادە نکولّی لە خوداو وەحی و پێغەمبەرایەتی و زیندووبوونەوە و هەموو جۆرە ئایینێك دەکات، بڕوای بە هیچ کامێك لەمانە نیە.

٢- ئیلحادی هەندەکی و جوزئی (الإلحاد الجزئي): ئەم جۆرە ئیلحادە نکولّی لە هەموو شتێك ناکات، بۆ نموونە نکولّی لە بوونی خودا ناکات یان دانی پێدا دەنێت، بەڵام نەك وەك زاتێکی تەواو وەسفکراو بە هەموو سیفەتێکی تەواوەتی و گەورەیی و جوانیەوە، بەڵکو وەك هێزێکی دەرەکی، دانی پێدادەنێ بەڵام دەڵێ لەگەڵ گەردوون جیاوازییان نیە، دیارە ئەمە بە پێناسە زاراوەییەکە پێی ناوترێ ئیلحاد، بەڵام لەژێر پێناسە زمانەوانیەکە جێی دەبێتەوە، چونکە ئەم جۆرە بیروباوەڕانە هەموویان لەڕێ ڕاستەکە لایانداوە.

٣- ئیلحادی فیکری (الإلحاد الفكري): ئەم جۆرەیان کێشەکەی لە فیکریدایە و فیکری تێکچووە، وەك سوفستائییەکان لە فەلسەفەی یۆنانیدا، کە گومانیان لە هەموو شتێك هەبوو بە خۆشیانەوە، حەتمەن گومانیان پەیدا دەبێ لە خودا و شتە پەنهان و غەیبییەکان کە پێیاندەوت: (میتا فیزیقیا) واتە: ئەودیو سروشت.

٤- ئیلحادی زانستی (الإلحاد العلمي): ئەم جۆرە ئیلحادە پێیوایە هەر شتێك لەڕێی دۆزینەوەی زانستیەوە نەزانرێ و دەرنەکەوێ بڕوای پێناکرێ، وە هەر شتێك لەڕێگەی تاقیگە و زانستە جیاوازەکان نەدۆزرێتەوە بوونی نیە، وە ئەم جۆرەیان زانستە جیاوازەکان لە (کیمیا و فیزیك و گەردوونناسی و زیندەزانی) بەکاردەهێنن بۆ ئیلحادەکەیان، وە خودا دەخەنە بەر ئەو پێوەرە زانستیانە بۆیە باوەڕی پێناهێنن، لای ئەوان یاسا گەردوونیەکان خودان، بۆیە (داوکینز) ڕێبەری گەورەی مولحیدەکانی ئەم سەردەمە دەڵێن: (ئەگەر دەڵێن خودا بریتییە لەو سیستەمانەی

ئەو بوونەوەرە بەڕێوەدەبات، ئەوا ئێمەش بڕوامان بەو خودایە هەیە، بەڵام پێیانوایە ئەو سیستەمانە پێویستیان بەوە نیە لێیان بپاڕێینەوە بۆ ئەوەی بە هانامانەوە بێن) !

٥- ئیلحادی عەقڵی (الإلحاد العقلي): ئەم جۆرە ئیلحادە بەس ناوەکەی عەقڵیە ئەگەرنا زۆر نا عەقڵانییە، چونکە ئەم جۆرە دەڵێت: هەرچی عەقڵ دەرکی پێ نەکات نیە، کەواتە دەڵێن: خوداش عەقڵ دەرکی پێ ناکات، چونکە پەنهان و غەیبیە کەواتە نیە، کە دیارە ئەوە وەك پەرچەکردار (ردّ فیعل) لە دژی کەنیسە و پیاوانی ئایینی مەسیحیەت سەریهەڵدا، چونکە ئەوان دژی عەقڵ و زانست و زانا و فەیلەسوف و بیرمەندان بوون، وە زۆر دژایەتیان دەکردن و ئازاریان دەدان، بۆیە ئەمانیش هاتن هەموو شتێکیان پەتکردەوە غەیری عەقڵ و زانست.

٦- ئیلحادی دەروونی (الإلحاد النفسي): ئەم جۆرە ئیلحادە عەقڵی و فیکری و زانستی و فەلسەفی نیە، بەڵکو شتێکی دەروونییە و، کەسەکە دەروونی تێکچووە و بە دوای وەسوەسە کەوتووە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (شەیتان دێتە لای هەر یەکێك لە ئێوە و دەڵێت: کێ ئەوەی دروستکردووە؟ کێ ئەوەی دروستکردووە؟ تا دەڵێت: ئەی کێ خودای دروستکردووە؟ ئەگەر گەیشتنە ئەم حاڵەتە پەنابگرن بەخودای گەورە، وازی لێبێنن)[1].

٧- ئیلحادی تەقلیدی شوێن کەوتوویی یان ئیلحادی نەزانین (الإلحاد التقليدي): ئەم جۆرە ئیلحادەش نە فیکری و نە عەقڵی و نە زانستی و نە.....، بەڵکو لەسەر بنەمای شوێن کەوتنی کوێرانە و نەزانین و بێ زانستی دامەزراوە، کە کەسەکە هەر بەدوا کەوتووە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی پێبێ و هیچ بزانی لەم بیروباوەڕەی خۆی.

٨- ئیلحادی فەلسەفی (الإلحاد الفلسفي): ئەم جۆرە ئیلحادە فەلسەفە بەکاردەهێنێ بە قوتابخانە جیاوازەکانیەوە، بۆیە دەبینین هەر لە کۆنەوە لە سەردەمی یۆنانەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەندێ فەیلەسوف هەبوون کە بڕوایان بە خودا نەبووە بۆ نمونە(دیمۆکریتس، ئەپیکۆر، نیچە، ماركس،.....).

---

(١) بوخاری (٣٢٧٩)، موسلیم (١٣٤).

٩- ئیلحادی ئاشکرا (الإلحاد العلني): ئەم جۆرەیان واتە ئاشکرایە و، خاوەنەکانیان بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکەن، دەڵێن بڕوامان بە (خوداو.....) نیە.

١٠- ئیلحادی شاراوە(الإلحاد السري): ئەم جۆرەیان نهێنییە و، خاوەنەکانیان بانگەشەی بۆ ناکەن و دەرێناخەن، جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت.

١١- ئیلحادی، کۆمەڵایەتی (الإلحاد الاجتماعي): ئەم جۆرەیان لە باگراوەندێکی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە، واتە ئیلحادێکی عەقڵی و زانستی و فەلسەفی نیە، بەڵکو دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە پێی وایە کۆمەڵگە دەبێ دووربێ لە ئایین و خودا ئەوجا پێشدەکەوێ، کە دیارە ئەمەش لە پەرچەکرداری (رد الفعل)ی هەڵسوکەوتی کڵێسا و پیاوانی ئایینی مەسیحیەتەوە سەری هەڵداوە، بۆیە زۆر جار مولحیدەکانی خۆشمان دەڵێن: هەتا کۆمەڵگە دانەڕنین لە ئایین پێش ناکەوین وەك ئەوروپا کە نەیانتوانی پێش بکەون هەتاوەکو دەستبەرداری ئایین بوون، کە دیارە ئەمەش قیاسی مەشکە لەسەر کەشك (قیاس مع الفارق) چونکە خۆ ئیسلام نە دژی عەقڵە و نە زانست و نە فیکر و نە زانا و نە بیرمەند، بەڵکو هانی ئەمانە دەدات و زەمی کەسێك دەکات کە عەقڵ بەکار ناهێنێت هەروەك لە قورئاندا خودای گەورە زەمی کەسانێك دەکات و دەفەرموێت: تێڕانامێنن و بیرناکەنەوە.

١٢- ئیلحادی ئەنسرۆپۆلۆژی، مرۆڤناسی (الإلحاد الأنثروبولوجي): ئەنسرۆپۆلۆژی واتە: زانستی مرۆڤناسی، ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لە مرۆڤ و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە و مرۆڤ و مرۆڤایەتی کۆن و تازە دەکات، ئەم جۆرە ئیلحادە بە حیسابی خۆی کە توێژینەوەی کردووە، بۆی دەرکەوتووە کە ئایین بەرهەمی یەکێ لە مانەیە:

١- مارکسییەکان دەڵێن: ئایین و خودا داهێنراوی سەرمایەدارەکانە بۆ چەوساندنەوەی چینی هەژار، بۆ ئەوەی بە ناوی ئایین و خوداوە بەکاریان بێنن و بیانچەوسێننەوە و لێیان بەهرەمەند بین.

٢- هەندێکی تر دەڵێن: خودا و ئایین بەرهەم و زادەی ترسن، دەڵێن: پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ لە ترسی لافاو و بورکان و هەورە تریشقە و بروسك و

گێژەڵوکە و باران و بومەلەرزەو.....، پەنای بردۆتە بەر ئەودیو سرووشت و خودا و بڕوای وا بووە کە خودایەك یان چەند خودایەك هەن کە بتوانن ڕزگاری بکەن، واتە بەم پێیەش بێ مرۆڤ خودا و ئایینی دروستکردووە.

٣- هەندێکی تر دەڵێن: خودا و ئایین لە ئەنجامی نەزانییەوە سەریان هەڵداوە، بۆ نموونە کاتێ مرۆڤ دیاردەیەکی سروشتی بینیوە، هەوڵی داوە هۆی پەیدابوونی بدۆزێتەوە، جا کاتێك نەیتوانیوە هۆیەکەی بدۆزێتەوە، پەنای بردۆتە بەر ئەودیو سروشت و هێزێکی دەرەکی ئیتر خودا و ئایین بەم شێوەیە پەیدابوون و هاتوونە ناو کۆمەڵگە و مرۆڤایەتییەوە.

٤- هەندێکی تر دەڵێن: خودا و ئایین بە پاڵنەری جنسی (سێکس) پەیدابوون، وەك فرۆید کە هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ جینس و ئارەزوو.

٥- هەندێکی تر دەڵێن: خودا و ئایین پیاوانی ئایینی و کاهینەکان دایانهێناوە، بۆ چەوساندوەی خەڵك و سوود وەرگرتن لێیان.

٦- هەندێکی تر دەڵێن: خودا و ئایین لە ئەنجامی ئەوەوە پەیدا بوون، کە مرۆڤە سەرەتاییەکان خۆیان پەیوەست کردووە بە ڕۆحی مردووەکانەوە کاتێ هەندێکیانیان بینیون لە خەودا وایانزانیوە کە ئەو ڕوحانە دەسەڵات و کاریگەرییان هەیە بەسەر ژیانی دونیادا، بۆیە هەوڵی ڕازی کردنیان داون بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە زەرەر و زیانیان و لەپاشاندا هەندێ درووشمی دیاریکراویان داهێناوە، وە قوربانییان بۆ کردوون، بە هیوای ئەوەی یارمەتییان بدەن و خۆشبەختیان بکەن و بیانپارێزن، بۆیە بەم پێیە ئایین سەرچاوەکەی بریتییە لە عیبادەت کردن بۆ پێشینان و مردووان.

٧- هەندێکی تر دەڵێن: خودا و ئایین دەستکردی کۆمەڵگەن، ئەوە کۆمەڵگەیە خودا و ئایینی دروستکردووە، کە کۆمەڵناسی فەرەنسی (دۆرکهایم) بە دامەزرێنەری ئەم بیردۆزەیە دادەنرێت.

١٣- ئیلحادی هەستەکی، هەستگەرا، (الإلحاد الحسي): ئەم جۆرە ئیلحادە بڕوای بە هیچ شتێك نیە کە نەکەوێتە بەر پێنج هەستەکە، بۆ نموونە دەڵێن: ئێمە نە خودا

دەبینین نە گوێیان لێیەتی نە بۆنی دەکەین نە تامی دەکەین نە بەدەست لێدانیش دەتوانین هەستی پێبکەین کەواتە نیە، بەو پێیە بێت نابێ بڕوایان بەعەقڵ و فیکر و خۆشەویستی و...، بێت، چونکە ئەوانەش ناکەونە بەر پێنج هەستەکە.

١٤- ئیلحادی نەبوونی وێناکردن و تەصەوڕ (الحاد عدم التصور): ئەم جۆرە تەنها بەڵگەی لەسەر نەبوونی خودا وێنانەکردن (تەصەوڕنەکردن)ە، کە دەڵێن: ناتوانین وێنای (تەصەوڕی) خودا بکەین، یان ناتوانین تەصەوڕی خودایەك بکەین کە دروستکەری نەبێت، یان هەر بوو و ئەزەلی بێت، یان ناتوانم تەصەوڕی خودایەك بکەم زانستی بە هەموو شتێك هەبێ و ئاگای لە هەموو شتێك هەبێت، یان.....

١٥- ئیلحادی ئارەزووبازی (إلحاد الشهوات): ئەم خۆرە ئیلحادە سەرچاوەکەی شەهوەت و ئارەزووبازییە، کە ئەم کەسە بۆ ئەوەی خۆی ئازادکات و لە چوارچێوەی دین و حەڵاڵ و حەرام بێتە دەرەوە، خۆی دەخاتە بازنەی ئیلحاد و دەڵێت: باوەڕم بەخودا و ئایین نییە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە هەموو بەربەستە ئەخلاقی و ئایینیەکان ببەزێنێ و شەهوەت و ئارەزووی خۆی تێر بکات بە هەموو ڕێگایەك.

١٦- ئیلحادی تۆمەت بەخشینەوە (إلحاد الشبهات): ئەم جۆرە ئیلحادە پشت بە تۆمەت بەخشینەوە و گومان دروستکردن دەبەستێت، لەسەر خودا و پێغەمبەر(ﷺ) و قورئان و.....، وە زۆر جار کەسەکە بووە بە مولحید بەهۆی ئەم تۆمەتە بێ بنەمایانەوە، کە دیارە بەدواداچوونی بۆ نەکردووە و لێکۆڵینەوەی بۆ نەکردووە و کوێرانە بەدوای کەوتووە.

١٧- ئیلحادی خودایەکی تر (إلحاد إله آخر): ئەم جۆرە ئیلحادە دەڵێت: من چوزانم ئەو خودایەی ئێوە باوەڕتان پێیەتی عیبادەتی بۆ دەکەن و خۆشتان دەوێ و دەڵێن ڕۆزیدەرە و شیفاهێنە و.....، کێ دەڵێ خودایەکی تر ئەم کارانە ناکات یان چەند خودایەك ئەم کارانە ناکەن بەیەکەوە.

١٨- ئیلحادی خودایەکی زاڵم (إلحاد الإله الظالم): ئەم جۆرە ئیلحادە هەر لە کۆنەوە هەبووە،

کە باسمان کرد کە (ئەپیکۆر) فەیلەسوفی یۆنانی هەندێ گومانی وروژاند لەسەر خوداو هەبوونی خراپە و شەڕ، ئەوان پێیانوایە کە ئەو هەموو نەهامەتی و ناخۆشی و نەخۆشی و تەنگ و چەڵەمە و دیاردە سرووشتیانە وەك بورکان و بومەلەرزە، وە هەروەها سزادانی خەڵکی لە دۆزەخ، دەڵێن: دیارە ئەو خودایە زۆر زاڵمە و زۆر بێ ڕوحمە ئەگەر نا چۆن دەبێ ئەو شتانە ڕووبدەن لە ژێر دەستەڵاتی خودادا ؟!

وە دەڵێن نابێ خوداش زاڵم بێ، کەواتە خودا هەر لە بنەڕەتەوە بوونی نیە.

١٩- ئیلحادی ناوبانگ (إلحاد الشهرة): ئەم کەسەی هەڵگری ئەم جۆرە ئیلحادەیە مەبەستی تەنها خۆ دەرخستن و ناوبانگ و جیاواز بوونە لەناو خەڵك، ئەگەرنا زۆر کات هیچ بەڵگەیەك ناخاتەڕوو لەسەر بیروڕاکانی و ناتوانێ بەرگرییان لێبکات.

٢٠- ئیلحادی ئەدەبی (الإلحاد الأدبي): ئەم جۆرە ئیلحادە، بۆ سنوور بەزاندن و چونە دەرەوەیە لە هەموو کۆت و بەند و سنوورە ئەخلاقی و ئایینییەکان و وروژاندنی غەریزەکان بە ڕێگەی جیاواز، تا وای لێدێت هیچ پیرۆزیەك نامێنێ، تا دەگاتە ئەوەی نکۆڵی لە بوونی خودا دەکەن و گومان دەخەنە سەری ئەمەش لە ڕێگەی هۆنراوە و پەخشان و ئەدەب، بۆیە لە کۆمەڵگەی خۆشمان هەندێ بەناو شاعیر دەبینین کە هیچ سنوورێکیان نەهێشتۆتەوە و ئیلحادەکەیان لە ڕێگەی ئەدەب و شیعرو پەخشان بڵاودەکەنەوە، زۆر جاریش بەشێوەی خوازەیی (مجازی) و ناڕاستەوخۆ.

٢١- ئیلحادی نازانم (الإلحاد اللا أدري): هەڵگرانی ئەم جۆرە ئیلحادە ناتوانن بڕیاری بوونی خودا بدەن، وە ناشتوانن نەفی بکەن، دەڵێن: نە دەڵێین هەیە نە دەڵێین نیە، بەڵکو دەڵێین: نازانین.

٢٢- ئیلحادی گرینگی پێنەدەر (الإلحاد اللا إكتراثي): ئەم جۆرە ئیلحادە پێیوایە بابەتی بوونی خودا یان نەبوونی خودا جێی گرینگی پێدان نیە، پێویست ناکات بڕوامان پێی بێت، چونکە هەر شتێك بەرهەست و سوود بەخش و بەرچاو نەبێ شایستەی

گرینگی پێدان نیە.

٢٣- ئیلحادی بەرژەوەندیخواز (الإلحاد المصلحي): ئەم جۆرە ئیلحادە مەبەستی سەرەتا و کۆتایی بەدەستهێنانی سوود و قازانجێکی دونیایی و بەرژەوەندییە، بۆ نمونە بەدەستهێنانی پەگەزنامەی وڵاتانی ئەورووپی یان کارکردن بۆ هێزێکی دیاری کراو بە پارە یان ... .

٢٤- ئیلحادی عاطیفی و هەڵچوو (الإلحاد العاطفي والانفعالي): ئەم جۆرە ئیلحادە لەسەر هیچ بنەمایەك دانەمەزراوە، بەڵکو پاڵنەری عاطیفی یان تووڕەبوون و هەڵچوون لە کەسێکی دیندار یان زانایەك یان حیزبێکی ئیسلامی یان هەڵە تێگەیشتن لە دەقێك گەیشتووە بەوەی نکۆڵی لە هەموو شتێك بکات بە خوداشەوە.

٢٥- ئیلحادی گوماناوی (الإلحاد الشكي): هەڵگری ئەم جۆرە ئیلحادە گومانی لەبوونی خودا هەیە، بۆیە زۆر جار دەڵێ: (٥٠٪) بڕوام بەخودا هەیە، زۆر جار دەڵێ: (٨٠٪) بڕوام پێیەتی، جاری واش هەیە دەڵێ: (٢٠٪) باوەڕم پێیەتی بەڵام (٨٠٪) گومانم لەسەری هەیە.

٢٦- ئیلحادی دووڕوویی (الإلحاد النفاقي): هەڵگری ئەم جۆرە ئیلحادە دووڕووە خۆی بە مولحید پیشان نادات، بەڵکو خۆی بە باوەڕدار پیشاندەدات، بەڵام لە ناخیدا بێ باوەڕە، ئیلحادەکەی شاردۆتەوە لەبەر بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و.....

٢٧- ئیلحادی کاتی (الإلحاد المؤقت): ئەوەش جۆرێکی تری ئیلحادە، کە کەسەکە ماوەیەك دەبێتە بێ باوەڕ و مولحید و سەرلێ شێواو بەڵام دواتر دێتەوە سەر باوەڕ و دەبێتەوە باوەڕدار، وەك (ئەنتۆنی فلۆ) فەیلەسوفی گەورەی بەریتانی کە لە سەرەتادا بێ باوەڕ بوو دواتر سێ کتێبی لەسەر ئیلحاد نووسی و زیاتر لە (٥٠) ساڵ مولحید بوو وە بە ڕابەرێکی گەورەی ئیلحاد دادەنرا لە ئەورووپا، بەڵام پاشان باوەڕی هێناو بوو بە باوەڕدار و کتێبێکی نووسی بەناوی (خودایەك هەیە) .There is a God

٢٨- ئیلحادی گەڕاو بە دوای ڕاستیدا (الإلحاد الباحث عن الحق): هەڵگری ئەم جۆرە

ئیلحادە، دەڵێن: بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن و هەتاوەکو ئێستا نەگەیشتون پێی، بۆیە هەندێکیان لە کۆتاییدا دەبنە باوەڕدار هەندێکیشیان بە مولحیدی سەر دەنێنەوە.

٢٩- ئیلحاد لە خودایەتیدا (الإلحاد في الإلهيات): ئەم جۆرە ئیلحادە بریتییە لە لادان لە مفهومی ڕاستی خودای گەورە، بە شێوەیەك کە کەسەکە یان یەکسانی دەکات بەگەردوون و دەڵێ: خودا و گەردوون و سروشت یەك شتن، یان خودای گەورە دەچوێنێ بە یەکێك لە دروستکراوەکانی، یان خودای گەورە دەکات بە جیسم و جەستەی وەك مرۆڤی بۆ بڕیار دەدات، یان نەفی سیفاتەکانی خودا دەکات و دەڵێ: خودا زاتێکی ڕووت و موجەڕەدە، یان خودا وەسف دەکات بە هێزێك یان ڕوحێك یان نورێك، یان لە پاڵ خودادا چەند خودایەکی تر بڕیار دەدات وەك: خودای خێر و خودای شەڕ، خودای ڕووناکی و خودای تاریکی، یان خودای زەوی و خودای ئاسمان، یان خودای دونیا و خودای دواڕۆژ.

٣٠- ئیلحاد لە پێغەمبەرایەتیدا (الإلحاد في النبوات): ئەم جۆرە ئیلحادە لە پێغەمبەرایتیدا تێکەوتووە و لایداوە، کە یان ئەوەتا نەفی پێغەمبەرایەتی و پەیوەندی نێوان خودا و پێغەمبەر دەکات، یان پێی وایە پێغەمبەرایەتی شتێکە مرۆڤ بە هەوڵدان دەتوانێ پێی بگات و بەدەستی بهێنێن واتە: (اکتساب) یە، هەر ئەم لادانەیە (أبوبکری ڕازی و ئیبن و ڕاوەندی و.....) پێی وەسفکراوە، کە دیارە ئەمانە نەفی پێغەمبەرایەتیان کردووەو بڕوایان پێی نەبووە.

٣١- ئیلحاد لە شتە بیستراوەکان (الإلحاد في السمعيات): ئەم جۆرە ئیلحادە بریتییە لە بڕوا نەبوون بەو شتانەی کە بە بیستن پێمان گەیشتوون عەقڵ دەرکیان ناکات و ناتوانێ بیانزانێ، وەك فریشتەکان و جیننەکان و هەبوونی دۆزەخ و بەهەشت و.. هتد.

٣٢- ئیلحاد لە ئەخلاق و سلوك (الإلحاد في الأخلاق والسلوك): ئەم جۆرە ئیلحادە هیچ بەهایەك بۆ ئەخلاق دانانێت، پێیوایە ئەخلاق نسبی و ڕێژەییە و بەپێی کەس و شوێن و کات و بارودۆخ دەگۆڕێت و هیچ بنەما و ئەساسێکی نیە، ئەوە مرۆڤ و

کۆمەڵگەیە ئەخلاق دروستدەکەن و سنوری بۆ دادەنێن، بۆیە زۆر پێیان ئاساییە لە هەموو بنەما ئەخلاقیەکان لابدەن و پەیوەست نەبن بە هیچ ئەخلاقێکەوە، چونکە پێیانوایە مرۆڤیش وەک زیندەوەرانی تر و دەتوانێ هەموو شتێك بکات بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی و بەدەست هێنانی سوود و قازانج و بەرژەوەندی.

٣٣- ئیلحاد لە شەریعەی ئیسلامی (الإلحاد في الشريعة الإسلامية): ئەم جۆرە ئیلحادە بڕوای بە شەریعەی ئیسلامی و سەرچاوەکانی هەڵێنجانی شەریعەی ئیسلامی (أصول الفقه) وە فیقهی ئیسلامی نیە و پێیانوایە شەریعەت بە عیبادات و معاملاتەوە هەمووی قابیلیەتی دەستکاری کردن و لابردن و زیادکردن و کەمکردن هەیە، وە تەحریف و تەئویلی بێ بنەما دەکەن بۆ دەقەکان و هیچ شتێك لایان قەطعی نیە هەموو شتێك قابیلیەتی تەئویل و دەستکاری و تەعدیل و زیادکردن و کەمکردن دەکات، هەتا زۆرێکیان دەستیان بردووە بۆ نوێژ و حەج و زەکات و ڕۆژوو، وەتەئویلی پوچ و باطیل و لادەریان بۆ کردوون، کە بەشێوەك هیچ پەیوەندی بە خودی ئەو شتانەوە نەمێنێ، وە لە بابەتی موعامەلات و نیکاح و ئەوانەشدا بە تەواوەتی هەموو سنوورێکیان شکاندووە و بەزاندووە، بە شێوەك کە ڕیبا و نێربازی و.. هتد. حەڵاڵ کردووە، هەروەها بڕوایان بە هیچ کام لە ئەحکامەکانی دزی و زینا و کوشتن و بوختان و.. هتد. نەماوە و تەئویلی پوچ و باطیڵی بۆ دەکەن، وە لە بواری سیاسی و ئابووریشدا بڕوایان وایە کە ئایین بە هیچ شێوەك بۆی نییە دەست بخاتە ئەم بابەتانەوە، وە ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە باسمان کرد زۆر جار هەڵگرانی ئەم بیروڕایانە خۆیان بە موسوڵمان دەزانن و بانگەشەی موسوڵمان بوون دەکەن.

٣٤- ئیلحاد لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) (الإلحاد في السنة النبوية): ئەم جۆرەیان بریتییە لە نکۆڵی و ئینکاری لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەتەواوی، بە هیچ شێوەیەك بڕوایان بە سوننە نییە و دەڵێن: قورئان سەرچاوەی سەرەکی و سەرەتا و کۆتاییە، کە دیارە لەم بانگەشەیاندا ڕاست ناکەن و زۆر شت لە قورئانیشدا ڕەتدەکەنەوە، کەواتە ئەوانە، بڕوایان وایە کە پێغەمبەر (ﷺ)، کاری بەس گەیاندنی قورئانە

و بەس، بە هیچ شێوەیەك بۆی نیە شتێك زیادبكات لەسەر بڕیارەكانی قورئان، بەڵكو كاری گەیاندنی قورئانە بەبێ كەم و زیاد، هەندێكی تریان بۆیە بڕوایان بە سوننە نییە، چونكە دەڵێن: سوننە پارێزراو نییە و خودای گەورە بەڵێنی پاراستنی سوننەی نەداوە و سوننە یان فەوتاوە یان هەڵبەستراوە، سبحانك هذا بهتان عظیم.

٣٥. ئیلحادی ڕۆحی: (ئیلحادی ڕۆحی) بزوتنەوەی سەردەمی نوێ (حركة العصر الجدید) بریتییە لەتەبەننی كردنی فەلسەفەی وەحی و باطینی و ڕۆژهەڵاتی و یۆنانی و هەموو ڕەوت و گروپە باتنیەكان و فەلسەفەی بێباوەڕی و ئیلحادی، كەباوەڕیان بە (وحدة الوجود) و هێزی گەردوونی هەیە و باوەڕیان بەخوا و پێغەمبەر و وەحی و ئاین و ئەخلاق نییە، وە دوایی دێن ئەو فەلسەفە ئیلحادییە وەحیە جێبەجێ دەكەن و تێكەڵی دەكەن بە:

١- پەرەپێدانی مرۆیی و خود.

٢- ڕێككردنی جەستە و لاشە و ڕجێم.

٣- ئاسوودەیی و خۆشبەختی و بەختەوەری و ئازادی و..... .

٤. یۆگا.[١]

---

(١) بڕوانە كتێبەكەمان: ئیلحاد وەك خۆی، صلاح الدین أحمد، ٣٤ _ ٤٦.

لە یاد خستنەوە بەردەوامبە

● ﴿ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ﴾ ● الأعلى: ٩

(کەواتە تۆ ئیتر لەسەر یاد خستنەوە و یاداوەری ئەو کەسانە بەردەوام بە کە سوودیان وەرگرتووە و ئامادەن زیاتر تێبگەن).

بیرهێنانەوە بۆ هەموو کەسێك گرینگە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە سوود وەردەگرن و ئامادەن تێبگەن و پێبگەن زەرورتر.

سەرفراز کێیە؟

● ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴾ ● الأعلى: ١٤

(بێگومان ئەو کەسە سەرفرازە کە دەروونی خۆی پاك ڕاگرتووە).

پاك ڕاگرتنی دەروون بۆیە ئەوەندە باسی لێوەکراوە و گرینگی پێدراوە لە قورئاندا چونکە کە دڵ و دەروون پاك بوو ڕەنگدانەوەی ڕاستەخۆ و خێرای دەبێت لەسەر گوفتار و ڕەفتار، بەمەش سەرفرازی دونیا و دواڕۆژ دەبێت و خۆی و دەوروبەریشی دەحەسێنێتەوە.

هیچ که‌س نیه چاودێری نه‌بێت

●﴿إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ﴾ ● الطارق: ٤

(هیچ که‌س نیه چاودێری نه‌بێت، (سه‌ره‌تا خودا چاودێری هه‌مووانه، فریشته‌کانیشی کردووه به چاودێر و پارێزه‌رمان)).

که‌واته بێگومان مرۆڤ که به حه‌قیقی زانی چاودێری به‌سه‌ره‌وه‌یه خۆی ده‌پارێزێت و مافی خودا و مرۆڤیش پێشێل ناکات و سنووره‌کانیشیان نابه‌زێنێت.

سه‌ره‌نجامی کۆششی مرۆڤ

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ﴾ ● الانشقاق: ٦

(ئه‌ی ئینسان به‌ڕاستی تۆ خۆت زۆر ماندوو ده‌که‌یت، زۆر په‌نج و زه‌حمه‌ت ده‌کێشیت، سه‌رئه‌نجامیش ده‌بێ بگه‌ڕێیته‌وه بۆ لای په‌روه‌ردگارت (تا پاداشتی په‌نج و هه‌وڵه‌که‌ت وه‌ربگریت)).

پاداشت له‌دوای نییه‌تی پاك به ئه‌ندازه‌ی ماندووبوونه و که‌س ماندووبوونه‌کانی به‌هه‌ده‌ر ناڕوات، وه ئه‌گه‌ر کار و کرده‌وه‌ی باشی کردبێت ئه‌وه پاداشت ده‌درێته‌وه، ئه‌گه‌ر کار و کرده‌وه‌ی خراپی کردبێت سزا ده‌درێت.

سزای توند بۆ تەرازووبازەکان

● ﴿ وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ ﴾ ● المطففين: ١

(هاوار و ئاە و نالّە و سزا بۆ تەرازووبازەکان، بۆ ئەوانەی کە لە کێشان و پێواندا لە کڕین و فرۆشتندا تەرازوو بازی و فێڵ دەکەن یان لە نرخ و بەهای شتی خەڵك کەم دەکەنەوە (یان لە هەڵسەنگاندنی خەڵکیدا ڕاست نالێن)).

پاداشتی چاکەکاران

● ﴿ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٖ ﴾ ● المطففين: ٢٢

(بەڕاستی چاکان و خوداناسان لەناو ناز و نیعمەتدا ژیانی خۆشی و شادی دەبەنە سەر).

کەواتە چاکەکاران پلەیەکی گەورەیان هەیە هەم لە دونیا و هەم لە قیامەتدا، چاکە ئەوەیە لە سەرەتادا لەگەڵ خۆتدا چاك بیت، دوایی لەگەڵ خەڵك و دەوروبەردا، دەبێت چاك بوون لە خوددا بەرجەستە ببێت ئینجا دەپڕژێتە دەوروبەر.

تەرازووی قورس

● ﴿فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ ● القارعة: ٦

(ئەوەی تەرازووی خێری سەنگین و قورس بێت).

﴿فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ﴾ القارعة: ٧

(ئەوە لە بارودۆخێکی خۆش و ئاسوودەدا ژیان دەباتە سەر و زۆر پێی ڕازیە).

تەرازوو قورسی بە کردەوەی پاک و چاک و زۆر دەستەبەر دەبێت، دیارە ئەگەر کردەوەکانیش پاک و چاک و زۆر بوون تەرازووەکەی قورس دەبێت و سەرنجامیش ڕەزامەندی خودای گەورە و ژیانێکی ئاسوودە بەدەست دەهێنێت.

تەرازووی سووک

● ﴿وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ ● القارعة: ٨

(ئەوکەسەی تەرازووی (خێر و چاکەی) سووک بێت (گوناهی زۆر بێت)).

﴿فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ﴾ القارعة: ٩

(ئەوە شوێنی ئەو دۆزەخە).

باوەڕداری کردەیی

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ﴾ ●

البينة: ٧

(بێگومان ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، هەر ئەوانەن چاکترین و پاکترینی خەڵکانی سەر زەوین).

کەواتە باشترین بە دوو شت دێتە دی:

١. ئیمان و فیکر و بیر و باوەڕێکی ڕاست و دروست.

٢. کار و کردەوەی باش و چاک.

کەواتە ئیمان و کار و کردەوەی باش تەواوکەری یەکترن و بەبێ یەکتری وەک داری بێ بەرن.

هەتیو مەچەوسێنەرەوە و دڵی مەڕەنجێنە

● ﴿فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ﴾ ● الضحى: ٩

(هەتیو مەچەوسێنەرەوە و دڵی مەڕەنجێنە).

هەتیو و بێ باوک دەبێت زۆر دڵیان ڕابگیردرێت، چونکە نازهەڵگر و پشتیوانیان لەدەست داوە، دەبێت دەوروبەر ببنە باوک بۆی و نەهێڵن هەست بە بێ باوکی بکات، چ جای ئەوەی کە زوڵمیان لێبکرێت.

هەڵمەشاخێ بە هەژار و داماو و سوالّکەراندا

● ﴿وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ﴾ ● الضحى: ١٠

(هەڵمەشاخێ بە هەژار و داماو و سوالّکەراندا).

هەژار و داماو و سوالّکەرانیش دەبێت مامەڵەی جوانیان لەگەڵدا بکرێت ،و یارمەتی بدرێن، خۆ ئەگەر نەشتوانی یان نەتەوێت یارمەتیان بدەیت ئەوە هەڵمەشاخێ پێیانەوە و هەستیان بریندار مەکە و ئازاریان مەدە.

بەوەفا بە بەرانبەر نیعمەتەکانی خودا

●﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾ ● الضحى: ١١

(دەربارەی ناز و نیعمەتەکانی پەروەردگارت هەمیشە بدوێ و باسیان بکە لە جێی خۆیاندا بەکاریان بهێنە).

وەفا و پێزانین یەکێکە لە جوانترین سیفەت و خوڕەوشتە جوانەکان، دیارە لە پێشترین کەسیش کە وەفامان بەرانبەری هەبێت خودای گەورەی خاوەن هەموو نیعمەت و بەخششەکانە، ئەویش بەشێکی بەوە دەبێت هەست بە نیعمەکانی بکەین و باسیان بکەین و لەبەرچاویان بگرین و لەبیریان نەکەین و سوپاس گوزاربین لەسەریان.

بەخشندە و پارێزکار و بەڕاستدانەر

● ﴿فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَٱتَّقَىٰ﴾ ● اللیل: ٥

(جا ئەوەی (ماڵ و سامان و زانستی و... هتد) دەبەخشێت و پارێزکار و لە خوداترسە،..).

● ﴿وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ﴾ ● اللیل: ٦

(بڕوای بتەوی بە پاداشتی چاك و بەنرخی خودایی هەیە...).

● ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ﴾ ● اللیل: ٧

(ئەوە ڕێگەی چاکە و چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام دەیخەینە خێر و خۆشیەوە).

کەواتە بەخشین و خۆپارێزی، دوایی بڕوابوون بە پاداشتکەی دەبێتە هۆی هیدایەت و چوون بەرەو کاری چاك و ڕێ ئاسانی بەرە و خودا و هەموو شتێکی باش و چاك، بەخشینی ماڵ و سامان و زانست و... دەبێتە هۆی بەرەکەت و زیاد دەکەن و کەم ناکەن، وە لە دواڕۆژیشدا دەبێتە هۆی سەرفرازی و ڕەزامەندی خودای گەورە.

ڕەزیل و خۆبێنیازکەر و بەدرۆخەرەوە

● ﴿وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ﴾ ● اللیل: ٨

(بەڵام ئەوەی ڕەزیل و دەست نوقاو بێت و خۆی بێ نیاز بزانێت (ڕەزامەندی خودایی مەبەست نەبێت)...).

● ﴿وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ ● اللیل: ٩

(بڕوای نەبێت بە پاداشت و بەهرەی چاکی خودایی و بە درۆی بزانێت...).

● ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ﴾ ● اللیل: ١٠

(ئەوە ئێمە ڕێبازی تەنگانە و ناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین).

کەواتە ڕەزیلی و دەست نووقاوی و نەبەخشین و خۆ بێ نیاز نیشاندان و بڕوانەبوون بە پاداشتی خودایی دەبێتە هۆی نەهامەتی لە دونیا و دواڕۆژدا و لە هیچیاندا ناحەسێتەوە.

سەرفرازی ڕاستەقینەی ئێرە و ئەوێ

● ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴾ ● الشمس: ٩

(بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاك و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خودای تیادا ڕواندووە).

کەواتە پاك کردنەوەی دڵ و دەروون و بەخۆداچوونەوە و خۆپارێزی یەکسانە بە سەرفرازی دونیا و قیامەت.

نائومێدی ئێرە و ئەوێ

● ﴿ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴾ ● الشمس: ١٠

(بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی نەفسی خۆی ناپوخت کرد و ئاڵودەی گوناە و تاوان و خراپەی کرد).

بە دڵنیاییەوە ئەو کەسەی نەفسی خۆی ناپوخت بکات و ئاڵودەی گوناە و تاوان و خراپەی بکات دەدۆڕێت و خەسارەتمەندی دونیا و دواڕۆژدەبێت، چونکە کە نەفس و دڵ و دەروون و ناخ پیس بوو کار و کردەوە و گوفتار و ڕەفتاڕیش پیس دەبن و خۆی و خەڵکیش بە هەلاك دەبات.

سزای ستەمکاران

● ﴿وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمَۢا﴾ ● الإنسان: ٣١

(خودای گەورە سزای بەئێشی ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران).

قورئان پڕیەتی لە هەڕەشە و سزا بۆ ستەمکاران و زاڵمان، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە زوڵم هەر زوڵمی سەرکردە و دەستەڵاداران نییە ـ هەرچەندە هی ئەوان لە هەمووی گەورەترە چونکە زوڵمەکەیان گەورەیە و زۆربەی خەڵکی دەگرێتەوە ـ بەڵکو زوڵمی باوك و دایك لە ڕۆڵەکایان یان هی ئەوان لە دایك و باوکیان یان برا لە خوشك یان... ئەمانەش دەگرێتەوە.

پەروەردگارت بە گەورە ناوببە

● ﴿وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ﴾ ● المدثر: ٣

(پەروەردگارت بە گەورە ناوببە (الله اکبر، با دروشمت بێت، مەزنی ئەو زاتە ڕوون بکەرەوە)).

یەکێك لە ئەرکەکانی بڕوادارانی بریتیە لە بەگەورەدانانی خودای گەورە و ڕوونکردنەوەی گەورەییەکەی، لە پاشاندا ڕەنگدانەوەی بەسەر دڵ و دەروون و گوفتار و ڕەفتاردا، چونکە وەك وتراوە نابێت بڕوانینە بچوکی گوناە و تاوان بەڵکو دەبێت بڕوانینە گەورەیی ئەوکەسەی کە ئەوەمان بەرانبەری کردووە.

منەت مەکە

● ﴿وَلَا تَمۡنُن تَسۡتَكۡثِرُ﴾ ● المدثر: ٦

(منەت مەکە (بەسەرا کەسدا) چاکە و بەخشینەکانت بە زۆر مەزانە لە کاتێکدا بەتەمای زیاتر بیت).

منەتکردن کار و کردەوە بەتاڵ دەکاتەوە و دڵ و دەروون تێك دەدات و خودا و خەڵك دەڕەنجێنیت و هیچ بەهایێك بۆ کاری باش و چاك ناهێڵێتەوە، بۆیە نابێت بە هیچ جۆرێك مرۆڤ لێی نزیك ببێتەوە.

بەردەوامی

● ﴿وَأَلَّوِ ٱسۡتَقَٰمُواْ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسۡقَيۡنَٰهُم مَّآءً غَدَقٗا﴾ ● الجن: ١٦

(جا ئەگەر ئەو خەڵکە ڕێگەی ئیسلامەتی و دینداری بگرنە بەر ئێمە بارانی پڕ بەرەکەتیان بەسەردا دەبارێنین).

ئیستیقامە و بەردەوامی هۆی سەرفرازی و ڕزگاری بەرەکەتە، بەبێ بەردەوامی هیچ شتێك بە پایان ناگات.

مزگەوتەکان تایبەتی هی خودای گەورەن

● ﴿وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا﴾ ● الجن: ١٨

(دڵنیابن کە: مزگەوتەکان تایبەتی خودای گەورەن، دەبێت هەر ئەوەی تێدا بپەرسترێت و ناوی کەسی تر نەکرێتە شەریك و هاوتای ناوی ئەو).

مزگەوت شوێنی موناجاتە لەگەڵ پەروەردگاردا، شوێنی ڕووکردنە پەروەردگارە، هەر بۆیە نابێت لەوێدا غەیری ئەو بپرسترێت یان بانگی غەیری ئەو بکرێت.

پێغەمبەریش (ﷺ) هیچی بەدەست نیە

●﴿قُلْ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا﴾ ● الجن: ٢١

(ئەی محمد پێیان بڵێ: من هیچ جۆرە زەرەر و زیانێکم بەدەست نیە، هەروەها هیدایەتیش بەدەست من نیە).

کەواتە پێغەمبەر (ﷺ) بەو گەورەییە هیچی بەدەست نەبێت ئەی مامۆستا فڵان و شێخ فڵان چیان بەدەستە؟!، کەواتە هەرچی هەیە لە ژێر دەستەڵاتی خودادایە، هەر بۆیە دەبێت داواش هەر لە ئەو بکرێت، پەنا هەر بۆ ئەو ببرێت و خەڵك لە شەخس پەرستیەوە ئاڕاستە بکرێت بەرەو خودا پەرستی.

پەناگە هەر پەناگەی خودایە

● ﴿قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا﴾ ● الجن: ٢٢

(بڵێ: بەڕاستی من هەرگیز هیچ کەسێك لە خودا پەنام نادات و هەرگیز پەناگایەکم دەست ناکەوێت جگە لای خودا نەبێت).

کەواتە پەناگە پەناگەی خودایە ئەوەی تر هەمووی کاو بایە.

ئارامێکی جوان بگرە

● ﴿فَٱصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلًا﴾ ● المعارج: ٥

(کەواتە خۆگر و ئارامگربە بە شێوەیەکی جوان و چاك (لە بەرانبەر هەڵوێستی نادروستی خودا نەناساندا)).

ئارامگرتن ڕۆشنکەرەوەی ژیانە و نور و ڕوناکیە بۆ خۆت و دەوروبەرت، ئارامگری و دانبەخۆداگرتن سەرچاوەی هەموو سەرکەوتنەکانە، پەلەپەل و دانبەخۆدانەگرتن سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و ناخۆشیەکانە، ئارمگری لەسەر خوداپەرستی و بانگەواز و زانست پەیداکردن و زانست بەخشینەوە و هەژاری و نەدۆڕان بەرانبەر نەهامەتیەکان گرینگرتینی ئارامگرییەکانە.

سزای بێباوەڕان

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ﴾ ● التغابن: ١٠

(ئەوانەش کە بێ باوەڕ بوون و ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەیان بەدرۆزانی، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگرن و ژیانی نەبڕاوە تیایدا دەبەنەسەر، ئای کە سەرئەنجامێکی زۆر ناخۆش و نالەبارە).

کافربوون بەحەقیقەت و بەدرۆزانینی باجەکەی زۆر قورسە، ئەم یاسایە باسی دوو خەسڵەتی زۆر ناشیرین دەکات:

١. کافربوون، واتە شاردنەوەی حەقیقەت و ڕاستی و بێباوەڕبوون دوای تێگەیشتن و زانینن.

٢. بەدرۆدانانی حەقیقەت و بەڕاست دانەنانی.

فەرمانبەرداریی خودا و پێغەمبەرەکەی بە

● ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴾ ● التغابن: ١٢

(فەرمانبەرداریی خودا بکەن و فەرمانبەرداریی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) بکەن، جا ئەگەر پشت هەڵکەن و گوێرایەڵ نەبن ئەوە خۆتان زەرەر دەکەن، ئەگینا تەنها گەیاندنی ڕوون و ئاشکرایی پەیامەکەی، ئەرکی سەرشانی پێغەمبەرەکەمانە).

ئەم یاسایە باسی سێ بنەما دەکات:

١. فەرمانبەرداریی خودا واجبە.

٢. فەرمانبەرداریی پێغەمبەر (ﷺ) واجبە.

٣. کاری پێغەمبەران و بانگخوازان و زانایان تەنها ڕوونکردنەوەیە نەوەك تۆبزیکردن و زۆرلێکردن.

مالّ و سامان و ڕۆڵەکانیش تاقیکردنەوەن

● ﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ﴾ ●

التغابن: ١٥

(دڵنیابن که مالّ و سامان و ڕۆڵە و نەوەکانتان بۆ تاقی کردنەوەتانن، (ئەگەر لەو بوارانەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن)، خودای میهرەبان پاداشتی گەورە و و زۆری لە لایە بۆ خۆگر و لێبوردەکان).

بەڵێ مالّ و سامان و ڕۆڵە و نەوە بۆ تاقیکردنەوەن و لە بەرانبەریاندا هەم پاداشت دانراوە هەم سزا، بۆ نمونە پاداشت بۆ ئەوانەی جوان و پاك پەروەردەیان دەکەن، سزا بۆ ئەوانەی ناشیرین و خراپ پەروەردەیان دەکەن، وە هەروەها پاداشت بۆ ئەوەی مالّ و سامانەکەی لەکاری باشدا سەرف دەکات، سزاش بۆ ئەوانەی مالّ و سامانەکانیان لە خراپەدا سەرف دەکەن.

قەرز بدەن بە خودا

● ﴿إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ﴾ ● التغابن: ١٧

(ئەگەر قەرز بدەن بە خودا، بەشێوەکی چاك (مەبەست بەخشینی مالّ و سامانە لە پێناوە خودادا) ئەوە خودا چەند بەرابەری دەکات بۆتان، هەروەها لێتان خۆش دەبێت خودایش سوپاسگوزارە (لەسەر بەخشن کە هەر بەخششی خۆیەتی) و خۆڕاگرە (مۆڵەتی ڕەزیلەکانیش دەدات تا کاتی خۆی)).

خودای گەورە لەو یاسا قورئانیەدا قەرزدان بە بەندەکانی و بەکارهێنانی لە پیناو خودای گەورەدا بەقەرزدان بەخودی خۆی حیساب کردووە و ناوی بردوە، کەواتە زۆر زۆر گەورەیە.

ئەجەل دواناکەوێت

●﴿وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا ۚ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ ●
المنافقون: ١١

(ڕۆژی هەرکەسێك تەواو بوو، کاتی مەرگی هەر کەسێك هات، هەرگیز خودا دوای ناخات و مۆڵەتی بۆ تازە ناکاتەوە، خودایش زۆر ئاگایە بە هەموو ئەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن).

کەواتە تەمەن و ژیانیش لە ژێر دەستەڵاتی خودای گەورەدایە و هیچ کەسێك ژیانی خۆی لەدەست خۆی و ئەوانی تردا نیە.

قسه‌ی بێ كردار

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ﴾ ● الصف: ٢

(ئه‌ی ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕتان هێناوه بۆچی شتێك ده‌ڵێن و ئه‌نجامی ناده‌ن؟ بۆچی گوفتارتان دژی كردارتانه؟)

ئه‌و یاسا قورئانیه پڕیه‌تی له واقیعی موسڵمانان كه زۆرجار به‌س خه‌ریكی وته‌ی بێ كردارن، ئه‌وه‌ی ده‌یڵین ئه‌گه‌ر جێبه‌جێی بكه‌ن هیچ كێشه‌یه‌ك نامێنیت، به‌ڵام حه‌یف خه‌ریكی وته‌ی بێ كردار و تانه‌دانن له یه‌كتری له كاتێكدا خۆیان ئه‌وانه‌یان تێدان.

دۆزه‌خی و به‌هه‌شتی یه‌كسان نین

● ﴿لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۚ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ﴾ ● الحشر: ٢٠

((بێگومان) نیشته‌جێكانی دۆزه‌خ وه‌ك به‌هه‌شتیه‌كان نین، چونكه هه‌ر به‌هه‌شتیه‌كان سه‌رفراز و كامه‌ران و به‌خته‌وه‌رن).

بێگومان چونه به‌هه‌شت و دۆزه‌خ پێوه‌ر و ئه‌خلاقیات و مه‌رجی خۆی هه‌یه، هه‌ر بۆیه دادگه‌ری هه‌رگیز ئه‌وه قبوڵ ناكات وه‌كو یه‌كتری بن.

قورئان ئاسانە

● ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴾ ● القمر: ٣٢

(بێگومان ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ (خوێندنەوە و تێگەیشتن و) ئامۆژگاری وەرگرتن، جا ئایا کەسێك هەیە دەرکی حەقیقەت و ڕاستی بکات و پەندی وەرگرتبێت؟)

قورئان کتێبێکی وشك و موعەقەد و مەتەڵاوی و قورس نیە، کتێبیکی خەیاڵاوی و ئەفسانەیی نیە، هەموو کەسیك لێی تێدەگات، بەڵام کەسی خۆی دەوێت بیری لێبکاتەوە و لێی فیربێت و پەندی لێوەرگرێت.

تاوانبار گومڕا و شێتە

● ﴿ إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى ضَلَٰلٍ وَسُعُرٍ ﴾ ● القمر: ٤٧

(بەڕاستی تاوانبار و تاوانکاران لە گومڕایی و شێتیەکی زۆردا ڕۆچوون).

کەواتە قورئان ئاوا بەم شێوەیە وەسفی تاوانباران و خراپەکاران دەکات:

١. لە گومڕاییدان، ئەگەرنا چۆن ئەوکارە خراپ و قێزەونانە دەکەن.

٢. لە شێتی و سەرلێشێواویدان، ئەگەرنا چۆن ئەوکارە خراپ و قێزەونانە دەکەن.

ئارامبگرە لەسەر فەرمانبەرداری خودای گەورە

● ﴿وَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ﴾ ● الطور: ٤٨

(خۆگربە لە بەرانبەر بەجێهێنانی فەرمانی پەروەردگارت).

بەجێهێنانی فەرمانەکانی پەروەردگار ئارامێیکی زۆر باشی دەوێت، هەر بۆیەشە پاداشتەکەی ئەوەندە گەورەیە، ڕەنگە جارجار مرۆڤ ساردێیکی بەسەردا بێت، بەڵام دەبێت خۆگر و خۆڕاگر و ئارارمگر بیت.

زەوی بەڵگەی زۆری تێدایە

● ﴿وَفِي ٱلۡأَرۡضِ ءَايَٰتٞ لِّلۡمُوقِنِينَ﴾ ● الذاريات: ٢٠

(بێگومان لەسەر گۆی زەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە (لەسەر دەسەڵات و زانیاری خودا) بۆ کەسانێك کە بەشوێن دڵنیاییدا دەگەڕێن).

بێگومان ئەگەر بڕوانینە زەوی دەبینین چەندان جیهانی جیاوازجیاوازی تێدا هەن، کە هەر یەکێکیان پڕیەتی لە نیشانەی گەورە و دیار بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بەدوای ڕاستی و حەقیقەتدا بگەڕین:

١. جیهانی مرۆڤ.

٢. جیهانی ژیانداران.

٣. جیهانی بێ ژیان و بێ گیانەکان.

لە هەر یەکێك لەمانە بڕوانی نیشانەی گەورە و ڕۆشنت دەست دەوێت.

بیر لەخۆت بکەرەوە بەستە

● ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ﴾ ● الذاريات: ٢١

(هەروەها لە خودی خۆشتاندا (لە هەموو خانەیەکی لەشدا، لەهەموو ئەندامێکدا و، لەهەموو کۆئەندامێکدا، لەرۆح ونەفس و عەقڵدا... هتد بەڵگەی بێ سنوور هەیە لەسەر زانایی و بەتوانایی و جوانکاری زاتی بەدیهێنەر) ئایا ئەوە بۆ بینایيتان ناخەنەکار).

بۆ گەیشتن بە خودا و حەقیقەت سێ ڕێگەی سەرەکیمان هەیە:

١. بیرکردنەوە لە خودی مرۆڤ.

٢. بیرکردنەوە لە دەرەوەی مرۆڤ، هەموو گەردوون.

٣. بیرکردنەوە لە وەحی.

ئەگەر دەتەوێت بگەیت بە حەقیقەت بیر لەو سێیانە بکەرەوە.

یادخستنەوە

● ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ ٱلذِّكْرَىٰ تَنفَعُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ ● الذاريات: ٥٥

(بەڵکو تۆ هەمیشە ئامۆژگاریان بکە، چونکە بەڕاستی ئامۆژگاری سوود بە ئیماندارانی دەگەیەنێت).

بەبیر هێنانەوە بۆ هەموو کەسێك پێویستە، وە دوو جۆریشی هەیە:

١. بەبیرهێنانەوەی خۆم.

٢. بەبیرهێنانەوەی خەڵکی.

کەواتە هەموو کەسێك سەرەتا دەبێت لەخۆیەوە دەست پێبکات ئینجا بەبیر خەڵکیشی بهێنێتەوە.

هەر یەکێك لەم دوانە وازلێبهێنیت زەرەرمەندی دونیا و دوا ڕۆژ دەبیت.

خودا لەخۆمان نزیکترە لە خۆمان

● ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ﴾ ● ق: ١٦

(سوێند بە خودا بێگومان ئێمە ئادەمیزادمان دروست کردووە و دەزانین چی بەدڵ و دەروونیدا دێت... ئێمە لە شاڕەگی دڵی لێی نزیکترین).

ئەم یاسایە پێمان دەفەرموێت:

١. مرۆڤ درووستکراوی خودای گەورەیە و خودای گەورە خۆی درووستی کردووە نەوەك وەك ئەوەی هەندێ لە بیردۆزەکان دەیڵێن: مرۆڤ لە هیچەوە و بەبێ دەستەڵاتی خودایی هاتۆتە بوون.

٢. ئەوەی بە دڵ و فیکری مرۆڤدا دێت خودای گەورە پێی ئاگاداراە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ بە دڵیدا بێت کە چاکەیەك بکات خودای گەورە پێی ئاگاداراە و پاداشتێشی لەسەر وەردەگرێت.

٣. خودای گەورە لە شاڕەگی دڵەوە نزیکترە لە مرۆڤ و بە ورد و درشتی مرۆڤ ئاگاداراە.

ئاگات لێبێت چی دەڵێیت

● ﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴾ ● ق: ١٨

(هەر قسەیەکی لە دەم دەردەچێت خێرا چاودێرێکی ئامادە، تۆماری دەکات).

لێرەدا خودای گەورە ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرینگ دەکات و بە تایبەت باسی لێوە کردووە و جیای کردۆتەوە لە هەموو شتەکانی تر ئەویش بریتیە لە قسە و وتە، چونکە زۆربەی خراپە و نەهەمەتییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن، هەربۆیە کە باسی چاودێری دەکات دەیبەستێتەوە بە قسە و وتە.

خودای گەورە ورد و درشت دەزانێت

● ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ ●
الحجرات: ١٨

(بێگومان خودا نهێنی و شاراوەکانی ئاسمان و زەوی دەزانێت، هەروەها خودای گەورە بینایە بە هەموو ئەو کردەوانەی کە ئەنجانی دەدەن).

ئەم یاسا قورئانیە پێمان دەفەرموێت:

١. خودای گەورە زانایە و ئاگاداڕە بە هەموو گەردوون و نهێنییەکانی.

٢. هەرچی مرۆڤ دەیکات خودای گەورە بینایە پێی و ئاگاداڕە پێی.

دیار و نادیار هی خودایە

● ﴿وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ ●

الفتح: ٧

(هەرچی سەربازان هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا، هەر خودا خۆی خاوەنیانە و لە ژێر فەرمانی ئەودان، هەمیشە و بەردەوام ئەو خودایە باڵادەست و دانایە).

ئەم یاسایە پێمان دەفەرموێت:

١. هەرچی دیار و نادیارە لە گەردووندا هی خودای گەورەیە و خودای گەورە چۆنی بوێت وا ئاڕاستەیان دەکات.

٢. خودای گەورە عەزیزە واتا: زاڵە بەسەر هەموو گەردووندا و هیچ شتیك زاڵ نیە بەسەر ئەودا و هیچ شتێك لە دەستەڵاتی ئەو دەرناچێت.

٣. خودای گەورە حەکیمە واتا: کاربەجێیە و کارەکانی هەمووی لە جێی خۆیدان، هەر بۆیە ئەگەر بڕوانیە گەردوون سیفەتی حەکیمیەت زۆر بە ڕوونی دەدرەوشێتەوە لە هەموو گەردووندا، هەر لە گەردیلەیەکەوە تاوەکو کەهکەشانەکان.

پێغەمبەر (ﷺ) بۆچی نێردراوە؟

● ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا﴾ ● الفتح: ٨

(ئێمە تۆمان ڕەوانەکردووە ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) کە شایەت و مژدەدەر و بەئاگاهێنەر بیت بۆ گرۆی ئادەمیزاد).

ئەم یاسایە چەند ئەرکێکی پێغەمبەرمان بۆ دیاری دەکات، کە دەتوانین بیکەینە ئەرکی بانگخوازانیش:

١. شایەت بوون و شایەتیدان لەسەر ئوممەتەکەی.

٢. مژدەدان بە چاکەکاران.

٣. ئاگادرکردنەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

بڕواداری کردەیی و بێبەشی

● ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأۡكُلُونَ كَمَا تَأۡكُلُ ٱلۡأَنۡعَٰمُ وَٱلنَّارُ مَثۡوٗى لَّهُمۡ﴾ ●

محمد: ١٢

(بەڕاستی ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، خودا دەیانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە، کە چەندەها ڕووبار بەناویاندا دەڕۆن، ئەوانەش بێ بڕوا بوون لەم دنیایەدا ڕادەبوێرن و دەخۆن وەك ئاژەڵ، لە ئایندەشدا دۆزەخ جێ و شوێنیانە).

ئەو دووە وەک یەک نین

● ﴿أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُم﴾ ●

محمد: ١٤

(ئایا ئەو کەسەی کە لەلایەن پەروەردگاریەوە بەڵگە و نیشانەی ڕوونی پێگەیشتووە و، باوەڕی دامەزراوی پێیەتی و لەسەری دەڕوات، وەکو ئەو کەسەوایە کە کاروکردەوەی ناشرین و نادروستی لەبەر چاو ڕازێنرابێتەوە، ئەو جۆرە کەسانە شوێنی ویست و ئارەزووی ناپوختی خۆیان کەوتوون؟!)

بەڵێ هەرگیز بەرچاوڕوون و هیدایەت وەرگر وەك ئەوە نیە کە بەدوای هەواو نەفس و ئارەزوو کەوتووە و ڕۆچووە لە شەهوەت پەرستی و ئارەزووبازیی.

هیدایەت وەرگر

● ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ﴾ ● محمد: ١٧

(ئەوانەش ڕێبازی هیدایەت و ئیماندارییان گرتۆتە بەر بە گوفتاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هیدایەت و دینداریان گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، خوداش شارەزایی و پارێزگاری و دڵنیایی زیاتری پێبەخشین).

بـــزانـــــه

● ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مُتَقَلَّبَكُمۡ وَمَثۡوَىٰكُمۡ﴾ ● محمد: ١٩

(ئەی ئینسان!! دەی کەواتا چاك بزانە و دڵنیابە جگە لە خودا، هیچ خودایەکی تر نیە، داوای لێخۆشبوونی گوناە بۆ خۆت و ئیماندارانی لە پیاوان و ئافرەتان هەر لەو بکە).

ئەم یاسا قورئانیە سێ فەرمانی تێدایە:

١. یەکتاپەرستی و خوا بەیەك گرتن.

٢. داوای لێخۆشبوون بکە بۆ خۆت.

٣. داوای لێخۆشبوون بکە بۆ برا و خوشکە ئیماندارەکانت.

بێباوەڕی دووژمنکار

●﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَسَيُحۡبِطُ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴾●

محمد: ٣٢

(بەڕاستی ئەوانەی کە بێ باوەڕن و ڕێگە لە بڵاوکردنەوەی پەیامی خودا دەگرن دژایەتی ڕێبازی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەکەن، دوای ئەوەی ڕێبازی هیدایەت و ڕاستیان بۆ ڕوون بۆتەوە، ئا ئەوانە هەرگیز ناتوانن زیان بە خودا و ئاینی خودا بگەیەنن.... خودای گەورەش لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو کاروکردەوە و پیلانیان پووچەڵ دەکاتەوە).

لێرەدا باسی خراپترین جۆری کوفر دەکات کە کوفری شەڕانگێزە، چونکە سێ سیفەتی لەخۆگرتوون:

١. کوفر و بێباوەڕی.

٢. دژایەتی کردنی خودا و ڕێگری لەبەردەم بەرەو خودا چوون.

٣. دژایەتی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) و پەیامەکەی.

خراپی ئەم جۆرە کوفرە ئەوەیە کە دوای ئەوەی ڕێبازی هیدایەت و ڕاستیان بۆ ڕوون بۆتەوە دەستیان داوەتە ئەو شتانە نەوەك هەر بەنەزانی بێت.

گەردوون

● ﴿مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَمَّآ أُنذِرُوا۟ مُعْرِضُونَ﴾ ● الأحقاف: ٣

(ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەم هەموو شتانەی نێوانمان دروست نەکردووە، تەنها لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی نەبێت، بۆ کاتێکی دیاریکراویش، کەچی بێ باوەڕان پشت هەڵدەکەن لەو ئاگاداری و بێدارکردنەوەیە).

ئەم یاسا قورئانیە پێیان دەفەرموێت:

١. ئاسمانەکان و زەوی و هەموو گەردوون لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی دروستکراون.

٢. گەردوون و بوون کاتیین و ڕۆژێك کۆتاییان دێت.

٣. بێباوەڕان بێئاگان لەوە یان خۆیان بێئاگا دەکەن.

کێ لەوە نەزانتر و گومڕاترە؟!

● ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ﴾ ● الأحقاف: ٥

(جا ئیتر کێ لەو کەسە گومڕاترە کە دوعا و نزا و پاڕانەوە، ڕوو بە کەسێك یان شتێك دەکات، جگە لە خودا کە ئەگەر هەتا ڕۆژی قیامەتیش لێی بپاڕێتەوە بێ سوودە، نەبەهانایەوە دەچێت، نەبەپەرستنەکەش دەزانێت، لە کاتێکدا ئەوانە لە دوعا و پارانەوەی ئەوان بێ ئاگا و غافڵن و هەستی پێ ناکەن).

قورئان لێرەدا عەقڵ دەدوێنت و دەفەرموێت: چۆن دەبێت مرۆڤ بەو گەورەییەوە بانگی کەسێك یان شتێك بکات کە هیچ نیە و هیچیشی پێ ناکرێت، چونکە لەوکاتەدا سێ زوڵمی ئەنجام داون:

١. زوڵمی لە خۆی کردووە چونکە خۆی بچووك کردۆتەوە و حەقیقەتی خۆی ونکردووە.

٢. زوڵمی لە حەقیقەت کردووە و حەقیەتی شێواندووە.

٣. زوڵمی لەو شتەش کردووە و حەقێکی پێی داوە کە هی ئەو نیە.

بەهاناتانەوە نایەن

● ﴿وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ﴾ ● الأحقاف: ٦

(کاتێکیش کەخەڵکی کۆدەکرێنەوە بۆ لێ پرسینەوە، بت و پەرستراوەکان دەبنە دوژمن بۆ ئەو کەسانە کە لە دونیادا دەیانپەرستن، بە هیچ شێوەیەك بڕوایان پێ ناکەن، بەڵکو بەدرۆیان دەخەنەوە).

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە پەرستراوەکان لە ڕۆژی دواییدا حاشا لەو کەسانە دەکەن کە پەرستویانن و دەڵێن: ئێمە بێبەرین لە ئێوە.

کێ ترس و دڵ تەنگی لەسەر نیە؟

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ● الأحقاف: ١٣

(بەڕاستی ئەوانەی کە دەڵێن: پەروەردگارمان (الله)یەو، پاشان پابەندی ئەو ئیمانە دەبن و ڕاست و ڕەوان پەیڕەوی دەکەن و لەسەری بەردەوامن، ئەوانە هیچ جۆرە ترس و بیمێکیان لەسەر نییە و دڵتەنگ نابن).

خوای گەورە لەم یاسا زێڕینەدا دوو بەڵێن دەدات بە ئەوانەی بڕوایان هێناوە و بەردەوامبوونە لەسەر باوەڕەکەیان:

١. ترسیان نابێت و ئارام دەبن و لە ژیان و لە خەڵك ناترسن.

٢. غەمبار و خەفەتباریش نابن، خەم بۆ دونیای فانی ناخۆن و ئاسوودە و بەختەوەردەبن.

غافڵ مەبە

● ﴿وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْغَٰفِلِينَ﴾ ● الأعراف: ٢٠٥

(لە بێئاگایان مەبە (ئەوانەی دڵیان غافڵە)).

هیچ سەردەمێك وەکو ئێستا مرۆڤایەتی لە غەفڵەتدا نەژیاوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ:

١. ئەو هەموو ماددی گەراییە.

٢. ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا و هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

٣. دونیاگەرایی.

٤. زاهیری بوون و ڕووکەش بوون و گرینگی دان بەس بە ڕواڵەت.

٥. بێ بایەخ کردنی ناوەڕۆك.

سەردەمێکی زۆر سەیرە ئاگامان لە هەموو دونیایە بەڵام لەخۆمان غافڵ و بێ ئاگاین!!!

ئەوەیە کە خودای گەورە دەفەرموێت: لە بێ ئاگایان مەبن، غافڵ غافڵی دڵ و ڕۆحە، ئەوەیە کە ناچێتەوە حوزور ڕۆح و دڵی.

چاکبە لەگەڵ دایک و باوکتدا

● ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا﴾ ● الأحقاف: ١٥

(ئێمە فەرمانمان بە ئادەمیزاد داوە کە چاکەکار و چاك رەفتار بێت لەگەڵ دایك و باوکیدا).

دایك و باوك لە ئیسلامدا پلەیان زۆر گەورەیە و خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) زۆر جەختیان لەسەر کردۆتەوە، هەتا ئەو ئەندازەیەی قورئان وتنی ئۆفیشی بەرانبەریان حەرامکردووە.

پلە بە پێی کردەوەیە و ستەم لە کەس ناکرێت

● ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ۖ وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَٰلَهُمْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ ● الأحقاف: ١٩

(هەر دەستەیەك، هەر کەسێك لە ئیمانداران یان لە بێ بڕواکان پلە و پایەی بەرز، یان نزمیان هەیە، بەگوێرەی کردەوەکانیان کە ئەنجامیانداوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە خودای پەروەردگار بەگوێرەی کردەوەکانیان بەتەواوی پاداشتیان بداتەوە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە ستەمێکیان لێ بکرێت).

ئەم یاسا قورئانیە پێمان دەفەرموێت:

١. هەر دەستەیەك، هەر کەسێك لە ئیمانداران یان لە بێ بڕواکان پلە و پایەی بەرز، یان نزمیان هەیە، بەگوێرەی کردەوەکانیان کە ئەنجامیانداوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە خودای پەروەردگار بەگوێرەی کردەوەکانیان بەتەواوی پاداشتیان بداتەوە.

٢. هیچ کەسیك بە ئەندازەی گەردیلەیێك ستەمی لێناکریت.

ڕۆژێک دێت

● ﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ﴾ ● الأحقاف: ٢٠

(ڕۆژێك دێت ئەوانەی کە بێ بڕوان بەرەو دۆزەخ دەبرێن و نیشانیان دەدرێت و پێیان دەوترێت: هەرچی خۆشی و شادیەکتان هەبوو لە ژیانی دنیاتاندا بە ئارەزووی خۆتان ڕاتانبوارد، کەوابوو ئەمڕۆ ئێتر نۆرەی ئەوەیە کە سزای خەجاڵەتی و ڕیسوایی بدرێنەوە، بەهۆی ئەوەی کە لووتبەرزیتان دەکرد لە زەویدا بە ناحەق و بەهۆی دەرچوونتان لە سنوور و فەرمانی خودا).

وەلاّم نەدانەوەی خودا

● ﴿وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ ● الأحقاف: ٣٢

(جا ئەوەی پێشوازی لە بانگەوازی خودا ناکات، ئەوە وەنەبێت لە دەسەڵاتی خودا لەم سەر زەویەدا دەرباز ببێت و خودا دەسەوسان بکات، کەسیش ناتوانێت جگە لە خودا ڕزگاری بکات و پشتیوانی لێ بکات، ئا ئەوانە لە گومڕایی و سەرلێشێواویەکی زۆر ئاشکرادان).

توانای خودای گەورە بێ سنوورە

● ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَن يُحْيِيَ الْمَوْتَىٰ ۚ بَلَىٰ إِنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ● الأحقاف: ٣٣

(ئایا ئەوە سەرنجیان نەداوە بەڕاستی ئەوە خودایە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە و لە دروست کردنیشیاندا هیچ ماندوو نەبووە، توانای نی یە مردووەکان زیندوو بکاتەوە، بەڵێ، بێگومان ئەو زاتە، بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتی هەیە).

لێرەدا خوا گەورە بەڵگەیەکی عەقڵی لە پلەیەکی بەرزی لۆژیکی و فەلسەفیدا دەخاتە ڕوو لەسەر هەبوونی زینووبوونەوە و قیامەت، دەفەرموێت: ئەوە خودایە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە و لە دروست کردنیشیاندا هیچ ماندوو نەبووە، توانای نییە مردووەکان زیندوو بکاتەوە؟!، کەواتە خوداییك بتوانێت بوون لە نەبوونەوە بێنیتە بوون و ئەو هەموو گەردوونە زەبەلاحە دروستبکات ناتوانێت جارێکی تر مرۆڤ دروستبکاتەوە، خۆ هێنانە بوونی دوای بوون ئاسانترە لە هێنانەبوون لە نەبوونەوە.

بیربکه‌ره‌وه

● ﴿ إِنَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ ● الجاثية: ٣

(به‌ڕاستیٰ له ئاسمانه‌کان و زه‌ویدا به‌ڵگه و نیشانه‌ی زۆر هه‌ن ده‌رباره‌ی گه‌وره‌یی و ده‌سه‌ڵاتی په‌روه‌ردگار بۆ که‌سانێك که بڕوادارن).

﴿ وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ الجاثية: ٤

(هه‌روه‌ها له دروستکردنی ئێوه‌دا (له ئه‌ندامه‌کانی له‌شتاندا، له قوناغه‌کانی گه‌وره بوونتاندا، له جیاوازی نێرو مێتاندا... هتد)، هه‌روه‌ها له‌و هه‌موو زیندەوه‌ره جۆراو جۆرانه‌ی که له‌سه‌ر زه‌وی و ژێر زه‌وی و ناو ئاودا هه‌ن و بڵاویان ده‌کاته‌وه، (له چوار پێ و باڵنده‌کان، له خشۆك و شه‌ش پێکان، له گیاندارانی هه‌مه‌جۆر له قه‌باره و ڕه‌نگ و شێوازدا، له ده‌وریان له خزمه‌تکردنی ئاده‌میزادا، هه‌موو ئه‌وانه) به‌ڵگه و نیشانه‌ن له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی خودا بۆ که‌سانێك که دڵنیان و باوه‌ڕی دامه‌زراویان هه‌یه).

بوختانچی و تاوانبار

● ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴾ ● الجاثية: ٧

(هاوار و قوربه‌سه‌ری و ڕه‌نجه‌ڕۆیی ته‌نها بۆ هه‌موو ئه‌و که‌سانه‌ی که زۆر درۆزن و بوختانچی و تاوانبارن).

سزای تووند بۆ:

١. بوختانچیان.

٢. تاوانباران.

قورئان ڕێنمونی کارە

● ﴿هَٰذَا هُدًى ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ﴾ ●
الجاثية: ١١

(ئەم قورئانە ڕێنموویی بەخشە، بەرچاو ڕوونکەرەوەیە، ڕێ نیشاندەرە، ئەوانەش کە باوەڕیان نەبوو بە ئایەت و فەرموودەکانی پەروەردگاریان سزایەکی زۆر سەخت و بە ئێش چاوەڕێیانە).

دەریاکانیشی بۆ ڕامکردووین

● ﴿اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ ● الجاثية: ١٢

(خودا ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ ڕام کردوون تا کەشتی بە فەرمانی ئەو هاتووچۆی پیادا بکات، تا بچن بەدەم بەخشش و بەهرەکانیەوە و دەستان کەوێت (لە بازرگانی و ڕاوە ماسی و دەرهێنانی گەوهەر و مرواری و... هتد) بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری خودا بکەن).

لێرەدا خودای گەورە تەنها نیعمەتێکمان بیر دەخاتەوە کە بریتیە لە ڕامکردنی بەحر و دەریاکان بۆ..... ، بۆ ئەوەی تۆزێ ویژدان و عەقڵمان بجوڵێت و سوپاسی بکەین.

خۆت بەرپرسی لە چاکە و خراپە

● ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۖ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ﴾ ●
الجاثية: ١٥

(هەر کەسێك کاروکردەوەی چاکی ئەنجام دابێت ئەوە سوود و قازانجەکەی بۆ خۆیەتی، هەروەها ئەوەش کاروکردەوەی خراپی کردبێت ئەویش لەسەر خۆی دەکەوێت، لەوەودواش بۆ لای پەروەردگارتان دەگەڕێنەوە).

کەواتە دەبێت خۆت بەرپرسیارێتی چاکە و خراپەکانت هەڵبگریت و هەردووکیان خۆت لێیان بەرپرسیاری.

قورئان ڕۆشنکەرەوە و ڕەحمەتە

● ﴿ هَٰذَا بَصَآئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ ● الجاثية: ٢٠

(ئەم قورئان و بەرنامەیە چەندەها چاو ڕۆشنیە بۆ خەڵکی و هیدایەت و ڕێنمونی و ڕەحمەتە بۆ قەوم و کەسانێك کە باوەڕ بهێنن و پێی دڵنیا و دڵئارام ببن).

قورئان لێرەدا دوو وەسفی خۆی کردووە:

١. بەرچاو ڕۆشنکەرەوە و هیدایەت دەرە.

٢. ڕەحمەتە.

ژیان و مردنی ئەو دوانە وەک یەک نین

● ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ ● الجاثية: ٢١

(ئایا ئەوانەی کە گوناه و تاوانەکانیان ئەنجامداوە، وایان زانیوە هەر وەک ئەوانە حسابیان بۆ دەکەین کە ئیمانیان هێناوە و کاروکردەوە و چاکەکانیان ئەنجامداوە؟! ژیانی دنیا و مردن و دوای مردنیان وەک یەک دەبێت؟! ئای کە بڕیاری خراپ بڕیار دەدەن).

کەواتە چاکەکار و خراپەکار وەک یەک نین، وە ژیان و مردنیشیان وەک یەک نیە، خۆت بەراوردێک بکە لە نێوان و ژیان و مردنیاندا.

بەرپرسی لە کار و کردەوکانت و ستەمت لێناکرێت

● ﴿وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ ● الجاثية: ٢٢

(خودا ئاسمانەکان و زەوی لەسەر بنەمای حەق و ڕاستی داناوە، بۆ ئەوەی سەرئەنجام پاداشتی هەموو کەسێک بەگوێرەی کاروکردەوەکانی بداتەوە و هیچ جۆرە ستەمێکیشیان لێ ناکرێت).

ئارەزوو پەرست

● ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ ● الجاثية: ٢٣

(ئایا ئەوکەسەی کە ویست و ئارەزووی خۆی کردۆتە خودای خۆی؟! بەهۆی ئەوەوە خودایش گومڕای کردووە کە زانیوێتی شایەنی ئەوەیە، لە ئەنجامی بەد هەڵوێستی خۆیدا و مۆری ناوە بە دەزگای بیستن و دڵ و دەروونیدا و پەردەشی هێناوە بەسەر چاو و دەزگای بینینیدا، جا ئیتر کێ هەیە جگە لە خودا هیدایەت و ڕێنموویی بکات، ئایا بیر ناکانەوە و ئامۆژگاری وەرناگرن).

پەرستن هەر بۆ مرۆڤ نیە، هی وا زۆرن ئارەزووەکانیان دەپەرستن و بوون بە کۆیلەی ئەو ئارەزوانەیان!

سەردەم سەردەمی سەرمایەداری و ماددی گەراییە و ماددە بۆ زۆر کەس بووە بەخودا و دەپەرستێت!!!

دوور لە خودا و قورئان و زیکر مالّ وێرانە

● ﴿وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ﴾ ●
الزخرف: ٣٦

(کەسێك خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان، ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملّۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت).

بێگومان هەتاوەکو لە پەیام و زیکری خودای گەورە نزیك بیت لە خودای گەورە نزیکیت و لە شەیتان دووریت، وە هەتاوەکو لە پەیام و زیکری خودای گەورە دوور بیت لە خودای گەورە دووریت و لە شەیتان نزیکی.

دەرگای تەوبە کراوەیە

● ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾ ● الشوری: ٢٥

(خودا ئەو زاتەیە کە پەشیمانی و تەوبە لە بەندەکانی وەردەگرێت، چاوپۆشیش دەکات لە هەڵە و گوناهەکانیان، بەو کارو کردەوانەش کە ئەنجامی دەدەن دەزانێت و بەئاگایە).

ئەم یاسا پێیان دەفەرموێت:

١. دەرگای تەوبە هەموو کاتێك کراوەیە.

٢. خودای گەورە لێبوردەیە و هەمیشە لە بەندەکانی خوش دەبێت.

٣. خودای گەورە زانا و ئاگادارە بە هەموو کارەکانمان.

خودای گەورە ئاواتی کێ بەدیدێنێت؟

● ﴿وَيَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ ۚ وَٱلْكَٰفِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ ● الشوری: ٢٦

(خودای گەورە ئاواتی ئەوانە دەهێنێتە دی کە باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، هەروەها لە فەزڵ و زیادە خەڵات و بەخششی خۆی بەهرەمەندیان دەکات، بێ باوەڕانیش سزای سەخت و بە ئێشیان بۆ ئامادەیە).

لێرەدا خودای گەورە دوو بەڵێن بە باوەڕداران دەدات:

١. ئاواتەکانیان دەهێنێتە بوون و بێ ئەمەلیان ناکات.

٢. هەروەها لە فەزڵ و زیادە خەڵات و بەخششی خۆی بەهرەمەندیان دەکات و بەرەکەتیان بەسەردا دەڕژێت.

هەمووی خەتای خۆتانە

● ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ﴾ ● الشوری: ٣٠

(هەر بەڵاو نەهامەتیەکتان بەسەر هاتبێت، ئەوە دەرئەنجامی ئەو کار و کردەوانەیە کە بە ئارەزووی خۆتان دەتانکرد، (بەڵام ئەوەندە خودایەکی میهرەبانە) لە زۆربەی زۆری گوناە و هەڵەکانتان خۆش دەبێت).

لێرەدا خودای گەورە زۆر بە ڕوونی پێمان دەفەرمویت: هەر بەڵا و نەهامەتیێکتان بەسەر هاتبێت، ئەوە دەرئەنجامی ئەو کار و کردەوانەیە کە بە ئارەزووی خۆتان دەتانکرد, کەواتە ئەوە ئێمەین بڕیارِ لە ژیانی خۆمان دەدەین بە چاك و بە خراپ.

پشتیوان و سەرخەر هەر خودایە

● ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ﴾ ● الشوری: ٣١

(ئەی گرۆی خودا نەناسان ئێوە ناتوانن خودا دەسەوسان بکەن و لە دەسەڵاتی خودا دەرباز ببن لە زەویدا، جگە لە خودای گەورەش کەس ناتوانێت پشتیوانتان بێت و سەرتان بخات).

ئەم یاسا قورئانیە پێمان دەفەرموێت:

١. کەس ناتوانێت لە دەستەڵاتی خودا بچێتە دەر، چونکە لە کۆتاییدا ناتوانێت لە گەردوون بچێتەدەر، کەواتە بۆ هەرشوێنێك بچێت لەژێر دەستەڵاتی خودادایە.

٢. ئەگەر خودای گەورە پشتیوانیت نەکات پشتیوانی کەس سوودت پێ ناگەیێنێت.

٣. ئەگەر خودای گەورە سەرت نەخات کەس ناتوانێت سەرت بخات.

خۆپارێز و لێبوردە

● ﴿وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ هُمْ يَغْفِرُونَ﴾ ●
الشوری: ٣٧

(ئەوانەی خۆیان لە گوناهی گەورە و تاوانی خراپ و ناشرین دەپارێزن، کاتێك کە تووڕە دەبن (لەسەر هەڵەیەك کە بەرانبەریان دەکرێت) هەر ئەمان چاوپۆشی دەکەن و لێدەبورن....).

ئیماندارانِ ئاوان:

١. خۆیان دەپارێزن لە گوناهی گەورە و ناشیرن و قێزەون.

٢. کاتێك کە تووڕە دەبن لەسەر هەڵەیەك کە بەرانبەریان دەکرێت هەر چاوپۆشی دەکەن و لێدەبورن.

ڕاوێژ بکە

● ﴿وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴾ ● الشوری: ٣٨

(ئەوانەش بەدەم بانگەوازی پەروەردگارییانەوە چوون و نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام داوە و کارو باریان هەردەم بە مەشورەت و ڕاپرسی و ڕاوێژکاریە و لەو ڕزق و ڕۆزیەی کە پێمان داون، دەبەخشن...)

ئیماندار ئاوایە:

١. بەدەم بانگەوازی پەروەردگارییەوە دەچێت.

٢. نویژ دەکات.

٣. ڕاوێژ دەکات و بەتەنها بڕیار نادات.

٤. دەبەخشێت و ڕەزیلی ناکات لەو بەخششەی خودای گەورە پێی بەخشیوە.

تۆڵە بە ئەندازەیە

● ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ● الشوری: ٤٠

(جا تۆڵەی هەر تاوانێك بە ئەندازەی تاوانەکەیە بێ زیاد و کەم، ئەو کەسەی لێخۆشبوونی هەبێت و چاوپۆشی و چاکسازی بکات، ئەوە پاداشتی لای خودایە، بەڕاستی خودا ستەمکارانی خۆش ناوێت... .)

ئەم یاسا قورئانیە پێیان دەفەرموێت:

١. تۆڵەی هەر تاوانێك بە ئەندازەی تاوانەکەیە بێ زیاد و کەم.

٢. ئەو کەسەی لێخۆشبوونی هەبێت و چاوپۆشی و چاکسازی بکات، ئەوە پاداشتی لای خودایە.

٣. خودا ستەمکارانی خۆش ناوێت, نابێت مرۆڤ لە وەڵامی خراپەشدا زیدەڕۆیی و زوڵم بکات.

حەقتە حەق بستێنی

● ﴿وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ﴾ ● الشوری: ٤١

(لەڕاستیدا ئەوەی حەقی خۆی دەستێنێت دوای ئەوەی کە ستەمی لێکراوە، ئەوانە لێپرسراو نابن، ئەگەر لە سنوور لا نەدەن).

ئەم یاسا قورئانیە پێیان دەفەرموێت: ئەوەی حەقی خۆی دەستێنێت دوای ئەوەی کە ستەمی لێکراوە هیچی لەسەر نیە و بۆی بەگوناە حیساب نییە، بەڵام بەو مەرجەی لە سنوور لانەدات، واتا ئەگەر دەستێکی شکێنرابێت نابێت دوو دەست بشکێنێت، ئەگەر کەسێکی لێ کوژراوە نابێت دوو کەسی تر بکوژێت.

ستەمکار و دەستدرێژیکار بەرپرسن

● ﴿إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ● الشوری: ٤٢

(بێگومان ئەوانە بەرپرس دەبن کە ستەم لە خەڵکی دەکەن و دەستدرێژی دەکەن بە ناحەق لە زەویدا، ئا ئەوانە سزاو ئازاری بە ئیشیان بۆ هەیە).

خودای گەورە لەم فەرمایشتەدا زۆر بەڕوونی حوکمی ستەمکاران و دەستدرێژیکارانی دیاریکردووە کە بریتیە لە سزا و ئازاری بە ئێش.

ئارامگری و چاوپۆشی

● ﴿وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ﴾ ● الشوری: ٤٣

(لەڕاستیدا ئەوەی دان بەخۆیدا بگرێت و چاوپۆشی بکات و لێخۆشبوو بێت (لەکاتێکدا کە دەتوانێت تۆڵەبستێنێت) بەڕاستی ئەوە کارێکی بەجێ و چاك و پەسەند ئەنجام دەدات، بەڕاستی ئەوە لەو کارانەیە کە پێویستە بکرێت).

ئەم یاسا قورئانیە پڕپڕە لە لێبوردەیی و لوتکەی ئارامگری و لێبوردەییە، ئەوەتا دەفەرموێت: ئەگەر توانیشتان تۆڵە بکەنەوە هەر لێبوردە بن و چاوپۆشی بکەن لە پێناو مانەوەی خۆشەویستی و بەیەکەوە ژیان.

وەڵامی خودا بدەنەوە

● ﴿ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۚ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ﴾ ● الشوری: ٤٧

(خەڵکینە، بەپیر بانگەوازی پەروەردگارتانەوە بچن پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت: هیچ گەڕانەوەی لەلایەن خوداوە نابێت، ئەو ڕۆژە هیچ پەناگایەکتان نابێت و کەسیشتان ناتوانێت ئینکاری بکات و دان بە تاوانەکانیدا نەنێت).

خودای گەورە بە گەورەیی خۆی داوامان لێدەکات کە وەڵامی پەیامەکەی بدەینەوە پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت کە:

١. کۆتایی و گەڕانەوە نیە.

٢. پەناگە و خۆپارێزی نیە.

٣. ئینکاری و نکۆڵی کردن و شاردنەوە نیە.

پاداشتی نەبڕاوە بۆ کێیە؟

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٍ﴾ ● فصلت: ٨

(بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە پاداشتی نەبڕاوەیان بۆ هەیە).

پاداشتی نەبڕاوە بۆ ئیماندارێ عەمەلییە، نەوەك عەمەلی بێ ئیمان یان ئیماندری بێ عەمەل.

دوژمنانی خودا سەرەنجامیان زۆر خراپە

● ﴿وَيَوۡمَ يُحۡشَرُ أَعۡدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ﴾ ● فصلت: ١٩

(ڕۆژێك دێت دوژمنانی خودا تێکرا کۆ دەکرێنەوە و کێش دەکرێن بەرەو ئاگری دۆزەخ، بەرەودوا پاڵەپەستۆیانە).

کەواتە دوژمنانی خودا و پەیامە ڕاستەکەی سەرەنجامەکەیان ئەوەیە کە تێکرا کۆ دەکرێنەوە و کێش دەکرێن بەرەو ئاگری دۆزەخ، بەرەودوا پاڵەپەستۆیانە.

سەرەمەرگی باوەڕداری کۆڵنەدەر

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ﴾ ● فصلت: ٣٠

(ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (الله) یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستە بوون، ئەوە لە سەرەمەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆلایان، پێیان دەڵێن: هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت لە داهاتوو، هیچ غەم و پەژارەیەکتان نەبێت بۆ ڕابردوو، مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە لە کاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا).

خودای گەورە چوار بەڵێن بە ئیماندارە خۆگر و پێ چەسپاو و بەردەوامەکان دەدات لەسەرە مەرگدا:

١. مەلائیکەتەکان دێنە لایان.

٢. پێیان دەوترێت: هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت لە داهاتوو، واتا دوای مردنتان زۆر خۆشترە و....

٣. هیچ غەم و پەژارەیەکتان نەبێت بۆ ڕابردوو و خەمی لێمەخۆن.

٤. مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە لە کاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا.

کێ لەو کەسە جوان گوفتارتر و قسە بەجێ تر‌ە؟!

● ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ ● فصلت: ٣٣

(جا کێ لەو کەسە جوانگفتارتر و قسەی بەجێتر‌ە کە بانگەوازی کردووە بۆ لای خودا، کار و کردەوەی چاکیشی ئەنجام داوە، وتوشیەتی: بەڕاستی من لە ڕیزی موسڵمانانداما).

خودای گەورە لێرەدا جوانترین وتە و مەوقیفی مرۆڤمان پێ دەناسێنێت بە سێ سیفەت:

١. بانگەوازی دەکات بۆلای خودای گەورە و ئیسلام و ئیمان و....

٢. کار و کردەوەی باش و چاك دەکات.

٣. شەرمی بە موسڵمان بوونی خۆی نیە و ڕایدەگەیێنێت.

بەجوانترین و چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە ببەوە

● ﴿وَلَا تَسْتَوِي ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ۚ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٌ﴾ ● فصلت: ٣٤

(بێگومان چاکە و خراپە وەك یەك نین، (تۆ ئەی باوەڕدار) بەجوانترین و چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە و نادروستی ببەوە، ئەو کاتە ئیتر دەبینیت ئەوەی کە لە نێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی و ساردیەك هەیە؛ دەبێتە دۆستێکی دڵسۆز و گیانی بەگیانی).

خودای گەورە لێردا جوانترین یاسای بەرەنگاربوونەوەمان فێردەکات کە لە هیچ یاسایێکدا هاوشێوەی نییە و نەبووە و نابێت ئەویش بریتیە لە: بە دۆستکردنی دوژمن، واتا دوژمنەکانت دەکەیت بە دۆست، جا هەر دۆستێکی ئاسایی نا بەڵکو دۆستێکی گیانی بەگیانی و دڵسۆز، ئەویش بەوە دەبێت بەجوانترین شێوە وەڵامی خراپەکانی بدەیتەوە تاوەکو وای لێ دێت هەست بەشەرمەزاری بکات و بگەڕێتەوە و بێتەوە هۆش خۆی.

پەنا بە خودا بگرە

● ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ ● فصلت: ٣٦

(ئەی ئیماندار؛ ئەگەر لە لایەن شەیتانەوە خەتەرە و خەیاڵی نادروست لە دڵ و دەروونتدا دروست بوو، ئەوە تۆ داوای یارمەتی لە خودا بکە و پەنای پێ بگرە، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە بیسەر و زانایە).

ئەم یاسا قورئانیە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی شەیتانمان فێردەکات کاتێك دێت و وەسوەسەی خراپ دروووست دەکات، لەوکاتەدا دەبێت واز لە وەسوەسەکە بهێنیت و پەنا بەخودای گەورە بگریت.

لە نیشانە و بەڵگەکانی خودا...

●﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ ●

فصلت: ٣٧

(لە نیشانە و بەڵگەکانی دەسەڵاتی پەروەردگار شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگە، هەرگیز نەکەن سوژدە بۆ خۆر، یان مانگ ببەن، بەڵکو سوژدە تەنها بۆ ئەو خودایە ببەن کە دروستی کردوون، ئەگەر ئێوە خۆتان بە بەندەی ڕاستەقینەی ئەو دەزانن و هەر ئەو دەپەرستن).

چی دەکەیت ئازادی بەڵام خودای گەورە ئاگاداره پێت

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخۡفَوۡنَ عَلَيۡنَآۗ أَفَمَن يُلۡقَىٰ فِي ٱلنَّارِ خَيۡرٌ أَم مَّن يَأۡتِيٓ ءَامِنٗا يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ ٱعۡمَلُواْ مَا شِئۡتُمۡ إِنَّهُۥ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ ● فصلت: ٤٠

(بەڕاستی ئەوانەی کە سەرسەخت و بێ بڕوان و دژایەتی ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە دەکەن و لێی لادەدەن. خۆیان ناشارنەوە لە ئێمە، باشە، ئەوەی فڕێ بدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە چاکترە یان ئەو کەسەی کە بەدڵنیایی و ئارامی و هێمنیەوە دێت لە ڕۆژی قیامەتدا و بەڕەو بەهەشت بەڕێزەوە بەڕێ دەکرێت؟! ئەی بێ باوەڕان هەرچیتان لە دەست دێت بیکەن، چونکە لە دەستی خودا دەرناچن، دڵنیاش بن خودا بینایە بەو کردەوانەی دەیکەن).

ئەومیە بێ وەفایی!!!

● ﴿وَإِذَآ أَنۡعَمۡنَا عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٖ﴾ ● فصلت: ٥١

(زۆربەی ئادەمیزاد کاتێك ناز و نیعمەتی بەسەردا بڕێژین پشت هەڵدەکات و سەرپێچی دەکات و ملکەچی ڕاستی نابێت و خۆ بەزل و گەورە دەزانێت و بەلای خۆیدا دایدەتاشێت، کاتێکیش ناخۆشی و نەهامەتی تووشهات، ئەوە دۆعا و نزا و پاڕانەوەی زۆر بەگەرم و کوڵ و پان و پۆڕە!!)

پیشانیان دەدەین

● ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلْءَافَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ ● فصلت: ٥٣

(ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی بوونەوەردا و لە خودی خۆیشیاندا (بێگومان ئاشکرایە کە لەسەردەمی زانستدا چەندە نهێنیەکانی بوونەوەر ئاشکرا بوون.. زاناکان بە گشتی و زاناکانی ئەستێرەناسی سەرگەردانن لە وردەکاری و دامەزراوی و گەورەیی و فراوانی ئەم گەردوونە، هەروەها لە ئاڵۆزی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی ئادەمیزاد)، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاك بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە ئەو زاتە حەق و ڕاست و ڕەوایە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نیە کە بێگومان ئاگا و زانایە بە هەموو شتێك؟)

شێردراوەی نێو دڵەکان لەلای خودا دیارن

● ﴿يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي ٱلصُّدُورُ﴾ ● غافر: ١٩

(ئەو خودایە هەمیشە چاوە خیانەتکار و ناپاکەکان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشاردراوە).

کەواتە لە دڵیشدا بیر لە خیانەت و خراپەری مەکەوە چونکە خودا پێی ئاگاداڕە و دەیزانێت.

بڕیارەکانی خودا دادگەرانەن

●﴿وَٱللَّهُ يَقۡضِي بِٱلۡحَقِّۖ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقۡضُونَ بِشَيۡءٍۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ ● غافر: ٢٠

(هەمیشە خودا دادوەریی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەنجام دەدات، ئەوانەی جگە لەو زاتە هاواریان لێ دەکەن، هیچ دەسەڵات و داوەریەکیان لە دەست نایەت، بەڕاستی هەر خودا خۆی بیسەر و زانایە).

بڕیارەکانی خودا دادگەرانەن و غەیری ڕاستی شتێکی تری لێ تەسەور ناکرێت، وە ئەوانەی جگە لەو زاتە هاواریان لێ دەکرێت، هیچ دەسەڵات و داوەریەکیان لە دەست نایەت.

بەبێ بەڵگە دەربارەی خودا مەدوێ

●﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡ إِن فِي صُدُورِهِمۡ إِلَّا كِبۡرٞ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِۚ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ ● غافر: ٥٦

(بەڕاستی ئەوانەی کە موجادەلە و گفتوگۆی سەرکەشانە دەکەن و، بە نەشارەزایی لە ئایەتەکانی خودا دەدوێن بێ ئەوەی بەڵگەیەکی بەهێزیان پێ بێت، ئەوانە تەنها لە سینەیاندا خۆ بەل زانین هەیە، بەمەرجێك هیچ کات ناگەنە ئەو ئامانجەی کە هەیانە، کەواتە تۆ پەنا بگرە بە خودا لە شەڕی خودانەناسان چونکە بەڕاستی ئەو زاتە بیسەر و بینایە).

کەواتە قسەکردن دەربارەی ئایین و خودا و قورئان و.... بەبێ زانست جۆرێکە لە خۆبەگەورە زانی و دانننانە بە نەزانی، باشە بۆ کەس ناتوانێت وەک دکتۆرێك قسە بکات بەڵام هەرچی ڕاستبۆوە دەبێتە موفتی و عالم....

کوێر و چاوساغ وەک یەک نین

● ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَلَا الْمُسِيءُ ۚ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ﴾ ● غافر: ٥٨

(کەسانی کوێر لە بەرانبەر چاوساغ، وەك یەك نین، هەروەها ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە کاروکردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، لەگەڵ ئەوانەدا کە تاوان و گوناهـ دەکەن (چوونیەك نین)، کەچی زۆر کەم خەڵکی تێدەفکرن و بیردەکەنەوە و بەراورد دەکەن).

کوێر ئەوە نیە کە شتەکان نابینێت، کوێر ئەوەیە کە حەقیقەت و ڕاستیەکان نابینێت، هەر بۆیە حەقبین و حەقنەبین وەك یەك نین.

بەبەی خودا دەبێت

● ﴿هُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ ۖ فَإِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾ ● غافر: ٦٨

(هەر ئەو زاتە، ژیان دەبەخشێت وزیندەوەران و گیانلەبەران دەمرێنێت، جاکاتێك بڕیاری شتێکی دا هەر ئەوەندەیە کە پێی بفەرموێت: ببە، دەست بەجێ دەبێت).

ژیان و مردن لەدەستی خودایە، وە ئەوەی بیەوێت بەبێ ڕۆیشتنی کات جێبەجێ دەبێت.

خودا بێنیازە لێتان

● ﴿إِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ ۖ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ ۖ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ ۗ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۗ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ ● الزمر: ٧

(گەر خۆتان بێ باوەڕ بکەن، بێگومان خودا بێ نیازە لێتان، هەرچەندە ڕازی نابێت کە بەندەکانی بێ باوەڕبن و ڕێبازی خودانەناسی بگرن، بەڵام ئەگەر ڕێبازی سوپاسگوزاری بگرنە بەر، بەو کارەتان ڕازی دەبێت، دڵنیاش بن کە هیچ کەس کۆڵی گوناهی کەسی تر هەڵناگرێت، پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای پەروەردگارتانە، ئەوسا هەواڵی هەموو ئەو کاروکردەوانەتان پێدەدا کە ئەنجامتان دەدا، چونکە ئەو زاتە زانایە بە هەموو ئەو شتانەی کە لە سینە و دڵ و دەروونەکاندا حەشاردراون).

زۆربەی مرۆڤەکان ئاوان...

● ﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا ۖ إِنَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ﴾ ● الزمر: ٨

(ئادەمیزاد کاتێك ناخۆشی و زەرەرێکی تووشهات، هانا و هاوار بۆ پەروەردگاری دەبات و بەدڵشکاوی لێی دەلاڵێتەوە، پاشان کاتێك خودا دەرووی لێ کردەوە و ناز و نیعمەتی پێبەخشی، دوعا و نزا و هانا و هاوارەکانی ئەوسای فەرامۆش دەکات، چەندەها هاوەڵ و شەریك بۆ خودا بڕیار دەدات، دەیەوێت

خەڵکی لە ڕێبازی خودا وێڵ بکات، ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەو جۆرە کەسە بڵێ: کەمێك بە خودانەناسی ڕابوێرە، بەڵام دڵنیابە کە تۆ نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخیت).

ئەو دووە وەک یەک نین

● ﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ ● الزمر: ٩

(ئایا ئەو جۆرە کەسانەی کە باسکران چاکترن) یان ئەو ئیماندارەی کە لە دووتوێی شەوگاردا هەڵدەستێت بۆ خوداپەرستی، سوژدە دەبات و بەپێوە دەوەستێت، لە لێپرسینەوەی قیامەت دەترسێت و ئومێد و هیوای بەمیهرەبانی پەروەردگاری هەیە، ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەك ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نیە؟، بەڕاستی تەنها خاوەن بیر و هۆشەکان لەم جۆرە یادەوەرییانە سوود وەردەگرن و تێدەگەن (لە حەقیقەتی دنیا و قیامەت، وە دڵنیان ژیانی دنیا فرسەتێکی بەنرخە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا بەکاری دەهێنن)).

پاداشت و مزگێنی بۆ دوورەپەرێزی تاغوتان

●﴿وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ۚ فَبَشِّرْ عِبَادِ﴾●

الزمر: ١٧

(جا ئەوانەی کە خۆیان دوورە پەرێز گرتووە لە هەموو ئەو شتانەی خەڵکی ناپەرستن، جگە لە خودای پەروەردگار و بەتەوبە و پەشیمانیەوە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا، مژدەی سەرکەوتن و سەرفرازی و بەختەوەری و کامەرانی بۆ ئەوانەیە، دە مژدە بدە بەو بەندانەم...).

تاغوت: هەموو پەرستکراوێکی غەیری خودایە کە بەو پەرستنەش ڕازی بێت.

لە ئێستادا زۆرێك لە دەستەڵاتداران و سەرکردەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان دەپەرسترێن و پێشی ڕازین!!!

بۆیە ئەوانەی خۆیان پاراستووە لە پەرستن و ملکەچی بۆ زاڵمان و تاغوتان ئەوە بە دڵنیایەوە پلەی بەرزیان هەیە.

ئەو دووە هەرگیز نابنە یەک

● ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ ●

(جا ئایا ئەو کەسەی کە خودای میهرەبان سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام و لەسەر ڕێبازی نوور و ڕوناکی پەروەردگاریەتی، (وەك ئەو کەسە وایە کە پێچەوانەیە؟)).

بێگومان سینەگوشاد بۆ ئیسلام وەك ئەوە نیە کە سینە داخراوە، بۆیە وەك یەك نین چونکە سینە گوشاد بۆ ئیسلام ئیسلام فێری دەکات خودا پەرست بێت و خود پەرست نەبێت، بۆیە ئەگەر وەك خۆی لێی تێبگات و جێبەجێی بکات هەموو دونیای پێ ڕۆشن دەکاتەوە.

دڵڕەق خۆی ونکردووە

● ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾ ●

الزمر: ٢٢

(جا ئایا ئەو کەسەی کە خودای میهرەبان سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام و لەسەر ڕێبازی نوور و ڕوناکی پەروەردگاریەتی، (وەك ئەو کەسە وایە کە پێچەوانەیە؟) هاوار و وەیل بۆ ئەوانەی کە دڵیان ڕەقە لە ئاستی قورئان و یادی خودادا، ئا ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا گیریان خواردووە).

خۆپارێز و خۆنەپارێز وەک یەک نین

● ﴿أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ ● الزمر: ٢٤

(جا ئایا ئەو کەسەی بە ڕوخسار و دەم و چاوی بەرگری لە سزای سەختی ڕۆژی قیامەت بکات، (وەك ئەوە وایە کە نەترسێت)، ئەوسا بەو ستەمکارانە دەوترێت: دەی بچێژن سزای ئەوەی کە دەتانکرد).

قورئان هەموو هەوڵێکی داوە تاوەکو مرۆڤ بیربکاتەوە

●﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ ●

الزمر: ٢٧

(سوێند بێت بەخودا بەڕاستی ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نموونەیەکمان بۆ خەڵکی هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرن و بیرێك بکەنەوە لە ڕاستیەکان و تێ بگەن).

قورئان زۆر گرینگی داوە بە نموونە هێنانەوە و بەچەندان جۆر نموونەی هێناوەتەوە بەس بۆ ئەوەی مرۆڤ تێبگات و بێتەوە سەر فیترەت و حەقیقەت.

لەوە ستەمکارتر هەیە حەق بەدرۆ دابنێ؟

● ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ إِذْ جَآءَهُۥٓ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ ● الزمر: ٣٢

(جاکێ لەو کەسە ستەمکارترە، کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستێت و ئەو ڕاستیەی کە پێی ڕاگەیەنراوە، بروای پێی نییە. کاتێك بۆی هاتووە، مەگەر لە دۆزەخدا شوێنی مانەوە بۆ کافران نیە؟!)

بگەڕێوە بۆلای خودا و تەسلیمی ببە

● ﴿وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾ ● الزمر: ٥٤

(هەوڵ بدەن هەمیشە و بەردەوام دڵتان لای خودابێت و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان و تەسلیمی ئەوبن، پێش ئەوەی کە سزای خودا یەخەتان بگرێت لەوەودواش سەرکەتوو نابن کەس نابێت بەرگریتان لێ بکات).

بەدوای چاکترین بکەوە لەهەموو شتێکدا

● ﴿وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ بَغۡتَةٗ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ﴾ ● الزمر: ٥٥

(کۆشش بکەن؛ بەردەوام شوێنی چاکترینی ئەو فەرمانانە بکەون کە لەلایەن خوداوە پەوانەکراوە بۆتان (بێگومان لە هەموو شتێکدا چاك و چاکتر هەیە، نوێژە فەرزەکان ئەنجام بدرێت چاکە، بەڵام ئەگەر سوننەتەکان و شەونوێژیش بکرێت چاکترە، زەکات بدرێت چاکە، بەڵام بەخشینی زۆرتر و زیاتریش لە زەکات، چاکترە، تۆڵەسەندن لە کەسێك کە حەقت بەسەریەوە هەیە ڕێی پێدراوە، بەڵام چاوپۆشی و لێ بووردن چاکترە... هتد) پێش ئەوەی سزاو ئازاری کتوپڕ یەخەتان پێبگرێت ولەکاتێکدا ئێوە هەست بە نزیکی سزاکە نەکەن).

هەموو شتێکی مرۆڤ تۆمار دەکرێت

● ﴿إِنَّا نَحۡنُ نُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَنَكۡتُبُ مَا قَدَّمُواْ وَءَاثَٰرَهُمۡۚ وَكُلَّ شَيۡءٍ أَحۡصَيۡنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ﴾ ● يس: ١٢

(بێگومان هەر ئێمە مردووەکان زیندوو دەکەینەوە، هەرچی کردوویانە و دەیکەن تۆماری دەکەین لەگەڵ ئاسەوارەکانیشیاندا، هەموو شتێکمان لە کتێبێکی ئاشکرادا (تۆمارگەی تایبەتدا) بەوردی تۆمار و ئامارکردووە).

کەواتە هەرچی مرۆڤ دەیکات دەنوسرێت و تۆمار دەکرێت بەبێ زیاد و کەم.

سەرچاوەی ڕەحمەت هەر خودایە

● ﴿مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ ● فاطر: ٢

(هەر کاتێك خودا دەروازەی ڕەحمەت و بەخششی خۆی لە خەڵکی بکاتەوە، ئەوە هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێت بەری بگرێت، هەر کاتێکیش دەروازەی ڕەحمەتی بگرێتەوە و دای بخات، کەس ناتوانێت لە دوای گرتنەوەکەی خودا بێجگە لە خۆی بیکاتەوە، ئەو زاتە هەر خۆیشێ باڵادەست و دانایە).

کەواتە هەر خۆی شایەنی پەرستش و پشتپێبەستنە.

بەردەوام بیر لە نیعمەتەکانی خودا بکەوە

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ ● فاطر: ٣

(ئەی خەڵکینە بیربکەنەوە لە چاکەی خودا بەسەرتانەوە، ئایا دروستکار و بە دیهێنەرێکی تر هەیە جگە لە خودا لە ئاسمان و زەویەوە ڕزق و ڕۆزیاتان پێ ببەخشێت؟ جگە لەو زاتە خودایەکی تر نیە، جا ئەوە چۆن لەو بیروباوەڕە دروستە لا دەدرێن؟ (روو دەکەنە گومڕایی)).

ئەم ئایەتە بەرزە زۆر بە ڕوونی داوامان لێدەکات باسی نیعمەتەکانی خودای گەورە بکەین و لەبیریان نەکەین، بەردەوام بەبیر خۆمانیان بهێنینەوە و سوپاس گوزاربین لەسەریان، ئەوەتا خودای گەورە یەك نموونەی هێناوەتەوە ئەویش

بریتیە لە ریزق و خۆراك، باشە بەس خۆرمان لێبگیردرێتەوە چمان لێدێت؟!، بەس باران نەمێنیت یان... ؟!.

ژیانی ئەم دنیایە سەرتان لی نەشێوێنێت

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ﴾ ● فاطر: ٥

(ئەی خەڵکینە: دڵنیابن بەڵێنی خودا ڕاست و دروستە (قیامەت بەرپا دەکات و لە هەموو کەس دەپرسێتەوە) کەوابوو ژیانی ئەم دنیایە سەرتان لی نەشێوێنێت و شەتیان نەتانخەڵتێنێت بە ناوی ڕەحم و بەزەیی خوداوە (کە گوایە هەرچی بکەن خودا بەبەزەییە و لێتان خۆش دەبێت)).

ژیان زۆر فریودەرە و زۆر زۆر ئاگادار نەبیت لە خشتەت دەبات و هەموو تەمەنەکەت سەرف دەکەیت لە هەواو نەفس و ئارەزوبازی و شەهوەت، وەك حەیوانێکت لێدێت و کارت دەبێتە خواردن و خواردنەوە و جینس، هەربۆیەشە خودای گەورە لە زۆر شویندا ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت: (فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا) ژیانی ئەم دنیایە سەرتان لی نەشێوێنێت.

دوژمنی خۆت بناسە

● ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُواْ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ ● فاطر: ٦

(چونکە بەڕاستی شەیتان دوژمنتانە ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێن، بێگومان بانگی تاقم و داروودەستەی خۆی دەکات بۆ ئەوەی ببنە نیشتەجیی دۆزەخ).

مرۆڤ ئەگەر دوژمنی خۆی نەناسێت خۆشیی ناناسێت، بۆیە یەکێك لە ئەرکەکانی ئیماندار بریتیە لە ناسینی دوژمنی خۆی و دوورکەوتنەوە لێی و خۆدوورخستن لە فێڵ تەڵەکەکانی.

کاروکردەوەی چاک گوفتاری شیرین بەرز دەکاتەوە

● ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ۚ إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلْعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرْفَعُهُۥ ۚ وَٱلَّذِينَ يَمْكُرُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَمَكْرُ أُوْلَٰٓئِكَ هُوَ يَبُورُ﴾ ● فاطر: ١٠

(ئەوەی سەربەرزی و پایەبڵندی دەوێت، با بزانێت کە هەموو سەربەرزی و پایە بڵندیەك هەر بۆ خودایە، گوفتاری چاك و جوان و بەجێ بۆ لای ئەو زاتە بەرز دەبێەوە، کاروکردەوەی چاکیش گوفتاری شیرین بەرز دەکاتەوە (هەروەها پێچەوانەکەشی هەر وایە)، جا ئەوانەی کە پیلانی خراپ دەگێڕن سزای زۆر توند و تیژ بۆتان ئامادەیە، پیلانی ئەوانە هەر خۆی پووچ دەبێتەوە و بێ بەروو و ناکامە).

گوفتاری چاك و جوان و بەجێ لەگەڵ ڕەفتاری چاك و جوان و بەجێ بلیتی چونە بەهەشتن و بنەمای ڕەزامەندی خودا و خەڵکن.

کێ بازرگانیەکەی سەرکەوتووە؟

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ﴾ ● فاطر: ٢٩

بەڕاستی ئەوانەی کە:

١. پەیامی خودا، قورئان دەخوێننەوە.

٢. نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجامداوە.

٣. لەو ڕزق و ڕۆزی و سامانە جۆراو جۆرانەی پێیان بەخشیوون، بەخشیوویانە، بەنهێنی و بەئاشکرا... (بەنهێنی بۆ ئەوەی ڕیاو ڕووپامایی تێکەڵ نەبێت، بە ئاشکراش بۆ هاندانی خەڵکی).

ئەوانە بەئومێدی بازرگانیێك ئەو کارە دەکەن هەرگیز نائومێد و زەرەمەند نابن.

خودا سزای تاوانباران دوا دەخات

● ﴿وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُوا۟ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرًۢا﴾ ● فاطر: ٤٥

(خۆ ئەگەر خودا تۆڵەی لە خەڵکی بسەندایە لە سەرەنجامی کار و کردەوەی نادروستیاندا، هەرچی زیندەوەر هەیە لەسەر ڕووکاری زەوی نەدەما، بەڵام خودا ئەوەندە بەپەلە نیە لە تۆڵەسەندن، بەڵکو دوایان دەخات بۆ کاتێکی دیاریکراو، جا کاتێك ڕۆژی خۆی هات، بێگومان ئەو کاتە خودای گەورە بینایە بە بەندەکانی (کار و کردەوەیانی هەموو لەبەردەست دایە)).

خودای گەورە لەم فەرمایشتەدا زۆر بەڕوونی پێیان دەفەرموێت: دونیا شوێنی تاقیکردنەوەیە نەوەك سزادان، وە هەروەها بوار دەدرێت بە هەموو کەسێك ئەوەی دەیەوێت بیکات تاوەکو ڕۆژی خۆی دێت.

مالّ و منداڵ نزیکت ناخەنەوە لە خودا

● ﴿وَمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُم بِٱلَّتِي تُقَرِّبُكُمۡ عِندَنَا زُلۡفَىٰٓ إِلَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَزَآءُ ٱلضِّعۡفِ بِمَا عَمِلُواْ وَهُمۡ فِي ٱلۡغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ﴾ ●

سبأ: ٣٧

((لەڕاستیدا) نە مالّتان و، نە نەوەتان شتێك نین کە ببنە هۆی نزیکبوونەوەتان لە ئێمە، (یا ڕازیبوونی ئێمە لێتان)، بەڵکو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوەی چاکە ئەنجامدەدەن (ئەوانە نزیکن لە ئێمەوە و ڕێزیان لای ئێمە هەیە) ئا ئەوانە پاداشتیان چەند بەرانبەرە بەهۆی کردەوەی چاکیانەوە، هەر ئەوانیش لە کۆشك و تەلارەکانی (بەهەشتدا) بە ئاسودیی و ئارامیی و خۆشیی، ژیان دەبەنە سەر).

مەردانی ڕاستگۆ

●﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا﴾ ● الأحزاب: ٢٣

(مەردانێکی زۆر هەن لە ئیماندارانن ئەو پەیمانەی داویانە بە خودا، ڕاستیان کرد لەسەری ژیان و پابەند بوون پێوەی و لایان نەدا لێی، جا هەیانە پەیمانەکەی جێبەجێ کرد و مرد لەسەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بە هیچ شێوەیەك گۆڕان و لاری ڕووی تێ نەکردوون).

پیاو و ژن لە قیامتدا یەکسانن

● ﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ ● الأحزاب: ٣٥

(بەڕاستی پیاوان و ئافرەتانی موسوڵمان، پیاوان و ئافرەتانی ئیمان دار، پیاوان و ئافرەتانی ملکەچ و فەرمانبەردار، پیاوان و ئافرەتانی ڕاستگۆ، پیاوان و ئافرەتانی خۆگر، پیاوان و ئافرەتانی لەخودا ترس، پیاوان و ئافرەتانی بەخشەندە، پیاوان و ئافرەتانی ڕۆژووەوان، پیاوان و ئافرەتانی داوێنپاك و ئەو پیاو و ئافرەتانەی کە زۆر یادی خودا دەکەن، بەخشین و لێبوردەیی و پاداشتی زۆر مەزن و بێ سنووریان لەلایەن خودای گەورەوە بۆ ئامادەکراوە (هەر کە دونیایان بەجێهێشت پێی شاد دەبن)).

بڕیارِ بڕیارِی خودا و پێغەمبەرەکەیەتی

● ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا﴾ ● الأحزاب: ٣٦

(بۆ هیچ پیاوێکی ئیماندار یان ژنێکی ئیماندار، نیە کاتێك کە خودا و پێغەمبەرەکەی بڕیاری شتێك بدەن ئەوان سەرپشك بن (لە ئەنجامدانی ئەو کارە، چونکە) ئەوەی سەرپێچی بکات لە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی ئەوە ئیتر بە ئاشکرا گومڕا و سەرلێشێواوە).

ئەم یاسایە پێمان دەفەرموێت:

١. بڕیارِی خودا و پێغەمبەر (ﷺ) ڕەتکردنەوەیان نیە.

٢. پێغەمبەریش (ﷺ) حەقی بڕیارِدان و ڕوونکردنەوەی هەیە نەوەك وەك ئەوەی قورئانیەکان دەیڵێن کە پێغەمبەر (ﷺ) بەس گەیەنەرە و بەس.

بانگخواز و لەخودا ترس

● ﴿ ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ ۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴾ ● الأحزاب: ٣٩

(ئەوانەی کە پەیامەکانی خودا دەگەیەنن، وە لەو دەترسن و جگە لەو لە هیچ کەسی تر ناترسن، خودا خۆی بەسە کە پاداشتی (چاکەکاران بداتەوە و لە بێ باوەڕانیش بپرسێتەوە)).

ئەم یاسایە بەڵێن دەدات بە ئەوانەی وەسفدارن بە سێ سیفەت:

١. پەیامی خودا دەگەیەنن.

٢. لە خودا دەترسن.

٣. لەغەیری خودا ناترسن.

زیکری زۆر بکەن

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴾ ● الأحزاب: ٤١

(ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە زۆر زۆر یادی خودا بکەن (هەمیشە ناوی پیرۆزی ئەوتان لەیاد بێت لە دڵ و دەروونتانا جۆش بخواو بێتە سەر زارتان)).

ئەم فەرمایشتە بەس داوای زیکر ناکات بەڵکو داوای زیکری زۆر زۆر دەکات.

﴿ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ الأحزاب: ٤٢

(وە (تەسبیحات) و ستایشی بکەن لە بەیانیان و دەمەو ئێواراندا).

ئەگەر خێزانت تەڵاقدا بەجوانی تەڵاقی بدە

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَكَحْتُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا ۖ فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا﴾ ● الأحزاب: ٤٩

(ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئافرەتانی ئیماندارانتان مارەکرد، لەوەودوا جیابوونەوە و تەڵاقدانتان پێش ئەوەی بچنە لایان، ئەوە هیچ (عـــدة) و ماوەیەکیان ناوێت تا حیسابی بۆ بکەن و (ماوەی چاوەڕوانی ناوێت بۆ ئەوەی شوو بکات بە یەکێکی تر)، (لەگەڵ ئەوەشدا) هەندێك دیاریيان پێشکەش بکەن و بە جوانی دەستبەرداریان ببن).

خودای گەورە لێرەدا چەند شتێکی لەسەر کەسی تەڵاقدەر داناوە و پێیان دەفەرموێت:

١. دیاریيان بدەنێ بۆئەوەی هیچتان بەرانبەر یەکتری دروست نەبێت و نەبنە دوژمنی یەکتری.

٢. بەشێوازێکی جوان تەڵاقیان بدەن و هیچ شتێکی نامەعقول و ناشەرعی و ناعورفی مەکەن لەگەڵیاندا.

صەلاوات بدەن لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

● ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيْهِ وَسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ﴾ ● الأحزاب: ٥٦

(بەڕاستی خودا و فریشتەکانی (صەلاوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئێوەش (صلوات) ی لەسەر بدەن و (بەردەوام یادی خێری بکەن)).

ئەزیەتدانی باوەڕداران تاوانێکی گەورەیە

● ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحْتَمَلُواْ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾ ● الأحزاب: ٥٨

(ئەوانەی کە ئازاری پیاوانی ئیماندار و ئافرەتانی ئیماندار دەدەن بێئەوەی تاوانێکیان ئەنجامدابێت، ئەوانە بوختان و گوناە و تاوانێکی ئاشکرا دەگرنە ئەستۆ).

قسه‌ی جوان و به‌جێ و به‌سوود بکه‌ن

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا﴾ ● الأحزاب: ٧٠

(ئه‌ی ئه‌وکه‌سانه‌ی باوه‌ڕتان هێناوه له خودا بترسن و پارێزکاربن، هه‌میشه قسه‌و گوفتاری به‌جێ و به‌سوود بکه‌ن).

ئه‌گه‌ر قسه‌ی جوان و ڕێك و به‌جێ و حه‌ق ده‌زانی بیکه ئه‌گه‌رنا بێ ده‌نگ به، ئه‌گه‌ر گوڵ نی دڕکیش مه‌به.

به‌س مرۆڤه ده‌توانێت ئه‌م ئه‌مانه‌ته هه‌ڵبگرێت

● ﴿إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ ● الأحزاب: ٧٢

(ئێمه ئه‌مانه‌تی (عه‌قیده و بیروباوڕ، ئه‌مانتی سه‌رپشکیان) نیشانی ئاسمانه‌کان و زه‌وی و کێوه‌کان دا، (یاخود پێشنیارمان کرد که ئێوه هه‌ڵگری ئه‌م ئه‌مانه‌ته بن)، به‌ڵام هه‌مووان ده‌ستیان پێوه‌نا و ترسان لێی (هه‌ر پێیان چاك بوو ئاوا (مسیر بن، سه‌رپشك نه‌بن) که‌چی ئاده‌میزاد هه‌ڵیگرت و گرتیه ئه‌ستۆی، به‌ڕاستی زۆر سته‌مکار و نه‌فام بوو (ئه‌گه‌ر زۆرینه ڕه‌چاو بکه‌ین)).

هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه‌شه مرۆڤ به‌ڕێزترین دروستکراوی خودایه، تۆ بڕوانه ئه‌و خۆره گه‌وره به‌ڵام قیمه‌ته‌که‌ی ناگات به یه‌ك مرۆڤ چونکه مرۆڤ ((عه‌قڵ و ویست و ئازادی)) هه‌یه، که هیچ دروستکراوێکی تری خودای گه‌وره ئه‌وانه‌ی به‌م شێوازه نین، هه‌ر بۆیه‌شه هیچیان ته‌کلیفیان له‌سه‌ر نیه.

بێ فیزەکانن باوەڕ دەهێنن

● ﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾ ● السجدة: ١٥

(بەڕاستی تەنها ئەوانە بڕوا بە ئایەتەکانی ئێمە دەهێنن، کاتێك یاداوەری دەکرێن پێی، خێرا سوژدە دەبەن تەسبیحات و سوپاسگوزاری پەروەردگاریان دەکەن، لە کاتێکدا ئەوانە بە هیچ شێوەیەك فیزیان نیە و خۆیان بەگەورە نازانن).

ئەوەی فیز و خۆبەگەورەزانی هەبێت هەرگیز ناتوانێت حەق و حەقیقەت و ڕاستی قبوڵ بکات و ئامادە نیە لە ملهوڕییەکەی بێتەخور.

ئیماندار و تاوانبار وەک یەک نین

● ﴿أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا لَّا يَسْتَوُونَ﴾ ● السجدة: ١٨

(ئایا ئەو کەسەی ئیماندار بوو بێت وەك ئەو کەسەیە کە تاوانبار بوو بێت؟ وەك یەك نین...)

﴿أَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ جَنَّاتُ الْمَأْوَىٰ نُزُلًا بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ السجدة: ١٩

(بەڵکو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، شوێنیان باخچەکانی بەهەشتە (کە بۆ هەمیشە جێگەی حەوانەوە و حەسانەوەیانە)، هەر لەوێ دادەبەزن، لە پاداشتی کار و کردەوەیەك کە دەیانکرد).

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فَسَقُواْ فَمَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُۖ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا وَقِيلَ لَهُمۡ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ﴾ السجدة: ٢٠

(ئەوانەشی کە تاوانبار و یاخی بوون، شوێنیان ناو ئاگری دۆزەخە، هەر کاتێك ویستیان لێی دەربچن، دەگێڕدرێنەوە بۆ ناوی، پێیان دەوترێت: بچێژن سزای ئەو ئاگرەی کە بڕوا‌تان پێی نەبوو).

کێ لە حەقیقەت نەویست ستەمکارترە؟!

● ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعۡرَضَ عَنۡهَآۚ إِنَّا مِنَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ مُنتَقِمُونَ﴾ ● السجدة: ٢٢

(جا کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە بە فەرموودەکانی خودا یاداوەری و ئامۆژگاری کرابێت، پاشان پشتی لێ هەڵکردبێت و گوێی پێ نەدات، بەڕاستی ئێمە تۆڵە لە تاوانبار و تاوانکاران دەستێنین).

کەواتە نەبینینی حەقیقەت و نکۆڵی لێکردنی دوای زانینی، گەورەترین زوڵمە، وە با تاوانباران وا نەزانن کە تۆڵەیان لێ ناستێندرێتەوە، چونکە ئەگەر ئێستاش دەستەڵاتی هەبێت بەیانی هیچی بەدەست نامێنێت.

هی وا زۆرن شتی بێ خێر و بێ مانا دەکرێن

● ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ﴾ ● لقمان: ٦

(هەندێك لە خەڵکی هەن قسەی بێ خێر و بێ مانا دەکرێن (وەك گۆرانیە ناپوختەکان، کتێب و شریتە بێ خێرەکان... هتد) تا خۆی و کەسانی تریش لە ڕێبازی خودا وێڵ بکات، بێ ئەوەی هەست بکات بەمەترسی کارەکەی و بزانێت چ کەتنێك دەکات بە خۆي و خەڵکی و بۆیە ئەو شتە بێنرخ و خێرانە دەکرێت تا گاڵتە بە پەیام و ڕێبازی خودا بکات، ئا ئەوانە سزا و تۆڵەیەکی ڕیسواکەر و ئابڕووبەر چاوەڕێیانە).

مرۆڤ زۆرجار بەگومڕابوونی خۆی ناوەستێت و خەڵکیش گومڕادەکات، وە بەوەشەوە ناوەستێت گاڵتە دەکات بە پەیامی خودا!!!

چاکەی دایک و باوکت لەبیرمەکە بەتایبەتتریش دایکت

● ﴿وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ وَهۡنًا عَلَىٰ وَهۡنٖ وَفِصَٰلُهُۥ فِي عَامَيۡنِ أَنِ ٱشۡكُرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيۡكَ إِلَيَّ ٱلۡمَصِيرُ﴾ ● لقمان: ١٤

(ئێمە فەرمانمان داوە بە ئادەمیزاد بە چاك ڕەفتاری لەگەڵ دایك و باوکیدا، دایکی بە ئێش و ئازار و لاوازی و بێتاقەتیەکی زۆرەوە، (بە پێستی سکی نۆ مانگ) هەڵی گرتووە، بڕینەوەشی لە دوای دوو ساڵە، فەرمانمان پێدا کە ئەی ئینسان سوپاسگوزاری منیش و دایك و باوکیشت بە، دڵنیابن کە گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە).

مرۆڤ ئەگەر وەفای بۆ دایك و باوکی نەبوو وەفای بۆ کەس نابێت، بڕوانە دایك چۆن وەك مۆم دەتوێتەوە! بەڵام زۆرجار مرۆڤ ئەوەشی لەبەر چاو نیە و نەوەك چاکەیان لەگەڵدا ناکات بەڵکو ئازاریشیان دەدات.

با ڕۆیشتن و قسەکردنت مام ناوەند بێت

● ﴿وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ﴾ ● لقمان: ١٩

(هەوڵ بدە لە ڕۆیشتنتدا مام ناوەندیانە بڕۆ، بەرەو ئامانجێکی چاك هەنگا و بنێ، بەدەنگی هێواش و لەبار گفتوگۆ بکە و بدوێ، چونکە بەڕاستی بێزارترین و ناخۆشترینی دەنگەکان دەنگی گوێدرێژەکانە).

ڕۆیشتنت هێواش بکەرەوە و دەنگیشت بەرز مەکەوە، چونکە هەردووکیان ناسرووشتین.

پاداشتی خۆتەسلیمکەر بە خودا

● ﴿وَمَن يُسۡلِمۡ وَجۡهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰۗ وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ﴾ ● لقمان: ٢٢

(ئەو کەسەی ڕوو بکاتە پەروەردگاری و کارەکانی هەمووی بگێڕێتەوە بۆ لای ئەو، لە کاتێکدا ئادەمیزادێکی چاکەخوازە، ئەوە بەڕاستی مانای وایە کە دەستی بە بە هێزترین ڕێنماییەوە گرتووە، سەرەنجامیش هەر بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە).

ئیسلام واتە تەسلیم بوونی عەقڵ و فیکر و دڵ و دەروون و جەستە و کردار و گوفتار بە خودا، نەوەك تەسلیم کردنیان بە ناحەقی و هەواو ئارەزوو.

زانست و زانیاری خودا بێ کۆتاییە

● ﴿وَلَوْ أَنَّمَا فِي ٱلْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَٰمٌ وَٱلْبَحْرُ يَمُدُّهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَٰتُ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ ● لقمان: ٢٧

(خۆ ئەگەر بەڕاستی هەرچی درەخت هەیە لە زەویدا ببنە پێنووس، دەریاش چەندەیە ببێتە حەوت ئەوەندە و (ببێتە مرەکەب و زانستی و نهێنی دروستکاوەکانی خودا بنووسنەوە)، ئەوە هێشتا زانست و زانیاری و فەرمانەکانی خودا هەر تەواو نابێت، بەڕاستی خودای گەورە بەدەسەڵاتە و دانایە).

کەس دادی کەس نادات لە قیامەتدا

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ وَٱخْشَوْا۟ يَوْمًا لَّا يَجْزِى وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيْـًٔا ۚ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ﴾ ● لقمان: ٣٣

(ئەی خەڵکینە لە پەروەردگارتان بترسن (خۆتان لە خەشم و قینی بپارێزن) و لە ڕۆژێك بترسن کە باوك فریای ڕۆڵەی خۆی ناکەوێت، ڕۆڵەیش هیچی لە دەست نایەت کە بۆ باوکی ئەنجامی بدات، بەڕاستی بەڵێنی خودا بە بەرپابوونی قیامەت، حەقیقەت و ڕاستەقینەیە، کەوابوو وریا بن ژیانی دنیا لە خشتەتان نەبات، (نەفسی بەدکار و شەیتانی بەدرەفتار) سەرگەردانتان نەکات و غەڕاتان نەکات لە ڕێبازی خودا).

دروستکردنی ئاسمان و زەوی و...
بەڵگەی ڕوونن لەسەر خودای گەورە

● ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَٰنِكُمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّلْعَٰلِمِينَ﴾ ● الروم: ٢٢

((یەکێکی تر) لە نیشانە و بەڵگەکانی، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویە (کە زاناکانی ئەستێرەناسی لە ئاستیدا سەرسام و سەرگەردانن) و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە (دەنگی هیچ کەس لە کەسی تر ناکات، سەرەڕای سەدەها جۆر زمان، کە جۆری قسەکردن و داڕشتنی هەر گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لە هەزاران شێواز کە لەو زمانە سەرەکیانە دەبێتەوە)، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایان و شارەزایان).

لەخوشی و ناخۆشیدا خودا لەبیر مەکە

● ﴿وَإِذَآ أَذَقْنَا ٱلنَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُوا۟ بِهَا ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ﴾ ● الروم: ٣٦

(کاتێك ڕەحمەتێك بە خەڵکی بچێژین، ئەوا لە خۆیان بایی دەبن (زۆربەیان دینداری فەرامۆش دەکەن)، خۆ ئەگەر بەڵا و ناخۆشیەکیشیان تووش بێت لە سەرئەنجامی کار و کردەوە و دەست پێشخەری خۆیاندا، دەست بەجێ نائومێد دەبن لە ڕەحمەتی خودا).

هەموو خراپەکان بەرهەمی مرۆڤ خۆیەتی

● ﴿ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ ● الروم: ٤١

(تاوان و خراپە دەرکەوتووە و هەموو سەر زەوی و دەریاکانیشی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو تاوان و گوناهانەوە کە خەڵکی دەستیان داوەتێ، سەرئەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێك لە کردەوەکانیان بچێژن (کە بەرپابوونی جەنگ و کارەساتە سروشتیەکانە) بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پاکی و خوداناسی).

کەواتە هەر مرۆڤە وێرانکاری و کاولکاری و زوڵم و ستەم و نادادی و.... دەکات، هەر بۆیە خودای گەورە جارجار توشی هەندێ ناهەمەتی تریان دەکات تاوەکو بگەڕێنەوە.

کوفر و چاکە بۆ خۆتە

● ﴿مَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ﴾ ●

الروم: ٤٤

(ئەوەی کافر بێت ئەوە کافر بوونەکەی لەسەری دەکەوێت، ئەوانەش کە کار و کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، ئەوە ڕێگە بۆ خۆیان خۆش دەکەن (بەرەو بەهەشت).

بیر لە قۆناغەکانی ژیانت بکەرەوە

● ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ﴾ ● الروم: ٥٤

(خودا ئەو زاتەیە ئێوەی بە لاوازی دروست کردووە (سەرەتا نوتفەیەکی لاواز، دوایی وەك دیل لە سکی دایکدا، پاشان هەر منداڵی لاوازیت تا دەگەیتە تەمەنی لاوی)، ئەوسا خودا هێز و دەسەڵاتێکت پێ دەبەخشێت، دوای هێز و توانایی دووبارە نۆرەی لاوازی و پیری دێت، بێگومان ئەو خودایە هەرچی بوێت دروستی دەکات (ئەم هێز و بێهێزیە بەشێکە لە ویستی ئەو زاتە)، ئەو پەروەردگارە زانا و بهتوانایە).

ئارام بگرە و بێباوەڕان ساردت نەکەنەوە

● ﴿فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ﴾ ● الروم: ٦٠

(دان بەخۆدا بگرە و ئارام بگرە، چونکە بێگومان وەعد و بەڵێنی خودا حەق و ڕاستە و هەر دێتەدی، ئەوانەش کە باوەڕیان نیە بێ ئارامت نەکەن و ساردت نەکەنەوە).

ئارامگرتن لەسەر نەهامەتی و بێزارکردنی دوژمنان دەتگەیەنێتە لوتکە و ئامانج، چونکە زۆرجار ئەزیەتدانەکانیان جەستەیی نین بەڵکو نەفسی و دەروونین.

ئەگەر مەبەستت دیداری خودایە ئەوە نزیکە

● ﴿مَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَآتٍۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ ●
العنكبوت: ٥

(ئەوەی کە ئاواتەخوازە بەدیداری خودا شاد ببێت، با دڵنیابێت کە کاتی دیاریکراوی خودا و ساتی سەرەمەرگ هەر دێت (تا بەدیداری شاد ببێت)، ئەو خودایە زۆر بیسەرە (بەگوفتاری بەندەکانی) و زانایە بە حاڵیان).

خودای گەورە بێ پێویستە

● ﴿وَمَن جَٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ●
العنكبوت: ٦

(ئەوەی کە هەوڵ دەدات و کۆشش دەکات لە پێناوی گەیاندی ئاینی خودادا; بێگومان قازانج و سوودی هەوڵ و کۆششەکەی هەر بۆ خۆیەتی، چونکە بەڕاستی خودا بێنیازە لە هەموو خەڵکی. (بەڵام لە قیامەتدا ئەو زاتە زۆر سوپاسگوزاری ئەو کەسانەیە کە هەوڵ و کۆششیان داوە لە پێناوی ئاینەکەیدا)).

کێ گوناهەکانی دەسڕدرێتەوە

● ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ ٱلَّذِى كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ ● العنكبوت: ٧

(ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، بەڕاستی هەڵە و گوناهەکانیان دەسڕینەوە و بەچاکتر لەوەی کە دەیانکرد پاداشتیان دەدەینەوە).

لە خراپەدا نابێت بەگوێی دایک و باوکیشت بکەیت

● ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ● العنكبوت: ٨

(ئێمە فەرمانمان داوە بە ئادەمیزاد کە چاکەفتار بێت لەگەڵ دایك و باوکیدا، خۆ ئەگەر زۆریان لێکردیت تا هاوەڵ و هاوبەشم بۆ بریار بدەیت، بێ ئەوەی زانست و زانیاریت هەبێت دەربارەی، ئەوە ملکەچیان مەبە و بەگوێیان مەکە، دڵنیاش بن کە گەڕانەوەتان بۆ لای منە، ئەو کاتە ئاگادارتان دەکەمەوە لەو کردەوانەی کە ئەنجامتان دەدا).

باوەڕداری کردەیی لە پلەی چاکەکارانە

● ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُدۡخِلَنَّهُمۡ فِي ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ ●

العنكبوت: ٩

(جا ئەوانەی کە ئیمان و باوەریان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، ئەوە بێگومان دەیانخەینە ڕیزی چاکەکارانەوە).

باوەڕدار و دووڕوو لای خودا دیارن

●﴿وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ﴾ ● العنكبوت: ١١

(سوێند بێت، خودا ئاگاداڕە بەوانەی باوەڕیان هێناوە، هەروەها بەوانەش کە دووڕوون (جیایان دەکاتەوە)).

پەرستراوەکانتان بێ توانان

● ﴿ إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَٱبْتَغُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥٓ ۖ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ ● العنكبوت: ١٧

(بەڕاستی ئەو شتانەی کە لە جیاتی خودا دەیانپەستن تەنها بت و پەیکەرن، ئێوە بوختان و شتی نابەجێ دروست دەکەن، بێگومان ئەو شتانەی کە لەجیاتی خودا دەیانپەرستن خاوەنی هیچ ڕزق و ڕۆزیەك نین بۆ ئێوە، کەواتە هەر داوای ڕزق و ڕۆزی لە خودا بکەن، هەر ئەویش بپەرستن، هەر سوپاسگوزاری ئەو بن، بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە).

بگەڕێن و تێبفکرن

● ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ ● العنكبوت: ٢٠

((ئەی پێغەمبەر(ص) پێیان بڵێ: با بگەڕێن بە زەویدا، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چۆن ئەو زاتە دروستکراوانی بەدیهێناوە، لەوەودواش هەر خودا سەر لەنوێ بەرپایان دەکاتەوە (بە شێوە و شێوازێکی تر ئاسمانەکان و زەوی و ئێمەش دەهێنێتەوە کایە) بەڕاستی خودا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

کێ بێ ئومێدە لە ڕەحمتی خودا

● ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَلِقَآئِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يَئِسُواْ مِن رَّحْمَتِي وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ● العنكبوت: ٢٣

(ئەوانەی کە بڕوایان نیە بە ئایەت و فەرمانەکانی خودا و بەدیدار ئامادەبوونی بەردەم بارەگاکەی (بۆ لێپرسینەوە) ئا ئەوانە (خودا دەفەرموێت) لە میهرەبانی من نائومێدن و ئەوانە سزای زۆر بەئێش بۆیان ئامادەیە).

پشت بە خودا ببەستە

● ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۚ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾ ● العنكبوت: ٤١

(نمونەی ئەوانەی جگە لە خودای گەورە، کەسانێکی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان، وەك نمونەی جاڵجاڵۆکەیەك وایە کە ماڵێکی بۆخۆی سازکردبێت بەڕاستی لاوازترینی هەموو ماڵەکان، ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر سەرنجیان بدایە و تێبگەیشتنایە (چونکە ماڵی جاڵجاڵۆکە نە بناغە و نە دیواری هەیە، نە سەر و دەرگا و پەنجەرە، نە دەتوانێت بەرگەی با و باران و ڕوداوەکان بگرێت مێیەکەش نێرەکە لە ناو دەبات دوای جووت بوون، پاشان بێچووەکانیش دایکیان لە ناو دەبەن)!!!

بەجوانترین شێوە گفتوگۆ بکەن لەگەڵ بەرانبەرەکانتاندا

● ﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ﴾ ● العنكبوت: ٤٦

(گفتوگۆ و (مجادلـة) مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکاندا مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت، جگە لەوانەیان کە ستەمیان کردووە (ئەوە ڕەفتارتان لە بەرانبەریانەوە دەبێت جیاواز بێت) پێشیان بڵێن: ئێمە باوەڕمان هێناوە بەوەی بۆ ئێمە و ئێوە دابەزێنراوە، خودای ئێمە و خودای ئێوە تەنها یەکێکە، ئێمە فەرمانبەرداری ئەو زاتەین).

هەموو مرۆڤێک دەبێت بمرێت

●﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ﴾ ● العنكبوت: ٥٧

(هەموو کەس دەبێت مردن بچێژێت (کەی، لە کوێ، بەچی، خودا نەبێت کەس نازانێت) لەوەودوا تەنها بۆ لای دەبرێنەوە).

پاداشتی ئیمانداران

● ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ غُرَفًا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ نِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ﴾ ● العنكبوت: ٥٨

(جا ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، سوێند بە خودا ئەوانە لە بەهەشتدا لە چەندەها کۆشک و تەلار و ژووری بەرزدا دادەبەزێنین، کە چەندەها ڕووبار و تاقگە بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشک و تەلارەکانیدا دەڕوات، (ئەو بەختەوەرانە) ژیانی نەبڕاوە لەو (شوێنە خۆشانەدا) دەبەنە سەر، ئای چەند جوانە پاداشتی ئیشکەران بۆ خودا...).

ژیـان چییە؟

● ﴿وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ ۚ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ لَهِىَ ٱلْحَيَوَانُ ۚ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾ ● العنكبوت: ٦٤

(ژیانی ئەم دنیایە جگە لە گەمە و گاڵتە و یاری شتێکی تر نیە... (واتە بێ نرخە و ئەوە ناهێنیت خەڵکی ئاوا پەلاماری دەدەن و ستەم لە پێناویدا دەکەن) بەڕاستی ماڵی قیامەتیش و ژیانی ناو بەهەشت، هەر ئەوە ژیانە (شایستەی ئەوەیە کە ئادەمیزاد هەوڵ و کۆششی بۆ بدات)، ئەگەر بیانزانیایە و تێبگەیشتنایە).

کێ لەو کەسە ستەمکارترە

● ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُۥٓ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ ● العنكبوت: ٦٨

(جا ئیتر کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ هەڵدەبەستێت و هاوەڵ بۆ خودا بڕیار دەدات، یان ئەو حەق و ڕاستیەی کە بۆی هاتووە بە درۆی دەزانێت، مەگەر هەر دۆزەخ شایستە بێت، ئایا لە دۆزەخدا جێگە و ڕێگەیەکی هەمیشەیی بۆ بێ باوەڕان دابین نەکراوە؟ (بێگومان ئامادە کراوە)).

خۆشیەکانی دونیا کاتین

●﴿وَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَىْءٍ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتُهَا ۚ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ● القصص: ٦٠

(هەرچیتان پێبەخشراوە ئەوە ناز و نیعمەت و زینەت و جوانی ژیانی دنیایە، بەڵام دڵنیابن کە ئەو بەشەی لای خودایە چاکتر و دەوامدارترە، ئایا ئەوە عەقڵ و ژیریتان ناخەنە کار؟!).

ئەو دوانە کوا وەک یەکن؟!

● ﴿أَفَمَن وَعَدْنَٰهُ وَعْدًا حَسَنًا فَهُوَ لَٰقِيهِ كَمَن مَّتَّعْنَٰهُ مَتَٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ثُمَّ هُوَ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ﴾ ● القصص: ٦١

(ئایا ئەو کەسەی بەڵێنێکی چاکمان داوەتێ و پێی دەگات، وەکو ئەو کەسە وایە هەر لە ژیانی دنیادا کەمێك ڕابواردنی پێ ببەخشین، پاشان لە دەرئەنجامی کار و کردەوەی ناپوختیدا لە ئامادە کراوان بێت بۆ لێپرسینەوە و ئاگری دۆزەخ؟)

هاوار بۆ غەیری خودا مەبە

● ﴿وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ كُلُّ شَىْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ ۚ لَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ ● القصص: ٨٨

(لەگەڵ خودادا هانا و هاوار لە پەرستراوێکی تر مەکە، چونکە جگە لەو زاتە خودایەکی تر نیە، هەرچی شت هەیە تیاچووە لەناوچووە جگە لەو زاتە، فەرمانڕەوایی هەر شایستەی ئەوە، هەموانیش هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە).

ئەگەر بڕوات بە ڕۆژی دوایی نەبێت سەرگەردان دەبیت

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمَٰلَهُمْ فَهُمْ يَعْمَهُونَ﴾ ●

النمل: ٤

(بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە قیامەت ناهێنن، کار و کردەوە خراپەکانمان لەبەرچاو جوان کردوون، لەبەر ئەوە چاوی دڵیان کوێر بووە خراپی کردارەکانیان نابینن).

خودا بێ هاوەڵە

● ﴿أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُوا۟ شَجَرَهَآ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾ ● النمل: ٦٠

((ئایا شەریك و هاوەڵ چاکترە بپەرسترێت) یان ئەو زاتەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە و لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، جا باخ و بێستانی جوان و ڕازاوەمان پێ بەرهەم هێناوە، ئێوە نەتاندەتوانی درەختەکانی بڕوێنن، چ جای بەروبوومەکەی، ئایا ڕەوایە، کە پەرستراوێکی تر لەگەڵ خودای پەروەردگاردا هەبێت؟! نەخێر، لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا زۆربەی ئەو خەڵکە لە ڕێبازی ڕاست لادەدەن و شوێنی چەوتی و ناردوستی دەکەون).

خودا بێ هاوەڵە

●﴿أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَٰلَهَآ أَنْهَٰرًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَٰسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾●

النمل: ٦١

((ئایا تەنها ئەو زاتە نیە) کە زەوی دامەزراندووە و لە ناویدا جۆگە و ڕووباری ڕەخساندووە، هەروەها زنجیرە چیای تیادا چەسپاندووە، لە نێوان دوو دەریاکەشدا بەربەستی بەرپاکردووە (کە ئاوی شیرین و سوێر تێکەڵ نابن) ئایا ڕەوایە پەرستراوێکی تر لەگەڵ خودا پەروەردگاردا هەبێت؟! نەخێر وا نییە، لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا زۆربەی ئەو خەڵکە (ئەم ڕاستیانە) نازانن و تێناگەن).

خودا بێ هاوەڵە

●﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾● النمل: ٦٢

(ئایا کێیە جگە لە زاتی پەروەردگار کە بێت بە هانا و هاواری لێقەوماو و بێ دەرەتان و بێ دااڵدەوە، کاتێك نزا دەکات و لێی دەپارێتەوە، ئەوسا بەڵاو ناخۆشیەکان لادەبات و دەتانکاتە نیشتەجێ و جێنشین لە زەویدا، ئایا ڕەوایە لەگەڵ ئەو زاتەدا خودای تر هەبێت؟! کەمێك یاداوەری وەربگرن و تێفکرن و بیربکەنەوە).

خودا بێ هاوەڵە

●﴿أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ ۗ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ ● النمل: ٦٣

(ئایا کێ لە تاریکستانی سەر وشکانی و دەریا ڕێنموومییتان دەکات تا ون نەبن؟! کێ بای شەماڵ (هەڵگری هەڵمی ئاو) دەنێرێت وەك مژدەیەك پێش گەیشتنی بارانی ڕەحمەت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ خودادا خودای تر هەبێت، بەرزی و بڵندی و مەزنی بۆ خودای گەورە لە بەرانبەر ئەو شتانەوە کە نەفامان دەیکەنە هاوەڵ و شەریك بۆ ئەو زاتە).

خودا بێ هاوەڵە

●﴿أَمَّن يَبْدَؤُا الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ۗ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ ● النمل: ٦٤

(ئایا کێ لە سەرتاوە دروستکراوان بەدی دەهێنێت، پاشان دوای تێکدانی سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە، کێ لەو ئاسمانەوە (بەهۆی تیشکی خۆر و باران و هەواوە) لە زەوییەوە (بە هۆی خاکەوە) ڕزق و ڕۆزیتان پی دەبەخشێت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ زاتی خودادا خودای تر هەبێت؟، پێیان بڵێ: ئادەی بەڵگەتان چییە بیهێننە مەیدان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن).

دڵ کوێرەکان هیدایەت وەرناگرن

● ﴿وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِ ٱلْعُمْيِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْ ۖ إِن تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ﴾ ● النمل: ٨١

(هەورەها تۆ ناتوانیت هیدایەت و ڕێنموویی کوێر و نابیناکان بکەیت و لە تاریکی ڕزگاریان بکەیت (ئەوانەی دڵیان کوێرە و سەرنجی ڕاستیەکان نادەن)، تۆ تەنها دەتوانیت (ئەم ڕاستیانە) بدەیت بە گوێی ئەو کەسانەدا کە باوەڕ بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە دەهێنن (لە قورئان و بوونەوەردا)، چونکە ئەوانە هەمیشە ملکەچی فەرمانەکانی خودای گەورەن).

تاوان مەکەن

● ﴿وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ ● الشعراء: ١٨٣

(لە زەویدا فەساد و تاوان ئەنجام مەدەن).

فەساد و خراپەکاری جۆری زۆرە:

فەسادی ساسی، فەسادی کۆمەڵایەتی، فەسادی ئەخلاقی، فەسادی ئابووری، فەسادی ئیداری و کارگێڕی،... .

مرۆڤ دەبێت لە هەموو کایەکاندا دوور بێت لە فەسادی و خراپەکاری، نەوەك هەر ئەوەندە بەڵکو نابێت ئەو خۆی ببێتە هۆکاری خراپەکاری، یان یارمەتی خراپەکار و فاسیدەکان بدات.

ئەوانەی حەزیان بە بڵاوبوونەوەی خراپەکارییە

●﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾● النور: ١٩

(بە ڕاستی ئەوانەی حەز دەکەن زینا و تاوان لە ناو ئەوانەدا باوەڕیان هێناوە بڵاوبێتەوە، سزای پڕ ئێش و ئازار لەم جیهان و لەو جیهان بۆیان ئامادەیە و خودا خۆی چاك دەزانێت (سەرەنجامی زینا و شەڕوالپیسی بەرەو کوێ دەچێت) ئێوە نایزانن).

زۆرن ئەوانەی بۆخۆیان خراپەکارن و دەشیانەوێت ئیمدارانیش ئاوابن و خراپەکاری هەموان بگرێتەوە!

بەدوای هەنگاو و نەخشە و پیلانەکانی شەیتان مەکەون

●﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۚ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾● النور: ٢١

(ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە شوێنی هەنگاو و نەخشە و پیلانەکانی شەیتان مەکەون، هەرکەس شوێنی هەنگاو و نەخشە و پیلانی شەیتان بکەوێت زەرەر دەکات، چونکە بەڕاستی شەیتان هەمیشە فەرمان بە کار و کردەوەی خراپ و گوناه و تاوان و ناشیرینی دەکات، ئەگەر فەزڵ و میهرەبانی خودا نەبوایە

لەسەرتان ئەوە هەرگیز کەستان پاك و پوختە و ڕزگار نەدەبوون (لەدەست بوختانچیەکان، یاخود بە تەوبە پاك نەدەبوونەوە) بەڵام خودا هەر کەسێکی بوێت و شایستە بێت، پاکو پوختەی دەکات و لە گوناهەکانی دەبورێت، خودایش هەمیشە بیسەر و زانایە (بە تەوبە و پەشیمانیتان و بە نیەتی دڵ و دەروونتان)).

سوێند لەسەر نەکردنی چاکە مەخۆ

● ﴿ وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓاْ أُوْلِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْ ۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ ● النور: ٢٢

(ئەوانەی کە خاوەنی سامان و بەخشندەیین لە ئێوە با سوێند نەخۆن کە یارمەتی خزمان و هەژاران و کۆچبەران لە پێناوی خودا نەدەن, دەبا لێبووردەبن، دەبا چاوپۆشی بکەن، مەگەر حەز ناکەن خودا لێتان خۆش ببێت، خودایش هەمیشە لێخۆشبوو میهرەبانە).

لەعنەت لە بوختان چیان

● ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْغَٰفِلَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ● النور: ٢٣

(بە ڕاستی ئەوانەی ئافرەتانی ئیماندارە پاکداوێن و خاوەن مێرد و بێ ئاگا لە گوناه، تۆمەتبار دەکەن، ئەوانە نەفرەتیان لێکراوە لە دنیا و لە قیامەتدا و سزایەکی گەورە و سەخت ئامادەیە بۆیان (لە تۆڵەی لەکەدار کردنی پاکاندا)...).

بەبێ مۆڵەت مەچۆ ماڵی خەڵکی

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾ ● النور: ٢٧

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگادارین (وەکو زەنگ لێدان یان لە دەرگادان) پاشان کە مۆڵەتدران سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە، ئەوە چاکترە بۆتان و بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، هەوڵ بدەن لە یادتان بێت و ئەو شێوازە فەرامۆش نەکەن (کاتی لە بار و گونجا و هەڵبژێرن بۆ سەردانەکانتان، بۆ میوان و خاوەن ماڵ دڵیان بەیەك بکرێتەوە)).

ئایەت و نموونەی ڕوون ڕەوانەکراوە بۆ پارێزکاران

● ﴿وَلَقَدۡ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ ءَايَٰتٖ مُّبَيِّنَٰتٖ وَمَثَلٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۡ وَمَوۡعِظَةٗ لِّلۡمُتَّقِينَ﴾ ● النور: ٣٤

(سوێند بە خودا بێگومان ئێمە چەندەها ئایەت و فەرمانی ئاشکراو ڕوونمان بۆ دابەزاندوون و هەروەها چەندەها نموونە و سەرگوزەشتەی ئەوانەی پێش خۆتان کە تێپەڕیان کردووە، هاوڕێ لەگەڵ پەند و ئامۆژگاری بۆ خوداناس و پارێزکاران).

کێ سەرفرازە؟

● ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ﴾ ●
النور: ٥٢

(جا ئەوەی فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەرەکەی بکات و لە خودا بترسێت و لە سەرپێچی و نافەرمانی خۆی بپارێزێت، ئا ئەوانە سەرفراز و بە ئاوات گەیشتوون).

فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەرەکەی بن

● ﴿قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيۡكُم مَّا حُمِّلۡتُمۡۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهۡتَدُواْۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ﴾ ● النور: ٥٤

(پێیان بڵێ: فەرمانبەرداری خودا و فەرمانبەرداری پێغەمبەر بن، خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکرد، ئەوە ئەو تەنها گەیاندنی پەیامی خودای لەسەر شانە، ئێوەش سەرپێچی و یاخی بوونەکەتان لەسەرتان دەکەوێت، خۆ ئەگەر فەرمانبەرداری بن و گوێڕایەڵ و ملکەچ بن بە ڕاستی ئەوە هیدایەت وەردەگرن، دڵنیاش بن کە ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەنها گەیاندنێکی ڕوون و ئاشکرایە و هیچی تر نییە).

بێباوەڕان لەدەست سزا و تۆڵەی خودا ڕزگاریان نابێت

● ﴿لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مُعْجِزِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ وَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ ۖ وَلَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ ● النور: ٥٧

(وا مەزانە ئەوانەی کە بێ باوەڕ و خودا نەناس بوون لە دەست سزاو تۆڵەی خودا لەسەر زەوی ڕزگاریان دەبێت، ئەوانە لە قیامەتدا شوێنیان ئاگری دۆزەخە، ئای چ سەرەنجامێکی خراپە).

با منداڵان مۆڵەت وەربگرن بۆ چوونە ژوورەوە

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِيَسْتَـْٔذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا۟ ٱلْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَٰثَ مَرَّٰتٍ ۚ مِّن قَبْلِ صَلَوٰةِ ٱلْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعْدِ صَلَوٰةِ ٱلْعِشَآءِ ۚ ثَلَٰثُ عَوْرَٰتٍ لَّكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌۢ بَعْدَهُنَّ ۚ طَوَّٰفُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ ● النور: ٥٨

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە با بەندە و ئەو منداڵانەتان (کە هێشتا نەگەیشتونەتە تەمەنی هەرزەکاری) لە سێ کاتدا (فێری ئەوە بکرێن) مۆڵەت بخوازن (لەسەردانی ژووری نووستنی ژن و مێرد) پێش نوێژی بەیانی، کاتی نیوەڕۆ کە پۆشاکتان دا دەنێن (بۆ حەوانەوە)، لە دوای نوێژی خەوتنان، سێ کاتە کە لەوانەیە عەورەتی ئێوەی تێدا دەربکەوێت (با کەسی تر؛ نەتانبینێت)، لە دوای ئەو سێ کاتە قەیناکات بۆ ئێوەش و ئەوانیش، کە بگەڕێن بە ناویەکدا و بچن بۆ لای یەکتر، ئا بەو شێوەیە

خودا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، (تا تووشی کێشەی دەروونی نەبن) خوداش هەمیشە زانا و دانایە (بەوەی کە دەبێتە مایەی خێر و خۆشیتان)).

با باڵغەکانیش مۆڵەت وەربگرن

● ﴿وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا۟ كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ ● النور: ٥٩

(هەر کاتێك منداڵەکانتان باڵغ بوون، با ئەوانیش مۆڵەت بخوازن، وەکو چۆن کەسانی پێش ئەمان مۆڵەتیان خواستووە (لە کاتی هاتووچۆ کردنی ژووری دایك و باوکدا)، ئا بەو شێوەیە خودا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە و خودا زانا و دانایە (بە بەرژەوەندیەکانتان)).

ئافرەتە پیر و پەککەوتەکان حیسابیان جیایە

● ﴿وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِى لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ ● النور: ٦٠

(ئەو ئافرەتە پیر و پەککەوتانەی کە بە تەمای شوو کردن نین، قەیناکات ئەگەر هەندێك لە پۆشاکیان دابنێن، لە کاتێکدا جوانی خۆیان دەرنەخەن، خۆ ئەگەر پۆشتە بن ئەوە چاکترە بۆیان، خودایش بیسەر و زانایە (بە نیەت و خەتەرە و خەیاڵی دڵەکان)).

ئەرک بەپێی توانایە و هەموو شتێکیش تۆمار دەکرێت

● ﴿وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَلَدَيْنَا كِتَابٌ يَنطِقُ بِالْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ ● المؤمنون: ٦٢

(ئێمە هیچ ئەرکێك نادەین بەسەر هیچ کەسێکدا مەگەر لە چوار چێوەی توانای خۆیدا، جا ئێمە دۆسیەی تایبەتی هەموو کەسێکمان لایە کە حەق گۆیە (گوفتار و کردارەکانی تێدا تۆمار کراوە، لەبەر ئەوە) ئەوانە هیچ جۆرە ستەمێکیان لێ ناکرێت).

بەبێ زانیاری قسە دەربارەی خودا مەکە

● ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَانٍ مَّرِيدٍ﴾ ●

الحج: ٣

(هەندێ لە خەڵکی دەبینیت بەبێ هیچ زانستی و زانیاریەك دەربارەی (گەورەیی و دەسەڵاتی) خودای پەروەردگار موجادەلە دەکەن و باس و خواس دەکەن و شوێن هەموو شەیتانێکی یاخی و سەرکەش دەکەون).

گوێڕایەڵی کارانی شەیتان سەرەنجامیان گومڕاییە

● ﴿كُتِبَ عَلَيۡهِ أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ وَيَهۡدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ﴾ ● الحج: ٤

(لەسەر شەیتان بڕیاردراوە، بێگومان ئەوەی شوێنی بکەوێت و بەگوێی بکات، ئەوە بەڕاستی گومڕای دەکات و ڕێگەی بۆ خۆش دەکات تا بەرەو سزای دۆزەخ ببات).

هەیە دینداریش بە بەرژەوەندی دەکات

●﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ﴾● الحج: ١١

(هەندێك لە خەڵکی هەیە تەنها لە یەك حاڵەتدا خوداپەرستی دەکات (ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە دنیا بەدڵی ئەو بێت)، ئەگەر تووشی خێر و خۆشی بوو دڵی پێی خۆشە، خۆ ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیەك هات، سواری سەری خۆی دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە، ئا بەو حاڵەتەی دنیا و قیامەت لە دەست خۆی دەدات و زەرەرمەندی هەردوو لایە و هەر ئەوەشە خەسارەتمەند و زەرەرمەندی ڕوون و ئاشکرا).

خودای گەورە پشتگیری ئیمانداران و ڕاستەقینەکان دەکات

● ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾ ●
الحج: ٣٨

(بێگومان خودا پشتگیری دەکات لەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە چونکە بەڕاستی خودا هیچ خیانەتکار و کافر و بێ باوەڕێکی خۆش ناوێت).

سزای دوژمنانی پەیامی خودا

● ﴿وَٱلَّذِينَ سَعَوْ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ﴾ ●
الحج: ٥١

(ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن بەربەست دابنێن لەبەردەم ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەدا لە کاتێکدا دەستەوسانن، ئەوانە نیشتەجێی ناو دۆزەخن).

کۆچکەرە دڵسۆزەکان

● ﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوْ مَاتُواْ لَيَرْزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزْقًا حَسَنًا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ ● الحج: ٥٨

(ئەوانەش کە لەبەر ڕەزامەندی خودا و لە پێناوی سەرخستنی ڕێبازەکەی ئەودا کۆچیان کرد لەوەودوا کوژران و شەهیدکران یاخود مردن، سوێند بێت بێگومان خودا لە ڕزق و ڕۆزی چاك بەهرەوەریان دەکات، بەڕاستی خودا هەر خۆی چاکترین ڕزق و ڕۆزی بەخشە).

دەستکرد و دروستکراوەکان زۆر بێ دەستەڵاتن

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُواْ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴾ ● الحج: ٧٣

(ئەی خەڵکینە: نموونەیەك هێنراوەتەوە چاك گوێی بۆ بگرن؛ بەڕاستی ئەوانەی كە هانا و هاواریان لێدەكەن لەجیاتی خودا، هەرگیز ناتوانن تاكە مێشێك دروست بكەن، هەرچەندە بۆ ئەو كارە كۆببنەوە و (یارمەتی یەكتریش بدەن) و ئەگەر مێشەكە شتێكیان لێ بفڕێنێت، ناتوانن لێی بسەننەوە، داواكار و داواليكرا و هەردووكیان لاواز و بێ دەسەڵاتن).

تێبكۆشن لە پێناو خودادا

● ﴿ وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦ هُوَ ٱجْتَبَىٰكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعْتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوْلَىٰكُمْۖ فَنِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ﴾ ● الحج: ٧٨

(بەردەوام بن لە خەبات و جیهاد و هەوڵ و كۆشش لە پێناوی خودادا بەو شێوەیەی كە شایستەیەتی، لەبەر خاتری ئەو بێت، ئەو زاتە بۆ ئەوە هەڵی بژاردوون و لە ئاین و بەرنامەكەیدا هیچ جۆرە شتێكی ناڕەواو قورس و گرانی

لەسەر دانەناون (کە نەتوانن ئەنجامی بدەن، جا ئەم بەرنامەیە) ڕێ و شوێن و بەرنامەی ئیبراهیمی باوکتانە کە پێشتر هەر خودای گەورە ناوی ناون موسڵمان و لەم قورئانەشدا بەموسڵمان ناوی بردوون، تا پێغەمبەر ببێتە شایەت بەسەرتانەوە (کە پەیامی خودای پێ ڕاگەیاندوون) و ئێوەش (بە گەیاندنی ئەو پەیامە) ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە، کەواتە نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش (لە ماڵ و سامان و زانستی و هێزتان) دەربکەن و پشت بەخودا ببەستن، چونکە هەر ئەو ڕاتە یار و یاوەرتانە، جا دڵنیابن کە خودا چەندە یارمەتیدەرێکی چاکە و چەندە پشت و پەنایەکی بەهێز و بەنرخە).

قورئان بیرخەرەوەیە

● ﴿لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ● الأنبياء: ١٠

(سوێند بەخودا بێگومان ئێمە کتێبێکمان پەوانە کردووە بۆتان کە یاداوەریە و سەربەرزی ئێوە لە شوێنکەوتنیایەتی، ئایا ئەوە بیر و هۆشتان ناخەنەکار و ژیر نابن؟).

بەخێر و شەڕ تاقیدەکرێنەوە

● ﴿وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾ ● الأنبياء: ٣٥

(بێگومان ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بەشەڕ و ناخۆشی و بەڵاو بەخێر و خۆشی و دارایی و توانایی، سەرەنجام هەر بۆ لای ئێمە دەهێنرێنەوە (تا پاداشتتان بدەینەوە)).

کەواتە لە خۆشی و ناخۆشیدا مەدۆڕێ، چونکە هەیە لەهەردوکایندا دەدۆڕێت، هەشە لە یەکێکیاندا، بۆیە دەبێت لە هەردوکیاندا خودای گەورە لەبیر نەکەین.

تەرازوە دادگەرەکەی ڕۆژی دوایی

● ﴿وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ﴾ ●

الأنبياء: ٤٧

(ئێمە پێوەر و تەرازووەکانی دادپەروەری لە ڕۆژی قیامەتدا دادەنێین، جا هیچ کەس بە هیچ شێوەیەك ستەمی لێ ناکرێت، ئەگەر بە قەدەر تۆوە خەرتەلەیەك (کە زۆر بچووك و وردە، کارێکی چاك یان خراپی ئەنجام دابێت) دەیهێنینە مەیدان، جا ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە ئاوا بە وردی حساب و لێپرسینەوە ئەنجام دەدەین).

پاداشتی کەس لەبیرناکرێت

● ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا كُفْرَانَ لِسَعْيِهِۦ ۖ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ﴾ ● الأنبياء: ٩٤

(جا ئەوەی کار و کردەوە چاکەکان ئەنجام بدات لە کاتێکدا کە ئەو کەسە باوەڕدارە، جا ئەوە هەوڵ و کۆششەکەی پشتگوێ ناخرێت و بەزایە ناچێت بەڕاستی ئێمە بۆی یاداشت و تۆمار دەکەین).

ژیانی ترش و تاڵ بۆ ڕوو وەڕگێڕان

● ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَىٰ﴾ ● طه: ١٢٤

(ئەوەیشی کە ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێری حەشری دەکەین..).

هیچ نەبوویت خودا هێنایتیە بوون

●﴿أَوَلَا يَذْكُرُ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئًا﴾ ●
مریم: ٦٧

(باشە ئاخر ئادەمیزاد بۆچی ئەوە یاد ناکات کە بەڕاستی لە کاتێکدا ئێمە دروستمان کرد، کە بوونی نەبوو؟ لە نەبووەوە هێنامانە بوون).

بەبێ (إن شاء الله) مەڵێ واو وا دەکەم

● ﴿وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْیْءٍ إِنِّی فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا إِلَّآ أَن یَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِیتَ وَقُلْ عَسَىٰٓ أَن یَهْدِیَنِ رَبِّی لِأَقْرَبَ مِنْ هَٰذَا رَشَدًا﴾ ●
الكهف: ٢٣ - ٢٤

(هەرگیز دەربارەی هیچ شتێك و هیچ کارێك مەڵێ، من بەڕاستی سبەینێ ئەنجامدەری ئەو کارەم...، مەگەر بڵێیت: ئەگەر خودا بیەوێت و ویستی پەروەردگاری لەسەر بێت، یادی پەروەردگاریشت بکە کاتێك کە لە بیرت چوو بڵێیت (ان شاء الله) لە ئەنجامدانی هەر کارێکدا بڵێ: ئومێدەوارم پەروەردگارم ڕێنموویم بکات بۆ بەڵگەیەکی نزیکتر لەمە تا بەو شێوەیەی کە پێی چاکەو لای پەسەندە جێبەجێی بکەم).

ئازادی لە نێوان کوفر و ئیماندا

● ﴿..فَمَن شَآءَ فَلْیُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْیَكْفُرْ ۚ﴾ ● الكهف: ٢٩

(ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕ بێت).

بەڕاستی ئەوەیە لوتکەی ئازادیە!!! لە گرینگترین و هەستیارترین بابەتدا ئازادی دراوە.

مالّ و سامان و وەچە، زینەت و جوانین بۆ ژیانی دونیا

● ﴿ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا﴾ ● الكهف: ٤٦

(مالّ و سامان و وەچە، زینەت و جوانین بۆ ژیانی دنیا، بەڵام دڵنیابن کردەوە چاکەکان کە بەرهەمیان دەمێنێتەوە پاداشتیان چاکترە لای پەروەردگارت و ئومێد و هیوای چاکتریشی لێ دەکرێت بۆ خاوەنەکانیان).

پێغەمبەران مژدەدەر و ترسێنەرن

● ﴿وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ۚ وَيُجَٰدِلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ لِيُدْحِضُوا۟ بِهِ ٱلْحَقَّ ۖ وَٱتَّخَذُوٓا۟ ءَايَٰتِى وَمَآ أُنذِرُوا۟ هُزُوًا﴾ ● الكهف: ٥٦

(ئێمە پێغەمبەران تەنها بە مژدەدەر و ترسێنەر نەبێت نانێرین کەچی ئەوانەی کافر و بێباوەڕ بوون هەر موجادەلە و دەمبازی دەکەن بە بەڵگەی پڕوپووچ، بۆ ئەوەی حەق و ڕاستی بەتاڵ بکەنەوە و بیترازێنن، هەروەها ئایەت و فەرمانەکانی من و ئەوەی ئەوانی پێ هۆشیار کراوەتەوە کردویانە بەگاڵتە).

کێ لەوە ستەمکارترە؟!

● ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِۦ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِىَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ﴾ ● الكهف: ٥٧

(کێ ' لەوە ستەمکارترە کە یاداوەری کرابێت بە ئایەت و فەرمانەکانی پەروەردگاری، کەچی ڕووی لێ وەرگێڕاون و لووتی بەرز گرتووە و ئەوەشی لە یاد کردووە کە چ دەستپێشکەریەکی کردووە لە گوناە و تاوان).

پێغەمبەریش (ﷺ) مرۆڤە

● ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَـٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ ● الكهف: ١١٠

((ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) پێیان) بڵێ: بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێکم وەکو ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحی و نیگام بۆ دێت (ئەم ڕاستیەتان تێبگەیەنم) کە: بێگومان خودای ئێوە خودایەکی تاك و تەنهایە، جا ئەوەی دەیەوێت بەدیداری پەروەردگاری شادببێت، بەخۆشنودیەوە با کاروکردەوەی چاك و دروست ئەنجام بدات و بە هیچ شێوەیەك لە پەرستندا هیچ کەسێك نەکاتە هاوەڵ و شەریك بۆی).

قورئان هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگە

● ﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا﴾ ● الإسراء: ٩

(بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگە و ڕێباز و بەرنامە، مژدەیش دەدات بەو ئیماندارانەی کە کار و کردەوە چاکەکان دەکەن کە بێگومان پاداشتی زۆر و بێ سنوور چاوەڕێیانە).

ئینسان نابێت وا بێت

● ﴿وَيَدْعُ ٱلْإِنسَٰنُ بِٱلشَّرِّ دُعَآءَهُۥ بِٱلْخَيْرِ ۖ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ عَجُولًا﴾ ● الإسراء: ١١

(ئینسان (کاتێك تەنگەتاو دەبێت) دوعا و نزای شەڕ دەکات، هەروەك چۆن لە کاتی ئاساییدا دوعای خێر دەکات، ئینسان هەمیشە و بەردەوام بەپەلە و هەڵەشەیە).

نامەی کردەوەی هەر کەسێک هەڵدەواسرێت بە گەردنیدا

● ﴿وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلْزَمْنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِى عُنُقِهِۦ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا يَلْقَىٰهُ مَنشُورًا﴾ ● الإسراء: ١٣

(نامەی کردەوەی هەر کەسێکیشمان هەڵواسیووە بە گەردنیدا و لە ڕۆژی دواییدا کارنامەی کردەوەکانی بۆ دەردەهێنین و بە کراوەیی دەیخەینە بەردەستی (ئاشکرایە کە ئەو دەزگایانەی کارو کردەوەی ئێمەی لەسەر تۆمار دەکرێت زۆر

پێشکەوتوو تر لەوەی کە ئادەمیزاد تا ئێستا پەیپێبردووە)).

کێن سوپاسکراوان؟

● ﴿وَمَنْ أَرَادَ ٱلْآخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا﴾ ● الإسراء: ١٩

(ئەوە مەبەستی بەشی ئەو جیهان بێت و هەوڵ و کۆششی چاکی بۆ بدات، لە هەمان کاتیشدا ئیماندار بێت، هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە جێگەی ڕێز و سوپاسە و سوپاسکراون).

هاوبەش بۆ خودا بڕیارِ مەدە با زەبوون و خەجاڵەت نەبیت

● ﴿لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا﴾ ● الإسراء: ٢٢

((ئەی ئینسان) هەرگیز نەکەیت خودایەکی تر بکەیتە هاوتای خودا و هاوەڵی بۆ بڕیار بدەیت چونکە بەو کارەت زەبوون و خەجاڵەت دەبیت).

نابێ (ئۆف) یش بەرانبەر دایک و باوکت بڵێیت

● ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا﴾ ● الإسراء: ٢٣

(پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاریداوە چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا، هەر کاتێك یەکێکیان یان هەردووکیان بە پیری کەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لە دەست مەکە و (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەکە، بەردەوامیش قسە و گفتوگۆت لەگەڵیاندا با چاك و جوان و بەجێ بێت).

باڵی میهرەبانی بۆ دایک و باوکت ڕابخە

● ﴿وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا﴾ ● الإسراء: ٢٤

(باڵی میهرەبانی بۆ دایك و باوکت ڕابخە و ملکەچ بە بۆیان، نزا بکە و بڵێ: پەروەردگارا ڕەحمیان پێ بکە و میهرەبان بە بۆیان، هەروەکو چۆن ئەوان ڕەحمیان بە من کردوو و منیان پەروەردە کردووە بە بچووکی و منداڵی).

پەروەردگارتان زۆر زاناترە لە خۆتان بەوەی کە لەدڵ و دەروونتاندا هەیە

● ﴿رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمْ ۚ إِن تَكُونُوا صَالِحِينَ فَإِنَّهُ كَانَ لِلْأَوَّابِينَ غَفُورًا﴾ ● الإسراء: ٢٥

(پەروەردگارتان زۆر زاناترە لە خۆتان بەوەی کە لە دڵ و دەروونتاندا هەیە، خۆ ئەگەر چاك و پاك و ڕێکوپێك بن، ئەوە بەڕاستی ئیتر ئەو زاتە بۆ تەوبەکاران و پەشیمانان زۆر لێخۆشبوو بەخشندەیە).

مافی خزم و هەژاران و ڕێبواران بدە

● ﴿وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ﴾ ● الإسراء: ٢٦

(مافی خزم و خوێشان بەجێ بهێنە و پەیوەندیەکان (لە چوار چێوەی شەرعدا چاودێری بکە) هەروەها مافی هەژارانیش (بە یارمەتیدانیان بە گوێرەی توانا) ئەنجام بدە هەروەها مافی ڕێبواریش (بە دەستگیرۆیی و ڕێ نیشاندان) جێبەجێ بکە).

مالّ و سامان بەفیڕۆ مەدە

● ﴿..وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا﴾ ● الإسراء: ٢٦

(دەست بڵاو مەبە و مالّ و سامانت بەفیڕۆ مەدە).

﴿إِنَّ ٱلْمُبَذِّرِينَ كَانُوٓاْ إِخْوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِ ۖ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورًا﴾

الإسراء: ٢٧

(چونکە بەڕاستی ئەوانەی مالّ و سامانیان بەفیڕۆ دەدەن (لە ڕێگەی خراپدا سەرفی دەکەن)، ئەوانە هەمیشە وەك برای شەیتانەکان وان، شەیتانیش لە بەرانبەر (ناز و نیعمەتەکانی) پەروەردگاریدا زۆر ناشوکر و بەدنمەکە).

نەڕەزیلی و نە دەست بڵاوی

● ﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا﴾ ● الإسراء: ٢٩

(نەکەیت ئەوەندە دەست نوقاو بیت وەك ئەوەی کە دەستی بەکۆت و زنجیر بەگەردنیدا هەڵواسرابێت، هەروەها ئەوەندەش دەست بڵاو مەبە (هیچیت بەدەستەوە نەمێنێت) لەوەودوا بکەویتە بەردەم لۆمە و سەزەنشتی ئەم و ئەو و هیچت بە دەستەوە نەمێنێت و بە هەناسە ساردی و نائومێدی بۆی دانیشیت).

منداڵەکانتان لە ترسی گرانی و برسێتی مەکوژن

● ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ۚ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْـًٔا كَبِيرًا﴾ ● الإسراء: ٣١

(نەکەن منداڵەکانتان لە ترسی گرانی و برسێتی بکوژن (چونکە پەروەردگارتان ڕۆزی بەخش و میهرەبانە)، ئێمە ڕزق و ڕۆزی دەبەخشین بەوانیش و بە ئێوەش، چونکە بەڕاستی کوشتنی ئەوان گوناە و تاوانێکی زۆر گەورەیە).

نزیکی زینا مەکەون

● ﴿وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا﴾ ● الإسراء: ٣٢

(هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە بەڕاستی گوناە و تاوان و هەڵە و ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە).

لێرەدا نافەرموێت زینا مەکەن، بەڵکو دەفەرموێت: نزیکی زینا مەکەون، واتە نابێت نزیکی هۆکارەکانی بکەویت، زینا پێشەکی هەیە، وەك نەزەر، دەست لێدان،....

کەس بەناحەق مەکوژن

● ﴿وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّى ٱلْقَتْلِ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا﴾ ● الإسراء: ٣٣

(کەسێك نەکوژن کە خودا کوشتنەکەی حەرام کردبێت مەگەر بەهۆی تاوانێکەوە شایستە بێت و کوشتنی ڕەوا بێت، ئەوەش کە مەزڵوم و بێتاوان دەکوژێت، ئەوە ئێمە بەڕاستی ماف و دەسەڵاتمان داوە بەنزیکترین کەسی کە تۆڵەی بۆ بسێنێت، ئەویش نابێت زیادەڕەویی بکات لە کوشتن و تۆڵەسەندنەوەدا، (خۆ ئەگەر لەخوداترس و فەرمانبەردار بوو لەو کارەیدا) ئەوە بێگومان سەرکەوتوو و پشتیوانی لێکراوە لە لایەن دەسەڵاتی ڕەواوە).

ماڵی هەتیوان مەخۆن

● ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ۚ وَأَوْفُوا۟ بِٱلْعَهْدِ ۖ إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ مَسْـُٔولًا﴾ ● الإسراء: ٣٤

(نزیك ماڵی هەتیو و مەکەون مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت (وەك ئەوەی بیخەنە بازرگانیەکەوە تا گەشە بکات) هەتا ئەگاتە هەڕەتی لاوی، وەفا بکەن بە بەڵێن و پەیمان، چونکە بەڕاستی بەرپرسیارن لە بەرانبەر بەڵێن و پەیمانەوە).

دادگەربە لە تەرازوودا

● ﴿ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ إِذَا كِلۡتُمۡ وَزِنُواْ بِٱلۡقِسۡطَاسِ ٱلۡمُسۡتَقِيمِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلٗا ﴾ ● الإسراء: ٣٥

(هەر کاتێك کێشان و پێوانتان ئەنجامدا بەڕێك و پێکی و تێر و تەواوی ئەنجامی بدەن، ئەو شێوەیە چاکترە و جوانترین ئەنجامی هەیە (لە دنیادا ئاسوودە دەبن و پاداشتی قیامەتیش بەدەست دەهێنن)).

لە شتێک مەدوێ کە زانست و زانیاریت دەربارەی نیە

● ﴿وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ﴾ ● الإسراء: ٣٦

((ئەی ئینسان) لە شتێك مەدوێ و شوێنی شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نیە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەر هەمووی لێپرسینەوەیان لەسەرە).

شەیتان دەیەوێت نێوانتان تێک بدات

● ﴿وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنسَانِ عَدُوًّا مُّبِينًا﴾ ● الإسراء: ٥٣

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەبەندەکانم بڵێ: چاکترین گوفتار بڵێن (جوانترین گوفتار بنووسن) چونکە شەیتان بەڕاستی دەیەوێت نێوانیان تێك بدات (هەمیشە هانیان دەدات بۆ وتنی گوفتاری هەڵە و خراپ)، بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئینسانە و (دەبێت وریا بێت ئەو دوژمنە تووشی هەڵەی نەکات)).

کوێری ئەم دونیا کوێری ئەو دونیاشە

● ﴿وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِ أَعْمَىٰ فَهُوَ فِي الْآخِرَةِ أَعْمَىٰ وَأَضَلُّ سَبِيلًا﴾ ●

الإسراء: ٧٢

جا ئەوەی لەم دنیایەدا (دڵ و دەروون و بیرو هۆشی) کوێر بێت، ئەوە لە قیامەتدا چاوی کوێرەو زۆر سەرگەردانترو سەرلێشێواوترە، چونکە چاوی سەری بۆ بینایی و تێفکران بەکار نەهێناوە لە دنیادا.

ناحەق و بەتاڵ هەر تیاچووە

● ﴿إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾ ● الإسراء: ٨١

(ناحەق و بەتاڵ هەرتیاچووە و جێگیر نەبووە و بەزیووە).

قورئان شیفایە

● ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا﴾ ● الإسراء: ٨٢

(ئێمە لە قورئان ئایەت و سوورەتانێك دادەبەزێنین، كە ببێتە هۆی شیفا و چارەسەر بۆ نەخۆشیە دەروونی و جەستەییەكان هەروەها ڕەحمەت و میهرەبانیش، بۆ ئیماندارانن، بۆ ستەمكار و خودانەناسانیش تەنها زیادكردنی زەرەر و زیان نەبێت هیچی تر نییە، هیچ بەهرە و سوودێكی لێ نابەن).

قورئان شیفایە بۆ هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی و هەموو بەشەكانی مرۆڤ و كایەكانی، چارەسەر و شیفایە بۆ دڵ و دەروون و فیكرەكان و مرۆڤ لەسەر فیترەت و سرووشت دەهێڵێتەوە و ناهێڵێت ئەولا و ئەملا بكات.

کەس ناتوانێت وەک قورئان بهێنێت

● ﴿قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ ● الإسراء: ٨٨

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ: سوێند به خودا ئەگەر هەموو ئادەمیزاد و پەریەکان کۆ ببنەوە و (هەوڵی بەردەوام بدەن تا) قورئانێکی وەکو ئەمە دانێن و بیهێننە (مەیدان) ناتوانن کاری وابکەن و ناتوانن لە وێنەی بهێنن، ئەگەر چی هەموو لایەکیان ببنە پشتگی رو یارمەتیدەری یەکتر).

قورئان له هەموو ڕوێکەوە موعجیزەیە، به شێوەیەکی گشتی قورئان چوار جۆر بابەت باس دەکات:

١- بنەمای زانستە دینی و مرۆییەکان، وەك: (عەقیدە، بیر و باوەڕ و فیکر، زانستە یاساییەکان، زانستەکانی وەك فیزیا و فەلەك و پزیشك و جیۆلۆجی و ...) و زانستە کۆمەڵایەتیەکان و فەلسەفە و ...).

٢- ئیعجازی زانستی (فیزیا، فەلەك، پزیشکی ...) و (بەلاغی) و (زمانەوانی) و (تەشریعی) و (ژمارەیی) و.....

٣- بابەتە مێژوویییەکان (هەواڵی پێغەمبەران و گەلا و شارستانیەتەکانی پێشوو).

٤- هەواڵی ڕووداوەکانی داهاتوو.

کە بە ڕاستی هەر یەکیك لەوانە لە کەسێکی نەخوێندەوار کە لە ژینگەیەکی نەخوێندەوار و دوا کەوتوودا ژیاوە ناوەشێتەوە هەرگیزا و هەرگیز، بەڵکو ئەمە تەنها و تەنها لە توانا و دەسەڵاتی خوای گەورەدایە.

قورئان بە شێنەیی بخوێنەوە بەسەر خەڵکیدا

● ﴿وَقُرْءَانًا فَرَقْنَٰهُ لِتَقْرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا﴾ ● الإسراء: ١٠٦

(ئێمە قورئانمان بەش بەش کردووە تا بە شێنەیی و بە ئارامی بیخوێنیتەوە بەسەر خەڵکیدا، هەر ئێمەش بەو شێوەیە دامانبەزاندووە).

بە ناو و سیفەتە بەرزەکانی خودا بپارێوە

● ﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ أَوِ ٱدْعُوا۟ ٱلرَّحْمَٰنَ ۖ أَيًّا مَّا تَدْعُوا۟ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَٱبْتَغِ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا﴾ ● الإسراء: ١١٠

(پێیان بڵێ: ئێوە لە نزا و دوعاتاندا هاوار لە (الله) بکەن، یان بە سیفەتی پیرۆزی (الرحمن) هانای بۆ بەرن، بە هەر ناو و سیفەتێکی جوان و بەرز هاواری لێبکەن و نزا بکەن دروستە، چونکە ئەو خاوەنی هەموو سیفات و ناوە پیرۆزو جوانەکانە، بە هەر سیفەتێك کە لەگەڵ داخودازیەکانتاندا گونجا، داوای لێ بکەن، لە کاتی داواکردنی ڕزق و ڕۆزیدا بە (یا ڕزاق، یا وهاب) لەکاتی داوای سەرکەوتندا بە (یا قوی یا متین یا عزیز یا.... هتد، ئەی ئیماندار) لەکاتی خوێندنی قورئان لە نوێژەکاندا دەنگ بەرز مەکە و زۆریش نزمی مەکە، لەو نێوانەدا حاڵەتێکی لەبار و مامناوەندی بگرە).

خودا ڕۆڵە و هاوبەشی نییە

● ﴿وَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ وَلِىٌّ مِّنَ ٱلذُّلِّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا﴾ ● الإسراء: ١١١

(بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە کەسی نەکردووە بەڕۆڵەی خۆی و ڕۆڵەشی هەر نییە، هەروەها لە مووڵك و مەملەکەتیدا کەسی نەکردووە بەشەریك و هاوتای خۆی، هەرگیز بەهۆی بێ دەسەڵاتی و کەم توانینەوە کەسی نەکردووە بە یاوەر و یاریدەدەری خۆی، (لەبەر ئەوە) هەمیشە (الله اکبر) بڵێ و ئەو زاتە بەگەورە و مەزن بزانە).

دروستکەر و دروستنەکەر کوا وەک یەکن؟!

● ﴿أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ ● النحل: ١٧

((باشە ئەی هۆشمەندەکان) ئایا ئەو زاتەی ئەم هەموو دروستکراوە سەر سوڕهێنەرانەی بەدیهێناوە، وەکو ئەو کەسە وایە کە ناتوانێت هیچ بەدی بهێنێت، ئایا ئەوە بۆ لێکی نادانەوە و یاداوەری وەرناگرن؟).

هەموو مرۆڤایەتی کۆببێتەوە ناتوانێت یەك گرام ماددە دروووستبکات چ جای ئەوەی ئەم هەموو گەردوونە دروووستبکات، کەواتە ئەو خوایەی کە دروستکەری هەر هەموو گەردوونە کوا وەك ئەوەیە کە ناتوانێت گرامێك ماددە دروست بکات؟!!!

هەرگیز نیعەتەکانی خوداتان پێ ناژمێردرێت

● ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ ●

النحل: ١٨

(خۆ ئەگەر بێن و بتانەوێت ناز و نیعمەتەکانی خودا بژمێرن، بۆتان ناژمێردرێت (لە ئەندامەکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆتان و ئەو ڕزق و ڕۆزیانەی کە دەیخۆن و ئەو پۆشاك و ڕایەخ و ناوماڵەی بەکاری دەهێنن... هتد، سەرەڕای هەزاران هەزار دروستکراوانی تری دیار و نادیار لە جیهانی ماددە و ڕووەك و گیاندارو... هتد)، سەرەڕای کەم سوپاسیتان لەو هەموو ناز و نیعمەتە بێ شومارە) بەڕاستی خودای پەروەردگار هەر لێخۆش بوو و میهرەبانە).

بڕوانە جاری وا هەیە مرۆڤێك یەك چاکەی زۆر سادەی لەگەڵدا کردووی بەڵام دەڵێیت: هەرگیزا و هەرگیز لەبیری ناکەم، ئەی باشە ئەو هەموو نیعمەتانەی خودای گەورە؟! چونکە هەموو گەردوون بۆ تۆ دروستکراوە، هەمووی خزمەتی تۆ دەکات، بەڵام هەستیان پێ ناکەیت یان خۆت نەزان دەکەیت لە ئاستیاندا.

خودای گەورە ئاگایە بەوەی دەیشارنەوە

● ﴿لَا جَرَمَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَۚ﴾ ● النحل: ٢٣

(شتێکی ڕاستە و گومانی تێدا نییە کە خودای گەورە ئاگایە بەوەی پەنهانی دەکەن و دەیشارنەوە، بەوەش کە دەری دەخەن و ئاشکرای دەکەن).

هەرکاتێك ویستت شتێك بشاریتەوە لە چاوی خەڵك ئەوەت بەبیر بێت چاودێری خودات بەسەرەوەیە.

خودای گەورە موتەکەبیرانی خۆشناوێت

● ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ﴾ ● النحل: ٢٣

(خودای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە لووتبەرز و خۆبەگەورە دەنوێنن).

بۆیە خودای گەورە لووتبەرزانی خۆش ناوێت، چونکە لووتبەرزی سەر دەکێشێت بۆ زۆر شتی خراپ، یەکێك لەوانە ملنەدانە بۆ حەق و حەقیقەت.

پەیامی هەموو پێغەمبەران ئەوە بووە

● ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ ● النحل: ٣٦

(سوێند بە خودا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خودا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر).

خوداپەرستی و تاغوت پەرستی دوو ئاڕاستەی جیاوازن نابێت بەیەکەوە کۆببنەوە، ناکرێت خودا پەرستبیت و شەخس پەرست و ماددە پەرستیش بیت، کە وابووی ئەوە بزانە هیچ لە خوداپەرستی نەگەیشتووی، چونکە ئامانجی خوداپەرستی دوورکەوتنەوەیە لە تاغوت پەرستی و ماددە پەرستی و شەخس پەرستی.

پاداشتی ئەو کەسانەی لەبەر خودا کۆچیان کرد

● ﴿ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴾ ● النحل: ٤١

(ئەو کەسانەی لەبەر خودا و بۆ خودا کۆچیان کرد (بۆ پاڕاستنی ئیمانەکەیان) دوای ئەوەی کە ستەمیان لێکرابوو، ئەوە هەر لە دنیادا بەچاکی و ڕێزەوە نیشتەجێیان دەکەین، بێگومان پاداشتی ئەو جیهان گەورەتر و فراوانترە بۆیان، ئەگەر دەیانزانی).

﴿ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ النحل: ٤٢

(ئەوانەش ئەوانەن کە بە ئارام و خۆگر بوون و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن).

ئارامگری و پشت بەستن بە خودای گەورە دوو سیفەتی سەرخەرن.

پێغەمبەر (ﷺ) ڕوون کەرەوەیە

● ﴿ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾ ● النحل: ٦٤

(ئێمە ئەم قورئانەمانەمان دانەبەزاندووەتە سەر تۆ تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە هەرچی ئەو خەڵکە کێشەی لەسەر هەیە (لە بابەتەکانی دنیا و دین) بۆیان ڕوون بکەینەوە و بیکەینە هۆی هیدایەت و ڕەحمەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕ دەهێنن).

سەرچاوەکانی زانیاری

● ﴿وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾ ● النحل: ٧٨

(خودا ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن، ئینجا دەزگای بیستن و بینین و تێگەیشتنی بۆ دابین کردوون، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن).

سەرچاوەکانی زانیاری:

١. بینین، واتە هەست و ئەزموون.

٢. بیستن، واتە ئەوەی لە ڕێگەیەکی باوەڕپێکراوەوە دەیبیستی وەك وەحی.

٣. عەقڵ.

سەرچاوەکانی زانیاری و زانین لە تێڕوانینی ئیسلامیدا تەنها یەك شت نییە، بۆ نموونە بەس هەست یان ماددە یان عەقڵ یان وەحی بەڵکو هەموویانن و هەموویان یەکتری تەواو دەکەن.

ئەوانە فەرمانەکانی خودان

● ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾ ● النحل: ٩٠

(بەڕاستی خودا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان و قەدەغە لە گوناە و تاوان و دەستدرێژی دەکات (بۆ سەر ماڵ و نەفس و ناموووس) و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و تێفکرن و (هەر چاکە بکەن)).

خودا فەرمان دەکات بە:

١. دادپەروەری.

٢. چاکەکاری.

٣. یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان.

نەهی دەکات لە:

١. گوناە و تاوان و هەموو شتێکی ناڕەوا و نابەجێ و ناشیرن و نابووت.

٢. دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و نەفس و ناموووس.

بەڕاستی ئەم فەرمایشتە بەسە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ئەگەر بەس ئەم فەرمایشتە جێبەجێ بکرێت ئیدی هیچ کێشەیەك نامێنیت.

سوێند مەکەنە ئامرازی فێڵ و تەڵەکەبازی

● ﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعۡدَ ثُبُوتِهَا وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ بِمَا صَدَدتُّمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَكُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾ ● النحل: ٩٤

(نەکەن پەیمان و سوێندەکانتان بکەنە هۆی پیلان گێڕان و فێڵ و تەڵەکە لە نێوانتاندا، (ئەو بڕیار و پەیمانانە هەڵنەوەشێت) تا پێ هەڵنەخلیسکێت دوای ئەوەی قایم وەستابوو، تاڵاوی ناخۆش نەچێژن کاتێك بەهۆی ئەو کارەتانەوە بەربەست دەخەنە بەردەم ڕێبازی خودا، (ئەگەر وا بکەن) ئەو کاتە سزایەکی گەورەتان بۆ هەیە).

پەیمانی خودا مەشکێنن

● ﴿وَلَا تَشۡتَرُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلًاۚ إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾ ● النحل: ٩٥

((پەیمانی خودا مەشکێنن) و بە هەڵوەشاندنەوەی بە نرخێکی کەم مەیگۆڕن، (ئەو نرخە هەرچەند بێت هەر کەمە) چونکە بێگومان ئەو بەشەی لای خودایە لە بەهەشتدا هەر ئەوە چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن).

هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە لای خودایە

● ﴿مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍ ۗ وَلَنَجْزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓا۟ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ● النحل: ٩٦

(ئەوەی لای ئێوەیە و بە ئێوە بەخشراوە، تەواو دەبێت، بەڵام ئەوەی لای خودایە و (لە پێناوی ئەودا دەیبەخشن) هەر دەمێنێتەوە، (کە پاداشتی بەهەشتی بەرین و نەبڕاوەیە) سوێند بە خودا بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە خۆگر و ئارامگر بوون بەجوانتر دەدەینەوە لەوەی کە ئەوان دەیانکرد).

سەرەنجامی کاری چاک

● ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ● النحل: ٩٧

(ئەوەی کار و کردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت لە کاتێکدا بڕوادار بێت، سوێند بە خودا بە ژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بەجوانتر دەدەینەوە لەوەی کە ئەوان دەیانکرد).

ڕۆژێک دێت هەموو کەسێک پاکانە بۆ خۆی دەکات

● ﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَادِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ ● النحل: ١١١

(ڕۆژێك دێت كە هەموو كەس خەمی خۆیەتی، بەرگری لە خۆی دەكات، پاكانە بۆ خۆی دەكات، (گوێ بە كەسی تر نادات، ئەو ڕۆژە) هەر كەس پاداشتی كردەوەكانی دەدرێتەوە و ئەو خەڵكە ستەمیان لێ ناكرێت).

بەهرەمەندبن و سوپاسگوزاربن

● ﴿فَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا وَاشْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ ● النحل: ١١٤

(جا ئێوە ئەی ئیمانداران بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیەی حەڵاڵ و پاكەی كە خودا پێی بەخشیوون، هەمیشە شوكر و سوپاسی ناز و نیعمەتی خودا بكەن، ئەگەر ئێوە تەنها ئەو زاتە دەپەرستن).

ئەوانە حەڕامن

● ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ﴾ ● النحل: ١١٥

((خودای پەروەردگار) تەنها مردارەوە بوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەو ماڵاتانەی کە ناوی غەیری خودایان لە کاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە، حەرامی کردووە لێتان).

لە ناچاریدا خواردنی حەڕام ڕێگەپێدراوە

● ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ●

النحل: ١١٥

(ئەگەر کەسێك پێویستی ناچاری کرد بە خواردنی حەڕامکراوەکان بێ زیادەڕەوی و لە سنوور دەرچوون، ئەوە بەڕاستی خودا زۆر لێخۆشبوو بە بەزەیی و دلۆقانە).

کەواتە لە ناچاریدا حەڕام خواردن دروستە بە دوو مەرج:

١. هەتا زۆر ناچار نەبێت دەستی بۆ نەبات.

٢. ئەگەر پەنای بۆ برد زیادەڕەوی نەکات و لە سنوور دەرنەچێت و بە پێی پێویست بیخوات.

له خۆوه شت حه‌ڵاڵ و حه‌ڕام مه‌که‌ن

●﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ﴾●

النحل: ١١٦

(نه‌که‌ن به قاڵه‌ی ده‌م و زمانتان بڵێن: ئه‌مه حه‌ڵاڵه و ئه‌مه حه‌رامه، بۆ ئه‌وه‌ی درۆ به‌ناوی خودا و ئایینی خوداوه هه‌ڵبه‌ستن، (دیاری کردنی حه‌ڵاڵ و حه‌رام به‌ده‌ست ئێوه نیه، چونکه) به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ی درۆ بۆ خودا و ئایینی خودا هه‌ڵده‌به‌ستن سه‌رفراز و سه‌رکه‌وتوو نابن).

ده‌ستبردن بۆ دیاریکردنی حه‌ڵاڵ و حه‌ڕام به‌بێ زانست کاره‌ساته و یه‌کێکه له گوناهه گه‌وره‌کان، چونکه بڕیاردان له حه‌ڵاڵ و حه‌ڕام واته ئیمزاکردن له جێی خودا، وه مه‌رجه‌کانی فه‌توادان و حه‌ڵاڵ کردن و حه‌ڕام کردن زۆر زۆرن و که‌م که‌س ئه‌و مه‌رجانه‌ی تێدان، به‌ڵام به‌داخه‌وه ئێستا هه‌موو خه‌ڵك بووه به موفتی و له‌خۆیه‌وه بڕیاڕی حه‌ڵاڵ و حه‌ڕام ده‌رده‌کات!!!

﴿مَتَٰعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ النحل: ١١٧

((ئه‌وانه له دنیادا) که‌مێك ڕاده‌بوێرن، به‌ڵام له قیامه‌تدا سزای به ئێش و ئازاریان بۆ ئاماده‌یه).

خودا لەگەڵ پارێزکار و چاکەکاراندایە

● ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ﴾ ● النحل: ١٢٨

(بەڕاستی خودا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆیان پاڕاستووە لە گوناە و هەروەها ئەوانەش کە چاکەکار و چاکەخوازن).

هیچ شوێنێک بەبێ وەحی لەناو نەبراوە

● ﴿وَمَآ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلَّا وَلَهَا كِتَابٌ مَّعْلُومٌ﴾ ● الحجر: ٤

(هیچ شار و شارۆچکەیەکمان وێران نەکردووە کە لەو کاتەدا نامە و کتێبێکی دیاری کراوی نەبووبێت).

خودای گەورە هیچ کەس و میللەتێك سزا نادات بەبێ ئاگادارکردنەوە و پەیام ناردن.

خودای گەورە خۆی قورئان دەپاریزێت

● ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ ● الحجر: ٩

(بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووە و بێگومان هەر ئێمەش پارێزگاری لێ دەکەین و (نایەڵین دەستی خیانەتکار هیچ جۆرە دەستێکی تێ بخات و هەموو هەوڵێك بۆ دەستکاری کردنی نەزۆکە)).

لێبوردەبە

● ﴿فَٱصۡفَحِ ٱلصَّفۡحَ ٱلۡجَمِيلَ﴾ ● الحجر: ٨٥

(بەشێوازێکی جوان چاوپۆشی بکە و لێبوردە بە (لە ڕەفتاری نادروستی نەفامان).

ڕێبکە و ئاوڕمەدەوە

● ﴿فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ ● الحجر: ٩٤

(هەر فەرمانێکت پێدراوە بەڕێکوپێکی ئەنجامی بدە و گوێ مەدە بە بوختان و ڕەفتاری موشریك و هاوەڵگەران).

هەتا مردن پەروەردگارت بپەرستە

● ﴿وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ﴾ ● الحجر: ٩٩

(بەردەوامیش پەروەردگارت بپەرستە هەتا مردن یەخەت پێدەگرێت (ئەو کاتە ئیتر بەیەك جاریی ڕزگارت دەبێت لە هەموو ناخۆشیەکان).

نموونەی بێباوەڕان وەک خۆڵەمێشی بابردوو وایە

● ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡۖ أَعۡمَٰلُهُمۡ كَرَمَادٍ ٱشۡتَدَّتۡ بِهِ ٱلرِّيحُ فِي يَوۡمٍ عَاصِفٖۖ لَّا يَقۡدِرُونَ مِمَّا كَسَبُواْ عَلَىٰ شَيۡءٖۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ﴾ ● إبراهيم: ١٨

(نموونەی ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێناوە بە پەروەردگاریان، کردەوەکانیان وەکو خۆڵەمێشێك وایە کە لە ڕەشەبایەکی سەخت لە ڕۆژێکی گەردەلوودا بەتوندی لێی بدات، لەو هەوڵ و کۆششەی کە داویانە بۆ دنیا هیچیان دەست ناکەوێت، ئا ئەوەیە گومڕاییەك کە لە حەق و ڕاستییەوە دوورە).

قسەی ناشیرن وەک چی وایە؟

● ﴿وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٖ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجۡتُثَّتۡ مِن فَوۡقِ ٱلۡأَرۡضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٖ﴾ ● إبراهيم: ٢٦

(نموونەی قسە و گوفتاری پیس و ناپوختیش وەکو درەختی زڕ و پیس و بێسوود وایە، کە هەڵکێشرابێت و لەسەر ڕووکاری زەوی فڕێ درابێت، بە هیچ بارێکدا خۆی نەگرێت (بۆ سووتاندن نەبێت بۆ هیچی تر چاك نییە، ئەم نموونەیەش ئاماژەیە بۆ هەموو سەرگەردانێك کە لە دنیادا خێر نەداتەوە، لە قیامەتیشدا شوێنکەوتوانیان لە دۆزەخەوە سەریان دەردەچێت).

یەکێ لە پاداشتەکانی بڕوادار ئەوەیە

● ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْأَخِرَةِ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ﴾ ● إبراهيم: ٢٧

(خودای گەورە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە پایەدار دەکات لەسەر گوفتاری بەجێ،و دروستیان لە ژیانی دنیادا، لە سەرەمەرگ و لە قیامەتیشدا، (باوەڕی دامەزراو فریایان دەکەوێت و) گوفتاریان ڕێکوپێك و دامەزراو دەبێت و بەئیمانەوە دەمرن، لەولاشەوە هەر ئەو خودایە ستەمکاران گومڕا دەکات و ئەوەی پەروەردگار بیەوێت هەر ئەوە پێش دێت و دەکرێت).

هیچ کەسێک سزا نادرێت هەتاوەکو ئاگادار نەکرێتەوە

● ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ ● الإسراء: ١٥

(سزای هیچ کەس نادەین تاوەکو پێغەمبەرێکی بۆ دەنێرین).

کەواتە ئەوانەی کە پەیامیان پێنەگەیشتووە یان بە تێکدراوی پێیان گەیشتووە هیچیان لەسەر نیە.

خودا بێ ئاگا نییە لە ستەمی ستەمکاران

● ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ﴾ ● إبراهيم: ٤٢

(واگومان مەبە کە خودا بێ ئاگایە لەو کاروکردەوەیەی ستەمکاران دەیکەن، بەڕاستی خودا سزاکەیان دوا دەخات بۆ ڕۆژێك کە چاوەکانیان تیایدا ئەبڵەق دەبن (جاری وایش هەیە هەر لە دونیادا ستەمکاران ڕیسوا دەکات و تۆڵەیان لێدەسێنێت).

پەیمان شکێنەکان

● ﴿وَٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ﴾ ●

الرعد: ٢٥

(ئەوانەی کە پەیمانی خودا دەشکێنن دوای ئەوەی کە پێشتر تۆندو تۆڵ بوو (لە سەروو هەموویانەوە پەیمانی فیترەت و بەندایەتی)، هەرچی پەیوەندیەکیش خودا فەرمانیدا بەگەیاندنی ئەوان دەیبڕن و دەیپچڕێنن، هەروەها تووی فەساد و گوناە و تاوان دەچێنن لە زەویدا، ئا ئەوانە نەفرەت و خەشمی خودایان لەسەرە و هەروەها جیگە و ڕێگەی ناخۆش و نالەبار (لە دۆزەخدا) بۆ ئەوان هەیە).

بە قورئان و یادی خودا دڵەکان ئارام دەبن

● ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ﴾ ●

الرعد: ٢٨

(ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامی خودای پەروەردگار، ئاگادارین دڵەکان: هەر بە قورئان و یادی خوداو (پاپەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە).

کە زیکرت کرد دەچیە حوزور خودا کە چوویە حوزور خوداش ئارام دەبیت و دڵ و ڕۆحت سوکنایی بۆ دێت.

ڕەشکردنەوە و جێگیرکردن لە دەستی خودادایە

● ﴿يَمۡحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثۡبِتُۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ ● الرعد: ٣٩

(خودا ویستی لەسەر نەمانی لەسەر هەر چییەك بێت، لەناوی دەبات و دەیکوژێنێتەوە، یان دەیهێڵێتەوە و پایەداری دەکات، سەرچاوەی تۆمارکراوی هەموو ڕووداوەکان لای ئەو زاتەیە، (یاخود خودا ئایینە پێشووەکان لە مەیداندا ناهێڵێت و دواهەمین ئاین و بەرنامەی کە ئایینی ئیسلامە دەیچەسپێنێت و پایەداری دەکات)).

هەڵوێستی خەڵک بەرانبەر بانگەواز

● ﴿لِلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمُ ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُۥ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ سُوٓءُ ٱلْحِسَابِ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ﴾ ● الرعد: ١٨

((هەڵویستی ئەو خەڵکە لە بەرانبەر بانگەوازی پەروەردگاریانەوە دوو جۆرە) بۆ ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوە چوون، هەموو خۆشی و شادی و کامەرانی و ئاسوودەییەکان بۆ ئامادەیە، ئەوانەش کە بەدەم بانگەوازەکەیەوە نەچوون، ئەگەر بەڕاستی خاوەنی هەموو شتێکیش بن لە زەویدا و ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت، ئەوە دەیانکردە قوربانی خۆیان، لە پێناوی ڕزگاری خۆیاندا دەیانبەخشی، (چونکە) ئا ئەو جۆرە کەسانە بە خراپترین شێوە حسابیان لەگەڵدا دەکرێت، سەرئەنجامیش، جێگەیان دۆزەخە، ئای کە شوێنێکی خراپە).

پاداشتی گەڕانەوە بۆلای خودا

● ﴿وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ ۖ وَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ﴾ ● هود: ٣

((خەڵکینە)! داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، لەوەودوا بگەڕێنەوە بۆ لای، ئەو کاتە بە چاکی دەتانژێنێت بە ژیانێکی چاك، تا کاتێکی دیاریکراو، هەروەها پاداشتی هەموو خاوەن چاکەیەك بەزیادەوە دەداتەوە، خۆ ئەگەر (ئێوە) پشت هەڵکەن و گوێڕایەڵی فەرمانی خودا نەبن، ئەوە بەڕاستی من دەترسم کە سزای ڕۆژێکی گەورە و سەخت یەخەتان پێ بگرێت (کە ڕۆژی قیامەتە، یان ئەو ڕۆژەی خودای گەورە لە ناوتان دەبات)).

زۆربەی مرۆڤەکان بێ وەفان بەرانبەر خودا

● ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَٰهَا مِنْهُ إِنَّهُۥ لَيَـُٔوسٌ كَفُورٌ﴾ ● هود: ٩

(سوێند بە خودا ئەگەر خێر و خۆشی و ئاسوودەییەك بە ئادەمیزاد بچێژین، لەوەودوا (بۆ تاقیکردنەوەی) لێی بسێنینەوە، ئەوە بەڕاستی دەبینیت ئەو کەسە نائومێد و بێهیوا و ناسوپاسگوزارە و قسە و گوفتاری بۆنی بێباوەڕی و خودانەناسی لێ دێت).

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ نَعْمَآءَ بَعْدَ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ﴾ هود: ١٠

هەروەها ئەگەر دوای ئەو تەنگانە و ناخۆشییەی کە تووشی بوو، ناز و نیعمەتی پێ بچێژین، ئەوە بێگومان دەڵێت: ئیتر هەرچی هەژاری و ناخۆشیە لە کۆڵم بۆتەوە و بەسەر چووە، چونکە بەڕاستی زۆر خۆشحاڵە و شانازی بەخۆیەوە دەکات و لە خۆی بایی دەبێت (وا دەزانێت هەروا ژیانی بەردەوام دەبێت).

ئەوەی بەس دونیا هەڵبژێرێت بەس دونیای بۆ هەیە

● ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ﴾ ● هود: ١٥

(هەر کەسێك تەنها ژیانی دنیا و ڕازاوەیی و (خۆشگوزەرانی) یەکەی بوێت. ئەوە پاداشتی هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە لە دونیادا، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێکەم ناکرێتەوە).

ملکەچی

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَخۡبَتُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ● هود: ٢٣

(بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێناوە بەخودا و ڕاستی بەرنامەکەی، کردەوە چاکەکانیشیان ئەنجامداوە و گەڕاونەتەوە بۆ لای پەروەردگاریان و ملکەچ و دڵ ئارام بوون لە بەرانبەر فەرمانەکانی، ئا ئەوانە خاوەن و نیشتەجێی بەهەشتن و بە هەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە).

مەیلی دڵیش نابێت بڕوات بەلای زاڵماندا

● ﴿وَلَا تَرۡكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾ ● هود: ١١٣

(نەکەن مەیلی دڵتان لەگەڵ ئەوانەدا بێت کە ستەمیان کردووە و لەخودا یاخی بوون، چونکە ئەو کاتە ئاگر دەتانسوتێنێت، کەسیش جگە لە خودا پشتیوانتان نابێت، لەوەودوایش یارمەتی نادرێن).

نەوەك هەر پشتگیری زوڵم و ستەم و زاڵمان دروست نییە، بەڵکو مەیلی دڵیش نابێت بەلایاندا بڕوات.

چونکە پشتگیریش هەر لە مەیلێکەوە دەست پیدەکات، کەواتە پشتگیری زوڵم و ستەم خۆی ستەمە و بەژدارە لە هەموو گوناە و تاوانەکانی ستەمکارەکە.

چاکەکاران چاکەیان بۆ هەیە

● ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ۖ وَلَا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلَا ذِلَّةٌ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ● یونس: ٢٦

(بۆ ئەوانەی چاکەیان کردووە، پاداشتی چاکتر و بەهەشتی بەرین و زیاتریش ئامادەیە بەچەندەها قات، (لە ڕیوایەتێکدا کەپێشەوایان ئەحمەد و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، ئەو زیادەیە، تەماشاکردنی ڕوخساری پڕ لە نوور و قەشەنگی زاتی پەروەردگارە) ڕووخساریشیان ڕەشی و تاڵی و ڕیسوایی و زەلیلی و ماندوێتی پێوە دیار نییە، ئا ئەوانە نیشتەجێی بەهەشتن و بۆ هەمیشە ژیانی تیادا دەبەنەسەر).

تاوانباران ڕوو ڕەشن

● ﴿وَٱلَّذِينَ كَسَبُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ جَزَآءُ سَيِّئَةٍۭ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ ۖ مَّا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ ۖ كَأَنَّمَآ أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مُظْلِمًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ● یونس: ٢٧

(ئەوانەشی کە گوناە و تاوانەکانیان ئەنجامداوە، هەرچەندە پاداشتی هەر گوناە و تاوانێك بەقەدەر خۆی دەدرێتەوە (بەڵام هەندێك ئەوەندە تاوانبارن) خەجاڵەتی و سەرشۆڕی و ڕوو ڕەشی ماندووی کردوون، کەس نییە پەنایان بدات و بیانپارێزێت لە (خەشم و قینی) خودا، ئەوەندە ڕووڕەشن هەر دەڵێی پارچەیەك لە شەوی تاریك ڕووخساری داپۆشیوون، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن و بۆ هەمیشە ژیان لەناویدا دەبەنەسەر).

کێ ڕێنمونی کراوە؟

● ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا اللَّهَ فَعَسَىٰ أُولَٰئِكَ أَن يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ﴾ ●

التوبة: ١٨

(بەڕاستی تەنها ئەو کەسە (بەدڵ و بەگیان) مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان دەکاتەوە (بە خوداپەرستی و نوێکردنەوەی) کە باوەڕی پتەوی بە خودا و بەرۆژی دوایی هێناوە و نوێژەکانی بەچاکی ئەنجام داوە و زەکاتیشی (لە ماڵ و سامانی) دەرکردووە و لە کەسیش نەترساوە جگە لە خودای بالادەست، جا ئومێدە ئەو جۆرە کەسانە لە ڕیزی ڕێنموویی کراواندا بن).

بێباوەڕان مەکەنە پشتیوان

● ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ ● التوبة: ٢٣

(ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، باو و باپیران و براکانتان مەکەنە پشتیوان و خۆشەویستی خۆتان، ئەگەر ئەوان بێ باوەڕیان خۆش ویست و هەڵیانبژارد بەسەر ئیمان و باوەڕدا، هەرکەس لە ئێوە پشت بەوان ببەستێت و خۆشی بوێن، ئا ئەوانە ستەمکارن).

لێرەدا هیچ پەیوەندییکی بە پێکەوە ژیان و ڕێزەوە نییە، پەیوەندی بەبیر و باوەڕەوەیە هەیە، ئەگەرنا وەك ڕێز و پێکەوە ژیان ئیسلام لەگەڵ هەموو ئاڕاستە و بیر و باوەڕەکان دەژیێت و ڕێزی بۆ هەموویانیش هەیە.

ئیمانداران دەبێ ئاوابن

● ﴿ٱلتَّـٰٓئِبُونَ ٱلْعَـٰبِدُونَ ٱلْحَـٰمِدُونَ ٱلسَّـٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّـٰجِدُونَ ٱلْـَٔامِرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱلْحَـٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ ● التوبة: ١١٢

(ئیماندار ئاوان: تەوبەکارن و لە هەڵەکانیان پەشیمانن، خوداپەرستن (لە هەموو هەڵس و کەوتیاندا)، سوپاسگوزارن (لەسەر هەموو نازو نیعمەتێك)، گەڕۆکن (لەسەر زەویدا، ئەندێشە و بیر و هۆش بەکاردەهێنن بۆ بیرکردنەوە لە بونەوەر و دەوروبەر)، سوژدەبەر و کڕنوشبەر و نوێژخوێنن، فەرماندەرن بە هەموو چاکەیەك، قەدەغەی خراپە و هەموو نادروستییەك دەکەن و پارێزەرن بۆ سنوورەکانی خودا و قەدەغەکراوەکانی، ئینجا مژدە بدە بە ئیمانداران (ئەوانەی ئەو سیفاتانە لە خۆیاندا دەهێننە دی)).

ئیمانداری ڕاستەقینە چۆنە؟

● ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَـٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ ● الأنفال: ٢

(بێگومان ئیمانداراني ڕاستەقینە تەنها ئەوانەن: (یەکەم) کە کاتێك ناوی خودا برا، ئەوە دڵەکانیان دەترسێت و دەهەژێت، (دووهەم) کاتێکیش ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە، ئەوە ئیمان و باوەڕیان زیاد دەکات، (سێیەم) (لە هەموو کار و بارێکیشیاندا) هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن..).

ببیستە و تێبگە و پێبگە

● ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ ● الأنفال: ٢١

(وەك ئەو كەسانە مەبن (بەسەر زارەكی) دەیانوت: تێگەیشتین و بیستمان، گوێرایەڵین، لەكاتێكدا ئەوان نابیستن و تێناگەن (چونكە دڵ و مێشكی خۆیان داخستووە)).

خراپترینی بوونەوەران ئەوانەن
كە حەق نابیستن و حەق نابێژن

● ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلْبُكْمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ﴾ ●

الأنفال: ٢٢

(بەڕاستی خراپترین بوونەوەران لای خودا ئەو كەسانەن كە كەڕن (حەق نابیستن) و لاڵن (حەق بێژ نین)، ئەوانەی كە ژیر نابن (بیر و هۆشیان ناخەنەكار و تێنافكرن و بیرو مێشكیان قفڵ داوە)).

بەدەم بانگەوازی خودا و پێغەمبەرەوە بچن

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ۖ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ ●

الأنفال: ٢٤

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەدەم بانگەوازی خودا و پێغەمبەرەوە بچن کاتێك بانگتان دەکات بۆ بەرنامە و ڕێبازێك کە دەتانژێنێتەوە و ژیان بەخشە).

هەست و نەست و ئاواتەکانیشت
لەژێر دەستەڵاتی خوداوەن

● ﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ ●

الأنفال: ٢٤

(چاك بزانن بەڕاستی خودا (زۆر بەئاسانی) دەتوانێت دەسەڵاتی بکەوێتە نێوان ئادەمیزاد و (ئاواتەکانی) دڵیەوە (بەگۆڕینیان)، (بیرتان نەچێت) بەڕاستی هەر بۆ لای ئەویش کۆدەکرێنەوە).

سزا ستەملێکراوانیش دەگرێتەوە

● ﴿وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ ● الأنفال: ٢٥

(خۆتان بپارێزن لە بەڵایەك تووشی ئەوانەتان نابێت بەتایبەت کە ستەمیان کردوە (بەڵکو هەمووان دەگرێتەوە)).

تۆڵەی خودا زۆر بەزەبرە

● ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ ● الأنفال: ٢٥

(بزانن کە بەڕاستی خودا تۆڵەی زۆر بە زەبرە).

خیانەت مەکەن

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾ ● الأنفال: ٢٧

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: خیانەت مەکەن لە خودا و لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) (بەوەی کە کەمتەرخەمیتان هەبێ لە فەرمانبەرداریاندا)، هەروەها خیانەتیش مەکەن لە ئەمانەت و سپاردەکانتان کە پێتان دەسپێردرێت، لە کاتێکدا کە ئێوە دەزانن (ئەو کارەتان خیانەتە)).

ئەوەیە پاداشتی تەقوا

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴾ ●

الأنفال: ٢٩

(ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە: ئەگەر تەقوای خودا بکەن و پارێزکاری بکەن، ئەوە خودا بەرچاو ڕۆشنییەکی تەواوتان بۆ فەراهەم دەهێنێت (کە بتوانن حەق و ناحەقی بەئاسانی لەیەک پێ جیابکەنەوە) هەروەها هەڵە و گوناهەکانیشتان دادەپۆشێت و لێتان خۆش دەبێت، (چونکە)خودا خاوەنی فەزڵ و ڕێزی گەورە و بێسنوورە).

مەچن بەگژ یەکتریدا با شکست نەهێنن

● ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ ● الأنفال: ٤٦

(گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بکەن لە هەموو کردار و گوفتارێکدا و ئاشووب و ئاژاوە مەگێڕن و مەچن بەگژ یەکدا، خۆ ئەگەر بچن بەگژ یەکدا و یەکتر بشکێنن، ئەوە شکست و لاوازی ڕووتان تێدەکات و هەیبەت و شکۆداری و دەسەڵاتتان لەبەین دەچێت و دەبێت خۆگر و نەفسدرێژ بن (هەم لە مەیدانی جەنگدا، هەم لەناو یەکتردا) چونکە بەڕاستی خودا یار و یاوەری خۆگر و ئارامگرانە).

شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون

● ﴿ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۚ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ ● الأعراف: ٣

((خەڵکینە) شوێنی ئەو (بەرنامەیە) بکەون کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان هێنراوەتە خوداوەوە، جگە لەو زاتە شوێنی هیچ پشتیوان و خۆشەویستێکی تر مەکەون، کەم یاداوەری و پەند وەردەگرن و بیردەکەنەوە!).

کەمتان سوپاسگوزارن

● ﴿وَلَقَدۡ مَكَّنَّٰكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلۡنَا لَكُمۡ فِيهَا مَعَٰيِشَۗ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ﴾ ● الأعراف: ١٠

(سوێند بە خودا بەڕاستی ئێمە ئێوەمان نیشتەجێ کرد لەم زەویەدا و دەسەڵاتمان پێبەخشین و جۆرەها هۆکاری ژیانمان تیایدا بۆ سازاندوون (لە خودارڕدن و خودارڕدنەوە و هۆکارەکانی گواستنەوە و پۆشاك و ناومالّ و ئاو و هەواو... هتد، کەچی لە بەرانبەر ئەو هەموو ناز و نیعمەتە بێ شوماڕە) سوپاسی کەمی نیعمەتەکان دەکەن یان کەمتان سوپاسگوزارن).

فەساد و گوناە و تاوان ئەنجام مەدەن

● ﴿وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ● الأعراف: ٥٦

((خەڵکینە) فەساد و گوناە و تاوان ئەنجام مەدەن لە زەویدا دوای ئەوەی چاکەکاریی پەنگی گرتووە و (خەڵکی خەریکن خووی پێوە دەگرن)، بەردەوام هاناو هاوار بۆ خودا بەرن لە ترسی سزای دۆزەخ و بەئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت، بەڕاستی ڕەحمەتی خودا نزیکە لە چاکەکاران و چاکەخوازانەوە).

ڕەحمەتی خودا نزیکە لە چاکەکاران و چاکەخوازانەوە

● ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ● الأعراف: ٥٦

(ڕەحمەتی خودا نزیکە لە چاکەکاران و چاکەخوازانەوە).

کێشەی قسە و وتار و نووسین و...مان نییە، کێشەی کردار و چاکەکاریمان هەیە، هەتاوەکو چاکەکاران زۆر نەبن چاکەش ڕەگ داناکوتێت لەناو کۆمەڵگەدا.

زیکر لە نێوان چپە و ئاشکرادایە

● ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ﴾ ● الأعراف: ٢٠٥

(یادی پەروەردگارت لە دڵ و دەروونی خۆتدا بە لاڵانەوە و ترسەوە بکە و بێ دەنگ بەرزکردنەوە (لە نێوان چپە و ئاشکرادا)، لە بەیانیان و دەمە و ئێواراندا).

جنێو بە پیرۆزییەکانی کەس مەدە

● ﴿وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖۗ﴾ ● الأنعام: ١٠٨

((ئەی ئیماندارانی) نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی کە (نەفامان) هاواریان لێدەکەن و دەیانپەرستن بێجگە لە خودا، نەوەکو ئەوانیش بەناحەق و بەنەفامی جوێن بدەن بە خودا).

کەواتە ئەم فەرمایشتە جوانە پێمان دەفەرموێت:

١. جنێو بە پێرۆزییەکانی کەس مەدە و سوکایەتییان پێمەکە.

٢. ڕێگاکانی خراپە بگرە، کارێك مەکە سەرەنجامەکەی خراپ بێت و سەربکێشێت بۆ شتێکی ناشیرن و نابەجێ.

ئەو دوانە کوا وەک یەکن؟!

● ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ● الأنعام: ١٢٢

(ئایا ئەو کەسەی کە مردوو بوو (بەهۆی بێ باوەڕیەوە)، ئینجا (بەهۆی ئیمانەوە) زیندوومان کردەوە و نوور و ڕوناکییەکمان بۆ ساز کرد لە ژیانیدا (کە قورئانە) لەناو خەڵکیدا پێی دەڕوات و هەڵسوکەوتی پێدەکات (هاندەرێتی بۆ هەموو چاکەیەک و دەیگێڕێتەوە لە هەموو خراپەیەک، ئایا ئەو کەسە) وەکو ئەوە وایە کە لەناو تاریکیەکاندا گیری خواردوە و لێی دەرناچێت، هەروەها ئا بەو شێوەیە کە دەبینرێت ئەو کاروکردەوەی کە دەیکەن بۆیان ڕازێنراوەتەوە).

دین بەش بەش ناکرێت

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾ ● الأنعام: ١٥٩

(بەڕاستی ئەوانەی ئاینەکەیان بەش بەش کرد و بوونە دەستە دەستە و پارچە پارچە (بڕوایان بەهەندێکی قورئان هەیە و هەندێکی تری پشت گوێ دەخەن)، ئەوە لە هیچ شتێکدا تۆ لەوان نیت، بەڵکو تۆ لەوان بەریت، بەڕاستی ئەوانە کاروباریان بۆ لای خودایە و تۆڵەی لادانیان لێ دەسێنێتەوە، لەوەودوا هەواڵی هەموو ئەو کار و کردەوانەیان پێ دەدات کە ئەنجامیان دەدا).

کەواتە دین نابێت بکرێتە بەرژەوەندی و ئارەزوو، ئەوەی بەرژەوەندیی و ئارەزووی تۆی تێدابوو بیکەی و ئەوەشی بەرژەوەندی و ئارەزووی تۆی تێتدا نەبوو نەیکەی یان دژایەتی بکەیت یان...

خێر یەک بە دەیە و خراپەش هەر بە یەک

● ﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾ ● الأنعام: ١٦٠

(ئەوەی بەیەك خێر و چاکەوە هاتبێت ئەوە دە چەندانەی چاکەکە پاداشتی بۆ هەیە، ئەوەش بە گوناە و هەڵەیەکەوە هاتبێت، ئەوە پاداشت نادرێتەوە جگە لە ئەندازەی تاوانەکەی نەبێت و ئەوانە ستەمیان لێ ناکرێت).

هەندێ لە حەرامکراوەکان

● ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ● المائدة: ٣

(لەسەرتان حەرام کراوە خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو، خوێن، گۆشتی بەراز، هەروەها ئەو ماڵاتانەش کە سەر دەبڕدرێن و ناوی غەیری خودایان لەسەر دەبرێت و ماڵاتی خنکاویش، ئەوەش کە بە ئازار و لێدان مردار بۆتەوە، ئەوەش کە دەکەوێتە خوارەوە، ئەوەش کە بەلێدانی ماڵاتێکی تر مردار بووبێتەوە، ئەوانەش کە درندە پالاماری دابن و لێی خواردبن مەگەر فریای چەقۆ کەوتبن، (هەر حاڵەتێك لەوانەی باسکرا ئەگەر بە چەقۆ ڕا بگات حەڵاڵە)، هەروەها حەرام کراوە خواردنی گۆشتی ئەو ماڵاتانەی لەو شوێنانەدا سەر دەبڕدرێن کە هاناو هاواری بۆ غەیری خودا تێدا دەبرێت، هەروەها حەرامە لەسەرتان داوا کردنی چارەنووستان بەهۆی (الأزلام) وە، وەکو ئەو شتانەی کە لە ڕێگەی هەڵدانی زارەوە دەست بکەوێت و فاڵگرتنەوە، بورجەکان، قاوە گرتنەوە،... هتد) ئەو جۆرە کردار و ڕەفتارانەتان سەرپێچی و دەرچوونە لە (فەرمانی خودا)، جا ئەمڕۆ (کە ڕۆژی عەرەفەیە) کافران نائومێد بوون لە دین و ئاینی ئێوە (ئیتر ناتوانن زاڵ بن بەسەرتاندا و هەرگیز نووری خودایان بۆ ناکوژێتەوە) کەواتە لەوانە مەترسن، بەڵکو هەر لە من بترسن).

بنەماکانی ئیسلام بەکۆتا گەیشتووە

● ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾ ● المائدة: ٣

(ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بەکۆتایی گەیاند و ناز و نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامە و دین و ئاینتان (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا کە حەرامیان کردووە)).

ئیسلام وەک عەقیدە و ئەخلاقیات و بنەماکانی شەریعەت کۆتایی هاتووە و بڕواتەوە، بەڵام وەک فیکر و فیقە و ئیجتهادات و شتە گۆڕاوەکان بەردەوام لە گۆڕاندایە و بەپێی سەردەم و کات و شوێن و بارودۆخ و کەس دەگوڕێت، کەواتە ئیسلام وەک ئاین و بنەماکانی بە پایان و بە کۆتا گەیشتووە، بەڵام وەک فیکر و فیقە دەگۆڕێت بەڵام بە پارێزگاری کردن لە نەگۆڕ و سەوابیتەکانی.

کەسی ناچار تاوانبار نابێت

●﴿ فَمَنِ ٱضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ ● المائدة: ٣

(هەر کەس ناچار کرا لە گرانیی و برسێتیدا (مەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات کە حەرامیان کردووە (بەمەرجێک دەست دڕێژکار نەبێت و بەئارەزوو ژەمی زۆری لێ نەخوات) و خۆی تووشی گوناە و تاوان نەکات، ئەوە بەڕاستی خودا لێخۆشبوو و میهرەبانە (بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە)).

لێرەوە مرۆیی بوونی ئیسلامان بۆ دەردەکەوێت، کە ئیسلام مرۆڤی چەندە لەلا گەورەیە، بەشێوەیەك پاراستنی ژیانی مرۆڤی پێش پاراستنی ئایین خستووە، واتە مرۆڤ زۆر گەورەیە و پاراستنی نەفسی زۆر لەلا گرینگە.

دادگـــــەری

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْۚ ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ ● المائدة: ٨

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر بەچاکی هەستن بە ئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خودا، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك هەڵتان نەنێت کەلە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقوا و خوداناسیەوە، دەی کەواتە لەخودا ترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خودا ئاگاداراە بەو کار و کردەوانەی کە دەیکەن).

ئەم فەرمایشتە پێمان دەفەرموێت:

١. زۆر بەچاکی هەستن بە ئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خودا و شایەتی درۆ و ناحەق مەدەن.

٢. ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەریی لابدەن, دوژمنایەتی لەولا دابنێ و دادگەریش لەملا.

٣. دادپەروەر بن و زوڵم و ستەم و نادادی مەکەن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خوداناسیەوە, چەندە جوانە پەروەردگار دادگەری بەستۆتەوە بە تەقواوە، واتە ڕێگەیەکە بۆ تەقوا بەڵکو تەقوایە، وە نادادگەریش بێ تەقواییە.

٤. لەخودا ترس و پارێزکار بن.

٥. خودا ئاگاداراە بەو کار و کردەوانەی کە دەیکەن.

هەموو ڕێگەکان بگرەبەر بۆ نزیکبوونەوە لە خودا

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ ● المائدة: ٣٥

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خودا بترسن و پارێزکار بن، لە ڕێگەی هەموو هۆکار و کردەوەیەکی چاکەوە هەوڵ بدەن ڕەزامەندیی ئەو زاتە بەدەست بهێنن، هەمیشە هەوڵ و کۆشش و جیهاد و خەبات بکەن لە پێناوی ڕێباز و بەرنامەی ئەو زاتەدا، بۆ ئەوەی سەرفراز بن (لە هەردوو جیهاندا)).

ئامرازەکانی گەیشتن بە خودای گەورە زۆر زۆرن کە مرۆڤ دەبێت بەردەوام لێیان بڕوانێت تاوەکو زیاتر لە خودا نزیك ببیتەوە و دووربکەوێتەوە لە خودپەرستی و ماددەپەرستی و.... .

خودای گەورە دەرگەی تەوبە داناخات

● ﴿فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ ● المائدة: ٣٩

(ئەوەی دوای ستەم و تاوانەکەی تەوبە بکات و چاکسازی لە خۆیدا بکات (دڵ و دەروونی خاوێن بکاتەوە، مااڵی خەڵکی بداتەوە و چاوی لە دزێتی نەمێنێت)، ئەوە بێگومان خودا تەوبەکەی لێوەر دەگرێت، چونکە بەڕاستی خودای گەورە لێخۆشبوو و میهرەبانە).

دوژمنان مەکەنە پشتیوان

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ ● المائدة: ٥٧

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: نەکەن ئەوانە بکەنە پشتیوان و جێگەی متمانەی خۆتان کە گاڵتە و گەمەیان بە ئاینەکەتان کردووە، چ لە خاوەنانی کتێبی پێش خۆتان، چ لە بێباوەڕان، لە خوداش بترسن و پارێزکار بن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن).

حەڵاڵەکان حەرام مەکەن

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾ ●

المائدة: ٨٧

(ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەو ناز و نیعمەتە چاکانەی کە خودا بۆی حەڵاڵ کردوون لە خۆتانی حەرام مەکەن).

ئاڕاستەیەکی نامۆ هەیە کە زۆرێك لە حەڵاڵەکانی حەرام کردووە، لە کاتێکدا ئێمە یاسایێکی فیقهیمان هەیە دەفەرموێت: ئەسڵ لە هەموو شتێکدا حەڵاڵ بوونە. بەڵام بەداخەوە ئەمە لای ئەم ئاڕاستەیە پێچەوانەیە و ئەسڵ لای ئەوان لە هەموو شتێکدا حەرام بوونە!!!

کەواتە چۆن حەرام حەڵاڵکردن هەڵە و تاوانە بە هەمان شێوەش حەڵاڵ حەرام کردن هەڵە و تاوانە، تۆ ئازادی حەڵاڵ نەکەیت و ئەنجامی نەدەیت، بەڵام ئازاد نیت لەوەی کە حەڵاڵ حەرام بکەیت.

سنوور مەبەزێنە و دەستدرێژی مەکە

● ﴿وَلَا تَعْتَدُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ ● المائدة: ٨٧

(لە سنوور دەرمەچن و دەستدرێژیی مەکەن، چونکە بەڕاستی خودا دەست درێژکارانی خۆشناوێت).

ئەم فەرمایشتە بەسە بۆ دەربازبوون و ڕزگاربوونی مرۆڤ و لە دەستدرێژی، چونکە کێشەی مرۆڤایەتی بە دریژایی مێژووی بریتی بووە لە دەستدرێژی، هەر بۆیە بڕوانە هەموو حوکمەکانی ئیسلام هەوڵی سەرەتا و کۆتایی بڕینی دەستی دەستدرێژی کارانە، چونکە هەتاوەکو ئەمە نەکرێت مرۆڤ و مرۆڤ و ناحەسێتەوە.

دەستدرێژی جۆری زۆرە:

١. دەستدرێژی بۆ سەر کەسایەتی.

٢. دەستدرێژی بۆ سەر ناموس.

٣. دەستدرێژی بۆ سەر موڵك و ماڵ.

٤. دەستدرێژی بۆ سەر وڵات و وڵاتان.

٥. دەستدرێژی بۆ سەر پیرۆزییەکان.

ئەوەی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە لێرەدا ئەوەیە کە خودای گەورە بۆ ئەوەی دوورکەوینەوە لە دەستدرێژی دەفەرموێت: خودا دەستدرێژی کارانی خۆش ناوێت، مەحرومی کردوون لە خۆشەویستی خۆی.

نزیکی ئەوانە مەکەوە

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ ● المائدة: ٩٠

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومار و گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خودا لەو شوێنانەی کە خەڵك بە پیرۆزی داناون نەك ئیسلام، هەروەها بورج و بەخت خوێندنەوە بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەر پیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن (لە هەردوو جیهاندا)).

ئاگاتان لێبێت دوژمنایەتی نەکەوێتە نێوانتان

● ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ ● المائدة: ٩١

(بەڕاستی شەیتان هەر دەیەوێت لە ڕێگەی عەرەق و قومارەوە دوژمنایەتی و بوغز و کینە بخاتە نێوانتانەوە و لەیادکردنی خودا و ناوە پیرۆزەکانی وێڵتان بکات، هەروەها سست و تەمەڵتان بکات لە ئەنجامدانی نوێژەکان بە شێنەیی، ئایا ئیتر بەس نیە؟ ئایا کۆڵ نادەن؟! (جا هەر کە ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە، جارِ درا بە ناو شاری مەدینەدا کە عەرەق حەرام کراوە، ئەوسا ئیماندارانِ قەڕابە و گۆزە و دیزە و هەرچی عەرەقیان تێدا بوو ڕشتیانە کۆڵانان)).

دوژمنایەتی ئەم ئوممەتەی لەبن هێنا و هەتاوەك دەستیش هەڵنەگرێت لەو نەخۆشیە کوشندەیە ئەوە بە دڵنایییەوە خۆشی لەوخۆی نابینێت و سەرناکەوێت و هەر بن دەکەوێت.

هەروەها ئەوەی جێی داخە لەناو موسڵمانانداا هیچ کاتێك ئەوەندی ئێستا عەرەق و مادە هۆشبەرەکان و قومار زۆر نەبووە، کە دیارە ئەم دوو خوە پیسە مرۆڤ لەبن دێنن و تەواو تەواو لە مرۆڤ بوون دایدەڕنن.

نەکەن ماڵی هەتیوان بخۆن

● ﴿وَءَاتُوا۟ ٱلْيَتَٰمَىٰٓ أَمْوَٰلَهُمْ ۖ وَلَا تَتَبَدَّلُوا۟ ٱلْخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِ ۖ وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَهُمْ إِلَىٰٓ أَمْوَٰلِكُمْ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا﴾ ● النساء: ٢

((خەڵکینە) ماڵ و سامانی هەتیوان بدەنەوە دەست خۆیان (کاتێك گەورە بوون و فامیان کردەوە)، ماڵی خراپ و پیسی خۆتان مەگۆڕنەوە بە ماڵی چاك و پاکی ئەوان، ماڵ و سامانیان مەخۆن لەگەڵ ماڵ و سامانی خۆتاندا (مەیفەوتێنن) بەڕاستی ئەو کارە ستەم و گوناهێکی گەورەیە).

مالّ و سامانتان مەدەن بەکەم عەقلّ و پیاو خراپان

● ﴿وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ ٱلَّتِى جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ قِيَٰمًا وَٱرْزُقُوهُمْ فِيهَا وَٱكْسُوهُمْ وَقُولُوا۟ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا﴾ ● النساء: ٥

(مالّ و سامانتان مەدەن بەکەم عەقلّ و پیاو خراپان (کە ئێوە بەرپرسن لە مالّیان)، لە کاتێکدا خودا کردوویەتی بەهۆی ژیان و پایەداری و هەستانەوەتان، بەڵکو تەنها بەشیان بدەن بۆ خۆراك و پۆشاك، بەجوانی قسەی ڕاست و دروستیان لەگەڵ بکەن (تەرەیان مەکەن)).

ئەم فەرمایشتە پێمان دەفەرموێت:

١- مالّ و سامانتان مەدەن بەکەم عەقلّ و پیاو خراپان (کە ئێوە بەرپرسن لە مالّیان)، مەبەست لێی ئەو کەسانەن کە نازانن تەسەڕوف بە مالّ و موڵك پارەوە بکەن.

٢- مالّ و موڵك و پارە و سەروەت و سامان خودا کردوویەتی بەهۆی ژیان و پایەداری و هەستانەوە, کەواتە دەبێت زۆر بە هەستیاریيەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و پارێزگاری لێبکرێت نەوەك بەهەدەر بدرێت و تەخشان و پەخشانی پێ بکرێت.

٣- ئەو کەسانەی کەم عەقلّ و پیاو خراپن و نازانن تەسەڕوف بە مالّ و موڵك پارەوە بکەن و ئێوەش بەرپرسن لە مالّیان، تەنها بەشیان بدەن بۆ خۆراك و پۆشاك و پێداویستیەکان.

٤- ئەم جۆرە کەسانە بەجوانی قسەی ڕاست و دروستیان بۆ بکەن و مامەڵە و قسەی خراپیان بەرانبەر مەکەن.

مالّ خواردنی هەتیوان ئاگرە

● ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا﴾ ● النساء: ١٠

(بەڕاستی ئەوانەی کە مالّی هەتیوان بە ناحەق و ستەم دەخۆن، بێگومان ئەوانە تەنها ئاگر دەخۆن و ئەو مالّە دەبێتە ئاگر لە سکیاندا، لە قیامەتیشدا دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە).

سزای یاخی لە خودا و پێغەمبەرەکەی زۆر سەختە

● ﴿وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَٰلِدٗا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٞ مُّهِينٞ﴾ ● النساء: ١٤

(ئەوەی یاخی بێت لە خودا و پێغەمبەرەکەی و دەرچێت لە سنوورەکانی، ئەوە خودا دەیخاتە ناو ئاگرێکەوە کە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێنێتەوە و سزایەکی سەر شۆڕکەر و ڕیسواکەری بۆ هەیە).

کە مرۆڤ یاخی بوو و سنووری بەزاند ئیدی خێری پێوە نامێنێت بۆخۆی دەوروبەری، یاخی بوون و سنوور بەزاندی خودا و پێغەمبەر واتا دەرچوون لە بەها مرۆییەکان، چونکە ئەوەی ئەوانە داوای دەکەن بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە ڕێچکەی مرۆڤ بوون لانەدات و نەکەوێتە سەر ڕێچکەیەکی خوار و لار، بڕوانە ئەوان چیان پێ دەفەرموون:

خودپەرست مەبە، ماددەپەرست مەبە، دزی مەکە، خیانەت مەکە، زینا مەکە، مەکوژە، درۆ مەکە، غەیبەت مەکە، شتێك مەکە بۆ خۆت و دەوروبەت و مرۆڤ و مرۆڤایەتی خراپ بێت،..... .

ڕاستگۆ بە، دەست پاك بە، داوێن پاك بە، لێبوردەبە،.....

مالّ و سامانی یەکتر بەناحەق مەخۆن

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡ﴾ ● النساء: ٢٩

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مالّ و سامانی یەکتر بەناحەق و بەبێ بەڕانبەر مەخۆن لەنێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانییەك بێت و لەسەر ڕەزامەندی هەموولایەکتان بێت).

مالّ خواردن بە هەموو جۆرەکانیەوە حەڕامە، بەڵام مالّ خواردنی میللەت لەلایەن سەرکردەکانەوە لە هەمووی گەورە تر، چونکە هی هەموو خەڵك دەخۆن و زۆریش دەخۆن، بەڵام زۆرجا خودای گەورە سزای میللەت دەدات بەو سەرکردە پاتاڵخۆر و مالّخۆر و زاڵمانە چونکە میللەتیش لە نێوان خۆیاندا خەریکی مالّ خواردنی یەکترین.

هەروەها خودای گەورە لیرەدا ئاماژەی بە بەدیلێکی مالّ خوادرن کردووە کە ئەویش بریتیە لە بازرگانی و کاسبی کردن، بۆیە هەر کەسێك چاوی لە مالّی خەڵکەوە نەبیت و کاسبی حەڵاڵ بکات ئیللا خودای گەورە بەرەکەت دەخاتەوە مالّەکەیەوە و دەیپارێزێت و قەناعەتی پێ دەبەخشێت، دەوڵەمەندی هەر پارە و سەروەت و سامان نییە، بەڵکو دڵ دەوڵەمەندی و لەش ساغی و.... یشە.

خۆتان مەکوژن

● ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾ ● النساء: ٢٩

(خۆتان مەکوژن و (یەکتر بەناحەق مەکوژن، کاتێك بێزاریی و بێتاقەتی ڕووتان تێ دەکات یان تووشی زیانێك دەبن)).

شەیتان ئەوانەی لەخشتە بردووە

● ﴿وَٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ ● النساء: ٣٨

(ئەوانەش کە ماڵ و سامانیان بۆ ڕووپامایی خەڵکی دەبەخشن، باوەڕناهێنن نە بە خودا، نە بەرۆژی دوایی (دیارە کە شەیتان ئەوانی لە خشتە بردووە و کردوونی بەهاوەڵی خۆی)).

خراپترین هاودەم شەیتانە

● ﴿وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيْطَٰنُ لَهُۥ قَرِينًا فَسَآءَ قَرِينًا﴾ ● النساء: ٣٨

(ئەوەی شەیتان بکاتە هاوەڵ و هاودەمی خۆی (مەگەر خودا بزانێت) چ ناپوخت و نالەبارێکی کردۆتە هاوەڵی خۆی).

کە خودات نەکردە پەرستراوی حەقیقی خۆت شەیتان جێی دەگرێتەوە و ئەو دەبێتە هاودەم و پەرستراوت!

خودا به ئەندازەی گەردیلەیەک ستەم ناکات

● ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا ﴾ ● النساء: ٤٠

(بەڕاستی خودا بەقەدەر تۆزقاڵێك ستەم (لە ئادەمیزاد) ناکات، خۆ ئەگەر چاکەیەك هەبێت (بەرەکەتی بەسەردا دەڕێژێت و) چەند بەرابەری دەکات و لەلایەن خۆیەوە پاداشتی گەورە و بێسنوور دەبەخشێت (بە چاکەخوازان)).

بەس شیرک لێخوشبوونی نییە

● ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴾ ● النساء: ٤٨

(بەڕاستی خودا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت، بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت[1]، جا ئەوەی هاوەڵ و شەریك بۆ خودا بڕیار بدات، ئەوە ئیتر بەڕاستی تاوانێکی گەورەی هەڵبەستووە).

---

(١) کە دەڵێین: بەس شیرك لێخۆشبوونی نییە، مەبەستمان ئەوەیە ئەگەر لەسەر ئەوە مردبێت و نەگەڕابێتەوە، ئەگەر تەوبە بکات حەتمەن خودای گەورە لەوەش خۆش دەبێت.

ئاگاتان لە ئەمانەتەکان بێت

● ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴾ ● النساء: ٥٨

(بێگومان خودا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان).

دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن

● ﴿وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ ﴾ ● النساء: ٥٨

(هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن).

ئامۆژگاری خودا

● ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ ﴾ ● النساء: ٥٨

(بەڕاستی خودا بەجوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێ دەدات).

هەرچی خودا دەیفەرموێت جوان و باش و چاك و بەسوودە و هەرچی نەهیشی لێ دەکات خراپ و ناشیرینە، هەر بۆیە هەر شتێکی جوان و باش و چاك و بەسوودت بینی ئەوە بزانە ئەمری خودای گەورەی لەسەرە، وە هەرچی خراپ و ناشیرینیشت بینی ئەوە بزانە خودای گەورە دژیەتی و نەهی لێ دەکات، کەواتە ئامۆژگارییەکانی خودا هەمووی بۆ باشکردن و جوانکردن و چاکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە.

پاداشتی فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەرەکەی

● ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا﴾ ●

النساء: ٦٩

(ئەوەی فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەر بکات، جا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن (لە بەهەشتی بەرینداا) کە خودا ناز و نیعمەتی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، ئای کە ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی چاك و بێ وێنەن!).

با سڵاوتان جوانترین بێت

● ﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَا ۗ﴾ ● النساء: ٨٦

(هەر کاتێك سڵاو و چاك و چۆنیەکتان لەگەڵدا کرا، ئەوە بەجوانتر لە سڵاوەکەی ئەو، یاخود (هیچ نەبێت) وەکو خۆی وەڵام بدەنەوە).

لێپرسینەوەی خودای گەورە زۆر وردە

● ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَسِيبًا﴾ ● النساء: ٨٦

(خودا لە هەموو شتێك دەپرسێتەوە).

کێ هەیە لەوە دین جوانتر؟!

● ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ ● النساء: ١٢٥

(کێ هەیە ئایینی چاکتر و پەسەندتر و جوانتر بێت لەو کەسەی کە ڕووی کردۆتە خودا و خۆی تەسلیمی ئەو زاتە کردووە، لەکاتێکدا کارجوان و کارپەسەندە).

ڕیبا مەخۆن

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَأْكُلُوا۟ ٱلرِّبَوٰٓا۟ أَضْعَٰفًا مُّضَٰعَفَةً ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ ● آل عمران: ١٣٠

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە سوو بە چەند قات و چەند بەرانبەر مەخۆن، لە خودا بترسن، بۆ ئەوەی سەرفراز بن).

ڕیبا واتە زیادە، واتە زیادە وەرگرتن و زیادە دان وە پارە بەکریدان و...، ڕیبا ڕوی لە هەر شوێنێك کردبێت ئیلا لەبنی هێناوە و ئابووریەکەی داڕوخاندووە.

کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن

● ﴿وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ●

آل عمران: ١٣٩

((ئەی ئیماندارانی) کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرز و سەرفراز و سەرکەوتوترن ئەگەر ئیمانداری چاك و ڕاست و دروست بن).

ساردبوونەوە و سستبوون و کۆڵدان و خەفەت خواردن، غەیری دواکەتن و بن کەوتن و تێکەوتن و دۆڕان هیچی تر نیە، وە ئیماندار هەموو کاتێك بەرز و براوەیە بەمەرجێ ئیمانێکی ڕاستەقینەی هەبێت.

با بێباوەڕان وا نەزانن

● ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ ۚ إِنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِثْمًا ۚ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ ● آل عمران: ١٧٨

(ئەوانەی کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتەبەر، وا گومان نەبەن کە مۆڵەتمان داون و (ناز و نیعمەتی دنیامان پێبەخشیوون) ئەوە خێرە بۆیان، ئێمە تەنها بۆیە مۆڵەتیان دەدەین تا زیاتر گوناهبار ببن و سزایەکی ڕیسواکەر چاوەڕێیانە).

دڵخۆشی دونیا جێی باس نییە

● ﴿ لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَوا۟ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُوا۟ بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا۟ فَلَا تَحْسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ●

آل عمران: ١٨٨

(وا گومان مەبە بەوانەی دڵخۆشن بەوەی کە هەیانە و حەزدەکەن باس بکرێن و خەڵکی سوپاسیان بکات لەسەر کار و چاکەیەك کە نەیانکردووە، ئەوە هەرگیز وا مەزانە ئەوانە لە دەست سزا ڕزگاریان دەبێت، بەڵکو سزایەکی بە ئێش چاوەڕێیانە).

قورئان یەقینیە

● ﴿ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴾ ● البقرة: ٢

(ئەو قورئانە کتێبێکە هیچ گومانێکی تێدا نییە، (کە لە لایەن خودای پەروەردگارەوە ڕەوانە کراوە بە جبرەئیلدا بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە مایەی ڕێنموویی و سەرچاوەی هیدایەتە بۆ خوداناسان و پارێزکاران (کە ئەوانەن فەڕزەکان جێبەجێ دەکەن و لە حەرام خۆیان دەپارێزن، لە ڕووی بیروباوەڕ و کردار و گوفتارەوە)).

ڕاستی و بەتاڵ تێکەڵ مەکەن و حەق مەشارنەوە

● ﴿وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ وَتَكْتُمُوا۟ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ● البقرة: ٤٢

(نەکەن ڕاستی و بەتاڵ، حەق و ناحەق بەیەکەوە بئاڵێنن، حەق مەشارنەوە، درۆ دامەپۆشن بەڕاست لەکاتێکدا خۆشتان حەق و ڕاستی دەزانن کامەیە).

حەق شاردنەوە و تێکەڵکردنی بە ناحەقی گەورەترین تاوانە، چونکە کە حەق و حەقیقەت نەمان و تێکەڵ بە بەتاڵ و باتیڵ کران، ئیدی هیچ بەهایێکی مرۆڤ بوون نامێنێت و دونیا دەبێتە باخچەی ئاژەڵان!!!

خۆتان لەبیر مەکەن

● ﴿أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ● البقرة: ٤٤

((کەی ئەوە ڕاستە) فەرمانی چاکە بە خەڵکی بدەن و خۆتان فەرامۆش بکەن؟! لە کاتێکدا خۆ ئێوە کتێبی خودا ـ تەورات ـ دەخوێننەوە، (دەزانن سزای گوفتاری بێ ڕەفتار چۆنە) جا ئایا ژیریتان ڕێتان لێ ناگرێت لەو هەڵوێستە ناشرینە؟!).

ئەگەر هەر یەکێکمان ئەوەی کە دەیڵێت جێبەجێ بکات هیچ گرفتێك نامێنێت.

ئەوانەی نیگای خودا و حەقیقەت دەشارنەوە

● ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَشْتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا أُو۟لَٰٓئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ إِلَّا ٱلنَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ● البقرة: ١٧٤

(بێگومان ئەوانەی نیگای خودا دەشارنەوە کە لە کتێبەکانیاندا ڕەوانەی کردوون (تەورات و ئینجیل و قورئان)، بەو شاردنەوەیە نرخێکی کەم بەدەست دەهێنن (ئەگەر هەموو دنیاشیان دەستکەوێت لە بەرانبەریەوە هەر کەمە)، ئا ئەوانە تەنها ئاگر دەخۆن و سکیانی لێ پڕ دەکەن و لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە نایاندوێنێت و خاوێنیان ناکاتەوە (لە چلّك و چەپەڵی گوناهیان) بەڵکو ئەمانە سزای بەئێشیان بۆ هەیە...).

مالّ خواردنی خەڵکی بە هەموو جۆرەکانیەوە حەرامە

● ﴿ وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ ● البقرة: ١٨٨

(نەکەن مالّ و دارایی یەکتر لە نێوانتاندا بە ناحەق بخۆن (وەك بەرتیل و سوو، یان داگیرکردن و فڕوفێڵ...) نەکەن هەندێکی بدەن بەکاربەدەستان بۆ ئەوەی هەندێك مالّی خەڵکی بخۆن لە ڕێگەی ناحەق و گوناهەوە، لە کاتێکدا خۆشتان دەزانن کە ئەو کارە ڕەوا نیە).

مالّ لە پێناوی خودادا ببەخشن

● ﴿وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ● البقرة: ١٩٥

(لە ڕێ و ڕێبازی خودادا بۆ ڕەزامەندی ئەو، مالّ و سامانتان ببەخشن).

بە دەستی خۆتان خۆتان مەفەوتێنن

● ﴿وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوٓا۟﴾ ● البقرة: ١٩٥

(بەدەستی خۆتان، خۆتان بەرەو تیاچوون مەبەن (چونکە ڕەزیلی و دەست نوقاوی مایەی تیاچوونە)، هەمیشە خێر و چاکە ئەنجام بدەن و چاکەخواز بن و (مالّ و سامانتان لە پێناوی خودادا ببەخشن) چونکە بەڕاستی خودا ئەو چاکە کارانەی خۆشدەوێت).

خودا چاکەکارانی خۆش دەوێت

● ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ● البقرة: ١٩٥

(هەمیشە خێر و چاکە ئەنجام بدەن و چاکەخواز بن و (مالّ و سامانتان لە پێناوی خودادا ببەخشن) چونکە بەڕاستی خودا ئەو چاکە کارانەی خۆشدەوێت).

سەرسام مەبە بە قسەی باق و بریق

● ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ ﴾ ● البقرة: ٢٠٤

(هەندێ کەس هەن قسە و گوفتار و دەمپاراوییان لە بارەی ژیانی ئەم دنیایەوە سەرسامت دەکات، خودایش بە شایەت دەگرێت و دەڵێت: دڵ و زمانم یەکسانن، لە کاتێکدا ئەو سەرسەختترین کەسە لە هەموو جۆرە دوژمنایەتیەکدا).

سوێند مەکەنە ڕێگری چاکەکاری

● ﴿ وَلَا تَجۡعَلُواْ ٱللَّهَ عُرۡضَةً لِّأَيۡمَٰنِكُمۡ أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصۡلِحُواْ بَيۡنَ ٱلنَّاسِۚ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴾ ● البقرة: ٢٢٤

(نەکەن سوێندخواردن بە خودا بکەنە کۆسپ لە بەرانبەر چاکەکاری و ئایندارى و ڕێکخستنی خەڵکیدا (واتە کەفارەتی سوێندەکانتان بدەن و لە چاکە و چاکەکاری دڕێغی مەکەن) چونکە خودا زۆر بیسەر و زانایە).

سوێندی سەرزمان و لەدەم دەرچوو

● ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ ● البقرة: ٢٢٥

(خودای گەورە ئەو سوێندانەتان لێ ناگرێت کە لە دەمتان دەردەچێت و لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو لەسەرئەوە لێتان دەگرێت و موحاسەبەتان دەکات کە نیەتی دڵتانی لەسەرە و خودا لێخۆشبووە (لە گوناهەکەتان) و ئارامگر و خۆڕاگرە (زوو تۆڵە لە یاخی و سوێندخۆران ناستێنێت)).

تۆبزی کردن لە وەرگرتنی دیندا نییە

● ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ مِنَ ٱلْغَىِّ ۚ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ ● البقرة: ٢٥٦

(بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا)، چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاك و دروست؛ ڕوون و ئاشکرا بووە و جیابۆتەوە لە گومڕایی و سەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە ـ تاغوت ـ (کە بریتیە لە: هەموو ڕێگە و ڕێباز و هێز و بەرنامە و لادان و بتێك)و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بەخودا، جا بێگومان ئەوکەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نییە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، خودای گەورەش بیسەر و زانایە).

خودا پشتیوانی ئیماندارانە

● ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾ ●

البقرة: ٢٥٧

(خودا پشت و پەنا و خاوەنی ئەو کەسانەیە باوەڕیان هێناوە، لە تاریکاییەکانی (گومان و ستەم) دەریان دەهێنێت و دەیانبات بەرەو نوور و ڕووناکی).

دۆستی بێباوەڕان تاغوتەکانن

● ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ● البقرة: ٢٥٧

(ئەوانەی کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتەبەر، یارمەتی دەرەکانیان تەنها ـ تاغوتەکانن، لە نوور و ڕووناکی دەریان دەهێنن، بەرەو تاریکاییەکان دەیانبەن، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە).

نمونه‌ی ئه‌وانه‌ی که مالّ و سامانیان ده‌به‌خشن

● ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ ● البقرة: ٢٦١

(نمونه‌ی ئه‌وانه‌ی که مالّ و سامانیان ده‌به‌خشن له پێناوی خودادا، وه‌کو تۆوێك وایه که بڕوێت و حه‌وت گوڵی گرتبێت، له هه‌ر گوڵێکدا سه‌د دانه‌ی تیادا بێت، خودا بۆ هه‌ر که‌س که بیه‌وێت (به گوێره‌ی نیه‌تی و جێگرتنی خێره‌که‌ی) پاداشت چه‌ند به‌رانبه‌ر ده‌کات و خودا فراوانگیر و زانایه).

پاداشتی به‌خشه‌ری منه‌ت نه‌که‌ر و ئازار نه‌ده‌ر

● ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ أَذًى ۙ لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ●

البقرة: ٢٦٢

(ئه‌وانه‌ی مالّ و دارایيان ده‌به‌خشن له ڕێگه‌ی خودادا، به‌دوای ئه‌وه‌ی به‌خشیوویانه هیچ جۆره منه‌تێك نانێن و هیچ جۆره ئازارێك ناگه‌یه‌نن، (ئه‌وانه) ته‌نها پاداشتیان لای په‌روه‌ردگاریانه، هیچ ترس و بیمیان له‌سه‌ر نییه (له که‌م و کووڕیی پاداشت و ته‌نگانه‌ی قیامه‌ت)، غه‌م و په‌ژاره‌ش ڕوویان تێ ناکات).

منەت و ئەزیەت

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ﴾ ●

البقرة: ٢٦٤

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن خێر و پاداشتی چاکەکانتان پووچ بکەنەوە بە منەتنان و دڵ ئازاردانی (هەژاران)).

لە هەژاری مەترسن

● ﴿ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةٗ مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ﴾ ● البقرة: ٢٦٨

((کاتێ ئێوە لە ماڵ و داراییتان دەبەخشن) شەیتان بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات (دەتانترسێنێت بە هەژاری) و فەرمانتان پێ دەدات بەگوناە و تاوان و خراپە و نەبەخشین، خودای گەورەش بەڵێنی لێخۆشبوونێکی تایبەتی خۆیتان پێدەدات لەگەڵ زۆری ڕۆزی و بەهرەی فراواندا و خودا فراوانگیر و زانایە).

ڕیبا و بەخشین

● ﴿يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ﴾ ● البقرة: ٢٧٦

(خودا، سوو، تەفروتونا دەکات و بەرەکەتی لێ هەڵدەگرێت، بەڵام پاداشتی خێر و سامان بەخشین برەو پێ دەدات و بەرەکەتی تێ دەخات).

مارەیی مەخۆن

● ﴿وَءَاتُوا۟ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحْلَةً ۚ فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَىْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيٓـًٔا مَّرِيٓـًٔا﴾ ● النساء: ٤

(مارەیی ئافرەتان بدەن بەوپەڕی دڵفراوانی و ئاسوودەییەوە، خۆ ئەگەر بەئارەزوو و ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێك مارەیی و بەخشییان بەئێوە، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن و بەکاری بهێنن و بەبێ دوودڵی نۆشی بکەن (سوودی لێ وەربگرن)).

حەق و ڕاستی هەر لای خودایە

● ﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾ ● البقرة: ١٤٧

(حەق و ڕاستی هەر ئەوەیە لەلایەن پەروەردگارتەوە پێت ڕاگەیەنراوە، نەکەی لە ڕیزی ئەو کەسانەدا بیت کە گومان و دوودڵی (بۆ خەڵکی) دروست دەکەن).

خودا باست دەکات

● ﴿ فَٱذْكُرُونِيٓ أَذْكُرْكُمْ وَٱشْكُرُواْ لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴾ ●

البقرة: ١٥٢

(ئەی ئیماندارانِ ئەگەر یادی من بکەن، منیش یادی ئێوە دەکەم و سوپاسگوزاری من بن و سپڵەیی بەرانبەرم مەکەن).

بە چی داوای کۆمەک لە خودا بکەین؟

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ ● البقرة: ١٥٣

(ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە داوای کۆمەك و یارمەتی لە خوا بکەن بەهۆی ئارامگرتن و نوێژ کردنەوە، دڵنیابن کە خوا یار و یاوەری خۆگر و ئارامگرانە).

ئا بە ئەوانە تاقی دەکرێیتەوە

● ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ ● البقرة: ١٥٥

(سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و سامان و مردنی کەسوکار و تیاچوونی بەروبوومی کشتوکاڵ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگر و ئارامگرن...).

ئیمانداری ڕاستەقینە لەکاتی تووشبوونی بە بەڵا و ناخوشی چی دەڵێت؟

﴿ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴾

البقرة: ١٥٦

(ئیماندارانی ڕاستەقینە ئەوانەن هەر کاتێك تووشی بەڵا و ناخۆشییەك دەبن دەڵێن: ئێمە موڵکی خوداین و هەرچی هەمانە بەخششی خودایە، سەرەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان).

خودا یەک خودایە

●﴿ وَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴾●

البقرة: ١٦٣

(خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، جگە لەو زاتە خوایەکی تر نییە، هەر ئەو خوایەش بەخشندە و میهرەبان و بەبەزەییە).

پەرستنی غەیری خودا و خۆشویستنی

●﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ ﴾ ● البقرة: ١٦٥

((لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە ئاشکرایانەدا) هەندێك کەس هەیە لەجیاتی ئەوەی خوداپەرست بێت، شتانی تر دادەتاشێت بۆ خۆی و (شوێن ڕێنموونیی‌یەکانی خوا ناکەوێت و) خۆشەویستی و سۆزی دەدات بەو بت و بەرنامۆلکە و تووڵە ڕێگەیانە و خۆشی دەوێن، وەك چۆن ئیمانداران خوایان خۆش دەوێت، بەڵام ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت (هەر بەراورد ناکرێت) جا ئەوانەی کە ستەمیان کردووە گەر دەیانزانی لە کاتێکدا کە بەچاوی خۆیان ڕووبەڕووی ئەو سزایە دەبنەوە، بەڕاستی بۆیان دەردەکەوێت کە هێز و توانا و دەسەڵات هەر هەمووی بە دەست خودایە و دڵنیا دەبوون کە ئەو خودایە سزاکەی زۆر بە ئازارە (بۆ ستەمکاران)).

بڕۆنە باوەشی ئیسلامەوە

●﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴾ ● البقرة: ٢٠٨

(ئەی ئەوانەی ئیمان و باواڕتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیڕەوی بکەن و شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە (هەمیشە دەیەوێت شەڕ و جەنگ لە نێوان خەڵکیدا بەرپا بکات و لە ئیسلام دووریان بخاتەوە)).

قسەی جوان و لێبوردەیی

●﴿ قَوۡلٞ مَّعۡرُوفٞ وَمَغۡفِرَةٌ خَيۡرٞ مِّن صَدَقَةٖ يَتۡبَعُهَآ أَذٗىۗ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٞ ﴾ ● البقرة: ٢٦٣

(قسە و گوفتاری جوان و چاوپۆشیەك (لە هەڵە)، چاکترە لە بەخشینێك کە ئازاری بەدوادا بێت و منەت بکرێت، خوا دەوڵەمەند و بێ نیازە (لە بەخشینی بەمنەت) و خۆڕاگر و لەسەرخۆیە (زوو تۆڵە ناستێنێت لە سەرکەش و یاخییەکان)).

قەرز بنووسن

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ ﴾ ● البقرة: ٢٨٢

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێکتان کرد لە یەکتر تا ماوەیەکی دیاری کراو، بینوسن و با نووسەرەکە دادپەروەربێت بەڕاستی و دروستی لە نێوانتاندا بینووسێت).

جیاوازیی ناکەین لە نێوان پێغەمبەراندا

●﴿ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ﴾ ● البقرة: ٢٨٥

(هیچ جۆرە جیاوازییەك ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکانی خوادا (لە بڕواپێبوونیاندا)).

كوشتن و زيندووكردنەوەى هەموو خەڵک

● ﴿ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا ﴾ ● المائدة: ٣٢

(بۆئەوەى كارەساتى كوشتنى ناڕەوا ڕوو نەدات ئيمە پێويستمان كرد، كە ئەوەى كەسێك بە ناحەق بكوژێت و لە جياتى كوژراوێك نەبێت، يان گوناه و تاوانى گەورەى ئەنجام نەدابێت لەزەويدا (وەكوجەردەيى و دەستدرێژى و... هتد)، ئەوە وەك ئەوە وايە هەر هەموو خەڵكى كوشتبێت، ئەوەشى كە كەسێك لە مەرگ ڕزگار بكات، هەروەك ئەوە وايە هەموو خەڵكى لەمەرگ ڕزگار كردبێت و ژيانى پێ بەخشى بن).

ناچاركردن لە دينداا نييە

● ﴿ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَءَامَنَ مَن فِي ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴾ ● يونس: ٩٩

(خۆ ئەگەر پەروەردگارت بيويستايە (دەيتوانى بەزۆر و بەناچارى) هەر هەموو دانيشتوانى سەر زەوى باوەڕ بهێنن (بەڵام پەروەردگارى مەزن ڕێزى بۆ ئادەميزاد داناوە و سەرپشكى كردووە)، جا ئايا تۆ (ئەى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەى ئيماندار) ئەتەوێت زۆر لە خەڵكى بكەيت بۆ ئەوەى بڕواداربن؟!).

بێباوەڕی ئاشتیخواز

● ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴾ ● الممتحنة: ٨

(دڵنیا بن کە خوا قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کە چاك ڕەفتاری و دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردون و لە شوێنەوارتان دەریان نەکردون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت).

چی دەڵێن لە ڕۆژی دواییدا؟

● ﴿ إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ يَنظُرُ ٱلْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴾ ● النبأ: ٤٠

(بەڕاستی ئێمە ئێوەمان ئاگادار کردووە لەوەی کە سزایەکی نزیك بەڕێوەیە، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە ئادەمیزاد سەیری دەستپێشخەری خۆی دەکات، خوانەناسیش دەڵێت.. خۆزگە هەر خاك بوومایە (ئاوا زیندوو نەکرامایەتەوە و گیرم نەخواردایە)).

لەدوای ئەم قورئانە ئیتر چی؟!

● ﴿ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴾ ● المرسلات: ٥٠

(باشە ئەو دڵڕەقانە، ئەگەر بەم قورئانە باوەڕ ناکەن، بە چ گوفتارێکی تر باوەڕ دەکەن و ئیمان دەهێنن؟!).

واتە: ئەگەر بەم قورئانە باوەڕ نەهێنن، بە هیچ شتێکی تر باوەڕ ناهێنن.

بۆچی دروستکراوین؟!

● ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ● الذاريات: ٥٦

(بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن).

ئامانجەکانی بەدیهێنانی مرۆڤ:

١. پەرستنی خودای گەورە.

٢. ئاوەدانکردنەوەی زەوی.

٣. بەهرەنمەندبوون لە دروستکراوەکانی خودای گەورە.

٤. ناسینی خۆت و خودا.

پاداشتی کێ بێ سنووره؟!

● ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ ● الزمر: ١٠

(بەڕاستی تەنها خۆگران و ئارامگران پاداشتیان بێ سنووره).

خوداپەرستی بە پێی توانایە

● ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ﴾ ● التغابن: ١٦

(هەتا دەتوانن بەتەقوا و خوداناس بن بەپێی توانا).

واتە: چەندت پێدەکرێت ئەوەندەت لەسەرە، هیچ مرۆڤێك زیاد لە توانای خۆی لەسەر نییە، هەر بۆیە کەسی پیری بێ توانا و نەخۆش ڕۆژووی لەسەر نییە، هەروەها کەسی نەخۆش کە ناتوانێت بەڕاوەستانەوە نوێژ بکات دەتوانێت بەدانیشتنەوە یان بەدرێژبوونەوە یان لەسەر پشت یان بە چاو و دڵ و فیکر نوێژ بکات.

بڕیـارِدان

● ﴿ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴾ ● آل عمران: ١٥٩

(ئەگەر بڕیارتدا (کارێك ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدە) پشت بە خودا ببەستە، چونکە بەڕاستی خودا ئەوانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێ دەبەستن).

زۆر کەس هەیە بڕیارِی نەداوە و هەوڵیشی نەداوە بەڵام دەڵێت: بە تەمای خودا، پشت بە خودا!!!

تۆ دەبێت سەرەتا بڕیارِ بدەیت و لە پاشاندا هەوڵی خۆت بدەیت ئینجا بڵێیت: پشت بە خودا.

بارگرانی لە دیندا نییە

● ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴾ ● الحج: ٧٨

(خودای گەورە لە ئاین و بەرنامەکەیدا هیچ جۆرە شتێکی ناڕەوا و قورس و گرانی لەسەر دانەناون).

خودای گەورە ئاسانکارە

● ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾ ● البقرة: ١٨٥

(خودای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێت (پەرستن و فەرزەکانتان) لەسەر قورس و گران بکات).

دوای حەق باتڵ و گومڕاییە

● ﴿فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ﴾ ● یونس: ٣٢ - ٣٣

((باشە) دوای حەق و ڕاستی چی هەیە جگە لە گومڕایی و سەرگەردانی؟)

دوای حەق باتڵ و گومڕاییە، بۆیە هەتاوەکو لە حەق دوورکەوێتەوە لە باتڵ و ناحەقی و نادادی و گومڕایی نزیك دەبێتەوە.

پارێزگاریکردن لە سنووورکانی خودا

● ﴿ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ﴾ ●

الحج: ٣٠

(ئەوەی کە سنووورەکانی خودا بپارێزێت و بە گەورە دایانبنێت و ڕێزی لێ بگرێت، بێگومان ئەوە چاکترە لای پەروەردگاری (بێ پاداشت نییە)...).

دووربن له بتپه‌رستی

● ﴿فَٱجۡتَنِبُواْ ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ﴾ ● الحج: ٣٠

(خۆتان له پەرستنی بته ناپوخت و بێ نرخه‌کان بپارێزن).

دووربن له درۆ و قسه‌ی هه‌ڵبه‌ستراو

● ﴿وَٱجۡتَنِبُواْ قَوۡلَ ٱلزُّورِ﴾ ● الحج: ٣٠

(له‌گوفتاری درۆ و قسه‌ی هه‌ڵبه‌ستراو و ساخته‌کاری خۆتان به‌دوور بگرن).

ڕێزدانان بۆ دروشمه‌کانی خودا

● ﴿ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ﴾ ● الحج: ٣٢

(ئه‌وه‌ی ڕێز داده‌نێت بۆدروشم و به‌رنامه‌کانی خوا، ئه‌وه نیشانه‌ی پارێزکاری و له خوداترسانی دڵه‌کانه).

باڵی بەزەیی ڕابخە بۆ ئیمانداران

● ﴿وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ ● الحجر: ٨٨

(باڵی بەزەیی نەوی بکە بۆ ئیمانداران (واتە خۆشت بوێن و بەسۆز بە بۆیان)).

چاکساز بن

● ﴿وَأَصۡلِحُواْ ذَاتَ بَيۡنِكُمۡۖ﴾ ● الأنفال: ١

(چاکسازی نێوانی خۆتان بکەن).

کە چاکسازی نێوان خۆمانمان کرد هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن .... .

لە چەند ژنیدا دادگەر بن

● ﴿فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلۡمَيۡلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ وَإِن تُصۡلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ ● النساء: ١٢٩

(نەکەن هەر ڕوو لە یەکێکیان بکەن بەتەواوی و ئەوی تر واز لێ بهێنن وەك هەڵپەسێرراو، نە ئەوەیە مێرددار بێت، نە ئەوەشە بێ مێرد بێت، خۆ ئەگەر چاکسازی بکەن و ڕێك بکەون و خۆتان بپارێزن لە ستەم، ئەوە بەڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام لێخۆشبوو و میهرەبانە).

منداڵەکانتان جوان بەخێو بکەن

● ﴿وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ ● البقرة: ٢٣٣

(پێویستە لەسەر ئەو کەسەی خاوەنی منداڵە (واتە باوکی یان بەخێوکەری) ڕزق و ڕۆزی و پۆشاك بە شێوەیەکی جوان و پەسەندی ئایین ئامادە بکات).

بەگوێرەی خۆتان ببەخشن

● ﴿لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾ ● الطلاق: ٧

(جا ئەوەی دەوڵەمەندە با بەگوێرەی دەوڵەمەندیەکەی بەخشندەبێت، ئەوەیش کە کەم دەستە و هەژارە، با لەوە ببەخشێت کە خوا پێی بەخشیووە، چونکە خوا بە گوێرەی دارایی هەر کەسێك داوی بەخشین دەکات، دڵنیاش بن کە خوا دوای تەنگانە هەرزانی دەهێنێت، دوای ناخۆشی خۆشی دەهێنێت).

بەخشەر پێی دەبەخشرێتەوە

● ﴿وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن شَىْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُۥ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ ● سبأ: ٣٩

(ئێوەش هەر شتێك دەبەخشن ئەو زاتە پێتان دەبەخشێتەوە (هەندێك جار لە دینادا، پاداشتی قیامەتیش با بوەستێت)، چونکە ئەو خوایە چاکترین ڕزق و ڕۆزیی بەخشە).

لەوە ببەخشن کە خۆشتان دەوێت

● ﴿لَن تَنَالُوا۟ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا۟ مِمَّا تُحِبُّونَ ۚ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ﴾ ● آل عمران: ٩٢

(ئێوە هەرگیز ناگەنە پلەی چاکیی و چاکەکاری هەتا لەو شتانەی کە خۆشتان دەوێت نەببەخشن، هەر شتێکیش ببەخشن ئەوە خوا ئاگا و زانایە پێی (لێی ون نابێت و بێ پاداشت نابێت)).

خێزانەکەت لەسەر نوێژ ڕابهێنە

● ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا﴾ ● طه: ١٣٢

(فەرمان بدە بە هەموو تاکەکانی خێزانت، تا نوێژەکەیان (بەچاکی ئەنجام بدەن، چونکە خۆراکی ڕۆحە) و بەردەوام و کۆڵنەدەر و خۆڕاگربە لەسەری).

خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لە ئاگر

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ﴾ ● التحريم: ٦

(ئەی ئەو کاسانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنییەکەی خەڵك و بەردە).

ڕەحمەتی خودای گەورە هەموو شتێکی گرتۆتەوە

● ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ﴾ ● الأعراف: ١٥٦

(ڕەحمەت و میهرەبانیم هەموو شتێکی گرتۆتەوە).

نائومێد مەبن لە سۆز و میهرەبانی خودا

● ﴿وَلَا تَايْـَٔسُوا۟ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ لَا يَايْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ ● يوسف: ٨٧

(لە سۆز و میهرەبانی خودا نائومێد مەبن، چونکە بەڕاستی کەس نائومێد نابێت لە سۆز و میهرەبانی خودا جگە لە کەسانی خوانەناس و بێ باوەڕ).

ئارەزووەکانتان بۆ ڕازێنراونەتەوە

● ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ﴾ ● آل عمران: ١٤

(ئارەزووی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینە و خاوەنێتی ئاڵتون و زێڕ و زیوی زۆرو زەبەند و ئەسپی چاك و ڕەسەن و (هۆکارەکانی هاتووچۆ) هەروەها ماڵات و زەویوزاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەوانە هەموو ناز و نیعمەتی ژیانی دنیان، خوا (بۆ چاکان) شوێنی گەڕانەوەی ڕازاوە و خۆشی لای خۆی ئامادەکردووە (کە بەهەشتە)).

ئا ئەوانە سەرگەردانیان کردوون

● ﴿أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ﴾ ● التكاثر: ١

((خەڵکینە!!) هەڵپەکردن و پێشبڕکێتان بۆ زۆر کردنی (ماڵ و منداڵ و سامان و کۆشك و تەلار و... هتد) ئێوەی سەرگەرم و سەرگەردان و بێ ئاگا کردووە لە خواناسی و دینداری).

سوپاسگوزار بن بۆتان زیاد دەکرێت

● ﴿ لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡ ﴾ ● إبراهيم: ٧

(سوێند بە خوا ئەگەر سوپاسگوزار و شوکرانەبژێر بن، ڕزق و ڕۆزی و ناز و نیعمەتتان بەسەردا دەڕێژم و زیادی دەکەم).

لەدوای تەواوبوونی عیبادەت بەدوای ژیان بکەون

● ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ ● الجمعة: ١٠

(جا کاتێك نوێژ تەواو بوو، ئەوە بڵاو ببنەوە بە زەویدا و بەتەمای بەخششی خوا هەوڵ و کۆشش بدەن، یادی خوا زۆر بکەن لە هەموو چالاکیەکانی ژیاندا با ناوی ئەو زاتە لەسەر زار و لەنێو دڵتاندا بێت، بۆ ئەوەی سەرفرازی هەمیشەیی بەدەست بهێنن).

فەزڵدانی ئەوانی تر بەسەر خۆتدا

● ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ ● الحشر: ٩

(ئیماندارێ ڕاستەقینە حەز بە بەخشینی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن، فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژار و نەداریشن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیل بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەریدا، ئا ئەوانە سەرفرازن).

﴿وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا﴾ الإنسان: ٨

(هەروەها نان و خۆراك دەبەخشن، ئەگەرچی خۆشەویستیش بێت لایان، بە هەژار و هەتیوو دیلەکان).

پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو کارێکی باش

● ﴿وَفِى ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ﴾ ● المطففين: ٢٦

(جا با لە پێناوی ئەوەدا پێشبڕکێکەران پێشبڕکێ بکەن).

پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو کارێکی باش، بەڵام لەسەر حیسابی یەکتر ناوملی یەکتریش مەشکێنن.

سامان و مالّ و منداڵ بێ ئاگاتان نەکەن

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلۡهِكُمۡ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ﴾ ● المنافقون: ٩

(ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، هەوڵ بدەن نە مالّ و سامانتان، نە ڕۆڵەکانتان، نەبنە هۆی ئەوەی کە لە یادی خوا و بەدەستهێنانی پەزامەندی ئەو کەمتەرخەمی و بێ ئاگاتان بکەن، جا هەر کەس لە یادی خوا کەم تەرخەمی بکات، ئا ئەوانە هەر خۆیان خەسارەتمەند و زەرەرمەندن).

هیچ گوناهێک بە بچووک و سادە مەبینە

● ﴿وَتَحۡسَبُونَهُۥ هَيِّنٗا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٞ﴾ ● النور: ١٥

(ئێوە وا دەزانن ئەو ئەو گوناهانە شتێکی سادە و ئاسانن؟ لە کاتێکدا لای خوا زۆر گەورە و ناقوڵان).

بەهەشت بۆ کێیە؟

● ﴿تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ ● القصص: ٨٣

((جا با خەڵکی دڵنیابن) کە: ئەو ماڵی قیامەتە و ئەو بەهەشتی بەرینەمان ئامادەکردووە بۆ ئەو کەسانەی کە نەلووت بەرزی و گەورەییان دەوێت لە زەویدا، نە فەساد و گوناە و خراپە، سەرەنجام و سەرفرازیش هەر بۆ پارێزکاران و خوداناسانە).

پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر بەرزترین ڕەوشتە

● ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ ● القلم: ٤

(بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی زۆر جوان و پەسەند و بێ وێنە و مەزنیت).

ڕاوێژ بکە

● ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ ● آل عمران: ١٥٩

(لە کار و کردەوە و پێشهاتدا پرس و ڕایان پێ بکە).

ئەو کەسەی بە دەستی ڕاستی نامەی کردەوەکانی وەردەگرێتەوە

● ﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ﴾ ● الحاقة: ١٩

(جا ئەوەی نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی، ئەوە (بە دڵخۆشییەکی بێسنوورەوە بە هاوەڵ و ناسیاوانی) دەڵێت: ها ئەوەتا نامەی کردەوەکانم بیگرن و بخوێننەوە و تەماشای بکەن).

چوونە هەر ماڵێک سەلام بکەن

● ﴿فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً﴾ ● النور: ٦١

(هەر کاتێك چوونە هەر ماڵێك، سەلام لە خۆتان بکەن و سەلام لە یەکتر بکەن، سەلامێك لە لایەن خوای گەورەوە، کە پڕە لە بەرەکەت و فەڕ و جوانی و پاکی).

پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن

● ﴿حَٰفِظُوا۟ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ وَقُومُوا۟ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ﴾ ●

البقرة: ٢٣٨

(کەمتەرخەمی مەکەن و پارێزگاری لە ئەنجامدانی نوێژەکاندا بکەن بەتایبەتی نوێژی ناوەند (کە نوێژی عەسرە) هەمیشە و بەردەوامیش هەستن بە ئەنجامدانی فەرمانەکان بۆ خوا بەگەردنکەچییەوە).

نزای زیادبوونی زانست بکە

● ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا﴾ ● طه: ١١٤

(نزا بکە و بڵێ: پەروەردگارا، بەردەوام زانست و زانیاری زۆرتر و زیاترم پێ ببەخشە).

وەڵامی داواکارییە باشەکان بدەرەوە

● ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمۡ تَفَسَّحُواْ فِي ٱلۡمَجَٰلِسِ فَٱفۡسَحُواْ يَفۡسَحِ ٱللَّهُ لَكُمۡۖ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴾ ● المجادلة: ١١

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك لە دانیشتن و کۆبونەوەکاندا پێتان دەوترێت: ڕێ بدەن بەکەسانی تر و ئەڵقەی دانیشتنەکە فراوان بکەن، ئەوە ئێوەش فراوانی بکەن، ئەگەر ئێوە واتان کرد خوا پاداشتی فراوانتان پێ دەبەخشێت، کاتێکیش پێتان دەوترێت هەستن و جێگە چۆڵ بکەن، (بۆ پیاوماقوولْ و ڕیش سپی و گەورەکانتان) جێگە چۆڵ بکەن، جا ئەگەر واتان کرد خوای گەورە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە لە ئێوە و ئەوانەشتان زانست و زانیاریان پێدراوە چەندەها پلە و پایە بەرزیان دەکاتەوە، خودا ئاگایە بەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن).

هەر زاناکانن لە خودا دەترسن

● ﴿ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ ﴾ ● فاطر: ٢٨

(بەڕاستی هەر زاناکان پەی بەو نهێنییانە دەبەن و لەناو بەندەکانی خوادا هەر ئەوان لەخوا دەترسن (لە سەردەمی علم و زانستدا ئەم ڕاستییە ڕوونە، چونکە زانا و پسپۆڕان کاتێك وردەکاری بەدیهێنراوان پەی پێ دەبەن، زۆر هەست بە گەورەیی و دەسەڵاتی خوا دەکەن)).

لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ئەوەی زانا دەربارەی خودای گەورە دەیزانێت مرۆڤێکی ئاسایی نایزانێت، ئەگەرنا جاری وا هەیە نەخوێندەوارێك ئیمانی لە سەد زانا بەرزترە و لە خواترسترێشە.

مرۆڤ لە جوانترین شێوەدا درووستکراوە

● ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ ● التين: ٤

(مرۆڤمان لە جوانترین شێوەدا درووستکردووە).

کاتێك جوانی مرۆڤت بۆ دەردەکەوێت کە بەشێك لە جەستەی ئالۆگۆڕ بکەیت یان ئەندامێکی لێ لابەری یان ئەندامێکی بشێوێنی یان بیسوتێنی یان... .

پەرت و بڵاو مەبن

● ﴿وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ ● آل عمران: ١٠٣

((هەوڵ بدەن) هەر هەموتان بە توندی دەست بگرن بە ئایینی خوداوە و پەرت و بڵاو مەبن، یادی ناز و نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، (چونکە) کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون، ئەوە بوو دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی (ئیسلامەوە) پەیوەست کرد بەیەکەوە و هەموو بوونە برای یەکتر (هەروەها ئەو کاتە) ئێوە لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر وەستا بوون و (خەریك بوو بکەونە ناوی)، بااڵم خوا (بەڕەحم و میهرەبانی خۆی) لەو ئاگرە ڕزگاری کردن، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هیدایەت وەربگرن).

بەلەخۆباییبوونەوە مەڕۆ

● ﴿وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًا﴾ ● الإسراء: ٣٧

(هەروەها بەسەر زەویدا بەکەش و فش و لە خۆبایی بوونەوە مەڕۆ).

کێ ڕەنجەڕۆ بووە؟

● ﴿وَقَدْ خَابَ مَنِ ٱفْتَرَىٰ﴾ ● طه: ٦١

(بەڕاستی ئەو کەسەی کە شتی ناڕەوای هەڵبەستووە و پڕوپاگەندەی درۆی کردووە نائومێد و بێ هیوا و ڕەنجەڕۆ بووە).

کێ لەوە گومڕاترە؟!

● ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ● القصص: ٥٠

(کێ لەوە گومراترە کە شوێن ئارەزووەکانی خۆی کەوتبێت، دوور لە هیدایەت و ڕێنمویی خودا، بێگومان خودا هیدایەتی قەومی ستەمکاران نادات).

کێ بەکرێ دەگرێت؟!

● ﴿إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْأَمِينُ﴾ ● القصص: ٢٦

(بەڕاستی چاکترین کەسێك کە تۆ بیگرێت بە کرێ، کەسی بەهێز و ئەمین و دەسپاك و داوێنپاك و دەروونپاکە).

دوو مەرجی داناوە بۆ ئەو کەسەی کە بەکرێی دەگری:

١. بەهێز بێت.

٢. دەستپاك و دەروونپاك و داوێنپاك بێت.

پیلانی شەڕ و تاوان تەنها بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە

● ﴿وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ﴾ ● فاطر: ٤٣

(پیلانی شەڕ و تاوان تەنها بەسەر ئەوانەدا دەشکێتەوە کە نەخشەی بۆ دەکێشن، ئەوان خۆیان زەرەرمەندی دونیا و قیامەت دەبن).

سوننەتەکانی خودا ناگۆڕێن

● ﴿فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ ● فاطر: ٤٣

(ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاسا و بەرنامەکانی خوادا گۆڕانکاری پێش بێت، هەرگیز نابینیت یاسا و بەرنامەکانی خودا لە نەخشەی خۆیان لابدەن. (کە بەشێکی ڕیسواکردنی پیلانگێڕانە)).

سوننەتی خودایی: بریتیە لەم ڕێگا و یاسا دیاریکراوەی کە خودای گەورە بۆ هەڵسوکەت لەگەڵ مرۆڤەکاندا داینـاوە، ئەمەشیان بیناکراوە لەسەر سلوك و کردەوەکانیان، هەروەها هەڵوێستیان لەبارەی شەریعەتی خودا و ڕێڕەوی پێغەمبەرانی خودا (سەلامی خودایان لەسەر بێت)، هەروەها ئەوەی لەم دەرەنجامانە سەرچاوە دەگرێت لە دونیا و دواڕۆژدا.[1]

بۆ نموونە: هەرکەسێك هەوڵبدات سەردەکەوێت.

ڕیسواکراوی خودا

● ﴿وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ﴾ ● الحج: ١٨

(ئەوەی خودا قەدر و ڕێزی بشکێنێت و ڕیسوای بکات ئەوە هیچ ڕێز لێنەرێکی نییە).

لە دەرگای ماڵەکانەوە بچنە ژورەوە

● ﴿وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا﴾ ● البقرة: ١٨٩

(لە دەرگای ماڵەکانەوە بچنە ژورەوە).

بۆ هەموو شتێك لە دەرگای ماڵەکانەوە بچنە ژوورەوە و بەڕێگە و شوێنی خۆی شتەکان بکەن.

---

(١) السنن الإلهية في الأمم والجماعات والأفراد, د. عبدالكريم زيدان, ١٠.
شایەنی باسە د. عبدالکریم زیدان کتێبێکی گەورەی زیاتر لە سێسەد لاپەڕەیی نووسیوە لە بارەی سوننەتە ئیلاهیەکان.

خودا بەڵێنەکانی خۆی ناشکێنێت

● ﴿وَلَن يُخۡلِفَ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥۚ﴾ ● الحج: ٤٧

(بێگومان هەرگیز ٱخوا لە بەڵێنی خۆی لانادات).

دەرگاکان لەسەر تەقوادارانن دەکرێنەوە

● ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا﴾ ● الطلاق: ٢

(ئەوەی لە خودا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خودا دەرووی لێ دەکاتەوە...).

پارێزکاربن و بەرچاو ڕۆشنیی تەواو بەدەست بهێنن

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ﴾ ● الأنفال: ٢٩

(ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە: ئەگەر تەقوای خوا بکەن و پارێزکاری بکەن، ئەوە خودا بەرچاو ڕۆشنییەکی تەواوتان بۆ فەراهەم دەهێنێت (کە بتوانن حەق و ناحەقی بەئاسانی لەیەک پێ جیابکەنەوە) هەروەها هەڵە و گوناهەکانیشتان دادەپۆشێت و لێتان خۆش دەبێت، (چونکە) خودا خاوەنی فەزڵ و ڕێزی گەورەو بێ سنوورە).

ئەم یاسا قورئانیە پێمان دەفەرموێت ئەگەر تەقوای خوا بکەن و پارێزکاری بکەن:

١- خودا بەرچاو ڕۆشنییەکی تەواوتان بۆ فەراهەم دەهێنێت (کە بتوانن حەق و ناحەقی بەئاسانی لەیەك پێ جیابکەنەوە).

٢- هەڵە و گوناهەکانیشتان دادەپۆشێت و لێتان خۆش دەبێت.

٣- خودا خاوەنی فەزڵ و ڕێزی گەورە و بێ سنوورە.

دەبێ دروشمی بانگخوازان و چاکەکاران ئەوە بێت

● ﴿وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ●

الشعراء: ١٠٩

(من داوای هیچ جۆرە پاداشتێکتان لێ ناکەم، من تەنها پاداشتی خۆم لە پەروەردگاری جیهانەکان دەخوازم).

بانگخواز و پێشەوایانی دین نابێت چاوەڕێی پاداشتی بەندەکان بن، بەڵکو دەبێت بەعیززەت و سەربەرز بن و ڕوو لە خودا بن.

بەس دڵی ساغ فریامان دەکەوێت

● ﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ﴾ ● الشعراء: ٨٨

(ئەو ڕۆژەی نە ماڵ سوود دەبەخشێت و (فریای ئادەمیزاد دەکەوێت) نە منداڵ و نەوە).

﴿إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ﴾ الشعراء: ٨٩

(مەگەر كەسێك بە دڵ و دەروونی پاك و بێگەرد و پڕ لە ئیمان، بە خزمەت پەروەردگار گەیشتبێت).

دوو ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بە حەق و ڕاستی

● ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ﴾ ● سبأ: ٤٦

((پێیان) بڵێ: من یەك ئامۆژگاری ئێوە دەكەم، بۆ خودا و لەبەر خودا، دوو قۆڵی و بەتەنهایی، دانیشن و بیركەنەوە (لەم قورئانە، لەم پێغەمبەرە، لەم بەرنامەیە)).

دوو ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بە حەق و ڕاستی:

١- یان ئەوەتا بەتەنها دابنیشە و بیربكەوە.

٢- یان دووبەدوو دابنیشە لەگەڵ یەكێكی تردا گفتوگۆ بكە و بدوێ.

كەس غەیب نازانێت غەیری خودا

● ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ﴾ ● النمل: ٦٥

((ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: جگە لە خوا هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیە هیچیان ئاگادار نین لە پەنهان و شاراوەكان).

ئەومت بۆ هەیە کە هەوڵی بۆ دەدەیت

● ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾ ● النجم: ٣٩

(بەڕاستی ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێك نییە تەنها ئەوە نەبێت کە خۆی کردوویەتی).

لە بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەند و ئامۆژگاری هەیە

● ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ ● یوسف: ١١١

(سوێند بێت بە خوا بەڕاستی لە سەرگوزەشتە و بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند).

پەرێزی خراپەکاران بەرەکەتدار نییە

● ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ﴾ ● یونس: ٨١

(بەڕاستی خوا کردەوەی ئەوانەی کە تێوی خراپە دەچێنن چاك و سەرکەوتوو ناکات).

خودا حەق و ڕاستی دەچەسپێنێت

● ﴿وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ ● یونس: ٨٢

(بەڵکو خودا حەق و ڕاستی دەچەسپێنێت بە فەرمان و ویستەکانی خۆی ئەگەر چی تاوانکار و تاوانباران پێیان ناخۆش بێت).

هەر ئێوە نین توشی نەهامەتی بوون

● ﴿إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ ٱلْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُۥ﴾ ● آل عمران: ١٤٠

(ئەگەر زام و سەختی و ناخۆشیەك تووشی ئێوە هاتووە، ئەو خەڵکەش تووشی هەمان زام و سەختی و ناخۆشی هاتن).

هەر ڕۆژەو هی یەکێکە

● ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ﴾ ● آل عمران: ١٤٠

(ئێمە ئەو ڕۆژگارانە دەستاودەست پێ دەکەین لەناو خەڵکیدا).

سەرخستنی ئیمانداران عایدی خودایە

● ﴿وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ ● الروم: ٤٧

(سەرخستنی ئیماندارانمان بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی و سەرکەوتنمان پێ بەخشین).

هەڵگەراندنەوەی ئیماندار لە کوشتنی خراپترە

● ﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ﴾ ● البقرة: ١٩١

(بێگومان هاوەڵگەری و زۆر کردن لە ئیماندار تا پاشگەز ببێتەوە لە ئاینەکەی لە کوشتن خراپترە).

تاقی دەکرێنەوە تاوەکو چاک و خراپتان دەرکەوێت

● ﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ ●

العنكبوت: ٢ - ٣

(ئایا خەڵکی وایانزانیوە، وازیان لێ دەهێنرێت و پشتگوێ دەخرێن کە بڵێن ئیمان و باوەڕمان هێناوە، لەکاتێکدا ئەوان تاقی نەکرێنەوە و تووشی سزا و ئازار نەکرێن؟

سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئەوانەی پێش ئەمانمان تاقیکردۆتەوە بە جۆرەها شێوە، تا خوای گەورە (لە جیهانی واقیعدا) ئەوانەی ڕاستیان کردووە بیاناسێنێت و دەرکەون، هەروەها درۆزنەکانیش دەبێت بناسرێنرێن و دەرکەون).

ئەوە ئێمەین ستەم لە خۆمان دەکەین

● ﴿وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ ● هود: ١٠١

(ئێمە ستەمیان لێ نەکردن، بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد).

ئەگەر ئێوە ڕاستگۆبن هیچ شتێک ناتوانێت لاتانبدات

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ ۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ﴾ ● المائدة: ١٠٥

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە و بەردەوام سەرگەرمی پەروەردەی خۆتان بن و (مەترسن)، چونکە ئەوانەی گومڕان ناتوانن زیانتان لێ بدەن ئەگەر ئێوە بەچاکی ڕێبازی هیدایەت و خواناسیتان گرتبێتە بەر).

هەموو شتێکم بۆ خودایە

● ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِى وَنُسُكِى وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ ● الأنعام: ١٦٢ - ١٦٣

(بڵێ: بەڕاستی نوێژ و حەج و دروشمەکانی و (سەرجەم چاکە و بەندایەتیم) هەروەها ژیان و مردنم تایبەتە بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان).

ئێوە بەبێ ئامانج دروستنەکراون

● ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ ●

المؤمنون: ١١٥

(ئایا وا گومانتان دەبرد کە بە ڕاستی ئێمە ئێوەمان بە بێ مەبەست دروست کردووە و ئێوە بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە؟!).

خودای گەورە ناوی ناوین موسڵمان

● ﴿هُوَ سَمَّىٰكُمُ الْمُسْلِمِينَ﴾ ● الحج: ٧٨

(خودای گەورە ناوی ناون موسڵمان).

غەیری ناوی موسڵمان ناوێکی تر لەخۆتان مەنێن، چونکە خودای گەورە ناوی ناون موسڵمان.

بەسەرهاتی پێشینان بگێڕەوە بەڵکو بیربکەنەوە

● ﴿فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ ● الأعراف: ١٧٦

(بەسەرهات بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی (دابچڵەکێن و) بیربکەنەوە).

ببنە پشتیوانی پەیامی حەقی خودایی

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ﴾ ● الصف: ١٤

(ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە ببنە پشتیوانی بەرنامە و دینی خودا و ببێنە لایەنگری پەروەردگار).

خودا ستەم لە هیچ کەسێک ناکات

●﴿وَلَا يَظۡلِمُ رَبُّكَ أَحَدٗا﴾ ● الكهف: ٤٩

(بێگومان پەروەردگاری تۆ ستەم لە هیچ کەس ناکات).

ئەو ئوممەتە ئوممەتی میانڕەوی و وەسەتیەتە

●﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗاۗ﴾ ● البقرة: ١٤٣

(بەو شێوەیە ئێوەمان بە گەلێکی میانەڕەو گێڕاوە (لە هەموو ڕوویەکەوە، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە، لە ڕووی دونیا و قیامەتەوە، لە ڕووی داخوازیەکانی ڕۆح و نەفسەوە.. هتد) تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە (تا بزانن ئەم ئاین و بەرنامەیە هەمووی مایەی خێر و سەربەرزیە بۆ تاك و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا) و بۆ ئەوەی پێغەمبەریش (لە هەموو

ئەو بوارانەدا مامۆستا و ڕابەری ئێوە بێت لە ڕۆژی قیامەتدا) شایەتی بدات (بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون)).

لە نیعمەتی ئیمان و ئیسلام لامەدە

● ﴿وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ ●

البقرة: ٢١١

(ئەوەی نیعمەتی خوا بگۆڕێت، (لە یەکخواناسی لابدات) دوای ئەوەی بۆی هاتووە، ئەوە بەڕاستی خوا تۆڵەی زۆر سەخت و بە ئازارە (لەو جۆرە کەسانە)).

پاداشتی سەرخستنی دینی خودا

● ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ ● محمد: ٧

(ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خا بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، ئەوە خوداش پشتیوانی لە ئێوە دەکات و سەرتان دەخات و پایەدار و جێگیرتان دەکات).

بەزەویدا بڕۆن و بیربکەنەوە

● ﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ﴾ ● آل عمران: ١٣٧

(بەڕاستی پێش ئێوە چەندان یاسا و بەرنامە تێپەڕیون (لەلایەن خواوە کە سەرئەنجام ئیماندارانی سەرخستووە و کافرانی لەناو بردووە) دە ئێوەش بە زەویدا بگەڕێن و تەماشا بکەن و ئینجا سەرنج بدەن و وردببنەوە: بزانن سەرئەنجامی ئەوانە چۆن بووە کە بەرنامەی پێغەمبەرانی خوایان بە درۆ زانیوە).

ئەوەیە لوتکەی ئازادی

● ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ﴾ ● الكافرون:٦

(دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم).

ئەوەیە لوتکەی ئازادی، کە بەبێ ئازاردان و دژایەتی کرن بە بەرانبەرەکانمان دەڵێین: دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆمان بۆ خۆمان.

حوکم هەر حوکمی خودایە

● ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ﴾ ● یوسف: ٤٠

(حوکمدان و حەڵاڵکردن و حەڕامکردن هەر عایدی خودای گەورەیە).

دادگه‌ری مه‌رجی سه‌ره‌تایی چه‌ندژنییه

● ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ فَوَٰحِدَةً﴾ ● النساء: ٣

(ئه‌گه‌ر ترسان له‌وه‌ی که نه‌توانن دادپه‌روه‌ر بن (له‌نێوان هاوسه‌ره‌کانتاندا) ئه‌وه با یه‌ك ژن بهێنن).

مرۆڤ خودای گه‌وره خۆی ڕێزی لێگرتووه

● ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِىٓ ءَادَمَ﴾ ● الإسراء: ٧٠

(سوێند به‌خوا به‌ڕاستی ئێمه ڕێزمان له نه‌وه‌ی ئاده‌م گرتووه).

که‌واته مادام خودای گه‌وره ڕێزی گرتووین با ئێمه‌ش ڕێز له‌یه‌کتری بگرین.

ئیمانداران پشتگیر و هاوکاری یه‌کترن

● ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ ● التوبة: ٧١

(ئیمانداران له پیاوان و له ئافره‌تان هه‌ندێکیان خۆشه‌ویست و پشتگیر و هاوکاری یه‌کترن (که ئه‌مه‌ش سیفه‌تیانه): فه‌رمان به چاکه ده‌ده‌ن و قه‌ده‌غه له خراپه ده‌که‌ن و نوێژه‌کانیان به‌چاکی ئه‌نجام ده‌ده‌ن و زه‌کاتی مالیشیان ده‌به‌خشن و گوێڕایه‌ڵ و فه‌رمانبه‌رداری خوا و پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی ده‌که‌ن، ئا ئه‌وانه له ئایینده‌دا خوا ڕه‌حمیان پێ ده‌کات و سۆزی ده‌بێت بۆیان، به‌ڕاستی خوا باڵاده‌ست و دانایه).

ئەوەیە بنەمای ئابووری ئیسلامی

● ﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ﴾ ● الحشر: ٧

(بۆ ئەوەی ئەو سامانە تەنها لە نێوان دەوڵەمەندەکانی ئێوەدا کۆنەبێتەوە).

هەموو یاسا ئابووری و مالیە ئیسلامیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت پارە و سەروەت و سامان تەنها لە دەستی دەوڵەمەندان کۆببێتەوە، بەڵکو دەبێت هاوسەنگی ڕابگیردرێت، بۆ ئەم مەبەستەش یاسا و ڕێوشوێنی زۆر دانراوە.

ئەوەیە دڕووشمی بڕواداری ڕاستەقینە

● ﴿وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا﴾ ● الفرقان: ٦٣

(بەندەکانی خودای میهرەبان ئەو کەسانەن کە کاتێك نەفامان بە قسە و قسەڵۆکی ناخۆش بەرەنگاریان دەبن، لە وەڵامیاندا دەڵێن: سڵاو (ڕەوشتبەرزی خۆیان دەنوێنن)).

خودا لە کەس ناچێت کەسیش لەو ناچێت

● ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ﴾ ● الشورى: ١١

(هیچ شتێك نییە لە وێنەی خودا، هیچ شتێك لەو ناچێت (چونکە خوایە و بەدیهێنەرە، چۆن لە بەدیهێنراوەکانی دەچێت)).

پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاری و چاکەکاندا

● ﴿فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ ● البقرة: ١٤٨

(پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاری و چاکەکاندا).

چاکە لێرەدا بەگشتی باسکراوە، هەموو چاکەیەك دەگرێتەوە، ئەگەر سوودبەخش بێت بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

دۆزەخ و بەهەشت بۆ کێیە؟

● ﴿فَأَمَّا مَن طَغَىٰ﴾ ● النازعات: ٣٧

(جا ئەوەی خوانەناس و یاخی و لە سنوور دەرچوو بێت...).

﴿وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا﴾ النازعات: ٣٨

(ژیانی دنیای زیاتر لە قیامەت مەبەست بووبێت...).

﴿فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾ النازعات: ٣٩

((ئەوە بێگومان ئەو دۆزەخە جێگەی مانەوە و حەوانەوەیەتی!!).

﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ﴾ النازعات: ٤٠

(بەڵام ئەوەی لە پایە و شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروست...).

﴿فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾ النازعات: ٤١

(بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی).

سەرچاوەکان

١- قورئانی پیرۆز.

٢- تەفسیری ئاسان.

تێبینی: سەرچاوەی سەرەکی تەفسیری خودی ئایەتەکان تەفسیری ئاسان بووە.

٣- ئیلحاد وەك خۆی، صلاح الدين أحمد، چاپی یەکەم.

٤- مەوسوعەی ڕۆشنبیری فکری ئیسلامی.

٥- موسوعة الأخلاق، الدرر السنية.

٦- قواعد قرآنية, أ. د. عمر بن عبدالله المقبل.

ئەوەندەی من ئاگادار بم یەك کتێب دەربارەی یاسا قورئانیەکان نوسراوە ئەویش بە زمانی عەرەبیە بەناوی (قواعد قرآنية) د. عمر بن عبدالله المقبل. کە (٥٠) یاسای تێدایە. بەڵام ئەم کتێبەی ئێمە زۆر جیاوازە هەم لە یاساکان هەم لە ناوەڕۆک و ڕاڤەکانیان، چونکە ئەم کتێبە (٥٠) یاسایە بەڵام ئەوەی ئێمە نزیکەی (٥٠٠) یاسا و بنەما و ڕێنمایی تێدایە و ئەم سەر بۆ ئەو سەری قورئان گەڕاوین دیاریمان کرددوون.

٧- الأخلاق الإسلامية, د. عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني.

٨- أخلاق الإسلام, د. يوسف القرضاوي.

٩- تفسير القرآن العظيم لابن كثير.

١٠- تفسير جامع البيان عن تأويل آي القرآن للطبري.

١١- تفسير أنوار التنزيل وأسرار التأويل للبيضاوي.

١٢- تفسير الجلالين لجلال الدين السيوطي وجلال الدين المحلي.

١٣- تفسير زاد المسير لابن الجوزي.

١٤- تفسير مدارك التنزيل وحقائق التأويل للنسفي.

١٥- تفسير الجامع لأحكام القرآن للقرطبي.

١٦- تفسير مفاتيح الغيب للرازي.

١٧- تفسير النابلسيٰ للنابلسي.

١٨- تفسير المنير للشيخ وهبة الزحيلي.

١٩- مدخل لمعرفة الإسلام, د. يوسف القرضاوي.

٢٠- براهين وجود الله - د. سامي عامري.

٢١- لماذا يطلب الله من البشر عبادته - د. سامي عامري.

٢٢- سابغات - أحمد يوسف السيد.

٢٣- محاسن الإسلام - أحمد يوسف السيد.

٢٤- ظاهرة نقد الدين في الفكر الغربي الحديث - د. سلطان بن عبدالرحمن العميري.

٢٥- شموع النهار - د. عبدالله بن صالح العجيري.

٢٦- الأدلة العقلية والنقلية على أصول الاعتقاد - د. سعود بن عبدالعزيز العريفي.

٢٧- اختراق عقل ا د. أحمد إبرهيم.

٢٨- فتح الملك الرحيم في درء الإلحاد وبيان الصراط المستقيم - هيثم سمير عبدالحميد.

٢٩- موسوعة الرد على الملحدين العرب - هيثم طلعت.

٣٠- موسوعة بيان الإسلام - مجموعة من المؤلفين، ئەم كتێبە ٢٠٠ زانا دايان

ناوه و وەڵامی ١٢٠٠ گومانی جۆراوجۆریان داوەتەوە، ئێستا چەند بەرگێکی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بەرنامە هەیە کە هەمووی بکرێ بە کوردی.
موسوعة محاسن الإسلام ورد شبهات اللئام - أحمد بن سليمان بن أيوب وآخرون.

٣١- شفاء العليل - ابن القيم الجوزي.

٣٢- مفتاح دار السعادة - ابن القيم الجوزي.

٣٣- المقصد الأسنى في شرح أسماء الله الحسنى - أبي حامد الغزالي.

٣٤- موقف العقل والعلم والعالم من رب العالمين وعباده المرسلين - مصطفى صبري شيخ الإسلام للدولة العثمانية.

٣٥- مدخل إلى القرآن الكريم - محمد عبدالله دراز.

٣٦- فلسفة الأخلاق - محمد عبدالله دراز.

٣٧- إثبات نبوة النبي - أبو الحسن اليزيدي.

٣٨- مختصر تاريخ الحقيقة - د. محمد الروسي.

٣٩- الفيزيائيون والخالق - عماد علي هلال.

٤٠- الإلحاد الديني في مجتمعات المسلمين ومذاهبه المعاصرة - د. صابر عبدالرحمن طعيمة.

٤١- الإلحاد بين قصورين حقيقة الإلحاد بين القصور العقلاني والقصور المعرفي - ترجمة وتعليق د. مؤمن الحسن، د. عبد الله الشهري.

٤٢- الإلحاد في الغرب - د. رمسيس عوض.

٤٣- وهم الشيطان، الإلحاد ومزاعمه العلمية - د. ديفيد بيرلنسكي.

٤٤- معالجة لأبرز المقولات المؤسسة للانحراف الفكري المعاصر. عبدالله بن صالح العجيري - د.فهد بن صالح العجلان

٤٥- عزيزي الملحد: أسئلة الملحدين أمام العقل والعلم. أ.د.محمد محمد داود.

٤٦- تفكيك شبهات الملحدين في اثبات نبوة رسول الله صلى الله عليه وسلم. محمد بن فوزي الغامدي.

٤٧- مناظرة الملحدين. د.هيثم طلعت.

٤٨- كيف تدعو ملحدا - بوذيا - هندوسيا - كتابيا إلى الإسلام (سؤال وجواب). د.هيثم طلعت.

٤٩- حوار حقيقي مع متنصرة خفايا وأسرار. د.هيثم طلعت.

٥٠- كهنة الإلحاد الجديد. د.هيثم طلعت.

٥١- تخلص من إلحادك. د.هيثم طلعت.

٥٢- شفاء لما في الصدور (جرعات علمية وفكرية ومعرفية للملحدين والربوبيين والماديين والباحثين عن الحق. د.هيثم طلعت.

٥٣- إما الإيمان أو الفوضى. د.هيثم طلعت.

٥٤- الإجابة (القرآن وأسئلتك الوجودي. د.مهاب السعيد.

٥٥- إنك على الحق المبين رؤى تأصيلية في تفكيك ظاهرة الإلحاد. محسن حسين عبدالله العواجي.

٥٦- يهدي الله لنوره من يشاء. مجموعة مؤلفين.

٥٧- الإسلام يتصدى للغرب الملحد - د.محمد نبيل النشواتي.

٥٨- ظاهرة الإلحاد في المجتمعات الإسلامية. ناصر بن سعيد بن سيف السيف.

٥٩- ميليشيا الإلحاد (مدخل لفهم الإلحاد الجديد). عبدالله بن صالح العجيري.

٦٠- لا أعلم هويتي؟ «حوار بين متشكك ومتيقن. د.حسام الدين حامد.

٦١- الإلحاد (وثوقية التوهم وخواء العدم) - د.حسام الدين حامد.

٦٢- ثلاث رسائل في الإلحاد والعلم والإيمان - عبدالله بن سعيد الشهري.

٦٣- نقد العقل الملحد (كيف يستدل ؟ وبماذا يستدل ؟ ولماذا يلحد؟ د. خالد كبير علال.

٦٤- أ فِي الله شك؟ بحث في علاقة العلم بالإيمان - د.حمد المرزوقي.

٦٥- الحجج العصماء في نقض نظرية داروين في النشوء والارتقاء - ابن خليفة عليوي.

٦٦- سباق نحو الله. د. أحمد بن صالح الغيث.

٦٧- الإلحاد وأسبابه - الصفحة السوداء للكنيسة - د.زينب عبدالعزيز.

٦٨- أوهام الملحدين أوهى من بيت العنكبوت. شحاتة محمد صقر.

٦٩- سرنا في الأرض.. ونظرنا.. لنعرف.. كيف بدأ الخلق - د.عمرو شريف.

٧٠- الإلحاد وسائله، وخطره، وسبل مواجهته - د.صالح بن عبدالعزيز بن عثمان سندي.

٧١- براهين النبوة - د. سامي عامري.

نێوەڕۆک

کەس گوناھ و تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێت ٩
بەڕێزترین کەس کێیە؟ ١٠
سود و کاریگەریەکانی تەقوا : ١٠
زیانەکانی بێ تەقوایی :..... ١١
چاکە و فەزڵی نێوانتان لە بیر مەکەن ١٢
ئـاشتەوایی ١٣
سود و کاریگەرییەکانی سوڵح : ١٣
سەرخستنی خودای گەورە..... ١٤
هۆکارەکانی سەرنەکەوتن:..... ١٤
سەرەنجام بۆ کێیە؟..... ١٥
پیس و پاك یەکسان نین..... ١٦
ژیان لە تۆڵە سەندنەوەی بەحەقدایە..... ١٧
خودای گەورە نزیکە ١٨
سوود و کاریگەرییەکانی دوعا کردن: ١٩
ئاداب و مەرجەکانی دوعا:..... ٢٠
نـاخ سەلامەتی ٢٢
جۆرەکانی ناخ سەلامەتی:..... ٢٢
سوود و کاریگەرییەکانی ناخ سەلامەتی و ناخ پاکی:..... ٢٢
ڕێگریەکانی بەردەم ناخ سەلامەتی و ناخ پاکی: ٢٣
ئامراز و هۆکارەکانی بەدەست هێنانی ناخ سەلامەتی و ناخ پاکی : ٢٣
ڕق خوداردنەوە..... ٢٤

سودەکانی خودارەنەوەی توڕەیی: ٢٤
زیانەکانی ڕق نەخودارەنەوە: ٢٤
هۆکار و ئامرازەکانی ڕق خودارەنەوە ٢٥
پـــــاکـــــی ٢٥
ڕێگریەکانی بەرەەم پاك و خاوێنی دەرەکی و ناوەکی: ٢٦
ئامراز و هۆکارەکانی بەدەست هێنانی پاکی دەرەکی و ناوەکی: ٢٦
دادگـــــەری ٢٧
شێواز و جۆرەکانی دادگەری: ٢٧
سود و کاریگەریەکانی دادگەری: ٢٧
وەرع ٢٨
پلـــــەکانی ورع: ٢٨
جـــــۆرەکانی ورع: ٢٩
هۆکار و ئامرازەکانی بەدەست هێنانی ورع: ٢٩
سود و کاریگەریەکانی ورع: ٣٠
وەفـــــــــا ٣١
جۆرەکانی پەیمان: ٣١
شێوەکانی پەیمان ٣١
سوود و کاریگەرییەکانی بەوەفابوون بە پەیمان: ٣٢
یەکگرتوویی ٣٣
سوودەکانی یەکگرتوویی: ٣٣
زیانەکانی پەرتەوازەیی: ٣٣
ڕێگرییەکانی بەرەەم یەکگرتوویی ٣٤
یارمەتیدان ٣٥
شێوازو جۆرەکانی یارمەتیدان: ٣٥

سوودەکانی یارمەتیدانی یەکدی:.....٣٦
ڕێگریەکانی بەردەم هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری:.....٣٦
یارمەتی یەکدی مەدەن لەسەر ٣٨
گوناه و تاوان و دوژمنایەتی یەکترکردن.....٣٨
زیانەکانی یارمەتیدان لەسەر گوناه و تاوان و دوژمنایەتی یەکدیکردن: ٣٨
تـــــەوازوع ٣٩
بەشەکانی تەوازوع: ٣٩
شێوە و جۆرەکانی تەوازوع: ٤٠
کاریگەرییەکانی تەوازوع:.....٤٠
هۆکار و پاڵنەرەکانی تەوازوع:.....٤١
خۆشەویستی.....٤٢
جۆرەکانی خۆشەویستی:.....٤٢
سوود و کاریگەریەکانی خۆشەویستی: ٤٢
ئامراز و هۆکارەکانی پەیدابوونی خۆشەویستی:.....٤٣
ڕێگرییەکانی بەردەم خۆشویستنی یەکتری:.....٤٣
خۆشەویستی :.....٤٤
خۆشەویستی ڕاستەقینە بەم جۆرەیە و بەم شێوەیەش بەدەست دێت:.....٤٤
زانســـــــت ٤٦
زانســـت :.....٤٦
سودەکانی زانـــست :.....٤٨
ئەتەکیەتی بەدەست هێنانی زانست :.....٤٩
ســـــــۆز.....٥١
جۆرەکانی سۆز:.....٥٢
سوود و کاریگەریەکانی سۆز و ڕوحم:.....٥٢

هۆکار و پاڵنەرەکانی سۆز و میهرەبانی: ٥٢
نەرم و نیانی ٥٣
جۆرەکانی نەرم و نیانی: ٥٤
سوودەکانی نەرم و نیانی: ٥٤
ماڵ و سامان ٥٥
ئەوەش بەوە دەبێت کە: ٥٥
بەشی خۆت بە حەڵاڵی لە دونیادا فەرامۆش مەکە ٥٦
دەگونجێت شتێکتان پێناخۆشبێت ٥٧
بەڵام باش و چاکبێت بۆتان ٥٧
دەگونجێت شتێکتان پێ خۆش و باش بێت ٥٨
بەڵام خراپ بێت بۆتان ٥٨
خزمەتکردنی ئیسلام ٥٩
باوەڕ بە هەموو کەسێك مەکەن ٦٠
شتی خەڵك سوك مەکەن ٦١
پشت بەستن بە خودای گەورە ٦٢
سودەکانی (توکل) پشت بەستن بە خودا: ٦٣
ئـــارامگرتـــن ٦٤
سوودەکانی ئارامگرتن: ٦٤
ڕێگرییەکانی بەردەم ئارامگرتن: ٦٥
ئامراز و هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئارامگرتن: ٦٥
راستگۆیی ٦٦
سوود و کاریگەرییەکانی ڕاستگۆیی: ٦٦
ئامراز و هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی: ٦٧
جۆرەکانی ڕاستگۆیی: ٦٧

جـــاسوســـی ٦٨
جۆرەکانی جاسوسی ناشەرعی: ٦٨
جۆرەکانی جاسوسی شەرعی: ٦٨
هۆکارەکانی جاسوسی کردن: ٦٩
ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتنی جاسوسی: ٦٩
خـیـانەت ٧٠
جۆرەکانی خیانەت: ٧٠
زەرەر و زیانەکان و کاریگەریە خراپەکانی خیانەت کردن: ٧٠
سوکایەتی کردن ٧١
جۆرەکانی سوکایەتی کردن: ٧٢
هۆکارەکانی گاڵتە کردن: ٧٢
کاریگەری و زیانەکانی فشە و گاڵتە کردن بە خەڵک: ٧٢
گومانبردنی خراپ ٧٣
هۆکارەکانی گومان بردنی خراپ: ٧٣
کاریگەری و زیانەکانی گومانی خراپ بردن: ٧٣
ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتنی گومان بردنی خراپ: ٧٤
ســـــتـــەم ٧٥
جۆرەکانی ستەم: ٧٥
ستەم بە چەند شێوەیەک دەکرێت: ٧٦
زیان و کاریگەرییە خراپەکانی ستەم کردن: ٧٦
قسەی ناشیرین و جنێودان و زمان پیسی ٧٧
هۆکارەکانی قسەی ناشیرین و جنێودان و زمان پیسی: ٧٧
زەرەرو زیانەکان و کاریگەرییە خراپەکانی زمان پیسی: ٧٨
ئامراز و هۆکارەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە زمان پیسی: ٧٨

فیز و خۆ بەگەورە زانی (تکبر) ٧٩
جۆرەکانی فیز و خۆ بەگەورە زانی (تکبر):..... ٧٩
هۆکارەکانی فیز و خۆ بەگەورە زانین:..... ٨٠
زیان و کاریگەرییە خراپەکانی خۆ بە گەورە زانین:..... ٨١
درۆکـــــردن..... ٨٢
جۆرەکانی درۆکردن:..... ٨٢
شـــــێوازەکانی درۆ:..... ٨٣
هۆکارەکانی توش بوون بە درۆکردن:..... ٨٣
زیان و کاریگەرییە خراپەکانی درۆ:..... ٨٣
بەقسەی ئەمانە مەکەن ٨٥
هۆکارەکانی تووش بوون بە نەمیمی کردن:..... ٨٦
زیان و کاریگەرییە خراپەکانی نەمیمی:..... ٨٧
چارەسەری نەمیمی کردن:..... ٨٧
ساردبوونەوە و لاوازبوون و سستبوون..... ٨٨
هۆکارەکانی لاواز بوون و سست بوون:..... ٨٨
زەرەر و زیانەکانی لاوازی و سارد بوونەوە و سست بوون:..... ٨٩
ئومێد بەخوا..... ٩٠
هۆکارەکانی بێ ئومێدی:..... ٩١
شایەتیدانی مرۆڤ لەسەر خۆی..... ٩٢
غـــــەیبـــەت..... ٩٣
جۆرەکانی غەیبەت:..... ٩٣
زەرەر و زیانەکان و کاریگەرییە خراپەکانی غەیبەت کردن:..... ٩٤
هۆکارەکانی تووشبوون بە غەیبەتکردن:..... ٩٤
هۆکار و ئامرازەکانی خۆ پاراستن لە غەیبەت:..... ٩٥

قسەی جوان ٩٦
قسەی جوان لەگەڵ هەموو خەڵکدا: ٩٧
سوود و کاریگەریەکانی قسەی جوان و باش ٩٧
ئەتەکیەتی قسەکردن و گفتوگۆ : ٩٨
خراپە بە جوانی لابەرە ١٠٠
جۆرەکانی خراپەکاری: ١٠٠
هۆکارەکانی خراپەکاری: ١٠١
کاریگەریی و زەرەر و زیانەکانی خراپەکاری: ١٠١
ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتن و کەمکردنەوەی خراپەکاری: ١٠٢
زێدەڕۆیی مەکەن ١٠٣
زێدەڕۆیی کردن شێوە و جۆری زۆرە بۆ نموونە: ١٠٣
زیان و کاریگەریە خراپەکانی زێدەڕۆیی: ١٠٣
هۆکارەکانی زێدەڕۆیی : ١٠٤
ئامراز و هۆکارەکانی دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی: ١٠٤
بە ئەندازەی خۆت تۆڵە بکەوە ١٠٥
هۆکارەکانی دڕووست بوونی هەستی تۆڵە سەندنەوە: ١٠٥
ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتنی گیانی تۆڵەسەندنەوە: ١٠٦
ڕەزیلی ١٠٧
جۆرەکانی ڕەزیلی: ١٠٧
هۆکارەکانی ڕەزیلی: ١٠٨
ڕق و کینە و دوژمنایەتی ١٠٩
هۆکارەکانی ڕق و کینە: ١٠٩
ئامراز و هۆکارەکانی نەهێشتنی ڕق و کینە و دوژمنایەتی: ١١٠
عیززەت ١١١

جۆرەکانی عیززەت:- ١١١
هۆکارەکانی پەیدابوونی عیززەت: ١١٢
کـــات ١١٣
هەموو مرۆڤێك لە زەرەر و خەسارەتمەندی دایە، جگە: ١١٣
تایبەتمەندییەکانی کات: ١١٣
هۆکارەکانی سوودبینین لە کات: ١١٤
تـــەزکیـــە ١١٦
تەزکیەی نەفس : ١١٦
میکانیزم و ڕێگاکانی تەزکیەی نەفس : ١١٧
ڕێگری و لەمپەرەکانی بەردەم تەزکیە : ١١٨
هۆکار و پاڵنەرەکانی تەزکیە : ١١٨
قورئان و ڕێنمونی ١٢٠
قورئان ڕێنوێنی عەقڵ دەکات بۆ: ١٢٠
قورئان ڕێنوێنی دڵ و دەرون و ڕۆح دەکات بۆ: ١٢٠
قورئان ڕێنوێنی جەستە دەکات بۆ: ١٢٠
ئەندازەی گەردیلەیەك ون نابێت ١٢٢
هاوژینی باش بن ١٢٣
خوداپەرستی بە پێی توانایە ١٢٤
چاکەکان خراپەکان دەسڕنەوە ١٢٦
لە شارەزایان و زانایان بپرسن ١٢٧
داوێنپاکی ١٢٨
سود و کاریگەرییەکانی (عفة) داوێن پاکی: ١٢٨
هۆکار و ئامرازەکانی پەیدابوونی داوێنپاکی: ١٢٨
قەناعەت ١٢٩

سوود و کاریگەرییەکانی قەناعەت: ١٢٩
ڕێگرییەکانی بەردەم قەناعەت: ١٣٠
ئامراز و هۆکارەکانی پەیدابوونی قەناعەت: ١٣٠
سەخاوەتی ١٣١
سوود و کاریگەرییەکانی سەخاوەت: ١٣٢
جۆرەکانی سەخاوەت: ١٣٢
هۆکار و ئامرازەکانی پەیدابوونی سەخاوەت: ١٣٢
حیکمەت (دانایی) ١٣٣
جۆرەکانی حیکمەت و دانایی: ١٣٤
سود و کاریگەرییەکانی حیکمەت و دانایی: ١٣٤
ئامراز و هۆکارەکانی بەدەستهێنانی حیکمەت: ١٣٤
ڕێگرییەکانی بەردەم حیکمەت و دانایی: ١٣٥
هەژاری مرۆڤ و دەوڵەمەندی خودای گەورە ١٣٦
دەستگرتن بە وەحی ١٣٧
دۆستانی خودا ١٣٨
بڕوابوون بە بەشێکی ئایین ١٣٩
ترسان لە ڕۆژی دوایی ١٤٠
گۆڕانکاری لەدەست مرۆڤەکاندایە ١٤١
کاری پێغەمبەران ١٤٢
هۆکاری ناردنی پێغەمبەران (علیهم السلام): ١٤٢
ئەرکی ئیمە بەرانبەر پێغەمبەر ﷺ: ١٤٤
گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەر ١٤٥
ئیسلام بەسە ١٤٦
ئایا ئیسلام لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگونجێت ١٤٦

ئیسلام چیە؟ ١٤٦
بواڕەکانی ئیشکردنی ئیسلام :..... ١٤٧
بەشە سەرەکیەکانی مرۆڤ و ڕینمایی ئیسلام بۆیان : ١٤٧
تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئیسلام : ١٤٩
ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام : ١٥٠
ئیسلام چی پێشکەشی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کردووە؟ ١٥١
بوونی خودا (بەڵگەی زگماك، فیترەت، سرووشت) ١٥٤
یەکەم: شتە زەرووڕییە عەقڵییەکان، سەرەتا عەقڵییە یەکەمەکان (المبادئ العقلية الاولية):..... ١٥٨
دووەم: ڕەوشت و ئەخلاق: ١٥٩
سێیەم: غەریزەکان:..... ١٥٩
چوارەم: هەست کردن بە ئازادی و سەربەستی: ١٦٠
پێنجەم: هەستکردن بە ئامانجداری: ١٦٠
بوونی خودا (بەڵگەی بەدیهێنان) ١٦٤
١- گەردوون بەڕێکەوت (سوودفە) دروستبووە:..... ١٦٦
٢- گەردوون سرووشت دروستیکردووە:..... ١٦٧
٣- گەردوون هەر هەبووە:..... ١٦٨
پوختەی بیردۆزەی (تەقینەوە گەورەکە) (Big bang) (الانفجار العظيم) :١٦٨
٤- گەردوون بۆ خۆی خۆی دروستکردووە..... ١٧٠
٥- گەردوون خەون و خەیاڵە و حەقیقی ڕاستەقینە نیە..... ١٧٠
بوونی خودا (بەڵگەی ئەندازەگیری) ١٧١
پوختەی بەڵگەی ئەندازەگیری:..... ١٧١
چەند نموونەیەکی کەم لەسەر ئەندازەگیری:..... ١٧٢
- Universal physic - constants:..... ١٧٩

بوونی خودا (بەڵگەی ڕێکسازی) ١٨١
بوونی خودا (بەڵگەی ڕێنمونی، هیدایەت) ١٨٤
قـــرژاڵەکانی دەریـــا :..... ١٨٦
خۆشاردنەوەی گەرای نێو قۆزاخە:..... ١٨٦
خانووی هەنگ:..... ١٨٦
مـێرووڵەی سـپی:..... ١٨٧
بوونی خودا (بەڵگەی دەستەمۆکردن) ١٨٨
بوونی خودا (بەڵگەی چاودێری)..... ١٩١
چەند نموونەیەکی زۆر کەم لەسەر بەڵگەی چاودێری:..... ١٩٢
بوونی خودا (بەڵگەی ڕۆزی)..... ١٩٥
پێکەوە ژیان ١٩٧
کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبێت چۆن بێت؟..... ١٩٧
پێکەوە ژیانی کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبێت چۆن بێت؟ ١٩٧
کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبێت چۆن بێت؟..... ١٩٨
قـورئـــان ٢٠٢
قـــورئـــان :..... ٢٠٢
تایبەتمەندییەکانی قورئان :..... ٢٠٣
مەبەســـتەکانی قورئـــان :..... ٢٠٤
بابەتـــەکانی قورئـــان :..... ٢٠٥
ئەرکمـــان بەرانـــبەر بە قورئـــان..... ٢٠٦
چۆن سوود لە قورئـــان وەرگرین و لێی بەهرەمەند بین؟..... ٢٠٧
چـــەندژنـــی..... ٢٠٨
فەلســـەفەی چـــەندژنـــی :..... ٢٠٨
فەلسەفە و حیکمەتەکانی ڕێگەدان بە چەندژنی:..... ٢١٢

چـــەندمـــێردی!!! ٢١٦
بەڵام بۆچی چەندمێردی یان فرەمێردی بۆ ژن ڕێنەدراوە؟..... ٢١٦
لادان و بێباوەڕبوون و هۆکارەکانی..... ٢٢٠
ئیمـــــــان ٢٣٠
ئیمـــــان :..... ٢٣٠
کاریگەرییەکانی ئیمان لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی و تاك و خێزان و کۆمەڵگە و
سیاسیەت و ئابووری و..... ٢٣١
نیشانـەکانی لاوازی ئیمـــــان :..... ٢٣٢
هـــۆکارەکانی لاوازی ئیمـــان :..... ٢٣٣
هۆکار و پـاڵنەرەکانی بەهێزکردنی ئیمـــان :..... ٢٣٤
نوێژ و فەلسەفەکانی ٢٣٦
فەلســـەفەی نوێـــــژ :..... ٢٣٦
زەکات و فەلسەفەکانی ٢٤٣
زەکـــــات :..... ٢٤٣
فەلســـەفەی زەکـــــات:..... ٢٤٣
ڕۆژوو و فەلسەفەکانی ٢٤٦
ڕۆژوو:..... ٢٤٦
فەلسەفەی ڕۆژوو:..... ٢٤٧
حەج و فەلسەفەکانی ٢٤٩
فەلســـەفەی حـــــەج :..... ٢٤٩
عیبادەت و فەلسەفەکانی ٢٥١
فەلســـەفەی عـــیبادەت :..... ٢٥١
قوربانی و فەلسەفەکانی ٢٥٤
فەلسەفەی قوربانی کردن :..... ٢٥٤

سەرمەشقی و پێشەوایەتی محمد (ﷺ) ٢٥٦
ئایا ئافرەتان پاداشتیان هەیە لە قیامەتدا؟!!! ٢٥٩
ئایا ئافرەتان پاداشتیان هەیە لە قیامەتدا؟!!! ٢٥٩
بۆچی حۆری بۆ پیاوان دانراوە بەڵام بۆ ئافرەتان دانەنراوە؟ ٢٦٢
ئەی بۆ هانی ئافرەتانیش نادرێ بڵێ: هۆ ئافرەتینە حۆریتان بۆ هەیە؟! ... ٢٦٢
بەڵگەکانی زیندووبوونەوە و قیامەت ٢٦٣
فەلسەفەی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی :..... ٢٦٤
گوێگرتن بۆ حەق و شوێن کەوتنی ٢٦٦
نەخۆشیەکانی ئوممەت : ٢٦٦
هاوسەرگیری ٢٨٥
هـــاوســـەرگیری : ٢٨٥
پێنج بنەما بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر هەم بۆ کوڕان هەم بۆ کچان :..... ٢٨٦
بەربەستەکانی بەردەم هاوسەرگیری :..... ٢٩٠
بنەماکانی ژیانی هاوسەری سەرکەوتوو و بەختەوەر :..... ٢٩١
پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەنێوان عەقڵ و قورئاندا ٢٩٣
پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە نێوان عەقڵ و قورئاندا :..... ٢٩٣
چۆن بزانین قورئان قسەی خودایە؟!..... ٣٠٠
مافی ژن و پیاو..... ٣٠٦
پوختەی ماف و ڕێز و پێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا :..... ٣٠٦
یاساکانی هاوسەرێتی بۆ ژنـــان :..... ٣١٨
بـــانگـــەواز..... ٣٢٦
بـــانگـــەواز :..... ٣٢٦
بنەماکانی حیکمەت لە کاری بانگەوازیدا :..... ٣٢٦
مەرجـــەکانی بانگخـــواز :..... ٣٢٧

هەڵەی گۆڕەپانی بانگەواز و بانگخوازان :..... ٣٢٨
نـــــــەزەر ٣٣٠
نـــــــەزەر: ٣٣٠
هۆکارەکانی نەزەر: ٣٣٠
زیانەکانی نەزەرکردن : ٣٣١
چـــارەســـــەر :..... ٣٣١
سودەکانی نەزەر نەکردن : ٣٣٢
ئیلحـــــــاد ٣٣٤
پێناسەی ئیلحاد (Atheism) : ٣٣٤
بنەما فیکریەکانی ئیلحاد..... ٣٣٧
جۆرەکانی ئیلحاد (أنواع لإلحاد) ٣٣٩
لە یاد خستنەوە بەردەوامبە ٣٤٩
سەرفراز کێیە؟ ٣٤٩
هیچ کەس نیە چاودێری نەبێت..... ٣٥٠
سەرەنجامی کۆششی مرۆڤ..... ٣٥٠
سزای توند بۆ تەرازووبازەکان ٣٥١
پاداشتی چاکەکاران..... ٣٥١
تەرازووی قورس..... ٣٥٢
..... ٣٥٢
تەرازووی سووک ٣٥٢
باوەڕداری کردەیی ٣٥٣
هەتیو مەچەوسێنەرەوە و دڵی مەڕەنجێنە ٣٥٣
هەڵمەشاخێ بە هەژار و داماو و سواڵکەراندا ٣٥٤
بەوەفا بە بەرانبەر نیعمەتەکانی خودا..... ٣٥٤

بەخشندە و پارێزکار و بەڕاستدانەر ٣٥٥
ڕەزیل و خۆبێنیازکەر و بەدرۆخەرەوە ٣٥٦
سەرفرازی ڕاستەقینەی ئێرە و ئەوێ ٣٥٧
نائومێدی ئێرە و ئەوێ ٣٥٧
سزای ستەمکاران ٣٥٨
پەروەردگارت بە گەورە ناوببە ٣٥٨
منەت مەکە ٣٥٩
بەردەوامی ٣٥٩
مزگەوتەکان تایبەتی هی خودای گەورەن ٣٦٠
پێغەمبەریش (ﷺ) هیچی بەدەست نیە ٣٦٠
پەناگە هەر پەناگەی خودایە ٣٦١
ئارامێکی جوان بگرە ٣٦١
سزای بێباوەڕان ٣٦٢
فەرمانبەرداریی خودا و پێغەمبەرەکەی بە ٣٦٣
ماڵ و سامان و ڕۆڵەکانیش تاقیکردنەوەن ٣٦٤
قەرز بدەن بە خودا ٣٦٥
ئەجەل دواناکەوێت ٣٦٥
قسەی بێ کردار ٣٦٦
دۆزەخی و بەهەشتی یەکسان نین ٣٦٦
قورئان ئاسانە ٣٦٧
تاوانبار گومڕا و شێتە ٣٦٧
ئارامبگرە لەسەر فەرمانبەرداری خودای گەورە ٣٦٨
زەوی بەڵگەی زۆری تێدایە ٣٦٨
بیر لەخۆت بکەرەوە بەستە ٣٦٩

یادخستنەوە ٣٧٠
خودا لەخۆمان نزیکترە لە خۆمان ٣٧١
ئاگات لێبێت چی دەڵێیت ٣٧٢
خودای گەورە ورد و درشت دەزانێت ٣٧٢
دیار و ناڕیار هی خودایە ٣٧٣
پێغەمبەر (ﷺ) بۆچی نێردراوە؟ ٣٧٤
بڕواداری کردەیی و بێباوەڕ ٣٧٤
ئەو دووە وەك یەك نین ٣٧٥
هیدایەت وەرگر ٣٧٥
بـــــزانـــــــە ٣٧٦
بێبـاوەڕی دووژمنکار ٣٧٧
گەردوون ٣٧٨
کێ لەوە نەزانتر و گومڕاترە؟! ٣٧٩
بەهاناتانەوە نایەن ٣٨٠
کێ ترس و دڵ تەنگی لەسەر نیە؟ ٣٨٠
غـافـــڵ مەبـــە ٣٨١
چاکبە لەگەڵ دایك و باوکتدا ٣٨٢
پلە بە پێی کردەوەیە و ستەم لە کەس ناکرێت ٣٨٢
ڕۆژێك دێت ٣٨٣
وەڵام نەدانەوەی خودا ٣٨٣
توانای خودای گەورە بێ سنوورە ٣٨٤
بیربکەرەوە ٣٨٥
بوختانچی و تاوانبار ٣٨٥
قورئان ڕێنمونی کارە ٣٨٦

دەریاکانیشی بۆ ڕامکردووین ٣٨٦
خۆت بەرپرسی لە چاکە و خراپە ٣٨٧
قورئان ڕۆشنکەرەوە و ڕەحمەتە ٣٨٧
ژیان و مردنی ئەو دوانە وەك یەك نین ٣٨٨
بەرپرسی لەکار و کردەوکانت و ستەمت لێناکرێت ٣٨٨
ئارەزوو پەرست ٣٨٩
دوور لە خودا و قورئان و زیکر ماڵ وێرانە ٣٩٠
دەرگای تەوبە کراوەیە ٣٩٠
خودای گەورە ئاواتی کێ بەدیدێنێت؟ ٣٩١
هەمووی خەتای خۆتانە ٣٩١
پشتیوان و سەرخەر هەر خودایە ٣٩٢
خۆپارێز و لێبوردە ٣٩٣
ڕاوێژ بکە ٣٩٣
تۆڵە بە ئەندازەیە ٣٩٤
حەقتە حەق بستێنی ٣٩٥
ستەمکار و دەستدرێژیکار بەرپرسن ٣٩٥
ئارامگری و چاوپۆشی ٣٩٦
وەڵامی خودا بدەنەوە ٣٩٦
پاداشتی نەبڕاوە بۆ کێیە؟ ٣٩٧
دوژمنانی خودا سەرەنجامیان زۆر خراپە ٣٩٧
سەرەمەرگی باوەڕداری کۆڵنەدەر ٣٩٨
کێ لەو کەسە جوان گوفتارتر و قسە بەجێ تر؟! ٣٩٩
بەجوانترین و چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە ببەوە ٤٠٠
پەنا بە خودا بگرە ٤٠١

لە نیشانە و بەڵگەکانی خودا..... ٤٠١
چی دەکەیت ئازادی بەڵام خودای گەورە ئاگاداری پێت ٤٠٢
ئەوەیە بێ وەفایی!!! ٤٠٢
پیشانیان دەدەین..... ٤٠٣
شێردراوەی نێو دڵەکان لەلای خودا دیارن ٤٠٣
بڕیارەکانی خودا دادگەرانەن ٤٠٤
بەبێ بەڵگە دەربارەی خودا مەدوێ ٤٠٤
کوێر و چاوساغ وەک یەک نین ٤٠٥
ببەی خودا دەبێت..... ٤٠٥
خودا بێنیازە لێتان..... ٤٠٦
زۆربەی مرۆڤەکان ئاوان..... ٤٠٦
ئەو دووە وەک یەک نین..... ٤٠٧
پاداشت و مزگێنی بۆ دووەمیەرێزی تاغوتان..... ٤٠٨
ئەو دووە هەرگیز نابنە یەک ٤٠٩
دڵڕەق خۆی ونکردووە ٤٠٩
خۆپارێز و خۆنەپارێز وەک یەک نین ٤١٠
قورئان هەموو هەوڵێکی داوە تاوەکو مرۆڤ بیربکاتەوە ٤١٠
لەوە ستەمکارتر هەیە حەق بەدرۆ دابنێ؟ ٤١١
بگەڕێوە بۆلای خودا و تەسلیمی ببە..... ٤١١
بەدوای چاکترین بکەوە لەهەموو شتێکدا..... ٤١٢
هەموو شتێکی مرۆڤ تۆمار دەکرێت..... ٤١٢
سەرچاوەی ڕەحمەت هەر خودایە ٤١٣
بەردەوام بیر لە نیعمەتەکانی خودا بکەوە..... ٤١٣
ژیانی ئەم دنیایە سەرتان لی نەشێوێنێت ٤١٤

دوژمنی خوّت بناسە ٤١٥
کاروکردەوەی چاك گوفتاری شیرین بەرز دەکاتەوە ٤١٥
کێ بازرگانیەکەی سەرکەوتووە؟..... ٤١٦
خودا سزای تاوانباران دوا دەخات..... ٤١٧
ماڵ و منداڵ نزیکت ناخەنەوە لە خودا..... ٤١٨
مەردانی ڕاستگۆ ٤١٨
پیاو و ژن لە قیامتدا یەکسانن ٤١٩
بڕیاڕ بڕیاڕی خودا و پێغەمبەرەکەیەتی..... ٤٢٠
بانگخواز و لەخودا ترس..... ٤٢١
زیکری زۆر بکەن..... ٤٢١
ئەگەر خێزانت تەڵاقدا بەجوانی تەڵاقی بدە..... ٤٢٢
صەلاوات بدەن لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)..... ٤٢٣
ئەزیەتدانی باوەڕداران تاوانێکی گەورەیە..... ٤٢٣
قسەی جوان و بەجێ و بەسوود بکەن ٤٢٤
بەس مرۆڤە دەتوانێت ئەم ئەمانەتە هەڵبگرێت ٤٢٤
بێ فیزەکانن باوەڕ دەهێنن..... ٤٢٥
ئیماندار و تاوانبار وەك یەك نین ٤٢٥
کێ لە حەقیقەت نەویست ستەمکارترە؟!..... ٤٢٦
هی وا زۆرن شتی بێ خێر و بێ مانا دەکڕن..... ٤٢٧
چاکەی دایك و باوکت لەبیرمەکە بەتایبەتتریش دایکت..... ٤٢٧
با ڕۆیشتن و قسەکردنت مام ناوەند بێت..... ٤٢٨
پاداشتی خوّتەسلیمکەر بە خودا..... ٤٢٨
زانست و زانیاری خودا بێ کۆتاییە ٤٢٩
کەس دادی کەس نادات لە قیامەتدا..... ٤٢٩

دروستکردنی ئاسمان و زەوی و... ..... ٤٣٠
بەڵگەی ڕوونن لەسەر خودای گەورە ٤٣٠
لەخوشی و ناخۆشیدا خودا لەبیر مەکە ٤٣٠
هەموو خراپەکان بەرهەمی مرۆڤ خۆیەتی ٤٣١
کوفر و چاکە بۆ خۆتە ٤٣١
بیر لە قۆناغەکانی ژیانت بکەرەوە ٤٣٢
ئارام بگرە و بێباوەڕان ساردت نەکەنەوە ٤٣٢
ئەگەر مەبەستت دیداری خودایە ئەوە نزیکە ٤٣٣
خودای گەورە بێ پێویستە ٤٣٣
کێ گوناهەکانی دەسڕدرێتەوە ٤٣٤
لە خراپەدا نابێت بەگوێی دایك و باوکیشت بکەیت ٤٣٤
باوەڕداری کردەیی لە پلەی چاکەکارانە ٤٣٥
باوەڕدار و دووڕوو لای خودا دیارن ٤٣٥
پەرستراوەکانتان بێ توانان ٤٣٦
بگەڕێن و تێبفکرن ٤٣٦
کێ بێ ئومێدە لە ڕەحمتی خودا ٤٣٧
پشت بە خودا ببەستە ٤٣٧
بەجوانترین شێوە گفتوگۆ بکەن لەگەڵ بەرانبەرەکانتاندا ٤٣٨
هەموو مرۆڤێك دەبێت بمرێت ٤٣٨
پاداشتی ئیمانداران ٤٣٩
ژیـــان چییە؟ ٤٣٩
کێ لەو کەسە ستەمکارترە ٤٤٠
خۆشیەکانی دونیا کاتین ٤٤٠
ئەو دوانە کوا وەك یەکن؟! ٤٤١

هاوار بۆ غەیری خودا مەبە ٤٤١
ئەگەر بڕوات بە ڕۆژی دوایی نەبێت سەرگەردان دەبیت ٤٤٢
خودا بێ هاوەڵە ٤٤٢
خودا بێ هاوەڵە ٤٤٣
خودا بێ هاوەڵە ٤٤٣
خودا بێ هاوەڵە ٤٤٤
خودا بێ هاوەڵە ٤٤٤
دڵ کوێرەکان هیدایەت وەرناگرن ٤٤٥
تاوان مەکەن ٤٤٥
ئەوانەی حەزیان بە بڵاوبوونەوەی خراپەکارییە ٤٤٦
بەدوای هەنگاو و نەخشە و پیلانەکانی شەیتان مەکەون ٤٤٦
سوێند لەسەر نەکردنی چاکە مەخۆ ٤٤٧
لەعنەت لە بوختان چیان ٤٤٧
بەبێ مۆڵەت مەچۆ ماڵی خەڵکی ٤٤٨
ئایەت و نموونەی ڕوون ڕەوانەکراوە بۆ پارێزکاران ٤٤٨
کێ سەرفرازە؟ ٤٤٩
فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەرەکەی بن ٤٤٩
بێباوەڕان لەدەست سزا و تۆڵەی خودا ڕزگاریان نابێت ٤٥٠
با منداڵان مۆڵەت وەربگرن بۆ چوونە ژوورەوە ٤٥٠
با باڵغەکانیش مۆڵەت وەربگرن ٤٥١
ئافرەتە پیر و پەککەوتەکان حیسابیان جیایە ٤٥١
ئەرك بەپێی توانایە و هەموو شتێکیش تۆمار دەکرێت ٤٥٢
بەبێ زانیاری قسە دەربارەی خودا مەکە ٤٥٢
گوێڕایەڵی کارانی شەیتان سەرەنجامیان گومڕاییە ٤٥٣

هەیە دینداریش بە بەرژەوەندی دەکات..... ٤٥٣
خودای گەورە پشتگیری ئیماندارە ڕاستەقینەکان دەکات..... ٤٥٤
سزای دوژمنانی پەیامی خودا..... ٤٥٤
کۆچکەرە دڵسۆزەکان..... ٤٥٤
دەستکرد و دروستکراوەکان زۆر بێ دەستەڵاتن..... ٤٥٥
تێبکۆشن لە پێناو خودادا..... ٤٥٥
قورئان بیرخەرەوەیە..... ٤٥٦
بەخێر و شەڕ تاقیدەکرێنەوە..... ٤٥٦
تەرازوە دادگەرەکەی ڕۆژی دوایی..... ٤٥٧
پاداشتی کەس لەبیرناکرێت..... ٤٥٧
ژیانی ترش و تاڵ بۆ ڕوو وەڕگێڕان..... ٤٥٨
هیچ نەبوویت خودا هێنایتیە بوون..... ٤٥٨
بەبێ (إن شاء الله) مەڵێ واو وا دەکەم..... ٤٥٩
ئازادی لە نێوان کوفر و ئیماندا..... ٤٥٩
ماڵ و سامان و وەچە، زینەت و جوانین بۆ ژیانی دونیا..... ٤٦٠
پێغەمبەران مژدەدەر و ترسێنەرن..... ٤٦٠
کێ لەوە ستەمکارترە؟!..... ٤٦١
پێغەمبەریش (ﷺ) مرۆڤە..... ٤٦١
قورئان هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگە..... ٤٦٢
ئینسان نابێت وا بێت..... ٤٦٢
نامەی کردەوەی هەر کەسێك هەڵدەواسرێت بە گەردنیدا..... ٤٦٢
کێن سوپاسکراوان؟..... ٤٦٣
هاوبەش بۆ خودا بڕیارِ مەدە با زەبوون و خەجاڵەت نەبیت..... ٤٦٣
نابێ (ئۆف) یش بەرانبەر دایك و باوکت بڵێیت..... ٤٦٤

باڵی میهرەبانی بۆ دایك و باوکت ڕابخە..... ٤٦٤
پەروەردگارتان زۆر زاناترە لە خۆتان بەوەی ٤٦٥
کە لەدڵ و دەروونتاندا هەیە ٤٦٥
مافی خزم و هەژاران و ڕێبواران بدە ٤٦٥
ماڵ و سامان بەفیڕۆ مەدە ٤٦٦
نەڕەزیلی و نە دەست بڵاوی..... ٤٦٦
منداڵەکانتان لە ترسی گرانی و برسێتی مەکوژن..... ٤٦٧
نزیکی زینا مەکەون..... ٤٦٧
کەس بەناحەق مەکوژن..... ٤٦٨
ماڵی هەتیوان مەخۆن..... ٤٦٨
دادگەربە لە تەرازوودا..... ٤٦٩
لە شتێك مەدوێ کە زانست و زانیاریت دەربارەی نیە..... ٤٦٩
شەیتان دەیەوێت نێوانتان تێك بدات ٤٧٠
کوێری ئەم دونیا کوێری ئەو دونیاشە ٤٧٠
ناحەق و بەتاڵ هەر تیاچووە ٤٧٠
قورئان شیفایە..... ٤٧١
کەس ناتوانێت وەك قورئان بهێنیت..... ٤٧٢
قورئان بە شێنەیی بخوێنەوە بەسەر خەڵکیدا..... ٤٧٣
بە ناو و سیفەتە بەرزەکانی خودا بپارێوە..... ٤٧٣
خودا ڕۆڵە و هاوبەشی نییە ٤٧٤
دروستکەر و دروستنەکەر کوا وەك یەکن؟!..... ٤٧٤
هەرگیز نیعەتەکانی خوداتان پێ ناژمێردرێت..... ٤٧٥
خودای گەورە ئاگایە بەوەی دەیشارنەوە ٤٧٥
خودای گەورە موتەکەبیرانی خۆشناوێت..... ٤٧٦

پەیامی هەموو پێغەمبەران ئەوە بووە ٤٧٦
پاداشتی ئەو کەسانەی لەبەر خودا کۆچیان کرد ٤٧٧
پێغەمبەر (ﷺ) ڕوون کەرەوەیە ٤٧٧
سەرچاوەکانی زانیاری ٤٧٨
ئەوانە فەرمانەکانی خودان ٤٧٩
سوێند مەکەنە ئامرازی فێڵ و تەڵەکەبازی ٤٨٠
پەیمانی خودا مەشکێنن ٤٨٠
هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە لای خودایە ٤٨١
سەرەنجامی کاری چاک ٤٨١
ڕۆژێك دێت هەموو کەسێك پاکانە بۆ خۆی دەکات ٤٨٢
بەهرەمەندبن و سوپاسگوزاربن ٤٨٢
ئەوانە حەڕامن ٤٨٣
لە ناچاریدا خواردنی حەڕام ڕێگەپێدراوە ٤٨٣
لە خۆوە شت حەڵاڵ و حەڕام مەکەن ٤٨٤
خودا لەگەڵ پارێزکار و چاکەکارانداید ٤٨٥
هیچ شوێنێك بەبێ وەحی لەناو نەبراوە ٤٨٥
خودای گەورە خۆی قورئان دەپارێزێت ٤٨٥
لێبوردەبە ٤٨٦
ڕێبکە و ئاوڕمەدەوە ٤٨٦
هەتا مردن پەروەردگارت بپەرستە ٤٨٦
نموونەی بێباوەڕان وەك خۆڵەمێشی بابردوو وایە ٤٨٧
قسەی ناشیرن وەك چی وایە؟ ٤٨٧
یەکێ لە پاداشتەکانی بڕوادار ئەوەیە ٤٨٨
هیچ کەسێك سزا نادرێت هەتاوەکو ئاگادار نەکرێتەوە ٤٨٨

خودا بێ ئاگا نییە لە ستەمی ستەمکاران..... ٤٨٩
پەیمان شکێنەکان ٤٨٩
بە قورئان و یادی خودا دڵەکان ئارام دەبن ٤٩٠
ڕەشکردنەوە و جێگیرکردن لە دەستی خودادایە..... ٤٩٠
هەڵوێستی خەڵك بەرانبەر بانگەواز ٤٩١
پاداشتی گەڕانەوە بۆلای خودا..... ٤٩١
زۆربەی مرۆڤەکان بێ وەفان بەرانبەر خودا..... ٤٩٢
ئەوەی بەس دونیا هەڵبژێرێت بەس دونیای بۆ هەیە..... ٤٩٢
ملکەچی..... ٤٩٣
مەیلی دڵیش نابێت بڕوات بەلای زاڵماندا ٤٩٣
چاکەکاران چاکەیان بۆ هەیە..... ٤٩٤
تاوانباران ڕوو ڕەشن..... ٤٩٤
کێ ڕێنمونی کراوە؟ ٤٩٥
بێباوەڕان مەکەنە پشتیوان ٤٩٥
ئیمانداران دەبێ ئاوابن..... ٤٩٦
ئیمانداری ڕاستەقینە چۆنە؟..... ٤٩٦
ببیستە و تێبگە و پێبگە ٤٩٧
خراپترینی بوونەوەران ئەوانەن ٤٩٧
کە حەق نابیستن و حەق نابێژن..... ٤٩٧
بەدەم بانگەوازی خودا و پێغەمبەرەوە بچن..... ٤٩٨
هەست و نەست و ئاواتەکانیشت ٤٩٨
لەژێر دەستەڵاتی خوداوەن..... ٤٩٨
سزا ستەملێکراوانیش دەگرێتەوە..... ٤٩٩
تۆڵەی خودا زۆر بەزەبرە..... ٤٩٩

خیانەت مەکەن ٤٩٩
ئەوەیە پاداشتی تەقوا ٥٠٠
مەچن بەگژ یەکتریدا با شکست نەهێنن ٥٠٠
شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون ٥٠١
کەمتان سوپاسگوزارن ٥٠١
فەساد و گوناه و تاوان ئەنجام مەدەن ٥٠٢
ڕەحمەتی خودا نزیکە لە چاکەکاران و چاکەخوازانەوە ٥٠٢
زیکر لە نێوان چپە و ئاشکرادایە ٥٠٣
جنێو بە پیرۆزییەکانی کەس مەدە ٥٠٣
ئەو دوانە کوا وەك یەکن؟! ٥٠٤
دین بەش بەش ناکرێت ٥٠٥
خێر یەك بە دەیە و خراپەش هەر بە یەك ٥٠٥
هەندێ لە حەڕامکراوەکان ٥٠٦
بنەماکانی ئیسلام بەکۆتا گەیشتووە ٥٠٧
کەسی ناچار تاوانبار نابێت ٥٠٧
دادگـــــــەری ٥٠٨
هەموو ڕێگەکان بگرەبەر بۆ نزیکبوونەوە لە خودا ٥٠٩
خودای گەورە دەرگەی تەوبە داناخات ٥٠٩
دوژمنان مەکەنە پشتیوان ٥١٠
حەڵاڵەکان حەڕام مەکەن ٥١٠
سنوور مەبەزێنە و دەستدرێژی مەکە ٥١١
نزیکی ئەوانە مەکەوە ٥١٢
ئاگاتان لێبێت دوژمنایەتی نەکەوێتە نێوانتان ٥١٢
نەکەن ماڵی هەتیوان بخۆن ٥١٣

ماڵ و سامانتان مەدەن بەکەم عەقڵ و پیاو خراپان ٥١٤
ماڵ خواردنی هەتیوان ئاگرە ٥١٥
سزای یاخی لە خودا و پێغەمبەرەکەی زۆر سەختە ٥١٥
ماڵ و سامانی یەکتر بەناحەق مەخۆن ٥١٦
خۆتان مەکوژن ٥١٧
شەیتان ئەوانەی لەخشتە بردووە ٥١٧
خراپترین هاوەم شەیتانە ٥١٧
خودا بە ئەندازەی گەردیلەیەك ستەم ناکات ٥١٨
بەس شیرك لێخوشبوونی نییە ٥١٨
ئاگاتان لە ئەمانەتەکان بێت ٥١٩
دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن ٥١٩
ئامۆژگاری خودا ٥١٩
پاداشتی فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەرەکەی ٥٢٠
با سڵاوتان جوانترین بێت ٥٢٠
لێپرسینەوەی خودای گەورە زۆر وردە ٥٢٠
کێ هەیە لەوە دین جوانتر؟! ٥٢١
ڕیبا مەخۆن ٥٢١
کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن ٥٢٢
با بێباوەڕان وا نەزانن ٥٢٢
دڵخۆشی دونیا جێی باس نییە ٥٢٣
قورئان یەقینیە ٥٢٣
ڕاستی و بەتاڵ تێکەڵ مەکەن و حەق مەشارنەوە ٥٢٤
خۆتان لەبیر مەکەن ٥٢٤
ئەوانەی نیگای خودا و حەقیقەت دەشارنەوە ٥٢٥

ماڵ خواردنی خەڵکی بە هەموو جۆرەکانیەوە حەڕامە ٥٢٥
ماڵ لە پێناوی خودادا ببەخشن ٥٢٦
بە دەستی خۆتان خۆتان مەفەوتێنن ٥٢٦
خودا چاکەکارانی خۆش دەوێت ٥٢٦
سەرسام مەبە بە قسەی باق و بریق ٥٢٧
سوێند مەکەنە ڕێگری چاکەکاری ٥٢٧
سوێندی سەرزمان و لەدەم دەرچوو ٥٢٨
تۆبزی کردن لە وەرگرتنی دیندا نییە ٥٢٨
خودا پشتیوانی ئیماندارانە ٥٢٩
دۆستی بێباوەڕان تاغوتەکانن ٥٢٩
نمونەی ئەوانەی کە ماڵ و سامانیان دەبەخشن ٥٣٠
پاداشتی بەخشەری منەت نەکەر و ئازار نەدەر ٥٣٠
منەت و ئەزیەت ٥٣١
لە هەژاری مەترسن ٥٣١
ڕیبا و بەخشین ٥٣٢
مارەیی مەخۆن ٥٣٢
حەق و ڕاستی هەر لای خودایە ٥٣٢
خودا باست دەکات ٥٣٣
بە چی داوای کۆمەك لە خودا بکەین؟ ٥٣٣
ئا بە ئەوانە تاقی دەکرێیتەوە ٥٣٣
ئیمانداری ڕاستەقینە لەکاتی تووشبوونی بە بەڵا و ناخوشی چی دەڵێت؟.. ٥٣٤
خودا یەك خودایە ٥٣٤
پەرستنی غەیری خودا و خۆشویستنی ٥٣٥
بڕۆنە باوەشی ئیسلامەوە ٥٣٦

قسەی جوان و لێبوردەیی ٥٣٦
قەرز بنووسن..... ٥٣٧
جیاوازیی ناکەین لە نێوان پێغەمبەراندا..... ٥٣٧
کوشتن و زیندووکردنەوەی هەموو خەڵك..... ٥٣٨
ناچارکردن لە دیندا نییە ٥٣٨
بێباوەڕی ئاشتیخواز..... ٥٣٩
چی دەڵێن لە ڕۆژی دواییدا؟..... ٥٣٩
لەدوای ئەم قورئانە ئیتر چی؟!..... ٥٤٠
بۆچی دروستکراوین؟!..... ٥٤٠
پاداشتی کێ بێ سنوورە؟! ٥٤١
خوداپەرستی بە پێی توانایە..... ٥٤١
بڕیـــــاردان..... ٥٤٢
بارگرانی لە دیندا نییە ٥٤٢
خودای گەورە ئاسانکارە ٥٤٣
دوای حەق باتڵ و گومڕاییە..... ٥٤٣
پارێزگاریکردن لە سنوورکانی خودا ٥٤٣
دووربن لە بتپەرستی ٥٤٤
دووربن لە درۆ و قسەی هەڵبەستراو..... ٥٤٤
ڕیزدانان بۆ دروشمەکانی خودا..... ٥٤٤
باڵی بەزەیی ڕابخە بۆ ئیمانداران ٥٤٥
چاکساز بن..... ٥٤٥
لە چەند ژنیدا دادگەر بن..... ٥٤٥
منداڵەکانتان جوان بەخێو بکەن..... ٥٤٦
بەگوێرەی خۆتان ببەخشن ٥٤٦

بەخشەر پێی دەبەخشرێتەوە ٥٤٦
لەوە ببەخشن کە خۆشتان دەوێت ٥٤٧
خێزانەکەت لەسەر نوێژ ڕابهێنە ٥٤٧
خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لە ئاگر ٥٤٧
ڕەحمەتی خودای گەورە هەموو شتێکی گرتۆتەوە ٥٤٨
نائومێد مەبن لە سۆز و میهرەبانی خودا ٥٤٨
ئارەزووەکانتان بۆ ڕازێنراونەتەوە ٥٤٨
ئا ئەوانە سەرگەردانیان کردوون ٥٤٩
سوپاسگوزار بن بۆتان زیاد دەکرێت ٥٤٩
لەدوای تەواوبوونی عیبادەت بەدوای ژیان بکەون ٥٤٩
فەزڵدانی ئەوانی تر بەسەر خۆتدا ٥٥٠
پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو کارێکی باش ٥٥٠
سامان و ماڵ و منداڵ بێ ئاگاتان نەکەن ٥٥١
هیچ گوناهێك بە بچووك و سادە مەبینە ٥٥١
بەهەشت بۆ کێیە؟ ٥٥١
پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر بەرزترین ڕەوشتە ٥٥٢
ڕاوێژ بکە ٥٥٢
ئەو کەسەی بە دەستی ڕاستی ٥٥٢
نامەی کردەوەکانی وەردەگرێتەوە ٥٥٢
چوونە هەر ماڵێك سەلام بکەن ٥٥٣
پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن ٥٥٣
نزای زیادبوونی زانست بکە ٥٥٣
وەڵامی داواکارییە باشەکان بدەرەوە ٥٥٤

هەر زاناکانن لە خودا دەترسن ٥٥٤
مرۆڤ لە جوانترین شێوەدا دروستکراوە ٥٥٥
پەرت و بڵاو مەبن ٥٥٥
بەڵەخۆباییبوونەوە مەڕۆ ٥٥٦
کێ ڕەنجەڕۆ بووە؟ ٥٥٦
کێ لەوە گومڕاترە؟! ٥٥٦
کێ بەکرێ دەگریت؟! ٥٥٧
پیلانی شەڕ و تاوان تەنها بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە ٥٥٧
سوننەتەکانی خودا ناگۆڕێن ٥٥٧
ڕیسواکراوی خودا ٥٥٨
لە دەرگای ماڵەکانەوە بچنە ژورەوە ٥٥٨
خودا بەڵێنەکانی خۆی ناشکێنێت ٥٥٩
دەرگاکان لەسەر تەقواداران دەکرێنەوە ٥٥٩
پارێزکاربن و بەرچاو ڕۆشنیی تەواو بەدەست بهێنن ٥٥٩
دەبێ دروشمی بانگخوازان و چاکەکاران ئەوە بێت ٥٦٠
بەس دڵی ساغ فریامان دەکەوێت ٥٦٠
دوو ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بە حەق و ڕاستی ٥٦١
کەس غەیب نازانێت غەیری خودا ٥٦١
ئەوەت بۆ هەیە کە هەوڵی بۆ دەدەیت ٥٦٢
لە بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەند و ئامۆژگاری هەیە ٥٦٢
پەرێزی خراپەکاران بەرەکەتدار نییە ٥٦٢
خودا حەق و ڕاستی دەچەسپێنێت ٥٦٣
هەر ئێوە نین توشی نەهامەتی بوون ٥٦٣
هەر ڕۆژەو هی یەکێکە ٥٦٣

سەرخستنی ئیمانداران عایدی خودایە ٥٦٤
هەڵگەراندنەوەی ئیماندار لە کوشتنی خراپترە..... ٥٦٤
تاقی دەکرێنەوە تاوەکو چاك و خراپتان دەرکەوێت ٥٦٤
ئەوە ئێمەین ستەم لە خۆمان دەکەین..... ٥٦٥
ئەگەر ئێوە ڕاستگۆبن هیچ شتێك ناتوانێت لاتانبدات..... ٥٦٥
هەموو شتێکم بۆ خودایە..... ٥٦٥
ئێوە بەبێ ئامانج دروستنەکراون..... ٥٦٦
خودای گەورە ناوی ناوین موسڵمان..... ٥٦٦
بەسەرهاتی پێشینان بگێڕەوە بەڵکو بیربکەنەوە ٥٦٦
ببنە پشتیوانی پەیامی حەقی خودایی..... ٥٦٧
خودا ستەم لە هیچ کەسێك ناکات..... ٥٦٧
ئەو ئوممەتە ئوممەتی میانڕەوی و وەسەتیەتە ٥٦٧
لە نیعمەتی ئیمان و ئیسلام لامەدە..... ٥٦٨
پاداشتی سەرخستنی دینی خودا..... ٥٦٨
بەزەویدا بڕۆن و بیربکەنەوە..... ٥٦٩
ئەوەیە لوتکەی ئازادی..... ٥٦٩
حوکم هەر حوکمی خودایە..... ٥٦٩
دادگەری مەرجی سەرەتایی چەندژنییە..... ٥٧٠
مرۆڤ خودای گەورە خۆی ڕێزی لێگرتووە..... ٥٧٠
ئیمانداران پشتگیر و هاوکاری یەکترن..... ٥٧٠
ئەوەیە بنەمای ئابووری ئیسلامی..... ٥٧١
ئەوەیە دڕووشمی بڕوادارى ڕاستەقینە..... ٥٧١
خودا لە کەس ناچێت کەسیش لەو ناچێت ٥٧٢
پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاری و چاکەکاندا..... ٥٧٢

دۆزەخ و بەهەشت بۆ کێیە؟ ٥٧٢
سەرچاوەکان ٥٧٤

پەڕتووکە چاپکراوەکانی نووسەر

١. ئیلحاد وەك خۆی.

٢. الكافي في المنطق الإسلامي.

٣. الوجيز في شرح المقدمة الآجرومية.

٤. تقريب المعاني في إيضاح وإعراب عوامل الجرجاني.

٥. لب العقيدة الإسلامية.

٦. الكافي في شرح وإعراب عوامل البركوي.

٧. تعلم النحو في خمسين يوما.

٨. مختصر قواعد المقاصد للدكتور أحمد الريسونى

٩. المختصر الميسر في القواعد الفقهية

١٠. مختصر الوجيز في أصول الفقه للدكتور عبدالكريم زيدان

١١. الشرح الجديد على متن البناء في علم الصرف

١٢. الشرح الجديد على تصريف الزنجانى في علم الصرف

١٣. مانای ڕەوان بۆ واژەکانی قورئان

١٤. یاسا قورئانییەکان

١٥. هەستانەوەی ئوممەت

پەڕتووکە چاپنەکراوەکانی نووسەر

١. مختصر النحو الواضح

٢. القياس بين علمي المنطق وأصول الفقه

٣. الإلحاد وجذوٰره الفلسفية

٤. الشرح الجديد على متن قطر الندى

٥. الشرح الجديد على مختصر نظم عقود الجمان في علمي المعانى والبيان. قسم البيان

٦. مدخل إلى الفكر المقاصدى ومقاصد الشريعة

٧. الشرح الجديد على متن إيساغوجى في علم المنطق

٨. بەڵگەکانی بوونی خودا

٩. مەوسوعەی ڕۆشنبیری و فیکری ئیسلامی

١٠. نەخۆشییەکانی ئوممەت

لەگەڵ چەند پەڕتووکێکی دیکە کە لە بواری کارلەسەرکردنن.

یاسا قورئانییەکان

ئەم کتێبەی بەردەستتان هەوڵێکە بۆ دەرخستن و دەرهێنان و ڕاڤەکردنی بەشێکی زۆر لە یاسا و ڕێنماییە قورئانییەکان، هەر بۆیە سەدان یاسا و بنەما و ڕێنمایی لەخۆگرتووە لەبوارە جیاوازەکانی ئیمانی و فیکری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و عەقیدەیی و .... بەزمانێکی سادە و ڕەوان، کە هەموو ئاستەکان سوودی لێببینن، قوتابیان، مامۆستایان، ڕۆشنبیران ... ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەموو ئاستەکان بتوانن بگەن بە ناوەڕۆک و فەلسەفەی قورئان و لێی بەهرەمەند بن.

DESIGN
07504808081

حاجی قادری کۆیی

لقی یەکەم : بەرامبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری
لقی دووەم : چوار ڕیانی شێخ مەحمود بەرامبەر مزگەوتی محمود عەلاف

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤ - ٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤ —— /M.Ktebxana —— ١٠٠٠ دینار